

٣٦٦
چینی کرێکارانی عێراق
درووستبوون و سەرەتای بزووتنەوەی
دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد
فوئاد مەجید میسری
کردوویە بە کوردی
ئەمینداریێتی گشتی ی رۆشنبیری و لاوان یارمەتی لە چاپدانی داوە
١٩٨٦



دکتۆر ...ەر ئەحمەد

چینی کرێ...انی عێراق
دروست بوون وسەر...تای بزووتنەوەی

فوئاد مەجید میسری
کردوویە بە کوردیی
١٩٨٥

ئەمینداریێتی گشتی ی رۆشنبیری ولاوان یارمەتی لە چاپدانی داوە

سوپاس بۆ:

* کاك عەلی بۆسحنی

* بەڕێوەبەرو کرێکارانی چاپخانەی «دار آفاق عربیة» کە بە هەوڵو کۆششی بێ ووچانیان نەیان هێشت ئەم بەرهەمە زیندەبەچاڵ ببێ.

لە جیاتی پێشەکی

بۆ جاری دووەم شەرەف بە کوردی کردنی بەرهەمێکی تری ناوازەی «دکتۆر کەمال»م بە نسیب بوو . مایەی خۆشحاڵیمە کە لەخەرمانی بەپیتی ئەو قەڵەمە بەبڕشتە خەرمان لۆخی خۆمم بەرکەوت .

با هەژاریی و دەست کورتی ی کیتێبخانەی کوردی لەولاوە بووەستێ ، نای شارمەوە بایەخ و وگرنگی ی کیتێبی «چینی کرێکارانی عیراق» جارێکی تریش خستمییەوە سەر هەواو هەوەسی وەرگێران . ئەم کتێبە جگە لەوەی کە لێکۆ ڵینەوەیەکی تێروتەسەلی زانستی یانەیەو بە خامەی رەنگینی زانایەکی کورد هاتووەتە بە رهەم ، بابەتێکی ئێجگار بەکەڵك سود بەخشەو زەمینە ی سەرهەڵ دانی چینێك شی دەکاتەوە کەنەك هەر لە وولاتی ئێمەدا، بەڵکو لە سەرانسەری دونیادا ، رۆڵی لە پێشخستن و گەشەپێدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا بووەو هەیەو ئەرکی گۆرکردنی چەوساندنەوەو راماڵینی ستەمو دامەزراندنی سیستەمێکی بێ سپێردراوە ، مرۆڤ لە چەوساندنەوە قوتار دەکا . ئەمە جگەلەوەی کە تا

ئێستا یەك دوو نامەی دکتۆراو ماجستێرو هەندێ نووسینی لاوەکی نەبێ، لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەکی تێروپڕ لە بارەی ئەم مەسەلە گرنگەوە نەنووسراوە. ئەوەیشی کە هەیە بە زمانی عەرەبی نووسراون و بڵاو کراونەتەوەو ئەو رۆشنبیرە کوردانە نەبن کە مەبەستیانە لە بنج و بنەمای ئەو چینە تێ بگەن و شارەزای ببن، خوێندەواری کورد بە گشتی ی شتێکی ئەوتۆ لەم بارەیەوە نازانێ، ئەمەیش بە لای منەوە ناتەواویەکی گەورەیەو دەبێ خوێنەری کورد خۆی پێ ی قایل نەبێ.

شێوەی پێکهاتنی چینی کرێکارانی عیراق ، هەر ئەو شێوە پێکهاتنەیە کە وولاتانی دیکەی رۆژهەلاتی ژێردەستەو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین بە خۆیانەوە دیوە ، واتە ئەو وولاتانەی کەوتنە ژێر زەبری چەوساندنەوەی کۆلۆنیالی ونیمچە کۆلۆنیالی یەوە.

وولاتی عیراق پێش بەرپا بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی بەشێك بوو لە دەولەتی عوسمانیو لەلایەن ئەو دەولەتەوە کە تێیدا پەیوەندی دەرەبە گایەتی سەروەرو بالآدەست بوو، حوکمرانی دەکرا. جا هەرچەندە سیستەمی دەرەبەگیەتی وولاتانی رۆژهەلات هەر لەسەرەتای پێکها تنیانەوە سیمای تایبەتیو خسووسی ییەتی خۆیان هەبووەو لەچەند روویەکەوە جیاوازی یان لەگەل دەرەبەگایەتی ئەوروپادا بووە، بەلام لەجەوهەردا هەردووکیان یەکشت بوون، چونکە جەوهەری پەیوەندی بەرهەمهێنانی ئەو سیستەمە لەسەر بناغەی مولکانەی زەوی «الریع العقاری» بنیاتنراوە.

گومان لەوەدانی یە کە دەولەتی عوسمانی هەرگیزنەی ویستووە وولاتانی ژێردەستەی خۆی پەرەپێبدا، بەپێچەوانەوە هەمیشەدانشتووانی لە ژێرباری چەندین جۆر زولمی ئابوریو سیاسیو کۆمەلایەتی دا چەوساندووەتەوە. پێش نەکەوتنی وولات لە رووی پیشەسازی یەوە وکەمدرەتانی ی بازاڕای ناوخۆوبایەخ نەدان بەو زانستو زانیاری یانەی ئەوروپای رۆژئاوا بە دەستیان هێنابوو، لەگەل چەندین هۆی تری سیاسی دا، کارێکیان کرد گەلانی ژێردەستەی دەولەتی عوسمانی گەشەکردنێکی راستەقینەبە خۆیانەوە نەبینن.

جا ئەگەر والی یەکی وەك «مەدحەتپاشا» بەحوکمی ئەوەی کە پیاوێکی رۆشنبیر بوو، حەزیبە دامەزراندنی پرۆژەی «تەراموا ی» کردبێ، یاخود هەولی پێشخستنی «دەمیرخانە» کەی سوپای تورکی دابێو بۆیەکەمجار رۆژنامەیەکی بە شێوەی نوێلە عیراقدا دەرکربێ، هیچلەو حەقیقەتە ناگۆڕن کەدەولەتی عوسمانی، دەولەتێکی دەرەبەگایەتی بووەو سوودو قازانجی لەمانەوەدرێژە پێدانی پەیوەندی بەرهەمهێنانی دەرەگایەتی دا، دیوەتەوە.

راستی یەکەی مەسەلەی سەرهەلدانو گەشەکردنی چینێکی کۆمەلایەتی نوێ بە پێی خواستو بڕیاری ئەم یان ئەو دەولەت تەواو نابێ ، بەلکو پرۆسیسێکەو بەندە بەو یاسا مەوزووعی یانەوە کە کۆمەلگای مرۆڤایەتی بەرێوە دەبەنو ئادمیزاد بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ دەوری خۆی لەدروست بوونیدا

دەبینێ . پەرەسەندنی کاری پیشەیی و دامەزراندنی کارگەی سوپایی و ڕاکێشانی ڕێگای ئاسن لە لایەن ئەڵمانەکانەوەو دامەزراندنی چاپخانەو ... تاد بوونە هۆی ئەوەی لە منالّدانی ئەو سیستەمەدا توێژی یەکەمی چینی کرێکاران پێك بێ و پاشان لەبارو دۆخێکی تردا زیاتر گەشە بکاو پەرە بستێنێ.

دوای ئەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی کۆتایی هات، وولاّتی عیراق ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر دەسەلاّتی بەریتانیاوە. ئینگلیزەکان دەستیان کرد بە دامەزراندنی ئەو پرۆژانەی پەیوەندی‌یان بە نەخشە ستراتیژی‌یە کانیانەوە هەبوو. ڕاکێشانی ڕێگای ئاسن و تەواو کردنی ئەو هێلاّنەی کاتی خۆی تورك و ئەڵمانەکان بۆیان تەواو نەکرابوو، لە گەڵ فراوان کردنی بەندە ری «بەسرە»و پێشخستنی کۆمپانیاکانی نەوت، هەموو ئەمانە پێویستیان بە ژمارەیەکی زۆر کرێکار هەبوو. ڕەوکردنی ژمارەیەکی زۆری جووتیاران و هەلاّتنیان لە زوڵم و ستەمی دەرەبەگاریەتی لە لایەك و هەرەس هێنانی گوزەرانی سەدان پیشەوەری بچووکی ناو شارەکان ـ بەهۆی بلاّوبوونەوەی کەل و پەلی بیانی‌یەوە ـ لە لایەکی ترەوە بوونە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆری بێ ئیش فڕێ بدەنە مەیدانی ئیش کردنەوە.

هەرچەندە بەرهەمهێنانی پیشەیی، کەبڕبڕەی پشتی ئابوری شارەکانی عیراق بوو، ئەو بازارەی جارانی نەما، بەلاّم هێشتا ژمارەیەك خەڵکی پشەوەری لێ کۆبووبووەوە ژیانیان پێوەی بەسترا بوو. دامەزارانـدنی هەنـدێ کارگـەی بچووکی وەك بەفر دروست کردن و چنین و خشت و چاپخانەو لەو شوێنانەیش‌دا کە خەڵووزی بەردو قیرو خوێ و بەردە مەڕمەڕ دەردەهێنران توێژێکی تری چینی کرێکارانی عیراق دروست بوو. کەواتە سەرچاوەی دروست بوونی چینی کرێکاران بە پلەی یەکەم پرۆژەو دامەزراوە بیانی یەکانە، ئنجا ئەو کارگە ئەهلی‌یانەی بە سەرمایەی نیشتمانی‌ی دامەزران، لەگەڵ ئەو پیشەوەرانەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پیشەکانیان لەبەردەم بەرهەمی زۆرو باشتری بێگانەدا ئەپووکانەوەو ناچار دەبوون بێنە ریزی کرێکارانەوە. گومان لەوەدا نی‌یە کە ئەو ژمارەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەزیاد بوون‌دا بوو، کەواتە چینی کرێکارانی عیراق لەگەڵ دروست بوونی‌دا دیاردەی بێکاریشی هێنایە ئاراوە. دەسەلاّتدارانی ئینگلیزو کۆمپانیا بیانی یەکانیش دەیانزانی چۆن سوود لەم دیاردەیە وەردەگرن و چۆنیش دەیقۆزنەوە، تاوەکو چاکتر گیرفانیان پڕ بکەن. جا بۆ ئەوەی باشتر لەجەوهەری ئەم دیاردەیە تێ بگەین، دەبێ دەست بخەینە سەر هۆیەکانی.

بەر لەهەموو شتێك بڵاوبوونەوەی بێ ئیشی ی لەو سەردەمــەدا بەپلەی یەكەم پەیوەندی بە دەسەڵاتی كۆلۆنیالی‌یەوە هەبوو. بەریتانیای داگیركەر وەك دەوڵەتێكی ئیمپریالیزمی جگەلەوەی كە عیراقی كردبووە بازارێكی بەفروخت بۆ ساغ كردنەوەی بەرهەمی پیشەسازی خۆی‌و لەرووی ستراتیژی‌یەوە هیوایەكی زۆری پێ ی بــوو، چنگی لە سامــانی نەوتیش گــیر كــردبــوو. راستــە چــەنــد كــۆمپــانیــایــەكی خستبــووە گــەڕو نــەوتیــان دەردەهێنــاو شیلەی رەنجی زەحمەتكێشان‌و خێرو بێری وڵاتیان بە تاڵان دەبرد، بەلام ئەوانە نەخشەیەكی تریان كێشابوو. بە پێ ی نەخشەكەی بەریتانیا، تا بۆیان بكرایە كــەمترنــەوتی عیراقیان دەردەهێناو لەبری ئــەوە نەوتی ئێــران‌یان دەر دەكــرد، بۆ ئــەوەی نەوتەكەی عیراق بكەنە «إحتیاطي» دوا رۆژ، چونكە ئەوانە عیراقیان بە موڵكی هەتا هەتایی خۆیان دەزانی !!. هەر ئەم سیاسەتە وای لەئینگلیزەكان كرد توخنی پیشە سازی نەوتیش نەكەون. باشترین بەڵگەیش ئەوەیە كە هەندێ بەرهەمی نــەوت لە وڵاتانی تــرەوە دەهێنران بــۆ عیــراق. بــەریتــانیــا وەك دەوڵەتێكی ئیمپریالیزمی، دەیزانی گەشە پێدانی ئەو پیشەسازی‌یە بێجگە لەوەی لە رووی ئابوری‌یەوە زەرەرو زیانێكی گەورەی پێ دەگەیەنێ، دەبێتە هۆی پەرەسەندنی چینی كرێكاران لە رووی چەندیەتی‌و چۆنیەتیشەوە. رێگای ئاسن‌و بــەندەری «بەسرە» یش كــە دوو مەیــدانی تری ئــابووری بــوون‌و راستەوخــۆ لەلایەن ئینگلیزەوە بەرێوە دەبران، هەنگاوێكی ئەوتۆیان نەنا كە هیــچ نەبێ لەداهــاتی تایبەتی خۆیان كارگەو كارخانەی وا دابمەزرێنن پێویستی‌یەكانی خۆیان دابین بكا، یاخود شارەكانی عیراق بە هۆی رێگای ئاسنەوە بە یەكترەوە ببەستن وهۆی گواستنەوەی رێك وپێكی ئاوی لە روباری دیجلەو فوراتدا بخەنە كار.

سیستەمی نیمچە دەرەبەگایەتیش لەو قۆناغەدا هۆیەكی تری تەشــەنە كردنی بێكاریی بوو. چەوساندنــەوەی جووتیــاران لەسەر دەستی دەرەبــەگ‌و خــاوەن زەوی‌و سەرەك عــەشیرەتــەكاندا كــارێكی كرد، ئــاستی گــوزەرانی جووتیاران بە ئەندازەیەك هاتە خوارەوە نەیان دەتوانی لەلادێ بمێننەوە. ئەوانە لەسایەی ئەو سیستەمەدا، لە بەرهەمی ساڵانەیان ئەوەندەیان بۆ نەدەمایەوە تا وەرزی داهاتوو بیان‌ژیەنێ. ساڵ بە ساڵ لە ژێر باری سەلەم‌و ســوودا زیاتــر پشتیان دەچەمایەوە. دیارە بەم حاڵەیشەوە نەیان دەتــوانی كەڵك‌و ســوود لە پیشەسازی نیشتمانی ی‌و بەرهەمی پیشەیی خۆ وڵاتی وەربگرن‌و بیان كڕن‌و پێویستی یەكانی ژیانی خۆیانی پێ دابین بكەن. ئەمەیش ئەوەندەی تر بێ بازاڕی بڵا وكردەوەو كاری لەبەرهەمی پیشەوەران‌و ئاستی ژیانی ئەوانیش كرد. چونكە

ئەگەر جووتیاران «کەبەشێکی گەورەی میللەتی عیراقیان پێك دەهێنا» توانای کڕین و ئاڵو گۆڕکردنی کەل و پەلی بەرهەمی نیشتمانی یان هەبوایەو بیان توانیایە کەرەسەی تری بەرهەمهێنان بکڕن، بێ گومان پیشەسازی نیشتمانیش پێشتر دەکەوت و ژمارەیەکی زۆر کرێکاری بێ ئیشیش دەست بەکار دەبوون و بەرهەمی کشتوکاڵیش پشتی بە پشەسازی نیشتمانی دەبەست، نەك بازاڕی دەرەوە. هەر ئەم واقیعە نالەبارەیش پاڵی بە دەیان و سەدان خێزانی جووتیارانەوە دەنا، لە هەندێ بواردا ئیش بکەن. ئیش کردن بە ژن و منال لەهەندێ بواری وەك ڕنین و داگرتنی خورمادا، ڕێگای لە کرێکاران دەبەست ئیشیان دەستگیر ببێ. ئەوانە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن بەربەرەکانەی کرێکارانیان دەکرد و بەکرێیەکی زۆر کەم ڕۆژ هەتا ئێوارە دەچەوسێنرانەوە.

هۆیەکی تری بێکاریی ئەوەبوو لەهەندێ پیشـەدا، کرێکـاران بە پـارچە ئیشیان دەکرد، چونکە ئەم چەشنە ئیش کردنە هەروەك قـازانجێکی زۆری بۆ خاوەن کار تێدا بوو، لەو لایشەوە ژمارەیەکی زۆر کرێکاری یەدەکی بـۆ کاتی پێویست مسۆگەر دەکرد و بەربەرەکانەیشی دەخستە ناو ڕیزی کرێکارانەوە.

هـەموو ئـەوانەی لەسـەرەوە باس کـران چەنـد هۆیـەکی مـەوزووعی بڵاوبوونەوەی بێکاریی بوون. لێرەدا پێویستە ئەو حەقیقەتەیش لەیاد نەکرێ کە کرێکاران خۆیشیان لە سەرەتای ئەو قۆنـاغەدا نـەگەیشتبـوونە ئـەو پلەیەی کەپێویستە ببن. ئەو جووتیارانەی کە بۆ کرێکاریی دەهاتنە شارەوە، بەو نیازە نەدەهاتن بە تەواوی لەلادێ و پەیوەندییەکانی بپچڕێن. ئـەوانە تـەنها زوڵم و ستەمی دەرەبەگایەتی کە هەرەسی بە ئابوری کشتو کاڵییان هێنابوو، پاڵی پێوە دەنان لادێ بەجێ بهێڵن و بە شوێن سەرچاوەیەکی تری ئابوریدا بگەڕێن، وەکو تر هەر بە تەمای ژیانی لادێ و چاویان لە دەستکەوتی ئەوێ بوو.

ئەمانـە لەڕووی هوشیـاریشەوە پـەرەیان نـەدەسەنـد، چونکـە لەتەك دواکەوتووترین ئامرازی کار کردندا هەڵس و کەوتیان دەکرد. لەهەل و مەرجێکدا کرێکار نەتوانێ ئاگاداری دەستکەوتی زانستی و پێشکەوتنی تەکنیك ببێ و کاریان پێ بکا، هەرگیز هەست بەو گۆڕان چوونەپێشەوەیە ناکا کە ڕەوتی گەشە کردنی مرۆڤایەتی بە خۆیەوە دیوە.

«بـوونی کۆمـەڵایەتی دەستنیشـانی هوشیـاری کۆمـەڵایەتی دەکـا».
حەقیقەتی ئەم ووتە فەلسەفی یە نەك هەر لەو مەسەلەیەدا خۆ دەنوێنێ کە ئێستا لێی دواین، بەڵکو لەوەیشدا دەردەکەوێ کە جووتیاران بەحوکمی درێژە پێدانی

پەیوەندی عەشرەتی یان لەگەڵ لادێدا ، نەیان دەتوانی خۆیان لە نەریت رەوشتی دەرەبەگایەتی دەرباز بکەن. ئەنجامیش هیچ لە مەوقیعی خۆیان تێ نەدەگەیشتن و نەیان دەزانی لە پرۆسیسی بەرهەمهێنانی سامانی ماددی دا چ رۆڵێکیان هەیەو چ ئەرکێکی مێژوویی لەئەستۆیانەو چۆن و لەسایەی چ هەل و مەرجێکدا دەتوانن مافە رەواکانیان وەدەست بهێنن. لەبەر ئەوە هەرگیز ناتوانین چاو لەو پەیوەندییانە بپۆشین کە لەڕووی کۆمەلایەتی یەوە بایەخێکی گەورەیان هەیەو لەزۆر سەرەوە شێوەی دروست بوون و بنەمای ئایدۆلۆژی و پلەی رێکخستنی بزوتنەوەی کرێکاران دەستنیشان دەکەن. راستەو نکوولی لەوە ناکرێ کە بوونی ئەم پەیوەندی یانە بەندە بە چەندین هۆی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی یەوەو بەگشتی ی کار لەگەشەکردنی پەیوەندی یە کۆمەلایەتی یەکان دەکەن. بەلام دەبێ ئەو حەقیقەیش فەرامۆش نەکرێ کە خۆ بەستنەوە بە لادێ وە ودرێژەدان بە پەیوەندی عەشاریەری و تیرەگەری کار لە چۆنیەتی دروست بوونی چینی کرێکاران و گەشەکردنی هوشیاری چینایەتی دەکا. پەیوەندی هەمیشەیی کرێکاران بە تیرەو عەشیرەتەوە ، رێگا لە کرێکاران دەگرێ ئاستی هوشیاری یان بەرز بێتەوەو لەناو ریزەکانیان دا ئایدۆلۆژیای خۆیان تەشەنە بکا.

لە مێژربوو سەرمایەدارانی ئینگلیز بە هۆی سۆسیۆلۆجیست و سایکۆلۆجیست وزانا ئابوری یەکانی یەوە هەولی دەدا تۆوی دووبەرەکی ی و ناکۆکی لەریزی کرێکاران دا بچینێ . لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەمدا کرێکارانی ئیرلەندەی بەگەلە رەوانەی ئینگلستان دەکرد . بەم کارەی ویستی جیاوازیی نەتەوەیی بکاتە هۆیەك تا کرێکاران بەگژ یەکتردا بکا . سا ئەگەر بەهۆی زاناو رۆشنبیرە پێشرەوەکانەوە کە جەوهەری ئەم مەسەلەیەیان شی کردەوە ، سەرمایەدارانی ئینگلیز ئەم سیاسەتەیان بۆ نەچووبێتە سەر ، ئەوا بەهۆی نزمی ی ئاستی هوشیاریی چینی کرێکارانی عیراقەوە، تارادەیەکی باش بە مەرامی خۆیان گەیشتن . دەسەلاتدارانی ئینگلیز بەمەبەستی ناکۆکی دروست کردن و خۆش کردنی ئاگری دوو بەرەکی ی ، جیاوازی یەکی زۆریان لە نێوان کرێکارە هیندی یەکان و عیراقی یەکان دا دروست کرد . بەرادەیەك مناڵێکی هیندی ئەگەر ئیشتی بکردایە رۆژانەکەی لە کرێکارێکی عیراقی پتر بوو . سەرەرای ئەوەیش جارو بار بۆ مەبەستی خۆی هەندێ ئیمتیازی پێ دەبەخشین تاوەکو ببنە مایەی رق و کینەی کرێکارە عیراقی یەکان.

بەمەیشەوە رانەوەستان لەناو کرێکارانی عیراقیش دا رێگای لەو چەشنەی

گرته بەر ، بە نموونە: کرێکارێکی کورد رۆژانەکەی «٧» ئانە لە کرێکارێکی عەرەب زیاتر بوو. بەکورتیی بۆ کپ کردنی هوشیاریی چینایەتی ، جیاوازیی نەتەوەیی دەکردە هۆ. لە ناو هەندێ دام و دەزگایش‌دا سیستەمی « یۆنیفۆرم » ی داهێناو دەبوو هەر دەستەو تاقمە بەپێی مەزهەبی ئاینیی و رەگەزو نەتەوەیان بەرگی جیا جیا بپۆشن.

ئینگلیزەکان چ لە ساڵانی ئینتیداب و چ دوای کۆتایی هاتنی ئینتیدابیش، توانییان سوودێکی گەورە لە نەشارەزاییی کەم تێگەیشتنی کرێکاران وەربگرن، ئەمەیش لە مەسەلەی دانانی رادەی هەرە کەمیی رۆژانەو چۆنیەتی خستنەسەر ئیش و دەرکردن و هەل و مەرجی ئیش‌دا بە باشیی دەردەکەوێ.

ئەو رۆژانەیەی بۆ کرێکارانی عیراق دانرابوو، زۆر لەوە کەمتر بوو بتوانێ پێداویستیی یە سەرەتایی‌یەکانی خۆی و ماڵ و منداڵی پێ دابین بکا. زۆر جار بیانووی دام ودەزگاکانی ئینگلیزو رژێم دەرهەق بەم مەسەلەیە ئەوە بوو کە «إنتاجیة»ی کرێکاری عیراقی ئەوەندە نی‌یە شیاوی رۆژانەیەکی لەوە زیاتر بێ. جا ئەگەر ئەم بیانووە کەمێك راستیی تێدا بێ، هۆیەکەی هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان. چونکە رۆژانەیەکی کەم هەرگیز ئەوەندەی خواردەمەنی پێویست بۆ دابین ناکا، ووزەی ئیش کردنی‌تە واوی پێ ببەخشێ و ئەنجام «انتاجیة»ی دێتە خوارەوە.

ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی کەمترین رۆژانە بە کرێکاران بدەن پەیرەوی چەشنە سیستەمێکیان دەکرد کەم رێ کەوتووە لە شوێنی تر کاری پێ کرابێ. بە نموونە: ماوەی ئیش کردنی رۆژ انەیان دەهێنایەوە یەك، وەك ئەوەی کرێکار رۆژی «٦» سەعات ئیشی پێ‌دەکراو بەرامبەر بەوە رۆژانەکەیشی کەم دەکرایەوە. جاری وایش هەبوو، ئەوەندەیان دەهێنایەوە یەك، لەسەری مانگ‌دا مووچەی «١٥» رۆژی وەردەگرت. لەگەڵ ئەمەیش‌دا رۆژ بەرۆژ نرخی کەل و پەل و خواردەمەنی و تێکرای پێویستی‌یەکانی ژیان بەرز دەبوونەوە. تەنانەت ئەگەر لە هەندێ دام و دەزگایش‌دا کرێکاری هەمیشەیی ساڵ بەساڵ رۆژانەکەی زیادی بکردایە، شتێکی لە ئاستی گوزەرانی نەدەگۆڕی، چونکە نیسبەتی کرێی راستەقینەی دەهاتە خوارە وە.

شێوەیەکی تری چەوساندنەوەی کرێکاران ئەوە بوو، لەبری پارە، کرێی نەختینەی دەدرایە. ئەم چەشنە کرێیە لەناو وولاتە سەرمایەدارە پەرەسەندووەکان‌دا نەماوە، ئەگەر هەیش بێ تەنها کرێ خانوو دەگرێتەوە بەلام

لەووڵاتێکی ژێــردەستــەی وەك ئــەوســای عیــراقدا، شێــوەیــەکی تــری چەوساندنەوەی کرێکاران و بەتاڵان بردنی کاری کرێ گرتە بوو. ئـەوە بوو لە جیاتی پارە خواردەمەنیو کەلو پەلی پێویستیان دەدانێو زۆر جاریش بەقەرز بوو. پرۆژەی خانووبەرەو نیشتەجێ کردنی کرێکارانیش بەرامبەر بە چەردەیەك پارە کە لەمووچەکەیان دادەشکێنرا، شێوەیەکی تری کرێی نەخیتنە بوو، بێ ئەوەی کرێکاران بە خۆیان بزانن. نزمیی ئاستی هوشاریی کرێکـاران وادەکا لەحەقیقە تی ئەم چەشنە کرێیە تێ نەگەن. بۆیە دەبینین لەهەندێ کاتدا کە تەنگوچەڵەمەی ئابوری پەرەدەستێنێو کەل و پەلو خواردەمـەنی بە ســانایی دەستگیر نابن هەوڵ دەدەن خاوەن کار لەبری پارە کرێی نەختینەیان بداتێ، بێ ئەوەی لەو حەقیقەتە تێبگەن کە بە دەستی خۆیان سەرچاوەیەکی تری گیرفان پرکردنیان بۆ دۆزیونەتەوە.

دامــەزراندنو دەرکــردنی بە ئــارەزوو؛ هەلو مــەرجی نالەبــاری ئیش کردنیش بە پێی قەواڵەیەکی تایبەتی بەسەر کرێکاراندا، دەسەپێنراو بۆیان نەبوو لەپێستی خۆیاندا بجووڵێنەوە . بە کورتیی هەرچی جۆری چەوساندنەوە و دادۆشین هەیە، داموو دەزگاکانی ئینگلیزو رژێم لەگەڵ کرێکاراندا بەکـاریان دەهێنا. تا لەقۆناغێکی تری پەرەسەندنی بزووتنەوەی چینی کـرێکاراندا لەو راستییە، تێگەیشتن کە تەنها بەیەکخستنی ریزەکانیان بە ئامــانج دەگــەنو قۆناغی یەکەمی ئەو خۆرێکخستنو یەکێتییەیش پێکهێنانی نیقابەو رێکخراوی پیشەییە. بۆیە هەوڵدان بۆ ئەو مەبەستەو جێبەجێ کردنی، بــووە ئەڵقــەی ناوەندی خەباتی ئەو چینەو پاشان خەباتی ئابورییان کردە چەکی کاریگــەرو لەرووی ستەمکاراندا هەڵیان کێشا، وەك لەدوو توێی ئەم بەرهەمە بەنرخەی دکتۆر کەمالدا شیکراوەتەوەو رۆشنانی خراوەتە ســەر قۆنــاغە یــەك لەدوای یەکەکانی.

لە کاتێکدا کە دەستی رێز بۆ کۆششی بێ ووچانی دکتۆر کەمال بە سنگەوە دەگرمو چاوەڕوانی بەشەکانی تری ئەم کتێبە بێ هاوتایەی دەکەم، لە بەردەم ناوی ئەو سەربازە نەناسراوانەدا سەر نەوی دەکەم کە ئەرکی پێشڕەوایەتی کردنی ئەو چینەیان گرتە ئەستۆو بــە بەرهــەمی ئەدەبیی «شیعــرو چیرۆك» ئاسۆی بیری ستەمــدیدەکـانیان روونــاك کردەوەو دەرگــای ژیانێکی بــاشترو خۆشتریان بۆ خستنە سەر گازی پشت.

فوئاد

١٣ ـ ٩ ـ ١٩٨٤

پێشەکی

باسی چینی کرێکارانی عێراق و شێوازی بزووتنەوەکەیان، چ لەسەر ئاستی ناوخۆو چ لەسەر ئاستی ئەو لێکۆڵینەوە بیانییانەی توخنی چەندین بابەتی مێژووی عیراقی تازەو هاوچەرخ کەوتوون، لاپەرەیەکی گرنگ و لەسەر نەنووسراوی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی عیراق پێك دەهێنێ[1].
بەر لە هەموو شتێك هەست بەوە دەکەین مێژوو نووسانمان بە دەستی ئەنقەست خۆیان لەم مەسەلەیە دزیوەتەوە. لێرەدا ئەوەندە بەسە نموونەیەك بە بەڵگە بهێنینەوە تاوەکو ئەم بۆچوونەمان مەودای راستەقینەی خۆی وەربگرێ. ئەوەتا

کەسێکی وەك «عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی» لە سێ جزمی یەکەمی دانراوە بە ناوبانگەکەیدا «مێژووی وەزارەتەکانی عیراق»[٢] کە بۆ ئەو ڕووداوانەی تەرخان کردووە لە ڕۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٥ بەولاوە ڕوویان داوە؛ واتە لەڕۆژی دروست بوونی یەکەم وەزارەتی عیراقییەوە تا ٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٢ کە مێژووی ڕەسمیی کۆتایی هاتنی ئینتیداب و بوونی عیراقە بەئەندامی کۆمەڵی گەلان، کەم وزۆر توخنی کرێکاران و ئەو مەسەلانە نەکەوتووە[٣] کە ئەوەندە گرنگ و بایەخدار بوون، جێگایەکی دیاریان لەو ڕاپۆرتە ڕەسمییانەیشدا زەوت کردووە کە لەسەر چۆنیەتی بەڕێوە بردنی عیراق دەنووسران و بەرتیانیا بە سیفەتی ئەوەی دەستی بەسەر عیراقدا گرتبوو، پێشکەش بە کۆمەڵی گەلانی دەکرد. شایانی باسە «ئەلحەسەنی» لەو سێ جزمەدا باسی ڕووداوی ئەوتۆ دەکا، لە ڕووی نرخ و بەهای مێژوویییەوە زۆر لە ئاستی مەسەلەی کرێکاران نزمتر بوون.

گەر بێ و حساب بۆ ئەو هەمو بایەخ پێدانە بکەین کە مێژوونووسانی ئەم ناوچەیە بە بابەتی لەو چەشنەی وولاتانی خۆیان داوەو[٤] نرخ بۆ هەوڵ و کۆششی ئەو نووسەرە عیراقییانەیش دابنێین کە بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی کرێکاران داویانەو وای لێ کردن بە شوێن «کەسایەتی کرێکار لە چیرۆکی عیراقیدا»[٥] بگەڕێن و دەربارەی «ڕۆژنامەی کرێکاران»[٦] بنووسن؛ دەڵێین گەر بێ و حساب بۆ ئەمانە بکەین، ئەوسا بەتەواوی ئەم کەم و کوڕی و ناتەواویەمان بۆ دەردەکەوێ.

جارێکی تریش کەم تەرخەمی ی ئەو مێژوو نووسانەمان لەوەدا بۆ ئاشکرا دەبێ کە لەو حەقیقەتە تێ دەگەین ئەم هەڵوێستەیان ئەنجامی تێ ڕوانینی کلاسیکییانەیانە، تێ ڕوانینێك سەردەمی بەسەر چووەو ئەوانە گەرەکیانە مێژووی چینێك پشت گوێ بخەن ئەمڕۆ ژمارەیان خۆی لە ملیۆنێك دەداو بەوانەوە کە ئەوان دەیان ژیەنن نزیکەی ٨٠٪ی سەرجەم دانیشتووانی شارەکان پێك دەهێنن.[٧] گەر بێ و تەماشای مەوقیعی ئابووریشیان لە بەرهەمهێناندا بکەین وەك «نەوت، کبریت، چیمەنتۆ، کاکڵەی میتالۆژیای ئەسکەندەرییە، پیشەسازیی داودەرمان لەسامەڕا و شووشە لە ڕەمادی و پیشەسازی سووك و پیشەیی بیناکاری لەسەرپاکی شارەکانی عیراقدا»، دەبینین ئەوەی ئەو چینە لە ڕووی ماددییەوە بەرهەمی دەهێنێ ٩٠٪ و بگرە زیاتری هەموو داهاتی نەتەوەیی یە. بەبڕاوی ئێمە تەنها ئەمە بەسە بۆ ئەوەی پاڵ بە

مێژوونووسانمانــەوە بنێ رەگەو ریشەی مێــژوویی چینی کرێکــاران و چۆنیــەتی دروست بوونیدا بچنە خوارەوە. گەر ووردتریش بـۆ مەســەلەکە بچــین، دەبێ بەوپەڕی خۆ بەکەمزانینەوە دان بەو راستییەدا بنێین کە مەحاڵە وەك پێویست لە هەموو مەوداکانی چەوساندنەوەی ئیمپریالیزمانەی گەلی عیراق ـ لە سەردەمی داگیرکردن و ئینتیداب دا ـ تێ بگەین و بەزەحمەتیش دەتوانین مەوزووعییانــە دەست بخەینە سەر لاپەڕەکانی مێژووی سیاسیی نوێی عیراق و خەباتی گەل لەپێناوی سەربەخۆییدا بە درێژایی ئەو ســالانە، ئــەگەر بــە تێرو تــەسەلی لەواقیعی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسیی کرێکاران و جووتیارانی ئەو روژگارەی عیراق نەکۆڵینەوە. ئەمانە لە هەموو حاڵێکدا هێزی بنچینەیی و داینەمۆی هەموو رووداوێکی مێژوویی گرنگ و پێکهێنەری ئەو سوپایەن[8] کەبەبێ کۆششی ئەو هیچ گۆڕانێك دروست نابێ. ئەمانە لەپرۆسیسی گۆڕانی کۆمەڵدا هۆیەکی ئیجابین و زۆربەی کات سروشتی بزووتنەوەکەیان پشت بەو هۆیانە دەبەستێ کەلەژێرەوە، واتە لەقەوارەی کۆمەلایەتی و پەیوەندی بــەرهە مهێنــانی باوەوە هــەڵقوڵاون. دەمێنێتەوە سەر چۆنیەتی ئاراستە کردنیان، ئەمەیــان بەتــایبەتی بــەنیسبەت کرێکارانەوە بەهۆی بنچینەی لە قەڵەم نادرێ، هەر لەبەر ئــەمەیشــە گۆڕانی بــەردەوامی هێزە کــۆمەلایــەتییەکــان لەسەر شــانـۆی سیــاسی، هــەمیشــە لەپەرژەوەندی ئەمان دایە. بەنموونە: ئەمڕۆ رۆڵی وەچەی جووتیارو کرێکارانی «شۆڕشی بیست» لەناو هەموو دیاردەیەکی ژیانی سیاسی ئابوری و کۆمەلایەتیدا، لەتەك رۆڵی وەچەی سەرۆك عەشیرەتەکاندا جیاوازە. ئەمــەیش لای خۆیــەوە ناچارمان دەکا بایەخ بەمێژووی ئەو «چینە بدەین کە لە نــاوجەرگــەی گەلەوە هەڵقوڵاوە» وەك رۆژنامەیەکی زووی کرێکاران وەسپی کردووە[9]

دەتوانرێ مێژووی چینی کرێکــارانی عیراق بــەر لەشۆڕشی ١٤ی تــەممووزی ١٩٥٨ بە سێ قۆناغی بنچینەی دابەش بکرێ. یەکەمیــان: قۆنــاغی پێکهاتنی، دەکەوێتە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمــەوە. دووەمیان: ئــەو قۆنــاغەیــە کەسەرەتای بزووتنەوەی کرێکارانی بەخــۆیەوە دی و روژگــاری دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی دەگرێتەوەو ئەشێ ساڵی ١٩٣٢ بەکۆتایی ئەم قۆناغە لەقەڵەم بدەین. چونکە ئەوساڵە قۆناغی گواستنــەوەیە لە مێــژووی عیراقــداو کۆتــای بەسەردەمی ئینتیداب هات و سەردەمێکی تر هاتە گۆڕێ کەبەسەربەخۆیی ناو دەبرێ. * بەلام قۆناغی سێیەم ئەو قۆناغەیە کە چینی کرێکارانی عیراق، وەکو چینێکی کاریگەری ناو بزووتنەوەی نیشتمانیی گەلی عیراق لەســەر شانــۆی سیاسی دەرکەوت و خۆی نواند.[10]

ئەم لێکۆڵینەوەیەمان لەبارەی قۆناغی یەکەمو دووەمی مێژووی چینی کرێکارانی عیراقەوەیە. بێ گومان ئەو دوو قۆناغەیش لەبەر کەمی ی سەرچاوەو نەبوونی راو بۆچوونی ئاشکراو روون سەبارەت بەباسو بابەتە تێك ئاڵاوەکانیان، ئاڵۆزترین لایەرەی مێژووی ئەو چینەن. ئەم دوو قۆناغە بایەخێکی لە رادە بەدەریان هەیەو تەنها بە توێژینەوەی ئەم دوانە دەتوانین لە بنچینـەی مەسـەلە کۆمـەلایەتی‌و سیاسی‌یەکانی چینی کرێکارانی عیراق تێ بگەین، چونکە بەبێ ئەوانە ناتوانرێ واقیعی چینی کرێکارانو مێژووی بزووتنەوەکەیان لەقۆنـاغی دواتردا دیـاری بکەین. ئەو قۆناغەی کە وەك ئەوانی‌تر، لاپەرەکانی شاراوەو تەمومژاوی نین‌و تارادەیەکی باش ئاشکراو روونن.

سەبارەت بە چۆنیەتی ئامادە کردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە پشتمان بەژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی جیا جیا بەستووە. لەپێش هەموویانەوە بـەڵگەنـامەی رەسمی‌ی‌و راپۆرتی ئینگلیز کە دەرهەق بـەچۆنیـەتی بەرێـوەبردنی عیـراق لە سەردەمی ئینتیدابدا نووسیویانە. لە ناو ئەم بـەڵگە نـامانـەدا زانیاریی زۆر بـایەخـدار سەبارەت ئەو پرۆژانە هەیە کە ئیشیان بەژمارەیەکی زۆری کرێکاران کردووە، وەك: بەندەری بەسرەو رێگاری ئاسن. هەروەها زانیاری زۆریان لەبارەی کۆمەڵە کرێکاری‌و پیشەی‌یەکان‌و چۆنیەتی گوزەرانی کرێکاران بـە گشتی‌ی‌و یاسـای کرێکاران‌و چەندین مەسەلەی‌تر تێدایـە کە بـۆ نووسینـەوەی مێژووی چینی کرێکارانی عیراق چاوپۆشی‌یان لێ ناکرێ.

وەنـەبێ رۆژنامـەیش رۆڵی لەو سەرچـاوانە کـەمتر بێ. رۆژنـامەکـانی ئـەو سەردەمەیش زانیاری وردو دەگمەنی ئەوتۆیان تێدایە رۆشنای دەخەنە سـەر بابەتی جیا جیا کە پەیوەندی راستەوخۆیان بەسەرجەم پشێوی‌و بزووتنەوەکانی کرێکاران‌و هەڵوێستی رژێم‌و هێزە سیاسی‌یەکانەوە هەیە. جا بۆ ئەوەی وێنەیەکی کت‌و متی قۆناغی یەکەمی بزووتنەوەی چینی کرێکاران بخەینە بەردەست‌و بۆ ساغ کردنەوەی هەندێ رووداوو ژمارەو شتی لەو بابەتە، پشتمان بە سەرپاکی رۆژنامەکانی ئەوسا بەستووە، بێ ئەوەی گوێ بدەینە رێبازو هـەڵوێستی جیا جیایان. ئەوانەهەندێکیـان رۆژنامـەی میری بـوون، وەك «العراق» و «صـدى العهـد». هەنـدێکی تریـان لەرۆژگاری «شـۆرشی بیست» ەوە بـە هـەڵوێستی نیشتمانپەروەرانە ناوبانگیان دەرکـردبوو، وەك «الاستقـلال». هەنـدێکیشیان زمانی حاڵی ئەپۆزیسیۆن بوون وەك «الاخاء الوطنی» و «نداء الشعب». هەیش بوو لەبەر ئەوەی ئاستێکی بلندی رۆژنامەگەری هەبوو، لەو روژگارەدا ناوو شۆرە تێکی لەئەندازەبەدەری پەیدا کرد بوو، وەك: «العالم العـربي». ئەمـە جگە لە

رۆژنامەکانی کرێکاران کە بە هۆی باس و بابەتەکانیانەوە گەیشتینە هەندێ راو بۆچوونی پێویست و لەبەر رۆشنایی‌یان توانیمان سیمای قۆناغی زووی بزووتنەوەی کرێکاران دەست‌نیشان بکەین.

کە دێینە سەر نیشان دانی زۆربەی مەسەلە گرنگەکان، هەوڵمان داوە چی بەڵگەنامەو رۆژنامەکانی ئەو کاتە نووسیویانە، بیاننوسینەوەو دەری ببڕین، تاوەکو لە لای ئەو کەسانەی هەمیشە گومانیان لە ئاستی هوشیاری توێژە زەحمەتکێشەکان و رادەی هەست کردنیان بە پەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان هەیە، ببنە بەڵگەی پێ سەلماندن.

لە چوار جار چاو پێ کەوتنی یەکەمین نیقابی «محەممەد سالح‌عەبدو لجەببار ئەلقەزان»[11] و چاو پێ کەوتنێکی مامۆستا «ئیبراهیم عەبدولجەببار ئەلقەزان» ی برای‌دا زانیاری‌یەکی زۆرو سوودبەخشمان دەست کەوت . وا دەردەکەوێ ئەمەی دوایی‌یان لە دوا دوای سەردەمی ئینتدابداو لەژێرەوە، وەك هەموو رۆشنبیرێکی سەردەمەکەی رۆڵێکی گەورەی گێرا بێ.

زۆر کەس هەن لەوانەی‌توخنی روو داوەکانی سەردەمی ئینتیدابی بەریتانیایی کەوتوون بە هەڵەدا چوون. ئینجا لەبەر ئەوەی کە هەندێ هۆی ئاشکرا هەن‌کۆسپ و تەگەرەیەکی زۆر دەخەنە بەردەم ئەم چەشنە باس و لێکۆڵینەوانە، ئەو هەڵەو ناتەواوی‌یانەی روویان داوە بەشتێکی سروشتی ی دەزانین‌و لە هەمان کاتیشدا ئەوەندەی لە توانادا بووبێ و بە پشتی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان راستمان کردوونەوە. هەموو ئەو حەقیقەتانەی لە دووتوێی ئەم کتێبەد! روون کراونەوە بیروڕای ئەو نووسەرە روژئاوایی‌یانە پووچەڵ دەکەنەوە کە سوورن لەسەر ئەوەی گوایەکۆمپانیا بیانی‌یەکان و بەتایبەتی کرێکارانی کۆمپیانیای نەوت «وەزعێکی باشیان هەیە»[12]

زۆر بە ترسەوە سوودمان لەو زانیاری‌یانە وەرگرتووە کە لە ناو چەند سەرچاوەیەکی کەمدا تۆمارکراون‌و لە بزووتنەوەی کرێکارانی‌سەردەمی ئینتیداب دەدوێن. ئەو سەرچاوانە جگە لەوەی کە زۆر بە کورتی ی خۆیان لەقەرەی رووداوەکان داوە؛ ئەو هەڵ و مەرجانەیشیان تێدا نی‌یە کە پی ی دەبنە حەقیقەتی مێژوویی باوەڕ پێ کراو. بە نموونە: لە هیچ رۆژنامەو بەڵگەنامەیەکدا، تەنانەت بە ئیشارەتیش باسی «مانگرتنی کرێکارە چەوو لم بێژەرەوەکان» نەکراوە، کە گوایە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٢ دا لەبەسرە رووی داوەو ئەنجام کۆمپانیاکانیان ناچار کرد «مل بۆخواستی کرێکاران شۆڕ بکەن» وەك لە یەکێك لەو سەرچاوانەدا نووسراوە.[13] ئەمە لە کاتێکدا کە رۆژنامەو بەڵگەنامەکانی ئەو

قۆناغه له چەند مەسەلەیەکی ئەوتۆی کرێکاران دواون، له رووی گرنگی یەوه ناگەنه ئاستی ئەو مانگرتنه.
وامان به چاك زانی بابەتی کتێبەکه بکەینه پێنج بەش. یەکەمیان باسی پێکهاتنی چینی کرێکارانی عیراق دەکا، که وەك باسمان کرد له سالانی دوای سەدەی نۆزده هەمەوه دەست پێ دەکا تا جەنگی یەکەمی جیهان. به هۆی ئەوەیشەوه که عیراق له ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا بووه یەکێك له مەیدانەکانی شەر، چینی کرێکارانیش گۆرانێکی گەورەی به خۆیەوه دی‌و بەخۆیدا هات، ناچار بووین بەشێکی تایبەتی بۆزرووف کارو کرێکارانی عیراق له ماوەی جەنگدا تەرخان بکەین. دوو به شەکەی تری ئەم کتێبە لەو زرووفه مەوزووعی یه دەکۆلێتەوه که بووه هۆی سەرهەلدانی بزووتنەوەی کرێکاران؛ به دورو درێژیش له رووداوەکانی ئەو بزووتنەوەیه دەدوێ. ناوی هەموو ئەو کەسانەیشمان تۆمار کردووه که دەوری ئیجابییان لەو بزووتنەوانەدا بینیوەو سەربازی وونی ئەو مەیدانه بوون، کەچی مێژووی هاوچەرخی عیراق ئەوەندەی تۆزێك توخنیان ناکەوێ له کاتێکدا رۆلی ئەوانه شیاوی هەموو ناو هێنانێکه.
له کۆتاییدا بە شێوەیەکی چرو پر باسی سروشتی بزووتنەوەی کرێکاران‌و قۆناغەکانی دەرکەوتن‌و سەرهەلدانیمان کردووه که لەدواییدا کاری له رەوتی ئەو بزووتنەوەیه کرد.
دەبێ ئەو راستی یەیش دووباره بکەینەوه که ئەم کۆششەمان که له دوو توێی ئەم کتێبەدا پێشکەش کراوه، هەنگاوێکە بۆ لێکۆلینەوەی مێژووی چینی کرێکارانی عیراق‌و حەقیقەتی بزووتنەوەکەی، هیوا دارین هەنگاوی تری بە دوادا بێ‌و ئەم بابەته گرنگه مافی رەوای خۆی بدرێتێ.
دواجار، زۆر سوپاسی هەموو ئەو براو هاورێیانه دەکەم که یارمەتی یان دام ئەم کتێبه بەم شێوەیەی ئێسته رووناکی ببینێ، له پێش هەموویانەوه مامۆستا «محەممەدی مەلا کەریم» و «دکتۆر هاشم سالح ئەلتکریتی» و هەموو کارگوزارانی «مەلبەندی نیشتمانی ی بەلگەنامەکان ـ المركز الوطني للوثائق» و «کتێبخانەی کۆری زانیاری عیراق» و «کتێبخانەی نیشتمانی ی» و «کتیبخانەی ناوەندی» و «کتێبخانەی لێکۆلینەوەی بالا»ی سەر به کۆلیجی ئادابی دانشگای بەغدا.

● * ● *

١ - چەند لێکۆڵینەوەیەکی عیراقی ی زۆر کەم هەن لەهەندێ لایەنی بزووتنەوەی کرێکـارانی عیراق دواون و ئێمەیش لەو بەشەدا کە بۆ سەرچاوەکانمان تەرخـان کردووە، نـاومان هێنـاون. چەنـد لێکـۆڵینەوەیـەکی لەوانەیش کـەمتر بـە زمانی بیـانی نووسـراو.ن و لەو بابـەتانـە دەدوێن کە پەیوەندی‌یان بە چینی کرێکارانی عیراقەوە هەیە وەك:

M. M. AL — Habib. The Labour movment in Iraq, middle Eastern Affairs, New York, 1956; E. A. Kinch, Social effects of the Oil Industry in Iraq; (International Labour Review), Geneva Vol. LXXV, No 3, march 1957; R. Khadhiri, Labour and indu stry in Iraq. A Thesis Submitted to the Faculty of the Univ-ersety of Mississippiin Partial fufilment of the requireme nts for the Degree of master of Science in the Department of Economics and Busness Administration; University of Miss - issippi, May 1958.

(ئەم نامەیە لە بنچینەدا باسی ئەو رووداوە کرێکارانەیە دەکا کە لەسالانی سی بەدواوە روویان داوە، بەتایبەتیش باسی ئەو یاسا کرێکاری‌یانە دەکا کـە بەر لە سـاڵی ١٩٥٨ لە عیراق دەرچـوون.) م.

کۆپەرمان. بزووتنەوەی کرێکاران لەعیراقدا. بەزمانی رووسی. گۆڤاری - رۆژهەلاتی شـۆرشگێر - مۆسکۆ. ژمارە شەش ١٩٣٤.

«گۆڤاری - الثقافة الجدیدة - ئەم ووتارەی لە لاپەرە ٩٧ - ١٠٦ ی ژمارەی مانگی ئاياری ساڵی ١٩٧١ دا بە زمانی عەرەبی بلاوکردەوە.» هەروەها نووسەری ئەو لێکۆڵینەوەیە، دوو باسی دیکـەی بە زمانی رووسی لەبارەی چینی کرێکارانی عیراقەوە بلاوکردەوە. یەکەمیان لە لاپەرە ٥٥ - ٦٢ ی ژمارە (٦) ی ساڵی ١٩٦٨ ی گۆڤاری «گەلانی ئاسیاو ئەفریقیا» دا بە ناونیشانی «مانگرتنی کرێکارانی نەوتی کەرکووك ساڵی ١٩٤٦»، دووەمیان لە کتێبی «پێکهاتنی چینی کرێکارانی عیراق» مۆسکۆ. ١٩٧١ ل ٣٧ - ٨١.

٢ - عبد الرزاق الحسني تاريخ الوزارات العراقية. الطبعة الثالثة. صيدا. الجزء الأول ١٩٦٥ الجزء الثاني ١٩٦٥. الجزء الثالث ١٩٦٦.

٣ - «ئەلحەسەنی» تەنها لە بەشی سێیەمدا نەختێك بە درێژی باسی مانگـرتنی گشتی ی دژ بە یـاسای شارەوانی‌یەکانی کردووە. بەلام ئەوەی کە پەیوەندی بە کرێکارانەوە هەیە لەوەندە زیاتر کەمێك باسی کرێکاران و دەوریان لەو مانگرتنەدا دەکا، هیچی‌تری نەووتووە.

٤ ـ ئەو لێکۆڵینەوانەی مێژوونووسان لەبارەی مێژووی چینی کرێکارانی میسر و سوریاو لوبنان و تورکیاو ئێرانەوە نووسیویانە، زۆر لەوانە چاکترن کەلەعیراقدا نووسراون. بەنموونە: لە میسر کۆمەڵێك نامەی دکتۆرا سەبارەت بە مەسەلەی کرێکاران ئامادە کران، وەك نامەی دکتۆراکەی «ئەوال عەبدولعەزیز» کە بە ناونیشانی «بزووتنەوەی کرێکاران و شوێن دەستی لە پەرەپێدانی مێژووی سیاسی میسر دا ١٨٩٩ ـ ١٩٢٥»، ئەوەبوو ساڵی ١٩٦٣ مشتو مڕی لەسەر کرا. هەروەها نامەیەکی دیکەی دکتۆرا ساڵی ١٩٦٧ مشتو مڕی لەسەر کرا و ناونیشانەکەی «هەڵوێستی رۆژنامەی میسری بەرامبەر بزووتنەوەی کرێکاران ١٨٨٢ ـ ١٩٥٢» بوو. کەچی تا ئێستا لای خۆمان خۆمان مشتو مڕ لەسەر تاکە نامەیەك سەبارەت بەچینی کرێکارانی عیراق کراوە، ئەویش دەزگایەکی زانستی سەرپەرشتی کردووە عیراقی نییە. مەبەستمان نامەی دکتۆراکەی «عەبدولڕەزاق موتلەك ئەلفەهد» ە کەساڵی ١٩٧٧ لە قاهیرە مشتو مڕی لەسەر کراو ناونیشانەکەی «مێژووی بزووتنەوەی کرێکارانی عیراق ١٩٢٢ ـ ١٩٥٨» بوو.

٥ ـ رزاق ابراهيم حسن. الشخصية العمالية في القصة العراقية بغداد ١٩٧٧، ٢٢٠ لاپەرەیە، رەئووف حەسەن. کرێکار لە چیرۆکی کوردیدا. رۆژنامەی «العراق» بغداد ١٥ آذار ١٩٧٩.

٦ ـ رزاق ابراهيم حسن. الصحافة العمالية في العراق. بغداد ١٩٧٩، ٨٠ لاپەرەیە».

٧ ـ ئەمە ئەگەر هەر کرێکارێك سێ کەس بژیەنێ.

٨ ـ مەبەستمان مەفهوومی تێکڕای رووداوی مێژوویییە، بەمێژووی شارستانییەتیشەوە. خواستو ئاواتی فرعەونەکانی میسر کەدەیانویست هەتا هەتایە ئەمر بنو ناویان کوێر نەبێتەوە، لەگەڵ بلیمەتیی ئەندازیارەکانیان، بەبێ رەنجو ئارەقی ئەو کۆیلانەی تەلاری ئەو هەرەمانەیان دانا کەبەیەکێك لەحەوت عاجباتییەکەی دونیا لەقەڵەم دراون، دەبێتە خەیاڵێکی رووت. بەڕاستیی گوناهە کەبلێی ئەو مێژووەمان کرد بەتەنیا هەر خاوەن قامچیمان لەیاد بێو بەس.

٩ ـ «العامل». بغداد العدد الأول ٨ ايلول ١٩٣٠

* مێژوونووسان وا ڕاهاتوون ساڵی کۆتایی هێنان بەئینتیدابی بەریتانی، ساڵی سەربەخۆیی دەنووسن. دکتۆریش لەو شوێنانەدا کەپێویستی کردووە، هەمان زاراوەی بەکار هێناوە. بەلام بەشبەحاڵی خۆم لە هەرشوێنێکدا ئەو زاراوەیە هاتبێتە رێکام لەجیاتی سەربەخۆیی، «کۆتایی هاتنی ئینیداب» م بەکار هێناوە، چونکە لابردنی ئینتیداب ئەگەرچی بە رووالەت جۆرە سەربەخۆیییەکی دەگەیاند بەلام وەك وولاتێکی نیمچە کۆلۆنی مایەوەو لەهیچ روویەکی سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتییەوە سەربەخۆ نەبوو. ـ وەرگێڕ ـ

١٠ ـ بەپێی بەڵگەنامەیەکی زووی کرێکاران: لە سەردەمی ئینتیدابدا بزووتنەوەی کرێکاران بە سێ قۆناغ دابەش کرابوو. یەکەمیان لەساڵی (١٩٢٤) ە وە کەهەوڵی دامەزراندنی یەکەم رێکخراوی کرێکاران دراو لەساڵی ١٩٢٩ دا کە هەندێ کۆمەڵ دروست بوونو بەپێی ئەم رایەکۆتایی بەو قۆناغە هاتو سەرەتای قۆناغی دووەم دەستی پێکرد کە تاساڵی ١٩٣١ ی خایاند. پاشان قۆناغی سێیەم لەگەڵ مانگرتنی گشتیی دژ بە «یاسای باجی شارەوانییەکان» دەستی پێ کرد. [بڕوانە: وثائق و مراسلات بين نقابات العمال العراقية ومثيلاتها الأجنبية من سنة ١٩٣٢ الى سنة ١٩٣٥. مكتبة المجمع العلمي العراقي ـ الوثيقة ـ ٢ ـ.]

ئەوەیش برێتییە لە نامەیەکی «محەممەد سالح ئەلقەزاز» کە لە ١٦ ی شوباتی ساڵی ١٩٣٣ دا بۆ سکرتێری نیقابەکانی کرێکارانی جیهانیی ناردووە لە بەرلین.

١١ ـ «محەممەد سالح» جووتە ناوە.

١٢ ـ بەنموونەبڕوانە: K. M. Langley, th Industrilization of Iraq, Cambridge, 1961. P, 77.

١٣ ـ بڕوانە: (عبد السلام الناصري ـ ابو نصير) معارك طبقية. بغداد ل. ٦ ـ ٧ «مێژووی لەسەرنییە».

بەشی یەکەم

سەرەتای پێکهاتنی چینی کرێکارانی عێراق

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ساڵی ١٩١٤

رەگو ریشەی چینی کرێکارانی عیراق:
گومان لەوەدا نی‌یە کە سەرهەڵدان و پێکهاتنی چینی کرێکاران بەندە بە باری کۆمەلایەتی و ئابوری‌یەوە، ئەم دیاردەیەیش لە کۆمەڵێکەوە تا کۆمەڵێکی‌تر جیاوازی هەیە. هەرچۆنێك بێ ئەم چینە بە دوو رێگای سەرەکی‌ی دروست دەبێ. یەکەمیان بەندە بە گەشەکردنی سروشتی‌ی بنکە کۆمەلایەتی‌یەکەوە، لە قۆناغێکی دواکەوتووەوە رووەو قۆناغێکی پەرەسەندووتر. دووەمیش لە بنەرەتەوە بەندە بە هۆ دەرەکی‌یەکانەوە. ئەم شێوە پێکهاتنەیش کارێکی گەورە دەکاتە سەر سروشتی ئەم چینە نوی‌یە، بە تایبەتی لە سەرەتای تەمەنیدا. لە وولاتە ئەوروپای‌یەکاندا و بەتایبەتی رۆژئاوای‌یەکانیان، هەردوو کۆڵەکەکەی کۆمەڵگای سەرمادیەداری کە چینی کرێکاران و چینی بۆژوا بوون، لە منالدانی کۆمەڵگای گەندەڵ بووی دەرەبەگایەتی سەدەکانی ناوەراستدا پێکەوە هاتنە کایەوەو خۆیان نواند. ئەمەیش ئەنجامی حەتمی‌ی پەرەسەندنی ناوەوەی کۆمەڵ بوو کە رێگای خۆش کرد بەرهەمی پیشەیی بە خرایی گەشە بکاو پەرە بسێنێ و لەگەڵ خۆیدا شێوازی نوێ و هێزی نوێ‌ی لە بەرهەمهێناندا سەپاند.[1]
بەلام لە رۆژهەلاتدا، دواکەوتنی شارستانیەت بواری نەدا ئەو هەل و مەرجەی بۆ برەخسێ تا لە سایەیدا بنکە ئابوری‌یەکە بە هەمان شێوە گەشە بکا. لەبەر ئەوە دروست بوون و پێکهاتنی چینی کرێکاران لە وولاتانی رۆژهەلاتدا، لە بنەرەتەوە پەیوەندی بە هۆیەکی دەرەکی‌یەوە هەبوو ئەویش نەش و نماکردنی بازرگانی بوو، کە لە ئەنجامی ناردنی کەل و پەلی جۆر بەجۆر بۆ دەرەوەو هاوردنی کەل و پەلی بیانی لە دەرەوەی وولات، هاتە کایەوە. ئاکامیش ئالوگۆرێکی گەورە لە بواری ئابوری و کۆمەلایەتیدا رووی دا، کە لە دایك بوونی چینی کرێکاران لە ریزی پیشەوەی ئەو ئالوگۆرە دادەنرێ. بۆیە سەرپاکی چینی کرێکاران لە وولاتانی ئاسیاو ئەفریقیادا لەو کاتەوە پێکهاتوون کە سەرمایەدارێتی ئەوروپا لە ناویاندا کەوتنە کنەکردن؛ یان بە شێوەی راستەو خۆ داگیری دەکردن. تەنانەت لە ژاپۆنیادا کە پەرەسەندووترین وولاتی ئاسیایەو ئەمرۆ ململانێ لەگەڵ گەورە ترین وولاتی سەرمایەدارییدا دەکا، سەرەتای دروست‌بوون و پێکهاتنی چینی کرێکارانی بەندە بەو قۆناغەوە کە پورتوگالی‌یەکان لە سەدەی شانزەهەمدا دەسەلاتی کۆلۆنیالی خۆیان بەسەردا سەپاند و یەکەمین کۆمپانیای بازرگانی‌یان تێدا دامەزراند و پاشان دەستیان کرد بە بنیات نانی چەندین کۆمپانیای تری بازرگانی بە مەبەستی ناردنە دەرەوەی کەل و پەل.

چینی کرێکارانی عیراق لە رووی پێکهاتنی یەوە بە نموونەیەکی سروشتی ی شێوازی دووەم دادەنرێ. دواکەوتوویی وولات لە ئەنجامی داگیرکردن دا لەلایەن مەگۆل و تەتەر وپاشان عوسمانلی یەکانەوە، ماوەیان نەدا رێگای بەرهەمهێنانی پیشەیی بگرێتە بەرو بەشێوەی وولاتانی ئەورووپای رۆژئاوا گەشە بکا. لەبەر ئەوەو بەهۆی بچووکی ی بازارو کەمی ی دراوەوە، ئەم شێوە بەرهەمهێنانە لە باشترین حاڵدا لە شوێنی خۆی دەخولایەوە، بێ ئەوەی هەنگاوێك بۆ پێشەوە بچێ. ئەوە بوو بە درێژایی چەند سەدەیەك لەم بارەدا مایەوە تا بەرهەمی پیشەیی عیراقی بەرەنگاری کەل و پەلی بیانی نووەوەو چووە قۆناغێکی نوێ ی ئەوتۆوە بەتەواوی مۆرکی لەناوچوونی نا بە تەختی تەوێلی خۆیەوە، وەك لە دواییدا بە درێژی باسی ئەنجامەکانی دەکەین.

ئەورووپایی یەکان لە مێژووی تازەیاندا بەزوویی رێگای عیراقیان دۆزی یەوە. ساڵی ١٥٨٣ نزیکەی دە بازرگانی ئینگلیز بە بەغداو بەسرەدا رووەو هیندستان تێپەرین. یەکێکیشیان دوای گەرانەوەی گەیشتە مووسڵ و بەم شێوەیە تاریفی بەغدا دەکا گوایە «مەڵبەندێکی گەورەی بازرگانی ی ترانسیتە». کاتێکیش کە نرخی بەهارات لای ئەورووپای یەکان هاوتای نرخی ئالتوونی هەبوو[٢]

ئەم بازرگانە ئینگلیزە لەو راپۆرتەیدا کە لەمەر «بەسرە» نووسیویە، دەڵێ: «... مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی ی بەهارات داودەرمانە».[٣]

لە سەدەی نۆزدەهەم بەدوواوە، ئەورووپایی یەکان بە شێوەیەکی ترسناك دەستیان خستە کاروباری عیراقە وە، ئەمەیش ئەنجامی جیاجیای بە دەستەوە دا. پێش هەموو شتێك بازرگانیی ناردنە دەرەوەی کەل و پەل سنووری جارانی پساندو مەودایەکی فراوانتری گرتەوەو قەڵەمبازێکی گەورەی بۆ پێشەوە دا، بەتایبەتی دوای ساڵی ١٨٦٩ کە کەنداوی «سویس» ی تێدا کرایەوە نرخی کەل و پەلی رەوانەکراو لە عیراقەوە بۆ دەرەوە لە نێوان ساڵانی ١٨٦٤ ـ ١٨٧١ دا کە گەیشتبووە ١٥٠ هەزار دینار، لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهاندا گەیشتە ٣ ملیۆن دینار. واتە نرخی کەل و پەلی رەوانە کراوی عیراق لە ماوەی نزیکەی ٥٠ ساڵدا بیست ئەوەندە زیادی کردووە.[٤] ئەمە لە کاتێکدا کە بە درێژایی چەندین ساڵ لە شوێنی خۆی چەقیبوو.[٥] جا گەر بێ و ئەم ژمارەیە ببەینەوە سەر رەگ و ریشە بازرگانی یەکەی ئەو کاتە بۆمان ساغ دەبێتەوە کە تا چ رادەیەك بازرگانی ی کەل و پەل ناردنە دەرەوە لە عیراقدا نەش و نمای کردووە. لە نێوان ساڵانی ١٨٥٠ ـ ١٨٧٠ دا لەوەوە کە ساڵی ٣٠٠ تەن جۆی رەوانەی دەرەوە دەکرد، لە ساڵی

١٩١٣ دا، واته ساڵێك پێش هەڵگیرساندنی جەنگ گەیشتە ٧٧ هەزار تەن، واتە ٢٥٠ ئەوەندە زیادی کرد. بەنیسبەت «خوری» یشەوە، بە هەمان شێوەو لەهەمان ئەو ماوەیەدا لە ساڵی ٣٠٠ تەنەوە گەیشتە ١٢ هەزار تەن. گەنمیش ١٤ ئەوەندەی جاران رەوانەی دەرەوە کرا.[٦] بازرگانیی خورمایش گۆڕانێکی لەو چەشنەی بە خۆیەوە دی، بەتایبەتی چونکە ئینگلیزەکان گەرەکیان بوو تۆزێك لەو تەنگو چەڵەمە ئابوورییە کەم بکەنەوە کە هیندستان پێوەی دەینالاند. ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٩٦ دا سە رجەمی ئەو خورمایەی رەوانەی دەرەوە کرا، خۆی دا لە ٦٠٠ هەزار سندووقو لەوچەردەیە ٥٣ هەزاری گەیشتە بەندەری نیویۆرك.[٧]
ئەو شێوازە باوەی لە ئارادا بووو پەیرەو دەکرا، نەیدەتوانی شان بە شانی پێداویستەکانی ئەم قۆناغەو گۆڕانەکانی بڕوا. لەبەر ئەوە دەبوو پشت بە ئامرازو هێزی تازە ببەستێ. دیارە ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی عیراق دەرگا لەسەر ئامرازی نوێی ئەوروپای بە شێوەیەکی تارادەیەك بەربلاو بخاتە سەر گازی پشت. ئەو کۆمپانیا بیانییانەی بە خێرایی جێ پێیان لە وولاتدا قایمکردو ئەو کۆمپانیا خۆماڵییانەی بە مەبەستی پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کتو پڕ هاتبوونە گۆڕێ؛ کەوتنە خۆو دەستیان کرد بە هێنانی ماشینی نوێ، تا بە هۆیانەوە هێزو گوڕ بخرێتە کاروباری کەلو پەل رەوانە کردنەوە. لە ساڵی ١٨٨٩ دا دوو کۆمپانیای بەریتانیایی[٨] کە خەریکی خوری رەوانە کردن بوون، یەکێکیان دوو ئامێری پەستاوتنی ئاوی گەورەو ئەوی تریان دوو ئامێری پەستاوتنی هەبوو بە هێزی هەڵم ئیشیان دەکردو تێکرا ساڵی ٢٥ هەزار فەردە خورییان دەنارده دەرەوە.[٩] لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی لە سەرانسەری عیراقدا خورمایان دەنارده دەرەوە ١٢ کۆمپانیا بوون، بە تەنها هەشتیان لە بەسرە کاریان دەکردو[١٠] بە هۆیانەوە کاروباری رەوانە کردنی خورما باشترو رێكو پێكترو لە رووی چەندیەتیشەوە زۆرتر بوو.[١١] بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانیش کۆمپانیایەکی ئەمریکایی لە وولاتدا دامەزرا «رەگی بەلەك» ی بۆ دەرەوە دەنارد. هەر زوویش «دەوروبەری ساڵی ١٨٦٩» جۆرە ماشێنێکی نوێ پەیدا بوو، رەگی بەلەکی گورزە دەکرد.[١٢]
پاش ئەوەی سەرمایەی رۆژئاوایی خۆی گەیاندە رۆژهەلاتی ناوەراستو جێ پێی خۆی قایم کردو شان بە شانی پەرژەوەندییەکانی تری کە رۆژ بە رۆژ پەرەیان دەسەندو توندو تۆڵ بە شوێن پێی ئابوورییانەوە گرێ درابوون؛ پێویستیان بە گەشە پێدانی هۆیەکانی هاتوچۆ بوو لە عیراقدا. لێرەوە ئینگلیزو

ئەڵمان و دەوڵەتانی تریش بایەخێکی گەورەیان بە ڕێگاری هامشۆی ناو ڕوباری دیجلەو فوارات و شەتولعەرەب داو ڕێگاری ئاسنیشیان لە میسۆپۆتامیاوە گەیاندە کەنداوی عەرەب. لەولایشەوە بەستیانەوە بە ئەوروپاوە.[١٣] ئەنجامی ئەم گرنگی پێدانە، چەند پرۆژەو دامو دەزگایەکی نوێ لە و وڵاتدا دامەزران. کۆمپانیای «بێت لەنج» کە ساڵی ١٨٤٠ بە مەبەستی بازرگانی ی پێکهات، پاش ماوەیەك دوو پاپۆڕی گواستنەوەی بە بەردەوامی ی بە ناو ڕوباری دیجلەدا هامشۆی دەکرد. بە مەرجێك بابی عالی ماوەی نەدا لە دوو پاپۆڕ زیاتر بخاتە گەڕو سەرەڕای ئەوەیش کە جاروبار پەلپ و بیانووی زۆری پێ دەگیراو دەخرایە ژێر گازو گیرەوە[١٤]، دەڵێین سەرەڕای ئەوەیش توانی سەرکەوتنی باش بەدەبست بهێنێ، بەڕادەیەك سەرمایە بنەڕەتی یەکەی کە «١٥» پانزە هەزار پلوەن بوو، لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا گەیشتە ١٠٠ هەزار پاوەن و لە ساڵی ١٩١٩ دا گەیشتە ٣٠٠ هەزار.[١٥]

ڕێگای ئاسنیش لە عیراقدا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو سەرەتای راکێشانی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم. لەو کاتەوەو تا هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهان، پەیوەندی نێوان بەریتانیاو ئەڵمان لەوپەڕی ناکۆکی و ململانێدا بوو. ئەڵمانەکانیش لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی ی ئاشکرا، توانی یان دەست پێشخەری بکەن و یەکەمین ڕێگای ئاسن لە میسۆپۆتامیادا دابمەزرێنن و بیکەنە بەشێك لە پروژەی بەناوبانگی ڕێگای ئاسنی بەغدا. ئەوەبوو سەر لە بەیانی ی ڕۆژی ٢٧ی تەمووزی ساڵی ١٩١٢ سەرۆکی ئەشغالی ئەڵمانیا، بە بۆنەی دانانی بەردی بناغەی ڕێگای ئاسنی بەری «کەرخ»ەوە ئاهەنگێکی گێرا. شایانی باسە بڕیار وابوو ئەو ڕێگایە لە «مسەرە» وەبۆ ئەوسەر خاکی عیراق ببڕێ.[١٦] والی بەغداو ژمارەیەکی زۆر لێپرسراوانی بیانی و پیاوی ناوداری عیراق ئامادەی ئەو ئاهەنگە بوون.[١٧]

ئەڵمانەکان ئەوەندە پەرۆشی ئەم پرۆژەیە بوون، تەنیا بۆ ئاهەنگەکە چل ئەندازیاری پسپۆری ڕەگەز جیاجیایان هێنابوو[١٨] و «بە هیوا بوون کرێکارو فەرمانبەری زۆر تریشی بۆ بهێنن و کات بە فیرۆ نەدەن» و ئەمم پرۆژەیە تەواو بکەن.[١٩] هەر بۆ ئەو مەبەستە کۆمپانیای ڕێگای ئاسنی بەغدا مافی ئەوەی پێ درا، بۆ گواستنەوەی کرێکارو کەلو پەلو ئامرازەکانی ئیش کردن، ڕوباری دیجلەو فورات بەکار بهێنێ. ئەوە بوو «کۆمپانیای بەلچیکی» دامەزراو ئەم کاروبارەی پێ سپێردرا.[٢٠] دەست بەجێ دەستیش کرا بە هێنانی ئامرازو

ماشینی پێویست بۆ راکێشانی ئەو رێگایەو لە ماوەی دوو ساڵ کەمتردا تێکرای ئەو شتانەی لە دەرەوەی عیراقەوە بۆ ئەم مەبەستە هێنرابوون، لە ٤٠ هەزارتەن تێپەڕی کرد.[٢١]

بەو جۆرە بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی ٧١ میلی لێ تەواو کراو بەهۆیەوە بەغداو سامەڕا پێکەوە گرێ دران. جا لەبەر ئەوەی ئەڵمانەکان هیوایەکی گەورەیان بەم پرۆژەیە هەبوو، لە هەموو روویەکەوە بایەخیان پێ دا. بۆیە راپۆرتێکی تایبەتی بەریتانیا کە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ نووسراوە، دان بەوەدا دەنێ کە «ئەم بەشەی زۆر چاك دروست کراوە»[٢٢]

لە ناو ئەمدامو دەزگایانەدا کە راستەوخۆ پەیوەندی‌یان بە سەرمایەی بیانی‌یەوە هەبوو، توێکڵی یەکەمی چینی کرێکارانی عیراق لە دەوری ئەو کاکڵە لاوازە پێکهات کە چەند پرۆژە یەکی میری دروستی کردبوو، وپاشان بە دووروو درێژی قسەی لێ دەکەین. کۆمپانیای «بێت لەنج» بۆ چاککردنەوەی پاپۆرەکانی، ئامرازو ماشینی نوێی هێناو شوستەیەکی تایبەتی و کارگەیەکیشی لە بەسرە دامەزراند. «کۆمپانیای رێگای ئاسنی بەغدا» یش چەندین کارگەو دامەزراوەی دیکەی پێویستی بۆ کاروباری بینا کردن و چاککردنەوەی شەمەندوفەر هەبوو. ئەگەرچی ژمارەی راستەقینەی ئەو کرێکارانە لە ئارادا نی‌یە کەلەو شوێنانەدا کاریان دەکرد، بەڵام سەرچاوەکان روونیان کردووەتەوە کە خەڵکێك هەبوو بەکرێ ئیشیان کردووە، تارادەیەکی چاکیش لەم مەیدانە تازەیەدا سەرکەوتوو بوون.[٢٣] کەچی ژمارەی تەواوو باوەر پێکراوی ئەو کرێکارە کاتی یانە نەبەردەستدان کە خورمایان دەرنی‌و دایان دەگرت‌و پاشان بۆ دەرەوەی وڵاتیان دەنادر. ژمارەی ئەوانەیش بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگ خۆی لە ٢٠ تا ٥٠ هەزار کەس داوە.[٢٤]

هەرچی سەرمایەی نیشتمانیشە رۆڵێکی زۆر پچووکی گێراوەو خۆی لە خۆیاً لە پاشکۆی سەرمایەی بیانی‌دا بوو، لەبەر ئەوە هەر لە بنەڕەتەوە نەیتوانی ببێتە هۆی پێکهاتنی چینی کرێکارانی عیراق. چەندین هۆی جۆر بە جۆریش هەبوو کە بەم یان بەو شێوە بە یەکترەوە بەسترابوون‌و ئەم دیاردەیەیان خوڵقاند، لەسەرو هەموویانەوە پاشکەوتوویی وڵات بوو لە رووی شارستانیەتەوە کە ماوەی نەدا بەرهەمی پیشەیی بچێتە قۆناغێکی باڵاترەوە. ئەمە جگە لەوەی هاتنە خوارەوەی ئاستی گوزەران بوو بووە هۆی ئەوەی هێزی کرین لای هاووڵاتیانی عیراق ئەوەندە کەم ببێتەوە لەسەرانسەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی‌دا دەستی بۆ درێژ

بکرێ. ئەمەیش بازاڕی ناوخۆی هێنایەوە یەك و ماوەی نەدا گەشە بکاو ناسۆیەکی ئەوەندە رووناکیش نەدەبینرا تا سەرمایەی کەڵەکە بووی نیشتمانیی هان بدا ـ ئەگەرچی لە بنچینەیشدا لاواز بوو ـ روو لە بەرهەمی پیشەسازی بکا. بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەم تێکرای هێزی کڕین لە لای هاووڵاتی یەکی عیراق لە باشترین حاڵدا لە سێیەکی تێکرای هێزی کڕینی هاووڵاتی یەکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کەمتر بوو[25]. لەبەر ئەوە سەرمایەداری عیراقی هەروا بە ئاسانی نەدەهاتە مەیدانێکەوە، نەیزانیایە قازانجی مسۆگەرە.

هەروا بەرێککەوتیش نەبوو « ممەدحەت پاشا» ی والی کە دەستی بە دامەزراندنی «کۆمپانیای تەراموای بەغدا ـ کازمیە» کرد، ناچار بوو زۆربەی بەشەکانی ئەوپرۆژەیە بەزۆرملی بەسەر فەرمانبەرەکانی ناوخۆدا بسەپێنێ و بەوانی ساغ بکاتەوە.[26] سەرمایەدارە عیراقییەکانیش بە دوو دڵییەکی زۆرەوە هاتنە سەر ئەو باوەڕەی چەند پرۆژەیەك بکەنەوە، بەلام ئەنجام رۆشنایییان نەدی. لە ٢٨ ی شوباتی ساڵی ١٩١٢ دا میری مافی دامەزراندنی تەراموای کارەبایی نێوان بە غداو «ئەعزەممییە» و «قەرارە»ی دا بە « مەحموود چەلەبی ئەلشابەندەر » لەگەڵ ئیمتیازی دامەزراندنی ئیستگەیەکی کارەبا لە بە غدا.[27] هەر چەندە «سەرپاکی دانیشتووانی شار پەرۆشی » ئەوە بوون «بەغدابە کارەبا رۆشن بکرێتەوە» وسەرەڕای ئەوەی کە «نیشتمانپەروەریبە ئەمەك مەحموود چەلەبی ئەلشابەندەر» چووە «لە وولاتی فەرەنگ ئەندازیاری شارەزامان بۆ بهێنی»[28]و ئەگەرچی چەند ئەندازیارێکی ئینگلیزیش لە یەکیئەیلوولیئەو ساڵەدا گەیشتنە بەغدا بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی بارو زرووفی شارو پلان دانان[29]، بەلام ئەو پرۆژەیە رۆشنایی نەبینی. پرۆژەی راکێشانی رێگای ئاسنی نێوان بەغداو خانەقینیش کە دەویسترا بە سەرمایەی نیشتمانیی پێك بهێزێ، بەمەرەی پرۆژەکەی پێشوو چوو.

جگە لەم هۆ بنەڕەتییە، بەشێکی گەورەیش لە سەرمایەی کەڵەکەبوو، کەوتە دەست خاوەن زەوییە گەورەکان، کەبریتي بوون لەو سەرۆك عەشیرەتانەی نەیان دەزانی گەر بێ و سەرمایەکانیان لەبواری بەرهەمهێنانی پیشەسازییدا بخەنە کار، چ قازانجێکیان دەست دەکەوێ. بۆیە هەموو ئامانج و مەبەستیان هاتبووە سەر ئەوەی چییان لێ زیاد بێ، یان کۆی بکەنەوە، یاخود ئاڵتوون وخشڵ و چەکی پێ بکڕن. بازرگانە کانیش چاویان بڕیبووە پیشەکەی خۆیان، چونکە دەیانزانی قازانجیان مسۆگەرترە.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانی مەیدانی هەرە فراوانی سەرمایەی نیشتمانی ی، بازرگانی ی دەرەوە بووە، ئەویش بەم یان بەو شێوە بەسترا بوو بە سەرمایەی بیانی یەوە. چوار کۆمپانیا لەو هەشت کۆمپانیایەی لە بەسرەوە خورمایان دەنارده دەرەوەی وولات خاوەنەکانیان عیراقی بوون. هەروەها ژمارەی کارگەی بچووکی پێستە خۆش کردن لە بەغدادا پێش جەنگی یەکەمی جیهانی گەیشتە نۆ کارگە.[٣٠] بازرگانەکانیش بایەخێکی زۆریان دا بە ڕەوانە کردنی خوری لەسەر شێوەی تازە. بازرگانە بەسرەیی یەکانیش هەندێ ماشێنی تازەیان هێنایە وولاتەوە بۆ گورزە کردنی رەگی بەلەك.

لە ئەنجامی پەرەسەندنی هۆیەکانی گواستنەوەدا، سەرمایەی نیشتمانی ی توانی ی رۆڵێکی تارادەیەك گەورە لەم مەیدانەدا بگێرێ. بۆیە هەندێ کەس کەوتنە کرینی بەشەکانی کۆمپانیای تەراموای بەغدا ـ کازمی یەووا دەردەکەوێ قازانجێکی ئەوەندە زۆری فرێ داوە گەیشتووەتە نزیکەی ١٠٠٪ ی سەرمایەکەی.[٣١] پێش ئەوەیش چەند بازگانێکی تر کۆمپانیایەکی هاوبەشی لەو جۆرەیان بۆ هامشۆو گواستنەوەی ناو ئاو دامەزارند.[٣٢] دەورو بەری سالی ١٨٩٦ بازگارنێکی ئەرمەنی لە بەسرە «کۆمپانیای عارەبانەی یایلی» دامەزراند، تاوەکو لە نێوان بەسرەو عەشاردا هاتو چۆ بکا. چوار سال دوای ئەوە دوو کەسی تری بەسرەیی کۆمپانیایەکی دیکەی لەو جۆرەیان بنیان ناو پاشان هەوڵیان دا لەسەر هەمان ڕێگا ئۆتۆمۆبیل بەکار بهێنن.[٣٣] لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی سالی ١٩١١ دا کۆمپانیای نیشتمانی ی پاپۆر بە ناوی «کۆمپانیای بازرگانی ی کەشتی یەکانی بەسرە» وە دامەزراو لە مانگی کانوونی دووەمی سالی داهاتوودا کەوتە کارو دوو دانە کەشتی ی خستەگەر.[٣٤] لە سالی ١٩١٢ دا بۆ یەکەمجار ئۆتۆمۆبیل لە نێوان بەغداو دیالەدا کەوتە گواستنەوەی خەلکی ی وماوەی نێوان ئەو دوو شارەی بە ٤٠ دەقیقە بری،[٣٥] ئەمەیش ئەوەی دەگەیاند کە لەمەیدانی گواستنەوەو هامشۆدا گۆرانێکی چۆنیەتی رووی دا. هەر لەم رووەوە لەو ماوەیەدا، هەولێکی تریش لە بەسرە درا.[٣٦] لە دوا دوای سەدەی نۆزدەهەمەوەو لەبەر هەندێ هۆی رۆشنبیری و سیاسی، دانیشتووانی عیراق بایەخێکی باشیان بە دامەزراندنی چاپخانەدا، بە تایبەتی کە «بە چاوی خۆیان بینی یان میری تا چ رادەیەك سوودو قازانجی لەو چاپخانانە دەست دەکەوێ کە مەدحەت پاشا هێنابووی»[٣٧] هەرچەندە هەندێك لەم چاپخانە بەردین بوون، بەلام زۆربەیان نوێ بوون و شانیان لە شانی چاپخانە ناسراوەکانی ئەوسای

ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست دەدا.[٣٨] بێ گومان ئەم چاپخانانەیش هەر لەبەغداد نەبوون، بەلکو ژمارەیەکیان لە بەسرەو مووسل دامەزرا. کاتێکیش جەنگی یەکەمی جیهانی ی هەلگیرسا، بە تەنها لە شاری بەسرە دا چوار چاپخانە کاریان دەکرد کە تاقە یەکێکیان هی میری بوو.[٣٩] لەو ڕۆژەوە ئیتر دەست کرا بە هێنانی ئامرازی دارشتن وبرین وداکوتانی مس و مشت و مال و زەرکەفت و جزوبەندکردن بۆ ئەم چاپخانانە.[٤٠]

لەبەر ئەوە شتێکی سروشتی ی بوو کە ماشینی نوێ، لەوانەی پەیوەندی ڕاستەو خۆیان بەژیانی ڕۆژانەو گوزەرانی دانیشتووانەوە هەبوو، بە ئاسانی بێنە وولاتەوە. ئەوەتا لە سالانی دوایی سەدەی نۆزدەهەمەوە کارگەی بەفر دروستکردن و ئاشەمەکینەی نوێ و کارگەی سۆدەو سیفۆن و لەو بابەتانە لە شارە گەورەکانی عیراقدا **دامەزرێنران**[٤١] لە سالی ١٩٠٨ دا کۆمپانیایەکی چنینی بچووك لە بەغدا بنیات نراو مەکۆی تازەی لە دەرەوە بۆ **هێنرا**[٤٢] پێش بەرپا بوونی جەنگیش ماشێنێکی میکانیکی خشت دروست کردن هێنرایە عیراقەوە.[٤٣]

ئەگەرچی لە ناوەڕاستی سەدەی رابوردووەوە لە ئەنجامی هاوردنی کەل و پەلی بێگانەوە، دەستێکی توند لە بەرهەمی پیشەیی وەشێنرا، بەلام لەم قۆناغەدا هەر ئەو بنکەی سەرەکی ی پیشەسازي نیشتمانی ی بوو،[٤٤] ئەویش بەشی زۆری پێویستی یەکان، لەبابەتی قوماش و شت و مەکی ناومال و کەرەسەی بیناکاری و کەل و پەلی تری بۆ هاولاتیان دابین دەکرد. تا جەنگی یەکەمی جیهانی بە سەدان مەکۆی دەستی ی خەریکی بەرهەمهێنانی قوماش و چادرو گوریس و شتی لەو جۆرە بوون. بە نموونە لە سالی ١٩١١ دا بە تەنها لە شاری مووسلدا ٥٠٠ جۆلا کاریان دەکرد،[٤٥] دیارە لە بەغداد ژمارەیان لەوەیش زۆرتر بووە. لە کۆتایی سەدەی رابوردوودا قۆنسۆلی بەریتانیایی لەبەغدا، باسی بیست کوورە خشتی گەورەو بچووك دەکا. نزیکەی بیست سالێك دوای ئەو مێژووەو بەهۆی ئەوەوە کە خەلکی ی هەلپەی دروست کردنی خانووبەرەیان دەکرد، ئەم جۆرە پرۆژرانە ژمارەیان زیادی کرد.[٤٦] سەرەرای بەکارهێنانی کە شتی نوێ و بنیات نانی کۆمپانیای تایبەتی بۆ هامشۆو گواستنەوە، کەچی پیشەسازی بەلەم و کەشتی ی دروستکردن لە چەند شارێکی عیراقدا وەك خۆی مایەوەو ئەوانەی خاوەنی ئەم پیشەیە بوون دەیانتوانی کەشتی وا دروست بکەن دژێژی ٣٠ گەزو پانی ی ٨ گەز پتربێ.[٤٧]

ئەم دام و دەزگا ئەهلی یانە، بوونە سەرچاوەی دووەمی پێکهێنانی چینی کرێکارانی عیراق. ئەو کارگە نوێ یانەی سەر بەم کەرتە بچووکە بوون،

ژمارەیەکی باش کرێکاریان تێدا جێ بووەوەو شێوازی ئیش کردنیان تەواو لەگەڵ شێوەی کارکردنی پێشوودا جیاواز بوو. شان بە شانی ئەمانەیش بە هەزاران کرێکار بەردەوام لەو جێگا پیشەیی‌یانەدا ئیشیان دەکردو تا رادەیەکیش زرووفی ئیش کردنیان بە هۆی تەشەنە کردنی کاری کری گرتەوە گۆردرا بوو.

سەرچاوەیەکی تری پێکهێنانی چینی کرێکاران و هۆی گەشە کردنی کە بە پلەی سێیەم دەست نیشان دەکرێ، بەندە بەو کاروبارانەوە کە والی‌یەکانی عوسمانلی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا جێ بەجێیان کرد. پەرژەوەندی خەزینەی عوسمانلیش لەوەدا بوو هەندێ پرۆژەی نوێ بۆ دابین کردنی پێداویستەکانی فەیلەقی شەشەم کە بارەگارکەی لەبەغدا بوو، ئەنجام بدا. «نامیق پاشا» کە دوو جار کرا بە والی عیراق «۱۸۵۳ و ۱۸٦۱ ـ ۱۸٦۷» یەکەم کەسە ئەم مەسەلەیەی خستە ئەستۆی خۆی. ئەوە بوو لە ساڵی ۱۸٦٤ دا یەکەم کارگەی میکانیکی نوێی دامەزراندو لەو خوری‌یەی لە ناوخۆی وولاتدا دەرێسرا، جل و بەرگی سوپایی دروست دەکرا.[48]

گەشە کردنی زووی پیشەسازی لە عیراقدا، ئەگەر لەتەك ناوی **والی** رۆشنبیری عیراق «مەدحەت پاشا» دا باس بکرێ مافی خۆیەتی. ناوبراو لە یەکەم ووتاریدا کە بە بۆنەی دانانی یەوە بە والی عیراق لە ساڵی ۱۸٦۹ دا خوێندی‌یەوە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە پێویستە بایەخێکی گەورە بە پیشەسازی نوێ بدری.[49] لە یەکەم ژمارەی رۆژنامەی «الزوراء» داکە خۆی دەری کرد، قسە لە «کەشتی ناو دەریا» و «رەوتی شەمەندوفەری نێوان وولاتان» و «هێزی ئەلەکتریك و... کارگە» و «زۆری تریش لەو شتانەی کاروباریان ئاسان کردووە» و «پیشەسازی جۆربەجۆر» دەکا کە چۆن هەموو ئەمانە وایان لە ئەوروپایی‌یەکان کردووە «لەم دونیایەدا بە خۆش گوزەرانی‌ی بژین».[50]

راستی‌یەکەی « مەدحەت پاشا » ئەوەندەی کە دەستی توانای دەیگەیشتێ و بە پێی ئەو دەسەلاتەی پێی بەخشرابوو، هیچ کەمتەرخەمی‌یەکی بۆ پێشخستنی ئەم لایەنە ئابوری‌یە گرنگە نەکرد. ئەوەبوو لەسەردەمی ئەودا کارگەی چنینی « عەباخانە » کە « نامیق پاشا » دایمەزراندبوو، فراوان کراو چەردەیەکیش پارەی تەرخان کرد بۆ هێنانی ماشێنێکی نوێ کە هێزی ۷۰ ئەسپی هەبوو. گرنگی‌یەکی زۆریشی دا بە چاککردنی چەك و پەرەپێدانی تا «پێویستی‌یەکی گرنگ » دابین بکا،، وەك رۆژنامەی « الزوراء » ی ئەو کاتە نووسیویە.[51] هەر لە سەردەمی ئەویشدا بوو کۆمپانیای تەرامواي بەغدا ـ کازمی‌یە دامەزراو هێڵێك بە درێژایی ۷ کیلۆمەتر

راكێشرا، هەردوو شارەکەی پێکەوە دەبەست. دامەزراندنی یەکەم چاپخانەی نوێ لە سەردەمی ئەودا بە مەزنترین کاری مەدحەت پاشا دادەنرێ. لە ساڵی ١٨٦٩ دا والی تازە « چاپخانەیەکی نایاب، کەشخە و بە هەڵم ئیش کردوو » ی دامەزراندووە « چاکترین چاپخانەی میسر » نایگاتێ.(٥٢) کاروباری ئەو چاپخانەیە بە تەنها بریتی نەبوو لە دەرکردنی یەکەم رۆژنامە لە مێژووی وڵاتدا،(٥٣) بەڵکو هەندێ نووسراوو ساڵنامەی چاپ دەکردو کاروباری رەسمیشی ئەنجام دەدا. ئەوانەیشی بەرەو دوا پاش « مەدحەت پاشا » بوونە والی عیراق ژمارەیەکی تر چاپخانەیان هێناو لە ساڵی ١٨٨٩ دا یەکێکیان لە بەسرەو دووانیشیان لە بەغدا دامەزرێزان. ئەو چاپخانەیەیش کە ساڵی ١٩٠٥ «حازم بەگ» دایمەزراند، دوا چاپخانەیە میری لە دەرەوەی وڵاتەوە هێنابێتی.(٥٤)

عوسمانلی‌یەکان لەکاروباری گواستنەوەدا تارادەك بایەخیان بە بەکارهێنانی کەشتی دەدا، ئەمەیش خۆی لە خۆیدا پەیوەندی‌یەکی پتەوی بە گەشە کردنی پیشەسازی‌یەوە هەبوو. « رەشید پاشا » یش کە ساڵی ١٨٥٢ کرا بە والی عیراق، رایسپارد چەند کەشتی‌یەکی هەڵمی لە ئەوروپا بۆ بکڕن. بۆ بە رێوەبردنیشان کەل‌و پەلی لە ئەوروپاوە هێناو لە بەری «کەرخ» دا «دەمیرخانە» واتە «ئاسنگەرخانە» یەکی دامەزراند بۆ چاککردنەوەی ئەو کەشتی‌یانە. « نامیق پاشا » یش لە سەر هەمان رێ‌و شوێنی ئەو، کارخانەکانی بەلچێکای راسپارد چەند کەشتی‌یەکی هەڵمی بۆ دروست بکەن، تاوەکو لە روباری دیجلەدا بیانخاتە گەڕ. ئەوە بوو لە سەردەمی خۆیدا دوو لەو کەشتی‌یانە گەیشتنە عیراق و لە دەوروبەری ساڵی ١٨٦١ دا کەوتنە ئیش. بێجگە لەوەیش « دەمیرخانە » کەی فراوانتر کردو چەند کرێکاری لە ئەوروپاوە بۆ هێناو بە رادەیەك پەرەی پێ دا، توانای چەك دروستکردنیشی هەبوو.(٥٥)

« مەدحەت پاشا » لە والی‌یەکانی پێش خۆی زیاتر بایەخی بەوە دا لە روبارەکانی وڵاتدا کەشتی بخاتە گەڕ بە تایبەتی چونکە دەیویست لەم مەیدانەدا بەربەرەکانەی کۆمپانیا بیانی‌یەکان بکاو بە هۆی ئەم پرۆژەیەیشەوە دەستکەوتێکی باش بۆ خەزێنەی دەوڵەت دابین بکا. ئەوە بوو دوو پاپۆڕی تازەی کڕی‌و بەم دوانەوە ژمارەی کەشتی‌یەکان لە سەردەمی ئەودا گەیشتنە هەشت کەشتی. ئنجا کۆمپانیایەکی تایبەتی دامەزراند بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروباریان وچەردەیەکی باش خەڵووزی بەردینی لە « عەدەن » و « مەسقەت » و « بەندەر عەبباس » و «بوشەهر » خست. ئەمانەیش یەکەم کەشتی عوسمانلی

بوون له نۆكەندی « سـوێس » ە وەو لە ناو دیجلەو فـوراتیشدا بـەرەو ژوور گەیشتنە دوورترین شوێن. دەمیرخانەکەیشی پەرە پێدا کە لە دوادوای سەردەمی « نامیق باشا » دا پشت گوێ خرا بوو.(٥٦)

هەرچەندە بەربەرەكانێ كردنی كۆمپانیا گەشەكردووە بیانی‌یەكان لەم مەیدانەدا كارێكی گران بوو ، بەلام عوسمانلی‌یەكان تا جەنگی یەكەمی جیهانی بایەخیان بە هامشۆو گواستنەوەی ناو ناودەدا . لە سالی ١٩١١دا میری بە مەبەستی پەرەپێدانی هات‌وچۆ لە نێوان عێراق و سوریادا دوو پاپۆڕی لە روباری فوراتدا خستە گەڕو توانی‌یان بە ماوەی ٧٥ سەعات بگەنە « مەسكەنە »(٥٧) .

یەكێك لەو پرۆژانەی دەولەت لە سەرەتای جەنگی یەكەمی جیهاندا جێ بە جێی بەستی [هیندی‌یە] بوو، كە ٣٠٠ هەزار لیرەی تێ چوو، و لە رۆژی ١٢ی كانوونی یەكەمی سالی ١٩١٣ دا كرایەوە.(٥٨) ئەم پرۆژەیەیش ژمارەیەك كرێكاری گرتە خۆی‌و بە بەتەنها لەو شوێنانەدا كە خۆلكاریی دەكرا، ژمارەیان لە نێوان هەزار تا سێ هەزار كرێكار دا بوو؛ نزیكەی هەزار كرێكارێكیش لەو شوێنانەدا كاریان دەكرد كە گەچی پێویستیان بۆ پرۆژەكە دروست دەكرد.(٥٩) شایانی باسە ئەم پرۆژەیە وەك پرۆژەكەی رێگای ئاسنی بەغدا، سەبـارەت بە راپـەڕاندنی بەشێك لە كاروبارەكانی ئامرازو ماشینی تازەی بەكار دەهێنا. لێرەدا ئینگلیزەكان دوو شەمەندوفەریان خستە كارو هەریەكەیان ٢٠ ئەسپ هێزی راكێشانیان بوو، بە درێژایی كیلۆمەترێكێ یەكی ١٦ عـارەبانـەی پڕ لە خـۆلیان رادەكێشـا، بەم كـارەیش گەیشتنـە « ئەنجـامێكی سـەر سـوڕهـێن »، وەك « ویلكـۆكس » لە راپۆرتەكەیدا نووسیویە.(٦٠) جگە لەمانە هەر لەو پرۆژەیەدا چەندین ئامـرازی تازەی‌تر بەكارهاتن، لەوانە پێنج ماشێنی گەڕۆكی توانا ١٦ ئەسپی بوون، ئەو ترومپایانەیان دەخستە گەڕ كە پارەیەكی‌زۆریان بۆ پرۆژەی ناوبراو پاشەكەوت دەكرد.(٦١)

بەر لە جەنگی یەكەمی جیهانی، چ دەولەت‌و چ هاوولاتیان فرسەتیان لە هەندێ لە كانەكانی وولات هێنا، وەك: خەلووزی بەردین‌و خوێ‌و قیرو بـەردە مەڕمەڕ. ئەو خەلووزەی ئەوسا لەنزیك كفری‌یەوە دەردەهێنرا سالی بە ٣٠٠ تەن خەمل كراوە. لە «هیت» «رۆژی لە ٤٠ تا ١٠٠ باری گوێ درێژ قیر دەردەهێنرا»(٦٢)

ئەمانەی باس كران ئەو سێ سەرچاوە سەرەكی‌یە بوون كە تێیاندا تۆوی چینی كێكارانی عیراق چەكەرەو نەش‌و نمای كرد. لە ناو ئەمانەدا ژمارەیەكی زۆر كرێكاری هەمیشەیی‌و كاتی‌ی ئیشیان دەكرد. رۆژهەلاتناسی سۆڤیەتی دكتۆر ل. ن. كاتلۆف ژمارەیان بە «دەیان‌هەزار» دەخەملێنێ‌و بۆ ئەم بۆچوونەیشی پشت بە چەندین سـەرچاوەی جـۆر بە جـۆر دەبەستێ، لە پێش هـەمووییـانەوە، ئـەو راپۆرتانـەن كەكـۆنسۆلی‌یـەتی رووسی ئامـادەی كردوون.(٦٣) هـەرچۆنێـك بێ

کرێکاران وایان لێهات لە پێکهێنانی دانیشتوانی شارەکاندا قەوارەیان پەیدا کرد. بە تایبەتی ئەگەر ئەوەمان لە پێش چاو بێ کە تا ساڵی ١٩٠٥ شارنشینەکان ٢٤٪ ی تێکڕای دانیشتووانی عیراقیان پێك دەهێنا.[٦٤] گرنگ ئەوەیە ئاگامان لەوە بێ کە ژمارەیەکی باشی ئەم توێژە کۆمەڵایەتی یە نوێ یە لەو کاتەوە کەوتنە خۆ کە شێوازو هەل و مەرجی نوێ ی ئیش کردنیان پەیرەو کرد.

هەل و مەرجی ئیش کردن و خاسیەتەکانی کرێکارانی عێراق بەر لە جەنگی یەکەمی جیهان

بێ گومان شتێکی زۆر سروشتی یە کە هەل و مەرجی ئیش کردن لە عیراقدا پێش جەنگی یەکەمی جیهانی زۆر نالەبار بوو بێ؛ چونکە ئەو دیاردەیە خۆی لە خۆیدا ئاوێنەیەکی بێ گەردی واقیعی دواکەوتووی وڵات و نزمی ی ئاستی گوزەرانی جووتیاران بوو، لە سایەی سیستەمی چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتیدا، کە ناچاری دەکردن بە هەموو بارو زرووفێکی ئیش کردن قایل بین، جا ئیتر بۆ رازی کردنی سەرەك عەشرەتەکەیان بوو بێ، یان هەڵاتن بوو بێ لە پەیوەندی دەرەبەگایەتی، یاخود بۆ ئەوە بووبێ گیروگرفتی ئابووری لە سەرشا نیان سووك بکەن. لەبەر ئەوە هەروا بەرێکەوت نی یە کە ساڵی ١٨٨٩ قۆنسوڵی بەریتانیا لە بەغدا، دەنووسێ و دەڵێ: «چەندت بوێ کرێکاری ناشارەزات دەست دەکەوی»[٦٥] ئەمانە کە ئامادەی کار دەبوون، هەرگیز بیریان لە سەعاتی ئیش کردن نەدەکردەوە. راستی یەکەیشی سەعاتی ئیش کردن دیاری نەکرا بوو. بۆیە کرێکار لە رۆژهەڵاوە تا رۆژ ئاوا بوون و جاری وایش هەبوو تا دوای رۆژ ئاوا بوون کاری دەکرد. شارەزاترین کرێکار رۆژی لە دە تا یازدە سەعات و تەنانەت زۆر جار لەوەیش زیاتر خۆی دەرەتاند.[٦٦] نزمی ی ئاستی گوزەرانی خێزانە دەست کورت و هەژارەکان پاڵی بە ژن و منداڵەوە دەنا بۆ ئیش کردن. ئەوانە لایەنێکی گەورە بوون و ئەو هەزاران کرێکارە کاتی یانەیان پێك دەهێنا کە هەڵپەی ئیش کردنیان دەکرد، بە تایبەتی لە مەیدانی رنین و داگرتنی خورمای بۆ دەرەوە رەوانە کراو دا. ژن و منداڵ نیوەی ئەو کرێکارانە بوون کە گەچیان بۆ پرۆژەی بەستی [هیندی یە] بەرهەم دەهێنا. قۆنتەراتچی یەکانی ئەو پرۆژەیەیش بۆ تەواو کردنی ئیشەکەیان پشتیان بە کرێکاری ئافرەت منداڵ دەبەست.[٦٧]

لەو کاتەدا رۆژانەی کرێکار لە عیراقدا، کەمترین رۆژانە بوو لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی دا. لە کاتێکدا کە تێکڕای رۆژانەی

کریکاریکی چنین له ناو تورکیادا ٥ر٨ قروش بوو، کـریکاریکی عیـراقی لەسەر هەمان پیشە رۆژی ٧ قروشی وەردەگرت. تیکرای رۆژانەی کریکـارانی پیستە خۆش‌کردن لە تورکیادا ١٣١٦ قروش بوو، کەچی رۆژانەی کریکاری پیلاودروو لە عیراقدا ١ر٢ قروش کەمتریشی هەبوو.[٦٨] لە گەڵ ئەوەدا کە خشت دروست کردن کاریکی قورسەو تا دیتە بەرهەم بە چەند قۆناغیکدا تی دەپەڕی[٦٩]، کەچی ئەو کریکارانەی گرانتـرین قۆنـاغی ئەم پیشـەیەیـان ئەنجـام دەدا لە بەغـدادا، رۆژانەکەیان ٧ قروش بوو[٧٠]. لە ئیش‌و کاری بیناکاریشدا رۆژانەی کریکار زۆر لەوەیش کەمتر بوو. ئەوانەی لە پرۆژەی بەستی [هیندیـەدا] خۆلکـاری‌یان دەکرد لە باشتـرین حاڵدا رۆژانـەکەیـان لە نیوان ٣ و ٤ قـروشدا بـوو. ئەو مندالانەیش لە مەیدانی بینا کردندا کاریان دەکرد رۆژی ٥ر١ قروش‌و ئەوانەی خەریکی گەچ دروست کردن بوون لە ٥ر١ تا ٥ر٢ قروشیان وەردەگرت.[٧١] جاری وایش هەبوو، کریکار لە بریتی ئەو ئیشە قورس‌و گرانەی جی بەجیی دەکرد کریی نەختینەی دەدرایە. ئەمەیش دەبووە هۆی ئەوەی کریی راستەقینەیان بیتە خوارەوە.* لە هەموویشی خراپتر ئەوە بوو کە ئەو دام‌و دەزگایانەی سەر بە خەزینەی دەولەت بوون بەزۆریی سەربازو بەندەکانیان دەهینا بۆ ئیش کردن‌و کرییەکی رەمزییان دەدانی. لە زۆر ناوچەیشدا ئیشی سوخرە باو بوو، تەنانەت ئەم دیاردەیە خۆی گەیاندە هەندی لە شارەکانی عیراق، بە نموونە لە شاریکی وەك بە سرەدا « بەناو حەماڵ‌و شۆفیرەکان » یان ناچار کرد لە شار هەڵبین‌و بچنە دەرەوە.[٧٢]

پەیوەندی دەرەبەگایەتی‌و عەشرەتگەریش یەکیك بوو لە لەو هۆیانـەی دریژەی بەباری چەوساندنەوەی کریکاران‌و کەم کردنەوەی رۆژانەیان دەدا. لە دەوروبەری ساڵی ١٨٧٦ دا موتسەریفی شاری « مونتەفیك » هەر لەبەر ئەوەی خۆی یەکیك بوو لە سەرۆك عەشرەتەکانی ئەو ناوچەیە توانی ژمارەیەکی زۆر جووتیاری ناوچەکە بە رۆژانەیەکی کەم بەکری بگری بۆ ئەوەی بەستیك لە سەر روباری فورات بنیات بنی.[٧٣] ئەوانەیش کە سـەرپەرشتیی پـرۆژەی بەستی هیندی‌یەیان دەکرد بە ئارەزووی خۆیان کریکارانیان هەڵدەسووراند، ئەمەیش نەك لەبەر زۆریی کریکارو کەمیی رۆژانەکەیان، بەڵکو لەبـەر ئەوەی مـانگی لیرەیەکیان بەو سەرەك عەشیرەتانە دەدا کە پەنجا کریکاریان رەوانەی پرۆژەکە دەکرد.[٧٤] ئەمـە جگە لەوەی کـە سەرۆك عـەشرەتـەکان بـە کەیفی خـۆیان‌و بەبیانووی ئەوەی گوایە لە بەردەم میرییدا لیپرسراون، پارەیـان لە کریکـاران دەکیشـایەوە.[٧٥] لە هـەمان کـاتیشدا هـەندی لەو سـەرۆك عەشیـرەتانـە لە

پرۆژەکەدا بوونە قونتە راتچی.

جا بۆ ئەوەی واقیعی ژیانو گوازەرانی کرێکاری عیراقی لە قۆناغەکانی یەکەمی مێژووی دروست بووني دا تێ بگەین، نرخی کەلو پەلی پێویستی ئەو کاتە بە نموونە دەهێنینەوە. لە دەوروبەری سالی ١٨٩٨ دا نرخی هوققەیەك « دەکاتە چوار کیلۆگرام» نان ٥ر٢ قروشو هوققەیەك گۆشتی مەر ٥ قروشو هوققەیەك رۆن ١٦ قروش بوو.(٧٦) لە کاتێکا رۆژانەی کرێکار هیچ گۆرانێکی بەسەردا نەهات، کەچی بەر لە هەلگیرساندنی جەنگی یەکەم نرخی شتو مەك بە خێرایی بەرز بووەوە. نرخی ئەو پێویستییانەی باس کران لە سالی ١٩١٣ دا، واتە لە ماوەی بیست سال کەمتردا سێ تا چوار ئەوەندە زیادیان کرد. بەو جۆرە نرخی هوققەیەك نان گەیشتە ٦ قروشو گۆشت ٢٤ قروشو رۆن ٤٠ قروش.(٧٧)

ئامرازەکانی ئیشکردنو بەرهەمهێنان بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی تەواو سەرەتایی بوون، بێ گومان ئەمەیش زیاتر هەلو مەرجی ئیشکردنی گران دەکرد. ئەو کرێکارانەی لە پرۆژەی بەستی هیندییەدا ئیشیان دەکرد « دەبوو پاچو پێمەرەی خۆیان بۆ ئیش ببەن ».(٧٨) لە « هیت » کرێکاران بە لقی دارخورما قیریان دەردە هێنا.(٧٩) دیارە لە بارو زرووفێکی وادا ژمارەی کرێکارە شارەزاکان تا بلێی کەم دەبوون، ئەوانەیشی کە هەبوون لە بنەرەتدا پیشەوەرو دانیشتووی شار بوون. قوتابخانەی پیشەوەرانیش کە « مەدحەت پاشا » بنیاتی ناو ژمارەی قوتابییەکانی گەیشتە ١٥٠ کەس، نەیتوانی رۆلێکی ئەوتۆ بگێرێو کرێکاری شارەزا پێ بگەیەنێ، بە تایبەتی چونکە مەبەست لە بنیات نانی ئەو قوتانجانەیە ئەوە بوو، چەند کادیرێکی شارەزا بۆ چاپخانەکەی میریو دەمیرخانەکەی پێ بگەیەنێ کە خەریکی پەرە پێدانی بوو. پرۆژەی رێگای ئاسنی بەغدایش هەندێکی تری لەو کرێکارە شارەزایانە قۆزتەوە.(٨٠) ئەمە سەرەرای ئەوەی کە دوو چاپخانەی میری بە هۆی پشتگوێ خستنو نەشارەزاییەوە بە تەواوی لە کار کەوتن.(٨١) کەمیی کادیرو سادەیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بوونە هۆی سستیی بەرهەم. باشترین بەلگەیش ئەوەیە کە بەر لە جەنگی یەکەم بینای دایەرەیەکی بچووکی پۆستە لە نزیك سەنتەری بەغداوە نزیکەی دوو سالی خایاند.(٨٢)

پێش هەلگیرساندنی جەنگ نە لە دامەزراوەبیانییەکان ونە لە دامو دەزگا رەسمییەکانیمیریو ئەهلیدا، یاسای زامن کردنی ژیانی کرێکار لە گۆرێ نەبوو. تەنانەت ئەگەر کرێکارێك لە کاتی ئیشکردندا بمردایە، کەسو کارو

وەچەی ئەو کرێکارەشیچیان لە بریتی وەر نەدەگرت. لەو ڕۆژگارەی عیراقدا تاقە بەندێك چیەیە لە یاسای کارو کرێکاری دەوڵەتی عوسمانلی بەسەرکرێکارانی عیراقدا نە دەچەسپا. دەبێ ئەوەیشمان لە بیر نەچێ کە ئەو یاسایە لە روانگەی تەسکی سەدەکانی ناوەڕاستەوە دانرا بوو، لە بنەڕەتیشدا یاسایەکی ناتەواوو پووچەڵ بوو، لەبەر ئەوە نە بەرگری لە کرێکاران دەکردو نە دانی بە مافەکانیشیاندا دەنا.[٨٣]

بۆیە شتێکی سروشتیی بوو کە لە سایەی ئەم بارو زرووفەدا کرێکارێکی نوێو جووتیارێکی جاران جیاوازییان نەبێ؛ ئەوەندە هەیە هەلومەرجی پێکەوە ئیشکردن لە چەند پرۆژەیەکداو کاری قورس و گران لە هەندێ پرۆژەی تردا، لە جاران پتر تووشی نەخۆشیی و مەترسی دەکردن. « ئادامۆف » ی قونسوڵی رووس لە بەسرە، بۆمان دەگێڕێتەوە کە چۆن ئەو کرێکارانەی لە وەرزی خورما رنین دا دەهاتن بۆ کارکردن منداڵەکانیان لە تەك خۆیان دا دەهێناو لەبارو دۆخێکی زۆر ناڕەحەتداو لەناو حەسیردا دەژیان و خۆراکی سەرەکییان یا ئەو خواردنە بوو کە لە گەڵ خۆیان هێنابوویان، یاخود خورمای پاشماوە بوو. بە مەیش دەبوونە سەرچاوەی گەلێك دەردو نەخۆشیی وەك « کۆلێرا » و « تاعوون » و « ئاوڵە » و « تەراخۆما » کە نیوەی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بە دەستییانەوە دەیان ناڵاند.[٨٤] سەرەڕای هەموو ئەمانە کرێکاری عیراق بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەم، بۆی نەکرا بە هوشیارییەوە بجووڵێو هەنگاوێکی ئەوتۆ بنێ کەمێك زوڵمو ستەمی لە سەر کەم ببێتەوە. ئەوانە بە هیچ شێوەیەك هەستیان بە واقیعی چینایەتی خۆیان نە دەکرد، جگە لەوەیش پابەندی نەریتی عەشایەریو دابەش بوونی پیشەیی لادێ بوون. بە سەرێکی تریش لە تەك ئامرازو ماشێنی نوێی تەکنیکیدا پەیوەندییەکی لاوزیان هەبوو. ئەم هۆیانە کارکیان کرد لە سەرحاڵی خۆیان بەردەوام بن، واتە جووتیار بوون، بەڵام لە بەرگی کرێکاردا. لەبەر ئەوە بچووکترین نیشانەمان لە بەردەستادا نییە، بزووتنەوەیەکی ڕێكو پێکی کرێکارانەمان لەو قۆناغەی مێژووی چینی کرێکارانی عیراقدا نیشان بدا. ئەوەندە هەیە چەند بزووتنەوەیەکی خۆرسك لە هەندێ ناوچەی جیاجیادا روویاندا، بێ ئەوەی شوێن دەستیان دیار بێو شتێکی ئەوتۆ لە پاش خۆیان بەجێ بهێڵن. لەساڵی ١٨٧٦ دا وکاتێك لە شاری « مونتەفیك » دا زوڵمو ستەم گەیشتە لوتکە، ئەو کرێکارانەی لەو شارەدا خەریکی بنیات نانی بەستێك بوون، بڕیاریان دا مان لە ئیش بگرن. بەڵام موتسەڕیفی ئەو شارە توانی بە زەبری چەك ناچاریان بکا بچنەوە سەر ئیش. گرنگ ئەوەیە ئەم مانگرتنە لە ئەستەمبوولدا

دەنگی دایەوەو رۆژنامەکانی ئەو کاتە لە سەریان نووسی.[٨٥] لە سەرەتای جەنگی یەکەمیشدا دەباغچی یەکانی ئەعزەمی یە کە لە رووی چەندیەتی و چۆنیەتی یەوە حسابیان بۆ دەکردا، دوو جار مانیان گرت. یەکەمجار لە پایزی ساڵی ١٩١٢ دا، کاتێك کرێکاران کۆبوونەوەو بڕیاریان دا تا رۆژانەکانیان زیاد نەکرێ نەچنەوە سەر ئیش. پاشان « شیخ عەبدولرەزاق ئەلچەلەبی » کە سەرۆکی دەباغچی یەکان بوو، لە گەڵیان کەوتە وتوویژ کردن و ملی بۆ داخوزی یەکانیان کەچ کردو ئەوانیش چوونەوە سەرئیش و کاری خۆیان.[٨٦] دووەمجاریش لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ١٩١٣ دا بوو، کاتێك « عەبدولهادی ئەلئەعزەمی » کە رۆشنبیرێکی ناوچەکەبوو،[٨٧] سەرکردایەتی کردن. ئەمجارەیان بەتەواوی دەستیان لە ئیش هەڵگرت و داویان کرد ٢٥٪ ی رۆژانەکەیان بۆزیاد بکری و ئەنجام « خاوەن کارگەکان ناچار بوون داخوازی یەکانیان جێ بەجێ بکەن و ئەمانیش گەرانەوە سەرئیش ».[٨٨]

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە چینی کرێکارانی عیراق جگە لەوەی بە زەحمەت لەدایك بوو، درەنگیشی خایاند. سەرەتا وەك هێزێکی بچووك لە چوارچێوە کۆمەلایەتی یەکەدا شان بە شانی چینی بۆرژوای گەورەی بازرگانی ی خۆی نواند. بێ گومان ئەم چینەی دوایی یان راستەو خۆ پەیوەندی بە سەرمایەی بێگانە « کۆمپرادۆر » ەوە هەبوو. چونکە هەردوو چینی کرێکاران و بۆرژوای بازرگانی لە سایەی چەند هۆیەکی چونیەکدا پێکهاتن. چینی کرێکارانی عیراق وەك چینی کرێکارانی گشت وولاتە دواکەوتووەکان بە چەندین ساڵ بەر لە بۆرژوای پیشەسازیی نیشتمانی دروست بوو بوو. لای خۆیشمان لادێ سەرچاوەی سەرەکی ی پێکهاتنی ئەم چینە تازەیە بوو. زۆربەی کرێکاران لەم قۆناغەدا هێشتا پەیوەندی یان لەتەك لادێدا نەپساندبوو. تەنانەت کەلە پرۆژە تازەکان دا ئیشیان دەکرد، بۆ ئەوە بوو ئابوری کشت و کاڵی یان بە تەواوی هەرەس نەهێنێ، تایبەتی چونکە چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی گەیشتبووە لوتکە.[٨٩] هەر لەبەر ئەوەیش بوو کرێکارە کاتی یەکان و ئەوانەی وەرز بە وەرز ئیشیان دەکرد، زۆربەی چینی تازە پێ گەیشتووی کرێکارانیان پێك دەهێنا. ئەم دیاردەیەیش راستەوخۆ کاری کردە سەر ئاستی هوشیاری چینایەتی و سیاسی کرێکاران و رادەی پەرەسەندنیان لەو قۆناغەدا. تەنانەت لە رووی سایکۆلۆژیشەوە کاری لە زۆربەیان کردبوو. نەبوونی پەیوەندی یەکی سەرومر لەتەك ئامرازی نوێی بەرهەمهێناندا وای کرد لەسەر رەوشت و خووی

جووتیاران بمێننەوە، نەك پەیرە وی نەریتو هەڵسو کەوتی کرێکـاران بکەن. لەبەر ئەوەئەم چینە کۆمەڵایەتی‌یە نوێیە هەر ئەوە بوو کە لە خۆیدا بوو بووە چینێك Class in it self، واتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی تازەی پێ نەگەیشتوو بوو، بە هیچ شێوەیەك واقیعی ژیانو رۆڵی گرنگی خۆی لە پرۆسیسی بەرهەمهێناندا نەدەزانی. نەیدەزانی چ رێگایەکیش هەڵبژێریو هەنگاوی یەکەمی رزگاربوونی خۆی لێوە بهاوێژێ.

سەرەرای هەموو ئەمانە، ئەم قۆناغەی مێژووی چینی کرێکارانی عیراق بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێ، چونکە هەر لەو ماوەیەدا کـاکڵەو توێـژی یەکـەمی پێکهاتو جووتیاران بەشێوەیەکی فراوانو بەربڵاو رێگای شاریان گرتە بـەرو پەیوەندی نێوان شارو لادێ پەرەی سەند. هەموو ئەم دیاردانەیش لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیو ساڵانی دوای جەنگدا لەبواری کۆمەڵایەتیو سیاسی‌دا جێ پەنجەیان دیار بوو.

سەرچاوەو پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١ ـ یەکەم چینی کرێکار لە مێژوودا لەدەورو بەری سەدەی پانزەدا لە ئیتالیا دەرکەوت. بۆیە ئیتالیا بە یەکەمین وڵات دادەنرێ کە بەر لەووڵاتانی‌دیکەی ئەوروپا پەیوەندی‌یەکانی سەرمایەداریی تێدا لە دایك بووبێ.

٢ ـ لەو رۆژگارەدا بەهارات گرنگترین کەل و پەلی بازرگانی بوو کە لە رۆژهەڵاوە رەوانەی رۆژئاوا دەکرا. لە کۆتایی سەدەکانی ناوەراستدا بایەخێکی زیاتریشی پێدراو لە هەمان کاتیشدا هەل و مەرجی گواستنەوەی چووە بارو دۆخێکی گرانەوە، بۆیە بەشێوەیەکی خەیاڵی نرخی زیای کرد، بە رادەیەك بووە پێوانەی سامانی خەڵکی ئەوروپا. گەران بەشوێن کانگای نوێی بەهاراتدا یەکێکە لەو هۆیانەی پاڵی بە ئەوروپاییەکانەوە نا شوێنی تازە بدۆزنەوە.

٣ ـ Zaki Salih, Mesopotamia (Iraq) 1600 — 1914. A Study in Britidh foreign Affairs, Baghdad. 1957, P.P. 27 — 28.

٤ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن، بروانە [الدکتور محمد سلمان حسن. التطور الاقتصادي في العراق. التجارة الخارجية والتطور الاقتصادي ١٨٦٤ ـ ١٩٥٨] الجزء الاول. صيدا. بيروت ١٩٦٥. ل ٩٤.

٥ ـ پێش ئەو ماوەیە کەل و پەلی عیراق تەنها بۆ وولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست دەنێردرا.

٦ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن بروانە: «التطور الاقتصادي في العراق»، الدکتور محمد سلمان حسن. سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٢ ـ ١١٧.

٧ ـ لە ساڵی ١٨٧٧ دا سەرجەمی خورمای بەرهەمهێنراوی عیراق ٦٠ هەزار تەن بوو، ٤٠ هەزاری رەوانەی دەرەوە کرا. هەروەها بروانە.

Zaki Saleh, OP. Cit. P. 195.

K. M. Langley, The Industrilization of Iraq P. 26.

٨ ـ مەبەست لە هەردوو کۆمپانیای «بێت لەنج» و «داربی ئەندەروین» ە.

٩ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن، بروانە: «الدکتور محمد سلمان حسن» سەرچاوەی پێشوو ل. ٢٨٦ ـ ٢٨٧. هەروەها [K. M. Langley, Op.Cit; P. 28]

١٠ ـ ل. ن کاتلۆف. راپەرینی رزگاریخوازانەی نیشتمانی ی عیراق ساڵی ١٩٢٠. بەزمانی رووسی. مۆسکۆ. ١٩٥٨ ل. ٥٩.

١١ ـ ساڵی ١٩٠١ ئەو کۆمپانیانەی لە بەسرە ئیشیان دەکرد، ٣٠ هەزار سندووقیان زیاتر ناردە دەرەوە.

١٢ ـ بروانە: «الشيخ محمد الشيخ خليفة بن حمد بن موسى النبهاني. التحفة النبهانية.» الجزء التاسع «تاريخ البصرة، الطبقة الثانية. القاهرة ١٣٤٢ هـ ل ٦٤.

١٣ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن بروانە: ZaKi Saleh, OP. cit., PP. 149 — 202

١٤ ـ S. H. Longrigg, Four Centuries of modern Iraq, 1925, PP, 293 — 294.

١٥ ـ Zaki Saleh, OP. cit., PP, 159, 188 — 189, R. Coke. Baghdad — the city of the peace, London 1927, P. 241.

١٦ ـ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٨٨ دا بیر لە پرۆژەی رێگای ئاسنی بەغدا کرایەوە، واتە ئەو ساڵەی کە بە هۆی رێگای شەمەندوفەرەوە، ئەستەمبوول و بەرلین پێکەوە بەستران. دوای ئەوەی رێگای ناوبراو بەرەو خوار هات و پاش دەساڵ کە تزاری ئەڵمانیا ولیامی دووەم بۆ جاری دووەم سەری لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی دا، کفتی وەرگرت ئیمتیازی راکێشانی رێگای ناوبراوی بدرێتێ لە شاری «قۆنیە» وە تا کەنداوی عەرەب.

١٧ ـ بروانه گۆڤاری «لغة العرب» بغداد. ايلول ١٩١٢ ل. ١١٧.
١٨ ـ هەر ئەو سەرچاوە.
١٩ ـ «لغة العرب» آذار ١٩١٢ ل. ٣٦٧.
٢٠ ـ «لغة العرب» تشرين الاول ١٩١٢ ل. ١٥٨.
٢١ ـ الدكتور محمد سلمان حسن. سەرچاوەی پێشوو ل. ٤١٤.
٢٢ ـ مركز الوطني للوثائق الوحدة الوثائقية: البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/١٠ موضوع الملفة: السكك ١٩٢٦ «راپۆرتی ژەنەڕال ف.د. هامند».
٢٣ ـ ئەندازیارە ئەلمانیکان دووبارەی دەکەنەوە کە کرێکارانی کورد لەو پرۆژەیەدا تەواو لیهاتوو بوون. بروانە Dagobert Von Mikusch, Mustafa Kemal between Europe and Asia, London, 1931. P. 360.

٢٤ ـ ل. ن. كاتلوف. سەرچاوەی پێشوو ل ٥٤.
٢٥ ـ بۆ تێ گەیشتنی تەواوی ئەو ژمارانە؛ بروانە سەرچاوەی پێشوو ل ٤٩ ـ ٥٠.
٢٦ ـ بروانە: K. M. Langley. OP. cit., P.10
٢٧ ـ بروانە: رۆژنامەی «العراق» بغداد. ٢٣ حزيران ١٩٢٨.
٢٨ ـ «لغة العرب» نيسان ١٩١٢ ل ٤٥٥
٢٩ ـ «لغة العرب» تشرين الثاني ١٩١٢.
٣٠ ـ بروانە: S. H. Longrigge, Irag 1900 to 1950. A Political, Soci al and economic history, London, 1953 PP. 32 — 33.
٣١ ـ بروانە: K. M. Langley, OP. cit., P. 10.
٣٢ ـ بروانە: S. H. Longrigge, Four Cinturies of Modern Iraq PP. 293 — 294.
٣٣ ـ بروانە: [الشيخ محمد الشيخ خليفة بن حمد بن موسى النبهاني. الجزء التاسع. التحفة النبهانية] ل. ٦٤ ـ ٦٥.
٣٤ ـ «لغة العرب» تشرين الثاني ١٩١٢.
٣٥ ـ «لغة العرب» تشرين الثاني ١٩١٢.
٣٦ ـ بروانە: «الشيخ النبهاني. الجزء التاسع» سەرچاوەی پێشوو ل ٦٥.
٣٧ ـ بەقسەی گۆڤاری «لغة العرب» كانوون الثاني ١٩١٣ ل ٣٠٣.
٣٨ ـ هەرئەوسەرچاوە ل ٣٠٣ ـ ٣٠٥.
٣٩ ـ بۆ زیاتر شارەزا بوون لە چاپخانەکانی عیراق پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، بروانە: گۆڤاری «لغة العرب» كانۆ الثاني ١٩١٣ ل ٣٠٣ ـ ٣٠٩. «التحفة النبهانية. الجزء التاسع» ل ٦٦ ـ ٦٧. «شهاب احمد الحميد. تاريخ الطباعة في العراق. مطابع القطاع الخاص ١٨٣٠ ـ ١٩٧٥ الجزء الاول بغداد ١٩٧٦.
٤٠ ـ «لغة العرب» كانون الثاني ١٩١٣ . ل ٣٠٤ ـ ٣٠٥.
٤١ ـ بروانە: «التحفة النبهانية. الجزء التاسع. ل ٦٤ ـ ٦٥، ٦٧ ـ ٦٨.
عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين. المجلد الثامن. بغداد ١٩٥٦ ل ٦٥.
٤٢ ـ بروانە: K. M. Langley. OP. cit., P. 30.
٤٣ ـ [الدكتور محمد سلمان حسن. التطور الاقتصادي في العراق] ل. ٣٠٤
٤٤ ـ لە بەشی چوارەمدا بە درێژیی لەو باسە دەدوێین، چونکە پەیوەندییەکی راستەو وخۆی بە سروشتی بزووتنەوەی کرێکارانەوە هەیە بە تایبەتی لەدوای جەنگی یەکەمیجیهانی.

٤٥ ـ الدكتور محمد سلمان حسن. هەر ئەو سەرچاوە ل ٢٨٣.
٤٦ ـ هەرئەوسەرچاوە ل ٣٠٣.
٤٧ ـ بروانە «لغة العرب» ايلول ١٩١٢ ل. ٩٥ ـ ٩٦.
٤٨ ـ بروانە: (الدكتور محمد سلمان حسن) هەر ئەو سەرچاوە ل ٢٩٢.
٤٩ ـ بروانە دەقی ووتارەکەی مەدحەت پاشا کە لە کتێبی «تاريخ العراق بين احتلالين» ی «عەبباس ئەلعەزاوی» دا بلاو کراوەتەوە. بەرگی حەوتەم ل ١٦٢ ـ ١٦٤.
٥٠ ـ لەکتێبی «من تاريخ الصحافة العراقية» ی خالد حبيب الراوی» یەوە وەرگیراوە. بغداد ١٩٧٨ ل. ٩ ـ ١١.
٥١ ـ لە کتێبی «تاريخ العراق بين احتلالين» ەوە، وەرگیراوە. بروانە: بەرگی حەوتەم ل ٢٢٣.
٥٢ ـ بروانە: گوڤاری «لغة العرب» كانون الثاني ١٩١٣ ل ٣٠٤.
٥٣ ـ مەبەستمان رۆژنامەی «الزوراء» ە ئە رۆژی ١٥ ی حوزەیرانی ١٨٦٩ یەکەم ژمارەی دەرچوو.
٥٤ ـ بروانە: «لغة العرب» كانون الثاني ١٩١٣. ل ٣٠٤ ـ ٣٠٥ هەروەها «تاريخ العراق بين احتلالين. عباس العزاوی» المجلد السابع ل ١٠٢ ـ المجلد الثامن ل ١٧١.
٥٥ ـ بروانە: تاريخ العراق بين احتلالين. عباس العزاوي» المجلد السابع ل ١٠٩ ـ ١٣٦، ١٥٣ ـ ١٥٤، ٢٢٢ ـ ٢٢٣.
٥٦ ـ بروانە «التحفة النبهانية ـ الشيخ النبهاني» سەرچاوەی پێشوو ل ٦٣ ـ ٦٤ هەروەها «تاريخ العراق بين احتلالين. عباس العزاوی» المجلد السابع. ل ١٨٨ ـ ١٨٩، ٢٢٢ ـ ٢٢٣.
٥٧ ـ «لغة العرب» تموز ١٩١١ ل ٣٣ ـ ٣٤.
٥٧ ـ «لغة العرب» تموز ١٩١١ ل ٣٣ ـ ٣٤.
٥٨ ـ بروانە: «لغة العرب» كانون الثاني ١٩١٤ . ل ٣٩٠ ـ ٣٩١.
٥٩ ـ سێر ویلیام ویلکۆکس. ئاودێریی لە عیراقداو سەرمتایەك لە بارەی پاشەرۆژی عیراقەوە. بەرگی یەکەم. بەغدا ١٩٣٧. ل ١٢٦ ـ ١٣٤.
٦٠ ـ هەر ئەو سەرچاوە ل ١٤٠.
٦١ ـ هەر ئەو سەرچاوە ل ١٤١ ـ ١٤٢.
٦٢ ـ «لغة العرب» آذار ١٩١٢. ل ٣٥١ ـ ٣٥٢.
٦٣ ـ ل. ن. کاتلوف. سەرچاوەی پێشوو. ل ٥٥.
٦٤ ـ بروانە: الدكتور محمد سلمان حسن. سەرچاوەی پێشوو. ل ٥٣ ـ ٥٥.
٦٥ ـ لەلاپەرە ٣٠٣ ی سەرچاوەی پێشووەوە، وەرگیراوە.
٦٦ ـ بروانە: سعيد عبود السامرائي. سياسات التصنيع والتقدم الاقتصادي في العراق. النجف. ١٩٧٣ ل ٥١.
٦٧ ـ سێر ویلیام ویلکۆکس. سەرچاوەی پێشوو. ل ١٢٨، ١٣٤.
٦٨ ـ ل. ن. کاتلوف. سەرچاوەی پێشوو. ل ٥٦ هەروەها ا. د. نوفیجیف. باسێکی ئابوری تورکیا بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی. بە زمانی رووسی. مۆسکۆ ـ لنینگراد. ١٩٣٧ ل ١١٣.
٦٩ ـ بروانە: «لغة العرب» حزيران ١٩١٣ ل ٥٦٠ ـ ٥٦٦.
٧٠ ـ هەر ئەو سەرچاوەیە ل ٥٦٦.

٧١ ـ بڕوانە: سیر ویلیام ویلکۆکس. سەرچاوەی پێشوو. ل ١٢٦، ١٢٨، ١٣٤.
● ئەو پارەی کرێکار بە شێوەی ڕۆژانە، یاخود مانگانەوەری دەگری، پێی دەوترێ کرێی بە ناو «الاجر الاسمی». بەلام کرێی ڕاستەقینە ئەو کرێیە یە کە کرێکار تا چەند دەتوانێ پێویستییەکانی ژیانی خۆیو خاوخێزانی پێ دابین بکا. هاتنە خوارەوەی بەهای کرێی ڕاستەقینەو زیاد کـردنی کرێی بەناو ئەگەر نرخی پێویستیو کـەلو پەل لەگـەلدا نەچـەسپێ، لەبریتی ئـەوەی کرێکـاران بەرەو خۆشگوزەرانی بەرێ، بەرەو خراپییان دەبات ـ وەرگێڕ ـ
٧٢ ـ النصرة في اخبار البصرة. للقاضي احمد نور الانصاري. تحقيق الدکتۆر يوسف عز الدين بغـداد ١٩٧٦. ل ٤٢ ـ ٤٣. «ڕاپۆرتێکە ناوبراو سالی ١٢٧٧ ی کۆچی بۆ مونیب پـاشای والی بـەسرەی نووسیوە».
٧٣ ـ بڕوانە: «عبد الرزاق مطلك الفهد» سەرچاوەی پێشوو ل ٩٤.
٧٤ ـ سیر ویلیام ویلکۆکس، سەرچاوەی پێشوو. ل ٩٤.
٧٥ ـ سەرەك عەشرەتەکان گفتیان بە میری دەدا چەند کرێکاری پێویست بێ بۆی بهێنێو لە هـەمان کاتیشدا بەرپرسیاری هەموو کردارو هەلسو کەوتێکیان بن .
٧٦ ـ «لغة العرب» آذار ١٩١٣ ل ٤٢٠ ـ ٤٢١.
٧٧ ـ «لغة العرب» ايلول ١٩١٢. ل ١١٧ ـ ١١٨. کانون الثاني ١٩١٣. ل ٩١٩. آذار ١٩١٣ ل ٤٢٠ ـ ٤٢١.
٧٨ ـ «سیر ویلیام ویلکۆکس» سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٦.
٧٩ ـ سعيد عبود السامرائي. سياسات التصنيع والتقدم الاقتصادي في العراق. ل ٥٢.
٨٠ ـ بڕوانە: The Iraqi Directory. A General and commercial Direct ory of Iraq 1936, Baghdad 1936. P 555.
٨١ ـ بڕوانە: «لغة العرب» کانون الثاني ١٩١٣، ل ٣٠٤.
٨٢ ـ بڕوانە: عباس العزاوي. العراق بين احتلالين. المجلد الثامن. ل ٢٣٩.
٨٣ ـ لە بەشی سێیەمدا کە باسی پاسای کرێکارانە دەکەین، دێینەوە سەر ئەم مەسەلەیەو بە درێژیی لێی دەدوێین.

٨٤ ـ لە « ل.ن. کاتلۆف » ە وە، وەرگیراوە. بڕوانە ڕاپەڕینی ڕزگاریخوازانەی نیشتمانیی عیراق سالی ١٩٢٠. بە زمانی ڕووسی. ل٥٦
٨٥ ـ بڕوانە « عبد الرزاق مطلك الفهد » ل ٩٤. هەروەها « محد احمد محمود. احوال العشائر العراقية العربية وعلاقتها بالحکومة ١٨٧٢ ـ ١٩١٨. رسالة ماجستير. بغداد» ل. ٤٦. ٤٧.
٨٦ ـ بڕوانە « لغة العرب » تشرين الثاني ١٩١٢. ل٢١٦. هەروەها « لغة العرب » آيار ١٩١٣.
٨٧ ـ گۆڤاری « لغة العرب » ناوی ناهێنێ، ئەوەندە نەبێ دەلێ « . ئەمجارە سەرۆکەکەیان یەکێکە وەختی خۆی لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەرچووە » بڕوانە « لغة العرب » کانون الثاني ١٩١٤. ل ٣٩٢. وا باس دەکرێ کە « عەبدولرەزاق ئەلئەعزەمی » بەردەوام هەلوێستی ئیجابی بەرامبەر توێـژە کۆمەلایەتیی بە هەژارەکەی ناوچەکەی خۆی هەبووەو لە سالی ١٩٢٤ دا قوتابخانەیەکی ئێوارانی لە گەرەکی ئەعزەمییە بۆ قەلاچۆ کردنی نەخوێندەواری کردوەتەوە.
٨٨ ـ « لغة العرب » کانوون الثاني ١٩١٤. ل ٣٩١ ـ ٣٩٢.
٨٩ ـ زۆربەی کات، کرێکار خاو خێزانی لە لادێ بەجێ دەهێشت، چونکە نەیـدە توانی لە نـاو شاردا ژیانیان بۆ مسۆگەر بکا. ئەمە جگە لەوەی کە لادێ بۆ حالەتی بێکاریو نەخۆشیو پیربوون تاقە پەناگای بوو. لەبەر ئەوە بە هەموو توانایەوە پارێزگاری ئەو پەیوەندییەی دەکرد، بەتایبەتی کەدەیبینی ژیانی عەشایەری بە هەموو جوامێریو پیاوەتییەکییەوە، تاکەپشت و پەنای خۆی و خێزانەکەیەتی.

بەشی دووەم

شێوەی کارو کرێکارانی عێراق
لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهاندا

لە زووەوە ئینگلیزەکان بیریان لە میسۆپۆتامیا کردبووەوەو لایـان وابوو سنووری رۆژئاوای تاجو ختی دێرینەیانە. دوای ئەوەی ئـەم وولاتە لە رووی ئابوری‌یەوە بە پاشکۆی بەریتانیاوە بەستراو بەتەواوی جێ پێ ی خۆی تێدا قایم کردو بنکەیەکی ئەوتۆی تێدا دامەزراند، دەیتوانی پشتی پێ ببەستێ، دەلێین دوای ئەوەو لەگەڵ هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی یەکەمدا خۆیان بۆ ئەوە ئامادە کرد داگیری بکەن‌و بە رەسمیی ی بیلکێنن بە ئیمپراتۆریەتە فراوانـەکەیـانەوە. لەبەر ئەوە رۆژێك دوای هەڵگیرساندنی جەنگ لە نێوان دەوڵەتی عـوسمانـلی‌و هاوپەیمانەکاندا، ئینگلیز دەستی کرد بە جێ کردنی ئەو هێرشەی بۆ داگیرکردنی عیراق سازی دابوو.

جەنگی یەکەمی جیهانی لەچاو شەڕەکانی تری پێشووی نێوان دەوڵەتاندا جیاوازی‌یەکی تەواوی هەبوو. ئەم جەنگەیان لە هەمـوو کاتێـك زیاتـر پشتی بەخێرایی‌و تەکنیك دەبەست. هەندێ شتی نوێ ی هێنایە کایەوە پێشتر لە ئارادا نەبوون. دیارە عیراقیش نەیدەتوانی خۆی لەم پەرەسەنـدنەو ئـەنجامـەکانی بەدوور بگرێ؛ بەتایبەتی کە بووە یەکێك لە مەیدانە سەرەکی‌یەکانی جەنگ لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست دا.

چینـە ساواکـەی کرێکـارانی عیراق لە سـەرووی هەمـوو ئەو تـوێـژە کۆمەلایەتی‌یانەوە دادەنرێ کە لە چەندین رووەوە رووداوو کارەساتەکانی جەنگ کاری لە دروست بوون‌و پێکهاتنیان کرد بوو. ئینگلیزەکان دەیانویست بە زووترین کات وولات داگیر بکەن‌و بەتەواوی دەستی بەسەردا بگرن. عموسمانلی‌یەکان وئەڵمانەکانیش لەگەڵیاندا، گەرەکیان بوو بە هەر نرخێك بێ عیراقیان لە دەست دەرنەچێ، ئەمەیش نەك لەبەر ئەوەی شوێنێکی ستراتیژی هەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە جیهانی ئیسـلامییدا جێگـایەکی دیـارو کاریگـەری داگیر کـردبوو. هەردووولاو بە تایبەتی ئینگلیزەکان هەوڵیان دەدا، بە پەلە ئەو پرۆژانە جێ‌بەجێ بکەن کە بە هۆیانەوە مەبەستەکانیان دێتە دی. ئەڵمانەکان بایەخێکی زۆریان بە پرۆژەی رێگای ئـاسنی بەغـدا، داو دەستیان کـرد بە راکێشـانی ئەو هێڵە لە سامەڕاوەو بەرەو ژوور. ئەو بەشەیشی کە تەواو بوو بوو، چەند لە توانای دا بوو بەکاریان هێنا. تورکەکان بۆ ئەوەی تەنگو چەڵەمەی سووتەمەنی‌یان نەیەتە رێ چ بۆ کەشتی‌یەکانیان‌و چ بۆ شەمەندوفەری نێوان بەغداو سامەڕا، رادەی ئەو خەڵووزەی لە « کفری » دەردەهێنرا لە ساڵێکدا گەیاندیانە هەزار تەن. بۆ ئەم مەبەستە کانێکی ئێجگار قووڵیان هەڵکەند. هەروەها رێگایەکی تـازەیشیان لە

نێوان « کفری » و دیجله دا کردەوە. بە شێوازە باوەکەی ئەوسا بەرهەمی نەوتیان زیاد کرد. جا لەبەر ئەوەی ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر گشت دەرگاکانی کەنداوی عەرەب دا گرتبوو، ئەڵمانەکان نەیان دەتوانی لە لای سەرووەوە پەیوەندی بە تورکیاوە بکەن، ناچار بوون لە کاتی جەنگدا دامو دەزگایەکی پاڵاوتنی نەوت دابمەزرێنن.[1] ئینگلیزەکان لە هەمووشت زیاتر بایەخیان بە کردنەوەی رێگا دەدا، تاوەکو ماشێنو کەلو پەلی سوپاییان بە ئاسانیی بەرەو ژوور بڕوا، بە تایبەتی کە توانییان لە رۆژانی یەکەمی هێرشەکەیاندا، « فاو » داگیر بکەنو پاشان بچنە « بەسرە » وە. فراوان کردنی بەندەری « فاو » لە ڕیزی پێشەوەی ئەو پڕۆژانەدا بوو کە هێزی داگیرکەر دەستی پێ کرد. چونکە پێویستییەکی لە ڕادەبەدەریان پێی هەبوو، بۆ داگرتنو بەتاڵ کردنی ئەو کەشتییانەی چەكو جبەخانەو تفاقی جەنگیان بۆ سوپا دەهێنا. جا ئەم کارە سەرەڕای ئەوەی کە زۆر گران بوو لە ماوەیەکی کەمدا ئەنجام دراو بەندەری ناوبراو وای لێهات لە ماوەی دووساڵو نیو کەمتر دا. ووزەی گەیشتە هەشت ئەوەندەی جاران. ئەمە لە کاتێکدا کە تا ساڵی ١٩١٦ دامو دەزگای ئەو بەندەرە بە ٤٧ رۆژی تەواو ئنجا دەیتوانی باری ١١ پاپۆڕ دابگرێ. واتە تێکڕای ووزەی لە رۆژێکدا ١١٧ تەن بوو. کەچی لە ساڵی ١٩١٨ دا، ئەم ژمارەیە گەیشتە ٣٩ پاپۆڕو بە « ٥ » رۆژ بەتاڵ دەکران. واتە تێکڕای ووزەی لە رۆژێکدا بوو بە ٣٣٨ تەن.[2] بێ گومان ئەم کارەو دەست پیاهێنانی بەندەرەکە، پێویستیی بە ژمارەیەکی یەکجار زۆر کرێکار دەبوو؛ ئەمەیش ئینگلیزەکانی ناچار کرد بە تایبەتی لە « بوشەهر » ەوە بیانهێنن.[3]

پڕۆژەکانی ڕێگاری ئاسن بە فراوانترینو گرنگترینی ئەو پڕۆژانە دادەنرێ کە داگیرکەران لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا جێ بەجێیان کرد. لەگەڵ چوونە پێشەوەی سوپاکەیشیاندا دەستیان بە ڕاکێشانی ڕێگای ئاسن کردو تەنها لە ماوەی شەڕدا لە بەندەرەوە بەرەو ژوور ١٢٥ میلی لێ تەواو کرا.[4] ڕێگای دووەمیشیان کە هەر ئینگلیزەکان لە ماوەی جەنگدا تەواویان کرد، ڕێگای نێوان « حیللە » و « بەغدا » بوو کەدرێژاییەکەی ٦٥ میل دەبوو. ئەمە جگە لەوەی کە لقێکی رووەو « کفل » ڕاکێشا تاوەکو بەئاسانی دەغڵودان بگەیەنێتە سوپا داگیر کەرەکەی. پاش داگیر کردنی بەغداو لەتەك چوونە پێشەوەی سوپاکەیدا رووەو مووسڵ، دەست کرا بە دامەزراندنی دوو ڕێگای تازە یەکەمیان ساڵی ١٩١٧ گەیشتە « باقووبە » و ئنجا بەرەو ژوور بردیان تا لە ساڵی ١٩١٨ دا گەیاندیانە

جەبەل مەنسوور؛ پاشان لە نزیك سنووری ئێرانەوە گەیشتە « قۆرەتوو » و « خانەقین ». ڕێگای دووەمیشیان ئەوەی نێوان بەغداو سامەڕا بوو ولەو شوێنەوە دەستیان لێ هەڵگرتبوو کەوتنە ئیش‌کردن. ئینگلیزەکان ئەو ڕێگایەیان بەرەو « بێجی » بردو تەواویان کرد، تاوەکو بەزوویی یارمەتی سوپایی بگەیەنێتە ئەو ناوچەیە، بە تایبەتی چونکە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٧ دا بزووتنەوەی سوپایی لەو ناوچەیەدا دەستی پێ کرد.

لە هەمان کات دا داگیرکەران دەستیان کرد بە کردنەوەی ڕێگاو بان‌و هەڵکەندنی جۆگەو ڕوبار، تا بە ئاسانی ی ماشین‌و ئامرازە سوپایی‌یەکانیان بگوێزنەوەو بەهۆیانەوە تفاقی جەنگ‌و زەخیرەو کەل‌و پەل بگەیەننە سوپاکەیان. پاش داگیرکردنی بەغدایش چەند کارگەیەکی خشت دروست کردنیان بنیات نا بە نەوت ئیشیان دەکرد.[٥] جموجۆڵی ئینگلیزەکان لەمەیشی تێپەڕاندو خۆی گەیاندە بواری کشت‌و کاڵ، تاوەکو دەغڵ‌و دانی پێویست بۆ هێزە سوپایی‌یەکەی ناو عیراق دابین بکا. بە نموونە: لە ساڵانی شەڕدا دەستیان بە هەڵکەندنی نۆکەندی مەحموودی‌یە کردو ١٢٠٠ ـ ١٧٠٠ کرێکار ئیشی تێدا دەکردو لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ دا کرایەوە.[٦]

ئینگلیزەکان بۆ تەواو کردنی ئەم کاروبارانەیان پێویستیان بە ژمارەیەکی ئەوەندە زۆر کرێکار هەبوو، سەرچاوە مێژوویی‌یەکان هەریەکە بە جۆرێك باسی دەکەن.[٧] بە پێی ئەو زانیاری‌یانەی « أ. ت. ویلسن » ی لێپرسراوی سیاسی ناو سوپای بەرتیانیا لە خاکی عیراقدا، باسی دەکا سەرجەمی ئەو کرێکارانەی لە کاتی جەنگدا بۆ مەرامی جۆر بەجۆر خراونەتە سەرئیش نزیکەی ١٥٦ هەزار کەس بووەو بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کرابوون. ٨ هەزار بەندی هیندی‌و ١٥ تیپ کرێکاری هیندی کە هەر تیپەی بریتی بوو لە هەزار کرێکارو ١٢ تیپی تری هیندی کە لەو کۆڵکێشانەی بۆ بارکردن‌و بەتاڵ کردنی پاپۆڕو کەلەك‌و شەمەندوفەر پێکهاتبوون. نزیکەی ٤٠ تیپی ناوخۆییش « چەند کەرتێکی ئێرانی‌و کوردو عەرەب » ی تێدا بوو لەم لاو لەو لا ئیشیان دەکردو ژمارەیان خۆی لە ٥٠ هەزار کەس دەدا.[٨] بە تەنها ژمارەی ئەوانەی لە پرۆژەکانی ڕێگای ئاسن دا ئیشیان دەکرد ٢٤ هەزار کرێکار زیاتر بوون.[٩]

وا دیارە ئینگلیزەکان سەرەڕای ئەو هەموو کرێکارە زۆرەی لە بەردەستیان دا بوو، هێشتا بەدەست دەردی بێ کرێکاری‌یەوە دەیان ناڵاند، بۆیە هەوڵیان دا لە ناوچەکانی کەنداوی عەرەب « مەسقەت، بوشەهرو شوێنی ترەوە » کرێکار بهێنن.[١٠] تەنانەت حاڵ گەیشتە ئەوەی ماوەی هاوولاتیانیان نەدەدا بە ئارەزووی

خۆیان کرێکار بخەنە ئیشەوەو دەبوو بە پێ کۆبوونی تایبەتی کرێکار رابگرن. ئەوەتا لە ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٧ دا «س. ج. هوکر» ی حاکمی سوپایی بەغدا بەیاننامەیەکی دەرهەق بەو کوڵکێشانەی ئینگلیز زۆر پێویستی پێیان بوو، بڵاو کردەوە تێیدا دەڵێ:

«بەم بەیاننامەیە هەموو ئەو ئەو بازرگان و خانچی یانە ئاگادار دەکەین کە کوڵکێشیان لەلا ئیش دەکا؛ لەمەو دواو بۆ کاروباری گواستنەوە لەناو غـدادا، ژمارەیەکی دیاری کراو کوڵکێش رادەگیرێ. بازرگانەکان بەهۆی ئەم دایەرەیەوە نەبێ، بۆیان نی یە ئیش بەکەس بکەن و نابێ هیچ کوڵکێشێکیش هەڵپەی ئەوە بکا راستەوخۆ بچێتە لای بازرگانەکان بۆ ئیش کردن..»[11]

کاتێکیش مەغزاو مەبەستی ئەم دابەش کردنە بە چاکی ی تێ دەگەین کە ئەو راستی یەمان بۆ دەردەکەوێ ژمارەیەکی ئێجگار زۆر کـوڵکێش لە ساڵانی جەنگدا لە بەغدا ئیشیان دەکرد. ئەوەتا لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨ دا سەرجەمی هـەموویـان گەیشتـووەتە ٦٨٢٨ کـەس.[12] جا داگیـرکەران بـۆ ئەوەی ئـەو ناتەواوی یە پڕ بکەنەوە، ژن و منداڵیان لەو کاروبارانەدا دەخستە ئیشـەوە کە دەیانزانی سوودیان لێ وەردەگیرێ. لە پرۆژەیەك لە پرۆژەکـانی بەغـدادا کە ژمارەی کرێکارەکانی ٢٩٠٠ کەس بوو، ١١٠٠ کەسیان ئـافرەت بـوون، واتە نیسبەتیان ٤٠٪ی گشت کرێکارانی پرۆژەکەی دەگرتەوە.[13]

بێ گومان بەڕێوەبردنی ئەم هەموو خەڵکە جۆراو جۆرو جیـاوازە لە بارو دۆخی ناخۆشی جەنگدا، هەروا شتێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەتی ئینگلیزەکانیش دەیانویست سوودی تەواو لە وزەو توانایان وەربگرن. لێرەدا نیشان دانی چەند نموونەیەکی ئەو واقیعە تاڵەی کرێکاران لە ساڵانی جەنگدا دیویانەو تێیدا ژیاون بەسەو بگرە زۆریشە بۆ ئەوەی نارەواترین شێوەی کۆیلەیەتیمان بێنێتەوە یاد.

بەر لە هەموو شتێك ئینگلیزەکان بەسەرپەرشتی ی ژەنەراڵێکی سەر بە سـەرۆکایـەتی ئەرکـان، دایەرەیـەکی تایبـەتی یان دامـەزراند. ئـەرکی ئەم دایەرەیش هەر ئەوە نەبوو چی کرێکاریان پێویستە مسۆگەری بکاو لە گشت بارو زرووفێکدا زامنی هێشتنەوەیان بێ، بەڵکـو ماوەیـەیشی نەدەدا دامو دەزگـاو دایەرەکانی تری میری بۆ پەیدا کردنی کرێکاران لەناو خۆیاندا بەربەرەکانەی یەکتری بکەن، چونکە هەموو چەشنە بەربەرەکانەیەك کاری دەکردەسەر بازاڕو رۆژانەی کرێکاران.

ئەوەیشی کە زیاتر دەرفەتی چەوساندنەوەی بۆ ئینگلیزەکان دەرەخساندو لەسایەیدا کرێکاری عیراقی و بیانی دادەدۆشی ی ئەوە بوو، سەرەك عەشرەتی

گەورەو بچووك و خەڵكی تریش دەبوونە قونتەراتچی و لەناوەوەو دەرەوە چەندیان پێویست بوایە کرێکاریان بـۆ کۆ دەکـردنەوە. ئینگلیـزەکانیش لە پـاداشی ئەم هەڵوێستەیاندا ئیمتیازی ئەوتۆیان پێ دەبەخشین، تاوەکو بەردەوام بن لەسەر کۆکردنەوەی کرێکاران و چەوساندنەوەیان.(١٤) جگە لەوەیش لە کاتی پێویستدا، بێ سڵەمینەوە هێزیان بەکار دەهێنا، وەك لە ناوچەی « فاو » رووی دا.(١٥) ئەوەتا کەسێکی وەك « مس بێل » کە ئاگای لە وردو درشتی کاروباری عیراق بووە، دان بەوەدا دەنێ کە هێزە داگیرکەرەکان « تا رادەیەکی باش هێزیان بەکار هێناوە » بۆ ئەوەی چەند تیپێك کرێکار کۆ بکەنەوە.(١٦)

ئنجا بۆ ئەوەی ئەو کرێکارانە بە باشترین شێوە بچەوسێنرێنەوە ئەوانەی سەرپەرشتی‌ی ئەم دایەرەیەیان دەکرد، کەوتنە دابەش کردنیان بەسەر چەند تیپێکی جیا جیاداو هەر تیپەی بریتی بوو لە هەزار کرێکار. هەر تیپەیش دابەش دەکرا بەسەر چەند بلۆکێك « کۆمەڵێك » و هەر یەکەیان بریتی بـوون لە ١٠٠ کرێکارو تاکە کەسێك سەرپەشتی دەکردن پێی دەترا « ئودوباشی ». ئـەمیش چوار کەس یارمەتی‌یان دەداو هەریەکەیان بەرپرسیار بوو لە ٢٥ کەس. ئەمانە لەبەر ئەوەی ئیمتیازو دەستکەوتی تایبەتی‌یان دابوونێ، بۆ چەوساندنەوەی هاو خوێنی خۆیان لەئینگلیز ئینگلیزتر بوون.(١٧)

دەبوو هەموو کرێکارێك لەگەڵ دامەزراندنی‌دا، ئیستیمارەی تایبەتی پڕ بکاتەوو تێیدا ئەو زانیاری‌یانەی پەیوەندی‌یان بە ناونیشان و شوێنی ئیش کردنی پێشوویانەوە هەبوو بنووسیایەو چەند زمانیشی بزانیایە تێیدا تۆمـاری دەکرد. قەواڵەیەکی بە ئینگلیزی‌و عـەرەبی‌ی نووسـراوی مۆر دەکـردو بەپێی ئـەو قـەواڵەیە دەبـوو گشت ئەو مـەرجانـەی بۆی دانـراون‌و زیاتـر پێی دەبووە داردەستی چەوسێنەران، جێ بەجێ‌یان بکا. ئەمەی خوارەوەیش ئەومەرجانەن کە لەناوەرۆکی قەواڵەکەدا نووسرابوون:

«... یەکەم: دانی پێدا دەنێم کە کرێ گرتەم و(١٨) مل کەچی یاسای سوپاییم و لەبـەردەست قومـاندانی ئـەو سوپـایەدام کـە تیایـدا دادەمەزرێم. لە رۆژی دامەزراندیشمەوە ئەو قوماندانە لێپـرسراومـەو لەرووی پەروەردەو شتی لەو بابەتەوە سەرورەری منە.(١٩)

دووەم: پەیمان دەدەم، بۆ هەر شوێنێك کەبەرەسمی‌ی فەرمانم پێ بدرێ بچم، دووبارە پەیمانیش دەدەم لە ئەمرۆوەو بۆ ماوەی شەش مانگ خزمەت بکەم. گەر ویستیشم دوای ئەو ماوەیە دەستبەرداری ئەم ئیشە ببم، دەبێ مانگێك پێشتر ئاگاداری ئەو ئەفسەرە بکەم کەلە بەر دەستی‌دام.

سێیەم: پێی لێ دەنێم کە هەر کاتێك بەد ڕەوشتی‌یەك لێی ڕوودام یان تووشی نەخۆشی بووم، خاوەن کار بۆی هەیە لە ئیش دەرم بکا..»[٢٠]

ئینگلیزەکان تەنها بەمەیشەوە ڕانەوەستان، بەڵکو چەند ڕێگای لەوەیش ناڕەواتریان گرت، تاوەکو کرێکاران نەپەرژێنە سەر ئەوەی ریزەکانیان یەك بخەن. بە سەرێکی تریش بەربەرەکانەیان لە نێوانیاندا دروست دەکرد، تا لە ڕقی یەکتر چی وزەو توانایان هەیە بیخەنە کار و ئیش ڕاپەڕێنن. بۆ ئەم مەبەستە بە چوار چەشن کرێکارانیان دابەش کرد و هەر جۆرەیان ڕۆژانەیەکی دیاری کراوی هەبوو. کرێکاریش دەیتوانی بە پێی دەست ڕەنگینی‌ی خۆی ئیشەکەی بگۆڕێ. هەر بە نیازی تێك دانی ریزەکانیان، ڕۆژانەی کرێکارێکی کورد ٧ ئانە[٢١] لە ڕۆژانەی برا عەرەبەکەی زیاتر بوو.[٢٢] لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو، دامو دەزگای ئینگلیزی داگیرکەر سیستەمی یونیفۆرمی بەسەر نەتەوەو تایەفە جیاجیاکاندا سەپاند، بە مەرجێك کرێکار لە کیسەی خۆی جلو بەرگو ئەو نیشانانەی بۆی دانراوە بکرێ. بە نموونە: دەبوو کرێکاری سوننەی عەرەب جامەدانەی سوورو عەگاڵی ڕەش لەسەر بنێ. کرێکاری شیعەیش جامەدانەی شین‌و عەگالی سپی ببەستن.[٢٣]

داگیرکەران لە ساڵانی جەنگ دا گەلێك ڕێ‌و شوێنیان بۆ ڕێکخستنی کارو ڕۆژانەو جۆری ئیش‌و سەعاتی ئیش‌کردن‌و چۆنیەتی گواستنەوەی کرێکار لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌تر، دانا. سەرپاکی ئەو هەنگاوانەیش بۆ ئەوە بوون، باشترین ڕێگا بۆ چەوساندنەوەی کرێکار بدۆزنەوەو ماوەیان نەدەن لە ئیش هەڵبێن، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی بەربەرەکانێ نەکەوێتە نێوان دەسەڵاتی سوپایی‌و مەدەنی‌یەوە.[٢٤]

ئەگەرچی گەلێك تەعلیمات دەربارەی ڕۆژانەی کرێکاران دەردە چوون، بەلام بە پێی شوێن‌و کات‌و جۆری ئیش دەگۆڕدران‌و لەتیرەیەکەوە بۆ تیرەیەکی‌تر جیاوازی‌یان هەبوو. لەبەر ڕۆشنایی باشترین ئەو تەعلیماتانەی لەبەردەست‌دان « هەڵبژاردە » ی کرێکاران دەکران بە چوار بەش، یاخود چوار پلەوە. کرێکاری جۆری یەکەم مانگانەکەی ١٤٠ ڕوپیە و جۆری دووەم ١٠٠ ڕوپیەو سێیەم ٦٠ ڕوپیەو چوارەم ٤٠ ڕوپیە بوو. بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوەیش دابەش دەکران. دەبوو جۆری یەکەم زمانی ئینگلیزی‌و تورکی‌و عەرەبی‌ی بەنووسین‌و خوێندنەوە بزانێ و توانای وەرگێڕانیشی هەبێ. جۆری دووەمیش دەبوو عەرەبی‌ی‌و ئینگلیزی بەنووسین‌و خوێندنەوە بزانێ‌و توانای وەرگێڕانیشی هەبێ. کرێکاری جۆری سێیەم دەبوو بە نووسین‌و خوێندنەوە

عەرەبی ی بزانێ و ئەوەندەیش کە پێویستـە زمانی ئینگلیـزی یان « ئـەوردو » بزانێ.[٢٥] ئاشکرایە ئەم مەرجانە ئەوەیان دەگەیاند کە لەسایەی ئـەم دابەش کردنە سەیرو عەنتیکەیەدا باشترین ودەست رەنگینترین کرێکاری عیراقی، بە زەحمەت جۆری چوارەمی پێ ڕەوا دەبینرا.

ئەمەی خـوارەوەیش لیستەیـەکە تێیـدا ڕۆژانەی کـرێکاری شـارەزاو پیشەوەران دەردەخا.

مندالان	ڕۆژی یەك روپیە
پاککەرەوە	ڕۆژی یەك روپیە
گەسك لێدەر	ڕۆژی یەك روپیە یاخود مانگی ٣٠ روپیە
کرێکاری باخچە « باخەوان »	ڕۆژی یەك روپیە یاخود مانگی ٣٠ روپیە
خشت بڕ	ڕۆژی دوو روپیە.
قازانگەر	ڕۆژی سێ روپیە
ئاسنگەر	ڕۆژی سێ روپیە
کرێکاری مافوور دروستکردن	ڕۆژی دوو روپیە
کرێکاری بەلەم و عارەبانە دروستکردن	ڕوی دوو روپیە و ٨ ئانە.
جوڵا	ڕۆژی سێ روپیە و ٨ ئانە
مسگەر	ڕۆژی سێ روپیە
شۆفێری کەشتی و کرێن	ڕۆژی سێ روپیە
شۆفێری ئۆتۆمۆبیل	ڕۆژی دوو روپیە و ٨ ئانە
کارەباچی	ڕۆژی چوار روپیە
وایەرمان	ڕۆژی سێ روپیە
فیتەری ماشین	ڕۆژی سێ روپیە
فیتەری ئۆتۆمۆبیل	ڕۆژی سێ روپیە و ٨ ئانە
شووشەچی	ڕۆژی یەك ڕۆپیە و ٨ ئانە
بۆیاخچی	ڕۆژی یەك روپیە و ٨ ئانە[٢٦]

وا پێ دەچێ ئەو ڕۆژانەیەی لەم لیستەیەدا ناو نووس کراوە، خاوەن پیشە نەبوو بێ، کرێکاری عیراقی ی نەگرتۆتەوە. تەنـانەت کـە نووسـراوە مندالان، مەبەستیان مندالی هیندۆسەکانە. چونکە دیاری کردنی ڕۆژانەی کرێکاری کوردو

عەرەب بەناو، لەو تەعلیماتانەدا بوو کە لە رۆژی ١٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٧ دا دەرچوو بوون، ئەویش بۆ کرێکاری عـەرەب ١٤ ئانـە بوو. واتـە لە رۆژانەی مندالێکی هیندیش کەمتر. کرێکاری کوردیش رۆژانەکەی روپیەیەك و دوو ئانە بوو.[٢٧] ئەمە جگە لەوەی کە رۆژانەی خاوەن پیشەکانی بەغدا لە کاتی جەنگدا لەوەیش کەمتر بووە، کە لە لیستەکەی سەرەوەدا دیاری کـراوە، وەك بەڵگەنامە رەسمی یەکانی ئەو سەردەمە باسیان دەکا.[٢٨]

هەرچۆنێك بێ، ئەم رۆژانانە سەرەرای کەمی یان هێشتا پڕ بە پڕی خۆی واقیع یان نیشان نەداوە، چونکە بەشێکی ئەو رۆژانەیە دەچووە گیرفانی سەرەك عەشیرەت و ئەوانەی خۆیان بە خاوەنی کرێکاران دەزانی. ئەمەیش هەر بەتەنها بۆ کرێکاری عیراقی نەبوو. بە نموونە: کرێکارێکی ئێرانی کە رۆژانەکـەی یەك روپیە بوو ٢٠٪ ی لێ دادەشکا.[٢٩] گرنگ ئەوەیە ئاگاداری ئەوە بین کە لە ساڵانی جەنگدا رۆژانەی کرێکار هەر ئەو رۆژانەیە یاخود نزیکی ئەو رۆژانەیە بوو کە پێش جەنگ وەری دەگرت. ئەمە لە کاتێکدا نرخی کەل و پەلی پێویست لە ساڵانی شەردا سێ ئەوەندەو زیاتریش بەرز بووەوە[٣٠] ئەمەیش ئەوەی دەگـەیانـد کە رۆژانەیش بە کردەوە سێ ئەوەندە هاتبووە خوارەوە.

سوخرەیش لە عیراقدا وەك خۆی مایەوە، بە تایبەتی لەو مەیدانەدا کە قۆنتەراتچی یەکانی ناوخۆ ئیشیان دەگرتـە ئەستـۆو بەپـارچە جێ بـە جێ یان دەکرد. بە زۆریی، بەندو یەخسیر بەبێ رۆژانە یاخود بـە کرێ یـەکی رەمزیی ئیشیان پێ دەکرا. شایانی باسە ژمارەی ئەمانە تا بڵێی زۆر بـوو. هەبـوو لە هیندستانەوە بە تایبەتی بۆ ئیش پێ کردن هێنرا بوو. باشترین بەڵگەیش ئەوەیە کە لە ساڵی ١٩١٨ داژمارەی بەندەکان گەیشتە ١٢ هەزار کەس و بـەشێوەی کرێکار لە جێگای جیا جیادا ئیشیان پێ دەکردن.[٣١]

ئینگلیزەکانیش چی رێگا هەیـە گرتیـانە بـەرو پاڵیـان پێوە دەنـان هیچ کەمتەرخەمی یەك لە ئیشدا نەکەن و لەوە دەچێ لەم مەیدانەدا بە ئامانجی خۆیان گەیشتبن. ئەوەتا راپۆرتێکی رەسمی ی دانی پیا دەنێ کە « کاری ١٢٠٠ کەس لەوانە، هاوتای کاری ١٥٠٠ ـ ١٨٠٠ کرێکاری ترە ».[٣٢]

باروزرووفی ئیش کردن لە ساڵانی جەنگدا تا بڵێی سەخت و نالەبار بووە. دەبوو کرێکاران چەندین سەعات کە لەتـوانای ئـادەمیزاد بـەدەرە، بەرگـەی سەرمای زستانی بیابان و هەتاوی سووتێنەری هاوین بگـرن. جا هـەرچەنـدە دەستوور وابوو رۆژی ٩ سەعات ئیش بکەن،[٣٣] بەلام کەم رێ دەکەوت کەسێك بووبێ بە بە پێی دەستوورو سەعاتی ئیش کردن هەڵس و کـەوتی کردبێ، بـە

تایبەتی قۆنتەراتچی‌یەکان. ئەمە جگە لەوەی کە ئیشی ئەو کریکارانە ئاسان نەبوون‌و زۆربەیان ئیشی زۆر سەختیان پیّ دەکرا، وەك قوولکردنی بەندەرو راکیّشانی ریّگاری ئاسن‌و بەتاڵ کردنی کەشتی‌و وگواستنەوەی کەل‌و پەل. زۆر جاریش کریکاران بە نانە سکی‌ی ئیشیان پیّ دەکراو[٣٤] بەقسەی سەرچاوە ئینگلیزی‌یەکان خۆیان[٣٥] ئەو خواردنەی دەیان درایە بە تەنها بەشی نیوە رۆژەیەکی کریکارەکەی نەدەکرد، کەچی سەرەرای ئەمەیش سەرەك عەشرەت‌و بازرگانەکانی ناوخۆ کە بوو بوونە قۆنتەراتچی‌و بە هۆی ئەوانەوە خواردنەکەیان بەسەردا دابەش دەکرا، بەشیکی زۆریان تالان دەکرد.

هیچ گومان لەوەدا نی‌یە کە لە باروزرووفیکی وا سەخت‌و دژواردا و لەئەنجامی بەتەنگەوە نەهاتنی تەندروستی‌و پاریزگاری نەکردنی کریکاراندا، ژمارەیەکی زۆریان دەبوونە قوچی قوربانی‌ی. گەر بی‌و بەوردیی چاویك بە ژمارەی کریکارە بەندەکاندا بگیّرین کە ناویان لە راپۆرتەکانی بەریتانیادا نووسراوە، بۆمان دەردەکەویّ چەندیان لیّ‌مردووە. لە کەرتیکدا کە ژمارەیان ٢١٥ر١ کەس بووە، لە ماوەی ٢٥ مانگدا ٩٠ کەسیان لیّ زایە بووە. واتە تیکرای ژمارەی مردوو گەیشتە ٥ر٧٪.[٣٦] ئەوانەیشی کە کەفتەکار بوون ژمارەیان زۆر لەمردووەکان زیاترە. لە کە رتیکدا کە بریتی بوو لە ٠٨٠ر١ کریکار لە ماوەی ٣٤ مانگدا ٣٨٤ کەسیان بەرکەوتن، واتە نیسبەتی بەرکەوتووان ٣٥٪ ی پیك دەهینا.[٣٧]

نە لە سالانی جەنگ نە لەپیش جەنگیشدا، دانیشتووانی عیراق هیچ جۆرە یاسایەکی کریکارانەیان بە خۆیانەوە نەدیبوو. زامن کردنی ژیانی کریکارانیش تەنها ئینگلیزو ئەورووپایی‌یەکانی دەگرتەوە. لە ناو قەوالەی کاریشدا کە پیشتر باسمان کرد، برگەیەکی ئاشکرای تیدایەو بە پیّی ئەو برگەیە هەر کاتیك دووچاری نەخۆشی بوو و نەیتوانی لەسەر ئیش بەردەوام بیّ، دەردەکریّ.[٣٨]

رەنگە دەستکەوتی بەشیکی زۆر کەمی کریکاران لە سالانی جەنگدا هەر ئەوە بوو بیّ کە لە کاتی کارکردن‌و تیکەل بوونیاندا، سوودیان لە شارەزایی کریکارە تەکنیکی‌یەکانی ئینگلیز وەرگرتووە. چونکە داگیرکەران لەتەك خۆیاندا ژمارەیەکی زۆر ئەندازیارو کریکاری شارەزایان هینایە وولاتەوە، بۆ راپەراندنی کاروبارەکانیان. لەبەر ئەوە کارگەو وەرکشۆپی تایبەتی‌یان بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبیل‌و پاپۆرو چەك‌و تفاقی جەنگ دامەزراند.

هەرچەندە لەسایەی باروزرووفی داگیرکردنی سوپایی‌یاسای جەنگدا مەودای بزووتنەوەی کریکاران هاتبووەوە یەك، بەلام بارودۆخی قورس‌و گرانی

کرێکاران پاڵی پێوه نان به شێوەی جۆر بەجۆر نارەزایی خۆیـان دەرببڕن، بـا نارەزایی یەکی یشیان به شێوەیەکی سادەو ساکار بوو بێ. وەك لەبەڵگەنامەکانی ئەو کاتەدا دەردەکەوێ ساڵی ۱۹۱۹ له بەندەر بزووتنەوەیەکی دژ بـه ئینگلیز بەرپاکرا وکاربەدەستانی « بەسره » کەوتنه خۆو چەند هەنگاوێکیان « لەدژی ئەو کەشتیوانانه نا، که شەریان به کەشتی یەکانی سەر به ئینگلیز فرۆشتبوو ».[39] له دوا دوای کانوونی یەکەمی ساڵی ۱۹۱۷ دا، له ناوچەی « عەمماره » ٤٦٣ کرێکار ئیشیان بەجێ هێشت؛ ئەنجام داگیرکەران گولله بارانیان کردن‌و ژمارەیەکیان بریندار کراو ۳۹ کەسیشیان لێ گیراو لەبەندیخانەکەی شار توندکران.. بەقسەی بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، زۆر دەرەبەگی ناوچەکه هاوکاری‌یان لەتەك ئینگلیزدا کرد، بۆ ئەوەی به زۆرەمـلێ چ ئەوان‌و چ کـرێکاری‌تـر بخەنـەوه سەر ئیش‌و ئەوانەیشی هەڵاتوون بیانگێڕنـەوه.[40] سەرەرای ئـەو هەمـوو زەبرو زەنگـەی داگیرکەران دەیان نواند، زۆری نەبرد هەر لەو ناوچەیـەداو له ۷ی کانـوونی دووەمی ساڵی ۱۹۱۸ دا پتر له ٤٠ کرێکار دەستیان له ئیش هەڵگرت‌و ئەنجام ۲۷ کەسیان لێ گیراو له بارو زرووفێکی زۆر سەخت دا به زۆر خشتیان پێ دەبڕین وتا یەکێکیان لێ مرد.[41] له کارگەی « سۆدا » دروستکرن دا له بەغدا، ۲۵ کرێکاری « جوو » بەرهەڵستی ئەوەیان دەکرد رۆژانی شەممه ئیشیان پێ بکرێ. ئەمەیش بووه هۆی ئەوەی کۆمەڵێك گیروگرفت بێنێته رێگای ئـەوانەی سـەرپەرشتی‌ی کارگەکەیان دەکردو ناچار بوون داوا له لێپرسراوان بکەن به زۆر بیانخەنـەوه سەرئیش یان کاروباری کارگه لەسەر شێوازێکی نوێ رێك بخرێتەوه.[42] کرێکاره بەندەکانیش هەر ئەوەندەی هەلێکیان بۆ هەڵکـەوتایـه هەڵدەهـاتن.[43] خاوەن زەوی وسەرەك عەشرەتەکانیش بەردەوام بوون لەسەر ئـەوەی داگیرکـەران چەندیان بوێ، کرێکار بۆ داموو دەزگاکانیان کۆ بکەنەوه.[44]

ئەم رووداوانەو هی تـریش، پاڵیـان به داگیـرکەرانـەوه نا، بـەتونـدی بەرهەڵستی‌یان بکەن‌و ماوه نەدەن پەره بستێن. بۆیه بێ سڵه مینەوه، قامچی‌یان بەکار دەهێناو جەستەی سەرپێچی کەرانیان بەدرێژایی چەند سەعاتێك له ناو چاڵدا دەناشت‌و به کۆمەڵ خەڵکیان له ناو زیندان‌دا توند دەکرد و ئیهانه دەکران‌و ئیشی گرانیان به سەردا دەسەپاندن، حاڵ گەیشته ئەوەی حساب بۆ لێپرسراوان نەکرێ.. ئەمانیش فەرمانیان دەرکرد، لاقی ئەو کرێکارانه بەر گولله بدەن، که گومانی هەڵهاتنیان لێ دەکەن‌و نیازیان وایـه لەو دۆزەخه رزگـاریان بێ.[45] له

لایەکی تریشەوە داگیرکەران ناچار بوون هێزێکی گەورەی سوپایی بخەنە کار، تاوەکو بتوانن بەردەوام ئیش لەسەر ڕێگای ئاسنی نێوان بەغدا و بەسرە بکەن. ئا بەم جۆرە کرێکارانی عیراق و ئەوانەیشی کە عیراقی ی نەبوون، بەدرێژایی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی ژیانیان بەسەر دەبرد. بەلام سەرەڕای ئەمانەیش چینی کرێکارانی تازە پێگەیشتووی عیراق، لەو ماوە مێژوویی یە گران و سەختەدا توانی تا ڕادەیەك لە ڕووی چەندیەتی و چۆنیەتی یەوە پەرە بستێنێ. لەمەیش گرنگتر ئەوە بوو کرێکاری عیراق بۆ یەکەمین جار بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ و لەنزیکەوە داگیرکەرانی ناسی و حەقیقەتیان تێ گەیشت. سەرپاکی ئەمانەیش لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی یەوە لە هەڵوێستو هەڵس و کەوتیدا بەرامبەر بە دەسەڵاتی بەریتانیا، ڕەنگیان دایەوە.

سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن، بڕوانە: «ن. ك. كلرسون. ڕۆژهەڵاتی عەرەب. عیراق. بەزمانی ڕووسی. مۆسکۆ ١٩٢٨ ل ٢٠٢. هەروەها «عبد الرزاق الحسني. العراق قديماً وحديثاً. الطبعة الثانية. صيدا. ١٩٥٨» ل ١٦١.

A. T. Wilson, Mesopotamia, 1917 — 1920 A. clash of Loyalties, London, 1930. P. 48.

٢ ـ بڕوانە: K. M. Langley, op. Cit,. P. 106.

٣ ـ المركز الوطني للوثائق. File No 164/33 Labour 1918.

٤ ـ ئەو زانیاری یانەی لە بارەی ڕێگای ئاسنەوە لە سەردەمی جەنگی یەکەمدا نووسراون لە ڕاپۆرتێکی ژەنەراڵ. ف. هامند و ڕاپۆرتێکی دیکە وەرگیراوە کە حکوومەتی عیراق ئامادەی کردووە. «بڕوانە: الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة ص ١٠. موضوع الملفة / السكك الحديدية ـ ١٩٢٦. الوحدة الوثائقية: البلاط الملكي. رقم الملفة ص ١٠. موضوع الملفة: السكك ١٩٢٩ ـ ١٩٣٢.»

٥ ـ K. M. Langley, op. cit., P. 40.

٦ ـ «المركز الوطني للوثائق. File No. 164 / 15 Labour for Mahmudhya canal 1918.

٧ ـ «مس بیل ژمارەی ئەو کرێکارانەی لە عیراق کۆیان دەکردنەوە بە ٦٠ هەزار کەس دەخەملێنێ. بڕوانە: «العراق في رسائل مس بيل، ترجمة: جعفر الخياط. تقديم وتعليق عبد الحميد العلوجي. بغداد ١٩٧٧» ل ١٧٧.

٨ ـ A. T. Wilson, Mesopotamia 1917 — 1920 — PP. 46 — 47.

٩ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/١٠ موضوع الملفة: السكك ١٩٢٩ ـ ١٩٣٢. تقرير اللجنة المالية عن السكك الحديدية في العراق.

١٠ ـ المركز الوطني للوثائق. File No 164/102 — 1916 — 1917. Fileno. 164/33. Labour, 1918.

١١ ـ المركز الوطني للوثائق. File No 164/2 — 1. Labour Baghdad. 1917 — 1918. P.67.

١٢ ـ المركز الوطني للوثائق. File No 164/14. Laboureres of Baghdad 1918.

١٣ ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

١٤ ـ بڕوانە: المركز الوطني للوثائق: File No. 164/118. Labour Contractor, 1917 File No. 164/21. Labour Baghdad, 1917 — 1918.

١٥ ـ H. Young. The Independent Arab. London, 1933. P. 52.

١٦ ـ « العراق في رسائل مس بيل » ل ١٧٦.

١٧ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن، بڕوانە: File No. 164/2 — 1. Laboureres of Baghdad 1918

١٨ ـ دەقلودەقی تێکستەکە چۆنە، بەو جۆرە دەینووسینەوە.

١٩ ـ مەبەست لە ڕەوشت باشی « حسن السلوك » ە.

٢٠ ـ المركز الوطني للوثائق. File No. 80/19. Establishment. General, 1917.

٢١ ـ ئەوەی باو بوو ڕۆژی ڕوپیەیەك و دوو ئانـە بەکـرێکاری کـورد دەدرا واتە ٨٣ فلس، کـەچی کرێکارێکی عەرەب ڕۆژانەکەی ١٤ ئانە واتە ٥٦ فلس بوو.

٢٢ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن بڕوانە: « د. کەمال مەزهەر ئەحمەد. چەند لاپـەڕەیەك لە مێـژووی چینی کرێکاری کورد. گۆڤاری ـ ڕۆشبیری نوێ. ژمارە ـ ٧٢ ـ شوباتی ١٩٧٩ ل ٨ ـ ١٤. هەروەها File No, 80/19. Establishment General 1917 PP. 79, 88. 104 — 105.

٢٣ ـ المركز الوطني للوثائق: File No. 164/2 — 1. Labour Baghdad 1917 — 1918 PP. 108 — 112.

٢٤ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن بڕوانە: « المركز الوطني للوثائق ـ File No. 80/19. Establish ment General. 1917. File No. 164/2 — 1. Labour Baghdad 1917 — 1918. PP. 79, 88. 162 — 163.

٢٥ ـ المركز الوطني للوثائق: File No. 80/19 Establishment General 1917.

٢٦ ـ المركز الوطني للوثائق: File No. 164/2 — 1. Labour Baghdad 1917 — 1918 P. 88 File No. 80/19, Establishment General 1917.

٢٧ ـ بڕوانە « المركز للوثائق » File No. 194/2 — 1 Labour Baghdad 1917. 1918, P. 88.

٢٨ ـ بە نموونە بڕوانە: هەمان فایلی پێشوو ل « ٩ ».

٢٩ ـ المركز الوطني للوثائق: File No. 164/5, labour from Dizful 1917 — 1918.

٣٠ ـ بەنموونە: نرخی نان سێ ئەوەندەی جاران و بگرە زیاتریش بەرزبووەوە هەروەها زۆر کەل و پەلی پێویستیش لە بازاڕدا نەمان و ئەنجام هەزاران هاوڵاتی لە برسا ندا مردن.

٣١ ـ بڕوانە: (A summary of the history, With suggestions, and recommendations of the seven Jail Labour and Porter Corps, employed in Mesopotamia from october 1916 to July 1919) Baghdad. 1920. P.8.

٣٢ ـ Ibid. P. 3.
٣٣ ـ بروانه: المركز الوطني للوثائق .File No. 80/19, Establishment General 1917
٣٤ ـ دەربارەی چەندیەتی ئەو خواردنەی بە کرێکاران دەدرا، بروانە « المركز الوطني للوثائق » File No.
164/2.1 — labour Baghdad 1917 — 1918.
٣٥ ـ بروانە: H. Young. op. cit., PP. 51 — 52.
٣٦ ـ (A. Summary of the history, With suggestions, and reco mmend ations of the seven Jail. Labour and porter Corps,
employed in Mesopptamia from october 1916 to July 1919. p. 15.
٣٧ ـ Ibid
٣٨ ـ بروانە: برگەی سێیەمی ئەو قەوالەیەی پێشتر دەست نیشانمان کرد.
٣٩ ـ بروانە: المركز الوطني للوثائق: File No. 144/522 1916.
٤٠ ـ المركز الوطني للوثائق: File No. 164/5, Labour from Dizful 1917 — 1918.
٤١ ـ هەر ئەو فایلەی پێشوو.
٤٢ ـ المركز الوطني للوثائق: File No. 164/14. Laboureres of Baghdad 1918.
٤٣ ـ (A. summary of the history, With suggestions, and recommen dations of the Seven Jail Labour and Porter corps,
employed in Mesopotamia from october 1916 to July 1919) P. 16.
٤٤ ـ المركز الوطني للوثائق: File No. 164/62. 1918.
٤٥ ـ المركز الوطني للوثائق: File No. 164/5. Labour from Dizful 1917 — 1918.

بەشی سێیەم

گیروگرفتی کارو کرێکارانی عێراق

لە ساڵانی داگیرکردن و ئینتداب دا

١٩١٨ - ١٩٣٢

قۆناغی دووەمی مێژووی پێکهاتنی چینی کـرێکارانی عیـراق وقۆنـاغی یەکەمی بزووتنەوەکەی، لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی‌یەوە دەست پێ دەکاو لە چوارچێوە مێژوویی‌یەکەیدا دەکەوێتە نێوان ساڵانی « ١٩١٨ و ١٩٣٢ » واتە لەو رۆژەوەی کە وولات راستەوخۆ لە لایەن بەریتانیاوە، بەناوی داگیرکردن « ١٩١٨ ـ ١٩٢١ » یاخود ئینتیدابەوە « ١٩٢١ ـ ١٩٣٢ » حوکم دەکرا.

ئەنجامی ئەوەی گەورەترین دەوڵەتی ئیمپریالیزمی ئەوسا، بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەستی بەسەر عیراقدا گرت، ئەم وولاتە چەند ئاڵو گۆڕێکی ئێجگار گرنگی بەسەردا هات، ئاکامی ئەم دەست بەسـەرا گرتنـەیش شوێن دەستی بـەسەر قـەوارەی کۆمـەلایەتی میللەتی عیـراقو بەتـایبەتی بـە سـەر چینی کرێکارانەوە دیارە. لەو ماوەیەدا چینی کرێکاران بە حوکمی ئەوەی چینێکی تازە بوون، هەلو مەرجی گەشەکردنی زۆرتر بۆ رەخسا بوو؛ لەبـەر ئەوە زۆر بـە خێرایی پەرەی دەسەند. ئەگەرچی جەنگ کۆتایی هاتبوو، بـەلام لەبەرچـاوی ئینگلیزەکان عیراق تا ئەو کاتە بایـەخی ستراتیـژی خۆی لەدەست نـەدابوو، بەتایبەتی بە هۆی بەربەرەکانەی نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانەوە کە رۆژ.لە دوای رۆژ و بەمەستی ئابلووقەدانی ناوچەکەو دەست گرتن بەسەر سامانەکانیدا « نەوت بەتایبەتی » پەرەی دەسەند. بە سەرێکی تریش « مەترسی » نـوێ لە ناوچەرگەی خۆی* یان لە سنوورەکـانی‌دا هاتنـە گۆڕێو[1] بـەهۆی هـەڵەتی شۆڕشگێرانـەی دانشتوانی رۆژهـەلاتی ناوەڕاستـەوە کە شێـوەی راپەڕینو شۆڕشی بەردەوامی دژ بە داگیرکەرانیان گرتە خۆ، دەلێین بەهۆی ئـەمانـەوە، ئینگلیز ناچار بوو بەشێکی گەورەی هێزە سوپایی‌یەکەی لەسەر خاکی عیراق بهێڵێتەوە وبنکەی هەمیشەیی تێدا دابمەزرێنێ. دیارە ئەم هێزانەیش بەردەوام پێویستیان بەئیشی بیناکاریی‌دەبوو. بە نموونە: لە ساڵی ١٩٢٠ دا ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەم جۆرە پرۆژانەدا کاریان دەکرد گەیشتە چەند هەزار کەس. « لە عیراقو ئێران‌دا ٣٤ هەزار کەس بوون ».[2] لە هەمان کاتدا ئەو رێگاو بانانەی ئینگلیزەکان بە مەبەستی ستراتیژیی خۆیان لە ساڵانی جەنگدا بنیاتیان نابوون گەورەترو فراوانتریان کردن، تاوەکو هەر رووداوێکی لە ناکاوو تازە بەرپا بوو، بەکاریان بهێننو دوای ئەو ماوەیەیش بکرێنە ئامرازی چەوساندنەوەی ئابوری، بەو جۆرەی کە خۆیان چاوەڕاوانیان دەکرد. هەر ئەم بیرکردنەوەیەیش بوو وای لێ کردن دوای جەنگ بەردەوام ئیش لە رێگای ئاسنی « قـوڕەتوو » ی‌نـزیك « خانەقین » دا بکەن. ئەوە بوو لە کۆتایی مانگی ئاياری ساڵی ١٩١٩ وە، بۆکارو

باری شت گواستنەوە خراپە کار.[3] ئەم رێگایە بەنیسبەت ئینگلیزەکانەوە بایەخێکی گەورەی هەبوو؛ نەك لەبەر ئەوەی چەند بیرێکی نەوت لەو ناوچەیەدا هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی تێیدا رێگاکە کۆتایی پێ دێ « حەوت میل لە سنووری ئێرانەوە دوورە » و دەکەوێتە « سەر ئەورێگا بازرگانییەی دەچێتە کرماشانەوە »، وەك لە راپۆرتەکەی ژەنەراڵ « ف. د. هامند » دا، دەقاودەق باسی دەکا.[4] داگیرکەران گرنگییەکی زۆریان بەم مەسەلەیەدا و دەیانویست زیرەکانە پلانێکی بێ جێ بەجێ بکەن، ئابوری رۆژئاوای ئێران بە عیراقەوە ببەستن؛ بە تایبەتی بە بەندەری بەسرەوە.[5] دیارە ئەمە لایەنی کەمی نیازو مەبەستیان بوو، چونکە ئەوان پلانی زۆر لەوە گەورەتریان دادەناو دوورتر دەیانڕوانی وخەویان بە رێگای نێوان بەغداو « باکۆ »[6] وە دەبینی کە مەڵبەندێکی گرنگی بەرهەمهێنانی نەوتە لە قەفقاس.[7]

سەرەرای ئەو تەنگو چەڵەمە ئابوورییانەی ئینگلیزەکان دووچاری هاتبوونو سەبارەت بە هەندێ هۆی سیاسیو ستراتیژی، ناچار بوون چەند رێگایەکی ئاسنی تا رادەیەك رێكو پێك رابکێشن. ئەم حەقیقەتەیش جارێکیتر لەمەسەلەی راکێشانی رێگای نێوان « کنگربان ـ کەرکووك » دا دەردەکەوێ کە بە هۆی تەنگ چەڵەمەی ئابورییەوە راگیرا. ئەوەتا نێردراوی سکرتێری مەندووبی سامی بەرتیانیا لە عیراق، رۆژی ٢٤ی تشرین دووەمی ساڵی ١٩٢٤ بۆ سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق دەنووسێ:

«.. مەندووبی سامی فەرمانی پێدام، پێتان رابگەیەنم کە لە پاش سەردانەکەی ئەم د واییەی بۆ سلێمانی، بۆی دەرکەوتووە کە دەستکردن بە راکێشانی رێگای ئاسنی کەرکووك کارێکی سیاسی گرنگی کردووەتە سەر سەرانسەری کوردستانی خواروو. چونکە دانیشتووان باوەڕیان وایە حکوومەتی عیراق گومانی لەوە نەماوە کە کۆمەڵی گەلان ئەو بەشە گەورەیەی وولات بۆعیراق تەرخان دەکا. ئەم کار تێ کردنەیش لە بنەڕەتەوە هەڵوێستی سیاسی گۆڕیوە. جا گەر بێو بەهۆی بێ پارەییەوە لەپڕ دەست لە راکێشانی ئەو رێگایە هەڵبگیرێ، ئەوا مەسەلەکە تەواو پێچەوانە دەبێتەوەو رای گشتیی وای بۆ دەچن ئەوەندەی نەماوە کوردستانی خواروو بدرێ بە تورکەکان..»[8]

لەمەوە، ئەنجوومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠ی کانوونی یەکەمی ئەو ساڵەدا بڕیاری دا لەو هەڵوێستەی پاشگەز ببێتەوە چونکە « باری سیاسی ئێستا وا پێویست دەکا دەست بە راکێشانی رێگای ئاسنی کەرکووك

بکریٚ.» وچاو « له تهنگو چهڵهمهی ئابوری » بپۆشریٚ.[٩] بهو جۆره له مانگی ئهیلوولی ساڵی ١٩٢٥ دا ئهو ریٚگایه له « کنگربان » ٥ وه رووهو « کهرکووك » به دریٚژایی ٥٣ میل راکیٚشرا و بهوه ریٚگای ئاسنی نیٚوان « کهرکووك » و « بهغدا » کۆتایی هات.

پاش راگرتنی جهنگ، ئینگلیزهکان دهستیان کرد به دروست کردنی ئهو بهشهی کهوتووهته نیٚوان « ئوور » و « حیلله » وهو ١٦٣ کیلۆمهتر دریٚژیهتی، تاوهکو ریٚگای ئاسنی نیٚوان « بهغدا » و « بهسره » تهواو ببیٚ.[١٠] جگه لهمهیش هەندیٚ لقی تریان لیٚ راکیٚشا، وهك، ریٚگای « زوبیٚر ـ جهبهل سهنام » که بۆ گواستنهوهی بهرد بهکار دههیٚنراو دریٚژی ٥ر٢٣ میل بوو. ههروهها له « ئوور » ٥ وه بۆ « ناسریهیه » که دریٚژی ١٠ میله. ههندیٚ ریٚگای تریشیان به دریٚژایی ٣٦ میل لهناو بهندهری بهسرهدا راکیٚشا، تاوهکو ئیشو کاری داگرتنو بارکردن ئاسانتر ئهنجام بدهن. ئهمه جگه لهو ریٚگایهی که « مهفرهق » و بهستی « هیندیهیه » ی بهیهکهوه بهستهوهو دریٚژایی ١٨ میل بوو. ریٚگایهکی دیکهیشیان له نیٚوان رۆژ ئاواو رۆژههڵاتی بهغدادا راکیٚشا دریٚژی شهش میل بوو، تا بهسهر روباری دیجلهدا فارگۆنی شهمهندوفهر به ئاسانیی بپهڕیٚننهوه.

پاش کۆتایی هاتنی جهنگ کاروباری چاککردنهوهی ریٚگاو ماشینو فارگۆنهکانی شهمهندوفهری عیراق گۆڕانیٚکی ههست پیٚکراوی بهسهردا هات. ئهوه بوو، ههر سیٚ کارگهکهی ریٚگای ئاسن کران. بهیهك[١١]، که به کارگهی « ئهلشالچیهیه » ناسراوه له بهغدا. ئهوجا ئامرازی نویٚو کادیری شارهزا وپسپۆریان بۆ نارد، بهرادهیهك له ماوهی ساڵیٚکدا دهیتوانی « ٤٨ » فارگۆن چاك بکاتهوه.[١٢]

بیٚ گومان کاروباری چاککردنهوهی فارگونو ریٚگای ئاسن، پیٚویستییان به ژمارهیهکی زۆر کریٚکار ههبوو. له ٣١ی مانگی مارتی ساڵی ١٩٢٥ دا ژمارهی سهرپاکی ئهوانهی له بهردهست بهڕیٚوهبهرایهتی ریٚگای ئاسن دا ئیشیان دهکرد گهیشته ٩٣٠٢ کهس.[١٣] جا ههرچهنده ئهم ژمارهیه لهبهر زۆر هۆ که گرنگ ترینیان تهواوبوونی زۆربهی ئهو ریٚگایانه بوون پیٚشتر باسمان کردن، کهم دهبووهوه. دهڵیٚین سهرهڕای ئهوهیش هیٚشتا ریٚگای ئاسن له ههموو روویهکهوه کهرتیٚکی گرنگ وبنچینهیی چینی کریٚکارانی عیراقی پیٚك دههیٚنا. به نموونه لهساڵی ١٩٢٦ دا ژمارهیان گهیشته ٨١٢٩ کهس.[١٤] تهنانهت ئهو کاتهی که ئینتیدابی بهریتانیایی کۆتایی هات ژمارهیان له پیٚنچ ههزار کهس پتر بوو.[١٥]

هەر لەبەر ئەو هۆیانە داگیرکەران بایەخێکی تایبەتی‌یان دا بەبەندەری بەسرە. چونکە پەرە پێدانی هاتوچۆلە « شەتولعەرەب » دا، بەنیسبەت پەرژەوەندی کۆمپانیای نەوتی « ئینگلیزی ـ فارسی » یەوە کە لە ناوچەی « عەببادان » دا ئیشی دەکرد، کارێکی زۆر پێویست بوو. بۆیە کۆمپانیای ناوبراو سالی ١٩٢٣ چەردەیەك پارەی بە قەرز دا بە عیراق تا بەندەرەکەی پێ فراوان بکا. ئنجا لە کانوونی یەکەمی سالی ١٩٢٤ دا دەست کرا بە ئیش‌کردن و قوولایی بەندەرەکەیان گەیاندە « ٢٨ » پێ و « ٣٠٠ » « پێ » یش بۆ کاتی هەلچوونی دەریا فراوان کرا، تاوەکو جێگای زۆرترین ژمارە کەشتی‌ی تێدا ببێتەوە. لە سالانی ئینتیداب‌دا، لە داهاتی خۆی هەندێ ئیشی تری لەو بابەتەی تێدا کراو[١٦] بەرادەیەك پێویستی بە ژمارەیەکی زۆرتر چاودێریکەرو کرێکار هەبوو.[١٧] بەلام تێکرای ژمارەی کرێکارانی بەندەر لە ناوەراست و کۆتایی سالانی بیستدا لە ٧٥٠ کەسی تێپەراند، ئەمە بێجگە لە نزیکەی ١٢٥٠ کرێکاری تر کە ناوبەناو خەریکی فراوان کردن بوون.[١٨]

سەرەنجامی ئەو پەرەسەندنەی گشت لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی گرتبووەوە، لە سالانی دوای جەنگدا بە شێوەیەکی فراوان دەست کرابە راکێشانی رێگاوبانی قیرتاوو چەورێژ کراو. تاوەکو ببنە ئامرازێك بو چەسپاندنی دام و دەزگا تازەکانی دەولەت لە هەموو کون و قوژبنێکی وولات دا.

ئەمەیش خۆی لە خۆی دا ئەوەی دەگەیاند گەرەکیەتی باجێکی زۆرتر بۆ خەزێنە مسۆگەر بکا. بەتایبەتی چونکە مانەوەی هێزەکانی بەرتیانیا لە عیراق دا بوو بووە بارێکی گران بەسەر وولاتەوە.[١٩] لە سالانی ئینتداب دا چەند رێگایەکی ئێجگار سەخت راکێشران وەك رێگای هەولێر ـ رەواندوز ـ رایات کە لەسەر سنووری ئێران کۆتایی دێ و[٢٠] راپەراندنیشی پێویستی بەژمارەیەکی زۆر کرێکار هەبوو کە لە ماوەی سێ سال دا تێکرا هەزار کرێکار ئیشیان لەسەر دەکرد و بۆ ئەومەبەستە لە بەرایی رێگای « جوندیان » ٥ وە بەرەو رەواندوزی خواروو رێگایەکی ئاسنی سێ میلی‌یان راکێشا.[٢١] بە کورتی‌ی سەرجەمی ئەوانەی لە کۆتایی سالانی بیستدا لە بواری رێگاوباندا کاریان دەکرد، ژمارەیان گەیشتە ٤٢٥٠ کرێکار.[٢٢] دیارە کردنەوەی ئەم رێگاوبانە تازانەو گەشە کردنی کارو شێوازی ژیان، لە دوای جەنگی یەکەمەوە، کارێکی باشیان کردە سەر مەیدانی هامشۆ کردن و گواستنەوە، لە وولات‌دا. بە رادەیەك لە کۆتایی سالانی بیست دا ژمارەی شۆفێرەکان زۆر بە خێرایی گەیشتە ٤٥٠٠ کەس و لای کەم چواریەکی ئەوانە شۆفێری ئۆتۆمۆبیلی بار هەلگر بوون[٢٣]

پیشەسازیی نەوت گرنگترینی ئەو مەیدانەیە کە ژمارەیەکی زۆر لەو جۆرە کرێکارانەی تێدا کۆبووبـووەوە کە پـەیوەنـدی راستەوخـۆ بەردەوامیـان بە بەرهەمی میکانیکی یەوە هەیە بەتایبەتی لە دوادوای سەردەمی ئینتیـدابدا. ساڵی ١٩٢٥ کۆمپانیای نەوتی تورکی ی « دوایی بووبە: عیراقی » لە ناوچـەی کەرکووك دا تەنها ١٨٠ کرێکاری هەبووکە، بە پشکنینی نەوتەوە خەریك بوون. بەلام لە ماوەی ساڵێکدا ژمارەیان گەیشتە ٢٥٠٠ کرێکارو پاشان بوو بە ٣٥٠٠. کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی ـ فارسی هـەر لەمەیـدانی پشکنین دا لە نـاوچەی نەوتخانەی نزیك « خانەقین » دوو هەزار کرێکاری خستبووە ئیشەوە.[٢٤] هەروەها کۆمپانیای ناوبراو ساڵی ١٩٢٧ لە « ئەلوەند » دەزگایەکی پاڵاوتنی دامەزراند تاوەکو بەرهەمە نەوتی یەکان بگەیەنێتە هەموو لایەکی وولاتو پێویستی یەکانی دابین بکا. ساڵی ١٩٣٣ ژمارەی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عیـراق گەیشتـە شەش هەزارو پاشان لە ساڵی ١٩٤٧ دا بوو بە ١٤ هەزار.[٢٥] هەتا ساڵی ١٩٣٤ یش نزیکەی ٥ هەزار کەس بە راکێشانی بۆری نەوتی نێوان کەرکووكو دەریای سپی ناوەراستەوە خەریك بـوونو بەشێکی زۆری ئـەمانـە کرێکـاری عیراقی بوون.[٢٦] بێ گومان سەرباکی ئەم جموجوڵەی کۆمپانیاکانی نەوت کارێکی باشیان کردە سەر کاروباری بیناکردنو کۆمپانیاکانی گواستنەوە، کە ئەرکی بارکردنو گواستنەوەی کەلو پەلو ئامرازی جۆر بە جۆریان گرتبووە ئەستۆ، تاوەکو ئەو شتو مەکانە بگەیەننە شوێنی ئیش‌کردن.

بە حوکمی چەندین هۆی تایبەتی و گشتی ی و لە پێش هەموویانەوە تەنگەو چەڵەمەی ئابوری لە ئینگلتەرەدا کە لەدوای کۆتایی هـاتنی جەنگـەوە پێوەی دەیناڵاند، بە هۆی ئەوەیشەوە کە باری سیاسی لە عیراقدا سەقامگیر نەبووبوو. بچووکی ی وکەم دەرەتانی ی بازاڕای ناوخۆیش لەولاوە بووەستێ. هەمـوو ئەم هـۆیانـە نەیـان هێشت سەرمـایەی ئینگلیـزی رووەو میسۆپـۆتامیـا رەو بکاو لەمەیدانی نەوت دا نەبێ لە هیچ بوارێکی دیکەی پیشەیازییدا رۆڵی خۆی نەگێرا. بەلام ئینگلیزەکان بەرامبەر بەمە حەزیان دەکرد عیراق بکەنە بەرهـەمهێنەرو سەرچاوەیەکی کشتوکاڵی ی، بە تایبەتی ئەو بەرهەمە کشتوکاڵی یـانەی دەبنـە کەرەسەی خاو بۆ بەرهەمی پیشەسازیی. لەم تێ روانینـەوە، دەیانـویست لە مەیدانی بەرهەمهێنانی لۆکەدا عیراق بکەنەوە سەرچاوەی دووەم، لەبەر ئەوە لە ساڵی ١٩٢٠ دا « کۆمپانیای گەشە پێ‌کردنی لۆکە » یان دامەزراند، بەلام لەم مەیدانەدا بەختیان باشی نەهێنا. بۆیە ژمارەی کرێکـارەکانیشی لە نـاوەراستی

سالانی بیستدا ١٥٠ کەس و لە کۆتایی بیستەکاندا بە هەزارحاڵ گەیشتە ١٧٥ کەس.[٢٧]

بەڵام بەرامبەر بەم حاڵە، لە دوای جەنگی یەکەمەوەو بەتایبەتی لە کۆتایی سالانی بیستدا، باروزرووفی نوێ هاتنە کایەوەو بوونە هۆی ئەوەی تارادەیەك پەرە بە پیشەسازیی نیشتمانیی بدەن. ئەنجامی نزیك بوونەوەو تێکەڵ بوونی جیهانی سەرمایەداریی، باری سەرنجی سەرمایەدارانی عیراق و شێوەی تێروانینیان دەرهەق بە باری ئابوری وورده وورده گۆڕدرا و دوای کۆتایی هاتنی جەنگ چەند ساڵێکی نەخایاند، ژمارەیەك لەو سەرمایەدارانە کەوتنە خۆو پلانی دامەزراندنی چەند کۆمپانیایەکی ئەهالیی‌یان دانا وەك « کۆمپانیای ئەهالی‌ی گشتی‌ی عیراق» تاوەکو « لەسەر ڕێ‌و شوێنی تازە »[٢٨] بەغداو دەریای سپی ناوەڕاست بە یەکترەوە ببەستێ. ئنجا « کۆمپانیای عیراقی ئەهالی » دانرا کە خەریکی « پیشەسازیی‌و کشت‌وکاڵ‌و بازرگانی‌و میتالی جۆربەجۆرو کاروباری گشتی‌ی بوو »، بە مەرجێك بەغدا ببێتە مەلبەندەکەی‌و مافی ئەوەی هەبێ « نوماینده‌و لقی خۆی لە سەرانسەری عیراق‌و دەرەوەی عیراقدا بکاتەوە ». پاشان کۆمپانیای سێیەم دامەزرا تالەسەر ڕێ‌و شوێنی « پلانەکەی ویلیام ویلکۆکس »[٢٩] بەستی « فەلووجە » دروست بکا.

ئەگەرچی هیچ کام لەو کۆمپانیانە لە سالانی ئینتیداب دا دەرنەکەوتن، بەلامم هەر بیرکردنەوە لە دامەزراندنیان[٣٠] نیشانەی ئاڵ‌و گۆڕیکی هەست پێکراوی نیازو مەبەستی چینی بۆرژوای تازە پێگەیشتووی عیراق دەگەیەنێ. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا هەڵ‌و مەرجی بنچینەیی دەرکەوتنی پیشەسازی نیشتمانی‌یە کە سەرەتاکانی دەچێتەوە بۆ سالانی بیستی ئەم سەدەیە.[٣١] لە ساڵی ١٩٢٦ دا یەکەم کارگەی نیشتمانی‌ی چنین‌و رستن لە مێژووی وولاتدا بە ناوی « کارگەی فەتتاح پاشا » وە دامەزرا و لەیەکەم ڕۆژێ دروست بوونیدا ٦٥ کرێکار ئیشی تێدا دەکرد وپاش پێنج ساڵ ژمارەیان گەیشتە ٢٠٠ کەس‌و وای لێهات بەرهەمی ئەم کارگەیە بەشێکی پێویستی‌ی شارو دامەزراوە رەسمی‌یەکانی بە قوماش دابین دەکرد. هەر لەو ساڵەدا دوو کەسی لوبنانی « تەبارە » و « عەببود » کارگەیەکی بچووکی جگەرەیان بنیات ناو لەماوەی پێنج ساڵدا بە خێرایی پەرەی سەندو ساڵی ١٩٣١ ژمارەی ماشینەکانی گەیشتنە ١٥ و کرێکارەکانی لە ١٠٠ کەس تێپەڕین. سەرکەوتنی ئەم کارگەیەو بەو خێرایی‌یە بووە هۆی ئەوەی پاڵ‌بە سەرمایەدارانی عیراقەوە بنێ، سەرمایەکانیان لەم

پیشەسازی‌یەدا بخەنە گەڕ و بە هەمووی چەند ساڵێکی کەمی نەخایاند ژمارەی کارگەی جگەرە دروستکردن لە عیراقدا گەیشتە ١١ و سەدان کرێکار تێیانـدا کاریان دەکرد. لە ساڵی ١٩٢٨ یشدا ماشین‌و ئامرازی پێویست بۆ کارگەیەکی چیکەنەی لۆکە بە سـەرمایـەی عیراقی هێنـرایە ووڵاتـەوەو ناوی « کـارگەی چیکـەنەی عیـراق » ی‌لێنرا و ڕۆژی ٧ی تشـرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ بـە رەسمی‌ی کـرایەوە. مـاوەیەك پێش ئـەوەیش کارگـەی پێستە خـۆشکردنی « ئەلخضەیری » لە بەغدا کرایەوەو لە سەرەتادا ٢٥ کرێکار تێیدا کاریان دەکرد. پاشان چەند کارگەیەکی تری لەو جۆرەو یەکێکیش لە مووسڵ کرانەوە.[٣٢]

دوای کۆتایی هاتنی جەنگ پیشەسـازیی کەرەسـەی بیناکـاریی پەرەی سەند، بە تایبەتی دروست کردنی خشت بە شێوەیەکی هەست‌پێکراو گەشەی کرد. ژمارەی ئەو کووره خشتانەی بە هێزی هەڵم کاریان دەکرد لە ماوەی ١٠ ساڵدا ١٩٢٩ ـ ١٩٣٩، لە دوو کارگەوە گەیشتە ١٣ کارگەو لە ناویان‌دا سەدان کرێکار هەڵدەسووڕان.[٣٣] بە هەمان شێوەیش ژمارەی ئاشەمەکینەو چاپخانە[٣٤] و ماشینی کارەبا ژمارەیان زیادی‌کرد و لە دوا ساڵی ئینتیداب دا ژمارەی ماشینی کارەبا گەیشتە ١٩. هەروەها کارگەی دروستکردنی بەفریش لە دوای ساڵانی جەنگەوە لەوە دەرچوو بە تەنها لە بەغداو بەسرەدا بکرێنەوە، بەڵکو ژمارەیەك لەو کارگانە هەر لە زووەوە لە شارەکانی تریشدا دامەزرێنران بە نموونە: لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٢٢ کارگەیەکی بەفر دروستکردن لە کەرکووك کەوتە کار.[٣٥] ئەمە بێجگە لەوانەی لە مەیدانی رنین‌و داگرتنی خـورما دا ئیشیـان دەکرد و زۆربەیشیان عیراقی بوون؛ بە ڕادەیەك لە دوای جەنگەوە ژمارەیان زیادی کرد تا گەیشتە نزیکەی ٤٥ هەزار کەس.[٣٦] سەدان کرێکاریش لەو پڕۆژە ئاودێری‌یانە دا کاریان دەکرد کە ئینگلیز تا رادەیەك بایـەخی پێ دابوون، وەك جـۆگەی « لەتیفی‌یە ». ژمارەیەکی باشی کرێکارانیش بە دەرهێنانی میتاڵی پێویستەوە خەریك بوون. چونکە لەو ساڵانەدا خەڵکی‌ی لە کانەکانی « سیکي » ی نزیك « دهۆك » و « هەرپوول » ی سەروو « مووسڵ » و « کفری » و لە نزیك « زاخۆ » وە کەوتنـە دەرهێنانی خەڵووزی بەردین. لە « تووزخورماتـو » و « زاخۆ » و « هیت » و « سەرسار » و « مەحاویل » و « کووفە » و « خالیس » و « سەماوە » و شوێنی تریش، دەستیـان بە دەرهێنـانی خـوێ کـرد. لە « سـامـەڕا » و « سـەقـڵاوی‌یـە » و «ئەسکەندەری‌یە » گەچیان بەرهەمهێنا و لە نزیك « مووسڵ » و « کەرکووك » و « شەتاتە » « دەستیان بەدەر هێنانی بەردە مەڕمەڕکرد.[٣٧] گۆڕانێکی باکەمیش بێ بەسەر ئـامرازەکـانی بەرهــەمێنان‌دا هــات‌و شێوازی ئیش‌کـردنیش لە لایەن

بەلێندەرەکانەوە، تاڕادەیەك جیاوازی لەتەك شێوە باوەکەی بەر لە جەنگی یەکەم دا هەبوو.

شـان بە شـانی هەمـوو ئەمـانەی بـاسکران، هـەزاران کرێکـار لە ناو شارەکان‌دا لە بـواری خزمـەتگوزاری و بـازرگانی‌دا کـاریان دەکـرد، لەوانە کرێکارانی چێشتخانە و ئوتێل و شارەوانی‌و بیناکاری‌و زۆری تریش. سەرەڕای ئەو تەنگ‌و چەڵەمەیەی بەرهەمی پیشـەیی تێ‌ی کەوتبـوو پێوەی دەینـاڵاند، لەساڵانی ئینتدابدا پیشـەوەران هێشتا کـەرتێکی گەورەی زەحمـەتکێشانی عیراقیان پێك دەهێنا. نەك هەر ئەوەیش بەڵکو بەحوکمی پێویستی‌و فـراوان بـوونی شارەکـان و کۆتـایی هاتنی بـەرهەمی سـروشتی‌ی و پەرە سـەندنی پێویستی‌یە کۆمەلایەتی‌یە نوێ‌یەکان، مەوقیعی ئابوری چەند کەرتێکی دیاری کراویان پتەوتر بوو. لە دوا ساڵی ئینتدابدا بە تەنیا لە « بەغدا » ١٣٠ مسگەر و ٧٠ ئاسنگەر کاریان دەکرد.[٣٨] بە پێ‌ی ڕاپۆرتێکی رەسمی‌ی کە مێژووی ساڵی ١٩٣٢ ی لەسەرە، ژمارەی پیشەوەران لەسەرانسەری عیراقدا ٥٠ هەزار کەس بووە.[٣٩]

ئا بەو جۆرە لە ساڵانی داگیر کردنی عیـراق‌و ئینتدابی بـەریتانی‌دا بـە ئاشکرا هەست بە گەڵاڵە بوونی چینی کرێکارانی عیراق دەکەین، بەئەندازەیەك دەتوانین قسە لە توێژێکی کۆمەلایەتی نوێ‌ی ئەوتۆ بکەین چ لە رووی ئیش‌کردن و چ لە رووی چـەنـدیـەتی و چـۆنیـەتی‌یـەوە جیـاوازیی لە تـەك تـوێـژە کۆمەلایەتی‌یەکانی تردا هەبوو. لە چاو ساڵانی جەنگیشدا چـەند هـەنگاوێکی گەورەی بۆ پێشەوە نا. هەر لەم قۆنـاغەدا دانیشتـووانی شارەکـان بە هـۆی پێکهاتنی چینی کرێکارانەوە ژمارەیان زیادی کرد و پیشەوەرانیش لە جاران زیاتر بوونە سەرچاوەیەکی گرنگ و بەردەوام‌و ئـەوکەسـانەیـان دەنارده نـاو چینی کرێکارانەوە کە بە تەواوی پەیوەندی‌یان لەگەڵ بەرهەمی کشتوکـاڵی‌و لادێ‌دا پساندبوو. لەوانەیش پتر بوون کە لە بنەڕەتەوە پەیوەندی‌یان لەتەك هۆیەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی سادەدا هەبوو. ئا ئەم حەقیقەتەیش شوین پەنجەی بەسەر گەڵاڵەبوونی هوشیاری چینایەتی کرێکارانەوە دیارە، بـە تایبـەتی لەم قۆناغەدا و لەدواییدا بەرێژیی باسی دەکەین.

سەرەڕای هەموو ئەمانەیش، لەم قۆناغەدا هێشتا هەر لادێ سەرچاوەی سەرەکی‌ی پێکهاتنی چینی کرێکاران بوو. بە تایبەتی کە پەیوەندی نێوان شارو لادێ قـایم تربـوو. ئەمـەیش لە ئەنجـامی ئـەوەدا بـوو کـە زوڵم و ستـەمی

دەرەبەگایەتی لە دوای سالانی جەنگەوە، وەك دیاردەیەكی كۆمەلایەتی تا دەهات زیفی دەسەند، جووتیارانیش بۆ دەرباز بوون لەو دۆزەخە ناچار دەبوون كۆمەل بەرەو شارەكان رەو بكەن، چونكە هەرچی سەرچاوەی ژیان هەیە لەدەستیان چوو بوو. لە زووەوە، بە نموونە لە سالی ١٩١٩ دا، ژمارەی ئەو كریكارانەی لە ناوچەی « رەمادی » یەوە بەرەو « بەغدا » رەویان كردبوو، گەیشتە نزیكەی دوو هەزار كەس.(٤٠)

واقیعی نەتەوایەتی گەلی عیراقیش لە گشت قۆناغەكانیو لە سەرانسەری وولاتدا كاری لە پیكهاتنو دروستبوونی چینی كریكاران كردو تییدا رەنگی دایەوە و یەكەم تویژی كۆمەلایەتی یە لەسەرو خوارووی وولاتداو لەناو ریزەكانی دا نوینەری نەتەوەو تیرە جیاجیاكان كۆبوونەتەوە. كریكاری عەرەب شان بەشانی كریكاری كورد لە كۆمپانیاكانی نەوتدا كاریان دەكرد، هەروەك كریكاری كوردیش لە بەندەری بەسرەو پرۆژەكانی ریگاو باندا ئیشی دەكرد. لە ناوەراستی سالانی بیست دا ژمارەی كریكارانی كورد لە ناو دامەزراوەكانی ریگای ئاسن دا، نزیكەی ٢٣٪ ی تیكرای ئەو كریكارانەی پیك دەهینا كە لەم مەیدانەدا ئیشیان دەكرد. سالی وایش هەبوو نیسبەتیان لەوەیش زیاتر بوو.(٤١) جا هەرچەندە دەسەلاتدارانی ئینگلیز لەبەر چەند هۆیەك كە پاشان قسەیان لیوە دەكەین، پشتیگیریی ئەم دیاردەیەیان دەكرد، بەلام هەر ئەم دیاردەیە لە مەودایەكی دوورتر دا ئاسەواریكی ئیجابی بەجی هیشت و بووە هۆی گەلالە بوونی هوشیاریی چینایەتی لەناو كریكارانی عیراقدا. پیكەوە كاردنو چەشتنی زولمو ستەمی چەوساندنەوە بەبی جیاوازیی و لەیەك سەرچاوەوە، بوونە هۆی دەركەوتن و پەرەسەندنی گیانی برایەتی نەتەوەیی لە دەروونی كریكارانی عیراقدا. رەنگدانەوەی ئەو گیانەو لە قوناغی دروست بوونی چینی كریكاراندا، بەجوانیی لەو چەند ووشەیەدا دەردەكەوی كە كریكارانی ریگای هەولیر ـ رەواندوز ـ رایات پاش كۆتایی هاتنی ئیشەكەیان سالی ١٩٣٢ لەسەر گاشە بەردیك هەلیان كۆلیوە.(٤٢)

لەگەل ئەوەدا سەرەرای لاوازیی سەرمایەی نیشتمانیی و لەبەر ئەوەیش كە دەولەت خاوەنی پرۆژە بنەرەتییەكانی وولات بوو، دەبنین كارو كریكاران لە قۆناغی دوای جەنگی یەكەمدا بە دەست كۆمەلیك گیروگرفتی راستەقینەوە دەیان نالاند.

گیروگرفتی بنچینه‌یی کار و کرێکاران و

ڕه‌نگدانه‌وه‌ی له‌ ناو بزووتنه‌وه‌ی کرێکارانی عێراق‌دا

تێکڕای پیشه‌وه‌ره جۆربه‌جۆره‌کان، به‌ کرێکاره پیشه‌یی‌به‌کانیشه‌وه له‌ دوای کۆتایی هاتنی جه‌نگ دووچاری گه‌لێك گیروگرفت هاتن. ئاوێته‌ بوونی ئابوری وولات له‌ته‌ك بازاڕی سه‌رمایه‌داری جیهان دا به‌سه‌رێك و داگیر کردنی عیراق به‌شێوه‌کی ڕاسته‌وخۆ به‌سه‌رێکی‌تر، بوونه‌ هۆی ئه‌وه‌ی به‌رهه‌می پیشه‌یی له‌ ناو ووڵات‌دا به‌ خێرایی به‌ره‌و له‌ناوچوون بچێ. ئه‌م باسه‌یش ده‌هێنێ له‌ لایه‌ن ئه‌و که‌سانه‌وه‌ که‌ به‌توێژینه‌وه‌ی مێژووی چینی کرێکارانی عیراقه‌وه‌ خه‌ریکن، بایه‌خێکی گه‌وره‌ی پێ بدرێ. چونکه‌ له‌ ناوچوونی به‌رهه‌می پیشه‌یی له‌و قۆناغه‌دا شوێنه‌وارێکی زۆر دیاری به‌سه‌ر بزووتنه‌وه‌ی کرێکارانی عیراقه‌وه‌ به‌جێ هێشت. نه‌ك هه‌ر ئه‌وه‌یش به‌ڵکو ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ خۆی له‌ خۆیدا کلیلێکه‌ بۆ تێ گه‌یشتنی لایه‌نه‌ گرنگه‌کانی ئه‌و بزووتنه‌وه‌یه‌ و خاسی‌یه‌ته‌کانی چ له‌ ساڵانی داگیرکردن و ئینتداب و چ له‌ دوای ئه‌و قۆناغه‌یش.

ئاوێته‌ بوونی عیراق له‌ گه‌ڵ بازاڕای سه‌رمایه‌داریی جیهانی، ماوه‌ی ئه‌وه‌ی نه‌دا، به‌رهه‌می پیشه‌یی که‌ به‌ درێژایی چه‌ند سه‌ده‌یه‌ك ووڵات ناوبانگی پێ ده‌رکردبوو گه‌شه‌ بکاو په‌ره‌ بستێنێ. سه‌ره‌نجامیش هیچ پیشه‌یه‌ك له‌وانه‌، به‌ده‌گمه‌ن نه‌بێ، نه‌یتوانی به‌ره‌و قۆناغی مانیفاکتوره‌ هه‌نگاو بنێ.[٤٣] به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ ده‌بنیین له‌و ماوه‌یه‌دا به‌رهه‌می پیشه‌یی به‌گشتی‌ی و به‌هۆی ئه‌وه‌وه‌ که‌ نه‌یده‌توانی به‌ربه‌ره‌کانه‌ی که‌ل و په‌لی به‌لێشاوی ئه‌وروپایی هه‌رزان به‌هابکا، ڕووه‌و له‌ناوچوون ده‌ڕۆیشت. به‌نموونه ژماره‌ی جۆلاکانی شاری «به‌غدا» له‌وه‌وه‌ که‌ ساڵی «١٨٦٦» ٣٥٠٠ که‌س، بوون، له‌ساڵی ١٩٣٢دا هاتنه‌ سه‌ر ١٢٠که‌س و زۆربه‌یشیان مه‌کۆی ده‌ستی‌یان به‌کار ده‌هێناو له‌ ماڵی خۆیان‌دا کاریان ده‌کردو ئه‌وپه‌ڕی به‌رهه‌می ڕۆژانه‌ی تاقه‌ یه‌کێکیان له‌ ٦ مه‌تر تێ نه‌ده‌په‌ڕی.[٤٤] وه‌نه‌بێ جێ په‌نجه‌ی ئه‌م ده‌سته‌ کوشنده‌یه‌ ته‌نها به‌سه‌ر کاری پیشه‌یی ناو شاره‌گه‌وره‌کانه‌وه‌ خۆی نواندبێ، به‌ڵکو سه‌رتاپای شارو شارۆچکه‌کانی عیراقی گرتبووه‌وه‌، ئه‌وه‌ندی‌ی جۆلاکانی «به‌غدا» و «به‌سره»و

« مووسل » بە دەست کەلو پەلی بێگانەوە دەیان نالاند، ئەوەندەیش جۆلاکانی « دیالە » و « نەجەف » و شوێنەکانیتر دادو بێ دادیان بوو. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەم بەربەرەکانەیە بە تەنهـا کاری نـەکردە سـەر پێداویستییـەکانی ژیـانی رۆژانەی خەلکی ی، بەلکو گشت بەرهەمە پیشەییەکانی گرتەوە. بەنموونـە: لەپێش جەنگدا « سلەیمانی » و « رەواندووز » هەندێ چەکیان بەرهەم دەهێنا، بە قسەی هەندێ نووسەر هاوشانی ئەو چەکانە بوون کـە لەوولاتانی ئـەورووپای ئەوسادا دروست دەکران.[٤٥] لە « رەواندوز » وەرشەیەك، تۆپی بۆ لە شکـری دەسەلاتدارانی ناوچەکەو والی « مووسل » دروست دەکرد و[٤٦] بـەشێکی ئەو میتالانەی وەرشەی ناوبراو پێویستی پێیان بوو لە کانەکانی نزیکییەوە، بەهۆی کاری کرێ گرتەوە دەردەهێنران.[٤٧] کاتێکیش کـە « مارك سـایکس » لە سالی ١٩٠٢ دا بە شاری « سلەیمانی » دا گوزەری کرد، بە چاوی خۆی ١٥٠ چەخماخ سـازی بینی بە دروستکـردن و چاککـردنەوەی چـەکەوە خـەریـك بـوون و عەشرەتەکانی ئەو ناوچەیش لەو تفەنگانەیان بەدەستەوە بووە کە لە ناوخۆدا دروست دەکران، بۆیە لە کاتی خۆیدا سەرنجی ئەو لێپرسراوە ئینگلیزییەی راکێشاوە. « ئەدمۆندس » یش دوای ئەو، پێی لێ دەنێ کە دوای داگیر کردنی وولات لەلایەن بەریتانیاوە، پیشەی چەخماخسازیی بەتەواوی لەئارادا نەما.[٤٨]

ئەم بارە ناهەمـوارە، رۆژ لە دوای رۆژو بە هـۆی ئەو سیـاسەتی بـاج وەرگرتنەی کە حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق گرتیـانە بـەر، رووەو خراپتر دەچوو. لە لایەکەوە باج لەسەر، توێژە کۆمەلایەتییە جیاجیاکان زیـاد دەکرا و باجی نوێیشیان دەسەپاند، لە لایەکی تریشەوە هیچ کام لەو باجانەی خرابوونە سەر کەلوپەلی لەدەرەوە هێنراوی بێگانە، بۆ ئەوە نەبوون بەرهەمی پیشەیی وولات بپارێزن و گەشەی پێبکەن. ئەوەتا هەتا سالی ١٩٠٧ نیسبەتی ئەو گومرگەی لە سەر کەلو پەلی ئەورووپایی دانرابوو ٨٪ ی نرخەکەیـان بوو. هەرچی تەقەللایەکیش درابێ بۆ زیاد کردنی ئەو نیسبەتە، دەولەتە ئەورووپایی یەکان بەرەنگاری هاتوون و پووچیان کردووەتەوە. تا بە هەزار حال لە مـانگی تەمووزی هەمان سالدا پاش ئەوەی دەولەتە گەورەکان قـایل بـوون، توانـرا نیسبەتی گومرك لەسەر کەلو پەلی بیـانی بکرێتـە ١١٪. بە درێـژایی سالانی جەنگیش لە سەرانسەری عیراقدا ئەو بڕیارەی دەولەتی عوسمانلی جێبەجێ نەکرا کە دەبوو رەسمی گومرك بکرێتە ٣٠٪. پاش ئەوەیش کە « بەیاننامـەی رەسمی گومرگی ژمارە ١٩ ی سالی ١٩١٩ » لە سالەکانی ئینتدابدا ١٤ جار

دەستکاری کرا، نیسبەتی ئەو گومرگەی لەسەر کەل‌و پەلی بیانی دانرا، بەدەگمەن نەبێ لە ١٥٪ ی نرخی ئەو کەل‌و پەلانە تێنەدەپەڕی، ئەویش هەندێ بابەتی خواردنەوەو بۆن و جگەرەی دەگرتەوە.[٤٩]

ئەم سیاسەتە بووە هۆیەکی گرنگی یارمەتیدەر بۆ پتر هاوردنی کەل‌و پەلی ئەوروپایی کە لە ماوەی ٢٠ سال دا « ١٨٦٥ ـ ١٨٨٥ » ٧ کەرەت نرخیان زیادی کردبوو، تا سەردەمی جەنگی یەکەم سێ ئەوەندەی تر زیاد بکا.[٥٠] بەلام لە سەردەمی داگیرکردن و ئینتدابی بەریتانیایی‌دا دەرگای بازارەکانی عیراق لەسەر کەل‌و پەلی بێگانە، بەتایبەتی کەل‌و پەلی ئینگلیزی کەوتنە سەر گازی پشت. ئەمەیش گیروگرفتی پیشەوەرانی لە جاران خراپتر ئالۆزاند، بۆیە داوایان لە دەولەت کرد، رەسمی گومرك لەسەر کەل‌و پەلی بیانی زیاد بکرێ و بەئەندازەیەك بێ « نەتوانێ بەربەرەکانەی کەل‌و پەلی خۆمالی بکا »، وەك دەقاو دەق لەو ئەرزوحالەدا نووسراوە کە دەستەیەك خەلکی پیشەوەر لەگەل کۆتایی هاتنی ئینتداب دا پێشکەش بە داموو دەزگا رەسمی‌یەکانیان کرد.[٥١]

بەلام لەگەل ئەمانەیشداو هەرچەندە گیروگفتی پیشەوەران لە دوای جەنگ قوولتر دەبوونەوە، رژێم هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆی نەنا تۆزێك گوزەرانیان بەرەو باشی ببا. بە نموونە: یاسای پشتگیری کردنی پیشەسازی کە سالی ١٩٢٩ دەرچوو.[٥٢] تاقە بەندێکی تێدا نی‌یە، دەست بداتە بالی پیشەوەران. چونکە ئەو دامەزراوانەی سوودیان لە ئیمتیازەکانی وەردەگرت، دەبوو وزەی میکانیکی بەکار بهێنن و نرخی ئامێرو ماشینەکانیشیان لە ٣٠ هەزار روپیە کەمتر نەبێ. بەرامبەر بەمەیش پیشەوەران وەك بەشێکی جەماوەری زەحمەتکێش بە دەست سیاسەتی باج وەرگرتنی دەولەتەوە دەیان نالاند، وەکو لە دواییدا بۆمان روون دەبێتەوە.

جا بۆ ئەوەی مەودای تەواوی ئەم حەقیقەتە باشتر بەرجەستە بکەین، چەند برگەیەکی پڕ مەغزای ئەو ئەرزوحالە دەخەینە بەرچاو کە دەباخچی‌و مشت‌ومالکەر و پێلاو درووەکانی « مووسل » پێشکەش بە لێپرسراوانیان کرد و تێیدا داوایان دەکرد لە بەرهەمی کۆمپانیای « باتا » ی بیانی بیان پارێزن. ئەوانەی ئەرزوحالەکەیان مۆر کردبوو، لە لێپرسراوان دەپاڕێنەوە «.. دەستی یارمەتی‌یان بۆ درێژ بکەن » و دەپاڕێنەوە « خۆیان ومال‌و منالیان کە ژمارەیان خۆی لە چوار هەزار کەس دەدا لە مەترسی‌ی برسیەتی » بپارێزن. پاشان پیشەوەران دەقاو دەق دەلێن:

ـ ئەم قسەیش هی دوا سالی ئینتیدابە ـ:

«.. ئێمه چەند ساڵه بەوپەڕی خۆراگرتنەوەو لە ئەنجامی بەربەرەکانە کردنی کەل و پەلی بیانیدا، نەبوونیی و برسیەتی دەچێژین. زۆر جار زوڵمان لێ کراوەو لای لێپرسراوان دادو بێ دادمان کردووه، تاوەکو بەفریامانه وەبێن و لە بەلای ئەم بەربەرەکانێ کوشندەیه بما نپارێزن.[53] ئێمه لە کاتێکدا کە بەم کوێرەوەریی و هەژاریيه ژیان بەسەر دەبەین، کۆمپانیای ـ باتا ـ دای بە سەرماندا و دوکانێکی لەشارەکەماندا کردەوه تاوەکو بەرهەمی خۆی تێدا ساغ بکاتەوەو ئەو پارووەنانەی پەیدامان دەکرد لە گەروومانی دەربهێنێ و برسی و بێکارو ئاوارەمان بکا.. رزگارمان کەن لە کۆمپانیای ـ باتا ـ ، چونکە ئەوەندەی نەماوە بەتەواوی خۆمان و ماڵ و منداڵمان لەناو ببا ..»[54]

ئا ئەم ئەرزوحاڵه کە داوا لە مەلیك و سەرەك وەزیران و هەردوو وەزیری ناوخۆو دارایی دەکا، کارێکی وا بکەن باجێکی زۆرتر بخرێتە سەر کۆمپانیای ـ باتا ـ وهەمووکەل و پەلێکی بیانی هاوچەشنی کەل و پەلی عیراقی، لە ریزی کرێکاران و پیشەوەراندا، دەنگێکی باشی دایەوه.[55]

بەو چەشنە، ئەو پیشەوەرانەی بە درێژایی چەند سەدەیەك بووبوونە کۆڵەکەی ئابوری شارەکانی عیراق و تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بەبەرهەمەکانیان بازارەکانی ناوخۆو بگرە چەند هەرێمێکی دراوسێشیان سیسخناخ دەکرد[56] کەوتنە بارودوخێکی ئابوری زۆر ناهەموارەوەو ئەنجامی دەست تێوەردانی ئابوری و سیاسیی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان، لە تەنگ چەڵەمەیەکی راستەقینەدا دەژیان. لەبەر ئەوە ئەگەر رقێکی رەوا لە دڵ و دەروونی ئەوانەدا، دژی کەل و پەلی بیانی و خاوەنەکەی و ئەوانەیش کە هاوردن و ساغکردنەوەیان ئاسان دەکەن، کەڵەکە بووبێ شتێکی زۆر سروشتییه. ئەم هەڵوێستە لە ساڵانی ئینتدابدا زۆر جار سیمایەکی تۆباوی توندوتیژی دەگرتە خۆی. بە نموونە: لە دوا دوای ساڵی ١٩٣٠ دا خەڵکی « کەربەلا » وازیان لە چایی و قاوە خواردنەوە هێنا، چونکە شتومەکی بیانین. قاوەخانەکانی شار لەبریتی ئەوانە ماست و خورمایان دەفرۆشت؛ لەناو ماڵانیشدا دۆشاو دەخورایەوه.[57] هەر لەو رۆژانەدا رۆژنامەکانی ئەو رۆژگارە دەنگوباسێکیان لەمەر ئەو سوێندە بڵاو کردەوه کە چۆن « سی پیاوی ئاینیی هەرە بەناوبانگی نەجەف خواردوویانەو گفتیان داوە بە تەواوی دەست لە چایی خواردنەوە هەڵبگرن و هەوڵیش بدەن ئەم بیروڕایە لە ناو جەماوەردا بڵاو بکەنەوە ».[58] دوای ماوەیەکیش کۆمەلی کرێکاران و پیشەوەرانی « مووسڵ » بە شێوەیەکی فراوان

کەوتنە پروپاگاندە دژی کەل و پەلی بیانی، وەك رۆژنامە ناوخۆیی یەکانی ئەو کاتەو لەوانە رۆژنامەی « الاخلاص » ی مووسڵاوی دەستی بۆ درێژ کردووە، حاڵ گەیشتووەتە ئەوەی ئەو کەسانەی سەرپەرشتی ی پروپاگاندەکەیان دەکرد « خاوەنی چاپخانەکانیان هان دەدا شیری خۆماڵی لە بریتی چایی بێگانە بفرۆشن.. خاوەن چایخانەکانیش بەوپەڕی خۆشحاڵی یەوە بەم پێشنیازە قایل بوون و هەندێکیان دەستیان بە شیر فرۆشتن کرد و ئەوانی تریش لەسبەینێوە دەست پێ دەکەن.»[٥٩]

بە حوکمی ئەو هۆیانە، لە ساڵانی ئینتداب و بەتایبەتی لە دوا ساڵەکانیدا، هەوڵێکی زۆر درا بۆ پشتگیری کردنی پیشەسازی نیشتمانی ی لە بەغدا، کۆمەڵێکی تایبەتی بە ناوی « کۆمەڵەی پشتگیری کردنی بەرهەمە نیشتمانی یەکان » دامەزرێنرا و ئامانجی سەرەکیی ئەوە بوو « پاڵ بە نەتەوەوە، بە حکوومەت و میللەتەوە بنێ لە جیاتی بەرهەمی بیانی بە هەموو چەشنەکانی یەوە، یارمەتی بەرهەمە نیشتمانی یەکان بداو بەکاریان بهێنن». لەوانەیش کە ئەندامی دامەزرێنەری بوون، خەڵکی وەك « موحەممەد بەهجەتولئەسەری» و « حافز جەمیل » و « سەلمان ئەلسەفوانی » یان تێدا بوو.[٦٠] لە هەندێ شاریشدا و بۆ هەمان مەبەست، لیژنەی تایبەتی پێکهات و بەو بۆنەیەوە چەندین ئاهەنگ گێردراو ووتاری گەرمو گوڕ دەخوێندرانەوە تاوەکو هانی خەڵکیی کەل وپەلی بدەن خۆماڵی بکڕن. نوێنەرانی جەماوەریش بۆ نیشان دانی ناڕەزایی خۆیان و سەبارەت بەوەی کەل و پەلی بیانی بازاڕی ووڵاتی داگیرکردووەو بەربەرەکانەی کەل و پەلی خۆماڵی ی دەکا، سەردانی کارگە ئەهلی یەکانیان دەکرد.[٦١] کۆمەڵەی کرێکار و پیشەیی کان، لە یەکەم رۆژی دامەزراندنیانەوە، بەگەرمی ی بە پیر ئەم مەسەلەیەوە چوون، تەنانەت مادەی ٢٧ ـ ٣٠ی پرۆگرامی ناوخۆی « کۆمەڵەی سنعاتکاران » بریاری دا هەموو ساڵێك دوو پیشانگا بە مەبەستی هاندانی پیشەسازی نیشتمانی ی بکاتەوەو بۆ هەر پیشەیەکیش خەلاتێکی دیاری کرد.[٦٢] هەر بەراستیش کۆمەڵی ناوبراو چەند جارێك ویستی ئەم مەسەلەیە، بە کردەوە بچەسپێنێ.

بۆیە زۆر شتێکی مەنتیقی بوو کە ئەم رقە رەوایە دژی هەموو شتێکی بیانی بچێتە بارێکی ترەوەو لە هەڵوێستی سیاسی ی دژ بە ئیمپریالیزم دا خۆی بنوێنێ. ئەم دیاردەیەیش لە سەردەمی ئینتداب دا لەبەر دوو هۆی بنەڕەتی ی زۆر گەورە بوو. هۆی یەکەم ئەوەیە: پیشەوەران سەرەرای ئەو تەنگوچەڵەمەیەی تێیدا

دەژیان هێشتا هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی یان پێك دەهێناو کاریان لە ژیانی شار دەکرد و شارەکانیش وورده وورده خەریك بوون جێگایەکی دیارتر لە مەسەلە سیاسی یەکانی وولاتدا بۆ خۆیان داگیر بکەن. بە پێی تەقدیری وەزارەتی دارایی نیسبەتی پیشەوەران « کرێکاران و دوکاندارەکان » هێشتا لە ٣٪ وزیاتری دانیشتووانی پارێزگاکان پێك دەهێنن.[٦٣] گرنگی ئەم ڕێژەیەیش بە چەندیەتی ژمارەیان نی یە، بەڵکو گرنگی یەکەی لە چۆنیەتی یان دایە. چونکە ئەمانە چ لە شارو چ لە لادێکاندا پەیوەندی یەکی ڕاستەوخۆیان بە توێژە کۆمەڵایەتی یە هەژارەکانەوە هەبوو. لەوەیش گرنگتر ئەوە بوو کە لە زۆر سەرەوە بەیەکترەوە بەسترابوونەوە. بەپێی هەندێ بۆچوون وخەملاندن نزیکەی ٧٥٪ ی پیشەوەران ئاستی گوزەرانیان لە ڕادەیەکی ئەوەندە نزمدا بوو، ڕاستەوخۆ کاری لە هێزی کڕین « القوة الشرائية » ی کرێکاران و جووتیاران دەکرد. ئەوانی تریش کە ڕۆژانەکانیان زۆرتر بوو، بریتی بوون لە زێڕنگەرو زیوگەرو فەرش چنەکان و پیشەگەری لەو جۆرە.[٦٤] ئەوانەیش هیچ ڕۆڵێکیان لە جموجۆڵی ئەو کۆمەڵە پیشەیی یانەدا نەدەبینی کە لە سەرەتای سالانی سی دا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن خۆیان سەپاند.

هۆی دووەمیش ئەوە بوو: بەشێکی گەورەی پیشەوەران بێ کاری ڕووی تێکردن و تەنانەت ئەوانەیش کە دوکانی پیشەیی یان هەبوو بەرەو نابووتی دەچوون. ئەمانە هەر بەوەوە ڕانەوەستان ڕقێکی ڕەوا لەدڵ و دەروونیاندا پەروەردە بکەن، بەڵکو ڕوویان کردە ڕیزەکانی چینی تازەی کرێکاران. ئەم دیاردەیەیش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاری لە بزووتنەوەی کرێکاران کردو هەر ئەو پیشەوەرانەیش بوون بە درێژایی سالانی ئینتدابی بەریتانیایی بوونە سەرکردەو پێشرەوی کرێکاران.[٦٥]

گیروگرفتی زۆرو باروزرووفی لەیەکچووی ژیان، لە سالانی داگیرکردن و ئینتدابدا پیشەوەران و کرێکارانی لەیەك ئاستدا کۆکردەوە. لە قۆناغی دوای جەنگدا، چینی کرێکارانی عیراق تووشی چەندین جۆر چەوساندنەوە هاتن، ئەمەیش بەر لە هەمووشتێك لە مەسەلەی سەعاتی ئیش کردن و ڕۆژانەو بێ کاری و زامن کردنی ژیان دا ڕەنگیان دایەوە. بە درێژایی سالانی جەنگی یەکەمی جیهانی شتێکی ئەوتۆ لە سەعاتی ئیش کردن کەمی نەکردەوە. بە دەگمەن نەبێ کرێکار ڕۆژی لە هەشت سەعات پتر ئیشی پێ دەکرا. لەوەیش خراپتر ئەوە بوو کە هیچ کام لەو دامەزراوە ڕەسمی یانە، پەیڕەوی سیستەمی ٤٨ سەعات ئیش

کردنی هەفتانەیان نەدەکرد. وەك بەڵگەنامە رەسمی یەکانی بەریتانیا پێ ی لێ دەنێن، ئیش کردنی هەفتانەی کرێکارانی نەوت دەگەیشتە ٥٤ سەعات. جا بۆ ئەوەی بزانین تا چ رادەیەك بەش خوراو بوون، ئەو حەقیقەتە دەخەینە بەر چاو کە ئیش کردنی هەفتانەی کرێکار بە پێ ی بەڵگەنامە رەسمی یەکان لە هەندێ لەو کارگە ئەهلی یانەدا کە تازە دامەزرابوون لە ٤٨ سەعات تێپەڕی دەکرد.[٦٦] لەگەڵ ئەمەیشدا زانیاری یەکی زۆرمان لەبەردەستدا هەیەو هەموویشیان دڵنیامان دەکەن کە لە هەندێ بەشی کۆمپانیای نەوتی عیراقدا کرێکاران هەفتەی ٥٤ سەعات زیاتر ئیشیان پێ دەکرا. لە دوا ساڵی ئینتداب دا شۆفێری تراکتۆرەکان رۆژ هەتا ئێوارەو بگرە بەشێکی شەویش ئیشیان دەکرد.[٦٧] بۆیە چەوساندنەوەی کرێکاران لەلایەن دامەزراوەکانی میری یەوە گەیشتە ئەوپەڕی. لە بەڕێوەبەرێتی ئەشغالدا ئیش کردنی هەفتانەی کرێکاران دەگەیشتە ٧٠ سەعات. بەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵیش لە هاوین دا هەفتەی ٦٣ سەعاتو لە زستان دا هەفتەی ٧٠ سەعات ئیشی پێ دەکردن.[٦٨] بەلام ئیش کردنی رۆژانە بە نیسبەت ئەو کرێکارانەوە کە، وەرزاو وەرز ئیشیان دەکرد، لە نێوان ١٤ ـ ١٦ سەعات دا بوو.[٦٩]

کرێکاری عیراقی بەرامبەر بەم ئیشە قورس و گرانە، رۆژانەیەکی ئەوەندە کەمی وەر دەگرت نە هاوتای ئەو رەنجە بوو ئەو بەختی دەکردو نە لەگەڵ دەستکەوتی بێگانەو قازانجی دەوڵەتیشدا بەراوورد دەکرێ. هەر بەو حاڵەیش مایەوەو رۆژانەی کرێکارێکی عیراقی لە رۆژانەی کرێکاری زۆربەی وولاتانی ئەم ناوچەیە کەمتر بوو. لێرەدا جارێکی تریش بە شێوەکی ئاشکرا چەوساندنەوەی بێگانە خۆی دەنوێنێ کە چۆن ئەو دامەزراوانەی بە سەرمایەی ئەو بەڕێوە دەچوون هەوڵیان دەدا رۆژانەی کرێکاری عیراقی کەمبکەنەوەو تا بۆیان بکرێ زوڵمیشی لێ بکەن. لەبەر ئەوە، ئەگەر کرێکاری نەشارەزای عیراقی لە کۆمپانیای نەوت دا مانگی ٨ روپیە[٧٠] کەمتری لە کرێکارێکی هاوسنفی خۆی لە « کۆمپانیای فەتتاح پاشا » وەرگربتێ شتێکی سەیر نی یە.[٧١] گەر بێ و ئەوەیش بخەینە بەرچاوی خۆمان کە کرێکارێکی نەوت مانگی ٣٠ سەعات زیاتری لە کرێکارێکی چنینی کارگەی باسکراو ئیش دەکا، ئەوسا هەست دەکەین تێکڕای « معدل » ئەو جیاوازی یە تا چ رادەیەك بەرز بووەتەوە. کرێکارانی رێگای ئاسنیش هەفتەی لە ٣ ـ ٦ روپیە کەمتریان لە کرێکارانی هەندێ پرۆژەی ئەهلی ی وەردەگرت. لە ساڵی ١٩١٩ دا رۆژانەی هەندێ کرێکاری شارەزا کە لە « قورنە » ئیشیان دەکرد دوو سێ یەکی ئەو رۆژانەیەی هاوسنفەکانیان بوو کە لە شوێنە ئەهلی یەکاندا ئیشیان

دەکرد.[٧٢] جا بۆ ئەوەی ئەم بارو دۆخە لەجێی خۆی سەقامگیر ببێ، کۆمپانیا بیانی‌یەکـان قەواڵەی ئیش‌کـردنی زۆر ناڕەوایـان بە سـەر کرێکـارەکانیـاندا دەسەپاند، نەك هەر ئەوەیش بەڵکو لە نێوان خۆیان دا رێك دەکەوتن بۆ ئەوەی سیستەمێکی یەکگرتوو سەبارەت بە سەعاتی ئیش کردن‌و رۆژانەی کرێکاران بچەسپێنن، وەك هەردوو کۆمپانیای نەوتی کەرکوك و خانەقین کردیان.

جا بۆ ئەوەی ئاستی گشتی‌ی تێکـڕای رۆژانەی کـرێکاران لە ســاڵانی داگیـرکردن‌و ئینتـداب‌دا، بخەینـە بەردەست، لێـرە بە دواوە ئـەم نموونـانە دەنووسینەوە. بە قسەی راپۆرتە رەسمی‌یەکان، ئەوپەڕی مانگانەی کرێکاری نەشارەزا لە ساڵی ١٩٢٦ دا لە کارگەی « فەتتاح‌پاشا » دا، دەگەیشتە ٤٥ روپیەو لە کۆمپانیای نەوت دا ٣٧ر٨ روپیەو لە رێگای ئاسن دا ٣٥ روپیەو لەبەندەری بەسرە ٣٠ روپیەو لە « کۆمپانیای ئینگلیزی پەرەپێدانی لۆکە » دا ٢٥ روپیە، بوو.[٧٣] تێکڕای ئەم رۆژانانەیش لە دامەزراوەکانی سەر بە میری دا، بەرە بەرە، دێنـە خوارەوە. ئـەوەتا لە بـەرێوەبـەرایەتی گشتی‌ی ئـەشغال‌و مـەسـاحـە وکشتوکاڵ‌دا، لە باشترین حاڵ‌دا دەگەیشتە ٣٠ روپیە.[٧٤] تابلۆی تراژیـدیایی رۆژانەی کرێکارانی عیراق زۆرتر لەو هێڵە بەیـانی‌یەدا بـەرجەستـە دەبێ کە کەمترین رۆژانەمان نیشان دەدا، واتە رۆژانەی زۆربەی کرێکاران. ئەوەتا ساڵی ١٩٢٦ لە رێگای ئاسن ٢٥ روپیەو لە بەندەری بەسرە ٣٠ روپیە بوو.[٧٥] کەچی دوای پێنچ ساڵ کەمتر لەو دوو دامەزراوەیەدا بوو بە ١٥ روپیە.[٧٦] بە نیسبەت ئەو کرێکارە کاتی‌یانەیشەوە کە لە مەیدانی بیناکاری‌و ئیشی تردا هەڵدەسووڕان رۆژانەیان زۆرتر هاتە خوارەوەو رۆژ بەرۆژ بەپێی حاڵی بازاڕ دەگۆڕدرا، ئەمە جگە لەوەی کە لە شاروچکەکاندا دەگەیشتە نزمترین پلە. بەقسەی نووسەرێك، لە ناوەڕاستی ساڵانی سی‌داو لەشارۆچکەیەکی وەك « مەحمـوودی‌یە » دا، گـەر کرێکار رۆژی پێنچ فلس ـ مانگی دوو روپیە ك.م ـ و نانێك‌و تۆزێك خورما دەست بکەوێ زۆر خۆشحاڵە » هەروەها دەڵێ: « کرێکاری کشتوکاڵ هەن حاڵیان زۆر لە حاڵی ئەوانەیش خراپترە کە باسمان کردن».[٧٧]

سەرپاکی دامەزراوەکانیش هەوڵیان دەدا، تا بۆیان بکری, سوود لە ئیشی ئافرەت‌و منداڵ وەربگرن. بێ گومان ئەوانەیش بە ژمارە کەم نەبوون‌و زۆر جار زۆربەیان پێـك دەهێنا. ئـەوەتا ژمـارەی کرێکـارانی « کارگـەی دروستکردنی گۆرەوی لۆکەوخوری » لە بەغدا لە دوا ساڵی ئینتداب دا گەیشتووەتە ٣٠ کەس و

هەر هەموویشیان دەستە کچ بوون و تەمەنیان لە نێوان ١٢ ـ ٢٠ ساڵ دا بووە.(٧٨) لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵیش دا، ئـافرەت و منـاڵ پێکەوە، زیـاد لە ٣٠٪ ی سەرجەم کارگوزارانیان پێك دەهێنـا.(٧٩) بەڵام ژمـارەی ئافـرەت و مناڵ کـە لە مەیدانی رنینەوەی خورماو داگرتنی دا کاریان دەکـرد، وەك خۆی بـە زۆریی مایەوە. تەنانەت دامەزراوەیەکی وەك بەندەری بەسرە، بۆ هەندێ ئیش و کـار ئافرەت و مناڵی بەکار دەهێناو لە هەموو حاڵێکدا رۆژانەی ئەوانە نە گەیشتووەتە روپیەیەك و لە زۆر کاتیش دا، نەگـەیشتووەتـە کەمتـرین رۆژانەی کـرێکاری شارەزای پیاو.(٨٠)

سوود وەرگرتن لە ئیشی بەندەکان، لە ساڵانی داگیرکردن و ئینتداب دا، دزێوترین لاپەڕەی کار کردن لە مێژووی عیراق دا نیشان دەدا. بە تایبەتی کاتێك دامەزراوە حکوومی یەکان ژمارەیەکی زۆر بەندیان لە پرۆژەکانیان دا خستە ژێر باری ئیش کردنەوە. ئەوانە بۆ کردنەوەی رێگاو ئیشی بیناکاری و خشت بڕین و ئەو ئیشانەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ی شارەکان بوون، دەخرانە کار. لە مانگی مارتی ساڵی ١٩٢٤ دا بۆ پینەو پەڕۆ کردنی بەستەکانی « بەغدا » ٢٠٠ بەندیان خستە ئیشەوە. بەندەکانی « بەسرە» خەستەخانەی « موذ » یان دروست کردو بەندەکانی « باقوبە » یش بە بێ رۆژانە رێگاو بانیان تەخت دەکرد.(٨١) لە دوا دوای ساڵی ١٩٣٠ دا نزیکەی ٩٠٠ بەند بۆ هەڵکەندن و پاککردنەوەی جۆگەی « لەتیفی یە » خرانە سەر ئیش.(٨٢) لە سەرەتای ساڵی ١٩٣١ پتر لە ٨ هەزار بەندی عیراقی لە ئیشی بیناکاری جۆر بە جۆردا ئیشیان پێ دەکرا.(٨٣) هەرچۆنێك بێ ئەوانە رۆژی بەلای کەمەوە ٨ دانە سەعات بـە بێ پارە کـاریان دەکـرد، یان رۆژانەیەکی رەمزی یان دەدرایە، ئەویش دەچووە خەزێنەی بەڕێـوەبەرایـەتی بەندیخانەوە، یاخود گیرفانی ئەو لێپرسراوانەی پڕ دەکرد کەبۆ کـاروفرمـانی تایبەتی خۆیشیان ئیشیان پێ دەکردن. سەر جەمی ئەو پارانـەی لە کانـوونی دووەمی ساڵی ١٩٣١ دا لە رۆژێکدا بە ٣٨٣٦ بەند دراوە، گەیشتووەتە ١١١٥ روپیە. واتە تێکڕا هەر بە سێ بەند روپیەیەك کەمتریان بەر کەوتووە.(٨٤)

لەو ساڵانەدا بارو زرووفی ئیش کردن بە نیسبەت بەندەکانەوە زۆر لە بارو زرووفی کرێکارانی تر، قورستر بووە. وەك رۆژنـامەیـەکی ئەو کـاتەی ئینگلیـز لەبەسرە نووسیویەتی،: بەدەستی بەستەو لەبەر سووری هەتاو کە هەندێ جار پلەی گەرما دەگاتە ١١٠ پلەی فەهرەنهایت، هەر بە ٨ ـ ١٠ کەسیان، نیو تەن لقی دارخورمایـان دەدا بەشـان داو(٨٥) پاش تـەواو کردنی ئـەم کارە پـڕ لە ئازارو

ئەشكەنجەیە، بەدەستی بەستەوە دەگەڕانەوە بۆ بە ندیخـانەكـانیان كـە لە « بەندیخانەی سەدەكانی ناوەڕاست دەچوون »، وەك رۆژنامەیەكی سەر بە میری تاریفی كردووە.[٨٦] هەموو ئەمانە، بوونە هۆی تەشەنە كردنی نەخۆشی ی لە ناویان دا. لە ماوەی مانگێك دا بە تەنها لە پرۆژەكەی جۆگەی « لەتیفی یە » دا كە پێشتر باسمان كرد لە ٩٠٠ بە ند ٧٠٠ كەسیان نەگەڕانەوە.[٨٧]

دامو دەزگاكانی رژێم بەردەوام بوون لەسەر ئەم هەڵوێستە نامرۆڤانەیان بەرامبەر بـە بەنـدەكان، بـەڕادەیەك حـاڵ گەیشتـە ئەوەی « بـەڕێوەبـەری بەندیخانەكانی پاشایەتی » دەرهەق بە زۆر بوونی ژمارەی بەندەكان، دڵخۆشی ی خۆی دەردەبڕێ،[٨٨] چونكە ـ بەقسەی ئەو ـ بەهۆی ئەوانەوە « زەوی و زارێكی زۆر، بێ ئەوەی هیچی تێ بچێ دەژیەتەوە » و « بزووتنەوە یەكی بازرگانی ی و كشتوكاڵی ی بـە سوود بـۆ وولات و هاووڵاتیـان دەكەوێتـەگەڕ » وەك لە دەقی ئەوراپۆتەی دا نووسیویە كە رۆژی ٥ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٣ پێشكـەش بە « فەخامەتی وەزارەتی ناوخۆ » ی كردووە.[٨٩] بلیمەتی ی ئەم بەڕێوەبەرە گەیشتە رادەیەك پێشنیازی كرد « بەندیخانەیەكی گەڕۆك دابمەزرێ و لەژێر دەواردا بێ و پاچ و پێمەرەی بخرێتە بەردەست و شوورایەكی لە تەلی دڕكاوی بە چوار دەوردا بكێشرێ و هێزی كارەبای بخرێتە سەر». ئەوجا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ كـە سیستەمی رەفتار كردن لەگەڵ سەرسەری دا، پەیرەو بكرێ و چی سەرسەری هەیە بنێردرێن بۆ ئیش كردن و شوێنێكی تایبەتی یشیان بۆ جیا بكەنەوە، ناو بنرێ وەرشەی سەرسـەری یەكان و وەك بەنـد خواردنیـان بدرێتێ »، گـەر خەڵكیش پێویستی پێیان بوو، بە رۆژانە ئیشیان پێ بكەن بەمـەرجێك ئـەو پارەیـە بۆ « پاككردنەوەو چاككردنی نەهرەوان و دوجەیل » و « بینا كردنی بەستەكەی نزیك سامەڕا » خەرج بكرێ.[٩٠]

بارو دۆخی بەم چەشنەی بەندەكـان و شێوەی ئیش پێ كـردنیان، رای گشتی عیراقی ورووژاند. بەنموونە حزبی « الاستقلال » داوای كرد تا ئەوكاتەی بڕیاری حوكمەكەی دوا پلەی وەردەگرێ، ئیش بە بەند نەكرێ. هەر ئەم حزبە كە ناوەندی یەكەی لە « مووسڵ » بوو، لەم بارەیـەوە راپۆرتێكی دا بـە وەزارەتی ناوخۆو لە دوا دوای ساڵی ١٩٢٤ دا وێنەیەكی لە رۆژنامەكانی ناوخۆدا بـڵاو كردەوە.[٩١] رۆژنامەی « بەسرەتایمس » یش بە توندیی رەخنەی لەو بارودۆخە نارەوایە گرت كە بەندەكان تێیدا كاریان دەكرد.[٩٢]

بەندەكان خۆیشیان چیتر لە ووزەیان دا نەما بەم حـاڵە قایـل ببن و بە شێوەی جۆربەجۆر نارەزایی خۆیان دەردەبڕی. هەبوو لە كاتی گواستنەوەی دا

له شوێنێکه‌وه بۆ شوێنێکی تر، با ماوه‌ی به‌ندیه‌تیشی که‌م بووبێ، هه‌ڵده‌هات. له ناو هه‌ندێ به‌ندیخانه‌یش دا پشێوی که‌وته‌وه، وه‌ك ساڵی ١٩٢٣ له به‌سره رووی دا. له مانگی کانوونی یه‌که‌می ئه‌و ساڵه‌دا به‌نده‌کانی به‌سره مانیان له ئیش گرت و له ناو به‌ندیخانه‌دا مانه‌وه و به‌رده بارانی لێپرسراوانیان کرد.[٩٣] به‌لام نه ئه‌م هه‌ڵوێستانه‌و نه ناڕه‌زایی ده‌ربڕینی رای گشتی ی، نه‌یانتوانی کار بکه‌نه سه‌ر هه‌ڵوێستی میری، سه‌باره‌ت به به‌نده‌کان. به پێچهوانـه‌وه به زه‌قتـرین شێوه، له‌ته‌ك به‌نده مانگرتووه‌کانی به‌سره‌دا جووڵایـه‌وه. ته‌نـانه‌ت « بـه‌ڕێوه‌بـه‌ری به‌ندیخانه‌کانی پاشایه‌تی » داوای کرد « یاسای سزادانی به‌غدایی » ده‌ستکاریی بکرێ‌و دوو مادده‌ی تری بخرێته سه‌ر. یه‌که‌میان: هه‌ر به‌ندێـك حوکمی هـه‌تا هه‌تایی درابێ‌و « له ناو به‌ندیخانه‌دا تاوانێکی وای کرد هه‌قی ساڵێك یان زیاتر به‌ند کردنی هه‌بێ » له سێداره بدرێ. دووه‌میش: « هه‌ر به‌ندێك پانزه ساڵ حوکم درابێ و له ناو به‌ندیخانه‌دا تاوانێکی وای کرد هه‌قی ساڵێك یان زیاتر حوکمی هه‌بێ، بۆی بکرێ به حوکمی هه‌تا هه‌تایی.[٩٤]

بێ گومان ئیش کردن به به‌نده‌کان‌و به‌م شێوه‌یه، هه‌ر ده‌بوو کار بکاته سه‌ر کار و مه‌سه‌له‌ی بێکاریی، وه‌ك له‌مه‌ودوا روونی ده‌که‌ینه‌وه.

گیروگرفتی رۆژانه هه‌ر به ته‌نها مه‌سه‌له‌ی که‌می ی نه‌بوو، به‌ڵکو زرووف و هۆی تری دیاری کراو ئه‌وه‌نده‌ی تر ئاڵۆزیان کرد. کۆمپانیا بیانی یـه‌کان، بـه ئاره‌زووی خۆیان ده‌ستیان ده‌خسته رۆژانه‌ی کرێکاره عیـراقی‌یه‌کـانه‌وه، بـه تایبه‌تی چونکه به درێژایی ساڵانی ئینتداب حکومه‌تی عیراق ئه‌و کۆمپانیانه‌ی نه‌خستبووه ژێر چاودێریی سانسۆره‌وه. به پێچه‌وانه‌وه، به‌ڵگه‌یه‌کی زۆر له‌به‌ر ده‌ست‌دان، ده‌یسه‌لمێنن که لێپرسراوان هه‌وڵی ئه‌وه‌یان داوه رۆژانه‌ی کرێکاران که‌م بکه‌نه‌وه. به نموونه: « ئه‌نجومه‌نه‌کانی شاره‌وانی » زۆر به‌ته‌نگ ئه‌وه‌وه بوو « کرێ ی له راده‌به‌ده‌ری کۆڵکێشان » که‌م بکرێته‌وه.[٩٥] به‌ر له‌وه‌یش له « حیلله » حاکمی سیاسی به‌ریتاینا چی ئیشی بیناکاریی هه‌یه رایگرت، تاوه‌کو رۆژانه‌یه‌ك به‌سه‌ر کرێکاران‌دا بسه‌پێنێ که خۆی به ئاسایی داده‌نا.[٩٦] راستی‌یه‌که‌یشی هه‌ر به ته‌نها کرێکاران بوون له‌پێنا و رۆژانه‌یـه‌کی باشتـردا که‌وتبـوونه گێـژاوی مل‌ملانه‌وه. چونکه هه‌مووان ده‌یانویست به رۆژانه‌یه‌کی که‌متر ئیشیان پێ بکه‌ن، ته‌نانه‌ت له سه‌ره‌تـای ساڵانی بیست‌دا رۆژنـامه‌یـه‌ك مه‌سـه‌له‌ی « رۆژانه‌ی کرێکاران » ی به « گیروگرفتێکی قورس و گران » له قه‌له‌م داوه و رای وابووه « کرێکاران زوڵم ده‌که‌ن » و « ئه‌و رۆژانه‌یه‌ی ئه‌وان داوای ده‌که‌ن زۆره؛ نه‌که‌س

بەر پەرچیان دەداتەوەو نەخۆیشیان هۆشێك دێننەوە بەبەر خۆیاندا. گیروگرفتی دارایی‌و بێ بازاڕیی و ـ هۆی تریش ـ لەگەڵ ئەو ڕۆژانەیەدا ناگونجێ کە برای کرێکار داوای دەکا، ئا ئەمەیە بەشخوراوی »[97] لەم حاڵەدا گەر کۆمپانیا بیانی‌یەکان ڕۆژانەی کرێکاران کەم بکەنەوە شتێکی سەیر نی‌یە. بە نموونە: لە ڕۆژانی یەکشەممە و جەژنە ڕەسمی و ئاینی‌یەکاندا، هەردوو دەوڵەتی عیراق و ئینگلیز کارگەی « شالچی‌یە » یان نە کار دەخست‌و کرێکارانیش کرێی ئەو ڕۆژانەیان لێ دەبڕدرا.[98] لە دوا ساڵەکانی ئینتدابدا کۆمپانیاکانی نەوت، مانگانەی کرێکارە نەشارەزاکانیان بەنیسبەتی ٢٥٪ هێنایە خوارەوە و لەوەوە کە ساڵی ٣٧ر٨،١٩٢٦ ڕوپیەیان هەبوو کردیان بە ٣٠ ڕوپیە. بەڕێوەبەرایەتی بەندەریش شوێن پێی ئەو کۆمپانیانەی هەڵگرت؛ ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٦ دا مانگانەی کرێکارە نە شارەزاکانی لە ٣٠ ڕوپیەوە کرد بە ٢٥ ڕوپیە.[99] جا گەر بێ‌و تەماشای زیاد بوونی نرخی شتومەکی پێویست بکەین، ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ کرێکاران تا چ ڕادەیەك ستەمدیدە بوون. باشترین بەڵگەیش ئەوەیە کە لە دوای جەنگی یەکەمەوە، ڕۆژانەی زۆربەی کرێکارانی عیراق ئەوەندەی نرخی شووشەیەك شیر بووە.

زۆر جاریش ئەو ڕۆژانەیەی دەگەیشتە دەستی کرێکاران لەوەیش کەمتر بووە کە دەستمان بۆ ڕاکێشاوە. بە نموونە: ئەو کرێکارانەی لە کۆمپانیا کانی نەوت و پرۆژەی ڕاکێشانی بۆری نەوتی نێوان کەرکووك و دەریای سپی ناوەڕاست ئیشیان دەکرد و سەر بە خێڵە ڕەوەندەکان بوون، دەبوو بەشێکی ڕۆژانەکەیان ـ لە دەیەکەوە تا سێ‌یەکی ـ بدەن بە سەرەك خێڵەکەیان.[100] زۆرجاریش دەست ڕۆیشتووەکانی ئەو خێڵانە ئیش و کاری بۆری ڕاکێشان و شتی تریان بە قۆنتەرات وەردەگرت و ڕەعیەتەکەی خۆیان بە ناڕەواترین شێوە دەچەوساندەوە. بە نموونە: کۆمپانیای نەوتی تورکی زۆربەی ئیش و کاری ڕێگاو بان و پاسەوانی‌ی، بە قۆنتەرات دەدا بە سەرەك خێڵەکانی ناوخۆ.[101] سەرەڕای ئەمەیش جێ دەستی شێوازی دەرەبەگایەتی بە زەقی‌ی بەسەر هەڵس وکەوتی کرێکاران و تەنانەت ئەوانەیشەوە دیار بوو کە لەوەرشە و دوکانە پیشەیی‌یەکاندا کاریان دەکرد. ئەم واقیعەیش لە لایەن ئەندامێکی پەرلەمانی ئەوساوە[102] بەم شێوەیە باسکراوە و دەڵێ:

«... بە چاوی خۆت دەتبینی، کرێکارە و لە کارگە یاخود لە دوکانێکدا ڕۆژ هەتا ئێوارە کار دەکا، شەویش لە ماڵی خاوەن ئیشەکەیدا خزمەتی میوانی دەکرد و قاوەی دەگێڕا..»[103]

لەوەیش خراپتر. هەرچەندە ماددەی « دە » ی دەستووری وولاّت ئیشی زۆرەملێی قەدەغە کردبوو، بەلاّم دامو دەزگـای داگیرکـەرانو حکوومـەت بە بیانووی تەواو کردنی هەندێ کارو باری پێـویست، بە ئـارەزووی خۆیـانو بە رۆژانەیەکی رەمزیی ئیشیان بە سەر کرێکاراندا دەسەپاند. دەوڵەت بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ ئەم دیاردەیەی کە بە پێچەوانەی دەستووری وولاّتەوە بوو دابنێ، لە ساڵی ١٩٢٧ دا « یاسای پەنا وەبەر بردنی پێویست » ی دەرکـرد. بە پێ ی بەندەکانی ئەو یاسایە « ماف » ی ئیش پێ کردنی کرێکارانی دا بەو لایەنانەی پەیوەندی‌یان بەم مەسەلەیەوە هەبوو، تا بەو رۆژانەیەی ئەوان دایدەنێن ئیشیان پێ بکرێ. دیارە بیانوویشیان بۆ ئەم هەڵوێستە ئەوە بوو بەست دروست دەکەن بەربەستی لافاو دەکەنو تیپی تایبەتی بۆ قەلاچۆ کردنی کوللە پێك دەهێننو زۆر ئیشی تـری لەو بابـەتەو هـەموویشی لە بنـەڕەتدا خزمـەتی دەرەبەگـەکانو پەرژەوەندی ئەوانەی دەکرد. لە لایەکی تریشەوە فەرمانبەران بە هەمان شێوەو بێ سڵکردنەوە کرێکارانیان بۆ ئیشو کاری تایبەتی خۆیان دەچەوساندەوە. زۆر جاریش دەستکاری ئەو رۆژانە رەمزی‌یەیشیان دەکرد کـە میری بـۆ ئیش پێ کردنی کرێکاران دیاری کردبوو. ئـەم دیاردە نـا بەجێ‌یـە هەر لە سـەردەمی عوسمانلیو سەرەتای ساڵانی داگیرکردنەوە یەقی دابووەوە، بە رادەیەك دەوڵەت ناچار بوو، بێ‌هوودە هەوڵێك بداو سنوورێکی بۆ دابنێ. ئەوەتا ماددەی « ١٠٠ » ی «یاسای سزا بەغدایی‌یەکان» دەقاو دەق دەڵێ: « .. هەر فەرمانبەرێك بە زۆرەملێ ئیش بەسەر کرێکارێکدا بسەپێنێو ئەو پارەیەی کە بۆ ئەو ئیشە تەرخان کراوە ببا بۆ خۆی، حەوت ساڵ بەند دەکرێ، یاخود چەردەیەك پارەی لێ دەسێنرێ، یان هەردوو سزاکەی بە سەردا دەدرێ.. هەروەها ماددەی ١١٩ی هـەمان یـاسا دەڵێ: « هـەر فەرمـانبەرێـك بە زۆرەمـلێ ئیشی تایبـەتی بەکـرێکار بکـا سـزا دەدرێ..»[١٠٤]

ئەنجامی هەموو ئەمانەی پێشتر باسکران، کرێکاران لە ناو شاردا نزمترین توێژی کۆمەلایەتی‌یان پێك دەهێنا[١٠٥] و یانێکی کولەمەرگی‌یان دەبردە سەر و ئەوەی کە وەریان دەگرت بەکرێوە هەر بەشی ئەوەی دەکرد ئاهێکیان تێ گەرێو بتوانن لە سەر ئیش بەردەوام بن، وەك رۆژنامەی « نداء العمال » بە ئاشکرا دانی پیا دەنێ. ئەوەتا لە یەکەم ژمارەیدا دەڵێ: « هیلاکی یو شەکەت بوونی دەستو بازووی کرێکاری عیراقی بە ئاستـەم نانـە سکی ی بۆ دابـین دەکا..»[١٠٦] زۆر جاریش ئەو تۆزە دەرامەتە ژیانی مەمرەو مەژیی پێ نەدەبەخشین. بـەقسەی

لێپرسراوانی ئینگلیز خۆیان، ئەوەی کرێکارانی ڕێگاوبان لە ناوچەی کوردەوارییدا وەریان دەگرت بەشی « نان و جگەرە »[١٠٧] ی نەدەکردن. جا ئەگەر نەخۆشی ی و مەرگ لە ناویان دا بە شێوەیەکی ترسناك بڵاو بووبێتەوە، شتێکی سروشتی بووە. بە پێ ی ئەو سەر ژمێرە ڕەسمی یەی لە ناوەڕاستی سالانی بیستدا ئەنجام دراوە، نیسبەتی مردنی سالانە لە ناو کرێکارانی ڕێگای ئاسن دا، گەیشتە لە هەزاردا ٥٤ر٢ و لە ناو کرێکارانی بەندەری بەسرەدا لە هەزاردا ٧٦ر٥. نیسبەتی نەخۆشیش لە ناو کرێکارانی ڕێگای ئاسن دا سالی گەیشتە لە هەزاردا ٤٦ر٢ و لەبەندەری بەسرە لە هەزاردا ٢٧ر٢ و لەکۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی ـ فارسی دا گەیشتە لە هەزاردا ٠٧ر٢.[١٠٨] ڕاستی یەکەی نیسبەتی نەخۆش زۆر لەو ژمارانەی سەرەوەیش پتر بوون، چونکە بەشێکی زۆر لەوانەی نەخۆش دەکەوتن ناچار دەبوون شان بدەنە بەر دەردو نەخۆشی ی، تاوەکو لە ئیش دانەبڕێن و بەهۆی نەخۆشی یەوە نان بڕاو نەبن.

بێ گومان یەکێك لە هۆیەکانی ئەم بارودۆخە نالەبارە ئەوەیە کە بایەخێکی ئەوتۆ بە تەندروستی ی کرێکاران نەدراوە. ئەوەیشی کە هەبووە لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا بوو، یاخود هەر لە ئارادا نەبووە. ڕاپۆرتێکی ڕەسمی ی لەم بارەیەوە دەقاو دەق دەڵێ:

«.. هیچ زانیاری یەك دەرهەق بە چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی تەندروستی ی کرێکاران، لەو شوێنانەدا کە ئیشی تیا دەکەن لەبەر دەستدا نی یە. بەلام ڕاستی یەکەی ئەوەیە بلێین: کاروباری تەندروستی یان بە هۆی نەبوونی یاساو سانسۆرەوە کە پێویستە میری بە سەر خاوەن ئیشدا بیسەپێنێ، پشت گوێ خراوە..»[١٠٩]

دامەزراوە بیانی یەکان تا ڕادەیەك بایەخیان بە تەندروستی کرێکارەکانیان دەدا، بەلام هێشتا بەو جۆرە نەبوو کە پێویستە. بە نموونە: لە سالی ١٩٢٦ دا لە بەغدا، تاقە نەخۆشخانەیەکی ٤٥ کەسی، دەبوو چاودێری ئەو ٨ هەزار کرێکارە بکا کە لە ناوچەی « مووسل » و « خانەقین » ەوە تا دەگاتە « بەسرە » دەژیان.[١١٠] کرێکارانی نەوتی « خانەقین » یش بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشی ی دەبوو بچوونایە بۆ کەرکووك.[١١١]

بە درێژایی سالانی ئینتداب هیچ گۆڕانێکی ئیجابی بارو زرووفی ئیش کردنی نەگرتەوە، بە پێچەوانەوە چەندین بەڵگەمان لە بەردەست دایە، بۆمان دەر دەخەن کە چۆن لە پرۆژە بیانی یەکان دا تەندروستی کرێکاران خرابوە پشت

گوێو کەس بە تەنگی‌یەوە نەدەهات. بەنموونە: بەڕێوەبەرایەتی ڕێگـای ئاسن تەنیا لە ساڵێکدا ڕادەی خزمەتگوزاری تەندروستی‌ی هێنایە خوارەوە، تێکڕای ئەو پارانەی بۆ تاکە کەسێك لەگەڵ مانگانەکەی‌دا خەرج دەکرا، ٧٣ ڕوپیە بوو. کەچی ئەو پارەیە بە درێژایی ساڵی ١٩٢٥، « ٨٥ » ڕوپیە بوو.[١١٢] پاش تێپەڕ بوونی حەوت ساڵیش، هەر ئەو بەڕێوەبەرایەتی‌یە بڕیاری دا ٧٠ هەزار ڕوپیە لەو پارانە چز بکا کە بۆ ئەو نەخۆشخانەیەی تەرخان کردبوو. پاشانیش بەشێکی لە بینای نەخۆشخانەکە خستە سەر لقی ئەندازیاریی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگـای ئاسن.[١١٣] جا بۆ ئەوەی مەودای تەڵخو تاریکی ئەم وێنەیە زیاتر بەرجەستە بکەین، دەقی بەندی دووەمی ئەو قەواڵە تایبەتی‌یە دەنووسینەوە کە بەڕێوە بەرایەتی ڕێگای ئاسن پێش ئەوەی کرێکـار بخاتـە سەر ئیش پێ‌ی مـۆر دەکرد. دەبێ ئـەوەیش بزانـین کە ئـەو بەڕێـوەبەرایـەتی‌یە لە داموو دەزگـاکانی‌تـر، چـاکتـر خزمەتگوزاریی تەندروستی‌ی بۆ کـرێکارەکـانی دابین دەکـرد. دەقی بەنـدی دووەمی قەواڵەکە دەڵێ: «.. گـەر بە هـۆی ڕەفتار خـراپی‌ی خۆمـەوە، یان لە نەزانین‌و گوێ‌نەدان بە ئیشەوە، نەخۆش کەوتم‌و نەمتوانی بچمە سـەر ئیش؛ بەڕێوەبەری ڕێگای ئاسن بۆی هەیە بێ ئاگادار کردن ئەم قەواڵەیە پووچ بکاتەوە. گەر لە ئیشیش دەرنەکرام؛ بۆم نی‌یە مووچەی ئەو ماوەیە وەربگرم کە نەهاتوومە سەر ئیش. بە حوکمی ناوەڕۆکی ئەم قەواڵەیەیش ئەو ماوەیەم بە خزمـەت بۆ حساب ناکرێ.».[١١٤]

بێ گومان ئەو کەسەی مەرجی ئاوا ناڕەوا بسەپێنێ سڵ لەوەیش ناکاتەوە، گوێ نەدان بـە ئیش‌و بەد ڕەفتـاریی‌و نەزانینیش بکـاتە هـۆی هەمـوو دەردو نەخۆشی‌یەك. ئەمەیش ئەوە دەردەخا بۆچی زۆربەی کرێکاران کە لە ناکاوتووشی نەخۆشی دەبوون، هەر لەسـەر ئیش بەردەوام بـوون. زۆر نموونـەی سەیـرو سەمەرە هەن باسی هەڵس‌و کەوتی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگـای ئاسن دەکـەن لەم مەیدانەدا. بە نموونە کرێکارێکی شـارەزا لە کاتی ئیشـدا دەستێکی دەقرتێ، کەچی ئەو بەڕێوەبەرایەتی‌یە بڕیار دەدا ڕۆژانەکەی لە ٣ ڕوپیەو ٤ ئانەوە بکرێتە یەك ڕوپیە کەمتر. کرێکارێکی تریش دوای ئەوەی لە کاتی ئیش کردن‌دا چاوی ڕاستی کوێر دەبێ، ٥٠٪ ی مووچەکەی دەهێننە خوارەوە. یەکێکی‌تر لە کاتی ئیشدا لەسەر ستوونێك بەر دەبێتەوەو سێ مانگی ڕەبەق لە جێگادا دەکەوێ‌و سەرەڕای ئەوەی کە نەچوونی بۆ ئیش کـردن لە ویست‌و ئارەزووی خـۆی بە دەربووە، کەچی بە تۆمەتی ئەوەی لە ئیش دابڕاوە، دەردەکرێ.[١١٥] زۆر کاتیش ئەگەر کرێکار لە لایـەن دکتۆری کـارگەکـەیەوە مـۆڵەتی ناسـاغی‌ی بدرایـە،

بەڕێوەبەرایەتی مووچەی ئەو ڕۆژەی هەر لێ دەبڕی.[١١٦] بە درێـژایی سالانی داگیرکردن و بەشێکی زۆری سالانی ئینتداب نە بۆ کرێکاری عیراقیی خۆی و نە بۆ وەچەکانی زامن کردنی کۆمەلایەتی لە ئارادا نەبووە. تا لە سایەی چەندین هۆی ناوخۆیی و دەرەکیی دا چەشنە زامن کردنێکی ئێجگار دانسقە هاتە کایەوە. زۆربەی دامەزراوەو پرۆژەکان، دوای مردنی کرێکار، یان بریندار بوونی لە کاتی ئیش دا ئەوەی پێی بووترێ پاداشت نەیان دەدایە.

بەڕێوەبەرایەتی بەندەری بەسرە، تەنها پاداشی بەو کرێکارانە دەدا کە لە سەر ئەو کەشتی یانە ئیشیان دەکرد بۆ هەلکەندنی ڕووبار و قووڵکرنەوەی تەرخان کرابوون.[١١٧] چونکە خەلکیی پە ڕۆشی ئەو کارەگران و پڕ مەترسی یە نەبـوون. کۆمپانیای نەوتی عیراقیش بەم چەشنە پاداشی کرێکارانی دەدا. کرێکاری پیاو گەر لە ئەنجامی ئیش کردندا بمردایە، چەردەیـەك پارەی دەدرایـە، دەیکردە مووچەی ٣٠ مانگ یان ١٥٠٠ ڕووپیە، کامیان کەمتر بـوایە. منـدالی مردوویش چەردەیەك پارەی دەدرایە دەیکردە مووچەی شەش مانگی. کرێکاری پیاویش گەر بە هۆی ئیشەوە، کەفتەکاری هەمیشەیی ببوایە، ئەوا پاداشتێکی دەدرایە دەیکردە مووچەی ٤٢ مانگ، یان دوو هەزار ڕووپیە، کامیان کەمتر بوایە. هەر بۆ ئەو حالەتە، منال چەردەیەك پارەی وەر دەگرت، دەیکردە مووچەی ٨٤ مانگی یان ١٥٠٠ ڕووپیە کامیان کەمتر بوایە. هەرچی کۆمپانیای نەوتی « خانقین » ە، بۆ ئەو جۆرە حالەتانە، پاداشتێکی تۆزێك زیاتری بە کرێکارە کـانی دەدا.[١١٨] بەلام لە پرۆژەکانی تردا بۆ ئەوەی « خزمەتگوزاری تەندروستیی بۆ کرێکـاران دابین بکرێ و پاداشتی مال و مندالی ئەوانە بدرێتەوە کە دەمرن » لەوە بـەولاوە کە « ململانەیەکی کـوشندە » یـان دەکرد هیـچ شتێکی تر لە گـۆڕێ نەبـوو، وەك ئەندازیارێکی ئینگلیزی پێی لێ دەنێ.[١١٩]

وەنــەبێ بریـنـدار بوونی کـرێکاران لە کـاتی ئیش کردن دا، حـالەتێکی دەگمەن و دانسقە بووبێ، بە تایبەتی کە کۆمپانیا بیانی یەکان تا بۆیان بکـرایە پشتیان بە هەول و تەقەللای کرێکاران دەبەست و وزەی کرێکار لە بەکار هێنانی ئامێر کەمتری تێ دەچوو و هەرزانتر بوو. ئەمە لەلایـەك لە لایەکی تـریشەوە ئەوەی کە ئێستا بە شێوەیەکی نوێ بۆ پارێزگاری کردنی کـرێکار جێ بـەجێ دەکرێ، بە تایبەت لەو شوێنانەدا کە پێویستە پارێزگاری کرێکار بکرێ، ئەوسا لە ئارادا نەبوو. لەبەر ئەوە شتێکی سەیر نی یە ئەگەر تەقینەوەی یـەکەم بیـری نەوتی کەرکووك لە ١٣ی تشرینی یەکەمی سالی ١٩٢٧ دا، ببێتە هۆی مردنی ٢٠ کرێکار و بریندار بوونی ژمارەیەکی تریش.[١٢٠] ئەمەیش میریی ناچار کرد چەند هەنگاوێکی خێرا بنێ، نەك لەوە زیاتر خەلکی تێدا بچێ. ئەوە بوو بە درێژایی ١٧

میل، لەسەر بۆری نەوتەکان پێنج مەخفەری دروست کرد و هەردوو گوندی « حسێن‌ئاغا » و « قزلیاو » کە نزیك بوری یەکان بوون چۆڵ کردن.[121] زۆر جاریش رۆژنامەکانی ناوخۆ باسی بریندار بوونی کرێکارانیان لە کاتی ئیش کردن‌دا دەکرد، کەچی شتێکی ئەوتۆیشیان نەدەکرد، کەمێك باری شانیان سووك ببێ.[122]

کرێکارانی رێگـاوبان، جگـە لەوانەی پێشتـر باسکـران، مەتـرسی‌یەکی تریشیان بەسەرەوە بوو. سەرەك خێڵەکان دەرهەق بە حاڵی خۆیان، کردنەوەی رێگـاوبانی تـازەیـان بـە مـەتـرسی‌یـەك دەزانی ولایـان وابـوو هـەرەشـە لە سەربەخویی‌یان دەکـا و هۆیـەکن بۆ سـەپانـدنی یاسـاو دەست‌و دەسەلاتی دەولەت. لەبەر ئەوە هەوڵیان دەدا بە هەموو شێوەیەك تەگەرە بخەنـە ئیش و کارەکانی. بەم کارەیشیان ژیانی کرێکاران مەترسی‌یەکی راستەقینەی دەکەوتە سـەر و بارودۆخێکی دەروونی‌ی نـاخۆشی بـۆ دروست دەکردن؛ بـە تایبـەتی تۆڵەسەندنەوە، لە ناو عەشیرەتەکان‌دا، دەورێکی زۆری بینی ـ « ئا. م. هاملتن » ی ئەندازیار، چەندین رووداوی لەو جۆرە دەگێڕێتەوە کە بە درێـژایی ئەو سێ ساڵەی بە رێگای هەولێر ـ رەواندوز ـ رایات ـ ٥ وە خەریك بووە، روویان داوە.[123] زۆر جار ئەم عەشرەتانە ئەوەی کرێکاران بە رۆژ بنیاتیان ناوە، بە شەو تێکیان دەدایەوە. چەند رووداوێکی لەو بابەتەیش لە ناوەڕاست‌و خوارووی وولات‌دا، لەسەر رێگای ئاسن‌روویان دا، بۆیە ناچار بوون بە شەو ئێشکی بگرن. جگـە لەوەیش قەواڵە بە سەرەك عەشیرەکان مۆر کرا، کە دەبێ هەر یەکە لە ناوچەی خۆی دا پارێزگاری رێگای ئاسن بکا.[124] لەو سەردەمەداو بەتایبەتی سـالانی سەرەتای ئینتداب، عەشرەتەکان چەند جارێك هێرشیان بردە سەر کرێکاران. هەر بە نموونە: لە مانگی ئاياری ساڵی ١٩٢٣ دا، نـزیکەی ٥٠ « بـەدەوی »، هێرشێکیان بردە سەر رێگای شەمەندوفەر، لە نزیك « سامەڕا » وە و ئەنجام سێ کرێکار کوژران و یەکێکیش بریندار کراو پاشان ئەویش مرد.[125]

زۆر بەڵگەی تر هەن گەواهی ناخۆشی‌ی باروزرووفی ئیش کردن‌و نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست و زامن نەکردنی ژیانی کرێکارانن لە سەردەمی داگیر کردن و ئینتداب‌دا. زۆربەی ئەوانەی لای کۆمپانیاکانی نەوت ئیشیان دەکرد، دەبوو بە درێژایی چەند میلێك بە پێ بڕۆن، تا دەگەیشتنە شوێنی ئیش کردنی خۆیان یان ئەو شوێنەی سەرپەرشتی‌ی ئیشی ئەو کرێکارانەیان لێ دەکرد کەلەبەر دەستیان‌دا بوون.[126] بەشێکی ئێجگار کەمی کرێکاران نەبێ، ئەوانی‌تر مۆڵەتی ساڵانەیان نەدەدرایە، کە ئەویش لە باشترین حاڵ‌دا لە ١٤ رۆژ تێپەڕی نەدەکرد و کرێکاریش بۆی نەبوو کۆی بکاتەوە. زۆر جاریش ئەم چەشنە مۆڵەتە، دەخرایە بری مۆڵەتی نەخۆشی‌ی.[127] خانووبەرەو شوێنی زۆربەی هەرە زۆریشیان لەگەڵ

ناخۆشترین خانووی گوندەکانی عیراقدا جیاوازی‌یان نەبوو. بەڵگەنامە رەسمی‌یەکان خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە بەڕێوەبەرایەتی ی گشتی ی ئەشغال خێوەتی بۆ هەزاران کرێکار ئامادە کردبوو. بەڕێوەبەرایەتی کشت و کاڵیش کرێکارەکانی لە کۆختەدا نیشتەجێ دەکردن. وەنەبێ حاڵی کرێکاری نەشارەزای کۆمپانیا بیانی‌یەکان لە حاڵی ئەوانە باشتر بووبێ. کۆمپانیای نەوتی عیراق، جێگای لە تەنەکەو حەسیرو قامیش دروست دەکرد تا زۆربەی کرێکارەکانی تێدا نیشتەجێ بکا. لەوەیش خراپتر؛ بەڕێوەبەرایەتی بەندەری بەسرە، کرێی ئەو زەوی‌یانەی لە کرێکارە نەشارەزا کان وەردەگرت کە لە نزیك بەندەرەوە بۆی تەرخان کردبوون و لە گیرفانی خۆیان کۆختەیان تێدا دروست کردبوو.[١٢٨]

دەرکردنی بێ بەهانە، یەکێك بوو لە دیارترین گیروگرفتی کارو کرێکاران لە عیراقدا. ئەم مەسەلەیە تەنانەت لە دوای ساڵانی ئینتدابیش وەك خۆی مایەوە. چی دامەزراوی ئەهلی ی‌و میری‌و بیانی هەبوو، دەیانتوانی بە ئارەزووی خۆیان‌و کەی ویستیان کرێکار دەربکەن‌و کرێکاری ترلە شوێنیان دابمەزرێنن. هیچ کام لەم دام‌و دەزگایانەیش، پاداشی ئەو کرێکارانەیان نەدەدایەوە کە بە هۆ و بێ هۆ دەریان دەکردن. نەك هەر ئەوەیش بەڵکو ئاگاداری‌یەکیشیان نەدەدانێ تاوەکو لە ماوەیەکی دیاری کراودا مشووری خۆیان بخۆن: بە نموونە: بەڕێوەبەری رێگای ئاسن کە کرێکارێکی دەر دەکرد، مووچەی رۆژێك زیاتری نەدەدایە، هەروەها رۆژێکیش بەر لە دەرکردنی ئاگاداری دەکرد.[١٢٩] بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو بە ئاشکرا ئەم «ماف »ەی لە بەندی یازدەهەمی ئەو قەواڵەیەدا بۆ خۆی مسۆگەر کردبوو، کە کرێکاری پێ کردبووە کۆیلەیەکی دەست‌و پێ بەستراوو دابوویە دەست بەڕێوەبەرایەتی:

« ١١ ـ گەر هات‌و بە بەد رەفتاری‌و سەرپێچی کردن تاوانبار کرام، بەڕێوەبەری رێگای ئاسن بۆی هەیە بەبێ ئاگادار کردن لە ئیش دەرم بکا »[١٣٠] ئەم بەندە نارەوایە، بە شێوەیەکی ئەوەندە نابەجێ پەیرەو دەکرا، کەم رێکەوتووە، لە سەرانسەری جیهاندا وێنەی هەبوو بێ.[١٣١] لە رۆژانی یەکەمی سەربەخۆیی وولاتیشدا، دامەزراوەکانی سەر بە میری‌ر دامەزراوە ئەهلی‌یەکان، ئەو پەرەکەی مووچەی مانگێکیان بەو کرێکارە دەدا کە لە ئیش دەردەکرا؛ وەك ئەوەی چاپخانەی حکوومەت لە ساڵی ١٩٣١ دا دەرهەق بە چەند کرێکارێك کردی.[١٣٢] لەبەر ئەوە شتێکی سروشتی ی بوو کە ئەم هەڵوێستە ببێتە هۆی بڵاو بوونەوەی بێکاریی. دیارە بێکارییش خۆی لە خۆیدا ئاڵۆزترین‌و گرنگترین گیروگرفتێك بوو کە چینی کرێکارانی عیراق لە ساڵانی داگیرکردن‌و ئینتدابدا بە دەستی‌یەوە دەیان ناڵاند.

بێ کاریی وکرێکارە بیانییەکان

لە ساڵانی داگیرکردن و ئینتدابدا

پەرەسەندنی چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی لە لادێدا و زیاد بوونی ژمارەی ئەو جووتیارانەی هیچ سەرچاوەیەکی ژیانیان لە لادێدا نەما بوو، لەگەڵ زیاتر دەرکەوتنی جیاوازیی نێوان گوزەرانی شارو لادێو رەوکردنی بە گەلەی جووتیاران بەرەو شارە گەورەکان؛ ئەمانەو لە ناو چوونی بەرەبەرەی بەرهەمی پیشەییو لاوازیی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی نیشتمانیی‌و کەم بوونەوەی پرۆژە ستراتیژییەکانو چەندین هۆی تریش، دەڵێین هەموو ئەمانە وایان کرد لە ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ژمارەیەکی زۆر کرێکار فڕێ بدەنە بازاڕەوە، بێ ئەوەی کەس لێیان بپرسێتەوەو پێوبستی بە هێزی بازوویان هەبێ. لەمەوە دیاردەی بێکاریی لە ناو کرێکارانی عیراقدا بە شێوەیەکی ترسناکو کاریگەر تەشەنەی کرد. هەر لە ماوەی سێ ساڵی دوایجەنگدا ٥٠ هەزار کرێکار لە ئیش دەر کران. ئەوانە بەشێکی کەمیان نەبێ بەرەگەز فارس بوون، زۆربەیان کوردو عەرەب بوون.(١٣٣) سەرەڕای ئەمەیش هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگدا چەند ئاسنگەرخانە داخران.(١٣٤) کۆمپانیابیانییەکانیش، بە تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن، بەردەوام ژمارەی کرێکارە عیراقییەکانی کەم دەکردەوە. لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٢٧ دا، بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو دەستی لە کۆمەڵێکی زۆر کرێکاران هەڵگرت. ئەمانە زۆربەیان عیراقی بوون، بەم کارەیش لەشکری بێ کاران ئەوەندەی تر زیادی کرد..».(١٣٥)

گیروگرفتی بێکاریی لە دوا ساڵەکانی تەمەنی ئینتدابدا و لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆی بە یەکاچووکە یەك کاری لەویتر دەکرد، تا دەهات پتر یەقی دەدایەوە. دەتوانین تەنگوچەڵەمەی ئابوری سەرمایەداریتی جیهانی « ١٩٢٩ ـ ١٩٣٣ » و رادەی کارکردنی لە باروزرووفی عیراق بە گشتیی، بە دیارترین هۆی بێکاریی لەقەڵەم بدەین.(١٣٦) کۆمپانیا بیانی یەکانیش رۆڵێکی بنچینەییان لە خولقاندنی ئەم بارە ناهەموارەدا بینی؛ وەك لە بابەتەکانی داهاتوودا روونترلێیان دەدوێینو قسەیان لەسەر دەکەین. دامەزراوەکانی سەر بە میریش رۆڵی خۆیان لە زیاتر ئاڵۆز کردنی ئەم مەسەلەیەدا گێڕا بە نموونە: وەزارەتی. « مەعاریف » کتێبی قوتانجانەکانی لە « میسر » چاپ دەکرد،(١٣٧) لە کاتێکدا چاپخانەکانی عیراق بە دەست بێ بازاڕییەوە دەیان ناڵاند. جگە لەوەیش چاپخانەی حکوومەت بە بیانووی بێ ئیشی یەوە ژمارەیەك کرێکاری دەرکرد، کەچی لە هەمان کاتدا بە بیانووی ئەوەی ئیشی زۆرە، کاری زیادەی بەسەر کرێکارەکانی تردا سەپاند.(١٣٨) کارگە ئەهلییە تازەکانیش، ژمارەیەکی کەمی ئەم کرێکارانە نەبێ،

جێگای ئەم هەموو خەڵکە بێ ئیشەیان تێدا نەدەبووەوە کە ڕۆژ بەڕۆژیش زیادیان دەکرد. لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٣٢ دا ژمارەی ئەو بێ کارانەی بە تەنها لای «کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیکی عیراق» خۆیان ناونووس کردبوو نزیکەی ٥ هەزار کەس دەبوون و مانگێکی نەبرد ژمارەیان گەیشتە ٦ هەزار کەس، پێش ئەوەی ساڵ تەواو ببێ گەیشتنە ١٠ هەزار کەس. بەڵام ژمارەی بێ کاران لە شارەکانی تردا، بە چوار ئەوەندەی ئەو ژمارەیە خەمڵ کراوە.[١٣٩] نیوەیشیان پیشەیەك و زیاتریشیان دەزانی.[١٤٠] لە بارودۆخێکی وادا هەر ئەوەندەی بانگەوازێك دەربارەی هەندێ ئیش و کاری دیاری کراو بڵاو بکرایەتەوە، ئەگەر لەوپەڕی وولاتیش دا بوایە، سەدان کرێکار هەڵپەیان بۆ دەکرد خۆیان ناونووس بکەن.[١٤١]

بێ کاریی پاڵی بە ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانەوە نا وولات بەجێ بهێڵن و بۆ ئیش کردن پەنا ببەنە بەر وولاتانی دراوسێ. بێ گومان ئەوانە لە غەریبیدا دەبوو بە هەموو چەشنە کارێك قایل بن و ژیانێکی سەخت بەسەر بەرن، بە ڕادەیەك جاری وا هەبوو، ژیانیشیان لەدەست دەدا.[١٤٢] ئەمانەو «ژمارەیەکی زۆر کرێکاری عیراقی» برانە ئێرانەوەو لە کۆمپانیای نەوتدا کاریان بێ سپێردرا، بێ ئەوەی حکوومەتی عیراق ئاگای لەوە بێ «چۆن خراونەتە سەرئیش و ڕۆژانەیان چەندەو هەل و مەرجی ئیش کردنیان چییەو ژمارەیان گەیشتووە چەند» وەك لە بەڵگەنامەیەکی ڕەسمیدا باسی کراوە.[١٤٣] شایانی باسە ئینگلیزەکانیش لە سەر ڕێ و شوێنی هەمیشەیی خۆیان بە جۆرێك لە گەڵیاندا دەجووڵانەوە جیاوازییەکی تەواوی هەبوو لەگەڵ شێوەی هەڵس و کەوتیان بەرامبەر بە برا کرێکارەکانیان لە عیراقدا. بە نموونە: کرێکارە عیراقییەکان لە «عەببادان» لە ناو خانووبەرەی کۆمپانیای نەوتدا نیشتەجێ کران.[١٤٤] لێرەدا بێ سوود نییە ئەگەر دەست بۆ ئەو حەقیقەتەیش درێژ بکەین کە لەو کاتەدا ئێرانییەکان، داوایان لە دەوڵەتی بەریتانیا دەکرد، کرێکارە عیراقییەکان لە وولاتەکەیان دوور بخرێنەوە.[١٤٥] لە سەرەتای ساڵانی سیدا، مەسەلەی بێ کاری بوو بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەو بەشێوەیەکی فراوان سەرنجی ڕای گشتیی ڕاکێشا. بەدرێژایی دوو ساڵی دوایی تەمەنی ئینتداب، کەم ڕێکەوتووە ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ دەربچێ و بەم یان بەو شێوە لە مەسەلەی بێکاری نەدوا بێ.

سیاسەتی ئینگلیزیش لە عیراقدا ڕۆڵێکی دیاری لە گیروگرفتی بێ کارییدا بینی. سروشتی ئیمپریالیستەکان وایە، لە هەر جێگەیەك بارگەو بنەیان خست؛ هەوڵ دەدەن پۆلیس و سەربازی سوپاو کرێکاری شارەزای ناو داموو دەزگا جۆربەجۆرو گرنگەکان بکەنە جێی متمانەیان و لێیانەوە نزیك بن. ئەم تاقیکردنەوەیە لە لابورە گەورەکەی هیندوستاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

ئـەوە بوو ســەربازو پـۆلیسیان لە خێڵە نـاسراوو ئێجگـار دواکـەوتـووەکـان هەڵدەبژرارد؛ بە تایبەتی لەو عەشرەتانەی کە سەرکردەکانیان تا سەر ئێسقان ئەڵقە لە گوێی ئینگلیز بوون. لەبەر ئەوە شتێکی سروشتیی بوو داگیرکەران هەوڵی ئەوە بدەن لە میسۆپۆتامیادا هەمان تاقیکردنەوە دووبارە بکەنەوە، چونکە نیازیان وابوو بیکەنە بنکەیەکی چەسپاوو هەمیشەیی لە ناوجەرگەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. ئەمەیش ئەوە دەردەخاکە بۆچی کەوتنە خۆو هێزی « الشبانة » و « لیڤی » یان دامەزراند و لە بەغدا قوتانجانەیەکی تایبەتی یان بۆ کوڕی سەرەك عەشرەتەکان کردەوە.

هەرچەندە ئینگلیزەکان بە هۆیخەبـاتی بێ ووچانی میللەتی عیـراقەوە نەیانتوانی بگەنە مەبەست و لەم مەیدانەدا دووچاری تێشکان هاتن، بەلام ئەو سیاسەتەیان کە دەرهەق کرێکاران نەخشەیان بۆ کێشابوو سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا. بەر لە هەموو شتێك هەوڵیاندا ماوەی شارەزا بوونی کرێکاری عیراقی لە رووی هونەرییەوە تا دەتوانرێ بەربەست بکرێ، بۆ ئەوەی کادیری هونەری عیراقی پێ نەگاو لەو لایشەوە مەیدانیان بۆ چۆڵ بێ، بێگانەو خەڵکی ئەڵقە لە گوێی خۆیان بە شێوەیەکی لە رادە بەدەر دابمەزرێنن. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە خاسی یەتەکانی چینی کرێکارانی عیراق و تا ئەو رۆژەیش وولات سەربەخۆیی سیاسی وەرگرت ئەم خاسییەتەی لێنەبووەوە. واتە کەمیی ژمارەی کرێکاری شارەزا لە ناو ریزەکانی چینی کرێکارانی عیراقدا.

کۆمپانیا بیانییەکانیش دەرهەق بە پێگـەیانـدنی کادریـری خۆوولاتی رێگای جۆربەجۆریان دەگرت و پاشەکشەیان لەو ئەرکانـە دەکرد کـە بە پێی بەڵگەنامە رەسمییەکانی نێوان ئەوان ودەوڵەت، دەبوو جێ بەجێی بکەن.(١٤٦) کۆمپانیاکانی نەوت تەنـانەت دوای ئینتـدابیش، بۆ راپـەڕاندنی ئیش و کـاری هونەری بە تایبەتی مەسەلە ئالۆزەکـان، پشتیان بـەو کەسـانە دەبـەست کە سـەربەخـۆیان بـوون و پەیـوەندییـەکی پتـەویـان لەگـەڵیـان هـەبـوو.(١٤٧) بەڕێوەبەرایەتی رێگـای ئاسن، هـەرگیز هـەنگاوێکی تـایبەتی سـەبارەت بـە پێگەیاندنی کادیری هونەری عیراقی نەنا لە داموو دەزگاکانی خۆیدا. بە نموونە: ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لەتەك « قوتابخانەی سنعاتکاران » دا پێك هات تا بەشتێك پارە مەشق بە چەند کرێکارێك بکا. کەچی بەڕێوەبەرایەتی نـاوبراو لە مـاوەی دووساڵ دا تەنهـا ٣٧ کەسی نـارد و لەم ژمارە کـەمەیش تـاقە سێ کـەسیان دەورەکەیان تەواو کرد، ئەوانی تر گێڕدرانەوە بۆ قوتانجانەکەیان، چونکە یان زۆر

منـدال بوون، يـاخـود ئـارەزووی ئيش‌كـردنی نـاو كـارگـه‌يـان نـه‌بـوو.[148] بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن بەمەیشەوە ڕانەوەستـا بەڵكـو لە كۆتـایی ساڵی ١٩٣٠ دا ئـەو دوو قوتـابخانـەیەیشی داخست كـە لە ساڵانی داگیـركردندا ئینگلیزەكان لەبەر پێویستی‌یەكی زۆر بۆ مەشق پێ كردنی ژمـارەیەك كـرێكار دایان مەزراندبوون.[149]

هەموو ئەم كارو كردەوانە بە پێش‌چاوو گوێ‌ی لێپرسراوانی عیراقـەوە روویان دەدا.[150] سەرەڕای ئەوەی وولات پێویستی‌یـەكی زۆری بە كـادیری هونەری هەبوو و لەگەڵ ئەوەیش‌دا كە لایەنە كرێكاری‌یەكان چەندین جار پێیان لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرت‌و دووپاتیان دەكردەوە كە بایەخی پێ بـدرێ؛ دەڵێین سەرەڕای هەموو ئەمانەیش هێشتا كرێكاران وپیشەوەران سوور بوون لەسەر ئەوەی قوتابخانەی پیشەسازی‌یان بۆ بكرێتەوە تا مەشق بەكرێكاران بكاو تـەنانـەت داوایشیان دەكـرد شان بـە شانی قـوتابیـانی، دەوڵەت شـارەزاو لێهاتووەكانیان بۆ دەرەوەی وولات بنێرێ.[151] بۆیە كۆمەڵە جۆر بە جـۆرەكانی كرێكاران لە سەرەتای ساڵانی سی‌دا، ناچار بوون دەورەی ڕۆشنبیری و مەشق پێ كردنی تایبەتی بۆ ئەندامانیان بكەنەوە و بۆ ئەم مەبەستەیش كتێبی جیا جیای لەمەڕ پیشەسازی‌و میكانیكیان هێنا تا لە دەورەكان‌دا بخوێنرێن.[152] چەندین بەڵگە بەدەستەوەن گەواهی ئەوەن كە تا چ رادەیەك كرێكـاران‌و پیشەوەرانی عیراق ئامادەی فێربوون‌ودا هێنانن.[153]

پیشەسازی نیشتمانیش، لە سنوورێكی زۆر تـەسك‌دا نـەبێ، ئەوەنـدە پێویستی‌ی بە كرێكاری هونەری نەبوو، بۆیە نەیتوانی كارێكی ئەوتۆ بكاتە سەر ئەم مەسەلەیە. لە خۆڕایش نەبوو كە خاوەنی یەكـەم كارگـەی چنینی نوێ‌ی ئەهلی‌ی ناچار ببێ، پرۆژەكەی لە « كازم » بنیات بنێ. چونكە لەوێ ئەوەندەی ئەو دەیویست‌و زیاتریش كرێكـاری پیشەیی، لەوانـەی بۆ ئـەو ئیشە پشتیـان پێ دەبەسترا و شارەزای ئەم پیشەیە بوون، دەست دەكەوتن. هەر لەبەر نەبوونی كرێكاری شارەزا، دامەزراندنی یەكەم كارگەی پێستە خۆشكردن دوا خرا. ئەوە بوو چەند پارەدارێكی سەر بەو پیشەیە، ناچار بوون چەند كرێكـارێك لەسـەر حسابی خۆیان بنێرن بۆ ئەوروپا، تاوەكو ببنە پسپۆری ئەو پیشەیەو هەتا ئەم هەنگاوە نەنرا، كەسێكی وەك « عەلی سائیب ئەلخزەیری » نـەیتوانی، یـەكەم كارگەی پێستە خۆشكردن لە وولاتدا، دابمەزرێنی.[154]

تێكڕای ئەم هەنگاوە لاوەكی‌یـانە بـۆیان نـەكرا كـار بكەنـە سەر ئـەو

دەلاقەگەورەیەی چینی کرێکارانی عیراق پێوەی دەینالاند؛ ئەویش نەبوون و کەم شارەزایی بوو لە رووی هونەرییەوە. لەساڵانی داگیرکردندا لە ناو تێکرای کرێکارانی پرۆژەو دامەزراوەکاندا، کرێکارە عیراقییە شارەزاکان بەشێکی ئێجگار کەمیان پێك دەهێنا. بە نموونە: لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ دا لە ناو ٤٠٦ کرێکاری عیراقیدا کە لە ناوچەی « قورەتوو » ی نزیك « خانەقین » ئیشیان دەکرد، تەنیا سێ کەسیان شارەزا بوون. لە مانگی ئەیلوولی هەمان ساڵدا، ئەو کرێکارە عیراقییانەی لە بەغدا کاریان دەکرد و ژمارەیان خۆی لە پێنج هەزار کەس دەدا، ٣٥٦٨ کەسیان نەشارەزا بوون.[١٥٥] لە سەردەمی ئینتدابیشدا کەمێك نەبێ، ئەم واقیعە هەر وەك خۆی مایەوە. جا بۆ ئەوەی وێنەیەکی راستەقینەی ئەم مەسەلەیە بخەینە بەر چاو، چەند نموونەیەك لەسەر دامەزراوەکانی میری دەهێنینەوە؛ چونکە ئەو ژمارانەی تایبەتن بە پرۆژە بیانییەکان، زۆر جار کرێکاری عیراقی و بیانی تێکەڵ دەکەن، دیارە نیسبەتی شارەزاکانیش لە ناو کرێکارە بیانی یەکاندا، زۆر لە نیسبەتی عیراقییەکان زیاترە. گرنگ ئەوەیە، ئەم نموونانە کە لە بەڵگەنامە رەسمییەکانمان وەرگرتوون، هی دوو ساڵی دوایی سەردەمی ئینتدابن. واتە پاش ئەوەی بیست ساڵی رەبەق بووعیراق لە ژێر دەسەلاتی راستەوخۆی دێرینەترین دەوڵەتی پیشەسازی جیهاندا، دەژیا. لە ساڵی ١٩٣١دا لە بەرێوەبەرایەتی « مەساحە » ٣٥٠ کەس ئیشیان دەکرد، سەرپاکیان نەشارەزا بوون. بەرێوە بەرایەتی برووسکەو پۆستەیش لە سەرجەم کرێکارەکانی، کە ژمارەیان خۆی لە ١٠٣ کرێکار دەدا، ١٧ کە سیان شارەزا بوون. لەناو هەموو ئەو کرێکارە عیراقییانەدا کە لە کارگەی شوشتنی خوری سەر بە کۆمپانیای « لەنج » دا کاریان دەکرد، تاقەکرێکارێکی شارەزای تێدا نەبوو.[١٥٦] کەمیی کادیری هونەری خۆماڵی، دامەزراوە ئەهلییەکانی ناچار کرد پەنا وەبەر کرێکاری بیانی بنێن. بە نموونە: لە ساڵانی سیدا، کارگەکانی جگەرە دروست کردن ٥٤ کەس و کارگەی شقارتە ٦ کەسی بیانییان لابوو ئیشیان دەکرد.[١٥٧]

ئینگلیزەکان ئەوەی مەرامیان بوو، بەهۆی ئەم کێشەیەوە دەستیان کەوت؛ ئەوە بوو کردیانە بەهانەیەك تاوەکو بەگەلە کرێکاری بیانی بۆ ئیش کردن بهێننە عیراقەوە.[١٥٨] لە ساڵانی داگیر کردندا خەڵکی هیندوس و ئێرانی و هی تریش، زۆربەی هەرە زۆری کرێکاری ئەو پرۆژانەیان پێك دەهێنا کە سیستەمی داگیرکەران لە وولاتدا بنیاتیان نابوو. تەنانەت سەرجەمی ئەو کرێکارە

عیراقی‌یانه‌ی ساڵی ۱۹۲۱ له دام‌و ده‌زگاکانی ریگای ئاسن‌دا ئیشیان ده‌کرد گه‌یشته ۷٥٠ که‌س، ئه‌وانی‌تر که له بیست هه‌زار که‌سیان تێپه‌ڕاند بیانی بوون.[١٥٩] ئه‌م نیسبه‌ته له دوورترین ناوچه‌ی وولاتیش‌دا هه‌ر وه‌ك خۆیه‌تی. هه‌ر شوێنێك له شکری داگیرکه‌ران پێی گه‌یشتبێ، ژماره‌یه‌کی زۆر کرێکاری بیانی شوێنیان که‌وتوون، یان له‌گه‌ڵیان‌دا بوون. له سه‌ره‌تای ساڵی ۱۹۲۰دا « ٦٠٩ » کرێکار له ناوچه‌ی « کنگربان » و ۱۰۰ کرێکار له « بازیان » له‌سه‌ر رێگای « سله‌یمانی » و « ۳۰ » له « تاووق » ی نزیك « که‌رکووك » ئیشیان ده‌کرد. به‌رامبه‌ر به‌وان ۱۲۸۰ کرێکاری هیندۆسیش له کاردا بوون.[١٦٠] بێ گومان له‌م رووه‌وه هیچ جیاوازی‌یه‌ك له سه‌رانسه‌ری وولات‌دا نه‌بوو.

له ساڵانی ئینتداب‌دا، سه‌باره‌ت به دوو هۆ ئه‌م باره که‌مێك گۆڕدرا. یه‌که‌میان: ته‌واو بوونی به‌شێکی زۆر له‌و پرۆژه ستراتیژی‌یانه‌ی ئینگلیزه‌کان له‌گه‌ڵ هه‌ڵگیرساندنی ئاگری جه‌نگی یه‌که‌م‌دا ده‌ستیان پێ کردبوو. دووه‌میان: هه‌ڵوێستی کرێکاران‌و هێزه سیاسی یه‌کانی عیراق به‌رامبه‌ر به‌و هه‌موو کرێکاره بیانی‌یانه‌ی له وولاته‌که‌یان‌دا ده‌ژیان. به‌لام سه‌رباری ئه‌وه‌یش هێشتا ئه‌وانه به درێژایی سه‌رده‌می ئینتداب نیسبه‌تێکی ئێجگار زۆری کرێکارانیان له عیراق‌دا پێك ده‌هێنا. کۆمپانیاکانی نه‌وتیش به هیچ کلۆجێ گوێ‌یان به‌و قه‌والانه نه‌ده‌دا که له گه‌ڵی‌دا مۆر کرابوون، به تایبه‌تی ئه‌و به‌نده‌ی که ده‌بوو کرێکاری عیراقی بخاته ئیشه‌وه.[١٦١]

به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی رێگای ئاسن له‌مه‌یش زیاتر پێی لێ هه‌ڵبری‌و به ته‌واوی پشتی به کرێکاری بیانی ده‌به‌ست. به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی به‌نده‌ری به‌سره‌یش له‌م رووه‌وه جیاوازی‌یه‌کی ئه‌وتۆی نه‌بوو.

سه‌رچاوه‌کان که دێنه سه‌ر خه‌مڵ کردنی ژماره‌ی کرێکاری بیانی له ساڵانی دوایی سه‌رده‌می ئینتداب‌دا رای جیا جیایان هه‌یه. سه‌رچاوه کرێکاری‌یه‌کان، بۆ ئه‌وه‌ی رای گشتی‌ی به لای خۆیان‌دا رابکێش و بیانخه‌نه پاڵ خۆیان، زێده‌رۆیی له ژماره‌کان‌دا ده‌که‌ن. سه‌رچاوه ره‌سمی‌یه‌کانیش به‌تایبه‌تی ئینگلیزی‌یه‌کان، هه‌وڵیان ده‌دا تا بۆیان ده‌کرێ ژماره‌کان که‌م بکه‌نه‌وه، به‌تایبه‌تی که بێکاری بووه مه‌سه‌له‌یه‌کی گشتی‌ی‌و له هه‌موو لایه‌که‌وه بایه‌خی پێ درا. زۆر جار سه‌رچاوه ئینگلیزی‌یه‌کان ئه‌و کرێکاره ئێرانی‌و هیندۆسانه‌ی جنسی‌یه‌ت‌نامه‌ی عیراقی‌یان وه‌گرتبوو به کرێکاری بیانی له قه‌ڵه‌م نه‌ده‌دان. وا لێره‌دا چه‌ند نموونه‌یه‌ك له هه‌ر دوو سه‌رچاوه‌که ده‌خه‌ینه پێش چاو، له هه‌موو

حاڵێکدا وێنەیەکی رووناکمان سەبارەت بە زۆریی کرێکـاری بیانی لە وڵاتدا نیشان دەدا.

بە قسەی سەرچاوەیەکی کرێکاری، نیسبەتی ئەوانەی جنسییەتنامەی جیاجیایان هەبووەو لە دام و زگای کـۆمپانیـای نەوتی ئینگلیـزی فارسدا لە « خانەقین » ئیشیان دەکرد بەم جۆرەی خوارەوە بووە.

	ئێرانییەکان	ئەرمەنییەکان[١٦٢]	هیندۆسەکان	عێراقییەکان
کرێکارانی نەوتخانە	٪٥٠	٪٢٠	٪٢٠	٪١٠
کرێکارانی ئیستگەی پاڵاوتن	٪٦٠	٪٢٠	٪١٤	٪٦
کرێکارانی ئیستگەی بارکردن	٪٤٣	٪٢٣	٪٢٢	٪١٢[١٦٣]

شایانی باسە کاتێك رۆژنامەکانی ناوخۆ ئەم ژمارەیەیـان بڵاو کـردەوەو قسەیان لەسەر کرد و رای گشتییان وریا کردەوە، کۆمپانیای ناوبراو بـەهیچ شێوەیەك بەدرۆی نەخستنەوە.

سەرچاوەرەسمییـەکان و راپـۆرتەکـانی بەریتـانیا ژمـارەی کرێکـاری بیانییان لە ساڵی ١٩٢٦ دا بە ٢٠٪ خەمڵ کردووە. نیسبەتێکی نزیك بەوەیشیان بۆ ئەو کرێکارە بیانییانە داناوە کە لە ساڵی ١٩٢٧دا لە کۆمپانیاکانی نەوتدا کـاریان دەکـرد. ساڵی ١٩٣٠ یش ژمـارەی کرێکـارە بیانییـەکانی بـەندەری بەسرەیان بە ٤٠٪ خەمڵ کردووە.[١٦٤]

لێرەدا پێویستە دوو تێبینی بچووك، بەڵام پڕ مەغزا بخەینە روو. لە ١٦ی تەمووزی ساڵی ١٩٢٨ دا، کاتێك وەزیری ئەشغال و هاتوچۆ لەبەردەم پەرلەماندا رای گەیاند گوایە نیسبەتی کرێکاری بیانی لە کۆمپانیا بیانییەکاندا لە عیراق لە ٢٠٪ی هەموو کرێکاران تێپەڕ ناکا، رۆشنبیرێکی ئەو کاتە بەرەنگـاری دەبێ و

لەژێـر نازنـاوی « لادێیەکی دڵ پـڕ لەسوێ » دا، ووتـارێکی سـەرەکیی لە ڕۆژنامەیەکی ئەو کاتەدا بڵاو دەکاتەوە و دەقاودەق دەڵێ:
«.. لە هەر سێ ناوچەکەی کۆمپانیای نەوتی خانەقین کە ـ نەوتخانەو ئەڵوەند ـ شوێنی پاڵاوتن ـ و ئیستگەی بارکردنن، سێ مانگم بەسەر بردووە. ئەو کرێکارە عیراقییانەی لەو کۆمپانیایەدا کار دەکەن نیسبەتیان لە ٣٠٪ تێپەڕ ناکا، کەچی تەنانەت پاسەوان و ئەو قۆنتەراتچییانەی خانووبەرە بۆ ئەوروپایی و کرێکارەکان دروست دەکەن و خەڵکی تریش هەموو بیانین.»[١٦٥]

بەڵام نە وەزیر و نە کۆمپانیای ناوبراو نەیانتوانی بەرپەرچی ئەم حەقیقەتە بدەنەوە. پاش ماوەیەکی کەمیش وەزارەتی ئـەشغال و هـاتوچـۆ بڵاوکـراوەی مانگانەی خۆی لەمەڕ نەوتی عیراق بڵاوکردەوە تێیدا باسی دەکا گوایە ژمارەی ئەو کرێکارە ئێرانییانەی لە کۆمپانیای نەوتی خانەقین کار دەکەن تەنیا ١٦٨ کەسن.[١٦٦] بەڵام هـەر دوای دوو ڕۆژ، ڕۆژنامـەکانی نـاوخۆ لەبـەر ڕۆشنایی سەرچاوە ئێرانییەکان، ئەو ژمارەیەیان بەدرۆ خستەوەو سوور بـوون لەسەر ئەوەی کە ژمارەیان گەیشتووەتە ٨٥٧ کەس؛[١٦٧] وەزارەتیش نەیتوانی وەڵامێکی ئەم هەواڵە گورچك بـڕە بداتـەوە. بەپێچـەوانەوە، لە ژمـارەکانی داهـاتووی بڵاوکراوەکەیدا چیتر تێخنی ژمارەی کرێکارە بیانییەکان نەکەوت و تەنها باسی رادەی بەرهەمهێنان و ئیش و کاری کومپانیاکانی دەکرد.[١٦٨]

ئەم هەموو کرێکارە بیانییەو لەباروزرووفێکدا کە بێکاری لە ناوخـۆی وڵاتدا تـەشەی کـردبوو، کـارێکی سەلبی کـردە سـەر دەروونی کـرێکـارە عیراقییەکان کە بە شێوەیـەکی لە ئەنـدازە بەدەر دژایـەتییان دەکـردن؛ بە تایبەتی بەرامبەر کرێکارە هیندۆسەکان و لایان وابوو بەزۆری ئەمانـە کاریـان کردووەتە سەر کارو کرێکاران لە عیراقدا. ئەوەیشی کە پتر کاری لە هەڵوێستی کرێکارە عیراقییەکان دەکرد، ئەوەبوو کرێکارە بیانییەکان هەندێ ئیمتیازیان پێ بەخشرابوو، ئەمان لێی بێ بەری بوون. بە نموونە: بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن ٥٠ تا ١٥٠ روپیە مانگانەی دەدا بەوانەی لە هیندوستـانەوە دەیهێنـان، هەر بەگەیشتنیان مانگی ٢٠ روپیەی تریان بە ناوی « مخصصات »ی خـواردنەوە دەدرایە. بەپێی قەواڵەی ئیش کردنیش مافی ئەوەیان هەبوو لەسەر حسـابی بـەڕێوە بـەرایەتی نیشتـەجێ بکرێن و تیمـاری نەخـۆشەکـانیان بکـرێ. گەر کۆمپانیایش نەیتوانی شوێنی نیشتەجێ کردنیان بۆ دابین بکا، ٨٪ی مووچەکەیان لە بری کرێی خانوو بدرێتێ. هەر کەسێکیش ماوەی دوو ساڵی لە ئیشدا بەسەر

برد، بۆی هەبوو لە بریتی هەر ١٢ رۆژ خزمەت، رۆژێك مۆڵەت وەربگرێ. یەك مانگی تەواویش مۆڵەتی نەخۆشی ی بە مووچەی تەواو دەدرایەو گەر پێویستیشی بکردایە مانگێکی تری بە نیوەی مووچەکەی دەدرایە. هەروەها زیادەی ساڵانەیشیان هەبوو. کاتێکیش ماوەی ئیش کردنیان کۆتایی دەهات، دەبوو بەڕێوەبەرایەتی لەسەر حسابی خۆی بینێرێتەوە بۆ هیندوستان. بەو پێیە رۆژانەی کرێکارێکی ئاسایی هیندۆس بە لای کەمەوە، دەگەیشتە چوار ئەوەندەی رۆژانەی کرێکارێکی عیراقی؛ ئەمە جگە لەو ئیمتیازانەی ئەگەر حسابیان بۆ بکرێ جیاوازییان لە چوار ئەوەندەیش تیپەڕ دەکا. لە ساڵی ١٩٢٦دا سەرجەمی ئەو مووچانەی بەڕێوەبەرایەتی رێگای ئاسن بە ٥٧٠١ کرێکاری عیراقی داوە، ١٧١ هەزار و ٣٠ روپیە بووە. بەرامبەر بەوە ٣٠٠ هەزار روپیە دراوە بە ١٢٠٠ کرێکارو مووچەخۆری هیندۆس کە لە هەمان دامو دەزگادا ئیشیان دەکرد.[١٦٩] لە لایەکی تریشەوە، کرێکارە بیانییەکان مووچەیەکی نەگۆڕیان وەردەگرت و هیچ شتێکی لاوەکی کاری تێ نەدەکرد، بە پێچەوانەی کرێکارە عیراقییەکانەوە کە رۆژانەکەیان بە بیانووی جۆر بەجۆر دەبڕدرا و لێی دادەشکێنرا بە نموونە: دامەزراوەیەك مووچەی نەگۆڕی دەدا بەو ٦١ کەسەی لای ئەو کاریان دەکرد و ٤٧ کەسیان بیانی بوون.[١٧٠] وەنەبێ ئەم جیاوازییەیش، هەر کرێکارە نەشارەزاکانی گرتبێتەوە، بەڵکو تەکنیکییەکانیش دەگرتەوە. بە نموونە: مووچەی مانگانەی شۆفیری شەمەدوفەرگەر عیراقی بوایە لە نێوان ٦٠ تا ١٠٠ روپیەدا بوو. کەچی مووچەی شۆفیرێکی بیانی لەو جۆرە، لە نێوان ٢٠٠ تا ٤٠٠ روپیەدا بوو، جگە لەو « مخصصات » ەی بۆی دانرا بوو.[١٧١]

کە دامەزراوە بیانییەکان، ناو بەناو دەکەوتنە رێکخستنی کرێکارەکانیان، بە دەگمەن دەستیان بۆ هیندۆسەکان دەبرد. دوای جەنگیش کە ئینگلیزەکان بۆ یەکەمجار هەوڵی رێکخستنی لەو جۆرەیان داو لەماوەی ساڵانی ١٩١٨ ـ ١٩٢١ دا، نزیکەی ٥٠ هەزار کرێکاریان لە ئیش دەرکرد، توخنی تاقە کەسێك لەو هیندۆسانە نەکەوتن کە لە وڵات کاریان دەکرد.[١٧٢] تەنانەت لە ساڵانی ١٩٢٩ ـ ١٩٣٣ یشدا کە گیروگرفتی ئابوری سەرمایەداریتی جیهان گەیشتە لوتکە، ئینگلیزەکان لەسەر ئەم سیاسەتەیان بەردەوام بوون و بگرە مەبدەئێکی تریان خستە پاڵ، ئەویش کەم کردنەوەی ماوەی ئیش کردن بوو، بەرامبەر بەوە مووچەیشیان هێنایە خوارەوە[١٧٣]، بێ ئەوەی دەست لە مووچەی کرێکارە بیانییەکان و « مخصصات »ە کانیان بدەن، بەمەیش ئەوەندەی تر، رق و کینەیان لە دڵی کرێکارانی عیراقدا دروست کرد.[١٧٤]

لە هەمان کاتدا، ئینگلیزەکان بەشێکی زۆری ئەو ئیشانەی کە پەیوەندی‌یان بە چاودێری کردنی راستەو خۆی کرێکارانەوە هەبوو دایان بە مووچەخۆرە هیندۆسەکان. بە نموونە: لە ساڵی ١٩٢٦ دا ژمارەی ئەوانەی لە دامودەزگاکانی رێگای ئاسن‌دا، چادێری بارکردن‌یان دەکرد و بەڕێوەبەری ئیستگە بوون گەیشتبووە «١٠٢» کەس لەوانە ٥٦ کەسیان «واتە نزیکەی ٦٠٪» یان، هێندۆس بوون. هەروەها «١٠٦» هیندۆسی‌تر ئیش‌و کاری نووسینەوەیان رادەپەڕاند.(١٧٥) ئەمە لە کاتێکدا کە نەك هەر رۆشنبیرانی عیراق، بەڵکو زۆربەی فەرمانبەرەکانی سەردەمی عوسمانلی بە دەست بێ کاری‌یەوە، دەیان ناڵاند.

ئینگلیزەکان کە بە دەستی ئەنقەست و بەو چەشنە لەتەك هیندۆسەکان دەجووڵانەوە، لەناو هیندوستان‌دا بە ملیۆنان کەس بە دەست سیاسەتی نارەوای ئەوانەوە، دەیان ناڵاند؛ بۆیە لەوێ بوونە هێزی بنچینەیی و بزوێنەری خەباتی نیشتمانی‌ی دژ بە بەریتانیای داگیرکەر، وەك لە ڕاپەڕینە جەماوەری‌یەکانی ساڵانی ١٩١٨ ـ ١٩٢٢، ١٩٢٨ ـ ١٩٣٢ و چەند راپەڕینێکی تریشدا دەردەکەوێ. بەڵام لە عیراق‌دا، حاڵ بە جۆرێکی‌تر بوو، چونکە ئینگلیزەکان توانی‌یان لایەنێکی گەورەی ئامانجی سیاسی‌یان دەرهەق بە کرێکاران جێ بەجێ بکەن. بەو جۆرە هەزاران کرێکاری بیانی بوونە داردەستی ئینگلیزو چی‌یان گەرەك بوایەو چۆنیان مەبەست بوایە، بۆیان مەیسەر دەکردن، بێ ئەوەی ترسی ئەوەیان هەبێ لەڕوویان دا، هەڵگەڕێنەوە. بەشێکیشیان بوونە ئامرازی چەوساندنەوەی کرێکارە عیراقی‌یەکان، چ بە شێوەی زۆ لێکردن‌و چ بە شێوەی چاودێری کردن، ئەنجامی ئەمەیش ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوەو گیروگرفتێکی زۆر روویان‌دا.(١٧٦) لەبەر ئەوە هەروا لەخۆڕا نەبوو کە چەند جارێك کرێکارە ئێرانی‌و هیندۆسەکان کۆبوونەوەو ئەرزوحاڵیان پێشکەش بە دەسەلاتدارانی وولاتەکانی خۆیان کرد، تا چی کرێکاری عیراقی هەیە لە دامودەزگاکانیان‌دا، دەریان بکەن.(١٧٧) وا دیارە حکوومەتی ئێران چەند هەنگاوێکی بە کردەوەی دژ بەو کرێکارە عیراقی‌یانە نابوو، کە لە کۆمپانیاکانی نەوتی ئینگلیزی فارسی‌دا ئیشیان دەکرد.(١٧٨).

لە هەمویشی خراپتر ئەوە بوو، ئینگلیزەکان تا ڕادەیەکی باش توانی‌یان کرێکاران لە کێشە بنچینەیی‌یەکانیان‌و هۆیە راستەقینەکانیان دوور بخەنەوە، ئەوەبوو پێش کۆتایی هاتنی ئینتیداب‌و دوای کۆتایی هاتنیشی، دوژمنایەتی کردنی کرێکارە هیندۆسەکانیان پێ کردنە مەسەلەی بنچینەیی‌و دروشمی سەرەکی‌ی خەباتی رۆژانەیان.(١٧٩) چەند لایەنێکی سیاسی جیاجیایش، لە پێش هەموویانەوە

ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان تێکەڵ بە هێرشی دژبەکرێکارانی هیندۆس بوون. بەر لەوەی مەودای بزوتنەوەی کرێکاران بە تەواوی جێی خۆی بگرێ، ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەکانی ناوخۆ دەنگیان بەرز کردەوەو دەیانویست ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەن. هەر زوو ڕۆژنامەی « العراق » ووتارێکی بە ناونیشانی « ڕۆڵەکانی وولات ئاتاجی نانن و بێگانەکانیش لە نازو تیعمەتدا دەژین. مەسەلەی کرێکارە بێ ئیشەکان لە عیراقدا.» بڵاوکردەوە.[١٨٠] هەفتەیەکی نەخایاند هەر لەو ڕۆژنامەیەدا « عیراقی یەکی بێکار » ووتارێکی بە ناونیشانی « هاواری کرێکارێك » نووسی و لە هەمان ڕوانگەوەو بە هەمان گیانەوە چارەسەری مەسەلەکە دەکا.[١٨١] زۆری تریش بە شێوازێکی کاریگەر و دڵتەزێن و چاو نەترسانە، لەسەر ئەو مەسەلەیە نووسی یان.[١٨٢]

لێرەدا گرنگ ئەوەیە لەو حەقیقەتە تێ بگەین کە ئەو هێرشە تا ڕادەیەك پەردەی لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق هەڵماڵی؛ چونکەهەڵوێستی نارەوای ئەوانە تەنانەت ڕۆژنامە کۆنەویستەکانیشی هێنایە قسە. ڕۆژنامەی « العراق » چەند ووشەیەك لەسەر ئەرزوحاڵێکی کرێکاران کە دژ بە کۆمپانیای نەوت پێشکەشیان کردبوو، دەنووسێ: « دادو بێ دادی کرێکارانی عیراق لە دەست کۆمپانیا بیانی یەکان شتێکی تازە نی یە، بەڵکو چەندین جاری تریش بووە، بەلام کەسمان نەبینی بایەخیان پێ بداو مافی خۆیان بداتێ.».[١٨٣] « لادێ یەکی دڵ پڕ لە سوێ»[١٨٤] یش، بەم جۆرە کۆتایی بە نووسینەکەی دێنێ و دەڵێ:

«.. ئەم چەند ووشەیەم دەنێرم بۆ ئەوانەی دەرهەق ڕۆڵەی وولاتەکەیان تۆزقاڵێك بەزەیی ودڵسۆزی لە دڵیاندا هەیە. بۆ ئەوانەی لە کەناری دیجلەو فوراتدا پەروەردە بوون و پێ گەیشتوون بۆ ئەوانەی لەسەر کورسی وەزارەت و پەرلەمان کە لە بنچینەدا هی گەلەو بۆ گەلە، پاڵیان لێ داوەتەوە.. تۆ بڵێی کەس هەبێ گوێیان لێ بگرێ ؟! تۆ بڵێی کەس هەبێ لەجێی خۆی ببزوێ»[١٨٥] « عیراقی یەکی بێکار » یش لە بێدەنگی ی ئەو نوێنەرانەی « لە ڕۆڵەی گەورەو بچووکی نیشتمان هەڵبژێردراون »[١٨٦] سەرسامی ی خۆی نیشان دەدا.

خۆ گێل کردنی ئینگلیزەکان و هەڵخەڵەتاندنی بەردەوام و بەرگری کردنی درۆزنانەیان لە هیندۆسەکان؛[١٨٧] ئەوەندەی تر ئاگری دوژمنایەتی کردنی هیندۆسەکانی خۆش کرد، بە ڕادەیەك نارەزایی تووڕە بوونی جەماوەر دژی ئەوانە چووە قاڵبێکی گشتی یەوەو لە هەموو شوێنێکدا هەستی پێ دەکرا. جا ئیتر ئەو شوێنە ناو کارگەکان بووبێ، یان لە داموو دەزگاکانی سەر بە میری و

بیانی یەکان، یاخود لە کاروفرمانی تردا. بێ گومان ئەم هەڵوێستەیش مایەی سەرسوڕمان نی یەو هەر دەبوو رووبدا، بە تایبەتی لە ئەنجامی ئەو هێرشە فراوانەدا کە سەرکردایەتی کرێکاران بە مەبەستی کار کردنە سەر هەستو سۆزی هاووڵاتیان کردی. « ئەی رۆڵەکانی دیجلەو فورات: ئێوە بە رەوای ئەزانن برا کرێکارەکانتان لەسەر خاكو نیشتمانی خۆیانو لەناو نەتەوەی خۆیاندا رووتو برسی بنو بێگانەیش لە نازو نیعمەتدا بژین؟..» ئا بەم چەشنە « محەممەد سالح ئەلقەزاز » رووی دەمی کردە « میللەتی عیراقی مەزنو حزبە سیاسی یەکانو کۆمەڵەی هەرەوەزی کرێکارانو لایەنە نیشتمانی یەکانو کۆمەلەی خێرەومەندانو پیاوانی ئاینو رۆژنامەنووسانو چینی پارێزەران* ولاوانی رووناکبیروپیاوانی ئازای پاشەرۆژ و هەموو ئەو کەسانەی خاوەنی ویژدانێکی زیندوون وگشت نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز..» .(١٨٨)

«محەممەد سالح ئەلقەزاز » کە کۆنترین ئەندامی نیقابی ی کرێکارانی عیراقە، ئەمڕۆ دان بەو راستی یەدا دەنێ کە چ سەرکردایەتی کرێکارانو چ رۆشبیران ئەو مەسەلەیەیان زیاد لە پێویست گەورە کردبوو.(١٨٩) چونکە کرێکارە هیندۆسەکان، لەوە بەولاوە کە داردەستێکی هەڵخەڵەتێنراو بوون بەدەست ئینگلیزەکانەوەو ژیانو گوزەرانی سەخت ناچاری کردبوون نیشتمانی خۆیان بەجێ بهێڵن، شتێکی تر نەبوون. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو هیندۆسانە لەو بەهەشتە پڕ لە نازو نیعمەتەدا نەبوون کە سەرکردایەتی کرێکارانو رۆژنامەکانی ناوخۆ دەیانویست نیشانی رای گشتی ی بدەن. لە زۆر پرۆژەدا ئەوانە رۆژی دەسەعات کاریان پێ دەکرا.(١٩٠)، نائومێدییش پاڵی بە زۆر کەسیانەوە دەنا، عیراق بەجێ بهێڵنو تەنانەت هەندێ جار حاڵ دەگەیشتە ئەوەی خۆیشیان بکوژن.(١٩١) لە ماوەی تەنها سێ ساڵدا « لە ١٩٢٤ تا ١٩٢٧ » نزیکەی هەزار کەسیان وولاتیان بەجێ هێشت.(١٩٢) ژمارەیەکی زۆریشیان هەوڵیاندا جنسی یەتنامەی عیراقی وەربگرن، ئەوە بوو لە ماوەی دووساڵدا زیاد لە ٥٠٠ کەسیان بوون بەعیراقی.(١٩٣)

لێرەدا پێویستە ئەو راستی یەیش لەیاد نەکرێ کە ئەگەر لەو کاتەدا چینی کرێکاران سەرکردایەتی یەکی هوشیاریان ببوایە، دوور نی یە بەشێکی کرێکارە هیندۆسەکانیان بەلای خۆیاندا رانەکێشایە. یاخود لای کەم وایان لێ دەکردن هەڵوێستێکی بێ لایەن نیشان بدەن. باشترین بەڵگەیش لەم رووەوە تاقیکردنەوەکانی « شۆڕشی بیست » ە. چونکە لەو رۆژگارە ناسکەدا، خەڵکێکی

زۆری هیندۆس بە تایبەتی موسڵمانەکانیان پشتگیریی خەباتی عادیلانەی میللەتی عیراقیان دەکردو برێکیشیان کەوتنە سەرپێچی کردن لە فەرمانی سەرکردە ئینگلیزەکانیان.(١٩٤) ئەمە لە کاتێکدا کە هەڵوێستی توندو تیژی خەڵکی عیراق بەرامبەر بە کرێکارە بیانییەکان، بووە هۆی ئەوەی ئەنجامی ئاوەژوو بە دەستەوە بدا؛ واتە ئەوانەی کە دەیان چەوساندنەوە، بوونە « پارێزەر » یانو وایان لێهات سڵ لە کرێکارە عیراقییەکانو کۆمەڵەکانیان بکەنەوەو هەر کە دەرفەتێکیشیان بۆ برەخسایە، زۆریان بۆ دەهێنان، وەك پێشتر باسمان کرد.

هەرچۆنێك بێ مەسەلەی کرێکارە بیانییەکان، بووە یەکێك لە هۆیە بنچینەییەکانی خەباتی کرێکاران، بە تایبەتی لە کۆتایی ساڵانی بیست دا. جا ئەگەر لەووڵاتدا یاسایەکی کرێکارانەبۆ رێکخستنو پارێزگاری کردنی مافەکانیان لە گۆڕێ بوایە، نە ئەو مەسەلەیەو نە مەسەلەی لەو بابەتە، نەیان دەتوانی گیروگرفتی کرێکاران ئەوەندە ئاڵۆز بکەن.

یاسای کرێکاران لەسایەی

سیستەمی داگیرکردنو ئینتداب دا

هەڵوێستو بیانووی ئینگلیزەکان، بەرامبەر بە یاسای کرێکاران لە عیراقدا، لە ناوەرۆکی ئەو راپۆرتەدا کە ساڵی ١٩٢٦ پێشکەش بە « کۆمەڵی گەلان » یان کرد، بەوە لێك دەدایەوە گوایە:

«.. هەوڵدان بۆ جێ بەجێ کردنی یاسایەکی ئاڵۆزی کرێکارانە لە عیراقدا، وەك ئەوەی کە پێشکەوتنی شارستانیەتی و مێژووی کرێکاران لە ووڵاتە رۆژئاواییەکان سەپاندیان، کارێکی بێ هوودەیە. چونکە ئەوەی ئەمڕۆ لە عیراقدا لە ئەستۆمانەو بەکردەوەیش پەیڕەو دەکرێ ئەوەیە، چەند ماددەیەکی یاسایی سادە و ئاسان دابنرێن تاوەکو کرێکار و جووتیاری عیراق لە چاوچنۆکیی خاوەن کار و سەرەك عەشرەتەکان بپارێزرێن..»(١٩٥)

ئینگلیزەکانیش بە درێژایی ساڵانی داگیرکردن و ماوەیەکی زۆریش لە ساڵانی ئینتداب بە کردەوە هەر ئەوەیان پەیرەو دەکرد و لێپرسراوانی عیراقیش

سوور بوون لەسەر ئەوەی کە عیراق وولاتێکی کشتوکاڵی‌یە و پێویستی بە یاسای کرێکاران نی‌یە.(١٩٦) لەو قۆناغەدا باشترین هەنگاوێك لەم رووەوە نرابێ، ئـەوە بووە کە چەند برگەیەکی سەیرو عەنتیکەی یاساو سیستەمی عوسمانلی پەیرە و دەکران کە هەندێکیان چارەکە سەدەیەك بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەم دەرچووبوون.(١٩٧) ئەوانەیش بریتی بوون لەوەی: ماوەی کرێکار نەدرێ بـەبێ رەزامەندی رەسمی ئیش بکا.(١٩٨) و ناکۆکی نێوان کرێکارو خاوەن پیشە بخرێتە بەردەم دادگای تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە. هەروەها دامەزراندنی نەقابەی کرێکاران و رێکخراوی کرێکارانەی بە تەواوی قەدەغە کردبوو.

بەلام نە ئینگلیزەکان و نە کاربەدەستانی عیراق نەیانتوانی تاسەر گوێ لە دانانی یاسای کرێکاران بخەفێنن. بە تایبەتی چونکە مەسەلەکە گەیشتە رادەیەك بووە یەکێك لە داخوازی‌یە سەرەکی‌یەکانی بزووتنەوەی کـرێکارانی عیـراق و تێکرای هێزە نیشتمـانی‌یەکـانیش پشتگیری‌یـان دەکرد. لە کـۆتایی سـالانی بیستدا، کرێکاران کەوتنە خۆو لە پێناوی یاسایەکی تایبـەت بە کـرێکاراندا خەباتیان دەکرد، ئەمەیش بە قسەی بەڵگەنامە رەسمی‌یەکان خۆیان، کارێکی راستەوخۆی کرد و ناچاری کردن لەم رووەوە چەند هەنگاوێك بنێن.(١٩٩) ئەنجام حاڵ گەیشتە ئەوەی کۆمەڵەی کرێکاران و پیشەوەران هەریەکەیان لای خۆیەوە، مسووەدەیەکیان بۆ یاسای پێشنیـازکراو پێشکـەش پەرلەمـان و ئەنجـومەنی وەزیران و چەند وەزارەتێك کرد؛ وەك « کۆمەڵەی سنعاتکاران »(٢٠٠) و « کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان »(٢٠١) کردیان. « محەممەد ساڵح ئەلقەزاز » ی سەرۆکی « کۆمەڵەی سنعاتکاران » لە رۆژی ٣١/٣/٩٣١ دا یـاداشتێکی دوورو درێژی پێشکەش بە لێپرسراوان کرد و تێیدا بە ١٩ بەند، لە گرنگترینی ئەو گیروگرفتانە دەدوێ کە کرێکـارانی عیراق بـەدەستیانـەوە دەینالانـد. وەك دیاری کـردنی سـەعاتی ئیشی رۆژ بـە هەشت سـەعات و ئیشی شـەو بە شـەش سەعـات « بەندی‌یەکەم ». هەروەها لە « بەندی دووەم و سێ‌یەم » دا، داوا دەکا، کرێکار مافی ئەوەی هەبێ مووچەی رۆژانی مۆڵەت و جەژنە رەسمی‌یەکـان وەر بگرێ. لە « بەندی چوارەم و پێنجەم » دا، داوا دەکا گەر کـرێکار لە کـاتی ئیش کردندا کەفتەکار بوو، یان پیری زۆری بۆ هێنا، مـافی ئەوەی هـەبێ پارەی بـدرێتێ و خانەنشین بکرێ. لە « بەندی شەشەم و حەوتەم » دا، داوا دەکا ئیش پێ کردنی منداڵ و کرێکاری بیانی قەدەغە بکرێ. لە « بەندی هەشتەم »، داوا دەکا مەشق بە کرێکاران بکرێ و لە « بەندی نـۆهەم » دا، داوا دەکـا « مافی کـرێکاران لە چەوساندنەوەی سـەرمایـەداران و سەرەك کـارگەو کـۆمپانیـاکان بپـاریزری،

ئەوەیش؛ یان بەدامەزراندنی بیرۆیەکی کریکارانە دەبێ، یاخود بـە پێکهێنانی چەند لیژنەیـەك، لە بابـەتی لیژنــەی دیسپلینو ئەرکی تـەماشـاکردنی داواو شکایەتی کریکارانی پێ دەسپێردرێ ». ماددەکانی تریش پەیوەندییان هەبوو بە قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری و تەندروستیو دیاریکردنی رۆژانــەو شتی لەو بابەتەوە.(٢٠٢)

هەر لەم ماوەیەدا، هۆیەکی دەرەکیی هاتە پێشەوەو چ ئینگلیزەکانو چ کاربەدەستانی عیراقی ناچار کردتا، رادەیەك بایەخ بە یاسای کریکاران بدەن. ئەو هۆیەیش ئەوە بوو؛ عیراق بوو بە ئەندامی « کۆمەڵەی گەلان » کە ماددەی « ٢٣ آ » ی بەرنامەکەی دەقاودەق دەڵێ:

« دەبێ ئەندامانی کۆمەڵەی گەلان هەلو مەرجێکی مرۆڤانە بۆ ئیش پێ کردنی پیاوو ژنو منداڵ دابین بکەن، ئەمەیش تەنها بە هـۆی یاســاوە دەبێو بەس..»(٢٠٣) لەولایشەوە بیرۆی کریکارانی دەوڵەتان » ی سەر بە « کۆمەڵی گەلان »، هەر لە ناوەراستی سالانی بیستەوە، بایەخێکی باشی دابوو بەوەی کە ئاخۆ عیراق بە سیفەتی ئەوەی دەوڵەتێکەو لە سایەی ئینتیداب دایە، تا چ رادەیەك یاساکانی ریکخراوە کانی نێوان دەوڵەتان پەیرەو دەکا. لە ٢٥ ی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٢٦ دا، مەندووبی سامیی بەریتانیا، سەبـارەت بەو یـاسایـانەی « کۆنگرەی کاری دەوڵەتان » لە کۆبوونەوەکانی سالانی ١٩١٩ ـ ١٩٢١ بریاری لەسەر دابوون، یادداشتێکی ئاراستەی سەرەك وەزیران کرد و تێیدا دەپرسێ ئاخۆ تا چ رادەیەك دەتوانرێ « هــەندێ لەو بـریارانــە بە تــەواوی یان پــاش دەستکاری کردینان جێ بەجێ بکرێن..» بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە ئیش پێ کردنی منداڵانو شەوکاری ئافرەتانو شتی لەوبابەتەوە هەیە.(٢٠٤) دامو دەزگاکانی ئینتیداب لای خۆیـانەوەو بـۆ یەکـەمجار لە ســاڵی ١٩٢٦ دا و لەو راپۆرتەدا کە ناو بەناو لەسەر چۆنیەتی بەرێـوەبردنی عیـراق پێشکەش بـە « کۆمەڵەی گەلان » یان دەکرد، وەسپێکی گشتیی باری ژیانو گوزەرانی کریکاران و هەل و مەرجی ئیشکردن لە وولاتدا، دەکا:(٢٠٥)

بەلام نە ئینگلیزەکان و نەکاربەدەستانی عیراق، پەرۆشی ئەم مەسەلەیە نەبوون. ئەوەتا لە رۆژی ٥ی حوزەیرانی ســاڵی ١٩٢٦ دا، وەزارەتی ناوخـۆ وەلامی یادداشتەکەی « مەندووبی سامی » بەم جۆرە دەداتەوەو دەڵێ:

«.. کـریکارانی عیـراق ئــەو قــەبـارە ریـكو پێکـەیـان نییـە، تـا ئـەو ریککەوتنامانەی لە بارەیانەوە مۆر دەکرێن جێ بەجێیان بکەین. لەبەر ئەوە بە

پێویستی؛ نازانین لەم ڕووەوە هیچ هەنگاوێك بنێین..»[٢٠٦]

هەڵوێستی بە کردەوەی لێپرسراوانیش ئەو حەقیقەتە باشتر دەچەسپێنێ بۆچی « فایلی کرێکاران لەوەزارەتی ناوخودا، لەدوای ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦ وە تا سەرەتای ساڵی ١٩٢٩ هیچ شتێکی سەبارەت بە مەسەلەی کرێکاران تێدا نی یە...»، وەك بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی ی ئەو سەردەمە، دەقاودەق باسی دەکا.[٢٠٧]

پاش سێ ساڵ گوێ خەفاندن، دەبینین حکوومەتی عیراق لە ناکاو مەسەلەی کرێکارانی بیر دەکەوێتەوە، بەڵام نەك لەبەر خاتری چاوی ئەوان بەڵکو بە هۆی ئەوەی خەریك بوو، ببێتە ئەندامی « کۆمەڵەی گەلان ». لە ١٣ی شوباتی ١٩٢٩ دا، سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران یادداشتێکی بۆ وەزارەتی ناوخۆو دارایی و ئەشغال و هاتوچۆ ناردو تێیدا دەست بۆ نووسراوەکەی ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦ درێژ دەکا و ڕای سەرەك وەزیرانیشی دەخاتە پاڵ و دەڵێ:

« .. پێویستە حکوومەتی عیراق، وەك هەموو حکوومەتانی تر بەتەنگ ڕێکخستن و چاودێری کردنی هەل و مەرجی ئیش کردنەوە بێ. بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە، دایەرەیەکی تایبەتی بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکە پێك بهێنرێ، پێشنیاز دەکا لە ئێستاوە ئەرکی چاودێری کردنی هەل و مەرجی گشتی ی ئیش کردن لە عیراقدا، بخرێتە ئەستۆی یەکێك لە وەزارەتەکان..»[٢٠٨]

بە هۆی ئەوەیشەوە کە لێپرسراوان بە باشی نەیان دەڕوانی یە کرێکاران، ئەم مەسەلەیە کەوتە گێژاوی ڕۆتین و بگرەو بەردەی نێوان دامودەزگا ڕەسمی یەکانەوە. وەزارەتی ناوخۆ بەو جۆرە وەڵامی دایەوە گوایە وەزارەتی ئەشغال و هاتوچۆ « ئەو دایەرەیەیە کە دەبێ ئەو ئەرکەی پێ بسپێردرێ ». وەزارەتی ئەشغال و هاتوچۆیش، وەڵام دەداتەوەو دەڵێ: جێ بەجێ کردنی ڕێککەوتنامەی نێوان دەوڵەتان بە سەر کرێکاراندا کارێکی « ئێجگار گرانە »، لەبەر ئەوە پێشنیاز دەکا، دایەرەیەك یاخود وەزارەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێ و ئەم ئەرکەی بخرێتە ئەستۆ. پاشان وەزارەتی دارایی داوای وێنەیەکی ئەو ڕێککەوتنامەیە دەکا، تاوەکو لێ ی بکۆڵێتەوە.

پاش ئەوەی « چەند مانگێك ئەم مەسەلەیە خەوت » وەك بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی ی ووتوویە[٢٠٩]، ڕۆژی ٣ / ١١ / ١٩٢٩ وەزارەتی ناوخۆ بەوە قایل بوو کە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی یەکان و ئەو دایەرانەی سەر بە ئەوون « چاودێری هەل و مەرجی ئیش کردن لە عیراقدا » بکەن. بەڵام بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو لەوە دەستەوسانتر بوو، بتوانێ ئەم ئەرکە بەجێ بهێنێ و سەرژمێرو زانیاری تەواو لە

باره‌ی کرێکاران‌و مه‌رجی ئیش پێ‌کردنیانه‌وه پێشکه‌ش بکا؛ بۆیه له مانگی تشرینی دووه‌می ساڵی ۱۹۳۰ دا هه‌ڵوه‌شێنرایه‌وه،[٢١٠] ئه‌گه‌رچی « هه‌میشه کرێکاران نارەزایی‌یان ده‌رده‌بڕی وهه‌ندێ له کۆمه‌ڵه‌کانیان به‌رده‌وام له رۆژنامه‌کانی ناوخۆدا شکایه‌تیان ده‌کرد...»، وه‌ك سه‌رچاوه‌لێپرسراوه‌کان خۆیان، دانی پیا ده‌نێن.[٢١١] ده‌ڵێین سه‌رەڕای ئه‌مانه‌یش مه‌سه‌له‌ی چاودێری کردنی هه‌ل‌و مه‌رجی ئیش‌کردن به ته‌واوی پشت گوێ خرا.

له‌به‌ر ئه‌و هۆیه‌ی دوایی‌و « به هۆی ئه‌وه‌ی که لیژنه‌ی هه‌میشه‌یی ئینتدابی سه‌ر به کۆمه‌ڵه‌ی گه‌لان بایه‌خێکی زۆری به مه‌سه‌له‌ی کرێکارانی عیراق ده‌دا » وله ئه‌نجامی ئه‌وه‌یش‌دا که هه‌ندێك لایه‌نی سیاسی له ژێر کارتێکردنی ئه‌م دوو هۆیه‌دا که‌وتنه خۆ، رژێم ناچار بوو هه‌ڵوێستی خۆی سه‌باره‌ت به مه‌سه‌له‌ی کرێکاران ورده ورده بگۆڕێ. ئه‌وه بوو، له مانگی کانوونی یه‌که‌می ساڵی ۱۹۳۱ دا نوێنه‌ری « دلێم » که « دکتۆر فایه‌ق شاکر » بوو، پرۆژه‌یه‌کی پێشکه‌ش په‌رله‌مان کرد تاوه‌کو بکرێته بناغه‌ی یاسایه‌کی سه‌ربه‌خۆی کرێکاران له وڵاتدا. پرۆژه‌ی ناوبراو، به نۆ خاڵی سه‌ره‌کی‌ی ئه‌م مه‌سه‌لانه‌ی دیاری کردووه‌و رێ‌و شوێنی بۆ داناون.

١ ـ دیاری کردنی سه‌عاتی ئیش‌کردن.
٢ ـ کرێی رۆژانی جه‌ژن‌و ئه‌و رۆژانه بدرێته کرێکاره هه‌میشه‌یی‌یه‌کان که کارگه‌و دام‌و ده‌زگاکان به ره‌سمی‌ی له‌کار ده‌که‌ون.
٣ ـ کرێکاران له زوڵم‌و سته‌می سه‌رمایه‌داران بپارێزرێن.
٤ ـ مافی کرێکاران له کاتی نه‌خۆشی‌دا بچه‌سپێنرێ‌و به‌ته‌نگ چاره‌سه‌ر کردنیانه‌وه بن.
٥ ـ زامنی ته‌واوه‌تی‌ی ئه‌و کرێکاره هه‌میشه‌یی‌یانه بکرێ که له ئیش ده‌رده‌کرێن.
٦ ـ گه‌ر کرێکار له کاتی ئیش کردن‌دا که‌فته‌کار بوو، چه‌ردەیه‌ك پاره‌ی له بریتی بدرێتێ.
٧ ـ ئه‌و کرێکارانه‌ی ماوه‌یه‌کی زۆر لای کۆمپانیاکان ئیش ده‌که‌ن‌و پاشان توانای ئیش‌کردنیان نامێنی، مووچه‌ی خانه‌نشینی‌یان بدرێتێ.
٨ ـ ماوه نه‌درێ ئیش به منداڵان بکرێ.
٩ ـ ده‌بێ کۆمپانیاکان له‌و ئیشانه‌دا که رۆڵه‌کانی عیراق تێیدا شاره‌زان، ئه‌وان دابمه‌زرێنن.[٢١٢]

کرێکاران‌و لایه‌نه سیاسی‌یه‌کانی وڵات به‌پێری ئه‌م پرۆژه‌یه‌وه چوون‌و

خۆشحاڵی ی خۆیان دەربڕی و پاشان پەرلەمان بڕیاری لەسەردا و لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١١ی کانوونی یەکەمدا، ڕایسپارد لایەحەیەکی یاسایی « لە بارەی ماف کرێکارانەوە » دابنرێ. دوای ئەوە لە ڕۆژی ١٩ی ئایاری ١٩٣١ دا ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری‌دا لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ « موزاحیم ئەلپاچەچی » و ئەندامێتی ی بەڕێوەبەری گشتی ی مەعاریف « ڕەشید ئەلخواجە » نوێنەری وەزارەتی مەعاریف و سەرۆکی دیوانی نووسینەوەی یاسا و نوێنەری وەزارەتی داد « نەسرەت ئەلفارسی » و دکتۆر « ب. ە. یکز » ی نوێنەری وەزارەتی تەندروستی ی لەگەڵ حاکمێکی بەریتانیایی‌دا بە سیفەتی ڕاوێژکاری یاسایی، پێك بهێنرێ بە مەرجێك « مەحموود ئەحمەد » ی سکرتێری شارەوانی‌یەکان ئیش و کاری سکرتاریەتی ئەو لیژنەیە ڕاپەڕێنێ کە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕێککەوتنامەو لایەحەکانی دەوڵەتان دروست بووەو پەیوەندی‌یان بەمەسەلەی کرێکارانەوە هەیەو ئاخۆ تا چ ڕادەیەك دەتوانرێ لە عیراقدا جێ بەجێ بکرێ. ئەنجومەنی وەزیران مافی ئەوەیشی دا بە لیژنەی ناوبرا کە یەکێك یان دوو کەس لە ئەندامانی بنێرێت سەر لە « بیرۆی کرێکانی دەوڵەتان » بدەن لە « ژنێف ».[٢١٣]

لیژنەکە لە ٣٠ لایەحەی یاسایی و ٣٩ ڕاسپاردەی کۆڵییەوە کە « بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان » بڕیاری لەسەر دابوون. بە هەموو توانایشی‌یەوە هەوڵی‌دا پەلپ و بیانووی وا بدۆزێتەوە تاوەکو یاسایەکی تایبەتی بۆ کرێکاران دەرنەکرێ یان ماوە نەدا ئەو لایەحە دەوڵەتی‌یانەی نووسراون لە عیراقدا جی جێ بکرێن. لەبەر ئەوە شتێکی سروشتی و چاوەڕوان کراو بوو کە لیژنەکە[٢١٤] بگاتە ئەو بۆ چوونەی کە « لە حاڵی حازردا، زۆر بەکەمی ی نەبێ... توانای جێ بەجێ کردنی » ناوەرۆکی ئەو لایەحەو ڕاسپاردانە لە عیراقدا نی‌یە.. سووریش بوو لەسەر ئەوەی کە چەندین دەوڵەتی ئەندام لە ـ کۆمەڵی گەلان ـ دا بەشداریی هەموو ئەو ڕێککەوتنامانەی ـ بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان ـ نەبوون و تەنها لە چەند ڕێککەوتنامەیەکدا هاوبەشی‌یان کردووەو بەس.[٢١٥]

لەم کاتەدا « جەعفەر ئەلعەسکەری » کە وەزیری مفەوەزی عیراق بوو لە « لەندەن » گەیشتە « ژنێف » و پەیوەندی بە لێپرسراوانی ـ بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان ـ ە وەکرد. بیرۆی ناوبراویش ڕایسپارد کە لای کەم دەبێ عیراق بەم لایەحانەی خوارەوە قایل ببێ.

١ ـ یاسای دیاری کردنی سەعاتی ئیش کردن و ڕێکخستنی ئیشی منداڵ و ئافرەتان.

٢ ـ یاسای پارێزگاری کردنی تەندروستی کرێکاران.

٣ ـ یاسای ـ تعـویض ـ ی کریکـاران، که له کـاتی ئیشدا کارەسـاتی قەزاو قەدەریان لێ روو دەدا.
٤ ـ یاسای پێکەوەنانی نیقابەی کرێکاران و پێکهێنـانی رێکخراوی ئـەوتۆ لە ناکۆکی یەکان بکۆلێتەوەو بەلایەکیاندا بخا.
٥ ـ یاسای ئیش پێ کردنی کرێکاران و پاراستنی مووچە.
٦ ـ یاسای هاندانی دروست کردنی کۆمەلی کشت و کالی.

سەرەڕای ئەوەیکە وولات بە ئەندازەیەکی لە ڕادەبەدەر پێویستی بەم یاسایانە هەبوو، تاوەکو کاروباری ئیش کردن و کرێکارانیان پێ رێك بخا، کەچێ ئەو وەزیرە سوور بوو لەسەر ئەوەی: «عیراق لە حالی حازردا و بەر لەوەی بچێتە کـۆمەلی گـەلانەوەو ببێتـە ئـەنـدامی لیـژنـەی کـرێکـارانی دەولەتـان هیـچ رێککەوتنامەمەیەك مۆر ناکا و بە پێویستی نازانێ » و « ئەو کاتەیشی چووە ناو کۆمەلی گەلانەوە، هەر ئەوەندەی لەسەرە بە هەندێکیان قایل ببێ و هیچی تر ». دیارە مەرامیشی هەر ئەوە بوو « ئەو کۆسپە لابچێ »[٢١٦] کە رێگای لە عیراق گرتبوو بچێتـە کۆمـەلی گەلانـەوە. لەبەر ئـەوە شتێکی سەیـر نەبـوو کە « جـەعفەر ئەلعەسکەری » نەیتوانی چیتر لە « ژنێف » چاوەڕوان بکا، تاوەکو ئاگاداری « پێشنیازەکانی بیرۆی کرێکاران » ببێ، ئەوە بوو بە هۆی نزم بوونەوەی نرخی « پاوەن » ە وە بە پەلە گەڕایەوە بۆ « لەندەن »[٢١٧] بەلام داوەتی سەرۆکی « بیرۆی کرێکارانی دەولەتان » ی کرد، سەر لە عیراق بدا، بەتایبەتی چونکە بیرۆی ناوبراو خۆی نەدەکرد بە خاوەنی مەسەلەی کرێکارانی عیراق و بە پیریەوە نەدەچوو.

بـەو جۆرە دانـانی یاسـای کارو کـرێکاران هـەر لە ناو چـوار دیواری ئـەنجومـەن و وەزارەتەکـاندا، لە نێـوان رۆتـین و دەستـاودەست پێکـردندا دەخولایەوە، بێ ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی هەست پێکراو. ئەمە لە کاتێکـدا کە حکوومەت گفتی دابوو سالی ١٩٣٢ لە دانانی یاسـای کرێکـاران ببێتەوە.[٢١٨]. بەلام هەنگاوی هەرە گـرنگی حکوومـەت لەگەل سـەربەخـۆیی وولاتدا، لەم بـارەیەوە ئـەوە بـوو دوو مـاددەی خستـە نـاو « یـاسـای بـەڕێـوەبـەردنی شارەوانی یەکـان » ە وە کە سـالی ١٩٣١ دەری کرد. ئـەم دوو ماددەیـەیش پەیوەندی یان بە کرێکاران و سنعاتکارانەوە هەبوو:

« ماددەی ٥٥ ـ وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە بە پێی ئەم ماددەیە رێ و شوێن بۆ چاودێری کردن و پشکنینی هەل و مەرجی ئیش کـردن و خۆش گـوزەرانی ی کرێکاران لە رووی کۆمەلایەتی یەوە دابنێ..»

« مادده‌ی ٥٨ ـ چۆنیه‌تی پێکهێنانی نیقابه‌ی پیشه‌وه‌ران‌و کاسبکاران‌و سنعا تکاران ـ دیاره کرێکاران نا. ك. م ـ ، به‌ ستراوه به‌ یاسایه‌کی سه‌ربه‌خۆوه.».(٢١٩)

بێ گومان ناوه‌رۆکی ئه‌م دوو مادده‌یه هیچی له‌ واقیعی ژیانی ناله‌باری کرێکاران نه‌گۆڕی و هه‌ر ده‌بوو ئه‌م هه‌ڵوێسته سه‌لبی‌یه‌ی حکوومه‌ت به‌رامبه‌ر به دانانی یاسایه‌کی تایبه‌ت به کرێکارانه‌وه ئه‌وه‌نده‌ی تر کرێکاران بورووژێنێ. ئه‌مه‌یش به روونی‌ی له ناوه‌رۆکی ئه‌و یاددا شتانه‌دا ده‌رده‌که‌ون که کۆمه‌ڵه‌ی کرێکاران‌و پیشه‌وه‌ران له کۆتایی سالانی بیستدا، ئاراسته‌ی لێپرسراوانیان کردووه. له‌و یادداشته‌دا که « محه‌مه‌د سالح ئه‌لقه‌زاز » به ناوی « کۆمه‌ڵه‌ی کرێکارانی میکانیك » ه وه، پێشکه‌ش به ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران و په‌رله‌مان‌و چه‌ند وه‌زاره‌تێکی کردووه، ده‌ڵێ:

«.. کۆمه‌ڵانی کرێکاران‌و سنعاتکاران وه‌ڕس بوون ئه‌وه‌نده‌یان داوا له حکوومه‌ته یه‌ك له دوای یه‌که‌کانی عیراق کرد یاسایه‌ك دابنێ‌و په‌رژه‌وه‌ندی کرێکارانی عیراق له چنگ تۆخیانی کۆمپانیاکان‌و سه‌رمایه داران بپارێزێ.. ئه‌وه ویژدان نی‌یه حکوومه‌ت کۆمپانیاکان بپارێزێ و ده‌ستبه‌رداری کرێکاران ببێ به‌و چه‌شنه بمێننه‌وه، بێ ئه‌وه‌ی یاسایه‌ك هه‌بێ له زوڵم و سته‌م بیان پارێزێ..»(٢٢٠)

ئا به‌و جۆره کرێکاره عیراقی‌یه‌کان به درێژایی سالانی داگیرکردن‌و ئینتیدابی به‌ریتانی، له یاسای کرێکاران بێ‌به‌ش کران، به مه‌یش ئه‌وه‌نده‌ی‌تر گیروگفتی کارو کرێکاران ئالۆز بوو، به ڕاده‌یه‌ك له‌و قۆناغه‌دا بووه داینه‌مۆی بزووتنه‌وه‌ی تێکڕای کرێکاران له وولات دا.

سه‌رچاوه و په‌راوێزه‌کانی به‌شی سێیه‌م

* مه‌به‌ست په‌ره‌سه‌ندنی بزووتنه‌وه‌ی کرێکارانه له ناوچه‌رگه‌ی ده‌وڵه‌ته سه‌رمایه‌داره‌کان‌و تێژ بوونی نلکۆکی نێوان چینی بۆرژواو پرولیتاریای ئه‌و ولاتانه‌یه که به هۆی له‌ده‌ست چوونی وولاتانی ژێر ده‌سته‌وه دوو چاری ته‌نگه‌و چه‌له‌مه‌ی ئابووری ده‌بن. ـ وه‌رگێڕ.

١ ـ مه‌به‌ستمان له سه‌رکه‌وتنی یه‌که‌م شۆڕشی سۆشیالیستی‌یه له رووسیادا، هه‌روه‌ها شۆڕشه‌کانی چینی بۆرژوا که هه‌ندێکیان بوونه هۆی دامه‌زراندنی سیسته‌می نه‌ته‌وه‌یی ، وه‌ك له تورکیادا

رووی‌دا ، و هیچ نەبێ لە سەرەتادا هەڵوێستی دژ بە ئیمپریالیزمی جیهانی و ئیمپریالیزمی بەریتانیایی‌یان هەبوو.

٢ ـ بروانە: A. L. Haldane, the Insurrection Mesopotamia 1920, London, 1922, P. 108.

٣ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/١٠ موضوع الملفة: السكك « ١٩٢٩ ـ ١٩٣١ » ، « ئەو راپۆرتە تایبەتی‌یەکە میری بۆ ئەو مەبەستە ئامادەی کردووە».

٤ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/١٠ موضوع الملفة السكك ١٩٢٦.

٥ ـ هەر ئەو هۆیەیش پالی پێوە نان، رێگای هەولێر ـ رەواندوز ـ رایات، رابکێشن. لەمەڕ ئەو وتووێژانەیش کە سەبارەت بە راکێشانی رێگای ئاسنی نێوان مووسلو بەغدا کرا و دەیانویست لەرێگای کفری ـ کەرکووك ـ هەولێرەوە ئەنجامی بدەن، بروانە:

A. T. Wilson, Mesopotamia 1917 — 1920. P. 19.

٦ ـ ئەو رۆژگارە ئازەربایجانی سەروو بەدەست دوژمنانی شۆڕشی ئەکتۆبەرەوە بوو. جا بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان خۆیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکەن لە شکرێکی گەورەیان بە سەرکردایەتی ژەنەراڵ « دنستر فیل » رەوانەی ئەو مەلبەندە کرد.

٧ ـ بروانە: G. Napier. the road from Baghdad to Baku (the Geographical Journal) London. vol. L III, No I. January 1919

٨ ـ المركز الوطني للوثائق. File No. 45/36. Railway — 1924.

٩ ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

١٠ ـ ئەو زانیاری‌یە بنچینەیی‌یانەی لەمەڕ رێگای ئاسن نووسراونەتەوە، لە راپۆرتەکەی ژەنەراڵ « هامند » و ئەو راپۆرتە تایبەتی‌یەوە، وەرگیروان کە لیژنەیەکی سەر بە میری ئامادەی کردبوو. « بۆ زیاتر تێ گەیشتن بروانە: المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية: البلاط الملكي. رقم الملفة. ص/١٠ موضوع الملفة: السكك: ١٩٢٦ ؛ الوحدة الوثائقية؛ البلاط الملكي. رقم الملفة ص/١٠ موضوع الملفة: السكك ١٩٢٩ ـ ١٩٣١.

١١ ـ بروانە: بەشی دووەمی ئەم کتێبە.
المركز الوطني للوثائق. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/١٠ موضوع الملفة: السكك.

١٢ ـ ١٩٢٦ « راپۆرتەکەی ژەنەراڵ هامند ».

١٣ ـ Iraq Railways. Administration Report for the year 1924 — 1925 Baghdad 1925. P. 16.

١٤ ـ (Report by tlis Britannea Majesty's to the council of the League of Nations on the administration of Iraq for the year 1926) London, 1927, P. 29.

١٥ ـ (Special report by His Majesty's, Government in th United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of Nations on the progress of Iraq during the period 1920 - 1931) London. 1931. P. 246.

١٦ ـ (The Iraqi Directovy, general and Commercial Directory of Iraq 1936). Baghdad. 1936. P. 268.

١٧ ـ (Basrah port. Administration Report of the financial year 1925 — 1926) Baghdad Administratian Report of the financial year 1926 — 1926) Baghdad 1927. P. 37.

١٨ ـ Report on the administration of Iraq for the year 1926.) P. 29. (Report by His Majesty's Government in the United Kingdom of Great Britain and Northern Irel and to the Council of the League of Nations on the admimstration of Iraq for the year 1913 London 1931. P.P. 64.

١٩ ـ لە شوێنێکی تردا باسی ئەوە دەکەین ئەم مەسەلەیە تا چەند کاری لە بزووتنەوەی کرێکارانی عیراق کردووە.
٢٠ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن بڕوانە: کتێبەکەی ئا. م. هاملتن کە ئەندازیارو سەرپەرشتی کەری ئەو ڕێگایە بوو A. M. Hamilton, Road through Kurdistan. London 1937.
٢١ ـ بڕوانە ڕۆژنامەی: «نداء الشعب» بغداد. ٤ تشرين الثاني ١٩٣٠.
٢٢ ـ بڕوانە: Report on the administration of Iraq for the year 1931 P. 66.
٢٣ ـ Special Report of the progress of Iraq during the Period 1920 — 1931. P.139.
٢٤ ـ Report on the administration of Iraq for the yaer 1926. PP. 105 — 106.
٢٥ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٣/٢. موضوع الملفة: شركة النفط التركية ١٩٢٦.

Report on the administration of Iraq for the year 1926. B. shwadran, The Middle Eadt, Oil and the Great Powers, New york 1955. P. 78. The Iraqi Directory, 1936. P. 522.

٢٦ ـ E. A. Kinch, Socil effects of the oil industry in Iraq. P. 194. The Iraqi Directory 1936. P. 522.
٢٧ ـ Report on the administration of Iraq for the year 1926 P. 29.
هەروەها. «الدکتور محمد سلمان حسن» سەرچاوەی پێشوو. ل ٢٩٠.
٢٨ ـ دەستەی بەڕێوەبەری ئەم کۆمپانیانـە بریتی بـوون لە «حەمـدی ئەلپـاچەچی» و «نـەجیب ئەلئەسفەر» و «سابت عەبدولنوور» بڕوانە: المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية: البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٣/٢. موضوع الملفة: شركة النفط التركية ١٩٢٢.
٢٩ ـ هەر ئەو فایلەی پێشوو.
٣٠ ـ ئەمە جگە لەو سەرمایەدارانەی زوو کە پەیوەندییان بەکۆمپانیابیانییەکانەوە هەبوو.
٣١ ـ نووسەری وا هەیە ساڵی ١٩٢٩ کە یاسای پشتگیری کردنی پیشەسازی نیشتمانیی تێدا دەرچوو، بەمێژووی نەشو نماکردنی پیشەسازیی نوێی عیراق دادەنێ. بەنموونە: بـڕوانە: «الدکتـور نوري خليل البرازي، الصناعة ومشاريع التصنيع في العراق. القاهرة. ١٩٦٧» ل ٢٨ ـ ٢٩.
٣٢ ـ بۆ زیاتر شارەزابوونی ئەم کارگانە بڕوانە:

Report on the administration of Iraq for the year 1926. P. 29

Report on the administrarion of Iraq for the year 1931.

P. 68. K. M. Langley, op. cit., PP. 37, 45 — 46. 57 — 59.

«العراق» ٣٠ حزيران و ١٠ تموز ١٩٢٨؛ «الاستقلال» ١٧ تشرين الثاني ١٩٣١، «الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦» بغداد ١٩٣٦ ص ٧٩٠ ـ ٧٩٨. سعيد عبود السامرائي. الانمـاء الصناعي وقواعده الاساسية في العراق. بغداد ١٩٦٠ ل: ٢٦. ٣٢ ـ ٣٣، ٤٧.
٣٣ ـ سەرژمێرێکی وردی کرێکارانی کوورەخشتمان لا نییە کە ژمارەی ڕاستەقینەیانمان لەو قۆناغەدا بۆ دەست نیشان بکا. بەڵام دەتوانین بە بەراورد کردن لەتەك ساڵانی دواییدا پێوانەیەکیان بۆ دابنێین. لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی دا ژمارەی کارگەی خشت دروست کردن بە تەنها لەناو بەغدا دا «١١» کارگە بوون و ژمارەی کرێکارەکانیان سێ هەزار کەس زیاتر بوو. بڕوانە: «الدکتۆر محمد سلمان حسن» سەرچاوەی پێشوو. ل: ٣٠٥.
٣٤ ـ لەبەر ئەوەی جموجوڵی سیاسیو فیکری کەوتە ناو هەموو ڕیزەکـانی گەلی عیـراقەوە، لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ یەك لە دوای یەك چاپخانەی نوێ دەهێنرایە وولاتەوە. بۆیە ژمارەیان بە خێرایی زیادی کرد. هەندێکیان بۆ یەکەمجار لە شاری «کەرکووك» و «سلەیمانی» و «عەممارە» و هی تریشدا دامەزرا. بۆ زیاتر تێ گەیشتن، بڕوانە: «شهاب احمد الحميد. تاريخ الطباعة في العراق، مطابع القطاع الخاص: ١٨٣٠ ـ ١٩٧٥. الجزء الاول، بغداد. ١٩٧٦»؛ «العراق» ٢ آب ١٩٢٢.

٣٥ ـ « العراق » ٢٨ تموز ١٩٢٢.
٣٦ ـ بروانه: « الدكتور محمد سلمان حسن » سەرچاوەی پێشوو. ل ٢٨٩.
٣٧ ـ رۆژنامەی « الدليل » بغداد ٢٦ مايس ١٩٢٩.
٣٨ ـ Special Report. P. 247.
٣٩ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٣/٥. موضوع الملفة: العمال وماىتعلق بهم. (٧/١/٣٢ ـ ١٧/١٢/١٩٣٢).
٤٠ ـ بروانه: Ghassan R. Atiyyah, Iraq 1908 — 1921. Political Study, Beirut, 1973. P.226.
٤١ ـ Iraq Railways. administration Report for the year 1924 — 1925. P. 16. (League of Nation Frontier bitween Turkeyand Iraq. P.5. Report on the administration of Iraq for the year 1926. P. 29
٤٢ ـ G. Moriss, The Hashemite Kings, London 1959 P. 57
٤٣ ـ لە سایەی پەیوەندی بەرهەمهێنانی نوێ ی سەرمایەداری‌دا، کاری پیشەیی رووەو قۆناغێکی بالاتر گەشەدەکا پێ دەوترێ بەرهەمی مانیفاکتۆرەیی. ئەم چەشنە بەرهەمهێنانە لەجاران زیاتر پشت بە دابەش‌کردنی کار و کاری کرێ گرتە دەبەستێ‌و خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی گرنگە رووەو بەرهەمهێنانی پیشەسازیی نوێ.
٤٤ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن بروانە: « الدكتور محمد سلمان حسن » سەرچاوەی پێشو ل ٢٨٢ ـ ٢٨٣ هەروەها: Special Report P. 247
٤٥ ـ بەنموونە بروانە: « مفصل جغرافية العراق ـ طه الهاشمي ـ بغداد ١٩٣٩ » ل ٤٠٢.
٤٦ ـ لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دا والی مووسڵ ٨٠ تۆپی لە ژێر دەستدا بوو، زۆربەیان لە رەواندوز دروست کرابوون. ئێشتایش نموونەی ئەو تۆپانە لە مۆزەخانەی سوپایی بەغدادا دانراون‌و درێژی یەکێکیان ٣ مەترو ٢٣ سانتیمەترە.
٤٧ ـ « انور المائي. الأكراد في بهدينان. موسل ١٩٦٠ » ل ٣
٤٨ ـ Mark Sykes The caliphs Last heritage, A short hstouy of the Turkish Empire, London 1915. P. 344.
C. G. Edmonds. Kurds, Turks and Arabs, Politics, travel and research in north Eastren Iraq 1919 — 1925. London, 1957. P. 80.
٤٩ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن بروانە: « الدكتور محمد سلمان حسن » سەرچاوەی پێشوو ل. ٣٤٣ ـ ٣٤٧
K. M. Langely, op. cit., P. 23.
K. M. Langely, op.. ـ ٥٠
٥١ ـ دەقی ئەرزوحاڵەکە لە رۆژنامەی «العالم العربي» ی رۆژی ٩ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٢ دا بڵاو کراوەتەوە.
٥٢ ـ بروانە: محاضر مجلس النواب لسنة ٩٢٨ واعتيادي بغداد ١٩٢٨ ل: ١٨٩ ـ ١٩١.
٥٣ ـ لەو دەقەدا کە دکتۆر وەری گرتووە، هەڵەیەکی زمانەوانی تێدایە، راستی کردووەتەوە.
٥٤ ـ « العالم العربي » ٩ تشرين الثاني ١٩٣٢.
٥٥ ـ بروانە: المركز الوطني للوثائق: الوحدة الوثائقية: البلاط الملكي: رقم الملفة ص/٥/٣ موضوع الملفة: العمال وماىتعلق بهم (٧/١/٩٣٢ ـ ١٧/١٢/١٩٣٢) تاييد مطاليب عمال احذية الموصل. « العالم العربي » ٢٥ تشرين الثاني ١٩٣٢.
٥٦ ـ وەك شتومەکی چنراو. بروانە: K. M. Langely, OP. cit., P.23.
٥٧ ـ بروانە: « جريدة: نداء الشعب » بغداد. ١٥ كانون الاول ١٩٣٠.
٥٨ ـ « جريدة نداء الشعب » ٢٩ كانون الاول ١٩٣٠.
٥٩ ـ لە رۆژنامەی « العراق » ی رۆژی ٩ مارتی ١٩٣١ ەوە، وەرگیراوە.

٦٠ ـ بروانه: المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: د/١٤ موضوع الملفة: الاحزاب السياسية.
٦١ ـ بروانه: «العالم العربي» ١٧ شباط ١٩٢٧. جريدة «الرصافة» بغداد ٢ حزيران ١٩٣٠؛ «نداء الشعب» ٧ تشرين الثاني و ١٥ و ٢٢ كانون الاول ١٩٣٠ و «٥» كانون الثاني ١٩٣١؛ «الاستقلال» ١٧ تشرين الثاني ١٩٣١. ئەمانەو چەند رۆژنامەو گۆڤارێكی تری ئەو رۆژگارە
٦٢ ـ دەقی ئەو سێ ماددەیە لە «العالم العربي» ی رۆژی ٢ ی تشرینی یەكەمی ١٩٢٩ دا بلاوكراونەتەوە.
٦٣ ـ بروانه: «هاشم جواد. مقدمة في كيان العراق الاجتماعي بغداد. ١٩٤٦» ل ٦٧.
٦٤ ـ هەر ئەو سەرچاوە ل ٧٠.
٦٥ ـ لە شوێنێكی تری ئەم بەشەدا بە درێژی لەم باسە دەدوێین.
٦٦ ـ بروانه: (Report on administration of Iraq for the year 1926.) P. 29.
٦٧ ـ بروانه: «العالم العربي» ٢٨ تشرين الأول ١٩٣٢.
٦٨ ـ المركز الوطني للوثائق. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٥/٣، موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم (١٩٣٢/١/٧ ـ ١٩٣٢/١٢/١٧)، Repot on the administration of Iraq for year 1931. P. 28.
٦٩ ـ بروانه: «رزوق شماس. مشكلة العمال في العالم وفي العراق. بغداد ١٩٣٦.» ل ١٩٤.
٧٠ ـ روپیەیەك دەكاتە ٧٥ فلوس.
٧١ ـ Report on the adminstration of Iraq for the year 1926. P. 29.
٧٢ ـ المركز الوطني للوثائق. File No. 164/24. Labour 1919
٧٣ ـ Report on the adminstration of Iraq for the year 1926 P. 29.
٧٤ ـ بروانه: المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٣٥، موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم (١٩٣٢/١/٧ ـ ١٧ ـ ١٢ ـ ٩٣٢).
٧٥ ـ Report on the administration of Iraq for the year 1926 P. 29.
٧٦ ـ Report on the administration of Iraq for the year 1931 P. 865.
٧٧ ـ «رزوق شماس. مشكلة العمال في العالم وفي العراق.» ل ١٩٤.
٧٨ ـ Special Repout. P. 247.
٧٩ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٥/٣، موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم. (١٩٣٢/١/٧ ـ ٩٣٢/١٢/١٧).
٨٠ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن، بروانه: المركز الوطني للوثائق. هەر ئەو فایلەی پێشوو. هەروەها. «العراق» ٣ تموز ١٩٢٢. هەروەها. Report on the administration. of Iraq for the year 1926., P. 29. Special Report PP. 246 — 247.
٨١ ـ بروانه: المركز الوطني للوثائق. File No. 19/11. 1921
٨٢ ـ «نداء الشعب» ٤ تشرين الثاني ١٩٣٠.
٨٣ ـ «العراق» ٣ آذار ١٩٣١.
(بە نموونە: لە حوزەیرانی ١٩٣١ دا، پتر لە دوو هەزار بەند لە مووسڵ لە دەرەوەی بەندیخانە دا بە رۆژانەی ٤ ـ ٦ ئانە ئیشیان پێ دەكرا. هەر لەو ماوەیەدا ژمارەی ئەو بەندانەی لە «حیللە» بەخۆڕایی ئیشیان پێ دەكردن گەیشتە ٣٢٤٥ و لە «كووت» گەیشتە ١٠٨٧ و لە «بەغدا» ١٠٧٠ و لە «بaقووبە» ٦٠٥ و لە «كەركووك» ٢٤٠ و لە «عەممارە» ٣٥ كەس) بروانه: «صدى العهد: ١٧ تموز ١٩٣١».
٨٤ ـ «نداء الشعب»، ٤ تشرين الثاني ١٩٣٠. «العراق» ٣ آذار ١٩٣١.
٨٥ ـ Basrah Times. 29 V. 1921.

٨٦ ـ « العراق » ٣٠ آذار ١٩٣١.
٨٧ ـ « نداء الشعب »، ٤ تشرين الثاني ١٩٣٠. (بەرەڵلا كردنی هەندێك لەو بەندانە هیچ لە واقیع ناگۆڕێ. »
٨٨ ـ بۆ خۆشبەختی ئەو بەڕێوەبەرە، لە سەرانسەری شارەكانی عیراق دا بەندیكی زۆر هەبوو، لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٤ دا بە تەنها لەبەندیخانەی « بەغدا » دا ٨٠٠ كەس زیاتری تێدا بوو. (بڕوانە: « العراق »، ٧ شباط ١٩٢٤).
٨٩ ـ دەقی راپۆرتەكە لە: المركز الوطنی للوثائق. File No. 19/11, 1931.
٩٠ ـ بڕوانە: المركز الوطنی للوثائق. هەر ئەو فایلەی پێشوو.
٩١ ـ بڕوانە: المركز الوطنی للوثائق. هەر ئەو فایلەی پێشوو. هەروەها. « العراق » ٢١
٩٢ ـ Basrah Times. 29 V.1921.
٩٣ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن، بڕوانە: المركز الوطنی للوثائق. File No. 57/19 — 9 — 1. 1923. File No. 19/11, 1 — 9 — 1921.
٩٤ ـ بڕوانە: المركز الوطنی للوقائق. File No. 57/19 — 9 — 1, 1923.
٩٥ ـ بڕوانە: « العراق تشرين الاول ١٩٢٢.
٩٦ ـ بڕوانە: « الدكتور محمد سلمان حسن » سەرچاوەی پێشوو ل ٣٠٤.
٩٧ ـ « العراق » ٢١ حزيران ١٩٢٢.
٩٨ ـ « العالم العربی » ١٣ تشرين الثانی ١٩٣٠.
٩٩ ـ ئەو ژمارانە، لە سەرژمێری رەسمیی بەریتانیا وەرگیراون. بۆ زیاتر تێ گەیشتن، بڕوانە: Report on the administration of Iraq for the year 1926. PP. 29 — 30. Special Report. PP. 245 — 246.
١٠٠ ـ جريدة « اتحاد الشعب » بغداد ١٣ آيار ١٩٦٠. « العالم العربی » ١٢ كانون الثانی ١٩٣٦ E. A. Kinch. OP. cit. P. 197.
١٠١ ـ المركز الوطنی للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكی. رقم الملفة: ص/٣/٢، موضوع الملفة: شركة النفط العراقية ١٩٢٧.
١٠٢ ـ نوێنەری شاری « ديوانی‌يە » ـ فەريق ئەلموزهير ـ بوو.
١٠٣ ـ « الدولة العراقية. محاضر مجلس النواب. الدورة الانتخابية السادسة. الاجتماع الاعتيادی لسنة ١٩٣٥ » بغداد. ١٩٣٦. ل ٤٤٠.
١٠٤ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن، بڕوانە: المركز الوطنی للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكی، رقم الملفة: ص/٥/٣، موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم، تقرير وزارة الداخلية عن العمل والعمال فی العراق سنة ١٩٣١ Report on the admi Nistion of Iraq for the year 1926. P. 34.
١٠٥ ـ لەو سەردەمەدا، شارەزاترین كرێكار هێشتا نەدەگەیشتە پلەی بچووكترین فەرمانبەری مەدەنی لە كۆمەڵگای عیراقدا.
١٠٦ ـ « نداء العمال » العدد الاول. ٢٢ تشرين الثانی ١٩٣٠. ل ١٤.
١٠٧ ـ بڕوانە: A. M. Hamilton. op. cit,. P. 61.
١٠٨ ـ Report on the administrati on of Iraq for the year 1926. PP. 31 — 32.
١٠٩ ـ المركز الوطنی للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكی. رقم الملفة: ص/٥/٣. موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم (١٧/١ ـ ١٧/١٢/٩٣٢).
١١٠ ـ Report on the administration of Iraq for the year 1926 PP. 29 — 30.
١١١ ـ « العراق » ٤ آذار ١٩٣١.
١١٢ ـ بڕوانە: Iraq Railways, Administration Report for the year 1924 — 1925. P. 16.
١١٣ ـ بڕوانە: « جريدة ـ الاهالی » بغداد. كانوون الثانی ١٩٣٢.

١١٤ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٥/٣. موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم (١/٧ ـ ١٩٣٢/١٢/١٧).
١١٥ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. « هەر ئەو فایلەی پێشوو » هەروەها « العالم العربی » ٣ ایلول ١٩٣٢.
١١٦ ـ « العالم العربی » تشرین الثانی ١٩٣٠.
١١٧ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة. ص/٥/٣، موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم (١/٧ ـ ١٩٣٢/١٢/١٧).
١١٨ ـ المركز الوطني للوثائق. « هەر ئەو فایلەی پێشوو » هەروە ها Special Report P. 245.
١١٩ ـ A. M. Hamilton. OP. cit., P. 61.
١٢٠ ـ بڕوانە « گەشتێك لە كوردستانا ـ عەلائەددین سەججادی. بەغدا ١٩٥٦. ل ٨٢ ».
١٢١ ـ « العراق » ٦ كانون الاول ١٩٢٧.
١٢٢ ـ بۆ نموونە بڕوانە: « العالم العربی » ١٣ ایلول و ٢٥ تشرین الاول و ٦ تشرین الثانی ١٩٣٢.
١٢٣ ـ لەو كتێبەی‌دا كە ناوی: (Road through Kurdistan)ی لێناوە.
١٢٤ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية File No. 45/11. Railwaye 1922 — 925
١٢٥ ـ هەرئەوفایلەی سەرەوە.
١٢٦ ـ « جریدة ـ خەبات » بغداد ٣ تشرین الاول ١٩٦٠. « نداء الشعب » ١٣ تشرین الثانی ١٩٣٠.
١٢٧ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن، بڕوانە: File No 164/32, office of civil Cammissoner — Baghdad, Labour, 1918 — 1920. (Report on the administration for the year 1926) PP. 31 — 32.
١٢٨ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن بڕوانە « المركز الوطني للوثائق، الوحدة الوثائقية: البلاط الملكي. رقم الملفة ص/٥/٣، موضوع الملفة العمال ومايتعلق بهم (١/٧ ـ ٩٣٢/١٢/١٧). Report on the administration of Iraq for the year 1926 — PP. 31 — 32.
١٢٩ ـ هەر ئەو سەرچاوە.
١٣٠ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٥/٣، موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم. (٩٣٢/١٢/٧).
١٣١ ـ لە شوێنێكی تری ئەم بەشەدا دێنەوە سەر ئەم باسە.
١٣٢ ـ بڕوانە « العراق » ١٩ كانون الثانی ١٩٣١.
١٣٣ ـ المركز الوطني للوثائق. File No 164/37. Labour. 1920 — 1921.
١٣٤ ـ « العراق » ٢٥ آيار ١٩٢٧.
١٣٥ ـ ڕۆژنامەكانی ناوخۆ ئەو بڕیارەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن‌یان بە كارەساتێك لەقەڵەم دا. بڕوانە « العراق » ٢٥ آيار ١٩٢٧.
١٣٦ ـ دوایی دێنەوە سەر ئەم بابەتە.
١٣٧ ـ جریدة « الاخبار » بغداد، ٢٠ تشرین الثانی ١٩٣١؛ « الاستقلال » ٢٠ تشرین الثانی ١٩٣١.
١٣٨ ـ « العراق » ٥ تشرین الثانی ١٩٣١.
١٣٩ ـ « العالم العربی » ١٦ حزیران و ٧ تموز ١٩٣٢ و ١١ كانون الثانی ١٩٣٣؛ « الاخاء الوطنی » ٢٧ حزیران ١٩٣٢.
١٤٠ ـ بڕوانە « الاخاء الوطنی » ٤ تموز ١٩٣٢.
١٤١ ـ بە نموونە: بڕوانە « العراق » ١٠ و ٢٧ آب ١٩٣١.
١٤٢ ـ بە نموونە: بڕوانە « العالم العربی » ١٩ شباط ١٩٣٢ « هەر لەو ژمارەیەدا هەواڵێكی تێدایە باسی ئەوە دەكا كرێكارێكی عیراقی لە بیروت بووە بەژێر بەفرەوەو مردووە ».
١٤٣ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٥/٣، موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم ١/١٧ ـ ٩٣٢/١٢/١٧).

١٤٤ ـ « العراق » ٢٢ آيار ١٩٢٨.

١٤٥ ـ هەر ئەو سەرچاوە.

١٤٦ ـ بەندی پێنجەمی ڕێککەوتنامەکەی ساڵی ١٩٢٥ کە لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتدا مۆر کرا دەڵێ: پێویستە « تا دەتوانرێ » کرێکاری عیراقی بەکار بهێنرێن و مەشقیان پێ بکرێ. بەلام کۆمپانیاکان هەوڵیان‌دا، تا بۆیان بکرێ کەمتر کرێکاری عیراقی دابمەزرێنن. لەبەر ئەوە عیراقی‌یەکان ئەو گفت و پەیمانەی کۆمپانیاکان باسیان دەکرد بە مەرەکەبی سەر کاغەزیان دادەنا، وەك پەیامنێری ڕۆژنامەی « العراق » لە کەرکووك نووسیویە. بڕوانە: « العراق » ٢٧ نیسان ١٩٢٨.

١٤٧ ـ مەبەستمان لەوە نی‌یە ئەوانە بەکرێ گیراوی کۆمپانیاکان بوون، بەڵکو دەتوانین بڵێین چەشنە پەیوەندی‌یەکی دەروونی‌یان لەگەڵ پەیدا کردبوون. کۆمپانیاکانی نەوت، ئەو جۆرە کرێکارانەی هەڵدەبژرارد کەخۆشگوزەرانی‌یان تاڕادەیەك بە بوونی ئەوانە بەسترابوو؛ ئەوەندەی دڵسۆزی کۆمپانیاکان بوون، ئەوەندە بەتەنگ مەسەلەی کرێکارانەوەوە نەدەهاتن.

١٤٨ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي، رقم الملفة: ص/١٠، موضوع الملفة: السكك ١٩٢٦، تقرير هامند.

١٤٩ ـ « نداء الشعب » كانون الاول ١٩٣٠.

١٥٠ ـ کەم ڕێ دەکەوت ڕژێم سەرنجی کۆمپانیا بیانی‌یەکان بەلای ئەم حەقیقەتەدا ڕابکێشێ، تەنانەت ئەگەر لەژێر زەبری بارودۆخێکی دیاری کراودا هەنگاوی لەو بابەتەی بهاویشتایە، کەسیك گوێی لێ نەدەگرت. « بڕوانە: العالم العربي، ٦ آب ١٩٣٠ ».

١٥١ ـ لە ناوەڕاستی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٣٠ دا، « کۆمەڵەی سنعاتکاران » داوایەکی لەم ڕووەوە پێشکەش بە وەزارەتی مەعاریف کرد.

١٥٢ ـ بە نموونە: بڕوانە: « العراق » ٧ و ١٩ كانوون الثاني ١٩٢٨؛ « العالم العربي »، ٢٠ حزيران و ٥ تموز ١٩٣٠ و ٢٤ شباط ١٩٣٣؛ « الاستقلال » ١٤ آيار ١٩٣١؛ ی. لیفین. العراق « بە زمانی ڕووسی » مۆسكۆ ١٩٣٧. ل ٩٣.

١٥٣ ـ لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بەڵگەیەکی زۆر بەدەستەوەن ئەم حەقیقەتە دەر دەبڕن. بەنموونە بڕوانە: « العراق » ٧ و ١٩ كانون الثاني ١٩٢٨. « الرصافة » بغداد ٢ حزيران ١٩٣٠. جريدة « العامل » بغداد، ٨ ايلول ١٩٣٠. ص ١٠ ـ ١٣، « نداء الشعب » ٧ كانون الثاني ١٩٣١. هەروەها بڕوانە: « الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ » ص ٨٠٥.

١٥٤ ـ بڕوانە: « الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ » ص ٧٩١.

K. M. Langely, op, p.31.

١٥٥ ـ بڕوانە: المركز الوطني للوثائق.

File No 164/4, progress Reports from the Controller of Labour 1919 — 1920.

١٥٦ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن بڕوانە: المركز الوطني للوثائق. البلاط الملكي، رقم الملفة: ص/٥/٣، موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم (١/٧ ـ ٩٣٢/١٢) Report on the administration of Iraq for the year 1931 P. 67.

١٥٧ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن، بڕوانە: د. كمال مظهر احمد، من تاريخ تكون الطبقة العاملة العراقية. جريدة « التآخي » بغداد ١ آيار ١٩٧١.

١٥٨ ـ ئەنجامی ئەوەی ئینگلیز هانی کرێکاری بیانی دەدا بێنە عیراقەوە، چەندین نوما یندەی کاری دەوڵەتان ڕوویان کردە میسۆپۆتامیا و لقی خۆیان تێدا دەکردەوەو جموجوڵ و چالاکی یان نواند. بڕوانە: : (المركز الوطني للوثائق. File No 164/20, Labour, the Bombay — Panjab Labour Agency. 1919 — 1920. File No 164/30. Labour. Maltes labour for Mesopotamia 1919.

١٥٩ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/ ١٠، موضوع الملفة: السكك ١٩٢٦، تقرير الجنرال ق.د. هامند.
١٦٠ ـ بڕوانه: المركز الوطني للوثائق: File No 164/4, progress Reports from the Controller of Labour 1919 — 1920, PP. 307 — 308, 336.
١٦١ ـ « العراق » ٢٢ آذار ١٩٢٧ « هەروەها بڕوانە پە راوێزی ژمارە ـ ١٥٠ ».
١٦٢ ـ زۆربەی ئەو ئەرمەنی‌یانە، ئەوانە بوون لە ساڵی ١٩١٥ دا لە چنگی کوشتن‌و قەلاچۆ کردن لە تورکیا، پەنایان وەبەر عیراق هێناو پاشان جنسی‌یەت‌نامەی عیراقی‌یان وەرگرت.
١٦٣ ـ بڕوانە: « العراق » ٢٢ آيار ١٩٢٨.
١٦٤ ـ بۆ ئەو نیسبەتانە پشت بەو ژمارانە بەستراوە کە لە مەڵبەندی نیشتمانی بەڵگەنامەکان نووسراون. بڕوانە « المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/ ١٠ موضوع الملفة: السكك ١٩٢٦. تقرير الجنرال. ف.د. هامند » « العراق » ٢٨ تشرين الثاني ١٩٢٨
Report on the administration of Iraq for the year 1926. PP. 105 — 106. Special Report PP. 168, 176 (the Iraqi Directory, 1936.) PP. 534 — 535.

١٦٥ ـ « العراق » ٢٠ تموز ١٩٢٨.
١٦٦ ـ بڕوانە: « العراق » ٢ تشرين الاول ١٩٢٨.
١٦٧ ـ بڕوانە: « العراق » ٤ تشرين الاول ١٩٢٨.
١٦٨ ـ بەنموونە بڕوانە: بڵاوکراوەی ڕەسمی‌ی مانگی ئەیلوول لە ڕۆژنامەی « العراق » ی ڕۆژی ٢٢ی تشرین دووەمی ساڵی ١٩٢٨ دا.
١٦٩ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن بڕوانە: Report on the administration of Iraq for the year 1926. PP. 31 — 32. المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي رقم الملفة: ص/ ١٠، موضوع الملفة: السكك ١٩٢٤ ـ ١٩٢٨، رقم الملفة ص/ ١٠، موضوع الملفة: السكك ١٩٢٦، تقرير الجنرال ف.د. هامند؛ « العراق » ٢٧ تشرين الثاني ١٩٢٨؛ « الاخبار » ٢٢ تشرين الثاني ١٩٣١. لە بەشی داهاتوودا دێینەوە سەر ئەم باسە.
١٧٠ ـ بڕوانە « العالم العربي » ٨ كانون الثاني ١٩٣٣.
١٧١ ـ بڕوانە بەیاننامەکەی « کۆمەڵەی سنعاتکاران » کە لە « تطور الحركة النقابية في العراق » ی هاشم علي محسن. بغداد ١٩٦٦ ص ٣٣ و ١٠٥ » دا بڵاو کراوەتەوە.
١٧٢ ـ بڕوانە: المركز الوطني للوثائق. File No 164/34, Labour, 1920 — 1921
١٧٣ ـ لە بەشی داهاتوودا کەمێك بە درێژی لەم بابەتە دەدوێن.
١٧٤ ـ تەنها جارێك نەبێ کە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن ٢٥٪ ی مووچەی هێندوسەکانی بڕی‌و بە گورجی پاشکەزیش بووەوە. (بڕوانە: « العالم العربي » ايلول ١٩٣٢).
١٧٥ ـ بڕوانە: المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة. ص/ ١٠، موضوع الملفة: السكك ١٩٢٦. تقرير الجنرال ف.د. هامند.
١٧٦ ـ بەنموونە بڕوانە؛ « العراق » ٢٨ تموز ١٩٢٨؛ « نداء الشعب » ١٣ تشرين الثاني ١٩٣٠، « الاخاء الوطني » ٢٦ آيار ١٩٣٢.
١٧٧ ـ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ « محەممەد سالح قەزاز » دا، ڕۆژی ١/ ٨/ ٩٧٩.
١٧٨ ـ بڕوانە: « العراق » ٢٢ آيار ١٩٢٨.
١٧٩ ـ بڕوانە ئەو باسەی لە بەشی داهاتوودا بۆ بزووتنەوەی کرێکاران تەرخان کراوە.
١٨٠ ـ « العراق » ٢٥ آيار ١٩٢٧.
١٨١ ـ « العراق » ٣١ آيار ١٩٢٧.

١٨٢ ـ لەو شوێنەدا کە باسی هەڵوێستی هێزەسیاسییەکان بەرامبەر بە بزووتنەوەی کرێکاران دەکەین لە هەندێك نموونەی ئەو نووسینانە دەدوێن.
١٨٣ ـ « العراق » ٢٥ حزيران ١٩٢٨.
١٨٤ ـ دوور نییە « لادێیەکی دڵ پڕ لە سوێ » نازناوی نووسەری پێشکەوتن خواز « مەحموود ئەحمەد ئەلسەیید » نەبێ کە بە گەرمیی بەرگری لە مەسەلەی کرێکاران دەکرد، وەك لە دواییدا روونی دەکەینەوە.
١٨٥ ـ « العراق » ٢٢ آيار ١٩٢٨.
١٨٦ ـ « العراق » ٣١ آيار ١٩٢٧.
١٨٧ ـ رۆژنامەی « الاوقات العراقية » کە ئینگلیز دەری دەکرد بەرگرییەکی زۆری لە هێندوسەکان کرد وچەندجارێك هەوڵیدا بیانو بۆ ئیش پێکردنیان بەو زۆرییە، بهێنێتەوە. (بڕوانە: « جريدة صوت العراق » بغداد ١٠ تشرين الاول ١٩٢٩.
* وا پێ دەچێ سەرکردایەتی « کۆمەڵەی سنعاتکاران » لە رووی تیوریو دەستێ نیشانکردنو جیاکردنەوەی چینە کۆمەلایەتییەکاندا شارەزاییەکی باشیان نەبوو بێ، دەنا پاریزەرانیان بە چینێکی سەربەخۆ دا نەدەنا. راستییەکەی پاریزەران توێژێکن لە چینی بۆرژوای بچووکو لەتەك پزیشكو ئەندازیاراندا بە خاوەن پیشەی سەربەست « ذوی المهن الحرة » دادەنرێن. ـ وەرگێر ـ
١٨٨ ـ ئەو پەرەگرافە دەقاودەق لەو بەیاننامە چاپکراوەدا نووسراوەکە « محەممەد سالح ئەلقەزاز » ی سەرۆکی « کۆمەڵەی سنعاتکاران » بەسەر حزبەکانی عیراقو رۆژنامەکانی ناوخۆدا بڵاوی کردەوە. بڕوانە: لاپەرە « ١٠٥ » ی « تطور الحركة النقابية في العراق » ی هاشم علي محسن. بغداد ١٩٦٦ ».
١٨٩ ـ چاو پێکەوتنێك لەگەڵ « محەممەد سالح ئەلقەزاز » دا، رۆژی ١/٨/٩٧٩.
١٩٠ ـ المركز الوطني للوثائق. — File No 164/4, progress Reports from the Controller of Labour 1919 1920, P. 307.
١٩١ ـ رۆژنامەکانی ناوخۆ هەواڵی ئەو هیندۆسەیان بڵاوکردەوە کە چۆن خۆی کوشتووە وچۆنیش نائومێدی پاڵی پێوە ناوە دەست لە ژیان هەڵبگرێ. هەروەها نووسیویە کە ١٢ روپیە قەرزداری خاوەن ئوتێلەکەیەو پاشان کە گیرفانەکانیان پشکنی ١٣ ئانە زیاتری پێ نەبوو. بڕوانە « العراق » ١٢ شباط ١٩٢٧.
١٩٢ ـ بڕوانە: المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/١٠، موضوع الملفة: السكك ١٩٢٦. تقرير الجنرال ف.د. هامند؛ « العراق » ٢٨ تشرين الثاني ١٩٢٨.
١٩٣ ـ جريدة « السياسة » بغداد ٢٣ آذار ١٩٣١. هەروەها بڕوانە « نداء الشعب » ١٤ كانون الاول ١٩٣٠.

بڕوانە: الدكتور علي الوردي. لمحات من تاريخ العراق الحديث. الجزء الخامس. القسم الاول، بغداد، ١٩٧٧، ص ٣٢٥ ـ ٣٢٦؛ ل.ن. کاتلوف سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٣.

A. M. Hamilton, op cit, P. 31.

١٩٥ ـ Report on the administration of Iraq for the year 1926. P. 33.
١٩٦ ـ بە نموونە: بڕوانە ئەو راپۆرتەی وەزارەتی ناوخۆ لە شوباتی ١٩٣٢دا دەرهەق بە « کارو کرێکاران لە عیراقدا ساڵی ١٩٣١ » ئامادەی کردووە. « المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٥/٣، موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم ٧/١/٩٣٢ ـ ١٧/١٢/٩٣٢.
١٩٧ ـ

١٩٨ ـ ئیشی بیناکاری‌و دارتاشی‌و کشوکاڵی نەدەکرتەوە.
١٩٩ ـ بە نموونە بڕوانە: المركز الوطني للوثائق: الوحدة الوثائقية: البلاط الملكي، رقم الملفة: ص/٥/٣ موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم ١٩٣١.
٢٠٠ ـ دەربارەی ئەو پرۆژەیە بڕوانە: « صدى العهد » ١٤ آيار ١٩٣١؛ « الاستقلال » ١٤ آيار ١٩٣١.
٢٠١ ـ دەربارەی ئەو پرۆژەیە بڕوانە: « الاستقلال » ٢٧ تشرين الثاني ١٩٣١.
٢٠٢ ـ « ڕەززاق ئیبراهیم حەسەن » چاکی بۆ چووە کە دەڵێ ئەم کارە « یەکێکە لە دەسپێشخەری‌یە ناوزاەکانی کۆمەڵەی سنعاتکاران » بەڵام پەرلەمان لە ساڵی ١٩٣٦ دا پرۆژەکەی « ئەلقەزاز » ی مۆر نەکرد وەك ئەو دەڵێ. « بڕوانە: رزاق ابراهيم حسن. تاريخ الطبقة العاملة في العراق، ص ١٨ » . ئەوی ڕاستی‌ی بێ پرۆژەکەی « ئەلقەزاز » لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، نەك داڕشتنەوە زۆر لەو یاسای کرێکارانەی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٣٦ مۆری کرد، تێرو تەسەل تر بوو.
٢٠٣ ـ Report on the administration of Iraq for the year 1931 P. 24.
٢٠٤ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٣/٥، موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم ١٩٣١، « معالجات عمالية » منشورات. « الثقافة الجديدة » بغداد ١٩٧٥. ص ٢٧٤.
٢٠٥ ـ Report on the administration of Iraq for the year 1926 PP. 29 — 34.
٢٠٦ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٣/٥، موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم ١٩٣١.
٢٠٧ ـ بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، فایلی پێشوو.
٢٠٨ ـ هەمان سە رچاوەوفایل.
٢٠٩ ـ هەمان سە رچاوەوفایل.
٢١٠ ـ ڕاپۆرتی ساڵانەی لەمەڕ شێوەی بەڕێوەبردنی عیراق هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتی‌یە، دەباتەوە سەر بێ دەرامەتی و تەنگوچەڵەمەی دارایی. بڕوانە: Report on the administration of Iraq for the year 1931 P. 25.
٢١١ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي، رقم الملفة: ص/٣/٥، موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم ـ ١٩٣١.
٢١٢ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن بڕوانە: (الدولة العراقية. محاضر مجلس النواب لسنة ١٩٣٠) الاجتماع الاعتيادي ص ١٨٢ ـ ١٨٣. هەروەها بڕوانە پاشکۆی ژمارە ـ ٣ ـ Special Report, PP. 244 — 245.
٢١٣ ـ ئەو بەندە چڕ کرا و ئەگەر لیژنەکە زانی ئەو دیدەنی‌یە کارێکی پێویستە داوا لە ئەنجومەنی وەزیران بکا. بۆ زیاتر تێ گەیشتن بڕوانە: المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة ص/٣/٥. موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم. ١٩٣١.
Report on the administration of Iraq for the year 1931. PP. 24 — 27.

٢١٤ ـ لە ناو ئەو لیژنەیەدا تاقە کەسێکی تێدا نەبوو نوێنەری کرێکاران یاخود ئەو کۆمەڵە بێ کە سەرنجی ڕای گشتی‌یان بەلای یاسای‌کرێکاراندا ڕاکێشا و لەو بوارەدا ڕاستەوخۆ دەوری خۆیان بنیبوو.
٢١٥ ـ بڕوانە: المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٥/٣ موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم ١٩٣١.
٢١٦ ـ ئەو ڕستەیە لە دەقی ئەو نامەیەدا نووسراوە کە « جەعفەر ئەلعەسکەری » ناردی بۆ وەزارەتی دەرەوەی عیراق و مێژووی ٢ ی تشرین یەکەمی ساڵی ١٩٣١ ی بەسەرەوە یە. ئەوی ڕاستی‌ی بێ حکوومەتی عیراق هەر ئەوەندەی پێ کرا، داوای لە مەندووبی سامی کرد ئاگاداری لیژنەی

ئینتیدابی سەر بە کۆمەڵی گەلان بکا، بە پێشیازەکانی بیروٚی کرێکارانی دەوڵەتان قایل بووەو بەم زووانەیش یاسای پێویست دادەنێ. بڕوانە: Report on the administration of Iraq for the year 1931, P. 28.

٢١٧ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن، بڕوانە: المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٥/٣، موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم. ١٩٣١.

٢١٨ ـ بڕوانە: Report on the administration of Iraq year 1931 PP. 64 — 65.

٢١٩ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/٥/٣، موضوع الملفة: العمال وما يتعلق بهم ١/٧ ـ ١٧/١٢/٩٣٢. هەروەها. Report on the administration of Iraq for the year 1931 PP. 28, 64.

٢٢٠ ـ بڕوانە دەقی یادداشتەکە. « العالم العربي » ٢٤ آيار ١٩٣٢.

بەشی چوارەم

بزووتنەوەی کرێکاران لە عێراقدا

«١٩١٨ - ١٩٣٢»

سەرەتای بزووتنەوەی کرێکاران

ئەوی راستی بێ بە تەنها باری گرانی ژیان پالی بە کرێکارانەوە نەنا بچنە مەیدانی خەباتەوە، بەلکو چەند هۆی تریش هەبوون ماوەیان نەدەدا، نارەزایی کرێکاران بەگورجی بچێتە بارێکەوە هەولی گۆرینی واقیعي پر لە ئێش و ئازاریان بدەن. دەتوانین نزمیی ئاستی هوشیاریی چینایەتی لە ریزی پێشەوەی ئەو هۆیانە دابنێین؛ دیارە ئەمەیش ئەنجامی کۆمەلێك هۆی تری یاریدەدەر بوون، وەك: نەخوێندەواری کە بەشێوەیەکی بەر بلاو لەناو کرێکاراندا تەشەنەی کردبوو. ژمارەیەکی زۆر کەمی کرێکارە پیشەیییەکان نەبێ لەوانەی شارنشین بوونو لەحوجرەدا فێری خوێندن و نووسینی سەرەتایی بوو بوون، بە دەگمەن کرێکارێك دەبینرا خوێندەواریی هەبێ. سەرەرای ئەوەیش ئەمانیش وەك جووتیاران لە هوشیاری سیاسی بێ بەش بوون، تەنانەت وایش بۆ مەسەلەکە دەچوون کە سیاسەت پیشەیەکە و تایبەتە بە توێژە کۆمەلایەتییە دەست رۆیشتووەکانو شتێکە لە وزەو توانای ئەودا نییە. هەر ئەم تێ فکرینە باوە؛ وای لێ کردبوون وەك حەقیقەتێك لە قەلەمی بدەن. ئا ئەم بۆچوونە هەلەیە راستەو خۆ کارێکی سەلبی کردە سەر سروشتی بزووتنەوەی کرێکارانی عیراق لەو قۆناغەدا.

ئینگلیزەکانیش دەیانزانی، چۆن خۆیان بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان دەکەنو چۆنیش کۆسپ دەخەنە بەردەم ئەو رێگایانەی ئاستی هوشیاریی کرێکاران بەرز دەکەنەوەو لە سایەیاندا بزووتنەوەیەکی کرێکارانە دروست دەبێ؛ چونکە ئەوان لە تێگەیشتنەوە حەقیقەتی بزووتنەوەیەکی لەو جۆرەیان دەزانیو ترسیان لە ئەنجامە ئابووریو سیاسییەکانی هەبوو. بۆیە شان بەشانی ئەو رێگا بە پێچو پەنایانەی لە بەشی سێیەمدا بە دوورو درێژی باسمان لێوە کردن؛ بەردەوام ریزەکانیان «پاك دەکردنەوە»، واتە کرێکارە کۆنەکانیان دەردەکرد و لە شوێنی ئەوان تازەیان دادەنا، تاوەکو مانەوەی ئەوانەو پەیوەندی هەمیشەیییان نەبێتە هۆی تێگەیشتنی نوێ. لە کۆتایی سالی ١٩٣١ دا کۆمپانیای نەوتی عیراق ١٠٠ کرێکاری عیراقی لەوانەی پێنج سالو زیاتر بەسەر دامەزراندنیاندا تێپەری بوون، دەرکرد. زۆربەی ئەو کرێکارانە لەوانە بوون لەتەك دەست بەکار بوونی کۆمپانیای ناوبراودا دامەزرا بوون. بیانوویشیان بۆ ئەم هەنگاوە ئەوە بوو، گوایە چەند هۆیەکی ئابوری ناچاری کردوون دەستبەرداریان بین. کەچی بە پەلەپەل لە جێی ئەوانە کرێکاری هیندۆسییان بە مووچەیەکی زیاتریش دانا.[1] لەبەر ئەوە

له خۆڕا نەبوو کە ساڵی ١٩٥٦[٢] لەناو نزیکەی سیانزە هەزار کرێکاری عیراقی ناو کۆمپانیای نەوتی عیراق‌دا، تەنها ٥٨ کەس ٢٥ ساڵ خزمەتیان تەواو کردبوو، « ١٢٤ » کەسیش ٢٠ ساڵ خزمەتیان هەبوە، « ٣٠٤ » کەسیش ١٥ ساڵیان تەواو کردبوو. بەرامبەر بەوانە ٧٣٢ر١٠ کرێکار ماوەی خزمەتیان پێنج ساڵی تێ نەپەڕاند بوو. شایانی باسە ئەو ژمارانەی سەرەوە هی یەك جۆر کرێکار نین، بەڵکو لە ناویان‌دا کرێکاری شارەزا و پیشەوەری جۆراو جۆرو کرێکاری نەشارەزایش هەیە.[٣]

دەبێ ئەوەیش بوترێ کە هەندێ دام و دەزگای ئەهلی‌ی هەر زوو کەوتنە « پاککردنەوە » ی ریزی کرێکارەکانیان. بە قسەی رۆژنامەیەکی کرێکاران حاوەن چاپخانەکان کرێکاری یەدەکیان ئامادە دەکرد. رۆژنامەکە ئەمانە بە « چینی دووەم » ناو دەبا کە خاوەن چاپخانەکان « فێری پیشەکەیان دەکردن و هەر کاتێك چینی یەکەم نارەزایی دەربڕی و زانی‌یان ئەم هەڵوێستەیان دەبێتە هۆی ئەوەی دەست لە ئیش هەڵبگرن، وەك ئامرازێك بەکاریان دێنن». رۆژنامەکە دەڵێ: ئەو گرووپە یەدەکە، ئەو خەڵکە بێ دەرەتانەن دەستاو دەستیان پێ دەکرێ و هیچ شتێکیش لەبارەی خاوەن چاپخانەو هەڵس و کەوتیانەوە نازانن »و بۆ جێ بەجێ‌کردنی مەرامی کاری خۆیان چۆنیان بوێ دەیان چەوسێننەو ە، جا بە « هەرەشەو گورەشەی دەرکردن بێ » یاخود « بەو گفت و پەیمانە زل‌زلانە بێ کە بۆیان هەڵدەڕشتن »، « دەردو مەینەتی‌ی ژیانیان لە بیر دەبردنەوە ». یان « ناو بە ناو ئاژاوەیان تێدا دەنانەوەو سوودیان لە جیاوازی بیروڕاو دووبەرەکی‌یان وەردەگرت. »[٤] لێرەدا جێ‌ی خۆیەتی دەست بۆ ئەوەیش رابکێشین کە باری ژیانی کرێکارانی چاپخانە لە سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکە ریالیزمی‌یەکانی عیراق‌دا، رەنگی دایەوە.[٥]

زۆربوونی کرێکاری کاتی‌ی لە ناو ریزی کرێکارانی عیراق‌دا بە ئاشکرا رۆڵێکی سەلبی گێڕا و ماوەی نەدا هوشیاری چینایەتی ـ ئابوری و سیاسی ـ لە ناویان‌دا گەشە بکا، هەروەك لە پێشەوە باس کرا. بەشێکی زۆری ئەوانەو تەنانەت کرێکارە هەمیشەیی‌یەکانیش بەتەواوی پەیوەندی‌یان لەگەڵ لادێ و نەریتی عەشرەتگەرییدا نەپچراندبوو. ئەوانە لایان وابوو ئیش‌کردن لە شار و لە ناو پرۆژە جۆر بەجۆرەکان‌دا، دەبێتە هۆی یاریدەدەرو ناهێڵێ ئابوری کشتوکاڵی‌یان هەرەس بهێنێ. ئەمانە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کرێکارانەیان پێك دەهێنا کە لە رێگاوبان و پرۆژەکانی ئاودێری و بیناکاری و خورما رنین و داگرتن و ئیشی لەو بابەتانەدا کاریان دەکرد. ژمارەی ئەوانەیش زۆر لەو کرێکارانە پتر بوو

كه له كۆمپانیاكانی نەوتو دامو دەزگای لەو جۆرەدا ئیشیـان دەكرد. سـەیر ئەوەیە ژمارەیەكی زۆر لەو كرێكارانە هەرچی پیّی بوتری سەرچاوەی ژیان لە لادێدا نەیان مابوو، بەلام هێشتا پەیوەندی‌یان لەتەك ئەو جۆرە ژیانەدا نەپسا بوو. وەك « هاملتن »ی ئەندازیار دەیگێڕێتەوە، بەشێكی زۆر لە دانیشتووانی دەشتایی‌یەكانی دەوروبەری « مووسل »، ئەوانەی كە خاوەن زەوی نەبوون‌و كشت‌وكاڵیان نەدەكرد، بە هاوین لەسەر رێگای « رەواندوز » ئیشیان دەكردو زستان دەگەڕانەوە گوندەكانی خۆیان.[٦] ئـەم چەشنـە كرێكـارانەیش گیـانی بزووتنەوەیان تێدا نی‌یەو گەر بڕێكیشیان گیانی راپەڕینیان تێدا دروست ببێ، ئەوا بە دەگمەن نەبێ ئەویش لە سنووری بزووتنەوەیەكی خۆرسك تێپەڕ ناكا.

لە وولاتانی تازە پێگەیشتوودا، ئـەوانەی لە كـارگەكـانی چنین‌دا ئیش دەكەن بە دەستەی یەكەمی چینی كرێكاران دادەنرێن‌و داینەمۆی بزووتنەوەی كرێكارانن، چونكە بە ژمارە لە هەمووان زیاترن‌و لە گشت كرێكاری كەرتەكانی دی پەرەسەندووترن.[٧] بەلام لە عیراق‌دا مەسەلەكە جیاواز بوو، چونكە كرێكارانی پیشەسازیی چنین بە درێژایی سەردەمی ئینتیـداب نیسبەتێكی كـەمی چینی كرێكارانی تازەیان پێك دەهێناو،[٨] بەقسەی ئەو راپۆرتە رەسمی‌یەی بەریتانیا دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی عیراق پێشكەش بە كۆمەڵی گەلانی كرد، باری گوزەرانی كرێكارانی چنین لە رووی سەعاتی ئیش كردن‌و رۆژانەوە لە سەرجەم كرێكارانی‌دی باشتر بوو.[٩] هەرچی كرێكارە عیراقی‌یەكانی كۆمپـانیای نـەوت بوون، زۆربەیان نەشارەزاو لەو كەسانە بوون لە دێهاتەكانی دەورو بـەرەوە، رەویان كردبوو، ئەوەیشی پێی بووتری هوشیاری سیاسی نەیانبوو.

كرێكارانی رێگای ئاسن بە حوكمی ئەوەی بەشێكی گەورەیان لە بەغدای پـایتەخت‌دا كـۆبووبـوونەوەو لە نـزیكـەوە ئـاگـاداری بـاری سیـاسی هێـزە نیشتمانی‌یەكان بوون، ژمارەیەكی زۆریشیان سەر بـە پیشەوەران بـوون، لە رووی هوشیاری یەوە جیاوازی‌یەكی نیسبی‌یان لەتەك تێكڕای كرێكارانی تردا هەبوو. ئەمە جگە لەوەی كرێكارانی رێگای ئاسن بە پێی سروشتی چینایەتی‌یان دەچنەوە سەر كـەرتە پێگـەیشتووەكـەی چینی كرێكـاران‌و زۆر لە كرێكـاری كارخانەوە نزیكن، كە بە كاكڵەی چینی كرێكار و پێشڕەوەكەی دادەنرێن. ئـەم خاسی‌یەتەیش تا رادەیەكی زۆر بەسـەر ئەو كـرێكارانـەدا دەچەسپێ كـە لە كارگەكانی « شالچی‌یە » دا كاریان دەكرد. جا هەر چەندە ئەم توێژە لە قۆناغی یـەكەمی بـزووتنـەوەی كـرێكـارانی عیـراق‌دا رۆڵێكی دیـاری گێـڕا و بگـرە سـەركردایـەتیشیان دەكـرد، بەلام ئینگلیـزەكان تـوانی‌یان بـە گیـروگـرفتی

لاوەکی‌یەوە خەریکیان بکەن، وەك لە باسەکانی بەشی رابوردوودا لێیان دواین.

سەرپاکی ئەم هۆیانە و هی تریش، ماوەیان نەدا نارەزایی دەربڕین سەبارەت بە باری ژیان و گوزەرانیان بچێتە قۆناغێکی بالاترەوە؛ واتە قۆناغی تەقینەوەو کاری نیقابی رێك و پێك.

بەلام بەرامبەر بەمە، کۆمەلێك هۆی‌تر تارادەیەك یارمەتی‌یان دا، چەند هەل و مەرجی پێویست پێ بگەن و پال بە کرێکاری عیراقی‌یەوە بنێن بجوولێ؛ دیارە نزم بوونەوەی بەردەوامی باری ئابوری و نالەباری زرووف ئیش‌کردن، لە ریزی پێشەوەی ئەو هۆیانە دادەنرێن. لە لایەکی تریشەوە. نەش و نماکردنی بزووتنەوەی نیشتمانی و بیروبارەری دژ بە ئیمپریالیزم وەك چۆن کاری لە بیروهۆشی رۆلەکانی عیراق کرد، هەر بەو شێوەیەش رۆلێکی گرنگی لە هوشیار کردنەوەی‌بیری کرێکاران‌دا گێرا. بێ گومان پەیدا بوونی رۆشنبیرانیش لەسەر شانۆی سیاسی وەك توێژێکی شۆرشگێر دەورێکی باشی بینی لەم مەیدانەدا. تەنانەت هەندێ لەوانەی سەر بەم توێژە بوون بەر لەهەمووان بەنووسینی ووتارو بلاوکردنەوەی لەناو رۆژنامەکانی ناوخۆدا، سەرنجی خەلکی‌یان بۆ واقیعی تال و پتفتی ژیانی کرێکارانی عیراق راکێشا. لێرەدا گرنگ ئەوەیە بزانین کە بەشێکی ئەو رۆشنبیرانە سەر بە خێزانە پیشەیی‌یەکان بوون. بە نموونە: « محەممەد مەکی ئەلئەشتەری » کە دوایی بووە سەرۆکی « کۆمەلەی هاریکاری سەرتاشان » بە یەکێك لە ناسراوترینی ئەو رۆشنبیرانە دادەنرێ.

بێ گومان چەندین هۆی دەرەکیش هەبوون توانیان رۆلێکی دیاریکراو لە بزواندنی کرێکارانی عیراق‌دا بگێرن، چونکە نەدەتوانرا کرێکاری عیراق بە تەواوی لەو رووداوو کارەساتانە دابڕ بکرێن کە لە دەورو پشتی‌دا روویان دەدا. خەباتی کرێکارانیش لە دەرەوەی وولات و سەنگی کۆمەلایەتی و سیاسی‌یان، راستەوخۆ کاری لە بیرورای رۆلە هوشیارەکانی چینی کرێکارانی عیراق و هەموو ئەو کەسانە کرد کە بە تەنگ مەسەلەکەیانەوە دەهاتن، وەك « محەممەد سالح ئەلقەزاز » دەلێ، بە تایبەتی لەو کاتەوەی کە زانی‌یان « لە سەرانسەری وولاتانی رۆژهەلات‌دا ـ بێجگە لە وولاتانی ئەورووپا کە کرێکاران بوونە خاوەنی مافی چەسپاوی خۆیان ـ کرێکاران یاسایان هەیە دەیانپارێزێ و حالی ئەوانە وەك حالی کرێکاری لای ئێمە نی‌یە. لە فەلەستین و هیندوستانی داگیر کراودا، لە چین و ژاپۆنیا و تورکیا و میسر وئێران‌دا، یاسا هەیە کرێکاران دەپارێزی و دان بە رێکخراوو دامودەزگاکان‌یان‌دا دەنێ و دایەرەی تایبەتی هەیە لە زولم و ستەمی چەوسێنەران دەکۆلێتەوە »(١٠)

« مەحموود ئەحمە ئەلسەید » لە رۆژی یەکی ئابی ساڵی ١٩٣٠ داو لەو ووتارەیدا کە بە بۆنەی ئاهەنگێکی کرێکارانەوە گێردرا و خوێندیەوە، باسی ئەوە دەکا چۆن « لە دوا دوای سەدەی نۆزدەهەمەوە کرێکارانی ووڵاتە عەرەبییەکان ووریا بوونەتەوەو دەزانن سوودی هاوکاریو یەکخستنی ریزەکانیان چەندە.» ئەو لای وایە « مانگرتنی کرێکارانی جگەرە دروستکردن کە ساڵی ١٨٩٩ لە قاهیرەو لە پێناو زیاد کردنی رۆژانەدا » « یەکەمین بەڵگەی ئەم ووریا بوونەوەیە ». پاشان دێتە سەر هەوڵو کۆششی زووی کرێکارانی میسرو سووریا کە لە پێناوی نیقابەیەکدا، بەرگری لە مافەکانیان بکا دایان. ئنجا دەست بۆ گرنگیی ئەو مانگرتنەیان رادەکێشێ کە بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی سازیان کرد.[11]

لە لایەکی تریشەوە، باری ژیانی کرێکارانی ووڵاتە پەرەسەندووەکان، کرێکاران و رۆشبنیرە شۆڕشگێڕەکانی عیراقی بە ئەندازەیەك هوشیار کردەوە، لە نووسینو ووتار و یادداشتی سەرکردەکانیدا رەنگیان دایەوە. ئەوەتا هەر لەو ئاهەنگەدا کە لە سەرەوە باسکرا « مەحموود ئەحمەد ئەلسەید » پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە « پەرلەمانی سیستەمە ئەوروپاییەکان سەدان نوێنەری کرێکارانیان » تێدایە.[12] « محەممەد مەکی ئەلئەشتەری » یش لە بارەی هەمان مەسەلەوە دەنووسێ:

«.. حاڵی کرێکاری عیراق ئەوەندە خراپ و نالەبارە گریانت بۆی دێ. نە پەیرەوێکی هەیەو نەنیقابەو نەکۆمەڵەیەك تا تێیدا کۆببنەوەو ریزەکانیان یەك بخەن. دەیبینی هەمیشە وەڕسەو ئاخ و داخ هەڵدەکێشێ چونکە توانای بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی نییە. ئەمە حاڵی کرێکاری لای خۆمانە، کەچی هاوسنفی ئەو لە ئەورووپادا کە لە بارەیانەوە دەبیستین و لە رۆژنامەکاندا شتیان لەسەر دەخوێنینەوە، خۆیان و هاورێیانیان هاوکاری یەکتر دەکەنو دەستیان لە دەستی یەکتر دایەو یارمەتی یەکتر دەدەن.. کرێکاری رۆژئاوایی نیقابە، کۆمەڵە، سیستەمو یاسای هەیەو هەموو ئەمانەیش دەستەبەری ماف رەوای ئەوانن.. گەر کرێکارێك توانای کارکردنی نەما، ئەو کۆمەڵەیە، یان ئەو نیقابەیە کە تێید ئەندامە، مانگانەیەکی بۆ دەبڕێتەوە تاوەکو پێی بژی..»[13] بەو جۆرە، باری ژیانی کرێکاری رۆژئاوایی بووە خولیایەك، دەستەی یەکەمی سەرکردە نیقابییەکانی عیراق و رۆشنبیران خەویان پێوە دەبینی ».[14]

سەرکردەی نیقابی ناسراو « محەممەد ساڵح ئەلقەزاز » ئەوە دووپات دەکاتەوە کە لە زووەوە، مانگرتنی کرێکارانی ووڵاتە عەرەبییەکانو دەستگرتنی

کرێکاران بەسەر دامودەزگای دەوڵەتی یوولاتێکی گەورەی ئەورووپاییدا، لە دوای سەرکەوتنی یەکەم شۆڕشی سۆشیالیستی، کاریان لە بیرو هۆشی کردبوو.[15] شایانی باسە ئینگلیزەکان، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن سەرنجی دانیشتووانی عیراقیان بەلای شۆڕشی ئوکتۆبەری سۆشیالیستیدا راکێشا. بە نموونە: پێش ئەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی دوایی بێ، لەو رۆژنامانەدا کە لە عیراق بەزمانی عەرەبیو کوردیو فارسی و تورکمانی دەریان دەکرد، پروپاگاندەیان دژی بیروباوەڕی سۆشیالیزم دەکرد.[16] ئەم هێرشە لە دوای جەنگیش هەر بەردەوام بوو، بەلام ئەمجارەیان رۆژنامەی « العراق »ی عەرەبی و « پێشکەوتن » ی کوردی، ئالاکەیان هەلگرت. دیارە بە تەنها هێرشێکی لەو جۆرە، بەس بوو، بۆ ئەوەی رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان لەو راستییە تێ بگەن کە ئیمپریالیزمی بەریتانی دوژمنی باوەکوشتەی سۆشیالیزمە. شان بەشانی ئەمانەیش و لەتەك ئەو پروپاگاندە فراوانەدا کە ئینگلیزەکان بلاویان دەکردەوە، ناو بەناو بیروڕای وا دەهاتە کایەوە لەگەل مەبەستو ئامانجی پروپاگاندەدا نەدەگونجا، ئەمەیش دەبووە هۆی ئەوەی چەندین پرسیاری نوێو هەمەچەشن لە مێشکی خوێنەردا بوروژێنێ.

دەبێ ئەوەیش لەیاد نەکرێ کە کرێکارانی عیراق بەر لەوەی بزووتنەوەکەیان بە خۆیدا بێ و لەسەر ئاستی ناوخۆ رەنگو رووی خۆی وەربگرێ، هەندێ پەیوەندییان لەگەل سەرکردەی کرێکارانی وولاتە عەرەبییەکاندا بەست. ئەوە بوو لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٩ دا، نووسەرو کرێکاری لوبنانی « فوئاد شیمالی » کە چەندین ساڵ لە بەندیخانەکانی فەرەنسای داگیرکەردا بەسەر بردبوو، پێنج دانەی لەو کتێبەی خۆی « نیقابەکانی کریکاران ـ نقابات العمال » نارد بۆ « کۆمەڵەی سنعاتکاران ». کۆمەڵەی ناوبراویش داوای لە ئەندامانی کرد بیخوێننەوە خەباتو تێکۆشانی نووسەرەکەی « بکەنە سەرمەشقی تێکۆشان».[17]

لە هەندێ کتێبی عیراقیدا دەست بۆ چەند بزووتنەوەیەکی سادەی کرێکاران کە پێشتر روویان داوە،[18]، درێژ دەکەن وەك مانگرتنی ساڵی ١٩١٨ ی کرێکارانی بیناکاری لە « نەجەف » و مانگرتنی کرێکارانی کەشتی دروستکردن لە « بەسرە » لە هەمان ساڵدا.[19] بە قسەی ئەو سەرچاوانە لە مانگرتنەکەی دواییاندا « سەدان کرێکار »[20] بەشدارییان کردووەو لەو ئەرزوحاڵەدا کە پێشکەش بە کاربەدەستان کراوە « داوا دەکەن باری گرانیان لەسەر شان لابرێ و لە رووی رۆژانەو مووڵەتەوە، وەك کرێکارە بیانییەکان تەماشا بکرێن..»[21]

سیمای چینی کرێکارانی عیراق، وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی ناو بزووتنەوەی نیشتمانی ی لە رۆژگاری « شۆڕشی بیست » دا خۆی نواند. کرێکارو پیشەوەرانی بەغدا، بڕبڕەی پشتی هەموو ئەو کۆڕو کۆبوونەوە جەماوەری‌یانە بوون کە لە مزگەوتەکانی ئەوێ‌دا دەبەستران. هەر ئەم کۆبوونەوانەیش نموونەی یەکێك لە گرنگترین پلەی هوشیاری نیشتمانی ی ئەو کاتەی عیراق نیشان دەدەن. ئەو حەقیقەتانەی بەڵگەنامە نهێنی‌یەکانی پۆلیسی بەریتانیایی لە بەغدا تۆماری کردوون لە توانایان‌دا هەیە تارادەیەك رۆشنایی بخەنە سەر ئەم مەسەلەیە. یەکێك لەو بەڵگەنامانە وەسپی ئەو خۆ نیشان دانە دەکا کە لەسەر « شەقامەکانی رۆژهەڵاتی بەغدا » رووی داوەو دەڵێ: « تەپڵو تەنەکە لێ دەدران‌و داوای سەربەخۆیی دەکرا ». ئەم خۆ نیشان‌دانەیش دوو کەس سەرکردایەتی‌یان کردووە « یەکێکیان، « شێخ تەهای کوڕی خزەییرە » کە دانیشتووی رۆژئاوای بەغدایەو دارفرۆشێکی بچووکە. دووەمیشیان، عەبدولڕەزاقی کوڕی عەلی‌یەو لە گەرەکی فەزل ئاشپەزە ». لە ڕاپۆرتێکی تری نهێنی‌دا، پۆلیس لە بارەی ئەو کۆبوونەوەیەوە کە لە رۆژی ١٥ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٠ دا لە مزگەوتی حەیدەرخانە سازکرا، واتە لە گەرمەی رۆژگاری شۆڕش‌دا، دەقاودەق دەڵێ:

«.. کاتێك جەماوەرەکە بڵاوەیان لێ کرد، بنیادەم هەر ئەوەندەی بۆ دەکرا تەماشای ئەو خەڵکە هەژارە بکا کە بریتی بوون لە زەحمەتکێشان و خەڵکی بێ کاری ناو چایخانەکان »[٢٢]

یەکەم هاووڵاتی عیراقیش کە لە رۆژانی یەکەمی شۆڕش‌دا « ٢٤ی ئاياری ١٩٢٠ » شەهید کرا، دارتاشێکی بێ زمان بوو. لە رۆژی دوایی‌دا جەماوەر بە خۆ نیشان‌دانێکی گەورە بە خاکیان سپاردو ناوی « شەهیدی نیشتمان »[٢٣] یان بەسەردا بڕی. لە رۆژی ٣ی ئاب‌دا، لایەنگیرانی شۆڕیش بە یارمەتی کرێکاران، توانی‌یان ئاگر لە کەمپی ئۆتومبیلەکانی دوژمن بەر بدەن لە بەغدا. جا لەبەر ئەوەی چەردەیەکی چاك سووتەمەنی تێدا بوو، تارادەیەك کاری لە هامشۆی هێزەکانی ئینگلیز کرد، چونکە ئەو هێزانە بۆ گواستنەوەو هێنان‌و بردنی ئازووقە سەربازەکانیان، زیاد لە پێویست پشتیان بە ئۆتۆمۆبیل دەبەست تاوەکو بیانگەیەنێتە مەیدانی جەنگ. بەتایبەتی لەو کاتەدا شۆڕشگێران توانیبوویان لە چەند جێگایەکی گرنگی ناوەڕاست‌و خوارووی ووڵات‌دا، رێگای ئاسن تێك‌و پێك بدەن.[٢٤]

چەندین بەڵگەو نیشانەی تری دوای « شۆڕشی بیست » یش جارێکی دی ئەوە دەسەلمێنن کە وردە وردە کرێکاران نەك هەر بوونەتە هێزێکی کۆمەڵایەتی

خاوەن دەنگ رەنگی تایبەتی خـۆیان، بـەڵکو دەبـوو حسابیشیـان بۆ بکـرێ. رۆژنامەی « العراق » یسەر بە میری لە سەر ووتارێکیدا بە ناونیشانی « کرێکار بـازووی پەیکـەری کۆمـەڵە » دەڵێ: «.. ماوەیـەکی دوورو درێـژی مێـژووی مرۆڤایەتی، کرێکاران بە نـزمترین چینی کـۆمەڵ دادەنـران، بەلام دەبێ ئـەو حەقیقەتە بگوترێ کە ئەوانە بە هیچ شێوەیەك لە خەڵکی تر کەمتر نین.»[٢٥]

لە خـۆڕایش نەبـوو کە لە مـانگی تەممـووزی ساڵی ١٩٢٢ دا، یـەکەم بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی لە بەغدا، بۆ هەر جۆرە ئیش و پیشەیەك، سەرۆکێکی هەڵبژارد. ئەوەبوو رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە بە جۆرێك ئەم هەڵوێستەیان لێك دایەوە گوایە هەنگاوی یەکەمە بۆ « دامەزراندنی نیقابەی کرێکارانی رێك و پێك و سەرەنجامیش وولات لە رووی ئابوری یەوە سوودێکی زۆریان لێ وەردەگرێ.»[٢٦] جا لەگەڵ ئەوەیش دا کە ئەرکی ئەم دەستەیە بە تەنها بریتی بوو لە رێکخستنی کاروباری مووچەو رۆژانە بە شێوەیەك هەردوولا ـ کرێکارو خاوەن کار ـ قایل بکا، بەلام سەرهەڵدان و چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی بەم چەشنە، ئەو مەغزاو مەرامە دەبەخشن کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە.

یەکەمین نیشانەی تێگەیشتن و پێگەیشتنی کرێکاران و هەستکردنیان بە رێگای خەباتی بێ ووچانیان لە پێناو دەستخستنی مافە رەواکانیاندا، بەندە بەو هـەوڵ و کۆششـەوە کە هـوشیار تـرین کەسی ئـەو کرێکـارانـە[٢٧] لە پێنـاوی دامەزراندنی یانەیەکی سەربەخۆی کرێکاراندا بەختیان کـرد. پاش ئـەوەی میری لە رۆژی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٩ دا « یاسای کۆمەڵەکان » ی داناو لە ناوەڕاستی مانگی تەموزدا رۆژنامەکان بلاویان کردەوە[٢٨]، هێزە سیاسی یەکانی عیراق کەوتنە خۆ و بە رەسمی ی حزبی خۆیان پێکهێنا. کۆمەڵە پیشەیی یەکانیش یەك لە دوای یەك و بە گورجی ی دامەزران. لەوانە « نیقابەی پارێزەران » کە دوو لقی کردەوە، یەکێك لە « مووسڵ » و ئەوی ترلە « بەسرە »[٢٩]. ئنجا کۆمەڵی « ئەجزاچی یەکان »[٣٠] و « کۆمەڵی پزیشکان » ئەویش دوو لقی لە « مووسڵ » و « بەسرە » کردەوە.[٣١] بۆ یـەکەمـین جاریش دەستـەیەك ئـافرەت، یـانەیـەکی ئافرەتانیان بە ناوی « یانەی راپەڕینی ئافرەتان لە بەغدا » دامەزراند و لە کۆتایی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٤ دا کرایەوە[٣٢] هەر لەساڵی ١٩٢٤ دا جموجوڵێکی هەست پێکراو رووی دا بۆ دامەزراندنی چەندین کۆمەڵەی پیشەیی.[٣٣]

ئا لەم ماوەیەدا « کۆتایی ساڵی ١٩٢٤ » کـرێکاران هـەستیان بـە رۆڵی مێژوویی خۆیـان کرد و تێ گـەیشتن کە « پێـویستە کـۆمەڵی تـایبەتی یـان بۆ دابمەزرێنرێ، تا هەوڵی حەوانەوەیان بدا و ئیش و کاریان رێك بخا و سەعاتی

ئیش‌کردن و رۆژانەو شتی تریان بۆ دیاری بکا ».[٣٤] ئنجا « محەممەد سالح ئەلقەزاز » و « محیەددین محەممەد »[٣٥] ی سەرۆکی « بەشی فیتەرخانەکەی کارگەی سوپا »[٣٦] و « قاسم عەبباس » ی کرێکاری رێگای ئاسن لە کارگەی « شالچی‌یە »[٣٧] ئەزروحالێکیان‌دا بە وەزارەتی ناوخۆ و تێیدا داوایان کرد ماوەیان بدرێتی، یانەیەکی کرێکاران دابمەزرێنن. بەلام وەزارەتی ناوبراو، سەرەڕای هات و چۆی ئەوانە و سەرەرای ئەوەی کرێکارە بیانی‌یەکان، یانەی تایبەتی لەو جۆرەیان بۆ کرابووەوە، داواکەی ئەمانی دایە داواوە. بەڕێوەبەرایەتی رێگای ئاسنیش ئەم دەستپێشخەری‌یەی کرێکارانی بەلاوە پەسەند نەبوو؛ بۆیە کەوتە خۆو چەند هەنگاوێکی ئیداری دژی « ئەلقەزاز » و « قاسم » و « عەبباس » نا. ئەمەی دوایی‌یانی لە جێگەکەی خۆی گواستەوەو زیادەی سالانەی ئەوانی‌تریشی راگرت.[٣٨]

بایەخی ئەم کارە بە تەنها لەوەدا نی‌یە کە سەرەتایەکی گرنگ سەبارەت هوشیاریی کرێکاران نیشان دەداو خۆی لە خۆی‌دا نیشانەی گۆڕانێکی چۆنیەتی‌یە لە بیرو هۆشی کرێکاران‌دا، بەلکو بێجگە لە مانەیش ئەوە دەگەیەنێ کە سەرەتای پێکهاتنی سەرکردایەتی‌یەکی کرێکارانەی هوشیار هاتووەتە مەیدان‌و لە پەرژەوەندی زەحمەتکێشان و هەل‌و مەرجی ئیش‌کردن‌و دابین کردنی ئەو پەرژەوەندی‌یانە، با بە شێوەیەکی سەرەتاییش بێ، تێ گەیشتووە. ئەم کاکلەیە کەوتە نەش‌و نما کردن‌و تا دەهات خەلکی هوشیاریان لەدەور کۆ دەبووەوە و بەوپەڕی دلسۆزی‌یەوە، خزمەتی مەسەلەکانی کرێکارانیان دەکرد و توانی لە قۆناغێکی نوێی مێژووی بزووتنەوەی کرێکارانی عیراق‌دا سەرکردایەتی بکا. گومان لەوەدا نی‌یە کە بە بێ ئەو کاکلەیە نەیان دەتوانی سیما و مۆرکی خۆرسکی‌ی لە خۆیان بکەنەوە.

وەنەبێ ئەو هەلویستەی وەزارەتی ناوخۆ ورەی بە « ئەلقەزاز » و هاورێکانی بەرادبێ، بە پێچەوانەوە بە درێژایی چەند سالێك، پاو بەناو داخوزی‌یەکەیان تازە دەکردەوە، ئەگەرچی هیچ ئەنجامێکیان دەستگیر نەبوو.[٣٩] بەوەیشەوە رانەوەستان، بەلکو هەر لەو ماوەیەدا چەند جارێك لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا گرنگی‌ی و بایەخی رێکخراوی کرێکارانەیان روون کردەوە.[٤٠] ژیانی پر لە ئەشکەنجەی زەحمەتکێشان و تەشەنە کردنی بێکاری لە ناویان‌دا، پالی پێوە نان ئەو رێگا تازەیە بگرنە بەر کە لە هێزە سیاسی‌یەکانی ترەوە فێری بوون. ئەویش

پێشکەش کردنی ئەرزوحاڵ و داخوزیکردن لە لێپرسراوان بوو، بە هیوای ئەوەی دەستگیرۆیی یان بکەن و باری سەرشانیان سووك بکەن. لەو رۆژگارەدا کرێکاران وەك خەڵکی تر « هیوایەکی گەورەیان بە مەلیك و وەزیرە بەرێزەکان » هەبوو. چونکە دڵنیا بوون لەوەی کە « چاوی رەحمو بەزەیی یان » لێیانەوە دەبێ، وەك « کرێکارێکی بێ ئیش » لەو ووتارەیدا کە بە ناوونیشانی « هاواری کرێکارێك »[٤١] نووسیویەتی. ئەم جۆرە تێکۆشانە، تا ماوەیەك بووە شێوەی خەباتی کرێکاران. بەلام وردە وردە لە بێ ئەنجامی ئەم رێگایە تێ گەیشتن، چونکە نە هیچی دەست خستن و نە لەوەدوایش دەیتوانی دەستکەوتێکی کرێکارانەیان بۆ بچەسپێنێ. بۆیە کرێکاران دەرهەق بە میری کەوتنە قسە کردن کە دەبێ لە جیاتی پشتگیری کردنی کۆمپانیا بیانی یەکان، کرێکاران بپارێزی. ئەمە جگە لەوەی کە رەخنەیان لە نوێنەرانی گەلو وەزیرەکان دەگرت، چونکە گیروگرفتە بنچینەیی یەکانی کرێکارانیان پشت گوێ خستبوو.. پاشان « شکایەتێکی زۆر » بەسەر رۆژنامەکاندا داباریو « دەستە دەستە کرێکاری بێ ئیش رووی تێ دەکردن و بارگرانی ی خۆیان روون دەکردەوە » بەلام میری « هیچ گوێی بەو هاتو هاوارە نەدا کە لە زاری سەدان خەڵکی بێ ئیشەوە دەهاتە دەرێ و هەنگاوێکی ئەوتۆتۆیشی نەنا، ئەو خەڵکە لەو تەنگو چەڵەمەیە رزگار بکا »[٤٢]

ئەوجا بزووتنەوەی کرێکاران لە دژی کۆمپانیا بیانی یەکان بە ئاشکرا دەستی پێ کردو سەرەتای مانگرتنی کرێکارانەی رێك و پێك لەو ماوەیەدا خۆی نواند. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٧ دا کرێکارانی رێگای ئاسن یەکەم مانگرتنیان ساز کرد[٤٣] و دروشمی چەند داخوازی یەکی پیشەیی یان بڵند کردەوە. لەوانە: زیادکردنی رۆژانە بە ئەندازەیەك لەتەك رۆژانەی کرێکارە بیانی یەکاندا بگونجێ. هەروەها لەکاتی خۆیدا بە بێ دواکەوتن مووچەیان بدرێتێ[٤٤] و مۆڵەتیان دوا نەخرێ و کرێی خانووی ئەو کرێکارانە کەم بکرێتەوە کە لە خانوبەرەی بەرێوەبەرایەتی رێگای ئاسندا، نیشتەجێن. بەرێوەبەرایەتی ناوبراو بە دەنگ هەندێ لەو داخوزایانەوە هات، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندی یان بە وەرگرتنی مووچەو دوا نەخستنی مۆڵەتەوە هەبوو. گفتیشی دا بە راستی ی چاو بە داخوازی یەکانی تردا بگێرێ. کرێکارانیش دوای ئەم هەنگاوە چوونەوە سەر ئیش و کاری خۆیان و بۆ یەکەمجار لە دژی چەوسێنەرانیان تامی سەرکەوتنیان چەشت. « محەممەد سالح ئەلقەزاز » کە دیارترینی سەرکردەی مانگرتنەکە بووە، بە تایبەتی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هاوکاری مانگرتووەکان لەم تاقیکردنەوە نوێیەدا، وای لە رژێم کرد ناچار بێ حساب بۆ کرێکاران بکا.

تەنانەت کە داخوازی‌یەکەی پێشوویان لەمەڕ دامەزراندنی یانەی کرێکارانیان تازە کردەوە، دەم‌و دووی لێپرسراوان لەگەڵیان‌دا بە جۆرێکی تر بوو.(٤٥)

هەر لەو ماوەیەدا دەسپێشخەری‌یەکی نوێ هاتە گۆڕێ‌و خۆی لە خۆی‌دا بەڵگەی ئەو گۆڕانە بوو کە بزووتنەوەی کرێکاران لە سەرەتای نەشونماکردنی‌دا بە خۆیەوە دی. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٨ دا، « ٤٥ » کرێکار کۆبوونەوەو پرۆتستۆیەکیان دژی « هەڵس‌و کەوتی دڵڕەقانەی کۆمپانیـای نەوت‌و تێکـڕای کۆمپانیا بیانی‌یەکان » مۆر کردو پاشان وێنەیان دا بە لێپرسراوان و ڕۆژنامەکانی ناوخۆ.(٤٦) هەندێ دەسپێشخەری دیکەیش هەر لەو ماوەیەدا دەرکەوتن کە هەر یەکەیان لە رووی مێژووی‌یەوە بایەخی خۆیان هەبوو، چونکە بوونە سەرەتایەك بۆ دەرباز بوونی ئەو کرێکارانەی لە بنەڕەت‌دا جووتیار بوون‌و بە شێوەی جیا جیا پابەندی نەریت‌و رەوشت‌و پەیوەندی عەشایەری بوون. هەندێك سەرچاوە باسی ئەو ناکۆکی‌یانە دەکەن کە لە نێوان کرێکاران‌و سەرەك عەشیرەتەکان‌دا روویان داوە، سەبارەت بەوەی بە شێکی ڕۆژانەو مانگانەکانیان وەردەگرتن.(٤٧)

سەرپاکی ئەم بزووتن‌و گۆڕانکاری‌یانە لەتەك کۆتـایی سالانی بیستـدا تێکەڵ بە رەوتی بزووتنەوەیەکی فراوانتـر بوون کـە بە چـەندین خـاسی‌یەت‌و شێوەی دەربڕینی نوێ‌وە هاتنـە کایـەوە؛ هەمـوو ئەمـانەیش بـە ئاشکـرا لە دامەزراندنی یەکەم کۆمەڵی کرێکارانەو پیشەیی‌یانەدا، رەنگیان دایەوە.

سەرهەڵدانی کۆمەڵەی کرێکاری و پیشەیی

لە ناوەڕاستی سالانی بیستەوە کرێکاران و پیشەوەران کەوتنە خۆ و چەند جارێك هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵەی کرێکارانەیان دا. تا گیروگرفتەکانیان زیادی بکردایەو ئالۆزتر بوایە، توێژە هوشیارەکەی ئەو چینە باشتر پێی لەسەر خـۆ رێکخستن دادەگرت‌و یەکخستنی تێکۆشانیانی بە پێویستی‌یەکی گرنگ لە قەڵەم دەدا. « محەممەد سالح ئەلقەزاز » ئەم مەسەلەیە بە کورتی‌ی‌و بە شێوەیەك باس دەکا بە ئاشکرا دیارە کە چاك لەو هەل‌و مەرجانـە تێ گەیشتـووە کە هـەندێ گیروگرفتی زەحمەتکێشانی عیراقی کەم دەکردەوە؛ ئەوەتا لە بارەی پێکهێنانی کۆمەڵەی کرێکارانەوە، دەقاو دەق دەڵێ:

«... ئێمە بە تەواوی لاوازبووین‌و کەسێك نی‌یە داوای مافەکانمان بکاو لەبـەردەم میری‌و کـۆمپانیـاکان‌دا ببێتـە نوێنـەرمان و لەو مـەسەلانـەدا کە پەیوەندی‌یان بـە ئێمەوە هـەیە رێکمـان بخەن؛ ئـەم بێ دەسەلاتی‌یـەیشمان

ئەنجامی ناکوکی نێوان خۆمانە.. یەکێتی‌یش ئەگەر بە شێوەیەکی راست و دروست پێك نەیەت ئەنجامێکی هەست پێ کراوی نابێ. رێکخستنیش تەنها بە رێگای دروستکردنی کۆمەڵو نیقابەوە دەبێ. سەبارەت بەم هۆیانەو بە یارمەتی کرێکارە هوشیارە کان نزیکەی دوو ساڵ لەمەو بەر چەند داخوزی‌یەکمان.[٤٨] پێشکەش کردووە، تاوەکو رێگامان بدرێ ئەو کۆمەڵانە پێك بهێنن »[٤٩]

بێ گومان لێپرسراوان نەیان دەتوانی تاسەر گوێ لە داخوازی کرێکاران سەبارەت بە پێکهێنانی کۆمەڵی تایبەت بەخۆیان بخەفێنن. چونکە لەو کاتەوەی کە وردە وردە دەنگی کرێکاران بەرز بووەوەو گیروگرفتەکانیان لە ناو رای گشتی‌ی‌و لە ئاستی رەسمییدا خۆیان سەپاند؛ ئارەزووی پێکهێنانی ئەو جۆرە کۆمەڵانە، تا دەهات لە کرێکاران‌و پێشەوەرە تازەکان‌دا، زیاتر تەشەنەی دەکرد.

پاشان « ئەلقەزاز » و هاورێکانی وازیان لە دامەزراندنی یانەی کرێکاران هێنا و لەناوەراستی ساڵی ١٩٢٨ دا، داخوازی‌یەکی تازەیان دا بە وەزارەتی ناوخۆ و داویان کرد رێگایان بدرێ کۆمەڵێك بە ناوی « کۆمەڵی کرێکاران » ەوە[٥٠] دابمەزرێنن. سەرتاشەکانیش شوێن پێ‌ی ئەوانیان هەڵگرت. ئەوەبوو «محەممەد مەکی ئەلئەشتەری » و چەند سەرتاشێکی شاری بەغدا داوایان لە وەزارەتی ناوخۆ کرد، رێگایان بدەن « کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان » دابمەزرێنن، چونکە مەبەستیانە « گوزەرانی سەرتاشان باشتر بکەن‌و دەستی یارمەتی‌و برایەتی بۆ یەك درێژ بکەن و لە سایەی خۆشەویستی‌و دڵسۆزی و رێز لێگرتنی یەکتردا کۆ ببنەوە »[٥١] دەستەی دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە داوایان لە پەرلەمان کرد دەست بخاتە ئەم مەسەلەیەوەو وەزارەتی ناوخۆ ناچار بکا رێگای دامەزراندنی بدرێ؛ ئەوەبو، وتووێژێکی زۆر سەبارەت بەم مەسەلەیە لە نێوان پەرلەمان‌و لایەنە لێپرسراوەکان‌دا کرا.[٥٢] رەنگە هەر بەو هۆیەیشەوە بووبێ کە « ئەلئەشتەری » و هاوەڵەکانی بەر لە خەڵکی‌دی مۆڵەتی دامەزراندنی کۆمەڵەکەیان وەگرت. « کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان » یش کە بە رەسمی‌ی لە ١٠ ی شوباتی ساڵی ١٩٢٩ دا[٥٣] دامەزرا، بە یەکەمین کۆمەڵی پیشەیی دادەنرێ کە رێگای ئیش‌کردنی لە عیراق‌دا پێ درابێ.[٥٤]

کرێکارانی چاپخانەو بەرگدرووەکان و شوفێرو میوە فرۆشان و زۆری تریش، یەك لە دوای یەك داخوازی پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کرا. بەڵام وەزارەتی ناوبرا و زۆر بە سستی‌ی لەو داخوازی‌یانەی دەکۆڵی‌یەوە. بە نموونە: مێوەفرۆشەکان لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٩ دا، داوای دامەزراندنی کۆمەڵەکەیان کرد[٥٥]، کەچی وەزارەتی ناوخۆ چەند مانگێك وەڵامەکەی دوا

خستن‌و تا ٤ی کانوونی دووه‌می ساڵی داهاتوو، نه‌یانتوانی یه‌که‌م ده‌سته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری کۆمه‌ڵه‌که‌یان هه‌ڵبژێرن.[٥٦]

به‌و جۆره له سه‌ره‌تای ساڵی ١٩٢٩ وه چه‌ند کۆمه‌ڵه‌یه‌ك به ناوی پیشه‌یی جۆر به‌جۆره‌وه هاتنه ئاراوه و بێجگه له « کۆمه‌ڵی کرێکارانی چاپخانه‌کانی عیراق » که له ٤ی کانوونی دووه‌می ساڵی ١٩٣٠ دا به ره‌سمی‌ی رێگای دراو[٥٧] « کۆمه‌ڵه‌ی کرێکارانی میکانیکی عیراق » که له دوادوای مانگی کانوونی دووه‌می ساڵی ١٩٣٠ دا به ره‌سمی‌ی مۆڵه‌تی وه‌رگرت[٥٨]، ده‌ڵێین بێجگه له‌و دوو کۆمه‌ڵه‌یه هیچ کام له‌وانی‌تر ناوی کرێکاریان پێوه نه‌بوو؛ هیچشیان له سه‌ره‌تادا ئه‌وه‌نده‌ی تۆزقاڵێك له خزمه‌تی کرێکاران‌و په‌رژه‌وه‌ندی‌یه‌کانیان‌دا نه‌بوون، وه‌ك له‌مه‌ودوا روونی ده‌که‌ینه‌وه.

جا ئه‌گه‌ر به وردیی ته‌ماشای چۆنیه‌تی دروست بوونی ئه‌م کۆمه‌ڵانه بکه‌ین، ده‌بینین هه‌موویان له بنچینه‌دا کۆمه‌ڵی پیشه‌یین، یاخود کۆمه‌ڵێکن بنکه‌یان له کرێکاران‌و پیشه‌وه‌ران پێك هاتووه‌و ـ ورده بۆرژوا ـ سه‌رکردایه‌تی‌یان ده‌که‌ن. با له‌و تاقه کۆمه‌ڵه‌یه‌وه پێیدا بێین که له ناو تێکرای کۆمه‌ڵه نیشتمانی‌یه‌کان‌دا (٥٩) ناوی کرکارانی له خۆی ناوه، واته «کۆمه‌ڵه‌ی کرێکارانی چاپخانه‌کان». سه‌رۆکی ئه‌م کۆمه‌ڵه‌یه ناوی «عه‌بباس حوسه‌ین ئال ئه‌لچه‌له‌بی» یه و به مانای ته‌واوی ووشه خۆی کرێکار نه‌بوو. لێره‌دا گرنگ ئه‌وه‌یه ره‌چاوی ئه‌وه بکه‌ین ناوبراو که له رۆژی ١١ی کانوونی دووه‌می ساڵی ١٩٣٠ دا به ئه‌ندامی ده‌سته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری کۆمه‌ڵه هه‌ڵبژێردراوه‌کانی ته‌نها ٣٦ ده‌نگی وه‌رگرت، ئه‌مه‌یش به نیسبه‌ت هه‌ڵبژێردراوه‌کانی تره‌وه که‌مترین ژماره بوو، چونکه تییاندا هه‌بوو له دوو ئه‌وه‌نده‌ی ئه‌و زیاتر ده‌نگی هێنابوو [٦٠] . راسته له داواکه‌ی ده‌سته‌ی دامه‌زرێنه‌ری «کۆمه‌ڵه‌ی کرێکارانی چاپخانه‌کان» دا که رۆژی ٢٧ی ته‌مموزی ساڵی ١٩٢٩ پێشکه‌ش به وه‌زاره‌تی ناوخۆ کرا، باسی ئه‌وه کراوه که ئامانجی کۆمه‌ڵه[٦١] ئه‌وه‌یه «ئاگای له حاڵی کرێکارانی چاپخانه‌کان بێ له عیراق‌داو په‌رژه‌وه‌ندی‌یه‌کانیان بپارێزێ» وئه‌م کۆمه‌ڵه‌ به «سوودی تر ده‌به‌خشێ‌و ده‌بیته مایه‌ی خێرو خۆشی‌ی بۆ سه‌رتاپای وولات». [٦٢] به‌ڵام سه‌رۆکه‌که‌ی له یه‌که‌م کۆبوونه‌وه‌ی ده‌سته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ردا که رۆژی ١٨ی کانوونی دووه‌می ساڵی ١٩٣٠ سناز کرا، له‌باره‌ی ئامانجه‌کانی کۆمه‌ڵه‌وه ده‌قاوده‌ق ده‌ڵێ:

«.. بڵاو کردنه‌وه‌ی گیانی خۆشه‌ویستی‌ی له ریزی کرێکارانی چاپخانه‌کانی عیراق‌داو هه‌وڵدان بۆ پێشخستنی هونه‌ری چاپکردن وشاره‌زا

کردنی کرێکار لەم مەیدانەداو بە تەنگەوە هاتنی تەندروستی‌یان ئامانجمانـە. هەرچیش لە تواناداا بێ بۆ پاراستنی مافی خاوەن چاپخانەکان دریغی ناکەین..» پاشان کۆتایی بە قسەکانی دێنێو دەڵێ:

«.. هاوڕێیان؛ لە سەرانسەری جیهاندا کرێکارانی چاپخانە خزمەتێکی زۆری کۆمەڵگایان کردووە، ئەوان نـەبوونـایە خـەڵکی نەیـان دەتوانی کتێبو ڕۆژنامە، کە پڕن لە زانیاری جۆر بـەجۆر، بخـوێننەوە. لەبـەر ئەوە پێـویستە لەسەرتان. دڵسۆزی خاوەن چاپخانەکان بن چی ئەرکی سەرشانتانە لە ئاستی ئەواندا بەجێی بهێنن»[٦٣]

بۆیە شتێکی سەیر نی‌یە گەر کۆمەڵەی ناوبراو لیژنەیەکی تایبـەتی پێك بهێنێو ئـەرکی ئەوەی پێ بسپێـرێ «بەشێـوەیەکی عـادیلانـە کـار بـەسەر چاپخانەکاندا دابەش بکاو ناکۆکی نێوان کرێکارانیش ـ بڕوانە: تەنها لە نێوان کرێکاراندا .ك .م ـ بە ئاشتی‌ی چارەسەر بکا..».[٦٤] کاتێکیش سەرۆکی کۆمەڵە بۆی دەرکەوت بەم شێوەیە ناگاتە ئامانجەکانیو پاش ئەوەی دڵنیـا بو لەوەی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە لە بنەڕەتدا بە دڵی خاوەن چاپخانەکان نەبووەو[٦٥] بەرژەوەندی تایبەتی‌یان ناچاری کردن دڵرەقانە بەرامبەر کرێکاران بجووڵێنەوە؛ دەڵێین لەو کاتەوە وردە وردە سیاسەتی خۆی گـۆڕی. ئەم هـەڵوێستەیش بـە ئـاشکرا لە نـاوەرۆکی ڕۆژنامـەی «نداء العمـال» دا، دەردەکەوێ کـە پـاش دامەزراندنی کۆمەڵەکەیان بە ماوەیەك خۆی دەری دەکرد.[٦٦] لەگەڵ ئەوەیشدا سەرۆکی «کۆمەڵەی کرێکارانی چاپخانەکـان» هێشتا هـەر باوەڕی بـە «گفتی شیـرینی» گەورە لێپـرسراوان «هیممـەتی چالاکی‌یـان» هەبـوو. هیـوایـەکی گەورەیشی پێیان بوو کە «بەرژەوەندیی کرێکاری عیـراق»[٦٧] بپارێـزن. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە وازهێنانی «ئاڵ ئەلچەلەبی» لە سەرۆکایەتی کۆمـەڵەی نـاوبراو، لەگـەڵ پاشـەکشەی بـزوتنەوەی، کـرێکارانو لە ئـەنجامی هێـرشی کۆنەپەرستاندا کە دوایی باسی دەکەین شتێکی سەرسوڕهێن نی‌یە.[٦٨]

لەوەیش سەیرتر ئەوەیە کە پەیرەوی ناوخۆی «کۆمەلەی سنعاتکاران» تاقە ئیشارەتێکی تێدا نی‌یە، پەیوەندیی بەکرێکارانەوە هەبێ[٦٩] ئەمە لە کاتێکدا کە بنکەی سەرەکی‌ی کۆمەڵەیشیان پێك دەهێنا. بەلام سەرەڕاي ئەوەیش لە هەموو کۆمەڵەکانی‌تر زیاترو دڵسۆزانەتر خزمەتی مەسەلەی رەوای کرێکارانی عیراقی کرد.[٧٠] بەرامبەر بەمەیش پرۆگرامەکـەی چەنـد بەنـدێکی بنچینەیی تێـدایە

راستەوخۆ پەرژەوەندی پیشە وەران دەپارێزێ. ئەوەتا ماددەی یەکەمی پەیرەوی ناوخۆی دەقاودەق دەڵێ: «تاکە مەبەستی» کۆمەڵە ئەوەیە «پیشە وەران لە رووی پیشەسازیی و کۆمەلایەتیی و ئەخلاقییەوە پەروردە بکا». ماددەی دووەمیش دەڵێ: «کۆمەڵە هەوڵ دەدا پیشەسازی لە عیراقدا پێش بخاو ئەو کەسانەیش کە لیهاتوون دەیان نێرێتە دەرەوەی وولات تا لە یەکێك لە پیشەسازییەکاندا ببنە پسپۆر». ماددەی «٢٥» یش پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەرکی لێژنەکانی کۆمەڵە ئەوەیە: «هانی ئەو پیشە سازییانە بدەن کە خۆیان سەرەو کاری دەکەن.»(٧١) وەك پێشتریش باسکرا ماددەی ٢٧ ـ ٣٠ پەیرەوی ناوخۆی کۆمەڵ دەقاودەق دەڵێ: پێویستە ساڵی دوو پێشانگا بە مەبەستی هاندانی پیشەشازیی نیشتمانیی بکاتەوە.

ناوەرۆکی ماددەی حەوتەمی پەیرەویی ناوخۆ بە باشی ڕۆشنایی دەخاتە سەر بنچینەو بینای کۆمەڵەی ناوبراو لە سەرەتای دروست بوونییەوە. ئەو ماددەیە دەڵێ: هەر عیراقییەك ـ بڕوانە: هەر ـ عیراقییەك بێ ئەوەی تەماشای ئەوە بکرێ سەر بە چ چینێکی کۆمەلایەتییە .ك .م ـ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێ بە ئەندامی ئەم کۆمەڵە وەردەگیرێ.

ئا : تەمەنی لە بیست ساڵ کەمتر نەبێ.

ب : رەوشتی باش بێ.

جـ : مافی مەدەنیی لێ وەر نەگیرابێتەوە.

د : بەلای کەمەوە دوو ئەندامی کۆمەڵ بیناسن.

پاش هەموو ئەمانە شتێکی زۆر سروشتیی بوو کە «محەممەد ساڵح ئەلقەزاز»(٧٢)ی باوەڕ پێکروای «کۆمەڵەی سنعاتکاران» داوی مۆڵەت پێدانی کۆمەڵەکەیان، بانگەوازێك بۆ «کرێکاران و سنعاتکاران» دەربکاو تێیدا بانگیان بکا بێنە ناو ئەو کۆمەڵەوە کە بۆ «بەرگری کردن لە پەرژەوەندیی و پاراستنی ئەو بەرهەمانەتان کە لە کەڵك کەوتن و لە ناوچوون» دروست بووە. «دەی خۆ کەون با یەکگرین و بەهەمووان هاریکاری یەکتر بکەین و لەبەردەم خووانیشتمان دا پەیمان بدەین کە لە دوای ئەم یەکێتییە جیا نە بینەوە»(٧٣) لێرەدا بە ئاشکرا دیارە کە مەبەستی لە یەکێتیی نێوان «کرێکاران و خاوەن پیشەسازییەکان» ە.

وا پێ دەچێ پیشەوەران یان سنعاتکاران بە هۆی نەزانین و وتێ نەگەیشتنی جیاوازی نێوان کرێکاران و پیشەوەرانەوە، خۆیان بە کرێکار لە قەڵەم دابێ. یاخود لەبەر ئەوەی کە کرێکاران بووبوونە خاوەنی دەنگ و رەنگی خۆیان و

جێ پێیان لە کۆمەڵدا قایم کـردبوو، پیشــەوەرەبچکۆلەکـان حەزیـان دەکرد شانازیی بەوەوە بکەن گوایە ئەوانیش کرێکارن. شایانی باسە «محەممەد ساڵح ئەلقەزاز» کەیەمین نیقابیی‌یە، تا ئەمڕۆیش پێ لەسەر ئەوە دادەگـرێ کرێکـار بووەو زۆریش شانازیپێوە دەکـا.[٧٤] ئەم «کـرێکارە» سـاڵی ١٩٠٥ هاتـووەتە دونیاوەو بە هەموو پێوانەکانی ئەوسای وولاتانی ڕۆژهەلات، سەر بە خێزانێکی مامناوەندی بووە.[٧٥] باوکی پیشەوەر بووە گوڵنکەی هەڵدەبـەست. سەبـارەت بەوەی گوزەرانی باش بووە، هەر چوار کوڕەکەی «واتە: محەممەد ساڵح‌و سێ براکەی تـری» ناردووەتـە بە خـوێندن. ئـەمیان نـەبێ، ئەوانی‌دی بـوونەتـە مووچەخۆرو بە پێودانی سەردەمی خۆیان پلەو پـایەی دیـاریان هـەبووە.[٧٦]. «محەممەد ساڵح» قۆناغی سەرەتایی لە بەغدا تەواو کردووەو پاشـان لە ساڵی ١٩١٧ دا چووەتە «مەکتەبی پیشە سازی‌یەکان»[٧٧]. پاش چەند ساڵێك چووەتە «قوتانجانەی بازرگانیی ئەهلی‌ی ئێواران. جگە لە زمانی زگماکی خۆی، زمانی ئینگلیـزی‌و تورکی‌و هینـدۆسیش بە چـاکی‌ی دەزانێ.[٧٨] دیارە هـەموو ئـەم سیفەتانەو زیرەکی‌ی خۆیشی.[٧٩] وایان کردووە لە هاوتەمەنەکانی خۆی زیاتـر ماوەی خۆ ڕۆشبنیر کردنی بۆ بڕەخسێ. تەنانەت زۆر جاریش داویان لێ کردووە ببێتە مووچەخۆر. ئەمە جگە لەوەی لە گەرمەی ڕۆژگاری سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەی کرێکاراندا، وەرشــەیەکی ئـاسنگەریی‌و چـاکردنـەوەی ماشـین‌و ئامرازی جۆر بەجۆری هەبووە. دانیشتووی گەڕەکی «ئەعزمی‌یە» یش بوو کە ئەوسا بە باشترین گەڕەکی «بـەغدا»دادەنـرا.[٨٠] کەواتـە یەکـەمین نیقـابی‌و سەرۆکی «کۆمەڵەی سنعاتکاران» یان باوەڕپێکراوی ئەو کۆمەڵەیە، پیشەوەرێکی لیبراڵی‌و نیشتمانپەروەرێکی ڕەسەن بووەو بە هۆی زرووفی تایبەتی‌و مەوزوعی‌ی خۆیەوە[٨١]، وەك پێشتر باسی هەندێ لایەنی بنچینەیی‌مان کرد[٨٢] بووەتە خاوەنی مەسەلەی کرێکاران. ئەم حەقیقەیش ئەو بۆچوونەمان چاکتر دەچەسپێنێ کە تا چ ڕادەیەك پیشەوەران توانیویانە لە ناو بزووتنەوەی کرێکارانی عیراقدا دەوری خۆیان ببینن.

سروشتی چینایەتی ئەم کۆمەلانە پاڵی بە سەرکردەکانیانەوە دەنـا ، لە هەموو بـۆنەیـەكدا پشتگیریی پیشــەسازیی نیشتمـانی‌ی بکەن . تـەنانــەت کۆبوونەوەکانی هەندێکیان لەبنچینەدا بۆ ئەوە تەرخان دەکران ووتاری جـۆر بەجۆر لە بارەی پشەسازی نیشتمانی‌یـەوە بخوێنـرێتەوە ، وەك « کـۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان » لە ئاهەنگی ڕێز لێنانی شەوی ٢٧ ی کانوونی دووەمی

سـالَی ١٩٣٠ دا بـه بـۆنـه‌ی مـۆڵه‌ت پێـدانی « کـۆمـه‌ڵه‌ی کـرێکـارانی چاپخانه‌کان » ه‌وه کردی . ئه‌وه بوو به‌شی زۆری ئه‌و ووتارانه‌ی به‌و بۆنه‌یه‌وه خوێندرانه‌وه قسه‌یان له پیشه‌سازی چنینی نیشتمانی ده‌کرد[٨٣] . که‌چی که‌سێك نه‌بوو له‌و ده‌یان کۆڕو کۆبوونه‌وه‌یه‌دا که کۆمـه‌ڵه‌کان‌و له پێش هـه‌موویـانه‌وه « کۆمه‌ڵه‌ی سنعاتکاران » ده‌یان گێڕا توختی ئه‌وه بکه‌وێ چۆن‌و به چ شێوه‌یه‌ك سه‌رمایه‌ی نیشتمانی‌ی کرێکاران ده‌چه‌وسێنێته‌وه ، یان باسی ئه‌وه بکا بـاری ژیانی کرێکاران له ناو دامه‌زراوه ئه‌هلی‌یه‌کان‌دا زۆر له باری ژیانی کرێکارانی ناو کۆمپانیا بیانی‌یه‌کان خراپتره . به نموونـه : له کۆمپـانیای « تـه‌راموای » دا کرێکار نۆزده سه‌عات له‌سه‌ر یه‌ك ئیشی ده‌کرد ، رۆژانه‌که‌یشی زۆربه‌ی کات له روپیـه‌یه‌کی تێ نـه‌ده‌پـه‌ڕانـد[٨٤] . وه‌نـه‌بێ زرووفی کـرێکـارانی چـاپخـانـه ئه‌هلی‌یه‌کانیش له‌وان باشتر بوو بێ[٨٥] . ئه‌وانـه ئه‌وسـایش‌و ئێستایش له‌نـاو کرێکارانی وولاته دواکه‌وتووه‌کان‌دا که‌رتێکی رۆشنبیر پێك ده‌هێنن ، له‌به‌ر ئه‌وه هه‌ندێ جار زۆر به‌گران ئه‌و ژماره‌یه‌ی که پێویسته ده‌ست ده‌که‌ون . هه‌ر له‌سه‌ر بناغه‌ی چه‌وساندنه‌وه‌ی کرێکارانیش بوو که سه‌رمایه‌ی نیشتمانی‌ی به پێودانی ئابوری ئه‌و کاته‌ی کۆمه‌ڵگای عیراق قازانجێکی خه‌یاڵی ده‌ست که‌وت . ئه‌وه‌تا پاش تێپه‌ڕ بوونی چه‌ند ساڵێك به‌سه‌ر دامه‌زراندنی کارگه‌ی « فه‌تتاح پاشا » دا ، سامانی ئه‌و خێزانه به ٤ ملێۆن دینار خه‌مڵ کراوه ، ئه‌مه له کاتێکدا که کوڕه‌که‌ی « فه‌تتاح پاشا » تـا ساڵی ١٩٢٠ مـووچه خـۆرێکی میری بـووه‌وه مانگانه‌که‌ی له « ٥٠٠ » روپیه تێپه‌ڕی نه‌ده‌کرد. سامانی « محـه‌ممه‌د تـاهیر ئه‌لبه‌غدادی » یش که ساڵی ١٩٣٤ کارگه‌یه‌کی هاوبه‌شی جگه‌ره دروست‌کردنی دامه‌زراند گه‌یشته دوو ملیۆن دینار ، که‌چی به‌ر له‌وه‌ی ئه‌م کارگه‌یه دابمه‌زرێنێ داهاتی ساڵانه‌ی له ١٥٠٠ روپیه تێ نه‌ده‌په‌ڕی[٨٦] . وه‌ك « ئه‌لقه‌زاز » بـاسی ده‌کا : سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی که ئه‌و کۆمه‌ڵانه‌ی دامه‌زران پێویستی یه‌کی له ڕاده به‌ده‌ریان به یارمه‌تی هه‌بوو ، به‌ڵام هیچ کام له‌و پاره‌دارانه ده‌ستی یارمه‌تی‌یان بـۆ درێژ نـه‌کردن[٨٧] ، بـۆیه رۆشنبیـران‌و کرێکـاران بـه خـۆرایی بـاربـوی ئیشوکاره‌کانیان ده‌کردن‌و رایان ده‌په‌ڕاندن[٨٨] ، ده‌ڵێین سه‌ره‌ڕای هه‌موو ئه‌مانه کـه‌چی له ناو هـه‌مووان‌دا « نـووری فه‌تتـاح پاشـا » به سـه‌رۆکی شه‌ره‌فی « کۆمه‌ڵه‌ی سنعاتکاران » هه‌ڵده‌بژێرد را[٨٩] .

با له هه‌موو ئه‌و شتانه گه‌ڕێین که پێشتر باسکران ؛ دامه‌زراندنی ئـه‌م کۆمه‌ڵانه به خاڵێکی دره‌وشه‌دار و گرنگی مێژووی نوێی عیراق داده‌نرێ‌و کاتی

خۆی لە زۆر مەیدانی جیاجیای رای گشتی ی عیراقدا بە شێوەیەکی بەربلاو دەنگی دایەوە . هێزە نیشتمانی یەکان و رۆژنامەکانی ناوخۆ بایەخێکی هەست پێکراویان بەم « بزووتنەوە پیرۆزە » داو هانی وەزارەتی ناوخۆیان دەدا ماوەی دامەزراندنی ئەو چەشنە کۆمەڵانە بدرێ تاوەکو « چینی کرێکاران جموجۆڵی تێ بکەوێ »[٩٠] دوواییش دەستی رێزیان بۆ « کاری پڕ سوود » یان بەسنگەوە گرت و لایان وابوو « بایەخدان بە کرێکاران و بەرهەمەکانیان ئەرکێکە و لە ئەستۆیانە ».[٩١] بە بۆنەی مۆڵەت پێ دانی « کۆمەڵەی سنعاتکاران » ەوە ، رۆژنامەی « العالم العربی » سەر ووتاری ئەو رۆژەی بە ناونیشانی « پێویستی ی پاڵەوان و کردار دەخولقێنێ » تەرخان کرد . نووسەری ووتار دەڵێ :

«کە دەوترێ ئەوانەی بە رەنجی بازووی خۆیان دەژین ـ بەراستیش ئەوانە بە شەرەفترین کەسن ـ و لە پێناوی خۆشگوزەرانی دا هەڵپەی ئیش دەکەن و دەیانەوێ مافە پیرۆزەکانیان زامن بکەن ، دلخۆش دەبم ، وەك دلخۆشی ی ئەوانەی نەك ئاو بەڵکو خوێن بە دەمارەکانیاندا دەگەرێ[٩٢] »

• ئنجا قسەو رای هەمە چەشن لە بارەی کرێکارانەوە سەریان هەڵدا ، کە تا ئەو کاتە نەبیستـرابوون . « کرێکاران ، واتە هەمـوو ئەوانەی بە ئارەقی ناوچەوانیان نان دەخۆن ـ وەك خوا فەرموویەتی ـ بەخشندەن و سوود بەخش ترین ئەندامن بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، چونکە هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ خەڵکی ی ئیش دەکەن و گەر بێ و لە کار بکەون ژیان رادەوەستێ »[٩٣] ئەم جۆرە هەڵوێستە ئەوەندەی تر وورەی کرێکارانی بەرز کردەوەو زیاتر باوەڕیان بە خۆیان پەیدا کرد ، بە تایبەتی چونکە بە درێژایی چەندین ساڵ لە کۆمەڵدا پشت گوێ خرابوون . ئەوەتا کرێکارێك لە ئاهەنگێکدا کە سەرتاشان و کرێکاری چاپخانەکان تێیدا ئامادە بوون ، بەم جۆرە هەستی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ : « لە ناو لەشی ئەو کرێکارانەدا کە ئێستا خەریکن لە خەوی چەند ساڵە راستیان دەبێتەوە گیانێك هەیە ، ئەویش گیانی راپەڕین و هەڵمەت بردنە رووەو بەرزیی »[٩٤] .

لە لایەکی تریشەوە ئەم کۆمەڵانە ، خزمەتێکی زۆری ئەندامە کرێکارو پیشەوەرەکانی خۆیان کرد . گەر بێ و ئەوە لە بەرچاو بگرین کە ئەمانە یەکەمین دامودەزگان لە مێژووی عیراقدا ئەرکی داکۆکی کردنیان لە مەسەلەی کرێکاران خستە ئەستۆ ، ئەوەندەی تر بایەخی ئەو خزمەتگوزاری یە مان بۆ ساغ دەبێتەوە . هەر ئەو کۆمەڵانە بوون لە دژی بێکاری دەجەنگان و پەردەیان

لەسەر هەلویستی نارەوای کۆمپانیا بیانی یەکان بە رامبەر بە کریکارانی عیراق داماڵی و چەندین یادداشت و پرۆتستویان سەبارەت بەم دوو مەسەلەیە پیشکەش کرد . « کۆمەڵەی سنعاتکاران » و « کریکارانی چاپخانەکان » و « هاریکاری سەرتاشان » چەند دەورەیەکیان کردەوەو بە ئیواران ئەندامە نەخویندەوارەکانیان فیری خویندن و نووسین دەکردو ئاستی خویندەواری ئەوانی تریشیان بەرز دەکردەوە . هەندێ جاریش زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لایەنە بنچینەیی یەکانی تەکنیکی نوێ دەگوترانەوە ، بەتایبەتی کە سەرکردەی ئەو کۆمەڵانە لەوە تێگەیشتن کە « کاتی ئەوە هاتووە کریکاران لە خەوی غەفڵەت راستیان بیتەوەو داوای زانست و بەروبومی ژیان بکەن »[٩٥] ئەم کۆمەڵانە چەندین ئاهەنگ و کۆڕیان گێڕاو ئەندامانیان کۆدەبوونەوە وگوێیان لەو ووتارانە دەبوو کە بۆ خەڵکی وەك ئەوان تازەو نەبیستراو بوون ، وەك « کریکارو شوین دەستی لە ژیانی پراکتیکی دا »[٩٦] و « پەیوەندی یەکانی کریکاران لە جیهان دا »[٩٧] و « یەکیتی ی و شوین دەستی لەکۆمەڵ دا »[٩٨] و « کۆمەڵە پیشەیی یەکان و شوین دەستیان لە کۆمەڵ دا »[٩٩] و « سەرتاش و پەیوەندی پیشەکەی بە تەندروستی یەوە »[١٠٠] و زۆر بابەتی تریش کە هەر هەموویان ئامانجیان هان دانی کریکاران بوو تا « زیاتر تێبکۆشن » و « کۆششیان یەك بخەن و ئەو توێژە ون بووە لە خەوی غەفڵەت راست بکەنەوە ، بۆ ئەوەی کۆمەڵیك کریکاری بەهێزی یەکگرتوو پێك بهێنن و لە ئیستا زیاتر داوای ئەو مافانەیان بکەن کە لە زۆر رووەوە پشت گوێ خراون » تا ئەو کاتەی « کریکاری عیراقی بە ماف زەوت کراوی خۆی شاد دەبیتەوەو کەرامەتی پێشێل کراوی دەست دەکەویتەوە »[١٠١]

بە هۆی ئەم کۆمەڵانەوە ، کریکاران و پیشەوەران بۆ یەکەمجار کاری شانۆیی یان کردە ئامرازی خۆ رۆشنبیرکردن[١٠٢] هەندێ جاریش ئەم کۆمەڵانە بە پێی ئەو توانا کەمەی هەیان بوو ، یارمەتی ئەندامە نەدارو دەست کورتەکانیان دەدا[١٠٣] جاری وایش هەبوو جموجۆڵی ئەم کۆمەڵانە ئەنجامی راستەوخۆیان وەدەست دەهینا . بە نموونە : لە کۆڕیکی « کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان » دا هەر ئەوەندەی خاوەن باس لە خویندنەوەی نووسینەکەی بووەوە ، تێکرای ئامادە بوان بڕیاریان دا کەس بۆ قومارکردن هامشۆی « لۆنا پارك » نەکا ؛ وا پێ دەچی خەڵکیکی زۆری سەر بە چینە هەژارەکان لەو سەردەمەدا خوویان دابیتێ و بەدەستی یەوە ناڵاندوویانە[١٠٤]

جموجوڵی کۆمەڵەی کرێکاران و پیشەوەران لە ناو رای گشتی ی عیراق دا بە باشی دەنگی دایەوە . ئەوەتا « ئیبراهیم حیلمی ئەلعومەری » کە رۆشنبیرێکی ئەو قۆناغەیە بەم شێوەیە چالاکی ی ئەوسای کرێکاران هەڵدەسەنگێنێ :

«هەرکەسێك شوێن پێ ی راپەرینی کرێکارانی عیراق هەڵبگرێ و خۆی بگەیەنێتە ناو یانەو کۆمەڵەکانیان و گوێ لەو بیرورا ئازادانەیان بگرێ کە لە کۆڕو کۆبوونەوەکانیان دا دەری دەبڕن و بە باشی بڕوانێتە ئەو شێوە تێ فکرینەی کە چارەسەری هەڵ و مەرجی ئیش کردن و مەسەلە تایبەتی یەکانی خۆیانی پێ دەکەن ؛ خێرو خۆشی یەکی زۆر لەمانە رادەبینێ و وایان لێ چاوەڕوان دەکا ببنە هۆی شانازیی هەمیشەیی نیشتمان و خۆشگوزەرانی یەکی بەردەوام ..»[١٠٥] « سەلمان ئەلسەفوانی » یش رووی دەم دەکاتە کرێکاران و دەڵێ : « ئەم خۆ یەکخستنەتان لە ناو کۆمەڵەکانتان دا و لە دووساڵ لەمەوبەرەوەو دەنگی دلێرانەتان کە جاروبار بە هۆی رۆژنامەوە لە ئاسۆی وولاتدا دەنگ دەداتەوە موژدەی خێرو خۆشی یەو هیوا دارین لە داهاتوودا ببێتە رووناکی یەکی ئەوتۆ پەردەی رەش و تاریکی لەسەر ئەم وولاتە لێ قەوماوە بڕەوێنێتەوە »[١٠٦] گۆڤاری « الحاصد » یش چالاکی ئەم کۆمەلانە بە بەڵگەی « راست بوونەوەی کرێکاری عیراق لەپاش نوستنێکی دوورو درێژ » لەقەڵەم دەداو « گیانێکی بەرزە » و خەریکە دەرژێتە « دەروونی کرێکارانی عیراقەوە » وەك سەرنووسەری گۆڤاری ناوبراو لە دوای بەشداری بوونی لە کۆبوونەوەیەکی « کۆمەڵەی کرێکارانی چاپخانەکان » دا ، نووسیبووی[١٠٧] .

هەرچەندە جموجوڵی کۆمەڵەی کرێکاران و پیشەوەران بە تەنها لە بەغدادا چەقی بەستبوو ، بەلام کارێکی ئەوتۆیشیان کرد ، کرێکارو پیشەوەری شارەکانی تریش بگرێتەوەو ئەنجامیش نەك هەر لە هەندێکیان دا لقی کۆمەڵەکانی بەغدایان تێدا کرایەوە ، بەڵکو لە چەند شارێکیشدا کۆمەڵی سەربەخۆ وامەزران ؛ وەکو « کۆمەڵەی میوەفرۆشان » لە « مووسڵ » کە وەزارەتی ناوخۆ لە سەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ دا مۆڵەتی دامەزراندنی[١٠٨] دا . هەروەها ژمارەیەکی زۆر کرێکارو پیشەوەر ، داخوازی یان پێشکەش بە بارەگای کۆمەڵەکانی بەغدا کردو دەیانویست لە شارەکانیان دا لقی ئەو کۆمەلانە بکرێتەوە[١٠٩] دەستەی بەڕێوەبەری هەندێ لەو کۆمەلانەیش بە مەبەستی پێکەوە نانی پەیوەندی یەکی راستەوخۆ لەگەڵ زەحمەتکێشان و هێزە سیاسی یەکان دا ، سەریان لە ناوچەکانی تر داو هەر بەراستیش توانی یان لەو کارەی پێیان سپێردرابوو ، تارادەیەك سەرکەوتن وەدەست بێنن[١١٠] .

کـۆمەڵەی « هـاریکاری سـەرتاشـان » بە هـۆی « محـەممـەد مـەکی ئەلئەشتـەری »[111] یەوە کـە سەرۆکی بـوو ، لەگەڵ « کـۆمەڵەی کـرێکارانی چاپخانەکان » کە بەهۆی سروشتی پیشەکەیانەوە هـوشیاریـەکی باشیـان هەبوو ، لە سەرپاکی کۆمەڵەکانی تری ئەو قۆناغە جموجوڵو جەماوەریان زیاتر بوو . بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا هەر « کۆمەڵەی سنعاتکاران » بزێوترینو بەهێزترینی هەموو ئەو کۆمەڵانە بوونو لە هەموویشیان پتر خەریکی مەسەلە بنەڕەتییەکانی جەماوەری کرێکاران بوو .

کۆمەڵەی سنعاتکاران

ئەو داوایەی دەستەی دامەزرێنەری « کۆمەڵەی کرێکاران » پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆی کرد ، تا ماوەیەکی زۆر لەلایەن وەزارەتی ناوبراوەوە دوا خرا چونکە ، یەکەم : ئامانجی کۆمەڵە ئەوەبوو کەرتێکی فراوانی کرێکاران ڕێك بخا . دووەم : لەبەرەئەوەی بە تەنها ئەو ، دەبوو ڕوو بە ڕووی کۆمپانیایەك ببێتەوە کە تا ئەو کاتە لەژێر رکێفی ئینگلیزدا بـوو ، هەر ئـەوانیش بەڕێـوەیان دەبـرد . سێیەم : دەستەی دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵەیە بزێوتـرین کرێکـار بوونو رژێم دانی خێری پێدا نەدەنان . چوارەم : ئەو کۆمەڵەیەی پێشنیازی دامەزراندنی کرا ، ناوی کۆمەڵەی کرێکارانی لێ نرابوو . بەڵام پاش ئەوەی وەزارەت مۆڵەتی « کومەڵەی هاریکاری سەرتاشان » ی داو بە هـۆی ئەوەی کـە بەردەوام پێ لەسەر ئەم داخوازییە دادەگیـرا ، وەزارەتی ناوخـۆ بە داواکـەی دەستەی دامەزرێنەر قایل بوو ، بە مەرجێك ناوی کرێکاران بگۆڕدری بـە ناوێکی دی . ئەنجام هەمووان لەسەر ئەوە رێککەوتن ناوی « سنعاتکاران » ی لێ بنێن . ئنجا بە بۆنەی ئەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ ڕێگای‌دا بەڕێز « عەبدولڕەحیم ئەفەندی ئـەلتکـریتی »[112] و هـاوەڵەکـانی کـۆمـەڵەیـەك بـە نـاوی « کـۆمـەڵەی سنعاتکاران »[113] هوە دابمەزرێنن ڕۆژنامەکانی نـاوخۆ بـە پیر ئـەم هەواڵەوە چوونو موژدەیان بە هەموو « سنعاتکاران » دا . کۆمەڵەی ناوبراویش ڕۆژی مۆڵەت پێدانی کە رێکەوتی ١ ی تەممووزی ساڵی ١٩٢٩ ی دەکرد ، بە مێژووی رەسمیی دامەزراندنی خۆی دانا[114] .

ئەم کۆمەڵەیە هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنییەوە دیسپلینو ڕێك‌وپێکی پێوە دیار بوو . ئەوەتا دەستەی دامەزرێنەری بە هۆی ڕۆژنامەکـانەوە کـاتو

شوێنی هەڵبژاردنی یەکەم دەستەی بەڕێوەبەری ، بە پێی ماددەی یازدەی پەیڕەوی ناوخۆی دەست نیشان کرد[١١٥] . لە کاتی دەست نیشان کراودا « ٢٦ ی تەمموزی ١٩٢٩ » دەستەی گشتی ی لە بیناکەی « ئامۆژگای زانستی » کۆبوونەوەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیش بەمجۆرەی خوارەوە بوو .

١ ـ محەممەد ساڵح عەبدولجەببار ئەلقەزاز ـ سەرۆك .

٢ ـ ئەحمەد ئەلسەید محەممەد ـ جێگری سەرۆك .

٣ ـ محەممەد موستەفا « کرێکار لە رێگای ئاسن » سکرتێر .

٤ ـ نەعیم فەتتوحی « فیتەر لە رێگای ئاسن » ئەمینداری سندووق .

٥ ـ یوسف ئەلسەید تاها « فیتەر لە رێگای ئاسن »[١١٦] چاودێری گشتی ی

٦ ـ عەبدولجەببار سەلمان « فیتەر ، سەرۆکی بەش لە کارگەی سوپایی » ئەندامی یاریدەدەر .

٧ ـ محی یەددین محەممەد «کرێکاری رێگای ئاسن»[١١٧] ئەندامی یاریدەدەر[١١٨]

سەرەتا « کۆمەڵەی سنعاتکاران » بیناکەی سینەما « رۆیاڵ » یان کردە بارەگای خۆیان‌و دوایی لە مانگی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا گواستی یەوە بۆ بارەگا تایبەتی یەکەی خۆی لە «حەیدەرخانە»[١١٩]

بە پێی ماددەی ٣٧ ی پەیڕەوی ناوخۆ « کۆمەڵەی سنعاتکاران » بێجگە لە دەستەی بەڕێوەبەر چەند لیژنەیەکی تریشی هەبوو ، وەك لیژنەی توکمەچی یەکان‌و لیژنەی تۆڕنەچی یەکان‌و هی‌تریش ، هەر یەك لەم لیژنانەیش دەستەی بەڕێوەبەرو سەرۆکی خۆیان هەبوو[١٢٠]

پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە[١٢١] لە نۆ بەش‌و ٣٩ ماددە[١٢٢] پێك هاتووەو ئامانجی کۆمەڵەو مەرجی وەرگرتنی ئەندامان‌و ئەرکی دەستەو لیژنەکانیان دیاری کردووە .

ماددەی یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆ بە شێوەیەك ئامانجی « کۆمەڵەی سنعاتکاران » ی دارشتووە ، گەر وا نەبوایە هەرگیز ماوەی نەدەدرا لە باروزرووفی ئەوسای وولاتدا ئیش بکا .[١٢٣] ماددەی یەکەم دەڵێ : « کۆمەڵەی سنعاتکاران » بە هیچ جۆرێك توخنی سیاسەت‌و ئاین ناکەوێ‌و تاکە مەبەستی ئەوەیە ، سنعاتکاران لە رووی رەوشت‌و پیشەسازی‌و زانستی ی‌و کۆمەڵایەتی یەوە پەروەردە بکاو بیروباوەڕی بەرز لەناو ئەندامانی‌دا بڵاو بکاتەوە »[١٢٤] سەرۆکی کۆمەڵیش چەندین جار لەو ووتارانەی‌دا کە بە بۆنەی جیاجیاوە دەیخوێندنەوە ، ئەم مەسەلەیەی دووبارە دەکردەوە . بە تایبەتیش لەو کاتانەدا پێی لەسەر ئەم مەسەلەیە

دادەگـرت کـە دەسـەلاتدارانی رژێم دەیـانـویست بـە بیـانـووی خۆهەڵقورتاندن لە کاروباری سیاسەتەوە ، کۆمەڵە دابخەن . دیارە ئـەم شێوە تیڕوانینەیش رای ئەوانەبوو کە جڵەوی کـاروباری سیـاسەتیـان بەدەستەوە بووو ، وایان دادەنا گوایە سیاسەت پیشەیەکە رەشـە خەڵك لێی نازانن . لەبەر ئـەوە قەدەغـە کردنی سیـاسەت هـەر « کۆمـەڵەی سنعـاتکاران » ی نـەگرتبـووەوە بەڵکـو سەرپـاکی کـۆمـەڵە پیشـەییو کرێکاریی‌یەکان بە بێ جیاوازی بەدەستی‌یەوە دامابوون . بـە نموونـە : « محەممەد مەکی ئەلئەشتەری » سوور بوو لەسەر ئەوەی کە مەبەستی « کـۆمەڵەی هـاریکاری سـەرتاشـان » تەنهـا « هاریکـاریو ئـابـوریو تەندروستی‌یەو بەس . هیچ پەیوەندی‌یەکی بە سیاتەوە نی‌یە »[١٢٥] .

بێ گـومان ئـەم شێوە دارشتنـەی بە زۆرەمـلێ بە سـەر پەیـرەوی ناوخـۆدا سـەپێنرابـوو ، نەیتـوانی رێگا لە کـرێکـارانو پیشـەوەران بگـرێ تـاوەکـو لەشارەکاندا تەعبیر لە بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی بکەن . بە پێچەوانەوە ، ئەوان بەکردەوە بوونە سووتەمەنی ئەو مەسەلەیە . ئەمە جگەلەوەی کە سەرکردایەتی کۆمەڵە خۆی دەگەڕا بە شوێن دەرفەتێكدا تا هەڵوێستی سیاسی دژبە ئیمپریالیزم دەرببڕێ . کاتێکیش کە پەیوەندی نێوان وەزارەتی « ناجی ئەلسوەیـدی » و لێپرسراوانی ئینگلیز لە عیراقدا بەو رادەیە تێکچوو « ئەلسوەیدی » ناچار کرا رۆژی ٩ ی مارتی ١٩٣٠ ئیستیقالە بکاو حەقیقەتی مەسەلەکەیش بۆگەل روون بکاتەوەو ئەنجامیش خۆنیشان دانی زۆر گەورە ساز کـرا[١٢٦] دەڵێین : ئـا لەو کاتەدا « محەمەد سالح ئەلقەزاز » بە نـاوی لاوانی کرێکـارو سنعاتکـارانەوە پرۆتستۆیەکی بڵاوکردەوە تێیدا دەڵێ :

« لاوە کرێکارەکانو سنعاتکاران لەم بارودۆخە نالەبارە تەواو داخ لە دڵنو نارەزایی خۆیان بەرامبەر بە کەللە رەقی‌ی ئینگلیز لە ئاست داخوازی‌یـەکانی گەلدا ، دەردەبڕنو پشتگیـری وەزارەتەکـەی ـ ئەلسـوەیدی ـ دەکـەن کە بەشێکە لە داخوازی‌یەکانی وولاتو داوا لە بەرێزان نوێنەرانی گەلو دڵسۆزانی میللەت دەکەن بە هەموو شێوەیەك سووربن لەسەر داخوازی‌یەکانی نەتەوەی عیراق »[١٢٧]

هەروەك « ئەلقەزاز » دووپاتی دەکاتەوە « کۆمەڵەی سنعاتکاران » بـە کوڵودڵ دژی پەیمـانی ١٩٣٠ ی نێوان عیـراقو بەریتـانیا راوەستـاو چەنـد پرۆتستۆیەکی دژی ئەو پەیمانە بۆ کۆمەڵی گەلان رەوانە کـرد ، بۆ دڵنیـاییش

کۆمەڵی ناوبراو لە گەیشتنی پرۆتستۆکانی ئاگاداری کردەوە . ئەم هەڵوێستەی « کۆمەڵەی سنعاتکاران » بەرامبەر بەو پەیمانە ، کاربەدەستانی ئینگلیزو دەسەڵاتدارانی عیراقیان وورووژاندو سەرکردەکانیان بەوە تاوانبار کرد گوایە لە پەیڕەوی ناوخۆ لایان داوە[١٢٨] . لێرەدا پێویستە دەست بۆ ئەو ڕاستییە درێژ بکەین کە زۆر سەرکردەی کۆمەڵە کرێکاری پیشەییەکان و لە پێش هەموویشیانەوە « ئەلقەزاز » و « ئەلئەشتەری » پەیوەندی پتەویان بە سەرکردە نیشتمانپەروەرەکان و ئەپۆزیسیونی ئەوساوە هەبوو ، وەك « جەعفەر ئەبولتمەن » و خەڵکی تریش .

بەو چەشنە « کۆمەڵەی سنعاتکاران » لە سنووری پەیڕەوی ناوخۆو ئەو ئامانجانەی لە ماددەکانیدا دیاری کرابوون ، چووە دەرەوە . ئامانجی ڕاستەقینەی کۆمەڵەیش لەو کارو کردارانەدا دەردەکەوێ کە لەتەك قسەو گوفتاری « ئەلقەزاز » دا یەکیان دەگرتەوە ؛ خۆیشی چەندین جار دووپاتی کردووەتەوە کە مەبەستی کۆمەڵە « بەرگریکردن لە مافی کرێکاران و خەبات کردنە بۆ دەستخستنی داواکانیان و پاراستنیان لە چنگی ئەوانەی یاری بە پەرژەوەندی یەکانیان دەکەن . « با چی تەوژمی کۆسپ و تەگەرەو زریانی بەهێزو سەرهەڵگرتوو هەیە ، هێرش بۆ بەردی سەختی بیروباوەڕمان بهێنن ، گەر خۆمان داناوەو تووشی هەزاران چورتم بووین ، دەست لەم مەسەلەیە هەڵناگرین » و هەوڵ دەدەین « کرێکاری عیراقی لەو کۆت و زنجیرە ڕزگار بکەین تێوەی ئالاوەو دەمانەوێ بەمانای تەواوی ووشە[١٢٩] بەختیاری بکەین ، تا لەگەڵ برای کرێگاری پێشکەوتووی ڕۆژئاواییدا وورده وورده یەکسان دەوەستێتەوە »[١٣٠] .

بە هۆی کۆمەڵێك هۆوە کە بەم یان بەو شێوە کاریان لە یەکتر دەکرد « کۆمەڵەی سنعاتکاران » لە گشت کۆمەڵەکانی دی ، پتر دەوری لە ژیان و بزووتنەوەی کرێکارانی عیراقدا بینی . بەر لە هەموو شتێك ئەو کۆمەڵەیە لەسەر بنکەیەکی کرێکارانە بنیات نرابوو ، نەك پیشەوەرانە . بەشی زۆری ئەو بنکەیەیش بریتی بوو لە کرێکارانی ڕێگای ئاسن . ئەمانە جگە لەوەی تەواو لە کرێکاری کارخانەوە نزیکن ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زیاتر دەچەوسێنرانەوە ، بۆیە هەمیشە بە توندی نارەزایی خۆیان دەردەبڕی[١٣١] لە لایەکی تریشەوە زۆربەی سەرکردەکانی ئەو کۆمەڵەیە سەر بە چینێکی کۆمەڵایەتی بوون و لەچاو سەرکردەی کۆمەڵەکانی تردا هوشیارییەکی چینایەتی قووڵتریان هەبوو . « ئەلقەزاز » خۆیشی سەرکردەیەکی بێ وێنە بوو بەوپەڕی دڵسۆزییەوە

بەرگریی لەو مەسەلەیە دەکرد کە خۆی کردبووە خاوەنی . دەیزانی چۆن سۆزی خەڵکی دەبزوێنیو بە چ شێوەیەك لە ناخەوە دەیان وروژێنیو چۆنیش گیروگرفتەکانیان نیشان دەداو بەرگری لە حەق دەکا .

« کۆمەڵەی سنعاتکاران » کەوتبووە ژێر کارتێکردنی هەندێ رۆشنبیری شۆرشگێرەوە لەناو ئەمانەیش‌دا خەڵکی وا هەبوون رێبازی سۆشیالیزمی گرتبووە بەر وەك چیرۆك‌نووسی پێشکەوتنخواز « مەحمود ئەحمەد ئەلسەید »[132] و « حسەین ئەلرەحال » و « عەبدوڵلا جەددوع » و « ئیبراهیم ئەلقەزاز » کە وەك « ئەلقەزاز » باسیان دەکا ، هانی بزووتنەوەی کرێکارانیان دەداو بەهەموو شێوەیەك دەستگیرۆییان دەکرد .[133]

بێ گومان ئەم هەڵوێستەیشیان هەروا لە خۆوە نەبوو ، بەڵکو ئەنجامی ئەوە بوو ئەمانە لە خەڵکی دی قووڵتر لە واقیعی کۆمەڵ تێ گەیشتبوون . ئەوانە لەو باوەڕەدا بوون : « کۆلەکەی ژیان کرێکاران رایان گرتووە . خەڵکی تەمەڵو ئیش‌نەکەر میکرۆبن‌و پێویستە قەلاچۆ بکرێن »[134] شایانی باسە زۆربەی ئەوانەی ناومان هێناون بەشداری‌یان لەو کۆڕانەدا دەکرد کە کۆمەڵە سازی دەکردن ، گوتارو باسی کرێکارانەیان بۆ دەخوێندنەوەو هەر بەراستیش کارێکی گەورەیان کردە سەریان .[135] ئەمە جگە لەوەی کە رۆڵێکی دیاریان لە رۆژنامە کرێکاری‌یەکان‌دا گێڕا .

سەبارەت بەم هۆیانەو هی‌تریش « کۆمەڵەی کرێکاران » بە زوویی جێگای خۆی لە ناو زەحمەتکێشانی عیراق‌دا داگیرکردو لەو سەردەمە ناسکەی مێژووی وولات‌دا دەنگ‌و رەنگی خۆی لەناو بزووتنەوەی نیشتمانی‌دا ، دەرخست . تەنها لە ماوەی ساڵێك‌دا دەوروبەری سێ هەزار کرێکار چوونە ریزەکانی‌یەوە[136] وەنەبێ جموجۆڵی « کۆمەڵەی سنعاتکاران » بە تەنها لە بەغدای پایتەخت‌دا گیری خواردبێ نەخێر ؛ بەڵکو هەر لە زووەوە هەوڵی‌دا خۆی بگەیەنێتە شارەکانی‌دی و مەڵبەندەکانی‌تری کرێکاران‌و لەو شوێنانەدا کە فارگۆنی شەمەندوفەریان لێ چاك دەکرانەوە چەندلقێکی بۆ کرێکارانی رێگای ئاسن لە « دیوانی یە » و « ئوور » و « هیندی‌یە » و « قەرەخان » و شوێنی‌تریش کردەوە . دوای تێپەڕ بوونی شەش مانگیش بەسەر دامەزراندنی‌دا ، وەفدێکی بەناوی « وەفدی خواروو » ەوە بە سەرۆکایەتی « ئەلقەزاز » پێکهێنا . ئەم وەفدە « دەگەیشتە هەر شوێنێك لە لایەن کرێکارانی ئەو شوێنەوە بە گەرمی‌ی

پێشـوازیی لێ دەکرا » و لەهــەمــوو ئــەو شــوێنــانــەیش یــەك لە دوای یــەك کۆبوونەوەیان بۆ کرێکارانو سنعاتکاران ساز دەکـردو ئامـانجی « کۆمــەڵەی سنعاتکاران » وچۆنیەتی ئێشوکارەکانیان بۆروون دەکردنەوە . بەوجۆرە لقی کۆمەڵەی ناوبراو لە « بەسرە » و « ناسریـیـە »و « حیللە » و شوێنی تــریش کرایەوە . ژمارەی کرێکارانی ئەو کـۆمەڵەیـە لە شارێکی وەك « بـەسرە » دا گەیشتە (٦٠٠) کەس[137] .کرێکـارانی « خانـەقین » لایـان وابوو ، چـالاکیو جموجوڵی « کۆمەڵەی سنعاتکاران » « وزەی ئێشکـردنیان » پێ دەبـەخشێو « تیشکی بەختیارییان بۆدەنێری »[138] ، بۆیە لقێکی کۆمەڵیان لە شارەکەیاندا کردەوە .

« کۆمەڵەی سنعاتکاران » لە ناو تێکڕای کۆمەڵە پیشـەییو کرێکـارییە کانی تردا ، ناوو شۆرەتێکی ئەوەندە گەورەی دەرکرد ، هیچ کام لەو کۆمەڵانە بەبێ پرسو راوێژکردن بە ئەلقەزاز و هاورێکانی تری ، کاروباریان ، ئەنجـام نەدەدا[139] . «ئەلقەزاز» نیازی بووە چی کۆمەڵی کرێکاری وپیشەیی هەبووە لە یەك رێکخراوی سەربەخۆدا کۆیان بکاتەوەو زۆر جاریش لە بۆنەی جیا جیادا قسەی لەم مەسەلەیە کردووەو پێی لەسەر دادەگرت . ئەوەتا لەو ئاهەنگەدا کە بـە بۆنەی تێپـەڕ بوونی سـاڵێك بـەسەر دامــەزراندنی کـۆمەڵەدا ســاز کراوە ، بەمشێوەیە کۆتایی بەو ووتارەی دەهێنێو دەڵێ :

«.. لە کۆتاییدا، هیوادارین ئەم رۆژە لە ساڵی داهاتوودا بە جۆرێك بکەینەوە کە هەموو کۆمەل وخاوەن پیشە سازییەکان ـ با نـاویشیان جیـاواز بێ یەکیـان گـرتبێو کۆمــەڵەیەکی گشتی یــان بۆ خــۆیان پێــك هێنــابێ»[140]. «کـۆمــەڵەی سنعاتکاران» وەك «ئەلقەزاز» باسی دەکا لە رووی داراییەوە توانایەکی ئەوتۆی نەبووە. سەرچاوەی دارایی کۆمەڵە بریتی بووە لە «ئابوونەی مانگانەی کرێکارە هــەژارو نەداراکــان وبەپلەی یــەکەم[141] کــرێکارە ئــازدیخوا زەکــانی رێگای ئاسن[141]. هەروەها لەو پیتاکە کەمەی کە لەدەستکەوتی ئەو ئاهەنگەبۆی مایەوە کە رۆژی ١٣ ی ئەیلوولی ١٩٣٠ لەسەر شانۆی «ئوپێرا» سازی کرد.[142]

سەرەڕای بێ تواناییو کەمدەرامەتیی ، کۆمەڵەتوانی لە مــاوەی دوو ساڵی تەمەنیدا ، بە پشتی کرێکارانو رووناکبیران جمــوجوڵێکی بــەرفراوان بنوێنێ . بایە خێکیزۆریدا بە سازکردنی کۆڕو کۆبوونەوە بۆ ئەندامەکانی . باباتی ئەو باسو لێکۆڵینەوانەیش کە لەو کۆڕانەدا دەخوێندرانەوە ، لە باس

گـوتاری کـۆمەڵەکـاتی تـر ، بـاشتـر چـارەسـەری مـەسـەلەی کـرێکـاران و گیروگرفتەکانیان دەکرد . ئەوانەیش کە بۆ گـوێگرتن ئـامادەی ئـەو کۆڕانـە دەبوون ، زۆر لە ژمارەی ئەوانە پتر بوون کە بە شداریی کۆڕو کۆبوونـەوەی کۆمەڵەکانی تریان دەکرد . زەحمەتکێشان بە گشتی ی و کرێکارانی رێگای ئاسن بە پەرۆشەوە بە دەنگ بانگهێشتنی ئەم کۆمەڵەیەوە دەچوون . زۆربەی کاتیش هەندێ لە پیاوە ناودارەکانی ناو بزووتنەوەی نیشتمانی ی و نوێنەری رۆژنامـە کـان و پیاوانی ئـایین و لاوە شـۆرشگێڕەکـان ، ئامـادەی ئەم کـۆبوونـەوانـە دەبوون .(١٤٣) جاری وایش هەبوو ئەندامە هوشیارەکانی کۆمەڵە بە بۆنەی ١ ی ئایارەوە(١٤٤) بە نهێنی و لە ماڵی یەکێکاندا ، یاخود لەنـاو فارگـۆنێکی بەتـاڵدا ئاهەنگیان دەگێڕا(١٤٥)

«کۆمەڵەی سنعاتکاران » لەناو ئەندامانی دا بایەخێکی باشی بە مەسەلەی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری دابوو ، بۆ ئەم مەبەستەیش دەورەی تایبەتی بۆ کردبوونەوە . هەروەها چەند پۆلێکێشی کردەوە تا ئەو ئەندامانـەی ئارەزووی زمانی ئینگلیزی و سەرەزایی خۆیان بدەن . بە سەرێکی تریش کۆمەڵە بەپـارە یارمەتی هەندێ کرێکاری داو(١٤٦) لەتەك پزیشکێکدا رێك کەوت تا بـە خۆڕایی چارەسەری نەخۆشەکانیـان بکا(١٤٧) . لەگـەڵ چەنـد پارێـزەرێکیش دا پێکهات تاوەکو سۆراخی داواو شکایەتی کرێکارە هەژارەکان بکەن بەبێ پارە .

ئەوەی کە بە شانازی یەوە بۆ « کۆمەڵەی سنعاتکـاران » تۆمـار دەکرێ ئەفرەیە ، بەبێ جیاوازیی نەتەوەو ئاین و تیرەو رەگەز تـەماشـای ئەنـدامانی دەکرد . کاتێکیش کـە لەکۆتـایی مانگی کـانوونی یـەکەمی سـاڵی ١٩٣٠ داو بەبۆنەی سەری ساڵی تازەوە ئـاهەنگی گێـڕاو ژمارەیـەکی زۆر لە ئەنـدامانی بەشداری یان تێدا کرد ، دەست پێشخەری یەکی ئەوەندە جوان بوو ، رۆژگاری « شۆرشی بیست » ی دەهێنایەوە یاد . هـەر لەو ئاهـەنگەدا چـەند ووتـارێك خوێندرانەوەو هەموویان کـرێکارانیـان هان دەدا دەست بخـەنە نـاو دەستی یەکەوەو هاریکاری یەکتر بکەن(١٤٨) .

جا ئەگەر « کۆمەڵەی سنعاتکاران » لەو قۆناغەدا بایەخێکی تایبەتی بە مەسەلەی بێکاری دابێ شتێکی سروشتی ی بووە . چونکە کۆمەڵەی ناوبراو هەر لەزووەوە داوای لە بێکارەکان کردبوو لە بارەگا خۆیان ناونووس بکەن . هەروەها پەیوەندیشی بە چەند لایەنی ، جیاجیاوە کرد ، ئەو بێکارانە بخەتە سەر ئیش هەر بەراستیش کاری بۆ هەندێکیان دۆزی یـەوە . چەنـد جارێکیش ئـەوەندەی لە توانای دا بوو ، بە پارە دەستگیرۆیی دەیـان کرێکـاری بێ ئیشی کرد(١٤٩) بـۆیە

کـرێکاره بێ ئیشـەکانیش تـا دەهات زیـاتر له « کـۆمـەڵەی سنعـاتکـاران » دەورووکانو رۆژی به دەیان کەسیان له بارەگاکەیدا کۆدەبوونەوه ، تەنانەت هەندێ جار ئەو راسته شەقامەی به تەنیشت بارەگای کۆمەڵەوه بوو ، ئەوەندەی خەڵك تێ دەرژا رێگای هامشۆیان دەبەست . ئەم هەموو بایەخ پێدانەی کۆمەڵە به مەسەلەی بێکاریو کرێکاره بێئیشەکانی دەدا ، دامو دەزگـای رژێمی به تەواوی ورووژاند و له تاوا کەوتنه پروپاگانده کردن گـوایه بـه هانـه هانـەی ئەپۆزیسون ئاژاوه دەنێنـەوەو ئەوەیشی کـه رۆژنامـەکان له بـارەی کرێکـاره بێئیشـەکانـەوه بڵاوی دەکـەنەوه له راستیـیـەوه دوورن[150] بەرامبـەر بەم هەڵوێسته « کومەڵەی سنعاتکاران » ناچار بوو داوا له هەموو کرێکارێکی بێئیش بکا بڕوا نامەیـەك لەمەڕ دوائیشیو بـەڵگه نـامەیـەکی رەوشت باشیی (!!) له موختاری گەرەکەکەی وەربگرێو لەتەك شەهـادەتنامـەی جنسییەدا بیـدا به کۆمەڵه . رایشی گەیاند ئامادەیه ، به پاره یارمەتی ئەو کەسانه بدا که لەبەر بێ دەرامەتیی توانای دەرهێنانی شەهادەتنـامەی جنسییـەیان نییـه [151] . له هەموو ئەوانەیش گرنگتر ئەوەبوو زۆر چالاکانه بەشـداری له سەرکـردایەتی کردنی خەباتی کرێکاران و پیشەوەراندا کردو ئەنجامیش له سەرەتای ساڵانی سیدا بووه یەکێك له گرنگترین سیماکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی گەلی عیراق ، وەك له دواییدا باسی دەکەین .

یەکێك لەو کارانەی جیبـەجێی کردو شـایانی بـاسکردنـه ، ئەوەبـو هەوڵیدا به پێی تێگەیشتنی خۆی ، به هەر شێوەیەك بێ دەنگی کـرێکاری عیراق بگەیەنێته دەرەوەی وڵات . به نموونه : حەزی دەکرد تەنانەت دەزگا دیپلۆماسییەکانو دەوڵەتانی تر ، له ناکۆکی نێوان کـرێکاره عیـراقییەکـان و کۆمپانیا بیانییەکان بکۆڵنەوه [152] . بـۆیه « محـەممەد سـالح ئەلقـەزاز » ی سەرۆکی کۆمەڵه ، بەر لەوەی عیراق ببێته ئەندامی « کۆمەڵی گەلان » و پاش ئەوەیش ، بەردەوام پەیوەندی به « بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان ـ (International Labour office) له « ژنێف »[153] و « یەکێتیی نیقابەکانی کرێکارانی جیهان ـ Fed-eration of Trade Union) له « بەرلین » دەکرد .[154] وا پێ دەچێ ئەم هەڵوێستەیش لەوەوه هاتبێ که « کۆمەڵی گـەلان » له کاتی وەرگـرتنی عیراق بـه ئەنـدام ، بایەخێکی باشی بەمەسەلەی کاروکرێکارانی عیراق دابێ[155] . له ١٤ ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٢ دا « ئەلقەزاز » نامەیەکی بۆ « بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان » ناردو تێیدا قسه له « باری ناهەمواری کرێکارانی عیراق » دەکاو داوای لێ دەکا به پێی توانا یارمەتی کرێکارانی عیراق بدەن تا له ڕووی رۆشنبیرییەوه گەشه

بکـەن . پاشـان سەرۆکی کـۆمەلە وەلامی بێـرووی ناوبـراوی لەتەك چـەنـد نـامیلکەیـەکدا پێ گەیشتو لە نـاویاندا دەرفـەتی ئیشکردنو جـۆری ئەو یـارمەتییـەی کە دەتـوانن پێشکەش بـە کرێکـارانی عیراقی بکـەن ، روون کراونەتەوە[١٥٦] .

بە پێی راسپاردەکەی « بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان » « ئەلقەزاز » بە نامە پەیوەندیی لەتەك « یەکێتیی نیقابەکانی کرێکارانی جیهان » لە « بەرلین » بەست . لەو نامـەیەیدا کـە رۆژی ١٨ ی تشرینی دووەمی سـالی ١٩٣٢ بۆ سکرتاریەتی ئەو رێکخـراوەی ناردووە ، داوا دەکـا زانیاریی تـەواو لە بارەی بزووتنەوەی کرێکارانی جیهانەوە بۆ « کۆمەڵەی سنعاتکاران » بنێرن ، هەروەها رووی دەمیان تێ دەکا دەستی یارمەتی بۆ کرێکارانی « کەنار فورات » درێـژ بکەن ، چونکە پێویستییان بەوە هەیە « براکانیان لە دەرەوە هەندێك یارمەتیو چەپکێك تیشکیان بۆ بنێرن »[١٥٧]

ئەوی راستیی بێ هەموو ئەم پەیوەندییانە ، نەیـانتوانی گـۆڕانێکی چۆنیەتی لە ناو بزووتنـەوەی کرێکـارانی ئەوسـای عیراقدا دروست بکـەن ، ئەمەیش بە هۆی باری سەرنجی ئەوانەوە بوو کە جڵەوی بـەڕێوەبـردنی ئەو رێکخراوانەیان گرتبووە دەستو هەمیشە ئامۆژگاری کرێکارە عیراقییەکانیان دەکرد « توخنی سیاسەت نەکەونو گـرنگیی بە زرووفی گشتیی کـرێکاران بدەنو بەس »[١٥٨] بەلام سەرەڕای ئەمانە هەمـووی ، نامـە ئاڵوگـۆڕ کردنی « ئەلقەزاز » لەتەك ئەو رێکخراوانەدا ، سەرنجی هەندێ لایەنی دەرەوەی بۆ ئەو واقیعە تاڵە راکێشا کە کرێکارانی عیراقی تێدا دەژیان . لەوەیش دەچێ چەند رۆژنامەیەکی بیانی ، بەم یان بەو شێوە دەستیان بۆ ئەم نامە ئاڵو گۆڕ کردنە راکێشا بێ[١٥٩] . کاتێکیش کرێکاران داوایان لە « کۆمەڵەی سنعاتکاران » کرد نوێنەری خۆی بنێری بەشداری لە کۆنگرەی کرێکارانی دەوڵەتاندا بکا کە بڕیار بوو سالی ١٩٣٣ ببـەسترێ ، میـری رێگای نـەداو بەم کـارەیشی هەلوێستی رەسمیی خۆی بەرامبەر بە کرێکاران لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە ئـاشکرا کرد[١٦٠] . هەر لەبەر ئەوەیش بوو ، رژێم لە پەیوەندی نێوان کۆمەڵەی ناوبراوو دامو دەزگاکانی دەرەوە سڵی دەکردەوەو هەوڵی دا لە هەر چوار لاوە ئابلووقەی بدا ، تا حاڵ گەیشتە ئەوەی « ئەلقەزاز » ناچار بوو بە نهێنیو بە هۆی ئەوانەوە کە دەچوونە دەرەوەی وولات نامە کانی بۆ « بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتـان » و

« یەکێتی ی نیقابەکانی کرێکارانی جیهان » بنێری[١٦١] . دەسەلاتتدارانی رژیم بە ئەندازەیەك لەم پەیوەندی‌یانە تۆقیبوون جاریکیان دەستیان گرت بەسەر وێنەی خۆنیشان دانێکی کرێکاران‌دا لە ترسی ئەوەی نەبا لە دەرەوەی وولات بلاو بکرێتەوە[١٦٢] . شایانی باسە کاربەدەستان هەولێکی زۆریان‌دا « ئەلقەزاز » قایل بکەن بروسکەیەك بۆ « بیرۆی کرێکارانی دەولەتان بنێری » و تێیدا رای بکەیەنێ گوزەرانی کرێکارە عیراقی‌یەکان روو لە باشی‌یەو میری بایەخیان پێ دەدا[١٦٣] .

چالاکی ی « کۆمەلەی سنعاتکاران » و سووربوون و بەرگری کردنی سەرکردایەتی یەکەی لەسەر گرنگترینی ئەو مەسەلانەی پەیوەندی‌یان بە زەحمەتکێشانی عیراقەوە هەبوو ، لە ناو رای گشتی ی عیراق‌دا ناوو شۆرەتێکی گەورەی پەیدا کرد . بە درێژایی سالانی ١٩٢٩ ـ ١٩٣١ کەم رێککەوتووە ، رۆژنامەیەك لە بەغدا دەرچووبێ و پەنجەی بۆ دەستکەوتێکی کۆمەلە رانەکێشابێ ، یان چەند برگەیەکی لە قسەی سەرکردەو گوتاربێژەکانیان بلاو نەکردبێتەوە . هەر زوویش رۆژنامەکان خۆیان کردە خاوەنی « ئەو کارە سوود بەخشانەی کۆمەلەی سنعاتکاران ئەنجامی داون و شایانی رێزو ستایشن »[١٦٤] .

جموجۆلی « کۆمەلەی سنعاتکاران » و بلاوبوونەوەی ناوو شۆرەتی بە دلی ئینگلیزەکان و ئەو کار بەدەستە عیراقی‌یانە نەبوو کە چەندین کۆسپیان خستە بەردەمی و ویستیان لە کاری بخەن . یەکەم هەنگاویان ئەوە بوو ، رێکخراوێکیان دروست کرد بۆ بەربەرەکانێ کردنی .. دیارە رێکخراوێکی لەو جۆرەیش بەرای ئەوان دەبوو توانایەکی ئەوتۆی پێ ببەخشرێ کرێکاران بەلای خۆی‌دا رابکێشێ . ئەوەبوو لە سەرەتای سالی ١٩٣٠ دا « کۆمەلەی کرێکارانی میکانیکی عیراق » دامەزراو لەرۆژی ٣٠ ی کانوونی دووەمی هەمان سال‌دا ، دەستەی دامەزرێنەری لە بارەگاکەی‌دا لە « رەئس‌ولقەریە »[١٦٥] کۆبوونەوەو « سەلیم ئەحمەد ئەلمیسری » بە سەرۆك و « ئەحمەد جاسم » بە سکرتێرو جێگری سەرۆك و « محەممەد ماهیر » بە ئەمینداری سندووق و « داوودسەلمان » و « سەلمان شێخ ناسر » و « عەبدوللا ئەلجەنابی » و « خەلیل بەربووتی » بە ئەندامی دەستەی بەرێوەبەر هەلبژێردران[١٦٦] . جا لەبەر ئەوەی بێکاریی بوو بووە گرێ کوێرەی هەموو گیروگرفتەکانی ئەوسای کرێکاران ، پەیرەوی ناوخۆی ئەو کۆمەلەیە وای دەگەیاند گوایە ، هەرچی کرێکاری بێ‌ئیش هەیە نیوەی ئەو مووچەیەی دەدرێتێ کە لە دوا ئیشی‌دا وەری‌گرتووە[١٦٧] . بەلام لەگەل ئەوەیش‌دا « کۆمەلەی کرێکارانی میکانیك » بۆی نەکرا هیچ رۆلێك لە ژیانی

کرێکاران‌دا بگێڕیٚو تا ئەو کاتەی کەوتە دەست چەند ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی چینی کرێکاران ، بە گۆشەگیریی‌و دوورەو پەرێزی مـایەوە ، وەك لە دواییدا بـاسی دەکەین . چەند هەوڵێکی تری لەو بابەتەیش درا تاوەکو لە ناوەوە « کۆمەڵەی سنعاتکاران » هەڵتەکێنن ؛ بەوەی خەڵکی گومان لێکراویان دەهێنایە ناویەوە . لەو جێیەدا کە لە مـانگرتنی کـرێکاران دەدوێـین بە دوورو درێـژی قسە لەم مەسەلەیەیش دەکەین .

هـەوڵو تـەقـەللای ڕژێم لەم بـوارەدا « ئـەلقـەزاز » یشی گـرتـەوە . لێپرسراوان چەند جارێك هەوڵیان‌دا بە وەزیفەیەك لە دەرەوەی عیراق لە خشتەی بەرن ، ئنجا کە زانیان بۆیان نەرم نابێ ، ویستیان بەوە چەواشەی بکـەن لە « بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان » دا ببێتە نوێنەری عیراق . دوای ئەوەی کە ناو براو ئەم پایە گەورەیەیشی ڕەت کـردەوە ، بە بیـانوی ئـەوەی گوایـە لە ئێش پچراوە ، دەریان کرد(١٦٨) . بەڵام مـەبەستی لێپـرسراوانی ڕێگـای ئاسن لەم هەنگاوەیان ئەوە بوو چیتر ماوەی نەدەن ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە کرێکارانی ئـەم دامەزراوەیە ببێ و ئاگای لە گیرفتەکانیان بێ . لە هەمان کات‌دا ژمارەیەك لە چالاکترین ئەندامانی ئەو کـۆمەڵە ، لەوانـە « دەروێش موراد » کـە لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەردا بە جێگری سەرۆك دەرچوو بوو ، لە بەغدا دوورخرانەوە . ناوبراو بە چالاکیی شۆڕەتی دەرکردبوو ، لە فێرکردنی میکـانیك‌و دەرس گـوتن بە ئـەندامـانی کۆمـەڵەدا بـەشـداریی‌ـەکی چـاکی کردبوو(١٦٩) . پاشان توانیان یەکێکی وەك « نەعیم فەتتووحی » کە کرێکارێکی ڕێگای ئاسن بوو بە وەزیفەیەکی باشتر دەستخەڕۆ بکەن‌و لە کـۆمەڵە دووری بخەنەوە(١٧٠) . کاربەدەستان بۆ ئەوەی کۆمەڵە پیشەیی‌و کـرێکاریی‌ـەکان لە « کۆمەڵەی سنعاتکاران » دابڕن و نەهێڵن لە ناو یەك‌دا هاریکاری بکەن ، ڕێگا نەما نەیگرن . لەولایشەوە هەوڵیان دەدا ناوو شـۆڕەتی « ئەلقـەزاز » لەلای سەرکردەی کۆمەڵەکانی دی (١٧١) بزڕێنن(١٧٢) ئنجا هەڵس‌و کـەوتی بە تـەواوی خرایە ژێر چاودێرییەوە .

کاربەدەستان هەر بـەوەیشەوە ڕانـەوەستان ، بـەڵکو تـۆمەتێکیـان بۆ « ئەلقەزاز » و شازدە ئەندامی تری کۆمەڵە دروست کردو بە هۆیەوە دران بە دادگای جەزای بەغداو یەکی بیست ڕوپیە جەزایان لێ سەندن . بەڵام ڕژێم بەم حوکمە قایل نەبوو ، چونکە سزای لەو جۆرە ئەوە نەبوو ترس‌و بیم بخـاتە دڵی سەرکردایەتی کۆمەڵەوە ، لەبەر ئەوە داموو دەستگای پۆلیس داواکەی لە دژیان

« إستئناف » كرد . كەچی دادگای « إستئناف » نەك هەر داواكەی پۆلیسی رەت كردەوە بەڵكو سەربارەت بە بێ بناغەیی داواكـە ، بڕیـاریدا جەزاكـەیشیان بدرێتەوە[١٧٣] . دوای ئەم رووداوە چەندین جاریتر « ئەلقەزاز » گیراو تۆمەتی ناڕەوای بۆ دروست كرا ، تەنانەت جارێكیان تاوانی ئەوەیان خستە پاڵ گوایە كارێكی دژ بە میری كردووە ، پاشان دەركەوت ئەو كاتە ئەم لە بەنـدیخانـەی مەركەزیدا نالاندوویەتی[١٧٤] .

راستییەكەی چـالاكیی‌و جموجـۆڵی دوژمنانی رێكخـراوە كرێكـاریی‌و پیشەیییەكان بە تەنها دژی « كۆمەڵەی سنعاتكاران » نەبوو ، ئـەگەرچی لە بنچینەیشدا دوژمنی سەری ئەو بوون . بە نموونە گۆڤاری « الحاصد » دەست نیشانی « ئەو كۆسپ‌و تەگەرانە دەكا، كە خرانە بەردەم كۆمەڵەی كرێكـارانی چاپخانەكان » لە یەكەم ساڵی تەمەنیدا[١٧٥] تەنـانەت لای دوژمنـاتی كۆمـەڵە كرێكاریی‌و پیشەیییەكان‌و ئەوانەیش كە دەستیـان بە پشتیـاندا دەدا ، حاڵ گەیشتە ئەوەی سەرۆكی « كۆمەڵەی میوەفرۆشان » یان بە رۆژی رووناك‌و لەو كاتەدا كە لە كۆبوونەوەكەی ٢٠ ی نیسانی سـاڵی ١٩٣٠[١٧٦] هاتـە دەرەوە ، بكوژن . ئەم رووداوە ئـەوەندەی تـر كرێكـاران‌و پیشەوەرانی وروژانـدو بە خـۆنیشاندانێكی گـەورە تێیدا بـەیداخ‌و دروشمی جـۆربـەجـۆریـان بـەرز كردبووەوە ، بە خاكیان سپارد . كۆمەڵەكانی تریش پرسەیان بۆ داناو بڕیاریاندا جەژنی قوربان كە رێكەوتی ٢٨ ی نیسانی دەكرد جەژن نـەكەن ؛ هـەروەها كرێكاران بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە ناو خـۆیاندا جـەژنە پیـرۆزەیان قـەدەغە كرد[١٧٧] . زۆر رێی تێ دەچی كوشتنی سەرۆكی « كۆمەڵەی میوەفـرۆشان » پێشتر پیلانی بۆ دانرابێ‌و لەپێناو ئامانجێكی دیاری كراودا جێ بەجێ كرابێ .

ئەمەیش بە روونیی نەك هەر لە شێوەی كوشتنەكـەیدا دەردەكەوێ بـەڵكو لەوەیشدا دیـارە رێككەوتی ئـەو رۆژانە دەكـا كە بـزووتنەوەی كـرێكـاران‌و نیقابەكانی عیراق لە هەڕەتیدا بوو . ئەوەتا رۆژنامە نیشتمانییەكـان رۆژی دوای ئـەو رووداوە بە ئـاشكرا دەست بـۆ ئەم حـەقیقەتـە رادەكێشن بلاوی دەكەنەوە كە كوشتنی سەرۆكی « كۆمەڵەی میوەفـرۆشان » لەوە بـەولاوە كە « ئەنجامی دڵسۆزیی‌و بە تەنگەوەهاتنی برا میوەفرۆشەكانی بووە[١٧٨] » شتێكی ترنییە . ئەوەیشی لێرەدا پێویستی بە باسكردن هەیە ، ئەوەیە ئەو كەسەی پاش ئەو رووداوە بە زۆر بەسەر « كۆمەڵەی میوەفرۆشان» دا سەپێزا سیاسەتێكی تەواو پێچەوانەی هەبوو . لە رۆژگارێكدا كە هێرشی كۆنـەپەرستـان گەیشتـە

ئەوپەڕی ، ئەم سەرۆکە تازەیە دژی « کۆمەڵەی سنعاتکـاران » ڕاوەستاو لە دژی کرێکاران و کۆمەڵەکانیان پشتگیری هەڵوێستی ڕژێمی کرد[١٧٩] .

هەموو ئەم کارو کـردەوانە نـەیانتـوانی لە پشت و پەنـای « کۆمـەڵەی سنعاتکاران » کەم بکەنەوە ، یاخود کار بکەنە سەر میلی یەتی . بە پێچەوانەوە ئەو کەسەی شوێن پێی ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە هەڵبگرێ ، بە تەواوی بۆی دەردەکـەوێ کە چ کـرێکاران و چ پیشـەوەرە بچکـۆلەکـان زیـاتـر لە دەوری دروشمەکانی ئەو کۆمەڵەیە گرد بوونەوە . هەر لەو ماوەیەدا لە شارەکانی تری عیراقەوە ، یەك لە دوای یەك داوا پێشکەش بە کۆمەڵە دەکراو دەیانویست ببنە ئەندام و لقی کۆمەڵیان لە شارەکاندا بۆ بکرێتەوە . هەروەها کرێکارانی کارگەی وەزارەتی ئەشغال لە بارەگای کـۆمەڵدا کـۆبوونـەوەو بڕیـاریاندا بچنـە ناو کۆمەڵەوە ، چونکە « حەقیقەتی ئەو خزمەتگوزاری یەی پێشکەش بە کرێکـارە عیراقی یەکانی کردووەو یارمەتی دانیان بە شێوەی جۆر بەجۆر لای هـەموان ئاشکراو ڕوونە »[١٨٠] . پێویستە ئەوەیش بگوترێ کە ڕۆژنامـەکانی ئـەو کاتـە ڕۆڵێکی گەورەیان لەم مەیدانەدا گێڕاو ئامانـج و چالاکی یـەکانی « کـۆمەڵەی سنعاتکاران » یان بۆ ڕای گشتی ی عیراق ڕوون کردەوە . کـۆمەڵەی نـاوبراو خۆیشی هەر لەو قۆناغەداو لە بواری جموجۆڵی ڕاگەیاندن و بەهۆی ڕۆژنامـەی کرێکارانەوە ، دەورێکی دیاری بینی .

ڕۆژنامەو هۆیەکانی تری ڕاگەیاندنی کرێکاران

لە دوا دوای سالانی بیستەوەو تا کۆتایی سەردەمی ئینتیدابیش ، ڕۆژ نامەکانی ناوخۆ بە تایبەتی ئەوانەی بەرهەڵستی سیاسەتی ڕژێمیان دەکرد ، بووبوونە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ئەو کۆمەڵانەو جەماوەری خەڵکی عیراق . ئەم ڕۆژنـامانـە کەوتنـە بڵاوکـردنەوەی دەنـگوباسی کـۆمەڵەکـان و نیشـاندانی گیروگرفتی کرێکاران و هـەندێ جـاریش بەرگـری یان لە مـەسەلە ڕەواکـانیان دەکرد . سەرکردەی ئەو کۆمەڵانە بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتی ی هەوڵیاندا سوود لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆ وەربگرن و ڕایان بکێشن بە لای ئەو مەسەلانەدا کە زۆر جار بە شێوازێکی ڕۆمانسی یانە دەیان وروژاند ، هـەر وەك لە باسی بێکـاریی کـرێکاراندا قسـەی لەسەر کـرا . ئەوەیشی سـەرنج ڕادەکێشێ ئـەوەیە کـە

رۆژنامەکانی ئەو رۆژگارە چەند نازناوی تازەیان هێنایە کایەوە وەك « کرێکار » کــرێکــارێکی بێ ئیش » و « لادێ یــەکی دڵ پــڕ لە ســوێ » و هی تــریش . هەموویشیان لە مەسەلەی کرێکاران و چالاکی یە کانیان دەدوان[١٨١] .
چالاکی ی راگەیاندنی کرێکاران بە تەنها بەمەوە رانەوەستا ، بەڵکو لە کۆتایی سالانی بیستەوە لە زۆر رووەوە رێبازی نوێ ی گرتە بەر ، بە رادەیەك دەتوانین قســە لە سەرەتــای دەرکەوتنی رۆژنــامەی ســەربەخــۆی کرێکــاران بکەین . سەرکردەکانی کۆمەڵە کرێکاری و پیشەیی یەکان ، هەستیان کرد کە دەبێ خۆیان بهاوێژنە ئەو مەیدانە گرنگەوە کە بووەتە یەکێك لە پێــویستی یەکــانی خەبــاتی سەرکەوتوویان[١٨٢] . بە تایبەتی هەندێکیشیان چەند ســاڵێك بــەر لە پێکهاتنی کۆمەڵەکانیان لە بواری رۆژنامەنووسی دا ئیشیان کردبوو . ئەوە بوو عەبباس حســەین ئال ئــەلچەلەبی » کــە یەکــەم ســەرۆکی « کــۆمــەڵەی کــرێکــارانی چاپخانەکانی عیراق » بوو رۆژنامەیەکی « ئەدەبی ی و کۆمەلایەتی و کۆمیدی و رەخنەیی » بە ناوی « الحقائق » هوە لە ٢٢ ی شوباتی ١٩٢٤ دا دەرکردو لە ســەرەتای ســاڵی ١٩٢٦ دا رژێم بە بیــانــووی ئــەوەی لە رێبــازی رۆژنــامــە ئەدەبی یەکان لای داوە ، لە کاری خست . پــاشان « ئــەلچەلەبی » لە ٣٠ ی نیســانی ساڵی ١٩٢٧ دا رۆژنــامەیــەکی تری « ئــەدەبی ی و کۆمــەلایەتی ی و کۆمیدی » بە ناونیشانی « صدی الحقائق »[١٨٣] دەرکرد ، بەلام ئەمیش چەند جارێك لە کار خراو دوای نۆ مانگ بە یەکجاری ئیمتیازەکەیان لە خاوەنــەکەی سەندەوە[١٨٤] .

وەنەبێ دەرکردنی رۆژنامەیەکی کرێکارانە لە زرووفی ئەوسای عیراقدا هەروا شتێکی ئاسان بووبێ . « عەبباس حسەین ئال ئەلچەلەبی » کە خاوەنی رۆژنامەی « نداء العمال » بوو لەسەر ووتاری یەکەم ژمارەی ئەو رۆژنامەیەدا ، دەڵێ : « .. لە مێژ بوو دەمانویست رۆژنامەیە دابمەزرێنین لە زمان کرێکارانەوە قسە بکاو بەرژەوەندی یان بپارێزێ و پشتگیریی خواستەکانیان بکــاو بیرورای ئەوان دەرببڕێ » بەلام ـ وەك دووپاتی کردووەتەوە ـ « زۆر شت بوونە رێگرو زۆریش کۆسپ و تەگەرەی نالەبار خرایە بەردەممان »[١٨٥] .

ئەوەی کە زانراوە لە ساڵی ١٩٢٩ وە، هەوڵی دەرکردنی رۆژنــامەیــەکی نیقابی لە عیراقدا دراوە. دوای مۆڵەت پێدانی «کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان» بە چەند مانگێك سەرۆکی ئــەو کۆمــەڵەیە «محــەممەد مــەکی ئەلئــەشتەری» ئەرزوحاڵێك بە وەزارەتی ناوخۆ دەداو تێیدا داوای کرد رێگای بدرێ رۆژنامەکی

«ئەدەبی و کۆمەلایەتی و رەخنەیی وێنەدار» بـە ناوی «التعـاون» ەوە، دەربکا. وەزارەتی ناوبراو لە رۆژی ١٦ ی ئـەیلوولی ساڵی ١٩٢٩دا، بـڕیاری لەسـەر داواکەیدا. بەلام «ئەلئەشتەری» دواکەوت و رۆژی ١٤ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ یەکەم ژمارەی دەرکرد. «ئـەحمەد عیـززەت موحـەممەد رۆژبـەیانی» بەڕێوەبەری لێپرسراوو «مەلا حوممادی» یش بە ڕێوەبەرو سەر نووسەری بوو. ئەم رۆژنامەیە نەیتوانی لە چوار یان پێنج ژمارەزیـاتر دەربکـا(١٨٦). دوای ئەوە «راجی ئەلعەسکەری» کە ئەندامێکی «کۆمەڵەی کرێکارانی میکـانیك» بـوو لە رۆژی ١٤ ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ دا سەر لە نوێ ئیمتیازی ئەو رۆژنامەیەی بە ناوی «صدی التعاون»ەوە، وەرگرتەوەو لە پاش سێ مـانگ «لە ١٩ ی کـانوونی یەکەمی ١٩٣٠دا» یەکەم ژمارەی دەرچوو. دوووەم جار سەرۆکی «کـۆمەڵەی سنعـاتکـاران» هـەوڵێکی زۆری دا بـۆ ئـەوەی رۆژنـامـەیـەکی نیقـابی بـۆ زەحمەتکێشانی عیراق دەربکا. ئەوەبوو «محەممەد سـاڵح ئەلقـەزاز» داوای لە میری کرد رێگای بدرێ گۆڤارێکی پازدە رۆژی بە ناوی «الصنائع» ەوە دەر بکا. وەزارەتی ناوخۆ لە رۆژی ٢٩ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٠ دائیمتیازەکەی پێدا. بەلام لەبەر لە ناوچوونی ژمارەکانی تا ئێستا نازانرێ بە تەواوی چەند ژمارەی لێ دەرچووە. هەموو ئەوانەیش دەرهەق رۆژنـامەی کـرێکاران دواون، مێـژووی مۆڵەت پێدانی ئەو گۆڤارە «واتە حوزەیرانی ١٩٣٠» بە سەرەتـای دەرچوونی دادەنـێن(١٨٧). لە بیبلۆگرافیـای رۆژنامـەکانی عیـراقیشدا هەمـان را دووبارە بووەتەوە(١٨٨).

بەلام هەندێ بەڵگەی باوەڕ پێکراو هەن ئەم رایە پووچ دەکەنەوە . دوای ئەو مێژووەی ئەو نووسەرانە باسی دەکەن ، رۆژنامەکانی ئەو رۆژگارە بە ئاشکـرا روونی دەکەنەوە کە « ئەلقەزاز » نیازی وایە(١٨٩) گۆڤاری « الصنائع » دەر بکا رۆژنامەی « العالم العربي » رۆژی ١٠ ی تەممووزی ساڵی ١٩٣٠ هەواڵێکی بڵاو کردووەتەوەو رای گەیاندووە کە « محەممەد ساڵح ئەلقەزاز » ی سەرۆکی « کۆمەڵەی سنعاتکاران » ئیتمیازی گۆڤارێکی پازدە رۆژیی بە ناوی ـ الصنائع ـ ەوە ، وەرگرتووە . ئەم گۆڤارەیش کە دەبێتە ئۆرگانی کۆمەڵەی ناوبراو یەکەمین گۆڤاری عیراقییە ، کرێکارانی عیراق بەدەستی خۆیان دەری دەکەن و زمانی حاڵی ئەوانە . دەستەیەك لاوی پێگەیشتوو ، سەرپـەرشتیی دەکەن ، بـەم زووانە دەردەچێ و پڕە لە بابەتی کۆمەلایەتی وپیشەسازیی و هەموو ئەو شتانەی لای چینی کـرێکـاران بـایـەخ دارن »(١٩٠) بـە پێی ئـەو هـەواڵەو شێـوەی

بلاوکردنەوەکەی بە ئاشکرا دەردەکەوێ « کـۆمەڵەی سنعـاتکاران » خـۆیان هەواڵەکەیان بڵاو کردووەتەوە . کەواتە ناشێ گۆڤاری « الصنائع » بەر لە ١٠ ی تەمموزی ساڵی ١٩٣٠ دەرچووبێ و دوور نی یە یەکەم ژمارەی لە کۆتایی هاوین یاخود سەرەتای پایزی ١٩٣٠ دا دەر نـەچووبێ . بـە قسەی « ئـەلقەزاز » گۆڤاری « الصنائع » سێ ژمارە زیاتری لێ دەرنەچووە ، ژمارە ـ ٣ ـ ی هەر لە چاپخانەو پێش بڵاوبوونەوەی لە لایەن میری یەوە دەستی بەسەردا گیراوە[191] سەر نووسەری ئەو گوڤارە « ئەلقەزاز » و بەڕێوەبـەرەکەی « عـەبدولـەجید ئەلرافیعی » بووە . « محەممەد مەکی ئەلئەشتەری »[192] و « مەحموود ئەحمەد ئەلسەید » و « حسەین ئەلرەحال » و « عەبدولفە تتاح ئیبراهیم » و « عەبدوڵلا جەددوع » و « عەبدو لقادر ئەلسەییاب »[193] و چەنـد کەسێکی تـریش تێیدا دەیاننووسی . هەر ژمارەیەکی نزیکەی ١٥٠٠ دانەی لێ چاپ دەکراو بە پێودانی ئەو کاتە رەواجێکی باشی هەبووە[194] . شایانی باسە ئەوانەی سەرپەرشتی یان دەکرد هەولێان دا ناوەکەی بکەن بە « صوت العامل » بەلام دەسە لاتدارانی رژێم بەم داوایە قایل نەبوون و دایا نە دواوە[195] .

گۆڤاری « الصنائع » چارەسەری گرنگترین ئەو گیروگرفتانەی دەکرد کە کرێکاری عیراقی بەدەستیانەوە دەینـالاندو لەپێش هـەموویـانەوە مـەسەلەی بێکاریی . بۆیە چەندین ووتاری لەم بارەیەوە بڵاوکردەوە ، ئـەو ووتارانـەیش بوونە هۆی زیاتر هوشیار کردنەوەی کرێکاران و تێگەیشتنیان لە واقیعی ژیانی کرێکاران لە دەرەوەی عیراق . ئەمە جگە لە بـلاوکردنـەوەی چەنـدین باس و خواسی تر کە بە دڵی نەبوون و ئەنجام بە لادان و پێ لێ هەڵبڕین لەقەڵەم دراو میری کردیە بەڵگەو بیانوو بۆ ئەوەی لە کاری بخا [196] . بە قسەی «ئەلقەزاز» هۆی راستەوخۆی دەست بەسەردا گرتنی ژمارە سێ ی ئـەو گۆڤـارە چامـەیەکـە لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵەدا کە بە بۆنەی جەژنەوە ساز کرابوو ، خوێندرایەوە . چامەکە دەڵێ .

« أعيـد لشعبٍ أفسـد المـال رأسـه ‌‌ ‌ فخــان ومن خـان البــلاد له القتـل
أعـيـد لشعـبٍ وقعـت صـك رقـه . ‌ ‌ عصــابـةُ ســراق فــانهكـه الغـل
أعـيـد وعمـال البــلاد حـقــوقهــا ‌ ‌ سلیبــه أطمـاع تــرأسهـا القتــل »

لێپرسراوان وایان لە قەڵەم دا کە بەیتی یەکەم و دووەمی شیعرەکە راست و

ڕەوان مەلیك دەگریتەوە . پاشان کە زانییان دەقی چامەکە لە ژمارە سیّی « الصنائع » دا بلاوبووەتەوە ، بە گورجی دەستیان بەسەردا گرت ، ئەگەرچی « ئەلقەزاز » بۆ خۆ پاراستن لە بگرەوە بەردەی دەسەلاتدارانی ڕژیم بەیتی یەکەمی شیعرەکەی بەم جۆرەی خوارەوە گۆڕیبوو :

« أعيد لشعبٍ أفسد المال جلّه   فخانوا ، ومن خان البلاد له القتل[197] »

تاکە ڕۆژنامەیەکی کریکاران کە تا ڕادەیەکی باش شتی لە بارەوە بزانریّ ڕۆژنامەی « العامل » ە [198] . هەر ئەوەندەی خاوەنەکەی لە ٩ ی ئابی ساڵی ١٩٣٠ ئیمتیازەکەی وەرگرت ئیتر کەوتە خۆ بۆ دابین کردنی پیداویستەکانی . ئنجا بەیاننامەیەکی چاپکراوی لەم بارەیەوە بەسەر ڕۆژنامەو لایەنە سیاسیو کۆمەلایەتییەکاندا بلاو کردەوەو تییدا ڕوونی دەکاتەوە کە نیازی وایە « ڕۆژنامەی ـ العامل ـ دەر بکا . ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی وینەدارەو بۆ خزمەتی کریکاران هاتووەتە مەیدانەوەو تەماشای کاروباری ئەوان دەکاو بەرگری لە ماف ڕەوایان دەکا »[199] .

« عەبدولەجید حەسەن » کە خاوەنی ڕۆژنامەکە بوو ، لە چاپخانەیەکی ئەهلیدا کریکار بوو ، جگە لەوەیش ئەندامیکی چالاکی « کۆمەلەی کریکارانی چاپخانەکانی عیراق » بوو ، لە بزووتنەوەی کریکارانی ئەو سەردەمەیشدا چالاکانەو بیّ کۆلدان خەباتی دەکرد[200]

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی « العامل » لە ڕۆژی دووشەممەی ڕیکەوتی ٨ ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ دا بە قەوارەی ٢٨ × ٢١ سم دەرچوو[201] . لە ژیر ناوەکەیدا نووسرابوو « ڕۆژنامەیەکی ئەدەبیی هونەریی هەفتانەی وینەدارە . عەبدولەجید حەسەن خاوەنیەتیو « فایەق ئەلقشتینی بەڕیوەبەریەتی »[202] ئەم ژمارەیە چواردە بابەتی تیدا بلاو کراوەتەوە گرنگترینیان : « ووتەی کریکار » کە بە شیوەی سەر ووتار ، هیلی گشتی ی ڕۆژنامەکەو چۆنیەتی ڕیبازەکەی ڕوون دەکاتەوە . « ژیانی کریکار » ئیبراهیم حیلمی نووسیویەتی . ئنجا ووتاری « یەکیتیی کۆمەلەی کریکاران » ی مەحموود ئەحمەد[203] و « تۆبلیّ ئیش بکەن » ی سەلمان ئەلسەفوانیو « چاکەی کریکاران » ی ئەمین ئەحمەد . وەك بە ئاشکرا لەو ناو ناونیشانانەدا دیارە ، ڕۆژنامەی « العامل » خۆی بۆ خزمەت کردنی مەسەلەی کریکارانو

رۆشنبیرکردنیان تەرخان کردبوو ، ئەمەیش بە تەواوی لەسەر ووتـارەکەیدا دەردەکەوێ کە دەڵێ :

« ئەی کرێکاری عیراق : ئەم رۆژنامەیە کە ناوی تۆی لەسەر لاپـەڕەی یەکەمی نووسیوە ، رۆژنامەی خۆتە . چەکێکی ئەدەبی یە بەدەستتـەوەو بۆت هـەیە لە خـەبـاتو تێکـۆشـانی بـەردەوامتداو لەپێنـاو دەستخستنی مـافی پێشێلکراوو بەرگریکردن لەو مەسەلەیەی کە بەشێکە لەمەسەلەی کرێکارانی وولاتە عەرەبی یەکان ، شانازی پێوە بکەی . ئەم رۆژنامەیە ئەو دەنگە زوڵاڵەی تۆیە کە سەرانسەری جیهان دەیبیستێو دەزانێ تۆیش زیندوویتو هەست بە چەوساندنەوەو زەوتکردنی مافەکانت دەکەی . هەست دەکەی خۆتو براکانت کە لە وولاتانی دراوسێدا دەستی زۆرداران لەتو پەتی کردوون ، لێپرسراویت . هەست دەکەی کاتی راپەرین هاتووەو دەبێ شان بە شانی راپەڕیوان بۆگەیشتن بە ئامانجی هاوبەشمان کۆشش بکەینو خۆمان بگەیەنینە ئایـدیای ئـەم چینە زەحمەتکێشەی سەر رووی زەوی » . لە کۆتایی سەر ووتارەکەیدا رۆژنامەکە بەم جۆرە رووی دەم دەکاتە کرێکارانی عیراقو دەڵێ : « چی بۆ کرێکاران بـە سوود بەخش دەزانی پێشیناز بکە ـ واتە رۆژنامەکە ك . م ـ چ بیـروڕایەکت مەبەستە دەری ببڕەو هەمیشەو هەتا هەتایە دووبارەی بکەرەوە کە دروشمی ئێمە لەژیانداو تا ئەو کاتەی بە ئامانج دەگەین ئەوەیە : ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن[٢٠٤]

هەرچی ووتارەکەی « مەحموود ئەحمەد ئەلسەید » ی چیرۆکنووسە کە بە ناونیشانی « یەکێتی ی کۆمەڵەی کرێکاران » بڵاوی کردبـووەوە ، شایـانی ئەوەیە هەڵوێستەیەکی تایبەتی بۆ بکەین ؛ چونکە بە شێوەیەکی جوان رۆشنایی دەخـاتە سـەر چەنـدین لایەنی گـرنگی ژیانی کـرێکـارانی عیـراقو ئـاستی بزووتنەوەیان لە قۆناغی یەکەمدا . ئەمە جگە لەوەی کە بە هـۆیەوە لە بـاری سەرنجی رۆشنبیرە شۆڕشگێڕە رادیکالی یەکان تێ دەگەین بەرامبەر بەو هێزە نوێیەی لە بینای کۆمەڵایەتی گەلی عیراقدا خۆی نواند . « ئەلسەیید » دەڵێ : « .. بانگەوازی یەکەمم بۆ هەموو کرێکارانو جووتیارانی وولاتەکـەمان ، بـۆ هەموو ئەشکەنجە دراوو ستەمدیدەیەك ، بۆ هەموو سەربازە سەر بلندەکانی مرۆڤایەتی کە لە گەورەترین جەنگدا و لە پێناوی مافەکانی چینی کـرێکارانو سەربەستی یو ئـایدیـا پیرۆزەکـەیاندا پشتی بـەکتری دەگـرن ، هەر ئـەو بـانگەوازەیـە کە سـەرکردەکـانی ئـەو چینـە پێش دەیـان سـاڵو ئێستـایش

دەیلێنەوە : ـ ئەی کرێکارانی جیهان یەکگـرن ـ با ئـەم بانگـەوازە دروشمی کرێکارانی خۆیشمان بێ ، بە بێ جیاوازیی کارو پیشەیان . با ئەوەیش بزانن کە ناکۆکیو بەربەرەکانەی یەکتر لەوە بەولاوە کە تێکیان دەشکێنێو بەرەو دواوەیان دەباو تاماوەیەکی دوورو درێژ مافیان بە فیرۆ دەبا هیچی تـریان لێ دەستگـیر نابی » سەبارەت بە مافی کرێکارانیش دەلسەیید » دەڵێ :

« کرێکاران مافی زۆریان هەیەو خاوەنی نینو هەروا بە ئاسانیش وەدەستی ناهێنن . گومانی تێدا نییە ئەوانە مافی ژیانو بەبێ دەست خستنیـان مردن گەلێك باشترە کرێکار مافی رەوای خۆیەتی رۆژی هەشت ســەعات ئیش بکـا ، کەچی زۆربەی کات چواردە سەعات ئیشی پێ دەکرێ . مافی خۆیەتی بێ ئیش نەبێ . مافی رەوای خۆیەتی منالەکانی لە قوتابخانەدا فێری خوێندنو نووسین ببن ، نەك بە نەزانیی فڕێ بدرێنە سەر شەقـامەکـان ، یاخـود بخرێنــە بەر شاگردییو لەناو کارگەو کارخانەکاندا ئیشی گرانیان پێ بکرێ . مافی خۆیەتی خواردنی سوود بەخش بخواوو بەرگی باش بپۆشێ و جێوڕێیەکی لەباری هەبێ تێیدا بحەوێتەوە نەك وەك ئاژەلی کێوی لە ئەشکەوتدا بژی . مافی خۆیەتی ،گەر خۆی یان مالو منالی نەخۆش کەوتن پزیشـك چارەســەریان بکـاو داودەرمانی پێویستیان بدرێتیو گەر کەفتەکار بوو ، نەیتوانی ژیانی خۆی دابین بکاو لەسەر ئیش بمێنێتەوە ؛ چەردەیەك پارەی بدرێتیو گەر پیریی زۆری بۆ هێناو چیتر بۆی نەکرا ئەرکی خۆی بەجێ بهێنێو ئیش بکا ، مووچەی خانەنشینیی بدرێتێ کە مردیش مووچە بدرێ بە خێزانەکەی » . « ئەلسەیید » لە کوتایی ووتارەکەیدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە « گەر بێو کرێکاران هاوکـاری یەکتـر نەکـەنو کۆمەلەکانیان لەسایەی ئالایەکی یەکگرتوودا یەك نەخەن کە راستتر وایە ناوی ـ یەکێتیی کۆمەڵەو نیقابەکانی کرێکاران ـ ی لێ بینێن ، هەرگیز بەو مافانەیان شاد نابن » دەبێ ئامانجیشی « بەرگری کـردن بێ لە پەرژەوەنـدی هاوبـەشی کۆمەلەی کرێکاران » و « هەوڵ دان بێ بۆ دانانی یاسایەکی ئەوتۆ تا لەسایەی ئەو سیستە مەکۆمەلایەتی یە دێرینەیەدا کە بە زۆرەملێ پەیـرەوی یاسـاکانی دەکـرێ ، خۆیـانو مافــە رەواکانیـان بەپێی تـوانا بپـارێزرێو کـرێکـاریش سەربەستو سەربلند بژی »[٢٠٥]

ژمارەی یەکەمی رۆژنامەی «العامل» چەند ووتارێکی گشتیشی

تێـدا بـلاوکـراوەتـەوە، وەك «ئـەو کـەسـەی بـەختـەوەری دەدۆزێتـەوە»ی «عەبدولرەحمان ئەلرەکابی» و «گۆتینبرگ چۆن هونەری چاپکردنی دۆزییەوە.

گۆیتنبرگ گەرژنی نەهێنایەو ئەویش بەردەوام هانی نەدایە، ئەوا مـرۆڤایـەتی شارستانیەتی لە دەست دەچوو» و «ووتو ویژێك لەگەڵ داهێنـەری کاتـژمێری عیراقیی مامـۆستا عـەبدولرەزاق مـەحسوب ئـەلئەعـزەمی» و «رابوردووی خەمناك» ی «لوتفی بەکر سیدقی» و «لە پەراوێزدا : کرێکاری ئێمەو ئەوان» کە باسی چۆنیەتی بەکارهێنانی کارەبا دەکا لەووڵاتە یەککگرتووەکانی ئـەمریکـاداو پاشان لەتەك واقیعی کرێکارو جووتیاری عیراقا بەراوردی دەکا «لەسەر شانۆی هونەر» کە باسی تیپە هونەرییەکانی عیراق دەکاو چەند بابەتێکی تری لەو جۆرە .

جا گەر بێو هەموو ئەو هەلو مەرجانە لە بەرچاو بگرین ، ئەوا رۆژنامەی «العامل» لە رووی شێوەو ناوەرۆك و شێوازی دەرهێنان و پلەی رۆشنبیری یەوە ، جێگابەکی تابیەتی داگیر دەکا . لەناو رۆژنامەکانی تریش‌دا تاکە رۆژنامەیەکە گیروگرفتی کرێکارانی عیراقی دەست نیشان کردووەو بە شێوەیەکی لە هەموان قووڵتر هەلو مەرجی خەباتی سەرکەوتوویەیان دەخاتە روو . [٢٠٦]بۆیە هەر زوو وەك رۆژنامەیەکی کرێکاران سەرنجی خەڵکیی بەلای خۆی‌دا راکێشا . [٢٠٧]

تا ئێستا رایەکی چەسپاو دەربارەی ژمارەکانی رۆژنـامەی «العـامل»لە ئارادا نییە . هـەندێـك سوورن لەسـەر ئەوەی لە یـەکەم ژمـارە زیاتـری لێ دەرنەچووە [٢٠٨] ، هەندێکی تریش رایان وایـە سێ ژمارەی لێ دەرچـووە . [٢٠٩] ئێمەیش سەرەرای هەوڵو تەقەللایەکی زۆر لە یەکەم ژمارە زیاترمان بۆ نەدۆز رایەوە . زۆر رێی تێ دەچێ کە ئەوە یەکەمو دوا ژمارەی رۆژنامەی ناوبراو بێ .

هەرچەندە رۆژنامەی [٢١٠] «نداء العمـال» «ژمارە : یـەك ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ ، ٢٨ × ٢٠ سم» [٢١١]لە زۆر رووەوە لە ئـاستی رۆژنـامـەی «العامل» دا نەبوو ، بەلام بە حوکمی چەند هۆیەکی دیاری کراو ، دەچێتە خانەی رۆژنامەی کـرێکارانـەوە . «عەبباس حەین ئـال ئەلچـەلەبی» کە «سـەرۆکی کۆمەڵەی کرێکاری چاپخانەکانی عیراق» بوو ، دەری دەکرد . هەر کە ژمارەی یەکەمی کەوتە بازارەوە ، بۆ سبەینێ رۆژنامەکانی ناوخۆ بڵاویان کـردەوە کە «بایەخ بە ژیان و کاروباری کرێکاران دەدا[٢١٢]» . ئەم راستییەیش بە تەواوی چ لە نیشان‌دانی بابەتەکانی ژمارەی یەکەمی‌دا وچ لە تاریفی رۆژنامەکە خۆی‌دا دەردەکـەوێ . ئەوەتـا لە لاپەرەی یـەکەمدا نـووسیویـەتی «رۆژنامـەیـەکی کۆمەلایەتی رەخنەیی ئەدەبیی پازدە رۆژیی وێنەدارە . زمانی حاڵی کرێکاران و

چەکی ئەدەبی‌یانە . ئامانجی خزمەت کردنی کرێکارانە لە سەرانسەری وولاتە عەرەبی‌یەکان‌دا .»[٢١٣] لە سەرروو ناوی رۆژنامەکەوە نووسراوە : «قەوارەی میللەتان بە بازووی کرێکاران دروست دەبێ‌و راپەرینی ئەوان تەوقی ستەم‌و کۆتی گومڕایی دەتوێنێتەوە»[٢١٤]

یەکەم ژمارەی «نداء العمال» بریتی‌یە لەم حەڤدە بابەتە . «بانگەوازی کرێکاران»ی خاوەنی رۆژنامەکەو «پەرەسەندنی جێ‌و رێی کرێکاران»ی «یووسف رەجیب»[٢١٥] و «لە باخچەی ئەدەب‌دا»ی «شاعیرێکی گەورە» و «رۆکفلەری پارێزەر»ی «راجي راعی»و «بۆ کرێکارە ئازادیخوازەکان»ی «سەلمان ئەلسەفوانی»و «بیروڕای گەورەپیاوان دەرهەق بە شەرەفی رۆژنامە»و «یادی رۆژی ١٣ی تشرین دووەم»[٢١٦]و «رووداوی کرێکارانە لە هەندەران»و «لە باخچەی رۆژنامەگەری‌دا»و «هەمەرەنگ»و «چەند رێکەوت‌و بیرێك»ی «ئەمیر شەکیب ئەرسەلان»و «گەشتێك لە پێناو پەرژەوەندیی کرێکاران‌دا» ی خاوەنی رۆژنامەکەو «نەهامەتی یەکانی رۆژهەلات»ی «عوسمان پاشا مورتەزا»و «ئەلفرێد نۆبڵ»و «کۆمەڵەی کرێکارانی چاپخانەکانی عیراق» هەر بە پێنووسی خاوەنی رۆژنامەو «شکایەتی کرێکارانی رێگای ئاسن»و «دۆزینەوەی قوتانجانەیەك چوار هەزار ساڵ لەمەو بەر بنیات نراوە» .

بە ناونیشانی بابەتەکان‌دا بە روونی دەردەکەوێ کە رۆژنامەی «نداء العمال» بە پلەی یەکەم بایەخی بە بابەتەکانی کرێکاران‌و پاش ئەوە بە رۆژنامەچێتی داوە ، بەمەدا دیارە کەخاوەنەکەی تا چ رادەیەك بە تەن کاری رۆژنامەگەری‌یەوە بووەو[٢١٧] چۆن دەوری سەرەکی‌ی لە دەرکردنی رۆژنامە تازەکەو نووسینی بابەتەکانی‌دا بینیوە . ژمارەی یەکەمی لە وێنەکی گەورەی بەڕێوەبەرەکەی کە پارێزەر «تەوفیق ئەلفکێکی» بووە ، زیاتر هیچی تری بڵاو نەکردووەتەوە ، بەلام تییدا گفتی داوە لە ژمارە دووددا ووتارێك بنووسێ‌و بڵاوی بکاتەوە .

رۆژنامەی «نداء العمال» هوشیارانە ئامانجەکانی دیاری کردبوو . لە سەرووتاری ژمارەی یەکەمی‌دا بەم جۆرە دەست پێ دەکاو دەڵێ : «ئەم رۆژنامەیەمان کە بۆ خزمەتی نیشتمان‌و خەبات‌کردن لە پێناو بیروباوەری رزگاریخوازانەدا هاتووەتە مەیدان‌و لە ناوجەرگەی ئەو چینەوە هەڵقولاوە کە رۆڤایەتی پێکیهێناوە ، پێشکەش دەکەین بە خوێنەران ، بە کرێکاران‌و خەڵکی تریشەوە . ـ ئەو ـ چینی کرێکارەی کە بە زەبری شان‌و بازوویان دونیا ئاوەدان

بووەوەو چەندین وولاٌت و شارستانیەت بنیات نرا..» هەرچی «بیروباوەڕی رۆژنامەکەیشە بە نامەکەی دا دیارە چ مەغزاو مەبەستێك دەگەیەنێ و پێویستمان بە لێکدانەوەی ماناکەی نی یە . کە ووترا ـ نداء العمال ـ مەبەست ئەوەیە کارلە هەست و نەستیان بکرێ و هەلٌپەی بەکگرتن بکەن و شان بە شانی یەکتر هاریکاری بکەن و پیشەسازی پێش بخەن و کۆمەلٌکاکەیان بەرەو خۆش گوزەرانی بەرن» . ئا لەم بۆچوونەوە رۆژنامەی ناوبراو خزمەت کردنی مەسەلەی کرێکارانی خستە ئەستۆی خۆی و «گومانی تێدا نی یە کە لە پیشخستنی وولاٌتداو بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی ، شوێن دەستی دیار دەبێ..»[٢١٨]

هەر لە سەرووتارەکەی دا هەست بەوە دەکەین کە سەرەتای گۆڕان و چوونە پێشەوەیەك لە بیرو میشکی سەرکردە نیقابی یەکان دا گەلاٌلە بووە . ئەوەتا نووسەرەکەی ئاشکرای دەکا : ئێمە «ئەم رۆژنامەیە لەبەر رۆشنایی بیروباوەڕێکی راست و دروست و لەسەر بنچینەی خۆبەخت کردن لە پێناوی چینێك دا ، دەردەکەین کە خۆمان رۆلٌەی بەوەفای ئەوین و لە هەمووکەس چاتر ئاگاداری پێویستی یەکانین و بۆ بیستنی دادو فیغانیان گوێچکەمان لە هەموو لایەنێکی دی سووکترەو بە نالٌەنالٌیشی لە هەموو دلٌێکی تر زۆرتر خەمبار دەبین..»[٢١٩]

«ئال ئەلچەلەبی» بەم جۆرە کورتایی بە سەر ووتاری ژمارەی یەکەمی «نداء العمال» دەهێنێ و دەلٌێ : «..با خوێنەران ئاگاداری ئەوەیش بن کە ئەم رۆژنامەیەمان هەرچەندە زمانی حالٌی کۆمەلٌە کرێکاری یەکانە کە ئێمە تێیدا ئەندامین ، بەلاٌم بە هەموو تواناوە بایەخیش بەو مەسەلە گشتی یانە دەدەین کە بە لای نەتەوەکەمانەوە گرنگە ، بە تایبەتی مەسەلە کۆمەلاٌیەتی و ئەدەبی و ئایدۆلۆژی یەکان . جا ئەگەر کرێکار خزمەتکاری کۆمەلٌ و نیشتمان بێ ، ئەوا رۆژنامەی ـ نداء العمال ـ شانازیی بەوەوە دەکا کە هەردەم ئامادەیە خزمەتی راپەڕینی گشتی ی بکاو لە نێوان چینەکانی نیشتمان دا پەیکی بیرو ئایدۆلۆژیا بێ .»[٢٢٠] شایانی باسە ـ نداء العمال ـ بلاٌویشی کردەوە کە لە ژمارەکانی داهاتووی دا لاپەڕەیەك بە ناوی «مینبەری قوتابیان»ەوە بۆ بیروڕای «رۆشنی قوتابیان» تەرخان دەکا .[٢٢١]

وەنەبێ هەموو ئەووتارانەی لە ـ نداء العمال ـ دا بلاٌوکرانەوە لە ئاستی سەرووتارەکەی دا بووبێ، زۆربەیان لە رووی دارشتن و بەرچاو خستنی بابەتەکانیانەوە لاوازن . ئەگەرچی لە ناوەرۆکی ژمارەی یەکەم دا بە گشتی ی هەلٌەی کەمی تێدایە ، بەلاٌم بابەتەکان هەندێ جار لە هەلٌەی زەق بەدەر

نین[٢٢٢] ، ئەمە لەکاتێکدا کە دەبوو ئەو ڕۆژنامەیە لە سەرپاکی ڕۆژنامەکانی تری کرێکاران لە ڕووی چاپ و دەرهێنانی هونەری‌یەوە ، باشتر بوایە ، چونکە زمانی حاڵی «کۆمەڵەی کرێکارانی چاپخانەکان» بوو .

تا ئێستا زانیاری‌یەکی تەواو سەبارەت بە ژمارەکانی ڕۆژنامەی ـ نداء العمال ـ لە ئارادا نی‌یە . هەندێ سەرچاوە وای دەگەیەنن گوایە چوارمانگ دوای دەرچوونی یەکەم ژمارەی لە کار خراوە . [٢٢٣]نووسەریش هەیە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچووەو پاشان وەستاوە . [٢٢٤] بەش بە حاڵی خۆیشمان لە یەکەم ژمارە زیاترمان بۆ نەدۆزراوەتەوە . [٢٢٥]

ئەوی ڕاستی بێ هیچ کام لەو ڕۆژنامانە نەیان دەتوانی لەوەندە زیاتر درێژە بکێشن . یەکەم : لەبەر زۆر لێ کردن و تەنگەتاو کردنی خاوەکانیان «وەك لەگەڵ ـ الصنائع ـ دا کردیان» . دووەم : بە هۆی نزمی‌ی ئاستی هوشیاریی و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری لەناو ئەو چینەدا کە ئەو ڕۆژنامەیەیان بە ناوەوە دەردەچوو . بۆیە کەم دەرامەتی‌ی ئەو ڕۆژنامانە ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە داخستنیان‌دا نەبینی؛ گۆڤاری ـ الصنائع ـ ی لێ دەرچی کە بە هۆی بەربەرە کانەی ڕژێمەوە، بووبووە خولیای ڕۆشنبیرانی عیراق و ڕەواجێکی باشی هەبوو ، زۆربەی کات کرێکارە هوشیارەکان تەنها ئەو چەند ژمارەیەیان دەخوێندەوە کە بە خۆڕایی بۆ کۆمەڵەکانیان دەنێردران و پاشان ئەمانیش ناوەڕۆکی گشتی‌ی باسەکانیان بە دەمی‌ی بۆ برادەرەکانیان دەگێڕایەوە .

لەو ماوەیەدا لە شاری «مووسڵ» ڕۆژنامەیەك بە ناوی «العمال»ەوە کەوتە بازارەوە . بە پێی بۆ چوونی ئێمە ناشێ ئەو ڕۆژنامەیە لە ڕیزی ڕۆژنامەی کرێکاران دابنرێ . [٢٢٦]چونکە ئەو کەسەی دەری‌دەکرد و ئەوانەی تێیدا دەیان نووسی هیچ کامیان کرێکار نەبوون . ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ، لەو سنوورەدا نەبێ کە ئەپۆزیسیون کێشابووی ، توخنی مەسەلەی کرێکاران و گروگرفتەکانیان نەکەوت . ئەمەیش بە تەواوی لە پێش چاو خستنی ئەو بابەتانەدا دەردەکەوێ کە لە یەکەم ژمارەی‌دا بڵاوکراونەتەوە . بە ئاشکرایش لە چەند حەقیقەتێکی‌تردا خۆ دەنوێنێ و هەڵبژاردنی ناوەکەیشی یەکێکە لەو حەقیقەتە چەسپاوانە . چونکە لەو قۆناغەدا «کرێکار»و «کرێکاران»و زاراوەو ناوی لەو بابەتە جەماوەری ڕۆشبنیران حەزیان لێ دەکرد و ئارەزوویان لێ‌ی بوو . بە تایبەتی دوای ئەوەی کت و پڕ بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش کرێکارانی عیراق بوونی خۆیان سەپاند . گرنگ ئەوەیە ئەو ڕاستی‌یە وەبیر بهێنینەوە کە

لێپرسراوانی ئەو سەردەمە بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون مۆڵەتی «رۆژنامەیەکی رۆژانەیسیاسی»ی بدەن ، ئەگەر ئەو رۆژنامەیە گشتیی‌و ناکرێکارانە نەبوایە ، هەروەك بە ئاشکرا پەیڕەوەکەی رۆژنامەی «العمال» لە ژمارەی یەکەم‌و لەسەر لاپەڕەی یەکەمی بڵاوی کردبووەوە . میریش هەر لەبەر رۆشنای پەیڕەوەکەی بوو کە لەەی ئایاری ساڵی ۱۹۳۱دا رێگای دەرچوونیدا . واتە پاش ئەوەی داوای ئیمتیازەکەی لە وەزارەتی ناوخۆ کرا ، دوو مانگ تێ نەپەڕی مۆڵەتی دەرچوونی درایە .(۲۲۷)

لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەی «العمال»دا نووسرابوو ، «رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی گشتییە . جارێ هەفتەی سێ کەرەت دەردەچێ . سەعدەددین زیادەی پارێزەر خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەریەتی .» یەکەم ژمارەی لە رۆژی ەی ئەیلوولی ساڵی ۱۹۳۱دا بە قەوارەی ٥٦ × ٤٠ سم دەرچوو .[۲۲۸]

پێش ئەوەی بابەتەکانی یەکەم ژمارەی ئەو رۆژنامەیە بخەینە بەرچاو ، بە پێویستی دەزانین ئەو حەقیقەتە دووبارە بکەینەوە کە خاوەنەکەی هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆی [۲۲۹]نە بە کۆمەڵە کرێکاریی‌و پیشەییەکانی عیراق‌و نە بە لقەکانیانەوە لە «مووسڵ»و نە بە هیچ دەستەو لایەنێکی کرێکارانەوە نەبوو .[۲۳۰]بڕیار وابوو ئەم رۆژنامەیە ببێتە زمانی حاڵی حزبێکی سیاسی بە ناوی «العمال» ەوە پەیڕەوی ئەم حزبەیش لە هەموو شتێکیتر زۆرتر بایەخی بەو مەسەلە سیاسییانە دەدا کە خەڵکی تێیدا دەژیان . وا پێ دەچێ ئەوانەی نیازی دامەزراندنی ئەو حزبەیان هەبووو رۆژنامەی «العمال» یشیان دەردەکرد ، ویستبێتان لاسایی کرێکارانی وولاتە رۆژئاواییەکان بکەنەوە کە ئەو کاتە لە ناو چەند دەستەو تاقمێکی سیاسی عیراقدا ناوو شۆرەتێکی گەورەیان پەیدا کردبوو . لەو شوێنەیشدا کە باسی هەڵوێستی هێزەسیاسییەکان دەکەین دەرهەق بە چینی کرێکارانی عیراق ، بە دوورو درێژی لەم مەسەیە دەدوێین .

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ ، بۆچی رۆژنامەی «العمال» لە سەر ووتاری یەکەم ژمارەیدا خۆی بە «لاوانی رۆشنبیرو نیشتمانپەروەرە بەشەرەفەکان‌و دڵسۆزانی ووڵات، ، هەڵگرانی ئالای تێکۆشان لە پێناو سەربەستیی‌و سەربەخۆییدا» دەناسێنێ . جا کە ئەم رۆژنامەیە مۆرکی کرێکارانی پێوە نەبووبێ ، ئەوە ناگەنێ توخنی مەسەلەی کرێکاران نەکەوتوە ، بە تایبەتی لەو رۆژگارەدا مەسەلەی کرێکاران بە جۆرێك خۆی سەپاندبوو سەرنجی هەموو لایەکی رادەکێشا . ئەوەبوو رۆژنامەی باسکراو لە دوای سەرووتاری یەکەم

ژمارەی [٢٣١] ، کورتە ووتارێکی بە ناونیشانی «رۆژنامەی ـالعمال ـ پـاڵپشتی کرێکاران‌و خەڵکی ستەمدیدەیەو زمانی حاڵی ئەوانە» بڵاوکردەوە ، تێیدا دەڵێ :

« مەبەست[٢٣٢] لە دامەزراندنی رۆژنامەی ـ العمال ـ کۆ کردنەوەی سـامان‌و دەستکەوتی تایبەتی نەبووە ، نەخێر . بەڵکو مەبەست بەرگری کردنە لە مافە زەوت‌کراوەکانی وولات‌و پەردە هەڵماڵینە لەسەر پروپاگاندەکانی ئیمپریالیزم کە ویستویەتی‌و دەیەوێ چی خێرو بێری وولات هەیە بە تـالان ببیاو دوا فلس لە گیـرفانمـان بهێنێتە دەرەوەو بیـدا بە سـەرمایـەدارانی بێگانـە .. ئەنجـامی داگیرکردن ؛ لە دەست چوونی سامان‌و کوێرەوەری چینەکان‌و کرێکاران‌و نابوت بوونی هەمیشەیی‌یە . ئەوەتا ئەمڕۆ هەژاریی زۆری بۆ هێناوین ، کرێکارانیش بێ ئیش‌و کار دەسووڕێنەوەو بە دەردەسەری نەبێ ناتوانن رۆژی چەند ئانەیەك پەیدا بکەن ، تا ماڵ‌و منداڵی برسی‌و رووت‌و رەجاڵیان بژیەنن . ئەمە هەمووی لە کاتێك‌دا کە نرخی دەغڵ‌و دان بە رادەیەك شکاوە تا ئێستا نەبینراوە[٢٣٣] کەواتە گەر بێ‌و بەر بەرەکانەی ئیمپریالیزم بکەین ، واتە یارمەتی کرێکاران‌و هەژاران دەدەین بەمەیش ئەو سامانەی وولات دەپارێزین کـە ماوەو نـاهێڵین چیتر بـۆ دەرەوە بچێ . کەوابوو ، رۆژنامەی ـ العمال ـ بۆیە دامەزراوە ببێتە ئامرازێك بەرهەڵستی ئیمپریالیزم بکاو پاڵپشتێکی گەورەی کرێکاران‌و هەژاران‌و خەڵکی بێچارە بێ . هەرچیش لە توانادا بێ بۆ ئەم رێگایە بەختی دەکەین . بڕیاریشمان داوە لەم رۆژنامەیەدا گۆشەی تایبەتی بە ناوی « شکایـەتی کرێکـاران » ەوە بکەینەوەو تێیدا ئەو شکایەت‌و داوایانە بڵاو بکەینەوە کە لە لایەن کرێکـاران‌و خەڵکی تریشـەوە پێمان دەگـەن ، چونکـە زۆربەی شکـایەت‌و دادو بێدادی کرێکاران لە جێی خۆیەتی‌و مەگەر هەر داخ‌و خەفەتیان بۆ هەڵبڕێژن‌و رەنگ زەردیی‌و پرزە لێ براوی‌یان بۆ مابێتەوە .. لەبەر ئەوە تکا لە هەموو چینەکانی کرێکاران‌و خەڵکی ستەمدیدە دەکەین شکایەتیان چی‌یە ئاگادارمان بکەن[٢٣٤] جا ئیتر ئەو شکـایەتـانە دژی دام‌و دەزگـا رەسمی‌یەکـانە ، یـان دژی هەنـدێ فەرمانبەرو خەڵکی‌ترە ، تا بەوپەڕی خۆشحاڵی‌یەوە بڵاویان بکەینەوە ، چونکە ئەم رۆژنامەیە بە تایبەتی بۆ بەگژا چوونی ژیانی کوێرەوەری‌و پارێزگاری چینە هەژارەکان دامەزراوەو بە سنگێکی فراوانەوە وەریان دەگرێ .. رۆژنـامەی ـ العمال ـ پاڵپشتی کرێکاران‌و خەڵکی ستەمدیدەیەو زمانی حاڵیانـەو هەر بـەو جۆرەیش دەمێنێتەوە .. »

هەرچەندە ئەم رۆژنامەیە بە باشی سیاسەتی ئیمپریالیزم‌و واقیعی تاڵ‌و

تفتی توێژە چەوساوەکانی کومەڵگای عیراقی بە یەکەوە گرێ دابوو ، بەلام لە هەمان کاتدا ، نەیتوانیبوو دەست بنێتە سەر گرنگترین گیروگرفتی کرێکارانی عیراق . بە نموونە : داوا لە « کرێکاران و خەڵکی زۆر لێکراو » دەکا دژی هەندێ « دام و دەزگای رەسمی ی » و « هەندێ فەرمانبەرو خەڵکی تر » شکایەتەکانیان بنێرن ، بێ ئەوە کۆمپانیا بیانی یەکانی بە بیردا بێ کە ئەو کاتە لە دەروونی زۆربەی کرێکارانی عیراقدا بووبوونە گرێ کوێرە . شتێکی بەڵگە نەویستە ئەو رۆژنامەیەی بەراستی ی خۆی بۆ مەسەلەی کرێکاران تەرخان بکا ، دەبێ خۆی بە شوێن گیروگرفت و داواکانیاندا بگەرێ نەك چاوەروان بێ بۆی بنێرن . شایانی باسە هەر لەو ماوەیەدا گۆڤارو رۆژنامەی تری وەك « الشباب » و « الأهالی » لە رۆژنامەی ـ العمال ـ قوولتر لە مەسەلەی کرێکاران و گیروگرفتەکانیان دەدوان ، وەك لە جێ یەکی تری ئەم بەشەدا بە دوورو درێژیی لە هەندێ لایەنی دەدوێین .

رۆژنامەی « العمال » بەشێکی زۆری لاپەرەی دووەمی بۆ دەنگو باسی ناوخۆ تەرخان کردووە . هەروەها بەشێکی گەورەی لاپەرەی سێیەمیشی بۆ دەنگوباسی جیهان داناوە . لە لاپەرەی چوارەمیدا « عەلی ئەلنعێمی » بە شێوەیەکی رۆمانسی یانە هانی جەمارەری خەڵکی عیراق دەدا ئیش بکەن . بەو چەشنە یەکەم ژمارەی بە چیرۆکێکی شاکار کۆتایی دێ کە باسی دایکێك دەکا چۆن لە سەرمادا رەق هەلاتووەو چۆنیش کورەکەی لە داخ و خەفەتی دایکی مێشکی تێك دەچێ و شێت دەبێ . ئنجا چەند ئامۆژگاری یەکی ژاپۆنی سەبارەت بە « بەختیاری ژن و مێرد » بلاو دەکاتەوەو داوا لە مێرد دەکا « لە بەردەم خێزانەکەیدا هەمیشە گرژومۆن نەبێ » و پێویستە « جارو بار گاڵتەو گەپی لەگەڵدا » بکا و « نوکتەی بۆبگێرێتەوە ، یا نوکتەکە خۆشیش نەبێ » و مادام لەسەری نی یە « بە دڵسۆزی یەوە خۆشی بوێ » دەبێ هەوڵ بدا « هەندێ جار ئارەزووەکانی جێ بەجێ بکا » « ئەمەیش بایەخێکی ئەوتۆی نی یە . »!!.

رۆژنامەی « العمال » ی مووسلاوی چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچووە[٢٣٥] وادیارە لەسەر رێبازەکەی خۆیشی بەردەوام بووە . لە ژمارەی رۆژی ٨ ی حوزەیرانی ١٩٣٢ دا ، دەنگو باسی گشتی ی وەك : « سەربازو ئەفسەرە بەریتانیایی یەکان و خێزانەکانیان سەر لە هاوینەهەوارەکان دەدەن » و « دروستکردنی ئوتێلیك لە ئامێدی » و « کردنەوەی رێگای نێوان دهۆك و ئامێدی » و لەو بابەتانەی بلاو کردووەتەوە[٢٣٦] .

وەنەبێ بە تەنها ئەو رۆژنامانەی ناوی کرێکاریان لە خۆیان دەنا ، لەرووی شێوەو ناوەرۆکەوە ناتەواوی‌یان تێدا بووبێ نەخێر ، تەنانەت رۆژنامەکانی کرێکاران خۆیشیان لە کەمو کوڕی بەدەر نەبوون . بە نموونە : لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی « العمال » زۆر جار روو بە رووی بیروڕای ناکۆك دەبینەوە[٢٢٧] جاروباریش بابەتی ئەوتۆ دەخوێنینەوە ، کەم رێکەوتووە رۆژنامەکانی تر خۆیان لە قەرە دابێ ، بە تایبەتی لەو قۆناغەدا کە ململانەی نێوان هێزە نیشتمانی‌یەکان و دەسەلاتی ئیمپریالیزم گەیشتبووە لوتکە . هەروەها ئەم رۆژنامانە شتی وا سەیرو عەنتیکەیان بلاو دەکردەوە ، زۆر دوور بوون لە مەسەلەکانی چینی کرێکارانەوە . بە نموونە : دەست دەنێینە سەر ئەو ووتارەی « راجی ئەلراعی » کە بە ناونیشانی « لە ٤ دۆلارەوە بۆ چەندین ملیار . رۆکفلەر ـ جان رۆکفلەر» کە لە رۆژنامەی « نداء العمال » دا بلاوی کردووەتەوە و تێیدا دەیەوێ کرێکارانی عیراق هان بدا شوێن پێی ملیاردێری ئەمریکایی ـ رۆکفلەر ـ هەلبگرن کە « سەرەتای هەول و کۆششی ـ وەك خاوەن ووتار دەلێ ـ بە مانگانەیەکی ٤ دۆلاری دەستی پێ کردو خزمەتگوزار بوو لە دایەرەیەکدا ، تا سەرکەوت و بووە خاوەنی چەندین ملیار »[٢٢٨]

هەرچۆنێك بێ تێکڕای چالاکی‌ی هۆیەکانی راگەیاندنی کرێکاران ، بەرۆژنامەی کرێکارانیشەوە ، یەکێکە لە دیاردە گرنگەکانی پەرە سەندنی بزووتنەوەی کرێکاران لە کۆتایی سالانی بیستی ئەم سەدەیەداو بەشێوەیەکی راستەوخۆیش کاری لەو گەشە کردن و چوونە پێشەوەیە کردو پاشان بووە سیمای هەرە دیاری بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی ئەوسای عیراق .

سەرهەلدانی بزووتنەوەی کرێکاران لە عێراقدا ١٩٢٩ ـ ١٩٣٣

لە دوا سالانی بیست و سەرەتای سالانی سی‌دا چەند هۆیەکی ئابوری‌و سیاسی‌ی نوێ دەرکەوتن ، خەباتی چینی کرێکارانی عیراقیان لە شێوەی تازەو پەرەسەندوودا ، بردە بارو دۆخێکی ترەوە . لە نێوان سالانی ١٩٢٩ ـ ١٩٣٣ دا ، سەرتاپای جیهانی سەرمایەداری و ئەو وولاتانەی بە رەورەوەی ئەوانەوە بەسترابوون ، دووچاری تەنگ و چەلەمەیەکی ئابوری ئەوتۆ هاتن ، توێژە زەحمەتکێشەکان تا سەر ئێسقان بە دەستی‌یەوە دەیان نالاند . دیارە عیراقیش نەك هەر نەیدەتوانی خۆی لە ئاسەواری ئەو تەنگ و چەلەمەیە

قوتار بکا بگره چەند دیاردەیەکی نوێی ئابوری تێدا پەیدا بوون و بە ئەندازەیەك بە دەستی یەوە دەینالاند پێشتر شتی وای بە خۆیەوە نەدیبوو . بەرهەمهێنان لە پێناو بازاڕی سەرمایەداری داو کەم بوونەوەی شمەکی نێردراو بۆ دەرەوەو بەرێژەی دوو ئەوەندە لە جاران کەمتر[٢٣٩] لە ئەنجامی ئەو بارە ناهەموارەی تووشی بازار هاتبوو ؛ دەڵێین هەموو ئەمانە بوونە هۆی بێ بازاریی ئەوکەل وپەل شمەکانەی لە ناوخودا بەرهەم دەهێنران . ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە نرخیشیان دوو ئەوەندەو زیاتری نرخی بەرهەمی کشت وکاڵیش دابەزیبوون[٢٤٠] بە نموونە : نرخی تەنێك خورما کە بەرهەمی سەرەکیی جووتیارانی خوارووی وولاتە لە ١٠٠ روپیەوە هاتە سەر ١٥ روپیە[٢٤١] لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی هەست پێکراو کەل و پەلی بێگانە لە وولاتدا کەمی کرد . لە ساڵی ١٩٣٠ دا ئەو قوماشانەی لە دەرەوە دەهێنران ٢٥٪ و جل و بەرگ ٤٥٪ و ئامێری جۆربەجۆر بە ترومپایشەوە ٤٧٪ ، لە چاو ساڵی پێشووتردا کەمیان کرد[٢٤٢]

هەموو ئەمانەو بە تایبەتی بێ بازاڕیی بەرهەمە کشت و کاڵی یەکان بە شێوەیەکی سەلبی شوێن دەستیان بەسەر باری ئابوری وولاتەوە دیار بوو . داهاتی جووتیار بە ڕادەیەك هاتە خوارەوە ، تا ئەو کاتە نەبینرا بوو . بازرگانەکان بە دوکاندارەکانیشەوە ، بە ئەندازەیەك بە دەست گیروگرفتی ئابوری یەوە دەیان نالاند ، زۆربەیان سەرمایە کانیان لە دەست داو « بازارەکان وەك گۆرستانیان » لێهاتبوو ، وەك ئەندامێکی پەرلەمانی ئەو کاتە تاریفی کردووە[٢٤٣] .

بێگومان شتێکی سروشتی بوو کە لە سایەی ئەم بارو دۆخەدا داهاتی دەوڵەت لەو باجانەی کە بنچینەی بودجەی گشتی یان پێك دەهێنا ، بێتەوە یەك . بۆیە لە خۆوە نەبوو کە هەر زوو میری بڕیاری دا لەبەر کەم دەرامەتی ی جووتیاران و کەڵەکەبوونی دەغل و دانێکیزۆر؛ باجی دەغل ودان بە شێوەی نەختینە وەربگرێ[٢٤٤] زۆرجاریش خەڵکی سەر بە توێژە کۆمەڵایەتی یە نەداراکان لە ناو شارەکاندا ، نەیان دەتوانی ئەو باجانەی لەسەریان دانرابوو بیدەن . لەبەر ئەوە دەکەوتنە بەر زەبروزەنگی دام و دەزگا ڕەسمی یەکان[٢٤٥] .

جا بۆ ئەوەی دەوڵەت شوێنەواری ئەم تەنگو چەڵەمەیە بسڕێتەوە چەند هەنگاوێکی بێ سوودی ناو سەرەنجام ئەوەندەیتر باری سەرشانی توێژە هەژارو مام ناوەندی یەکانی گرانتر کرد . ئەوە بوو وەزارەتی ئاودێری و کشتوکاڵی هەڵوەشاندو چی دەسەلاتێك درابوو بە وەزیری ئەو وەزارەتە ، درا بە وەزیری ئەشغال و هاتوچۆ .[٢٤٦] ئەم بڕیارە سەیرو عەنتیکەیە بەسە بۆ ئەوەی لە

سروشتیئەو هەنگاوانە تێ بگەین کـە میری بـە مەبـەستی چارەسـەرکردنی گیروگرفتە ئابوری‌یەکان نابووی . هەر ئەم هەنگاوەی جگە لە ئـەنجامـەکانی تری ، بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەری وەزارەتی باسکراو بە بێ ئیش‌وکار بمێننەوە[٢٤٧] وەنەبێ ئەم چارەنووسە بە تەنها فەرمانبەرانی وەزارەتی ئاودێری‌و کشت‌و کاڵی گرتبێتەوە ، نەخێر . چونکە بە پەلە یاسای نیوە مووچە بۆ ئەو فەرمانبەرانەیش دەرکرا کە یاسای خانەنشینی مەدەنی دەیگرتنەوەو بـە پێ ی ئەو یاسایەیش دەسەلات درا بە ئەنجومەتی وەزیران ، ئەووەزیفانە چزبکا کە پێویست نین‌و دەست بەرداری ئەو فەرمانبەرانەیش بن کە پێویستیان پێیان نی‌یە[٢٤٨] ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆر فەرمـانبەری نـاو دام ودەزگاکـانی دەوڵەت ناوەرۆکی ئەم یاسا نارەوایەیان بە سەردا سەپاندن‌و لەوەزیفە دەرکران[٢٤٩] . نەك هەر ئەوەیش بەڵکو بڕیاری دەرکردن ، ئەو فەرمانبەرانەیشی گرتەوە کە تا ئەمرۆیش جۆری ئیشەکانیان لە نـاو دامەزراوە رەسمی‌یـەکان‌دا دانسقـەن‌و بایەخێکی زۆریان هەیە . ئەوەتا بە پێ ی یەکێك لەو لیستـانەی لەم بـارەیەوە دەرچووە ، دەوڵەت لە سەرانسەری وولات‌دا دەست بەرداری ١٠ ئەندازیـار بوو[٢٥٠] بەڵام بە نیسیەت فەرمانبەرانی ترەوە ، یاسای داشکـاندنی مـووچەو پاداشتی خانەنشینی ی دەرکراو بە پێ ی ئەو یاسایە نیسبەتی مووچە ٥٪ تا ٨٪ هاتە خوارەوە . ئەمەیش کارێکی سەلبی کردە سەر جەماوەری فەرمانبەران‌و تەنانەت پاش ماوەیەك بەوە تاوانبار کران گوایە هانی خەڵکیان داوە دژی یاسای باجی شارەوانی‌یەکان مان بگرن .[٢٥١] ئەوەشی کە زیاتر خەڵکەکەی وورووژاند ئەوە بوو لە رۆژگارێکی وا سەخت‌و دژواردا میری نەی وێرا توختی مووچەی فـەرمانبـەرانی ئینگلیز بکـەوێ ، یان هیـچ نـەبێ ژمـارەیـەکی کـەمیـان لێ دەربکـا[٢٥٢] ئەمـە لە کاتێـك‌دا کە مـووچەی فـەرمانبـەرێکی ئینگلیزی چـەند ئەوەندەی مووچەی فەرمابنەرێکی عیراقی بـوو . هەر لەبـەر ئەوەیش بـوو ، فەرمانبەرەکانی ئینگلیز بوو بوونە بار بەسەر خەزێنەی دەوڵەتی عیراقەوە . لە هەموو ئەوانەیش خواپتر فەرمانبەری وایان تێدا بوو لەو کاتە ناهەمواره‌دا بێ سڵ کردنەوە کاروباری وای ئەنجام دەدا ، ئەوەندەی تر باری نالەباری ئابوری عیراقی قورس دەکـرد . بە نمـوونە . بـەرێوەبـەرایەتی ئـەوسای بـەندەری « بـەسرە » ، دەستی کـرد بە دروستکـردنی بینـایـەکی گـەرەوەو کـۆلۆنێـل « وارد » ی بەرێوەبەری بەندەر خۆی دانی پێدا دەنێ کە « بە پێچەوانەی باری ئابوری » یەوە ، جووڵاوەتەوە . کەچی لە کاتی کردنەوەی بیناکەدا کە رێکەوتی نیسانی ١٩٣١ ی دەکرد لە بەردەم مەلیك فەیسەڵی یەکەم‌دا ، بیانووی بۆ ئەم

کاره نارەوایەی هێنایەوە[٢٥٣] .

هەر لەم مەیدانەدا ، شوێنی خۆیەتی لەسەر مەسەلەی باج هەڵوێستەیەکی تایبەتی بکەین ، چونکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر ئاستی گوزەرانی زەحمەتکێشان و داهاتی خێزانی کرێکاران و پیشەوەرە بچکۆلەکان دێنێتەوە یەك . لە سەرەتای داگیرکردنی عیراقەوە سەپاندنی باج بەسەر دانیشتووان‌دا بووە یەکێك لە هۆ بنەڕەتی‌یەکانی نارەزایی توێژە چەوساوەکان . هێڵی بەیانی‌ی باجی ناڕاستەوخۆیش بەردەوام سەرەو ژوو دەبووەوە . تا وای لێهات بەر لەوەی وولات سەربەخۆ ببێ ئەو چەشنە باجە ٨٢٪ ی باجی گشتی‌ی دەوڵەت و ٧٠٪ ی سەرجەم داهاتی بودجەی عیراقی پێك دەهێنا[٢٥٤] بەشێکی زۆری ئەم باجانەیش لەو سالانەدا کە وولات دووچاری گیروگرفتی ئابوری بوو بوو ، زیاد کران ، بە نموونە : لە ساڵی ١٩٣٠ دا بە تەنها کاسبانە ٥٠٪ زیاد کرا[٢٥٥] .

رووەکەی تری ئەم سککەیەیش ئەوەندە تەڵخ بوو ، بنیادەم قێزی لێ دەهاتەوە . کۆمپانیا بیانی‌یەکان و لە پێش هەموویانەوە کۆمپانیاکانی نەوت چەندین جۆر رەسم و باجیان لەسەر هەڵگیرا . بەوەیشەوە رانەوەستان و بێ ئەوەی گوێ بدەنە باری دارایی وولات ، لەو رۆژگارە ناسکەدا پێیان دادەگرت چەند باجێکی تریشیان لەسەر لاببرێ بە داهاتانەیشەوە[٢٥٦] . ئەوە بوو ، حکوومەتی ئەوسای عیراق چەند بڕیارێکی دەرکرد ؛ بەپێی ئەو بڕیارانە گومرگی لەسەر هەندێ کۆمپانیای بیانی لابردو[٢٥٧] پاشان ناچار بوو بکەوێتە قەرزوقوڵە لە « کۆمپانیای نەوتی عیراق »[٢٥٨] .

لە سەرەتای ساڵانی بیستەوە پیشەوەران سەبارەت بەو باج و رەسمانەی بەسەریان‌دا سەپێزا بوو ، بە شێوەی جۆربەجۆر نارەزایی خۆیان دەربڕی و تەنانەت هەندێ جار مانیان لە ئێش دەگرت . لە یەکەم رۆژی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٢٢ دا قەسابەکانی بەغدا مانیان گرت و پایتەختی وولات ماوەی سێ رۆژ بەبێ گۆشت مایەوەوتا موتسەڕیفی بەغدا لە گەڵیان کۆنەبووەوەو دەستکاری رەسمی مەڕومالات سەربڕینی نەمردو ڕێ و شوێنێکی تازەی بە دڵی ئەوان بۆ دانەنا ، وازیان لە مانگرتن نەهێنا[٢٥٩] دوای ئەوەیش مانگرتنی لەوبابەتە چ لە بەغدا و چ لە شارەکانی تردا روویان‌دا ، وەك مانگرتنی قەسابەکانی « بەسرە » کە لە دوا دوای کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٨ دا ساز کرا[٢٦٠] زۆر جاریش پیشەوەران و خەڵکی تریش ، خۆیان لە رەسمی شارەوانی دەدزی‌یەوەو بە

شێوەی جیا جیا فێڵیان لەو داموو دەزگایانە دەکرد کە ئەو رەسمەیان وەردەگرت .
رژێمیش بۆ دەستخستنی ئەو رەسمو باجانە بەرامبەر بە خەڵکی ی زەبرو زەنگی بەکار دەهێنا ، بە رادەیەك هەندێ جار حاڵ دەگەیشتە ئەوەی پەنای دەبردە بەر ئەو یاسایانەی داگیرکەران لەسالانی جەنگی یەکەمی جیهان‌دا دایان نابوو[٢٦١]

لەو ساڵانەدا کە وولات دووچاری تەنگو چەڵەمەی ئابوری هاتبوو ، نارەزایی پیشەوەران رەنگو روویەکی راستەقینەو لە جاران بەرفراوانتری بە خۆیەوە دی . یادداشتو ئەرزوحاڵی کۆمەڵەو پیشەوەر و دوکاندارەکانی بەغداو برووسکەی هاوەڵەکانیان لە سەرپاکی شارەکانی تردا ، بەسەر پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیران‌دا ، داباریو داوایان دەکرد هەندێ لەو رەسمانەی بە سەریان‌دا سەپێنراو، یان کەم بکرێنەوە ، یاخود لەسەریان لاببرێ[٢٦] خاوەن ئەرزوحاڵو برووسکەکان هەمیشە ئەوەیان دووپات دەکردەوە ، کە لە ئەنجامی ئەستاندنی ئەو باجو رەسمانەی لە سەریان دانراوە ، باری ئابوریيان تا چ رادەیەك خراپ بووە . بە نموونە : سەرتاشەکان لە ئەرزوحاڵێکیان‌دا باسی ئەوە دەکەن کە « ناتوانن ئەوەندە پەیدا بکەن پێی بژین »[٢٦٣] پیشەوەران سەر لەنوێ بەهۆی مانگرتنەوە نارەزایی خۆیان دەربری . لە ناوەراستی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٣٠ دا « کۆمەڵەی میوەفرۆشان » داوای کرد هەندێ لەو باجانە لاببرێن کە بووبوونە بار بەسەر ئەندامەکانی‌یەوە ، کاتێکیش کە زانرا میری بە پیر داخوازی‌یەکانیانەوە ناچێ میوەفرۆشانی بەغدا مانیان گرتو لە رۆژی ٣١ ی ئایاردا بریاریان‌دا میوەو سەوزە لە بازار نەکرن[٢٦٤] جاری وایش هەبوو ، رژێم ناچار دەبوو هەندێ لەو باجانەی لەسەر کاری پیشەیی دانرابوون لایان ببا ، یان کەمیان بکاتەوە ، وەك ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ لەسەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ دا کردی‌و بریاری‌دا چەند رەسمێکی نائاسایی کە لە سەر دەلالو سەرافو خاوەن چاپخانەو ماسی فرۆشانی «مووسڵ» دانرابوون، لابچێ.[٢٦٥]

بەو چەشنە مەسەلەی باجو رەسم بووە داینەمۆیەکی بەهێزو پاڵی بە توێژە کۆمەلایەتی‌یەکانی ناو شارەوە دەناو ئەنجام لە ناوەراستی ساڵی ١٩٣١ دا - وەك لەمەودوا دەی بینین - یەکەم مانگرتنی گشتی‌ی بەرپا کرا . مانگرتنێك تا ئەو کاتە لە وولات‌دا نەبینرا بوو .

باری سیاسی وولاتیش هۆیەکی‌تر بوو پاڵی بە کۆمەلانی خەڵکەوە نا بچنە مەیدانی خەباتی نیشتمانی‌یەوە . لە دوا دوای ساڵانی بیستەوە داموو دەزگای

ئیمپریالیزم‌و دەستەو دایەرەی ئەوسای عیراق کە ئەلقە لە گوێی سیاسەتی ئیمپریالیزمی ئینلگیزی بوون ، کەوتنە خۆ تا بە دزی میللەتی عیراقەوە ، داوی پەیمانێکی نوێ ـ بەلام لەوانەی پێشوو قورس‌ترو گرانتر ـ لە نێوان عیراق‌و بەریتانیادا بچنن کە دەویسترا وولات پاش ئەوەیش کە سالی ١٩٣٢ بە رووکەش سەربەخۆیی وەرگرتبوو ، لە هەموو روویەکەوە لە ژێر رکێفی ئەودا بمێنێتەوەو لە تەوەرەی سیاسەتی بەریتانیادا بخولێتەوە . بێ گومان ئەم هەلوێستەیش بووە هۆی ئەوەی هێزە نیشتمانی‌یەکان لە ناخەوە بورووژێنێ . بۆیە کۆبوونەوەو نارەزایی دەربرین‌و خۆ نیشان‌دانی جەماهیری دژی ئەم پیلانە نوێ‌یە یەك لە دوای یەك دەستیان پێ کردو چالاکی‌ی راگەیاندن بە شێوەیەکی فراوان دژی ئیمپریالیزم هاتە گۆرێ‌و توانیشی کار بکاتە سەر هەموان ، بە تایبەتی لەو رۆژگارەدا خەلکی‌ی دادو بێ دادیان بوولە دەست باری ناهەمواری ئابوری‌یان . شتێکی ئێجگار سووشتیش بوو کە هەموو ئەم ئالۆ گۆرانەی لەسەر شانۆو لە پشت پەردەوە روویان دەدا راستەوخۆ کار لە جەماوەری کرێکاران‌و پیشەوەران بکەن ؛ نەك هەر ئەوەیش بەلکو خەباتی بێ وچانیان بە تایبەتی مانگرتنەکانی کرێکارانی رێگای ئاسن ، لەو رۆژانەدا بوونە دیارترین شێوەی دەربرینی بە کردەوەی جەماوەر دژی ئیمپریالیزم‌و دام‌و دەزگاکانی .

مانگرتنەکانی کرێکارانی رێگای ئاسن

لە بەشەکانی پێشوودا بۆمان دەرکەوت کە هەموو ئەو رێگا ئاسنەی ئینلگیزەکان رایان کێشابوو ، بۆ ئەوە بوو لە سالانی جەنگدا خزمەتی نیازو مەبەستە سوپایی‌یەکانی خۆیانی پێ بکەن و دوای جەنگیش ئامانجە ستراتیژی‌کانی پێ جێ‌بەجێ بکەن . جا لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا ئینلگیز دووچاری تەنگو چەلەمەی ئابوری هاتبوو ، ناچار بوون بۆ راکیشانی ئەو رێگایانە خراپترینی ئەو کەرەسانە بەکار بهێنن کە لە بەردەستدا بوو . زۆربەی ئەو کەرەسانەیش بریتی بوون لەو ئاسنانەی لە هیندوستان بەکار هاتبوون . لەبەر ئەوە هەر رێگایەو پێوانەیەکی جیاوازی هەبوو[٢٦٦] جگە لەوەیش لە رووی چۆنیەتی‌یەوە جۆربەجۆر بوون . زۆربەی ئەو پردانەی دروست کرابوون لە تەختە بوون‌و بەرگەی رۆیشتنی خێرای شەمەندوفەریان نەدەگرت . سەرپاکی

ئەو فارگۆنانەی لە عیراقدا ئیشیان پێ دەکرا کۆن و تەمەنیان لە نێوان ١٣ و ٢١ ساڵدا بوون و هەر هەموویشیان لە هیندوستانەوە هێنرابوون . شایانی باسە تێکڕای راپۆرتە رەسمی یەکان ، بە راپۆرتەکەی ژەنەڕاڵ « ف . د . هامند » یشەوە بە ئاشکرا دان بەم حەقیقەدا دەنێن.[٢٦٧] لە راپۆرتێکی رەسمی ی تردا هەر لەم بارەیەوە نووسراوە کە « .. هێزە سوپایی یە کان ئەم رێگایانەیان بۆ ئەوە رانەکێشاوە تا هەمیشە بەکار بهێنرێن ، یان بۆ ئەوەی مەبەستی ئابوری و بازرگانی یان پێ جێ بەجێ بکرێ ، بەڵکو مەبەست لە راکێشانی ئەوە بووە ، سەربازو تفاقی جەنگیان پێ بگوێزرێتەوە و لە کاتی جەنگی گشتی ی دا هامشۆو بزووتنی سوپا ئاسان بکەن .. »[٢٦٨]

بەلام سەرەڕای ئەمەیش ئینگلیزەکان ، سەبارەت بە پێداولیستە ئابوری یە نوێ یەکانیان و لە پێناو جێ بەجێ کردنی ئەو نەخشە فراوانەیان دا کە دەرهەق بە رۆژهەلاتی ناوەڕاست کێشابوویان و لە دوای سالانی جەنگ بە تەواوی مەودایان دەرکەوت و لەبەر ئەوەی دەیانویست پرۆژە بەناوبانگەکەی رێگای ئاسنی بەغدا بژیەننەوە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٨ وە بە نهێنی چەندین پەیوەندیی لە بارەوە کراو مەبەستیان بوو رێگاکەی عیراق بگەیەننە شاری « نوسێبین » ی تورکیا ؛ دەڵێین لەبەر ئەم هۆیانە ، سووربوون لەسەر ئەوەی ئەم کەرتە گرنگە بپارێزن و لەژێر چنگی خۆیاندا بیهێڵنەوە . هەموو ئەمانە وایان کرد سەرکردایەتی سوپایی بەریتانیا لە رۆژی ١ ی نیسانی ساڵی ١٩٢٠ دا رێگای ئاسن بداتە دەست بەڕێوەبەرایەتی ئینیتداب . لە ماوەی تەنها دووساڵدا ، واتە دوای ئەو مێژووە ئەوەی کە لە رێگای ئاسندا خەرج کرا ١١٤ لك روپیە [٢٦٩] لە داهاتەکەی زیاتر بوو ، هەموو ئەو پارەیەیش لە خەزێنەی بەریتانیا دەردەچوو[٢٧٠] . لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٢٣ یشەوە بەڕێوەبردنی رێگای ئاسن تەنها بەناو درا بە حکوومەتی عێراق .

ئەگەرچی بەهای راستەقینەی گشت پرۆژەکانی رێگای ئاسن بە نیسبەت ئینگلیزەوە هیچ نەبوو ، چونکە لە بنەڕەتدا بۆ راپەڕاندنی کارو باری جەنگ بنیات نرابوون و کەرەسەکانیشی کۆن و پەڕپووت بوون و وەك راپۆرتە رەسمی یەکان خۆیان دانی پیا دەنێن[٢٧١] لە ناوەڕاستی ساڵانی بیستەوە پێویستیان بە گۆڕین بوو . لەبەر ئەوەیش کە نەدەتوانرا ئەو کەرەسانە بگوێزرێنەوە بۆ شوێنی تر و بۆ هەر جێیەکی دیکەیش بنێردرانایە دەبوو ئەوەندەیان پارە تێدا خەرج بکرێ زۆر لە بەهای راستەقینەیان زیاتر بوو[٢٧٢] .

سەرباری هەموو ئەمانەیش وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانیا بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسنی قەرزار بار کردو ناچاری کرد سالی چەردەیەك لەو « قەرز » ە بداتەوە ، بەمەیش ئەوەندەی باری شانی بەڕێوەبەرایەتی ناوبراوی لە رووی دارایی یەوە گران کرد[٢٧٣] . هەموو ئەو هەوڵو کۆششەی حکوومەتی عیراق لە سالانی ئینتیدابدا لە تەك وەزارەتی موستەعمەراتدا بەختی کرد تاوەکو ڕێگای ئاسنو بەڕێوەبەرایەتی راستەقینەی بدرێتە عیراق بە فیڕۆ چوو . چونکە وەزارەتی موستەعمەرات داوای پارەیەکی ئەوتۆی دەکرد لە کێشی عیراقدا نەبوو . ئەمە لە کاتێکدا نوێنەری عیراق لە سەرری و شوێنی هەمیشەیی خۆی لە زۆر لایەنەوە ملی بۆ بەریتانیا شۆڕ کردو رای گەیاند کە حکوومەتی عیراق بە کولو دل دەیەوێ تفاقو داموو دەزگاکانی ڕێگای ئاسن بکرێتەوە[٢٧٤] .

ئەم تابلۆ گاڵتە جاڕی یە بە تەواوی لەوەدا بەرجەستە دەبێ کە دەبینین هەر لەو ڕۆژەوەی بەڕێوەبردنی ڕێگای ئاسن بەناو درایە حکوومەتی عیراق ، ئیتر بەریتانیا چی یارمەتی هەیە لەو بەڕێوەبەرایەتی یەی بڕی . تەنانەت ئەو ملیۆنو نیو چونەیهەیشی نەدایە کە بڕیار بوو لە سالی ١٩٢٥ دا بە قەرز بیدا بە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسنو ئەمیش هەندێ لە پرۆژە ئێجگار پێویستەکانی پێ تەواو بکا[٢٧٥] . کەچی حکوومەتی عیراق یەك لە دوای یەك بەبێ دەست گێڕانەوە قەرزو قوڵەی بەو بەڕێوەبەرایەتی یە دەدا . بەرادەیەك ئەو قەرزانەی عیراق لە نێوان تەمموزی ١٩٢٣ و ١٩٢٦ دا ، دابوویە گەیشتە چوار ملیۆنو نیو روپیە . لە هەموو ئەو ماوەیەدا بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن لە ١٤ ی ئایاری ١٩٢٥ دا تەنها قەرزێکی ٣٣٠ هەزار روپیەیی لە کۆمپانیای نەوتی فارسی - ئینلگیزی وەرگرت ، ئەویش بە مەرجێك ڕێگایەکی تایبەتی بۆ خانەقین رابکێشێ چونکە کۆمپانیای ناوبراو هێندە پەرژەوەندی راستەو خۆی لە ناوچەکەدا هەبوو دەیهێنا ئەو « قوربانی یە گەورەیەی » بۆ بدا !![٢٧٦] ئەمە لە کاتێکدا کە حکوومەتی عیراق بەردەوام- تەنانەت دوای ئەو مێژووەیش کە باس کرا - قەرزی بەو بەڕێوەبەرایەتی یە دەدا . ئەوەبوو لە مانگی ئابی سالی ١٩٢٦ دا قەرزێکی ٦٠٠ هەزار روپیەیی دایە[٢٧٧] لە سەرەتای سالی ١٩٣٢ یشدا ، واتە لەو کاتەدا کە وولات لە تەنگو چەڵمەی ئابوریدا دەژیا ، قەرزێکی تری ٤٨ لك روپیەیی دایە[٢٧٨] ئەم هەڵوێستە بە توندی کۆمەلانی خەلکی عیراقیان ورووژاندو[٢٧٩] دەنگیان لێ هەڵبڕیو دەیان پرسی « ئاخۆ حکوومەتی عیراق قەرز بە مولکێك دەدا هی خۆی نی یە !» وەك دەقاو دەق لە بەلگەنامەیەکی رەسمی ی بالیۆزخانەی ئینگلیزی ڕۆژی ١٢ ی ئەیلوولی ١٩٢٥ دا نووسراوە[٢٨٠] .

شایانی باسە داهاتی ڕێگای ئاسنیش لە پاش ساڵی ١٩٢٢ وەوە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادی بوو ، تا وای لێهات لەو پارەیەی تێ پەڕاند کە تێیدا خەرج دەکرا . ئەوەتا ساڵی دارایی ١٩٢٢ ـ ١٩٢٣ ، ٣٣٥ هەزار ڕوپیەی پاشەکەوت کرد .[٢٨١] بەلام ئەم دۆخە ئابوری یەی ڕێگای ئاسن لە ساڵێك زیاتر نەخایاند ،[٢٨٢] چونکە تەنگو چەڵەمەی ئابوری کاری لەویش کردو بە هۆی زیادکردنی ئەو پارانەوە کە تێیدا خەرج دەکران و لە داهاتەکەی زۆرتر بوون ، بۆدجەی ساڵانەی کورتی هێنا ،[٢٨٣] بە مەرجێك لە تواناد ا بوو بە هەرشێوەیەك بێ چارەسەری بکەن . ڕاستی یەکەیشی کورت هێنانی بۆدجەی ساڵانەی وولات ئەنجامی چەند هۆیەك بوون ، ڕاستەوخۆ پەیوەندی یان بە تەنگوچەڵەمەکەی جیهانی سەرمایەداری یەوە هەبوو . لەبەر ئەوەی دەغڵو دان ڕەوانەی دەرەوە نەدەکرا ، ڕادەی گواستنەوەیشی بە شەمەندوفەر هاتە خوارەوە . هەمان شتیش بە نیسبەت ئەو کەڵو پەلانەوە رووی دا کە لە دەرەوەی وولاتەوە دەهێنرانە عیراقەوە . بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن خۆیشی ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە زیادکردنی تەنگو چەڵەمەکانی دا . بە نموونە : زۆر کەم پارەی بۆ پەرەپێدانی فارگۆن و چاککردنەوەی هێڵە ئاسنینەکان خەرج دەکرد کە زۆربەی کات لافاو تێك و پێکی دەدان و ڕێگای هاتوچۆ لەسەرکردنی دەبڕی . یەکێك لەو لیژنە تایبەتی یانەی بۆ لێکۆڵینەوە لە گیروگرفتەکانی ڕێگای ئاسن پێکهاتبوو ، دانی پیا دەنێ کە « بە تەنگەوە نەهاتنی هامشۆکەران » لە ڕادەیەکدا بووە « خەڵکی هەڵپەی ئەوە نەکانە بە شەمەندوفەر هاتوچۆ بکەن »و « لەبەر ئەوەی هۆیەکانی حەوانەوەی تێدا نەبوو . هامشۆکەران حەزیان لێ نەبوو هاتوچۆی پێ بکەن »[٢٨٤]

هۆیەکی تری گرنگیش هەبوو ، وای کرد ڕێگای ئاسنی عیراق بگاتە ئەو حاڵەی باسمان کرد . بەڕێوەبەرایەتی ئەم داموو دەزگایە ئەوەندەی لەگەڵ کرێکارو فەرمانبەرە عیراقی یەکان دا چروك بوو ، ئەوەندەو بگرە زیاتریش لە تەك ئەو فەرمانبەرە بیانی یە گەورانەدا دەستو دڵ کراوە بوو کە لە لای ئیشیان دەکرد . فەرمانبەری وایان تێدا بوو مانگانەکەی بەبێ ـ مخصصات ـ بە قەدەر مانگانەی ١٥٠ کرێکاری عیراقی و بگرە زیاتریش بوو[٢٨٥] لە کاتێك دا کە ئەم هەموو کرێکارو فەرمانبەرە بیانی یانە بوو بوونە گرێ یەك و چەندین گیروگرفتیان خولقاندو پاڵی بە ژمارەیەکی زۆرەوە نا عیراق بەجێ بهێڵن و لە کاتێك دا کە بەڕێوەبەرایەتی خۆی ، دەستە دەستە کرێکاری عیراقی لە ئیش دەردەکرد وەك لەمەودوا باسی دەکەین ؛ دەڵێین لە هەمان کات دا خەڵکی تری بیانی دەهێناو لە

داموده‌زگاکانیدا ئیشی پێ ده‌کردن . له‌ ماوه‌ی سالی دارایی ١٩٢٤ ـ ١٩٢٥ دا ژماره‌ی ئه‌وانه‌ی بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ هاتبوونه‌ عیراقه‌وه‌ گه‌یشته‌ ١٩٣ که‌س و له‌ سالی دواییدا ٩٠ که‌س و له‌ شه‌ش مانگی یه‌که‌می سالی ١٩٢٦ ـ ١٩٢٧ دا ٤٤ که‌س بوون[٢٨٦] .

بێ گومان به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ڕێگای ئاسن بۆ خۆ قوتار کردن له‌ ته‌نگو چه‌لْه‌مه‌ی دارایی زۆر به‌ ئاسانی‌ی کرێکاره‌ عیراقی‌یه‌کانی ده‌کرده‌ قوچی قوربانی‌ی . پێش ئه‌وه‌ی ئه‌م ته‌نگو چه‌لْه‌مه‌یه‌ زێفی لێ بستێنێ‌و به‌ئاشکرا شوێنه‌واره‌کانی ده‌ربکه‌وێ ، به‌ بیانووی ڕێکخستنی ئیش‌و کاری ناو داموده‌زگاکانی‌یه‌وه‌ ده‌ستی کرد به‌ ده‌رکردنی ژماره‌یه‌کی زۆر کرێکاری عیراقی . ئنجا ڕێگای که‌م کردنه‌وه‌ی سه‌عاتی ئیش‌کردنی گرته‌ به‌رو ڕۆژی دوو سه‌عاتی که‌م‌کرده‌وه‌ ، دیاره‌ به‌رامبه‌ر به‌مه‌یش ڕۆژانه‌ی کرێکاره‌ عیراقی‌یه‌کان هێنرایه‌ خواره‌وه‌ . ئه‌مه‌ جگه‌ له‌وه‌ی که‌ ڕۆژانه‌ی ژماره‌یه‌ك کرێکاری به‌نیسبه‌تی ٥٠٪ داشکاند ، بێ ئه‌وه‌ی گوێ بداته‌ ماوه‌ی ئیش کردنی ڕۆژانه‌یان .

به‌لام ئه‌م هه‌نگاوانه‌ی وه‌ك سالانی پێشووتر هه‌روا به‌ ئاسانی‌ی به‌سه‌ر خه‌لکی‌دا تێپه‌ڕیان نه‌کردو هه‌لس‌و که‌وتی ناڕه‌وای به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی زۆر لایه‌نی جیاجیاو له‌ پێش هه‌موویانه‌وه‌ « کۆمه‌له‌ی سنعاتکاران » ی جوولاند ؛ ئه‌میش چه‌ند جارێك بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ په‌یوه‌ندی به‌ لێپرسراوانه‌وه‌ کردو یادداشتی پێشکه‌ش کردن‌و داوای ده‌کرد سنوورێك بۆ هه‌لس‌و که‌وتی به‌ ئاره‌زووی لێپرسراوانی ڕێگای ئاسن ده‌رهه‌ق به‌کرێکاره‌ عیراقی‌یه‌کان دابنێ . کۆمه‌له‌ی ناوبراو هه‌رچی شتێکی ده‌رباره‌ی جموجولی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی بزانیایه‌ ، له‌ ڕۆژنامه‌کانی ناوخۆدا بلاوی ده‌کرده‌وه‌ تاوه‌کو ڕای گشتی‌ی عیراق ئاگاداری هه‌موو ئه‌و شتانه‌ بێ که‌ ڕوویان ده‌دا[٢٨٧] .

. به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ڕێگای ئاسن نه‌ك هه‌ر ئه‌و پرۆتستۆیانه‌ی پشت گوێ خست که‌ کرێکاران‌و ڕێکخراوه‌کانیان پێشکه‌شیان ده‌کرد ، به‌لکو بایه‌خی به‌و یادداشتانه‌یش نه‌دا که‌ هه‌ندێ لایه‌نی ڕه‌سمی‌ی له‌ژێر زه‌بری ڕای گشتی‌یدا پێشکه‌شیان کردبوو . به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ بیانووی هیچ‌و پووچ‌و نابه‌جێ‌ی کرده‌ به‌لگه‌و له‌سه‌ر هه‌لوێستی سته‌مکارانه‌ی خۆی به‌رده‌وام بوو ، به‌ڕاده‌یه‌ك تا ده‌هات باری ژیانی کرێکارانی ڕێگای ئاسن ڕووی له‌ خراپی‌ی بوو . پێش ئه‌وه‌ی سالی ١٩٣٠ کۆتایی بێ ، جارێکی تریش به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ده‌ستی له‌ سه‌عاتی ئیش‌کردن وه‌رداو که‌می کرده‌وه‌ ، ئه‌مه‌یش له‌گه‌ل هه‌نگاوه‌کانی پێشووی‌دا ، بوونه‌ هۆی ئه‌وه‌ی کرێکاری عیراقی له‌ مانگێك‌دا کری‌ی ١٢ ڕۆژ زیاتر

وەرنەگرێ[٢٨٨] .

جا کە دەرکەوت هەوڵو کۆششی « کۆمەڵەی سنعاتکاران » ئەنجامێکی ئەوتۆی بە دەستەوە نەداوە ، سەرکردایەتی کۆمەڵە بڕیاریدا لە پێناوی جێ بەجێ کردنی داخوازییە ڕەواکانیدا مانگرتنێکی گشتیی ساز بکا .« ئەلقەزاز » و هاوەڵەکانی کەوتنە خۆو بە شێوەیەکی فراوان پەیوەندییان کرێکارانەوە. کردو لە تەکیاندا کۆبوونەوە ، تاوەکو بۆ ڕۆژی خۆی ئامادەیان بکەن[٢٨٩] . لە ڕۆژی ٣ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٠ دا ، نزیکەی هەزار کرێکاری[٢٩٠] سەر بە لقە جیاجیاکانی کارگەکانی ڕێگای ئاسن لە گوڕەپانی ئیستگەی ڕۆژئاوای بەغدا کۆبوونەوەو بانگی مانگرتنیان هەڵدا . ئەم مانگرتنە لە ڕووی قەوارەو شێوەی ڕێکخستنو ئەنجامەکانییەوە بە یەکەم مانگرتن دادەنرێ لە مێژووی عیراقدا .

مانگرتووەکان بە مەبەستی لابردنی زوڵمو ستەم چەند داخوازییەکیان پێشکەش کرد، بریتی بوون لەم خاڵانەی خوارەوە :

١ ـ ڕۆژانەی کرێکاران بچێتەوە دۆخی جارانی .
٢ ـ مووچەی جەژنە ڕەسمییەکانیان بدرێتێ .
٣ ـ کە کرێکار مۆڵەتی نەخۆشی وەردەگرێ ، ڕۆژانەکەی نەبڕدرێ .
٤ ـ ئەو « ئانە » یەی کە پێشتر لە هەموو ڕوپیەیەك دەبڕدرا ، بیان درێتەوە .
٥ ـ سنوورێك بۆ هەڵسو کەوتی لێپرسراوانی ڕێگای ئاسن دابنرێ کە بە ئارەزووی خۆیان لەگەڵ کرێکارە عیراقییەکاندا دەجووڵێنەوە[٢٩١] .

مانگرتووەکان ڕوویان کردە وەزارەتی ئەشغالو هاتوچۆ ، بەلام پۆلیس ڕێگەی پێ گرتنو ماوەی نەدان بگەنە جێ . بەڕێوەبەرایەتیش بەیاننامەیەکی سەبارەت بە مانگرتنەکە دەرکردو ڕوونی کردەوە کە بەڕێوەبەری گشتیی ئامادەیە لەگەڵ نوێنەری مانگرتووەکان کۆببێتەوەو « وتوویژی برایانەیان لەگەڵدا بکاو ئەوەی لە توانادایە ئەنجامی بدا »[٢٩٢] . کرێکاران وەفدێکیان بە سەرۆکایەتی « ئەلقەزاز » پێکهێناو ڕۆژی دوایی چاویان بە بەڕێوەبەری گشتیی کەوتو داخوازییەکانی کرێکارانیان خستە بەردەست . بەڕێوەبەری گشتیی « بەو لووت بەرزییەوە پێشوازیی نەکردن کە پێی ناسرابوو » وەك « ئەلقەزاز » وەسپی دەکا[٢٩٣] . ناوبراو دڵنیای کردن یاسای باجی مووچە کە دەوڵەت دایناوبوو کرێکارانی ڕێگای ئاسن ناگرێتەوەو بەڕێوەبەرایەتی سەرلەنوێ چاو بە مەسەلەی کەمکردنەوەی سەعاتی ئیشکردندا دەگێڕێتەوە و چارەسەرێکی باشی دەکاو بەوەیش قایلە « ئەلقەزاز » ببێتە نوێنەری

کرێکاران[٢٩٤] . دوا به دوای ئەمه ، مانگرتووەکان چوونەوە سەر ئیش و کاری خۆیان . جا بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن نیاز پاکی ی خۆی دەربخا ، دوای چەند ڕۆژێك لیژنەیەکی پێکهێناو به قسەی خۆیان ئیشی ئەوە بوو ، گوایه ڕێگای ئەوتۆ دەگرێ خەرجی کەم بکاتەوەو دەست بەرداری هەندێ کرێکاری هیندۆسیش دەبێ[٢٩٥] . بەلام هەر زوو دەرکەوت مەبەستی بەڕێوەبەرایەتی لەم هەنگاوانەی ئەوە بووە ، کات بەسەر بباو پاشان هێرشێکی وایان بکاتە سەر و به شەڕی دەروونی ی تێکیان بشکێنێ تا جارێکی‌تر نەتوانن توخنی مانگرتن بکەون ، وەك لەو هەنگاوانەی‌دا دەردەکەوێ که دوایی هاویشتنی .

مانگرتنی کرێکارانی ڕێگای ئاسن ، ئەگەرچی کەمی خایاند بەلام خالێکی ڕۆشن و گرنگە له مێژووی بزووتنەوەی کرێکارانی عیراق‌داو نیشانەی ئەو ئال و گۆڕە تازەیەیە که به سەر بزووتنەوەی کرێکاران‌دا هات . ئەو توێژە سەرکەوتنەی کرێکاران به هۆی مانگرتنەوە به دەستیان هێنا ، تێی گەیاندن که هاریکاری کردنی یەکتری تا چ ڕادەیەك بایەخی هەیە . جگە لەوەیش سەرنجی توێژەکانی تری کرێکارانی ڕاکێشاو هەستیان به کەلك و سوودی ئەم شێوازە نوێیەی خەبات کرد . دیارە هەروا له خۆڕا نەبوو که دوای مانگێك کەمتر پتر له هەزار کرێکار ئەرزوحالێکیان‌دا به لیپڕاسراوان و تێیدا پشتگیریی کرێکارانی ڕێگای ئاسن‌یان کردو داوایان کرد « له پێناو پاراستنی مافە زەوت کراوەکانی کرێکاران‌داو لەبەر نەبوونی یاسایەکی تایبەتی کرێکاران ، به زووترین کات یاسای کرێکاران دابنرێ »[٢٩٦] گرنگ ئەوەیه ئاگاداری ئەوەبین که ئەو مانگرتنه به تەنیا کاری له کرێکاران ، بەلکو کاری له چەندین توێژی تری کۆمەلایەتی کرد ، که هەموویان به حوکمی ئیش و شوێن دەستیان له بەرهەمهێنان‌دا سەر به چینی بۆرژوای بچووك بوون . جارێکی تریش دووبارەی دەکەینەوە که هەروا له خۆوە نەبوو فەرمانبەرە عیراقی بچکۆلەکانی ناو دام و دەزگای ڕێگای ئاسن ، دوو هەفتە دوای مانگرتنی کرێکاران و سەبارەت بەوەی جیاوازی‌یان لەگەل‌دا دەکراو دەچەوسێنرانەوە نەچوون مووچەکانیان وەرگرن[٢٩٧] . ئەوەی لێرەدا مەغزایەکی گەورەی هەیە ئەو تێبینی‌یە یە که لەناو ڕاپۆرتە تایبەتی‌یەکەی حکوومەتی بەریتانیادا نووسراوە که له بارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی عیراقەوە له سالانی ئینتیدابدا ، پێشکەش به « کۆمەلی گەلان » ی کردووەوە دەلێ :

« هەندێ بەلگە هەن دەری دەخەن که زەحمەتکێشان ـ له عیراق‌دا . ك . م ـ خەریکن لەوە تێ دەگەن که کاری هەرەوەزی چ هێزو توانایەکیان پێ دەبەخشێ و

چۆنیش لەگەڵ خاوەن ئیش‌دا بەکاری دەهێنن » ئەوەی لێرەدا پێویستە دووپات بکرێتەوە ئەوەیە ئەم برگەیە راستەوخۆ لەو جێیەدا نووسراوە کە راپۆرتەکە دێتە سەر باسی مانگرتنی کرێکارانی رێگای ئاسن[٢٩٨] .

وەك لە پێشەوە باس کرا ، پاشگەز بوونەوەی بەڕێوەبەرایەتی رێگای ئاسن لەبەردەم مانگرتووەکان‌دا ، لەوە بەولاوە کە فڕوفێڵێك بوو کرێکارانی پێ دەسخەڕۆ کرد ، هیچی تر نەبوو . چونکە تاقە داخوازی‌یەك چی‌یە بۆ کرێکاران جێ بەجێ نەکرا . نەك هەر ئەوەیش بەڵکو چەند هەنگاوێکی تریشی ناودەیویست هێزو توانای خۆی نیشان بداو تۆوی نائومێدی لە دەروونی کرێکاران‌دا بچێنێ ؛ بەوەی پەرژەوەندی هەندێکی پێ‌شێل کرد ، تاوەکو بە حسابی خۆی دەرسی ئەوانی تری پێ دا بدا . بە پێچەوانەی هەموو ئەو گفت‌و بەڵێنانەوە کە پێ‌ی دابوون ، بەڕێوەبەرایەتی لە ئێوارەی کریمس‌دا رای گەیاند کە بە بۆنەی جەژنی سەری ساڵەوە هەموو دام‌و دەزگاکانی لە رۆژی ٢٥ ی کانوونی یەکەمەوە بۆ ماوەی سێ رۆژ لە ئیش رادەوەستن[٢٩٩] . ئەمەیش مانای ئەوە بوو کە مووچەی ئەی ئەو سێ رۆژەی کرێکارە عیراقی‌یەکان دەبڕدرێ . ئنجا هەنگاوێکی ناڕەوا تری هاویشت‌و بۆ کرێکارانی سەلماند کە لێپراسراوانی رێگای ئاسن نەك هەر نیازیان خراپە ، بەڵکو بە ئاشکرایش گاڵتە بە پەرژەوەندی‌یەکانیان دەکەن ، لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٣١ دا بەڕێوەبەرایەتی بڕیارێکی دەرکردو بە پێ‌ی ئەو بڕیارە ماوەی ئیش‌کردنی رۆژانەی کردە (٤) سەعات‌و مووچەی کرێکارە عیراقی‌یەکانی بە هەمان رێژە هێنایە خوارەوە ، بە مەرجێك ئەو بڕیارە لە رۆژی ٢٤ ی شوباتەوە ئیشی پێ بکرێ[٣٠٠] ئا ئەم بڕیارە بە نیسبەت کرێکارانی رێگای ئاسنەوە دەست وەشاندنێکی لە ناکاو بوو ، چونکە ئەوان وایان چاوەڕوان دەکرد بە پێ‌ی ئەو گفت‌و بەڵێنەی پاش مانگرتنەکە پێیان درابوو ماوەی ئیش کردنی رۆژانەیان لە شەش سەعاتەوە بۆ بکرێتەوە بە هەشت سەعات . وەك نەریتی هەمیشەیشی ، کەوتە بڵاو کردنەوەی گیانی دووبەرەکی‌ی لە ناو کرێکاران‌داو بڕیاری‌دا داشکاندنی رۆژانە کرێکارە ئەرمەنی‌یەکان نەگرێتەوە[٣٠١]

ئەم بڕیارە نوێ‌یە هەرایەکی گەورەی لە ناو کرێکارانی رێگای ئاسن‌دا نایەوەو « کۆمەڵەی سنعاتکاران »* جارێکی تریش خۆی کردەوە بە خاوەنی ئەم مەسەلەیەو لە زۆر لاوە کەوتە پەیوەندی کردن . کرێکارانیش دەم‌و دەست وەفدێکیان بە سەرۆکایەتی « ئەلقەزاز » پێکهێنا تاوەکو چاویان بە گەورە لێپرسراوانی رێگای ئاسن بکەوێ . هەر ئەو رۆژەی بڕیارەکە دەرچوو ، وەفدەکە

چاویان بە سەرۆکی ئەندازیارە میکانیکی یەکانی کارگەی « شالچی یە » کەوت[٣٠٢] و رۆژی دوایی چوونە لای بەڕێوەبەری گشتی ی بەلام بێ ئەوەی بگەنە ئەنجامێك شایانی باس کردن بێ .

لە لایەکی ترەوە ، کرێکارانی رێگای ئاسن بە مەبەستی ئەوەی سەرنجی رای گشتی ی بەلای مەسەلەکەیان‌دا رابکێشن ، لە مەیدانی راگەیاندن‌دا چالاکی یەکی هەست پێکراویان نواند . « ئەلقەزاز » لەو بانگەوازەی‌دا کە بەو بۆنەیەوە بلاوی کردەوە دەپرسێ : « .. نازانین هەلوێستی پیاوە لێپرسراوەکانمان‌و پیاوانی دام‌و دەزگا نیشتمانی یەکان‌و ئەوانەی مەسەلەی کرێکارانیان لا مەبەستەو بەتایبەتی رۆژنامەکانی عیراق چی دەبێ ؟! »[٣٠٣]

ئەوجا رۆژنامەکان کەوتنە قسەکردن لەسەر ئەو « پەشێوی یە گەورەیە » ی کەوتووەتە ناو ریزی کرێکارانی رێگای ئاسنەوەو خەریکە « دەست لە ئیش هەلبگرن » ، چونکە « بێ ئیشی یان لەو چەشنە ئیش کردنە » پێ باشترە . ناچار سەرۆکی « کۆمەلەی سنعاتکاران » و هەندێ لە سەرکردەکانی تری « هەولێکی زۆریان‌دا کرێکاران خاو بکەنەوە تا وەلامی بەڕێوەبەری گشتی یان بۆ دێتەوە »[٣٠٤]

بەلام وەلامی بەڕێوەبەرایەتی زۆر دلڕەقانە بوو ؛ بە ئاشکرایش کرێکارانی خستە بەردەم دوو ریانێك ـ یان سەعاتی ئیش کردنی رۆژانە وەك خۆی بمێنێتەوە ، یان ئەوەتا ١٧٣ کرێکارا لە ئێش دەربکرێن تا بتوانێ « بە قسەی بەڕیوەبەرایەتی » رۆژی شەش سەعات ئیش بە کریکارەکانی تر بکا . بە سەررزاریش گفتی‌دا چی لە تواناداا بێ لە داهاتوودا بیکا تاوەکو هەموو شتێك بگەڕێتەوە شوێنی خۆی[٣٠٥] بەو جۆرە کرێکاران هیچیان بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ پەنا بەرنە بەر ئەو چەکە نوێ‌یەی فێری بەکارهێنانی بوون‌و پێشی سێ مانگ بەوپەڕی سەرکەوتنەوە تاقی یان کردەوە ؛ ئەو چەکەیش مانگرتن بوو .

مانگرتنی دووەمی کرێکارانی رێگای ئاسن لە ٢٦ ی شوباتی سالی ١٩٣١ دا دەستی پێ کرد . ئەم مانگرتنە بە هەنگاوێکی بەرەو پێشەوەی بزووتنەوەی کرێکارانی عیراق دادەنرێ ، چونکە ئەمجارەیان ژمارەیەکی زۆرتر بەشداری یان تێدا کرد[٣٠٦] . جگە لەوەیش لە ئەنجامی پراکتیك‌و تاقیکردنەوەدا چووە بارێکی رێك‌و ترەوە . بۆیە مانگرتنی دووەم لە ناو کۆمەلانی خەلك‌دا لە مانگرتنی یەکەم زیاتر دەنگی دایەوە . ئەوەبوو کرێکارانی بەغداو چەند شارێکی‌تر پشتگیری یان کردو زۆربەی کۆمەلەو حزب سیاسی یەکان‌و رۆژنامەو پیاوە ئاینی یەکان لەسەریان هاتنە دەنگ[٣٠٧] .

« کۆمەڵەی سنعاتکاران » بەیاننامەیەکی تێرو تەسەلی لە بارەی ئەم مانگرتنە تازەیەوە ، بڵاو کردەوەو تێیدا هۆی بەرپا بوونی مانگرتنەکەو فرتوفێڵی بەڕێوەبەرایەتی‌و چی هەوڵ‌و تەقەللایەك لە دوادوای کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٠ وە تا ڕۆژی مانگرتنەکە ، بۆ هەڵخەڵەتاندنی کرێکاران دابووی ، ڕوونی کردەوە . بەیاننامەکە دەست نیشانی هەموو داخوازی‌یەکانی کرێکارانی کردووە کە بریتین لە هەمان داخوازی‌یەکانی پێشوو ، لەگەڵ دوو خاڵی نوێدا . یەکەمیان ، دەربارەی ئەوە بوو کە پێویستە ئەو بڕیارەی سەعاتی ئیش کردنی ڕۆژانەی لە ٢٤ ی شوباتەوە کردبوو بە ٤ سەعات ، چز بکرێ . دووەمیشیان : « لابردنی ئەو فەرمانبەرە بیانی‌یانەی کە پسپۆر نین » لە تێکڕای دام‌و دەزگاکانی ڕێگای ئاسن‌دا[٣٠٨] . سەرکردەکانی مانگرتنەکە رستەی « خواردنی مافی کرێکاران زوڵمێکی ئاشکرایەو ئەنجامەکەی ماڵ وێرانی‌یە » کردبووە دروشمی سەرەکی‌ی‌و مانگرتووەکان لە کۆبوونەوەکانیان‌دا بەرزیان دەکردەوەو لەگەڵ لێپرسراوانیشدا پێیان لەسەر دادەگرت[٣٠٩]

لە بارودۆخێکی ئاوادا ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن ڕێگای پێچ‌و پەناو فرتوفێڵ گرتبێ ، شتێکی سروشتی‌ی بووە . ئەوەتا بڵاوی کردووەتەوە گوایە ئامادەیە لە ماوەیەکی کورت‌دا هەموو شتێك بگێڕێتەوە سەر دۆخە سروشتی‌یەکەی خۆی‌و چی پێویست بێ ئەنجامی بدا . بەلام کرێکاران سوور بوون لەسەر ئەوەی تا نەگەنە ئەنجامێکی ئەوتۆ کەمێك باری شانیان سووك بێ ، درێژە بە مانگرتنەکەیان بدەن[٣١٠] . هەر دوو ڕۆژ دوای ئەوەی مانگرتنەکە دەستی پێ کرد ، نزیکەی ١٢٠٠ کرێکاری ڕێگای ئاسن لە گۆڕەپانی « السرای » کۆبوونەوەو داوایان لە میری کرد پشتگیری‌یان بکا تاوەکو داخوازی‌یە ڕەواکانیان بۆ جێ بەجێ بکەن . دروشمی ناوەندیی کرێکاران لەو کۆبوونەوەیەدا ئەوە بوو کە پێویستە لەگەڵ کرێکارە بیانی‌یەکان‌دا بە یەك چاو سەیر بکرێن‌و چون‌یەك هەڵس‌و کەوتیان لەکەڵ بکرێ . دوای نزیکەی دوو سەعات‌و پاش ئەوەی کە میری نەیتوانی بڵاوەیان پێ بکا ، وەزیری ئابوری‌و هاتوچۆ ، ناچار بوو قایل ببێ لەگەڵ « ئەلقەزاز » کۆببێتەوەو سەبارەت بە داخوازی مانگرتووەکان ووتوویژی لەگەڵ بکا[٣١١] . پاش ئەوەی وەزیری ناوبراو گفتی‌دا میری لەسەریان هەڵبداتێ ، کرێکاران ویستیان درێژە بە خۆ نیشان‌دانەکەیان بدەن ، بۆ ئەوەی مەسەلەکەیان بخەنە بەردەم لایەنە لێپرسراوەکانی تر . لە لایەکی تریشە وە بۆ ئەوەی سەرنجی ڕای گشتی‌ی بە لای

بزووتنەوەکەیاندا رابکێشن[٣١٢] . ئنجا بە بیانووی ئەوەی سەرەك وەزیران لە شوێنی خۆی نەلوا ، بۆیان نەلوا چاویان پێی بکەوێ ، بڕیاریاندا بچنە « کۆشکی پاشایەتی »[٣١٣] جا هەرچەندە خۆ نیشاندانەکە هێمن بوو ، لەگەڵ ئەوەیشدا کە بەشداران بە ژیانی « مەلیك » و « سەرەك وەزیران » و « وەزیری ئابوری و هاتوچۆ » و تەنانەت بە ژیانی « بەڕێوەبەری گشتی ی ڕێگای ئاسن » یش هیتافیان دەکێشا ، کەچی پۆلیس ڕێگای کرێکارانی نەدا لەسەر خۆ نیشاندانەکەیان بەردەوام بن و «لەبەر زۆریی کرێکاران » لە ئەنجامەکەی دەترسان و نەوەك ببێتە هۆی « شێواندنی ڕای گشتی ی » لەبەر ئەوە داوایان لێ کردن بلاوەی لێ بکەن و « بە پێی ئەو فەرمانە رەسمی یانەی دەرچووە .. هەر کەس بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی »[٣١٤].

بەلام پێش ئەوەی کرێکاران بلاوەی لێ بکەن بڕیاریاندا ئێوارەی ڕۆژێ دوایی « ١ ی مارت » لە بارەگای « کۆمەلەی سنعاتکاران » کۆ ببنەوە . سەرکردەکانی مانگرتنەکە ، نوێنەری کۆمەلە کرێکاری وپیشەیی یەکان و ژمارەیەك لە پیاوە سیاسی یەکان و ڕۆژنامە نووسانیان بانگ کرد بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیە بکەن. لە کاتی دیاری کراودا کرێکاران و میوانەکان روویان کردبووە بارەگای کۆمەلەو بە ڕادەیەك قەرەبالغ بوو بوو جمەی دەهات و[٣١٥] زۆرکەس ناچار بوون لەسەر بالکۆن لەبەردەم بارەگاکەدا ، بە پێوە بوەستن[٣١٦] .

هەموو ئەو ووتارانەی لەو کۆبوونەوەیەدا خوێندرانەوە باسی ژیانی پڕ لە کوێرەوەری کرێکاری عیراقیان دەکردو بە تایبەتی رەخنەی توندوتیژیان لە هەلس و کەوتی نامرۆڤانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن دەگرت دەرهەق بە کرێکارە عیراقی یەکان و داوایان لە میری دەکرد بە هەموو تواناوە پشتگیریی مانگرتووەکان بکاو چی وزەو توانای هەیە بیخاتە کارو لێپرسراونی ڕێگای ئاسن ناچار بکا بە پیر داخوازیی کرێکارەکانەوە بێن . لە کۆتاییدا بڕیاریاندا ڕۆژی هەینی کە ڕێکەوتی « ٦ ی مارت » ی دەکرد ، لە مزگەوتی « حەیدەرخانە » کە یەکێك بوو لە بنکەکانی شۆڕشی بیست کۆببنەوەو لەوێوە بە خۆ نیشاندان بکەونە ڕێ و پاش ئەوەی چاویان بە گەورە لێپرسراوان دەکەوێ ، بگەڕێنەوە بۆ بارەگای کۆمەلە . « ئەلقەزاز » بۆ ئەم مەبەستە بەرەسمی ی داوای لە موتسەڕیفی بەغدا کرد ڕێگای بدەن[٣١٧] بەلام موتبسەڕیف داواکەی دایە دواوە .

یەکێك لەو بڕیارە گرنگانەی دەستەی بەڕێوەبەری «کۆمەلەی سنعاتکاران» لە سەرەتای مانگرتنەکەدا دابووی، ئەوەبوو «لیژنەی دەستگیرۆیی کرێکارن» بە

سەروکایەتی «ئەلسەیید یووسف ئەلسەیید تـالیب» و ئەنـدامێتی ی «یووسف ئەلمووەللی» و «جەمیل‌عیسا»و «محەممەد جەمیل» و «تەها عەبباس» و «داوود گەبیارە» پێك‌بهێنرێ. ژمارەیەكی زۆر كرێكارو پیشەوەرو خەلكی تریش پیتاكیان كردو پاشان ئەو پارەیەو پارەی سندووقی كۆمەلە لەلایەن لیژنەی ناوبراوەوە، بەسەر كرێكارە مانگرتووەكاندا دابەش‌كرا. ئەوەبوو لە ماوەی تەنها دوو رۆژدا زیاد لەسەد كرێكار یارمەتی‌یان لە «لیژنەی دەستگیرۆیی كرێكاران» وەرگرت.[318]

بەو جۆرە مانگرتنی كرێكارانی رێگای ئاسن لەسـەر ئاستی رەسمی‌ی‌و میللی زۆر بە خێرایی بووە بابەتی یەكەم . ئنجا لە زۆر لای جیاجیاوە پشتگیریی لە مانگرتن‌و مانگرتووەكان كـرا . رۆژنامـەكان لەگـەل جیاوازیی رێبـازیشیاندا بایەخێكی زۆریان بە مەسەلەی مانگرتن‌و جموجۆلی مانگرتووەكان دا . رۆژنامە نیشتمانپەروەرەكان وایان لەقەلەمدا ئەوەی كرێكارانی رێگای ئاسن كردوویانە « بـزووتنـەوەیـەكی پیـرۆزە » هـەر وەك لە سـەرووتـاری رۆژنـامـەی « الاستقلال » دا باس كراوە[319] .

حكوومەتی عیراق لەم بارو دۆخـە ناسكـەداو لە ژێر زەبـری كۆمـەلەو لایەنەكانی تری كـرێكاراندا كـە لە هەمـوو بۆنـەیەكدا ، داوایـان لێ دەكرد پارێزگاری‌یان بكا نەیدەتوانی هەلوێستی تەماشاكەری هەبێ . لە رۆژی ٢٨ ی شوباتدا ، كاتێك كرێكاران خـۆ نیشاندانـەكەیـان ساز كـردو لە گۆرەپـانی « السرای » دا كۆبوونەوە ، وەزیری ئابووری‌و هاتوچۆ « نامەیەكی بە پەلەی بۆ بەڕێوەبەری گشتی‌ی رێگای ئـاسن نووسی‌و تێیـدا داوای لێ كرد تـەماشـای داخوازیی كرێكـاران بكا »[320] وەزیـر خۆیشی لەگـەل « ئەلقـەزاز » و چەنـد ئەندامێكی « كۆمەلەی سنعاتكاران » كۆبووەو لە بارەی مانگرتنەكەوە وتووێژیان كرد[321] رۆژی ٣ ی مارت وەزیر داوای لە « ئەلقەزاز » كرد لەگەلیدا كۆببێتەوە . لەو كۆبوونەوەیەدا كە پارێزەرەكەی كۆمەلە « داوود ئەلسەعدی » و ئەندامێكی فەخریی ئامادەی بوون ، وەزیر داوای كـرد كرێكـاران بگەڕێنـەوە سەر ئیشی خۆیان‌و گفتی پێ دان بۆ چارەكردنی گیرو گرفتەكانیان یارمەتی‌یان بدا . بەلام « ئەلقەزاز » دووبارەی كردەوە كە « كرێكاران تا بە تەواوی لە سەرچاوەیەكی رەسمی‌یەوە دلنیا نەكرێن كە داخوازی‌یەكانیان جێ بەجێ دەكرێ ، ناچنەوە سەر ئیش » . ئەم پێ داگرتنە ی « ئەلقەزاز » وەزیری گەیاندە ئەو قەناعەتەی كە پێویستە بە زووترین كات مانگرتووەكان لەگەل بەڕێوەبەری گشتی‌ی رێگای ئاسندا كۆببنەوەو خۆیشی لەگەلیاندا بـەشداریی بكـاو پاش كـۆتایی هـاتنی

کوبوونەوەکە گفتی‌دا ئەم مەسەلەیە بگەیەنێتە ئەنجام[٣٢٢].
بەو جۆرە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن لە پاشەکشە زیاتر هیچی تری بۆ نەمایەوە . ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ بە شێوەیەکی ئەوتۆ پاشەکشەی بەڕێوەبەرایەتی وەسپ کردووە ، تویژەرەوە پێویستی بە لێکدانەوەو بۆچوونی تایبەتی نامێنێ . ئەوەتا لەو سەر ووتارەی‌دا کە بە ناونیشانی « کرێکارە مانگرتووەکان پاش ئەوەی مەرجەکانی خۆیان سەپاند دەگەڕێنەوە سەر ئیش » بڵاوی کردووەتەوە ، دەڵێ :
« .. بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن کە بۆی دەرکەوت کرێکاران ئەم مانگرتنەیان بە ڕاستی‌یەو فروفێڵو دووبەرەکی نانەوە کار لە گیانی نەبەزیویان ناکاو پاش ئەوەی زانی خەریکە شەمەندوفەریش لەکار دەخرێ[٣٢٣] ، ناچار بوو بە پیر داخوازی‌یەکانیانەوە بچێ »[٣٢٤].
کەواتە کرێکاران لە ڕێگەی یەکێتی‌ی‌و پێ داگرتنیانەوە ، توانی‌یان لە سەرەتای بزووتنەوەکەیان‌دا یەکەم سەرکەوتنی لەو جۆرە بەدەست بهێنن . وەزیری ئابوری‌و هات‌و چۆ لەرۆژی ٤ ی مارت‌دا ، واتە لە ڕۆژی شەشەمی مانگرتنەکەدا لە دیوانی وەزارەت « محەممەد ساڵح ئەلقەزاز » ی سەرۆکی « کۆمەڵەی سنعاتکاران » ی لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی‌ی ڕێگای ئاسن‌دا بە یەك گەیاند[٣٢٥] و دوای مشت‌و مڕێکی دوورو درێژ کە چەند سەعاتێکی خایاند هەردوولا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی لەسەر چوار خاڵی سەرەکی‌ی ڕێك بکەون .
١ ـ دەبێ بەڕێوەبەرایەتی بە پەلە دەست بەرداری هەموو ئەو کرێکارە بیانی‌یانە بێ کە تەکنیکی نین‌و کاتی خۆی بەو ناوەوە دامەرزێنراون . هەروەها داوا لە سەرپاکی کرێکاران بکرێ شەهادەتنامەی جنسی‌یە بخەنە روو ، تاوەکو بە شێوەیەکی ڕاست‌و ڕەوان ژمارەی تەواوی کرێکارە بیانی‌یەکان دەست نیشان بکرێ .
٢ ـ بەڕێوەبەرایەتی گفتی‌دا لەجێ‌ی ئەو کرێکارە بیانی‌یانەی دەست بەرداریان دەبێ ، کرێکاری عیراقی دابمەزرێنێ .

٣ ـ دەبێ ناتەواوی بودجەی بەڕێوەبەرایەتی بە مووچەی کرێکاران‌و فەرمانبەران پڕ بکرێتەوە، بە مەرجێك ئەو پارەیەی لێیان دەبڕن بەرێژەیەکی ئەوتۆ بێ لەگەڵ مووچەکەیان‌دا بگونجێ.
٤ ـ لە ڕۆژی ای نیسانەوە، واتە لەسەری ساڵی دارایی‌یەوە، ئیش بەم ڕێککەوتنە دەکرێ.[٣٢٦]

پاش ئەم رووداوە سەرکردایەتی مانگرتنەکە دەنگی کریکارانی دا، لە رۆژی ەی مارتەوە بچنەوە سەر ئیش. لەو رۆژەوە گیان کرایەوە بەبەر کارگەکانی «شالچی یە»داو کریکارانیش لە قوتابخانەی خەبات و تیکۆشاندا دەرسیکی ئەوەندە گەورە فیر بوون، چی دەستەو تاقمی نیشتمانی ی ئەوکاتە هەبوو دانیان بە گرنگیدا نا. ئەوەتا رۆژنامەی «الاستقلال» کە قسە لە سەرکەوتنی کریکاران دەکا، دەلێ:

«ئەم هەنگاوە سەرکەوتووانەیە وای لە کریکاران کرد،[۲۲۷] شانازیی بە خۆیانەوە بکەن و تێ ی گەیاندن کە تەنها بە یەکێتی ی؛ مافەکانیان دەستگیر دەبێ و ئەگەر کریکار پشت و پەنایەکی هەبێ، هەر برای کریکاریەتی کە لە گەلیدا ئازار دەچێژێ و لە رۆژی رەشدا شیوەنی بۆ دەکاو دلی بۆی دەسووتێ. گومانیش لەوەدا نییە کە سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوە پیرۆزەو شاد بوونیان بە هەندێ لە مافە رەواکانیان، پتر هانیان دەدا لەسەر ئەم ریبازە تەخت کراوە، ریبازی کریکاران بەردەوام بن، تاوەکو مافە زەوت کراوەکانیان وەردەگرنەوە...».[۲۲۸]

سەرکەوتنی ئەو مانگرتنە هەندێ ئەنجامی ئەوتۆی لەو قۆناغەدا بە دەستەوەدا، راستەوخۆ شوێن دەستی بەسەر بزووتنەوەی کریکارانەوە دیار بوو. جگە لەوەی کە کریکاران زیاتر باوەریان بە خۆیان هینا، ناوو شۆرەتی «کۆمەلەی سنعاتکاران»یش لە ناو کریکاران و پیشەوەراندا بە جۆریك دەنگی دایەوە، تا ئەوکاتە نەبیسترا بوو. ئەم حەقیقەتەیش لەوەدا دەردەکەوێ کە دوو هەفتەی دوای مانگرتنەکەو «پاش ئەوەی کریکاران لە دلسۆزیی و هەول و تەقەللای کۆمەلە لە پیناو جێبەجێ کردنی مافەرەواکانیاندا دلنیا بوون»[۲۲۹] دەستە دەستە «جۆلا»و «دارتاش»و «کریکاری بینا» و هی تریش بە گەرمی یەوە تێ ی ورووکان و داوایان دەکرد بچنە ریزی کۆمەلەوە. ماوەیەکی کەمیش دوای ئەوە کریکارانی «دیوانی یە» و «حیللە» داوای لەو جۆرەیان پیشکەش بە دەستەی بەریوەبەری کۆمەلە کرد.[۲۳۰] هەر کە سەرکردەی کۆمەلە جیاجیاکانی کریکاران و پیشەوەران لەناو خۆیاندا و بە مەبەستی یەکخستنی ریکخراوەکانیان کەوتنە وتوویژو گفتوگۆ کردن، ئەم مەسەلەیە چووە باریکی ترەوەو لە چوار چیوەیەکی نوێ تردا خۆی بینی یەوە. چونکە هەموو دەیانویست ریکخراوەکانیان بە هۆی لیژنەیەکی بالا؛ یاخود لە ناو کۆمەلێکی گشتی یدا یەك بخەن.[۲۳۰]

لەگەل ئەوەیشدا، هێشتا ژمارەیەك لەوانەی سەرکردایەتی مانگرتنەکەیان دەکرد، گومانیان لە نیازو مەبەستی بەریوەبەرایەتی ریگای ئاسن

هەبوو، بەلام هەڵوێستی گەرمو گوڕی وەزیر[٣٣٢] لەلایەكو مـەترسی ی ئـەوەی کرێکاران لەژێر زەبری نەبوونی ی‌و بێ دەرامەتی‌دا دەست لە مانگرتن هەڵبگرن لە لایەکی ترەوە، بە تایبەتی لەو ڕۆژانەدا «کـۆمەڵەی سنعـاتکاران» لە رووی دارایی‌یەوە کەم دەستو بێ توانا بوو، ناچار بوون مل بدەن‌و بەوە قایـل ببن دەست لە مانگرتن هەڵبگرن. کـەچی هەر زوو راستی‌ی بـۆچوونی کـرێکاران دەرکەوت. چونکە تاکە هەنگاوێك کـە بەڕێـوەبەرایـەتی لە دوای مانگـرتنەکـە هاویشتی ئەوە بوو، شەهادەتنامەی جنسی‌یەی کردە مەرج‌و بەسەر ئـەو کوڵ هەڵگرانەی‌دا سەپاند کە تاك‌و تەرایان نەبێ، سەرپاکیان عیراقی بوون.[٣٣٣] پێش «١» ی نیسانیش، واتە ڕۆژی جێ بەجێ کردنی بەندەکانی ئەو رێککـەوتنەی کۆتایی بە مانگرتنەکە هێنا، بەڕێوەبەرایەتی وەك بیەوێ کرێکاران تاقی بکاتەوە، «١٢» کرێکاری عیراقی‌ی لە ئیش دەرکرد. ئەوەیش کە باشتر ئەم حەقیقـەتە دەچەسپێنێ ئەوەیە، دەرکراوەکان سەر بە دوو بەشی جیای کارگەکانی رێگای ئاسن بوون‌و هاوڕێ‌کانیان ئامادە بوون دەست لە ٦٪ی رۆژانەکانیان هەڵبگرن بە مەرجێك دەرکراوەکان بخرێنەوە سەر کار، کەچی بەڕێوەبەرایەتی بەتەواوی ئەم پێشنیازەی رەت کـردەوە.[٣٣٤] بەلام کـە زانی «کرێکـاران زۆر دڵگرانن»و هەڕەشەی مانگرتن دەکەن‌و سەر لەنـوێ سەرکـردەکانیـان کەوتـوونە خـۆو پەیوەندی بە زۆر لایەنەوە دەکەن‌و یادداشتیان بۆ مەندووبی سامی و سەرۆکی ئەنجومەنی پیاو ماقوولان‌و وەزیری ئابوری‌و هاتوچۆو جێگری وەزیری ناوخۆو گشت رۆژنامەکان ناردووە،[٣٣٥] جارێکی‌تر پـاشەکشـەی لێ‌کردو لەسـەر رێ‌و شوێنی هەمیشەیی خۆی، دەیویست بەفرو فێڵ تـۆوی گومـان‌و دوو دڵی‌ی لە دەروونی کـرێکاران‌دا بچێنێ. ئـەوەبوو لە ڕۆژی ٢ ی نیسـان‌دا، فەرمـانێکی دەرکرد کە لە سەرپاکی بەشەکانی کارگەدا رۆژی ٨ سەعات ئیش بکرێ. دوای دوو ڕۆژیش بە کرێکارانیان راگەیاند کە دەبێ هەموو کەس شەهـادەتنامـەی جنسی‌یە بخاتە روو؛ تاوەکو ـ بەقسـەی بەڕێـوەبەرایـەتی ـ بە پێ‌ی بـەندی یەکەمی رێککەوتنامەکە دەست بەرداری ئەو کرێکارە بیانی‌یانە ببێ کە پێویستی پێیان نی‌یە. بەو جۆرە «بەڕێوەبەرایەتی کرێکارانی هێمن کردەوە».[٣٣٦]

هێشتا مەرەکەبی ئەو دوو بڕیارە ووشك نەبووبووەوە، دوو دیاردەی دژبەو دوو بڕیارە لە ئاسۆوە دەرکەوتن. بەڕێوەبەرایەتی بە مەبەستی نزم کردنەوەی وورەی کرێکاران و خاو کردنەوەیان، زنجیرەیەك هەنگاوی تازەی نا، بێ ئەوەی لێپرسراوە عیـراقی‌یەکـان لە جێ‌ی خۆیـان ببزوون، هـەروەك «ئەلقـەزاز» لە دوایی‌دا دووپاتی کردەوە.[٣٣٧]

وا پێ دەچێ هەردوو لایان پێشتر لە سەری رێککەوتبن. هەنگاوەکانی بەڕێوەبەرایەتی یەك لە دوای یەكو بە خێرایی جێ بەجێ دەکرانو شتی ئەوتۆیشی تێدا بوو هەرگیز بە خەیاڵی کرێکاراندا نەدەهات. ئەوەبوو بە ئەنقەست رۆژانەو سەعاتی ئیش کردنی کرێکارە عیراقی‌یەکانی کەم کردەوە، ئەوانەی لەو بەشانەدا بوون پێش مانگرتنەکە نەیدەگرتنەوە، وەك بەشی گواستنەوە. پاشان لە رۆژی ١٣و ١٤ی نیساندا فەرمانێکی دەرکرد تێیدا دەست بەرداری نزیکەی (٥٠) کرێکاری عیراقی بوو. پاش ماوەیەکی تریش چەند کرێکارێکی دی دەرکرد. ئەمە جگە لەوەی لێپرسراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی لەسەر رێو شوێنی جارانیان کەوتنەوە زەبرو زەنگ نواندن.[٢٣٨] جا وەنەبێ بەڕێوەبەرایەتی رێگای ئاسن هەر بەم کردەوانەوە راوەستابێ، بەڵکو ئەو قەوالانەیشی پووچ کردەوە کە لەگەڵ هەندێ لە کرێکارە عیراقی‌بەکاندا مۆری کردبوونو مەرجێك لە مەرجەکانی ئەوەبوو، مووچەی نەگۆڕیان بدرێتێ. بەو شێوەیە توانی بە رۆژانە ئیشیان بەسەردا بسەپێنێ، تاوەکو رۆژانی جەژنە رەسمی‌یەکانو لەکاتی مۆڵەتی نەخۆشی‌دا بێ بەشیان بکا؛ بەسەرێکی تریش بۆ ئەوەی چەندی لە سەعاتی ئیش کردنیان کەم کردەوە ئەوەندەیش لە رۆژانەکەیان دابشکێنێ.

سەبارەت بەم هەڵوێستە کرێکارانو رای گشتی‌ی بە توندی بەر پەرچی ئەم هەنگاوەی بەڕێوەبەرایەتی‌یان دایەوە. «کۆمەڵەی سنعاتکاران» دەستبەجێ بەیاننامەیەکی بۆ «لێپرسراوانو رای گشتی‌ی» بڵاو کردەوە تێیدا باسی بڕیاری دەرکردنی کرێکارانی کردبوو، بە سەرێکی تریش ئەوەی خستبووە روو کە چۆن کاربەدەستانی رێگای ئاسن سوکایەتی بە مافی کرێکاران دەکەنو چی گفتو پەیمانێك لەوەوپێش دابوویان ولەسەری رێککەوتبوون پشت گوێیان خستووە. ئەوجا بەیاننامەکە هەڕەشە دەکا، گەر بێو دەرکراوەکان نەگێڕێتەوە بۆ سەر ئیشو کاریان، ناچارن سەر لەنوێ مان بگرنەوە.[٢٣٩] هەروەها «ئەلقەزاز» داوا لە دامو دەزگا رەسمی‌یەکانی عیراق دەکا بە گورجی تێ بکەونو سنوورێك بۆ هەڵسو کەوتی بە ئارەزووی بەڕێوەبەرایەتی‌و چەوساندنەوەی کرێکاران دابنێن.[٢٤٠] پاش ئەوەی «کۆمەڵەی سنعاتکاران» «بەدەست هاتوچۆی نێوان وەزارەتەکانی عیراقو ئەنجومەنی پیاوماقووڵانو پەرلەمانو باوەڕ پێکراوی بەریتانیاو بەڕێوەبەری گشتی‌ی رێگای ئاسنەوە شەکەتو ماندو بوو»، لە رۆژی ٢٦ی نیساندا یادداشتێکی دوورو درێژی پێشکەش بە شەخسی مەلیك کردو ئەم حەقیقەتەیشی تێدا روون کردەوە، پاشان وێنەی ئەو یادداشتەیان دا بە سەرۆکی ئەنجومەنی پیاو ماقوڵانو سەرەك وەزیرانو مەندوبی سامیو وژمارەیەك

لەوەزیرەکانی عیراقو بەڕێوەبەری گشتی ی ڕێگای ئاسن.[٣٤١] بەلام «پارێزەری وولات هەنگاوێکی ئەوتۆی نەنا بۆ دەستگیرۆیی کردنی ئەو کرێکارانەی «لە کەوانی خۆڕاگرتنیاندا تیریان پێنەماو ناچار پەنایان وەبەر خاوەن شکۆ برد».[٣٤٢] ئەمە لە کاتێکدا رای گشتی ی بە تەواوی ئاگای لەو یادداشتە بوو کە پێشکەش کرا.[٣٤٣] دوای ئەوەی کە لە ٢٧ی حوزەیراندا جارێکی تریش «ئەلقەزاز» سەرنجی خاوەن شکۆی بۆ ئەوە راکێشا «کەتا چ رادەیەك کرێکاران بەدەست هەلسو کەوتی نارەواوە دەنالێنن» و پاش ئەوەی دووپاتی کردەوە کە «تەنها ئەو بە پشتو پەنای ستەم لێکراوان دەزانێ»،[٣٤٤] دەلێین سەرەڕای هەموو ئەمانە، گۆڕانێك لە هەلوێستی مەلیكدا بەدی نەکراو تەنانەت دیوانی پاشایەتی ئەرکی وەلام دانەوەی یادداشتەکانی «ئەلقەزاز»ی وەك نەرتییکی باو بە خۆی رەوا نەبینی. ئەوەندە نەبێ وەزیری ئابوریو هاتوچۆ وەلامێکی بۆ ناردەوەو تێیدا جارێکی تریش ئەوە دووبارە دەکاتەوە گوایە داوای لە بەڕێوەبەری گشتی ی ڕێگای ئاسن کردووە کێشەی کرێکاران «بە شێوەیەکی باش» چارەسەر بکەن.[٣٤٥]

سەبارەت بەوەی رای گشتی ی بە تەواوی ئاگاداری ئەم حەقیقەتە بێ «کۆمەلەی سنعاتکاران» چەند کۆڕو کۆبوونەوەیەکی رێکخستو کرێکارانو نوێنەری کۆمەلە جیا جیاکانو رۆژنامەو لاوانی شۆڕشگێڕو ژمارەیەك پیاوی ئایینیو هێزەکانی ئەپۆزیسیون بەشداری‌یان تێدا کردو «کەوتنە خۆو تووێژ کردن لەسەر ئەوەی کە ئەگەر هاتو بەڕێوەبەرایەتی؛ ئەو کرێکارانەی نەگێڕایەوە کە دوای ٤ی ئاداری ١٩٣١ دەری کردوون چ رێگایەك بگرن».[٣٤٦] بەلای سەرکردایەتی کرێکارانەوە، پرسو راوێژکردن بە هەموو لایەنەکانیترو لەو قۆناغە ناسکەی بزووتنەوەکەیاندا، کارێکی ئێجگار پێویست بوو. بە تایبەتی دوای ئەوەی کێشەکەیان زۆرتر پەرەی سەندو بوو بە «مەسەلەیەکی نەتەوایەتی« و نەك هەر بە «کرێکارانی رێگای ئاسن بەلکو هەموو هاوولاتی یەکی بەشەرەفی عیراق»ی[٣٤٧] دەگرتەوە. یەکێك لەو خالانەی ئامادەبووان لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٩ی نیساندا لە بارەگای کۆمەلە بڕیاریان لەسەردا ئەوە بوو، گەر هاتو بەڕێوەبەرایەتی سوور بوو لەسەر ئەو هەلوێستانەی خۆی، داوا لە هاوولاتیان بکەن بە شەمەندوفەر هاتوچۆ نەکەنو[٣٤٨] لیژنەی تایبەتی بۆ پروپاگاندە پێك بهێننو لە پێناو سەرخستنی ئەم هەولەدا فەتوای پیاوە ئایینی‌یەکانیش وەربگرن.[٣٤٩] کۆمەلە ویستی سوود لەو دەرفەتەیش وەربگرێ کە

لەو رۆژانەدا بۆی رەخسـابوو. ئـەوە بوو هـەر لەو رۆژانەدا ئـەمینداریتی ی پایتەخت بڕیارێکی دەرکرد، بە پێ ی ئەو بڕیارە نەدەبوو پاسی هاتوچۆ پێ کردنی خەڵك لە شەقامی گشتی ی دا ئیش بکەن. ئنجا کۆمەڵە هەموو ئەوانەی بانگ کرد کە ئەو بڕیارە دەیگرتنەوەو داوای لێ کردن کۆمپانیایەکی ئەهلی ی بە هاوکاری لە تەك ئەودا پێك بهێنن، تاوەکو لە نێوان بەغداو مـەزارە پیرۆزەکـاندا خەڵکی بگوێزێتەوە؛ باوەڕیشی وابوو بەو کارەیان «ڕێگای ئاسن لە مانگرتن زیاتر زیانی لێ دەکەوێ»و هیوایشی وایـە ئەو کـۆمپانیـایە ژمـارەیەك کـرێکاری بێ ئیش جێ بکاتەوە.[٢٥٠] زۆر لایەنی جۆر بەجۆر بە گەرمی یەوە بەرەو پیری ئەم پـرۆژەیە چوون، لەوانە هەندێ لە پیاوە نیشتمان پەروەرەکان و پیاوانی ئایین، گفتیشیان دا ئەوەندەی لە تواناداا بێ یارمەتی ئەم پرۆژەیە بدەن. کاتێك ئەم هەواڵە گەیشتە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن، بەڕێوەبەری گشتی ی داوای لە وەزیری ناوخۆ کرد ئەو بڕیارەی کە پەیوەندی بە قەدەغە کردنی پاسی هاتوچۆ پێ کردنی خەڵکی یەوە هەیە، هـەڵبوەشێنـرێتەوە؛ وەزیـر دەستبەجێ بـڕیارەکـەی هەڵوەشـاندەوەو بەیاننامەیەکی دەرکرد تێیدا جێ بەجێ کردنی بڕیارەکەی ئەمینداریتی پایتەختی تا کاتێکی نەزانراو راگرت.[٢٥١]

جموجۆڵی «کۆمەڵەی سنعاتکاران» بە ڕادەیەك بەڕێوەبـەرایەتی ڕێگـای ئاسن و دام و دەزگاکانی سەر بەمیری یان ورووژاند، کەوتنە بەرهەڵستی کردنی و تەنگیان پێ هەڵچنی. بە نموونە: لەو رۆژانـەدا دایەرەی مـوتسەڕیفی بـەغدا ماوەی کۆمەڵەی نەدا، رۆژی ١٠ی ئایار لە هۆڵی سینترال سینـەما کـۆبوونـە وەیەکی گشتی ی ساز بکا، بۆیە ناچار بوو لە بارەگای کۆمەڵەدا پێکی بهێنێ.[٢٥٢] هەر لەو کاتەدا «محەممەد ساڵح ئەلقەزاز»ی سەرۆکی کۆمەڵە، نامەیەکی بـە ناوی «پێشمەرگەیەکی بیانی یەکان» پێ گەیشت تێیـدا هەڕەشـەی کوشتن لە خۆی و هاوڕێ یانی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە دەکا.[٢٥٣]

ئەوەیشی کە لە هەموو شت زیاتر رژێمی تووڕە دەکرد ئەوە بوو، چالاکی یەکانی کۆمەڵە هەر بە تەنها هەڵوێستی ناڕەوای میریی لە بەردەم رای گشتی ی دا ئاشکرا نە دەکرد، بەڵکو بووە هۆی ئەوەی بزووتنەوەیەکی نارەزایی دەربڕینیش دژی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن بۆ پشتگیری کردنی کرێکاران و «کۆمـەڵەی سنعاتکاران» بێتە کایەوە. بزووتنەوەی نارەزایی دەربـڕین بێجگە لە چـەندین کۆمەڵەو خەڵکی پیشەوەر، ژمارەیەکی زۆر «شوفێر»و «پـایسکلچی»و «بەنـا»و «دارتاش» و خەڵکی تریشی گرتەوە.[٢٥٤] لێرەدا گرنگ ئەوەیە دەست بۆ ئەوەیش رابکێشین کە ئەمجارەیان کرێکارانی عیراق وەك چینێکی سەربەخـۆ، خۆیـان

نیشان داو هەلس و کەوتیان کردو لە ناو ریزەکانی خۆیان داو لە هەموو لایەکەوە، دەنگی نارەزایی دەربرین بڵنـد بووەوە. کـرێکارانی نـەوت لە «کەرکـووك» بە گشتی ی «لە کردەوەی بەڕێوەبەرایەتی رێگای ئاسن» نارازیی بوون و پاش ئەوەی «بەیاننامەو بڵاوکراوەی کۆمەڵەی سنعاتکاران یـان خوێنـدەوە، بڕیـاریان دا لە هەموو ئیش و کارێك دا پشتگیری یان بکەن و یارمەتی یان بدەن»و «بەو پەڕی بێ ئارامی یەوە» چاوەڕوانی سەرکەوتنی برا کـرێکارەکـانیان دەکـرد. لە هەمـان کاتیش دا سەریان لەوە سڕ مابوو کە چۆن دەبێ کەسێکی وەك «بەڕێز وەزیری ئەشغال هەڵوێستی تەماشاکەری هەبێ».[٣٥٥] بەڵام کرێکارانی نەوتی خانەقین یادداشتێکیان لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا دژی «زوڵم و ستەم»ی بەڕێوەبەرایەتی رێگای ئاسن بڵاو کردەوە، تێیدا ئەوەیان روون کردووەتەوە کە تا چ رادەیەك ماف رەوای کرێکاران پشت گوێ دەخاو گەر بێ و «یەکە یەکە ئەو مافە رەوایانە بـۆ هاوولاتیان بنووسینەوە، لە ستوونی رۆژنامەکان دا جێگایان نابێتەوە».[٣٥٦] وەك لە دەقی یادداشتەکەدا نووسیویانە. ئەمە جگە لەوەی کە لە شارەکانی تریشەوە کرێکاران داوایان لە دام و دەزگا لێپرسراوەکان دەکرد «لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی کرێکـارانی رێگای ئـاسن دا بکەونـە خـۆو هـەنگاو بنـێن».[٣٥٧] شتێکی سرووشتیش بوو ئەم بارو دۆخە، کرێکاران و بە تایبەتی سەرکرد ایەتی یەکەیان هوشیار بکاتەوەو لە جاران زیاتر لە یاسای کرێکاران بدوێن و یەك لەسەر یەك داوا لە رژێم بکەن «یاسای ماف کرێکاران» دابنێ.[٣٥٨]

ئا سەواری ئەم تەوژمە بەتینە لاوانی شۆڕشگێڕیشی گرتەوە، بە تایبەتی لە بەغدا. سەدو سی کەس لەوانە بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە تێیدا دژی «کردەوە نـاڕەواکانی بـەڕێوەبـەرایـەتی رێگـای ئـاسن»[٣٥٩] پشتیگیـریی «کـۆمـەڵەی سنعاتکاران» یان کرد. هەروەها دانیشتـووانی گەڕەکی «فـەرجوڵڵا»و «بـەنی سەعید» و «کولات» لە بەغدا، بە هۆی رۆژنامەکانی نـاوخۆوە پشتگیـریی لەو جۆرەیان کرد.[٣٦٠]

هەموو ئەمانە، بەڕێوەبەرایەتی رێگای ئاسن و لایەنە لێپرسـراوەکانیـان ئەوەندە نەجووڵاند، تاوەکو دەستبەرداری ئەو نەخشەو پلانانە ببێ کە بە ئاشکرا بۆ داپڵۆسین و سەرکوت کردنی تێکڕای بزووتنەوەی کرێکارانی عیراق لە قۆناغی یەکەمیدا دانابوون. هەروا بەرێککەوتیش نەبوو کە کۆمپانیا بیانی یەکـانی تر شوێن پێ ی هەنگاوەکانی بەڕێوەبەرایەتی رێگای ئاسن یان هەڵگرت، لە کاتێك دا کە نەك هیچ گیروگرفتێکی ئابوری یان نەبوو، بەڵکو سوودو قازانجێکی لە ژمارە

نەهاتوویش‌یان لە سامانەکانی وولات دەست دەکەوت. بە نموونە: کۆمپانیـای نەوتی خانەقین کارگەی چاککردنەوەی کەشتی‌ی لە «بەسرە» دەستیان کرد بە ڕێکخستنی کرێکاران‌و کەمکردنەوەی مووچەی هەندێکی‌تر. کۆمپانیـای نەوتی کـەرکووك ژمـارەیـەکی‌تـر کـرێکـاری بیـانی هێنـاو لە دامو دەزگـاکـانی‌دا، دایمەزراندن، بێ ئـەوەی گوێ بـداتە ئـەو هەمـوو داخوازی‌یـەی بەردەوام سەبارەت بە دامەزراندنی ئەو کـرێکارە بێ‌ئیشـانە پێشکـەشی دەکران کـە نا ئومێدی‌یان گەیشتبووە رادەیەك زیاد لە هەزار کەسیان داوا بکەن «پاسپۆرت‌و کرێی ڕێگایان بدەنێ، ئەو وولاتە بەجێ دەهێڵن کە تێیدا گۆش کران‌و پەروەردە بوون» وەك دەقاودەق لەو یادداشتەدا نـووسراوە کـە بە هـۆی ڕۆژنامـەکانی ناوخۆوە پێشکەش بە دەسەلاتدارانی رژێم کرا.[٢٦١]

هەموو ئەمانە، وایان لە کرێکاران کرد، دژی چەوسێنەرەکانیان ئامادەی شەڕێکی تازە بین. هەر لەو کاتەدا بارو دۆخێکی نوێ هاتە گۆڕێ‌و وای کـرد، بزووتنەوەیەکی جەماهیری بتەقێتەوە کە بە مانگرتنی رەسمی شارەوانی‌یەکان ناسراوەو تێیدا کرێکاران‌و پیشەوەران ڕۆڵی بنچینەیی‌یان لە ڕووداوەکـانی‌دا گێڕا. ئەم مانگرتنە نوێ‌یەیش بووە ئامڕازێکی گـرنگ‌و بـە هۆیـەوە تووڕەیی‌و ناڕەزایی خۆیان دەربڕی.

کرێکاران‌و مانگرتنی رەسمی شارەوانی

لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٠ دا، تەنگو چەڵەمەی ئابوری لە عیراق‌دا گەیشتە لوتکە. هێزی کڕین لای زۆربەی خەڵکی بە رادەیەکی لە ئەنـدازە بەدەر هـاتە خوارەوە. جووتیار بە هۆی نەفرۆشتنی بەرهەمەکـەی، کرێکـار بە هـۆی کەم کردنەوەی ڕۆژانەو دەردی بێ ئیشی‌یەوە، پیشەوەران بە هۆی ساغ نەبوونەوەی کەڵو پەلەکانیان، فەرمانبەری بچووك بە هۆی بڕیاری دەرکردن و کەم کردنەوەی مووچەوە، فرۆشیارەکان بە حوکمی ئەوەی باری ئابوری‌یان بەندە بەو توێژانەوە کە باسمان کردن؛ دەڵێین سەرپاکی ئەوانە، بە دەست ئەم بارە ئابوری‌یە هەرەس هاتووەوە، بە رادەیەك دەبان ناڵانـد، بە ئـاشکرا جێ دەستی بـەسەر بـاری گوزەرانی توێژە ناونجی‌یەکانیشەوە دیار بوو، بە تایبەتی بازرگانەکان‌و خاوەن وەرشە وکارگەکان. بەنموونە: بە قسەی لیپرسـراوان خۆیـان، ئەو فـرۆشیارە

دەستگیرانەی راستەوخۆ پەیوەندییان بە جەماوەری هەژارو نەدارای لادێو شارەوە هەبوو، رۆژی چوار، یان لە باشترین حاڵدا هەشت ئانە زیاتریان دەست نەدەکەوت.[٣٦٢] ئەمەیش پارەیەکی ئەوەندە کەمە، بەتەواوی دەری دەخا کە بارودۆخی بازار لە عیراقدا گەیشتبووە چ رادەیەك.

رژێمیش لای خۆیەوە، هیچ هەنگاوێکی بە کردەوەی نەنا، تاوەکو بە هۆیەوە کەمێك تەنگو چەڵەمەی ئابوری بکاتەوە. راستییەکەی بە هۆی ئەوەی لە بەردەم کۆ مپانیا بیانییەکانو پاڵپشتەکەیاندا کە ئینگلیز بوو، نەیدەتوانی هەنگاوێکی لەو جۆرە بهاوێژێ. بۆیە هیچی بۆ نەمابووەوە، ئەوە نەبێ قورساییەکە بخاتە ئەستۆی زەحمەتکێشانو بەو چەشنە چارەسەری بۆدجەی گشتیی بکا. کە بە راستیی تووشی گیروگرفت هاتبوو. ئەوەبوو لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٣١دا یاسایەکی نوێی بۆ رەسمی شارەوانییەکان داناو ناوەرۆکی ئەو یاسایە بووە هۆی راستەوخۆی تەقینەوەی جەماوەرو ناڕەزایی دەربڕین.

ئەم یاسا نوێیە، ماددەی وای تێدا بوو، چی زەحمەتکێشانی عیراق هەیە دەیخستنە ژێر باری گرانی باجێکی نوێی ئەوتۆوە، لە زۆر رووەوە سەیرو سەمەرە بوو. یاسای ناوبراو رەسمی وای دانابوو پێشتر نەبیسترابوو، وەك ئەوەی خرابووە سەر سەگو[٣٦٣] گوێدرێژو مردوونانشتنو یۆقلەمە کردنی ئۆتۆمبیلو پردو کەڵەك و هەموو جۆرە هۆیەکی گواستنەوەو ئەو شلانەی قابیلی داگیرساندنو سووتاندننو ئیجازەی بینا دروست کردنو ئیعلان و مۆڵەتی پیشە بە هەموو جۆرەکانییەوەو وێنەگرتنو چاپکردن و ئەچزاخانەکان وشانۆو شوێنی رابواردن و ئوتێلو چێشتخانەو پاسەوانیو کرێی شۆستەو سەنگو ترازوو، زۆری تریش.[٣٦٤] هەندێك لەم رەسمانە زۆر زۆر بوون. بە نموونە: رەسمی مردوو ناشتن. سەرەتا وا بڕیاردرا ئەگەر کەسو کاری مردوو، مردووەکەی لە سنووری شارەوانیدا ناشت ٦٠٠ روپیە رەسم بدەن، ئەمە لە کاتێکدا «لە سەرانسەری عیراقدا چەند کەسێکی لێ دەرچێ کەس توانای ئەو پارەیەی نەبوو» وەك نوێنەرێك لە کاتی مشتو مڕ لەسەر کردنی لایەحەکەدا دانی پیا دەنێ.[٣٦٥] کوڵکێش کە زۆر بە زەحمەت دەستکەوتی مانگێکی دەگەیشتە ١٥ روپیە، بە پێی یاسای رەسمی شارەوانییەکان، دەبوو مانگی سێ روپیە بدا.[٣٦٦] ئەمە جگە لەوەی کە سنوورێکی دیاری کراوی لە نێوان پیشەوەرو خاوەن پەرژەوەندییەکاندا نەکێشا بوو. سەرتاش کە تا ئێستایش لە هەندێ ناوچەدا بە گەنمو جۆ سەر دەتاشن، دەبوو وەك ئەچزاچیو خاوەن کارگەی سەهۆڵو سۆدە دروستکردن وخشتوکاشی مانگی ٥ روپیەبدا. تەنانەت بۆیاخچی وزێراب

پاككەرەوەو فرۆشیارە دەستگێڕەكان دەبوو لەو دەستكەوتە كەمەی پەیدایان دەكرد، مانگی سێ روپیە رەسم بدەن.[٣٦٧]

لەگەڵ هەموو ئەو حەقیقەتانەی كە لە زاری نوێنەرانەوەو لە كاتی لێكۆڵینەوەی یاسای رەسمی شارەزانی‌یەكان‌دا، لە ناو پەرلەمان‌دا دەرهاتن، و سەرەڕای ئەو مشت‌و مڕەی لەسەر بەندەكانی ئەو یاسایە كراو دان پیانانی زۆربەی نوێنەران كە تەنگو چەڵەمەی ئابوری «خەریكە دەست دەنێتە بینەقاقای هەموو چینەكانی كۆمەڵ‌و ریگای ژیانی لێ بەستوون» داوایان كرد ئیش پێ كردنی یاساكە ماوەیەك دوا بخرێ، یان هەندێ لەو رەسمانەی تێیدا دانراون كەم بكرێنەوە.[٣٦٨] دەڵێن سەرەرای هەموو ئەوانە لایەحەی یاساكە دوای پێنجەمین خوێندنەوەی بە بێ ئارەق دەرچوو. لە كۆبوونەوەی پەنجاو دووهەمی رۆژی ٤ ی نیسانی ساڵی ١٩٣١دا لەو ٥٥ ئەندامەی ئامادەی كۆبوونەوەكە بوون ٥٣ كەس دەنگیان بۆ دا.[٣٦٩]

رژێمی سیاسی هەوڵێكی زۆری‌دا تاوەكو زەینی جەماوەر بەو یاسایە پڕبكا. بە نموونە: چاودێریی بیرۆی چاپەمەنی لە ٤ی تەمموزدا راگەیاندنێكی لەگەڵ دوو خشتەی دوورو درێژدا بڵاو كردەوەو دەیویست بە هۆی ئەوانەوە بیسەلمێنێ كە «ئەو باجەی یاسای نوێی رەسمی شارەوانی‌یەكان دایناوە، نیسبەتی لەوە كەمترە كە پێشتر بانگەوازەكەی ـ بلفۆر ـ ی[٣٧٠] حاكمی سیاسی سوپایی بەغدا داینابوو..»[٣٧١] ئەو رۆژنامانەیش‌كە ئەڵقە لە گوێی رژێم بوون پروپاگاندەیەكی زۆریان بۆ ئەو یاسایە كرد، تەنانەت حاڵ گەیشتە ئەوەی لە «رەسمی سەگ رەواتریان» نەدەبینی‌یەوەو دەیانگوت ئەم جۆرە رەسمە تەنها خەڵكی بیانی دەگرێتەوە».[٣٧٢]

لە گەڵ ئەوەیش‌دا هەركە ئیرادەی پاشایەتی سەبارەت بە بڵاوكردنەوە وئیش پێ كردنی یاساكە دەرچوو لە هەموو لایەكەوە دەنگی نارەزایی بەرز بووەوە. بە تایبەتی لە ناو كرێكاران‌و ئەو پیشەوەرە بچكۆلانەدا كە لێپرسراوان خۆیان دەیانزانی ئەم یاسا تازەیە چ كارێكی خراپ دەكاتە سەر ئاستی گوزەرانیان.[٣٧٣]

سەرەنجام كۆمەڵەی كرێكاران‌و پیشەوەران جڵەوی مەسەلەكەیان گرتە دەست‌و جەماوەریان رووەو بزووتنەوەیەكی ئەوتۆ برد، لە مێژووی هاوچەرخی عیراق‌دا بێ هاوتایە. لە روژی ٢٧ ی حوزەیران‌دا سەرۆكی ٢٣ كۆمەڵەو پیشەی

جیاجیا له بارەگای «کۆمەڵەی سنعاتکاران» کۆبوونەوەو لەناو خۆیاندا وەفدێکیان هەڵبژاردو چاویان به ئەمینداری پایتەخت کەوتو داوایان لێ کرد یاسای ناوبراو هەڵبووەشێننەوە، یاخود ئەو رەسمانەی بە سەر خەڵکیدا سەپێنراوە کەم بکرێنەوە. لە هەمان رۆژیشدا سەرکردەکان ئەرزوحاڵێکیان دا بە وەزیری ناوخۆو داوایان کرد ئەو یاسا نوێیە گەر بێو بچەسپێنرێ «بەتەواوی لەناومان دەبا»، وەك لە دەقی ئەرزوحاڵەکەدا نووسیویانە.(٣٧٤)

«کۆمەڵەی کرێکاران‌و پیشەوەران» لە سەرو هەموویشیانەوە «کۆمەڵەی سنعاتکاران بەردەوام بوون لەسەر پروپاگاندەی خۆیان‌و دەیانویست جەماوەر ئامادە بکەن بۆ شتێك «نارەزایی کۆمەلانی خەڵك بە پیشەوەرو سنعاتکارانەوە لە ئەنجامی سەپاندنی یاسای رەسمی شارەوانی‌یەکاندا، نیشان بدا».(٣٧٥)

کاتێکیش کە زانرا هەموو ئەو هەوڵ‌و تەقەللاو ئەرزوحاڵ پێشکەش کردنەی کۆمەڵەکان ئەنجامێکی هەست پێکراوی بە دەستەوە نەدا، سەرکردەکانیان بیریان لە مانگرتنی گشتی‌ی کردەوە لە ٣٠ حوزەیراندا. هەر ئەوەندەی وەزیری ناوخۆی ئەوسا «موزاحیم ئەلپاچەچی» هەواڵەکەی پێ گەیشت، ئیتر کەوتە پەیوەندی کردن لەگەڵ سەرکردەی کۆمەڵەکان‌و دواجار قایلی کردن بەوەی دەستبەرداری مەسەلەی مانگرتن ببن، چونکە نیاز وایە بە پێی ئەو دەسەلاتەی پێی دراوە، ئەو رەسمانەی یاساکە دەست نیشانی کردوون کەمیان بکاتەوە. ئەوە بوو لە رۆژی دیاری کراودا لە شاری «حیللە»و «دیالە» نەبێ، لە هیچ شوێنێکی تر مانگرتن رووی نەدا.(٣٧٦) هەر زوویش دەستەکەی وەزیری ناوخۆ کەوتە روو کە دەیویست کاتیان پێ بەسەر بەرێو بەداپلۆسین‌و تۆقاندن یان بە دەستخەرۆ کردن‌و هەڵخەڵەتاندن دووبەرەکی‌ی بخاتە نێوان سەرکردەی کۆمەڵەکانەوە.(٣٧٧) ئەنجام دەرکەوت کە توانیویەتی بە شێوەی جۆر بەجۆر کار بکاتە سەر چەند سەرکردەیەکیان.(٣٧٨)

ئەم هەڵوێستەی وەزیری ناوخۆ وای لە سەرکردەکانی کۆمەڵەی کرێکاران وپیشەوەران کرد، جارێکی‌تر بیر لە مانگرتن بکەنەوە؛ بە تایبەتی کە زانی‌یان کۆمەلانی خەڵك بە گەرمی‌ی پشتگیریی چالاکی‌یەکانیان دەکەن. لە هەمان کاتدا «ئەلقەزان» هەوڵی دا، وا لە سەرکردەکانی ئەپوزیسیۆن بکا پشتگیریی بکەن، لەوانە «جەعفەر ئەبو لتمەن»و «یاسین ئەلهاشمی»و «رەشید عالی ئەلگەیلانی» و «وایان لێ بکا بەلای مانگرتن‌دا رایان بکێشێ».(٣٧٩) هەر بە راستیش ئەوانە هانی مانگرتنەکەیان‌داو ژمارەیەکی باش لە دۆست‌و لایەنگیرەکانیان کەوتنە پروپاگاندە کردن بۆ سازدانی مانگرتنەکە، بە تایبەتی لە شارەکانی

تردا.(٣٨٠)

پاش ئەوەی گوێچکەی جەماوەر بە مانگرتنی گشتیی ئاو درا، ڕۆژی ەی تەمموز دانرا بە یەکەم ڕۆژی مانگرتن. کۆمەلانی خەلکیش بە گەرمیی بە پیر مانگرتنەکەوە چوون و بەڕادەیەکیش سەرکەوتنی وەدەست هێنا، تەنانەت ئەوانەی سازیان کردبوو بە تەمای ئەو ئەنجامە نەبوون.(٣٨١) چی دوکان و چاپخانەو ئەجزاخانەی پایتەخت هەیە لەگەل دوکانی پیشەوەراندا، لەو ڕۆژەداو بێ سێ و دوو کردن داخران. ئەمە وای لە میری کرد لە یەك کاتدا هەم ڕێگای دەسخەڕۆ کردن و هەم ڕێگای تۆقاندن بگرێتە بەر. لە ڕۆژی یەکەمی مانگرتنەکەدا چاودێری بیروی چاپەمەنی بەیاننامەیەکی بەناو خەلکییدا بلاوکردەوە تێیدا بە سەرێك گفت و پەیمان تازە دەکاتەوە و هەولی قایل کردنی دلی جەماوەر دەداو بەسەرێکی تریش هەرەشەو گورەشە دەکا. بەیاننامەکە لە لایەکەوە وای دەردەخا گوایە، ناوەڕۆکی ئەم یاسا نوێیە «شتێکی چەسپاو نییەو ئەشێ دەستکاری بکرێ و کەم بکرێتەوەو لێی چز بکرێ» ومیرییش بڕیاری داوە «کەس بە زۆر نەخاتەوە سەر ئیش و کاری خۆی و دوکانی پێ نەکاتەوە»و «نایەوێ دەست بخاتە کاروباری کەسەوەو دوکانیان پێ دابخا، یان پێیان بکاتەوە» لە لایەکی تریشەوە بەیاننامەکە ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە میری سوورە لەسەر ئەوەی «هەر کەسێك سەربەستی خەلکیی زەوت بکا یاسای بەسەردا بچەسپێنێ و سزای بدا» ئینجا هەڕەشەی ئەوە دەکا، گەر بێ و «ئەمڕۆ شوفێرەکان نەچنەوە سەر ئیش و کاری خۆیان» ئیجازەی لێخوڕینیان لێ دەسێنرێتەوەو «یاسای تەندروستیی بەسەر ئەو ئەجزاچییانەیشدا دەچەسپێنرێ کە ئەجزاخانەکانیان داخستووە».(٣٨٢) لە هەمان کاتدا پۆلیس بەشەقامە گشتییەکاندا بلاو بووەووە دەستیان کرد بە بلاوە پێ کردنی کۆڕو کۆمەل و «لێدانی ئەو کەسانەی نەیان دەهێشت خەلکی دوکان بکەنەوە » وەك ڕۆژنامەکانی سەر بە میری باسی دەکەن(٣٨٣) ئەم ڕۆژنامانەیش لای خۆیانەوە کەوتنە هان دانی خەلکی بۆ ئەوەی بچنەوە سەر کارو فرمانی خۆیان(٣٨٤) پاشان چەند سەرکردەیەکی کۆمەلە پیشەیی و کرێکاری یەکان و لە پێش هەموویانەوە « محەممەد سالح ئەلقەزاز » و « محەممەد مەکی ئەلئەشتەری و « عەبدوللا ئەلبەدری » کە تازە بوو بووە سەرۆکی « کۆمەلەی کرێکارانی چاپخانەکان » و « محەممەد یاس ئەلبەیاتی » و چەند کەسێکی تریش ، لەلایەن پۆلیسەوە گیران و تۆمەتی هاندانی خەلکییان خرایە پال(٣٨٥) .

بەياننامەی ناوبراوو هەموو هەنگاوەکانی تری میری ، نەیانتوانی ئەوەندەی تۆزێك ورەی خەڵکی ی بهێننە خوارەوە . دانیشتووان قایل نەبوون بچنەوە سەر کاروباری خۆیان ؛ کرێکاران و پیشەوەران بەردەوام لە کوڵان و جادەکاندا کۆڕو کۆمەڵیان دەبەست . گرووپە جیاجیاکانی ئەپۆزیسیون ، بە تایبەتی باڵە نیشتمانییەکەی ، پشتگیریی مانگرتووەکانیان دەکردو هانیان دەدان لەسەر ئەم کارەیان بەردەوام بن کە تێکرای دانیشتووان پێی گەشکەدار بوون . لە بەردەم ئەم واقیعەدا میری بۆ شکاندنی مانگرتنەکە پەنای بردە بەر رێگایەکی تر . فەرمانی بە داموو دەزگاکانی شارەوانیدا چی لە توانادا هەیە بیکەن و بەزوویی چەردەیەکی زۆر گۆشت و سەوزەو میوەو شتی پێویست بە نرخێکی هەرزان بخەنە بازارەوە . بەڵام دانیشتووان بە پیرییەوە نەچوون و شارەوانییەکان ناچار بوون هەموو ئەو شتانە فڕێ بدەنە رووباری دیجلەوە[٣٨٦]. ئا ئەم یەکێتیی و یەك دەنگییە بێ هاوتایە ، ئەوەندەی تر دەروونی هاووڵاتیانی لە شارەکانی تردا وروژاندو دانیشتووان بە گەرمیی پشتگیریی مانگرتنە گشتییەکەی پایتەختیان کرد . هەندێ لەو شارانەیش ئیعلانی مانگرتنیان کرد ، وەك لە « حیللە » و « دیوانییە » و « مونتەفیك » و « بەسرە » رووی دا .

سوور بوون لەسەر ئەو هەڵوێستەی پەرەسەندنی رووداوەکان بەو خێراییە میری ناچار کرد پاشەکشە لە هەڵوێستی خۆی بکا . وەزیری ناوخۆو جێگری سەرۆك وەزیران « موزاحیم ئەلپاچەچی » وەفێکی لە « قاسم پاشا ئەلخضەیری » ی سەرۆکی ژووری بازرگانیو[٣٨٧] بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس و ژمارەیەکی تر خەڵکی خاوەن پلەوپایە ، پێکهێناو ناردنی بۆ بەندیخانەی مەرکەزی ، تا وتوویژ لەگەڵ سەرۆکی کۆمەڵەکاندا بکەن . بەڵام بە هۆی پێ داگرتنی « ئەلقەزاز » و هاوەڵەکانی لەسەر لابردنی یاسای رەسمی شارەوانییەکان نەگەیشتنە ئەنجامێکی ئەوتۆ.[٣٨٨] پاشان « ئەلپاچەچی » بانگی کردنە دیوانی وەزارەت و بە ئامادە بوونی ئەمینداری پایتەخت و موتسەڕیفی لیواو سەرۆکی ژووری بازرگانیو هەندێ خەڵکی تر ، لە گەڵیاندا کۆبووەوەو پەیمانیدا گەربێ و کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بهێنن ، دەست بەجێ فەرمان بە « داموو دەزگاکانی شارەوانی دەدا کە .. بڕیاری لابردنی هەندێ لەو رەسمانەو کەمکردنەوەی هەندێکی تریان بدا ، بە شێوەیەك لەگەڵ خواست و ئارەزووی هاووڵاتیان و گیرو گرفتی ئابوری ئێستادا بگونجێ[٣٨٩] » .

ئەم گفتەی وەزیری ناوخۆ ئەگەرچی ناکۆکی خستە ناو سەرکردەکانەوە بەڵام وەك ئەوە وابوو ئاسنی سارد بکوتێ . هەبوو باوەڕی بە گفتو پەیمانی « ئەلپاچەچی » نەبوو ، لەبەر ئەوە داوایان دەکرد لە سەر مانگرتن بەردەوام بن . هەیش بوو ، قسەکانی ئەو کاری تێ کردبوون و رایان وابوو کۆتایی بە مانگرتنەکە بهێنن. جا لەترسی ئەوەی ناکۆکی ناوخۆیان لەوە زیاتر پەرە نەستێنێ « ئەلقەزاز » پێشنیازی کرد ، دوو بەیاننامە بڵاو بکرێتەوە ، یەکێکیان بەناوی میری یەوە بێ و تێیدا پەیمان بدا ئەو رەسمانەی تازە دانراون لەسەر دانیشتووان لا دەبرێ ، یاخود کەم دەکرێنەوە . دووەمیشیان ، بە ناوی سەرۆکی کۆمەڵەکانەوە بێ و تێیدا بەخەڵکی رابگەیەنن بەشێوەیەکی کاتی ی بچنەوە سەر کارو فرمانی خۆیان. ئەوەبوو ، لە پاش نیوەڕۆی ۷ ی تەممووزدا ، بەیاننامەیەك بە ناوی ۱۸ سەرۆك کۆمەڵەوە ، بڵاو کرایەوە تێیدا داوا « لە گەلی عیراقی ئازادیخوازو مانگرتووەکان دەکان بچنەوە سەر ئیش و کاری خۆیان » و رایان گەیاند کەوا لیژنەیەکیش بە سەرۆکایەتی « ئەلقەزاز » و ئەندامێتی ی « سەرۆکی کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان » « محەممەد مەکی ئەلئەشتەری » و سکرتێری کۆمەڵەی میوە فرۆشان « حەسوون ئەبولجبن » پێکهاتووە ، بۆ « وتووێژ کردن لەگەڵ میری و جێ بەجێ کردنی ئەو گفتو پەیمانانەی داوێتی » بە مەرجێك ئەو لیژنەیە ئەنجامی کاروبارەکانی راستەوخۆ بە خەڵکی ی رابگەیەنێ پاشان سەرۆکی کۆمەلەکان بەیاننامەکەیان بەم شێوەیە کۆتایی پێ دەهێنن و دەڵێن : « گەربێ و میری گفتی خۆی نەباتە سەرو خوا نەخواستە ـ ویستو ئارەزووی خاوەن پەرژەوەندی یەکانی جێ بەجێ نەکرد پیشەوەرو سنعاتکاران ، بۆیان هەیە دەست بە مانگرتن بکەنەوەو چ رێگایەك بە رەواو لەبار دەزانن لە پێناوی ئاواتەکانی نەتەوەدا بیگرنە بەر »[٣٩٠]

بەڵام لێرەدا جەماوەر رای خۆی سەپاندو پێش هەڵوێستی سەرکردایەتی کەوت . ژمارەیەکی زۆر کەم « قەساب » و « دوکاندار » و « چایچی » نەبێ ، کەس بە دەنگ ئەو بانگەوازەوە نەچوو . ئەوانەی لایەنگیری مانگرتن بوون بە هەندێ ئەندامی نیقابی و خەڵکی سەر بە ئەپۆزیسیونیشەوە کەوتنە هاندانی جەماوەر ، تاوەکو لەسەر مانگرتن بەردەوام بن ، ئەمەیش وای لەوانی تر کرد لە هەڵوێستی خۆیان پاشگەز ببنەوەو رۆژی دوایی سەر لەنوێ دوکانەکانیان داخست[٣٩١] ئەم هەڵوێستە ئەوەندەی تر ئەو سەرکردانەی هاندا کە لایەنگیری مانگرتن بوون ، لە پێش هەموویانەوە « ئەلقەزاز » تاوەکو لە بڕیارەکەی پێشوویان پاشگەز ببنەوە ، بە تایبەتی کە دەرکەوت وەزیری ناوخۆ هیچ

هەنگاوێکی ئەوتۆی نەهاویشتووەو نیازی چاکەی لێ چاوەڕوان ناکرێو جێگەی دڵنیایی نی‌یە .

بەو جۆرە مانگرتنەکە تا دەهات توندو مەودای فراوانتر دەبوو، بە ڕادەیەك پەلی بۆ شارەکانی تریش هاویشتو لە هەندێکیان‌دا بووە جێگای مەترسی، بەتایبەتی کە پۆلیس دەستی خستە کاروباری مانگرتنەکەوەو چەند کەسێك لە مانگرتووەکان کوژران، وەك‌لە «ناسری‌یە» رووی‌دا.[292] لە «بەسرە»یش مانگرتن سەرانسەی شاری گرتەوە ولە شوێنی خۆی‌دا بە درێژی باسی دەکەین.

بەو پێ‌یە لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم‌دا مانگرتن بە جۆرێك پەرەی سەند، بووە بزووتنەوەیەکی نیشتمانی‌ی‌و داوای رووخاندنی وەزارەتو دانانی سنوورێکی دەکرد بۆ زوڵم‌و ستەم؛[293] دیارە ئەمەیش وای لە رژێم کرد بە توندیی رێگای داپلۆسین‌و سەر کوت کردن بگرێو نەهێڵێ ئەم بارو دۆخە بگاتە رادەیەك توانای چارەسەر کردنی پێ نەمێنێ. ئەوە بوو مەرسوومێکی پاشایەتی دەرچوو. بە پێی ئەو مەرسوومە ماددەی ٨٤ی یاسای سزا بەغدای‌یەکانی بە شێوەیەك گۆری، کاربەدەستە ئیداری‌یەکانی شارو قەزاو ناحی‌یەکان، بۆیان هەبوو بلاوە بە هەموو کۆر کۆبوونەوەیەك بکەن کە لە پێنج کەس‌و زیاتر لەوانەی گومان لە هەڵس‌و کەوتیان دەکرێ پێکی بهێنن.[294] ئنجا ژمارەیەکی‌تر سەرکردەو لایەنگیری بزووتنەوەکەیان گرت. هێزەکانی میری لە شەقامەکانی پایتەخت‌دا، دابەزین و لە شوێنە گرنگەکان‌دا رەشاشیان دابەست. چەند هێزێکی پۆلیس‌و سوپایش خرانە حاڵەتی «إنذار»ەوەو بۆ کاتی پێویست ئامادە کران.

ئەم هەنگاوانەی دوایی رژێم، ئەوەندەی‌تر هاوولاتیانی تووڕە کرد. پەیتا پەیتاو لە زۆر شوێنەوە برووسکەی ناڕەزایی کرایە سەر میری. حزبە ئەپۆزیسیۆنەکان یادداشتیان دا بە جێگری مەلیك‌و[295] تێیدا ئەو کردارە ناڕەوایانەی پۆلیس «کە هێندە دڵ ڕەقانە بوون، لە سنووری ئەرکی وەزیفە چووبوونە دەرەوە» باس کرا. وەك لە دەقی ئەو یادداشتەدا نووسراوە کە هەردوو حزبی «الوطنی العراقي» و «الاخاء الوطنی» پێشکەش‌یان کرد.[296]

ڕووداوەکان بە خێرایی پەرەیان سەندو تا دەهات باری وولات بە شێوەیەکی ترسناك بەرەو خراپی‌ی دەچوو، بە ڕادەیەك وا چاوەڕوان دەکرا جڵەوی کار لەدەست لیپرسراوان دەربچێو مانگرتنەکە ببێتە «شۆڕشێکی مەزن لە عیراق‌دا». لەبەر ئەوە جێگری مەلیك ناچار بوو بروسکەیەك بنێری بۆ

«فەیسەڵی یەکەم» وداوای لێ بکا بە زوویی بگەڕێتەوە بۆ بەغدا»وگەر ئەمەیش نەکرا، «دەبێ سەرۆك وەزیران دەستبەجێ بگەڕێتەوە».[٣٩٧] ئەوەبوو، لە رۆژی ١٥ی تەمووزدا «نوری سەعید» کەڕایەوەو لەسەر رەوشتی هەمیشەیی خۆی لەم چەشنە زرووفانەدا، بۆ گورجی ی چەند هەنگاوێکی نا. هەندێکیان بە نیازی دەستخەرۆ کردن و هەندێکی تریشیان بۆ سەلماندنی دەست و دەسەلاتی رژێم. هەر ئەو شەوەی گەیشتە بەغدا کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران کرد، چوار سەعاتی خایاند. پاشان سەرۆکی کۆمەڵەکانی لەبەندیخانەوە هێناو لەگەڵیان دا کەوتە وتوویژ کردن سەبارەت بە کۆتایی هێنان بە مانگرتنەکەو گفتی دا سەر لە نوێ چاو بە «یاسای رەسمی شارەوانی یەکان»دا بگێڕێتەوە هەر لەوێدا فەرمانی بەرەڵلا کردنی خۆیان و هاورێکانیانی دەر کرد.[٣٩٨] دوای ئەوە بەیاننامەیەکی دیماگۆگی یانەی بۆ رۆڵەکانی گەلدەرکردو رای گەیاند کە میری «تەنها لەبەر ئەوە یاسای رەسمی شارەوانی یەکانی داناوە، تاوەکو هەندێ رەسم لەسەر چەند پیشەوەرو سنعاتکارێك لابچێ». لە ناو بەیاننامەکەدا دەست بۆ ئەوەیش رادەکێشێ کە «میری بە هەموو هێزو توانایەکی یەوە» و «زۆر بە توندیی» لەگەڵ ئەو «تاقمە خەڵکەدا»[٣٩٩] دەجوولێتەوە کە هانی دانیشتووان دەدەن مان بگرن. لەسەر فەرمانی «نووری سەعید»یش ئەنجومەنی ئەمینداریتی پایتەخت دەمو دەست بریارێکی دەرکردو بە پێی ئەو بریارە رەسمی لەسەر ١٩ جۆر پیشەوەرو سنعاتکاری گرنگ لابرد، وەك «قەساب» و «میوەفرۆش» و «نانەوا» و چەند پیشەوەرێکی تر لەوانەی لە بواری خزمەتگوزارییدا هەڵئەسوورێن.[٤٠٠] هەمووی چەند رۆژێکیشی نەبرد بریارێکی تری لەو بابەتە دەرچوو، تێیدا رەسم لەسەر ١٧ جۆر پیشەی تر لابراو بە شێکی زۆری ئەو رەسمانەی کەم کردەوە کە «یاسای رەسمی شارەوانی یەکان» دایناببوون.[٤٠١] هەروەها دەستبەجێ وەزارەت چەند هەنگاوێکی رووکەشی نا، وەك بیەوێ لە خەڵکی ی بگەیەنێ گوایە بایەخ بە کارو باری کرێکاران دەدا. بۆیە دەسەلاتی سکرتاریەتی شارەوانەیەکانی فراوانتر کردو خۆی وا نیشان دا کە «چاودێریی هەل و مەرجی ئیش کردن دەکاو لە گوزەرانی کرێکاران دەکۆڵێتەوەو هەوڵ دەدا هۆیەکانی خۆش گوزەرانی یان بۆ دابین بکاو دەیەوێ ئاگای لەوە بێ ئاخۆ تا چ رادەیەك ئەو یاسایانەی پەیوەندی یان بە رێکخستنی کرێکارانەوە هەیە جێ بەجێ دەکرێن...». ئەو رۆژنامانەی بە زمانی وەزارەتەوە قسەیان دەکرد، موژدەیان بە خەڵکی ی دا، گوایە میری «دەیەوێ یاسایەك بە ناوی یاسای ماڧی کرێکارانەوە دەر بکا» و

دەیانگوت مەبەستیش لەم یاسایە ئەوەیە: «ژیان و خۆشگوزەرانی ی بۆ ئەم چینە ئیش‌کەرە دابین بکا کە رۆژ لە زیاد بوون‌دایە».(٤٠٢) دیارە ئەو هەنگاوانە لەوە بەولاوە هۆیەك بوون بۆ ئیفلج کردنی هەست و هۆشی ئەو چینەی بووبووە هێزی بزوێنەری مانگرتنەکە، هیچی تر نەبوون.

لە هەمان کات‌دا رووەکەی تری سیاسەتی «نووری سەعید» کە دەیویست دەستبەجێ مانگرتنەکە سەرکوت بکا، دەرکەوت. رۆژی دوای گەرانــەوەی بۆ بەغدا، مەرسوومێکی پاشایی دەرکرد بریتی بوو لە شەش ماددەی ئەوتۆ تەنانەت کاربەدەستان خۆیشیان دانیان پیا دەنا کە لەگەڵ دەستووری وولات‌دا ناگونجێ. ناوەرۆکی مەرسوومەکە ئەوەی دەگەیاند بە لێدانی سەرکردایەتی و ئــەوانەی هانەهانەی خەڵکی‌یان داوە، کۆتایی بە مانگرتنەکە دێ.(٤٠٣) بەلام پێش ئەوەی سەرۆك وەزیران پیلانەکەی جێ بەجێ بکا، بارو زرووف بەسرە بە خێرایی و بە شێوەیەکی ترسناك تەقی‌یەوە. لە ١٥ی تەمووزدا ئەو شارە بانگی مانگرتن‌یان هەڵداو مانگرتووەکان نزیکەی دوو رۆژ دەستیان بەسەر کارو باردا گرت.(٤٠٤) لەو ماوەیەدا چەند جارێك خۆ نیشان‌دانی جەماهیری لە دژی رژێم و بەریتانیا ساز کرا. ئینگلیز هێزەکانی خۆی ئامادە کرد تا بەناوی پارێزگاری کردنی هاوڵاتی‌یە ئینگلیزەکانەوە بێتە ناو شارەوە. لە دووەم رۆژی مانگرتنەکەدا خۆ نیشان دەران گوللەباران کران و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژراو بریندار کرا. بــە پێچەوانــەی هەرچی داب و نەرێتەوە هەیە دەست کرا بە جێ بەجێ کردنی «یاسای داوای عەشایەری» دژی ئەو مانگرتووانەی شارنشین بوون،(٤٠٥) پاشان هێزێکی سوپاو پۆلیس بە فرۆکەو شــەمەنــدوەمەر گــوێزرایــەوە بۆ «بــەسرە».(٤٠٦) رۆژی ٢٠ی تــەمموز ســەرۆك وەزیران بــە فرۆکــە گەیشتــە «بــەسرە» تــاوەکــو خــۆی ســەرپەرشتی ی کــۆتایی پێ هێنــانی مانگــرتنەکــە بکا.(٤٠٧) جــا بە هــۆی ئەو زەبروزەنگەوە کە هێزەکــانی پۆلیس نــواندیــان و لە دوای گرتنی ژمــارەیەك لە چالاکترین پیاوانی بزووتنەوەی نیشتمانی ی، «نووری سەعید» بە ئاواتی خۆی گەیشت.

بەو جۆرە «نووری سەعید» توانی ئەو مانگرتنە گشتی‌یەی دژی «رەسمی شارەوانی‌یەکان» ساز کراو لە مێژووی سیاسی عیراق‌دا جێگایەکی بە ناوبانگی داگیر کردووە،(٤٠٨) ســەرکوت بکــا. جا ئیتــر بایــەخی ئــەم روو داوە، هــۆیــە پاڵپێوەرەکانی بووبێ، یان بە هۆی ئەنجام و سرووشتی سەرکردایەتی یەکەوە بێ. ئەوەیش لەو لاوە بووەستێ کە خۆی لە خۆی‌دا گۆرانێکی چۆنیەتی بوو لە

شێوەی خەباتی جەماوەرداو بۆ یەکەم جار چەکی ئابوری کرایە هۆی جێ یەجێ کردنی داخوازیی گشتیی بۆ سەرجەم کۆمەلانی خەلك. بەلای هەندێ سەرچاوەوە، زەرەروزیانی ئەو مانگرتنە رۆژی لە نیوملیۆن روپیە کەمتر نەبووە.[٤٠٩] شایانی باسە رۆژنامە بیانیيەکانی ئەو رۆژگارە باسی خاسیيەتەکانی ئەم مانگرتنە دەکەنو لایان وایە رووداوێکی «سەیرەو تا ئێستا شتیوا رووی نەداوە» لە عیراقدا.[٤١٠] بە پێی ئەو چەند بەلگەیەی لەبەر دەستدان وا پێ دەچێ سەرکردایەتی مانگرتنەکە بە تەنها بریتی نەبووبێ لە سەرۆکی کۆمەلە پیشەیيو کرێکاریيەکانو هەندێ لەسەر کردەکانی ئەپۆزیسیون، بەلکو رەگەزی نوێو شۆرشگێر تریش تێکەلی بوون، دیارەئەمەیش هەنگاوێکی ترە لە سەر رێگای خەباتی زەحمەتکێشانی عیراق. لێرەدا گرنگیش ئەوەیە دەست بۆ ئەو قسانە رابکێشین کە «نووری سەعید» لەبەردەم پەرلەماندا کردی. ئەوەتا دەلێ: «هەندێ کۆمەلەی نهێنی» ئەو مانگرتنەیان رێك خستبوو.[٤١١] ئەوەیشی کە ئەم قسەیە دەسەلمێنێ، هەلوێستی مانگرتووەکانە بەرامبەر بەو بانگەوازەی سەرکردەکانیان لە رۆژی ٧ی تەمووزدا دەریان کردو تێیدا داوایان لێ کردن بچنەوە سەر کارو فرمانی خۆیان.[٤١٢] ئەو کاتەیش کە بانگی مانگرتنەکە هەلدرا، چەند جارێك بە هیما رۆلی گرنگی «تیوریستانی کۆمەلەکان» نیشان دراوە کە چۆن دەوریان لە سازکردنی مانگرتنەکەدا گێرا.[٤١٣]

هەموو ئەمانە وایان لە کۆنەپەرستانی عیراق کرد زیندە بەچال کردنی بزووتنەوەی کرێکاران بە ئەرکی سەرەکیی ئەو کاتە دابنێن. هەر ئەمەیش هۆی مەنتیقیی ئەو هێرشە فراوانەیە کە لە رۆژانی مانگرتنی کرێکارانی رێگای ئاسنو مانگرتنە گشتیيەکەی دژی «یاسای رەسمی شارەوانیيەکان»، کرایە سەر کرێکارانو رێکخراوەکانیان، بە تایبەتی ئەو هێرشەی میری لە پاش کۆتایی هاتنی مانگرتنەکە بەرپای کرد. هەر وەك لە کاتی خۆیدا باسمان کرد، رژێم بە چەندین شێوە هەولیدا دەست لە «کۆمەلەی سنعاتکاران» بووەشێنێ. چونکە لە کۆمەلەکانی دی زیاتر بە تەنگ مەسەلەکانی چینی کرێکارانەوە بوو. سەبارەت بە بەرگری لێ کردنیشیان، ئەم کۆمەلەیە لە هەمووان چالاکانەتر ئیشی بۆ دەکرد. لە گەرمەی رۆژانی مانگرتنی گشتیيدا، هێرشی میری لە دژی کۆمەلەی ناوبراو، لە هەموو کاتێك توندو تیژ تر بوو. کاتێکیش چەند لایەنێکی سەر بە رژێم توانیيان ویژدانی هەندێ ئەندامی کۆمەلە بکرن، لە رۆژی ٢١ی ئابی سالی ١٩٣١ دا و لەکاتی هەلبژاردنی دەستەی بەرێوەبەدا، ئەوانە ئاژاوەیەکیان نایەوەو

«ئەلقەزان» و هاوەلە کانیان بەوە تاوانبار کرد، گوایە ساختە لە هەڵبژاردنەکەدا دەکەن.

ئەمەیشیان کردە بیانووی ئەوەی ئەرزوحال بدەن بەوەزارەتی ناوخۆو داوای لێ بکەن کۆمەڵ دابخا، «چونکە بە پێچەوانەی یاساوەو بە شێوەیەك ئیش دەکا دژی پەرژەوەندی گشتییە». وەزارەتی ناوبراویش ئەم ئەرزوحاڵەی کردە بەڵگەودای بەسەربارەگای کۆمەڵداو دایخست.(٤١٤) رۆژنامەی «الاخاء الوطني» دەربارەی داخستنی کۆمەڵەو راوەدونانی سەرۆکەکەی دەڵێ:

«.. میری بە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی یاسایی بەدەستەوە بێ، کۆمەڵەی سنعاتکارانی داخست. کاتێکیش داوای لێ کرا هۆی لە کار خستنی کۆمەڵەی ناوبراو بە خەڵکی ی رابگەیەنێ، هیچ شتێکی بە دەستەوە نەبوو بیکاتە بەهانە بۆ ئەم بڕیارەی. تا ئێستایش راوە دووی باوەڕپێکراوی کۆمەڵەو هەندێ لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرەکەی دەنێو بە تۆمەتی جۆر بەجۆر تاوانباریان دەکاو رایان دەکێشێتە بەردەم دادگا، کەچی ئەوەندەی پێ ناچێ دادگا لەبەر بێ تاوانیی بەرەڵلایان دەکا. بە راستیی ئەم دەست وەشاندنەی میری لە کۆمەڵەیەکی ئەدەبیی کارا، ئەوەندە کاریگەر بوو، کرێکاران و پیشەوەران و سنعاتکارانی بە تەواوی پەرەوازە کرد...»(٤١٥)

بەرامبەر بەم هەڵوێستەیش، ئەو رۆژنامانەی سەر بە میری بوون، لە پیش هەموویانەوە رۆژنامەی «العراق» و «صدى العهد» کەوتنە بوختان کردن و تۆمەت هەڵبەستن دژی «کۆمەڵەی سنعاتکاران»، لەهەمان کاتیشدا «محەممەد ساڵح ئەلقەزان» ی سەرۆکی کۆمەڵە کەلەو کاتەدا لەگەڵ دەستەیەك لە هاوڕێیانی گیرابوون، کەوتبووە بەر هێرشی تانەو تۆمەتی ناڕەوای ئەم رۆژنامانەو(٤١٦) بەوە تاوانبار دەکرا گوایە دەستی خستووەتە هەڵبژاردنەکەی دەستەی بەڕێوەبەری « کۆمەڵەی سنعاتکاران » ەوە.(٤١٧)

هەر لەو ماوەیەدا « کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیکی عیراق » پەردەی لەسەر روو ی راستەقینەی خۆی هەڵماڵی و بە گەرمیی پشتگیریی هەنگاوەکانی وەزارەتی ناوخۆی کرد، بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە « کۆمەڵەی سنعاتکاران » ەوە هەبوو. ئەمیان کۆمەڵی ناوبراوی بەوە تاوابنار دەکرد گوایە توخنی سیاسەت کەوتووەو « بۆ مەبەستێك کە لەگەڵ ئامانجەکانیدا ناگونجێ » جووڵاوەتەوە. سوپاسی میریش دەکا کە ئەو کۆمەڵەی « لەکارخستووە »(٤١٨) سەرۆکە تازەکەی « کۆمەڵەی میوە فرۆشان » یش هەمان رێگای ئەوی گرت و لە زۆر بۆنەدا هێرشی کردەسەر « کۆمەڵەی سنعاتکاران » و سەرکردەکانی. شێوەی داڕشتنی ئەو باس و وتارانەیش لە رووی زمانەوانییەوە هێندە توندو تۆڵ بوون،

ئەوەیان دەگەیاند کەچەند دەستێك هەن بە دزی‌یەوە هەڵی دەسووڕێنن.[٤١٩]

هەر لەو کاتەدا یەك لە دوای یەك حوکمی ئەوانەیش درا کەبە شداری‌یان لە مانگرتنەکەدا کردبوو، بە تایبەتی ئەوەی « بەسرە ». زۆر جاریش دامودەزگای پۆلیس ئەو حوکمانەی « إستئناف » دەکرد کە دەرهەق بە نیشتمانپەروەران دەر کرابوون‌و داوای دەکرد حوکمی گرانترو قورستریان بەسەردا بسەپێنرێ.[٤٢٠]

لە هەمووی ترسناك‌تر ئەوەبوو، رژێم هەوڵی‌دا چینی کرێکار بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە؛ بەوەی سەرکردایەتی‌یەکی نوێی لەو کەسانە بۆ دروست کرد کە بە شێوەی جۆر بە جۆر کڕیبوونی. دیارترینی ئەو کەسانەیش « عەبدولڕەزاق ئەلسامەڕائی» بوو کە کاتی خۆی ئەندامێکی چالاکی « کۆمەڵەی سنعاتکاران » بوو.[٤٢١] «ئەلسامەڕائی» کۆمەڵێکی نوێی بە ناوی «کۆمەڵەی کرێکارانی عیراق»ەوە دامەزراند، تاوەکو بە قسەی خۆی جێگای « کۆمەڵەی سنعاتکاران » بگرێتەوەو « حکوومەتی خاوەن شکۆ » یش دەستبەجێ بڕیاری‌دا ماوەی ئەو کۆمەڵە نوێیە بدرێ، چونکە « خاوەن شکۆ وا دروست بووە کرێکارانی خۆش بوێ‌و بەزەیی پێیان‌دا بێتەوە » وەك « ئەلسامەڕائی » وەسپی دەکا.[٤٢٢] دواییش دەرکەوت فەرمانبەرێکی وەزارەتی ناوخۆ پەیڕەوی ناوخۆی « کۆمەڵەی کرێکارانی عیراق » ی نووسیوە.[٤٢٣]

نۆبەرەی کاری « کۆمەڵەی کرێکارانی عیراق » ئەوە بوو، لە رۆژی ٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣١ دا، یادداشتێکیان پێشکەش بە «خاوەن شکۆ، باوکی کرێکاران» کرد و تێیدا بە گەرمی‌یەوە پشتگیری داخستنی «کۆمەڵەی سنعاتکاران» دەکەن.[٤٢٤] لە کۆتایی یادداشتەکە دا، «ئەلسامەڕائی» کە خۆی بە «نۆکەری ئەڵقە لە گوێی خاوەن شکۆ »[٤٢٥] دەزانێ، رووی دەم دەکاتە مەلیك فەیسەڵی یەکەم‌و دەڵێ:

«.. لەبەر ئەوەی هەر نەمامێك بەڕێزتان بەشداریی لە ناشتنی‌دا نەکەن نایەتە بەر، لە بەڕێزتان دەپاڕێینەوە لێمان قبووڵ بکەن ببنە سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتی‌ی کردن[٤٢٦]، بە مەیش بەرگی شەرەف بە بالای ئەم کۆمەڵە دەبڕن‌و بۆ ئەوەی ـ ئەی باوکی هەمووان ـ ئەو رێگایەمان بۆ رۆشن بکەنەوە کە لەسەری دەڕۆین‌و بە هۆیەوە کرێکاران دەگەیەنینە ریزی کرێکارانی نەتەوە پێشکەوتووەکان‌و بۆ ئەوەی دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکەن‌و ئێمەیش دەستگیرۆیی کرێکارە نەداراکان بکەین. خودا، وەك باوکێکی دڵسۆزو رزگاریکەری نیشتمان ئێوەمان بۆ بهێڵێ.. ».[٤٢٧] شایانی باسە « ئەلسامەڕائی » بە

هەمان شێوەیش ڕووی دەمی دەکردە « نووری سەعید » و گەورە لێپرسروان.[٤٢٨]

هەر لەم کاتەدا کۆمپانیا بیانییەکان دەستیان کردەوە بە زوڵمو ستەم کردن لە کرێکارە عیراقییەکان. تەنها لە ماوەی دوو مانگدا « ئەیلوولو تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ » کۆمپانیای نەوتی عیراق نزیکەی سەد کەسی عیراقی بەبیانووی ئەوەی شتێك پارەپاشەکەوت ئەکا، لەکار دەکرد. کەچی بە قەدەر ژمارەی دەکراوەکان خەڵکی بیانیی دامەزراند.[٤٢٩] تەنانەت دوای ئەو مێژووەیش، دەرکردنی بە ئارەزووی کۆمپانیای ناوبراو هەر بەردەوام بوو.[٤٣٠] لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن دەستبەرداری ٥٦ کرێکاری عیراقیی بوو. ئنجا فەرمانێکی دەرکردو بە پێی ئەو فەرمانە هەموو کارگەو بەشێکی سەر بەو بەڕێوەرایەتییە، مانگی ئیش کردن بە نیسبەت کرێکارە عیراقی یەکانەوە کرا بە ١٨ ڕۆژ و بە هەمان ڕێژەیش ڕۆژانەکانیان هێنرایە خوارەوە.[٤٣١]

سێ مانگی تری پێ نەچوو، بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو دەستی لە نزیکەی ٢٠٠ کرێکاری تری عیراقی هەڵگرتو مانگی ئیشکردنی بانیسبەتئەوانەی کە لەسەر ئیش ماون کرد بە ١٥ ڕۆژ.[٤٣٢] پێش ئەوەیش کە کرێکارانی ڕێگای ئاسن بەو هەنگاوە نارەوایە ئاشنا بن، بەڕێوەبەرایەتی ١٢٠ کرێکاری تری عیراقیی دەر کردو ڕۆژانەی ئەوانەیش کە لەسەر ئیش بەردەوام بوون بە نیسبەتی ٥ر١٢٪ هێنایە خوارەوە.[٤٣٣] دوو هەفتەی پێ نەچووو، بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن لیستەیەکی تری دەرکرد تێیدا ٤٠ دارتاشو ژمارەیەکی زۆر فیتەرو تۆڕنەچی عیراقیی دەرکردو سیستەمێکی نوێیشی هێنایە گۆڕێو بە پێی ئەوە، بۆی هەبوو چ کاتێك ویستی ئیش بە کرێکاران بکا، بێ ئەوەی زێدە کرێیان بداتێ.[٤٣٤]

وەنەبێ بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن هەر بەم کارە نارەوایانەوە، ڕاوەستابێ، بەڵکو لەگەڵ کرێکارە عیراقییەکاندا، بەجۆرێکی ئەوەندە ناشایستە دەجووڵایەوە هیچ نەریتو یاسایەك نەیدەگرتەوە. بەنموونە کرێکارێك لە کاتی ئیشدا لە سەر ستوونێك بەر بوو بووەوەو ماوەی سێ مانگی ڕەبەق لە ناو جێگەدا کەوت، کەچی پاش ئەو ماوەیە کە گەڕایەوە سەر ئیشەکەی بینی دەر کراوە.[٤٣٥]

وا پێ دەچێ هەڵسو کەوتی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن وەك پەتایەك تووشی کۆمپانیاو کارگە ئەهلییەکانی تریش بووبێ؛ بە تایبەتی چونکە هەڵوێستی ناڕەوای کۆمپانیا بیانییەکانو زۆر بوونی بێکاریی وایان لە کرێکاران کرد

لەسایەی ناخۆشترین هەلو مەرجی ئیش کردنو بە کەمترین رۆژانە ئامادەی ئیش کردن بن. بۆیە شتێکی سەیر نییە هەندێ دامەزراوەی ئەهلیی رۆژی یازدە تا چواردە سەعات ئیشیان بە کرێکارەکانیان دەکرد.(٤٣٦) « چاپخانەی حکوومەت » یش لای خۆیەوە، بەبیانووی کەم کردنەوەی ژمارەی کرێکارەکانییەوە، دەستبەرداری چەند کرێکارێك بوو. کەچی « لەبەر زۆریی ئیش »(٤٣٧) زێدەکاری بە کرێکارەکانیتر دەکرد.

لەگەڵ هەموو ئەمانە، رۆژگارو تاقیکردنەوەی قورسو گران ئەوەندەی تر چینی کرێکارانی عیراقیان پتەوتر کرد و مەیدانی خەباتی چۆڵ نەکرد وەك دوژمنەکانی دەیان ویستو ئاواتیان پێ دەخواست. سەرەڕای ئەوەی کە میری بەردەوام بوو لەسەر گرتنو تۆقاندنی خەڵکیو یەك لەدوای یەك دەستی لەجەماوەر دەوەشاند، بەلام پایتەختو شارو ناوچەکانی تر، بوونە شانۆی خەباتی هوشیارانەی کرێکاران. سەرکردەکانی هەر دوو کۆمەڵەی لەکارخراوی «سنعاتکاران» و «هاریکاری سەرتاشان» و لەسەروو هەموویشیانەوە «ئەلقەزان» و «ئەلئەشتەری» بەردەوام چالاکییان دەنواند؛ چەند جارێك پرۆتستۆیان دژی هەڵوێستی میری بەرامبەر بەو دوو کۆمەڵە پێشکەش کردو داوایان دەکرد سەرلە نوێ ماوەی ئیشکردنیان بدرێتەوە. لەو ماوەیەدا بە تەنها «ئەلقەزان» پێنج یادداشت زیاتری پێشکەش بە دامو دەزگا لێپرسراوەکان کرد و تێیاندا چاو نەترسانە رۆشناییی خستە سەر ئەو بارو زرووفە نالەبارەی وولات تێیدا دەژیو کرێکاران بە دەستییەوە دەنالێنن.(٤٣٨) ئەم هەڵوێستە دڵسۆزانەیە وای لە کرێکارانو پێشەوەرە بچکۆلەکان کرد چ لە بەغداو چ لەدەرەوەی بەغدا، لە «ئەلقەزان» کۆببنەوەو لە هەموو بۆنەیەکدا بە گەرمیی پشتگیریی هەڵوێستەکانی بکەنو نارەزایی خۆیان سەبارەت بە داخستنی «کۆمەڵەی سنعاتکاران» دەرببڕنو داوا بکەن ماوەی بدرێ سەر لەنوێ بکەوێتەوە ئیش کردن.(٤٣٩) راستی یەکەیشی ئەو کرێکارانەی داوایان لە رژێمکرد سەر لەنوی کۆمەڵەی ناوبراو بکرێتەوە، سەدان کەس زیاتر بوون.(٤٤٠) زۆر کرێکارو پیشەوەریش بەرەنگاری ئەو درۆو دەلەسانە بوونەوە کە رۆژنامەکانی سەر بە میریر هەندێ خەڵکی بەکرێ گیراو دژی «ئەلقەزان» و کۆمەڵەکەی بلاویان دەکردەوە. چونکە ئەم هێرشە نارەوایە لەوە بەولاوە کە ئامانجی «لەناوبردنی کرێکارانو وتێك شکاندنی راپەرینەکەیان بوو» هیچ شتێکیتر نەبوو، وەك لە دەقاو دەقی ئەو یادداشتەدا نووسراوە کە دەستەیەك کرێکار لەم بارەیەوە پێشکەشیان کردووە.(٤٤١)

لە لایەکی تریشەوە هەندێ کۆمەڵە، بە تایبەتی هەر دوو کۆمەڵەی «کرێکارانی چاپخانەکانی عیراق» و «هاریکاری سەرتاشان» دوای ئەوەی ماوەیان

درا سـەر لەنوێ بکـەونەوە ئیش کـردن، بەردەوام بـوون لەسـەر چـالاکی ی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی خۆیان و بـەکوڵ و دڵ بـەرگری یـان لە پەرژەوەنـدی کرێکاران و پیشەوەرە بچکۆلەکان دەکرد.[442]

خەباتی کرێکاران و پیشەوەرە بچکۆلەکان لەو رۆژگارەدا کە زەبرو زەنگی میری گەیشتبووە ئەو پەڕی و سەرەنجام مانگرتنە گشتی یەکەی لێ رسکا، ئەو سنوورەی تێپەڕاند و چووە دۆخێکی ترەوەو لەسایەی دا راستەوخۆ کاری زۆر ئیجابی ی راپەڕێنرا و کەوتنە نارەزایی دەربڕین سەبارەت بە ژیانی ناهەمواریان. ماوەیەکی زۆر کەم دوای کۆتایی هێنان بە مانگرتنە گشتی یەکەی دژی رەسمی شارەوانی یەکان لە بەغداو شارەکانی تردا، سازکرا و پاش ئەوەی میری دەستی لە کرێکارە مانگرتووە کانی بەسرە وەشاند؛ کرێکاران و پیشەوەرانی «هەولێر» لە کۆتایی مانگی ئابی ساڵی ١٩٣١ دا، مانگرتنێکی لەو چەشنەیان ساز کرد و چەند رۆژێکی خایاند و دروشمی دژ بە یاسای رەسمی شارەوانی یەکان یان تێدا بەرز کردەوەو داوا کرا نرخی کارەبا کەم بکرێتەوەو پەیوەنـدی یان لەگـەڵ هەمـوو ئەوانەیشدا پساند کە هەوڵی زیادکردنی نرخەکەیان دابوو. ئەمە جگـە لەوەی هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر ئەو فەرمانبەرانە ئاشکرا کرد کە «پلەوپایەی خۆیان بۆ ئەوە دەخەنە گەڕ یاری بـە نانی میللەت بکـەن». ئنجا دوو ئـەرزوحالیـان سەبارەت بە داخوازی یەکانیان پێشکەش بە لایەنە لێپرسراوەکان کرد، یەکەمیان پێنج سەد کەس و ئەوی تریان نزیکەی ٦٠٠ کەس پەنجەمۆریان کرد بوو.[443]

وەنەبێ ئامانجی ئەو نارەزایی دەربڕینەیش بە تـەنها لابـردنی یاسـای رەسمی شارەوانی یەکان بووبێ نەخێر. ئەوەتا لە کۆتایی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٣٢ دا کرێکارانی رێگای ئاسن سەبارەت بەوەی ٥ر١٢٪ ی رۆژانەیان کەم کرایەوە نارەزایی یان دەربڕی، چونکە وایان لێهاتبوو «نەیان دەتوانی بژین»[444]. بێ ئیشەکانیش بەردەوام کۆدەبوونەوەو « لەناو خۆیاندا وتووێژیان لەسەر ئەو رێگایانە دەکرد کەبە هـۆیەوە داخـوازی یەکـانیان دێتـە دی.»[445] پێ بە پێی ئەمانەیش هەر لەو ماوەیەدا چەند مانگرتنێك روویان دا. لەرۆژی ٢١ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٢ دا شۆفیری ئۆتۆمبیلە گەورەکان مانیـان گرت.[446] دوای ئەوانە، شۆفیری تراکتۆرەکانی کۆمپانیای نەوتی عیراق لەسـەر رێگای نێـوان «بێجی» و «حەدیسە» مانیان گرت، چونکە «کۆمپانیای ناوبراو زوڵمی لێ دەکردن و شەووڕۆژ دەیچەوساندنەوە» هەندێکیشیان بە یەکجاریی وازیان لە ئیش هێناو «بێکـاریی یان لەوە پێ چـاکتر بـوو کـە کـۆمپـانیـای نـەوت بـە سـەریـانـدا سەپاندبووی».[447]

بۆیە شتێکی سروشتی بوو کە ئەم هەڵوێستانە ببنە هۆی تێك شکانی ئەو پیلانانەی میری بە مەبەستی سەرکوت کردنی بزووتنەوەی کرێکاران دابووی.

ئەم تێ شکاندنەیش ئاشکراتر لە چارە نووسی ئەو ڕێکخراوانەدا ڕەنگی دایەوە کە دامو دەزگا لێپرسراوەکان و یستیان بە شێوەی جۆر بەجۆر بەسەر کرێکاراندا بیان سەپێنن. کاتێکیش دەرکەوت هەندێ کەسی ناو دەستەی بەڕێوەبەری «کۆمەڵەی کرێکارانی عیراق» خەڵکی گومان لێکراون‌و رابوردوویەکی خراپیان هەیەو پێشتر بە تۆمەتی جیا جیا حوکم دراون[٤٤٨] ئەندامەکانی یەك لە دوای یەك لێ‌ی هاتنەدەرەوەو وازیان دەهێنا. تەنانەت ئەوانەیش هەڵس‌و کەوتی کەسێکی وەك «عەبدولڕەززاق ئەلسامەڕائی» یان پێ قبوول نەدەکرا کە بە حوکمی سەرۆکایەتی کردنی کۆمەڵە، بە ڕاست‌و چەپدا یاری بە پارەو پوولی کۆمەڵە دەکرد؛ ئەوە بوو لە ماوەیەکی کەمدا، چوار کەسیان وازیان لە ئەندامێتی دەستەی بەڕێوەبەر و کۆمەڵەیش هێنا.[٤٤٩] لەوەیش سەیرتر، ڕژێم خۆیشی ناچار بوو دەست بەسەر بارەگاکەدا بگرێ‌و چی‌نامەو نووسراوی تێدابوو بی پشکنێ‌و کەفالەت لە دووان لە سەرکردەکانی کە «عەبدولڕەزاق ئەلسامەڕائی» و «سەعید ئەلحەدداد» بوون، بستێنێ، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە کاروکردەوەیان گەیشتە رادەیەك لە هەموو کۆڕو کۆمەڵێکی تایبەتی‌و گشتی‌دا باس هەر باسی ئەوان بوو.[٤٥٠]

پاش ئەوەی لە نێوان دەستەی دامەزرێنەری «کۆمەڵەی کرێکارانی عیراق» دا، «ناکۆکی زێفی سەند» و «شەڕو ئاژاوە زیادی کرد» دەیان کەس لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵە کە ژمارەیان ٣٥٠ کەس بوو،[٤٥١] ئەرزوحاڵێکیان لە ڕۆژی ١٨ ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٢ دا، پێشکەش بە وەزیری ناوخۆ کرد، تێیدا داوا دەکەن کۆمەڵەی ناوبراو دابخرێ‌و لەبەر ئەوەی «بۆ پەرژەوەندی گشتی‌ی کار ناکا» و چونکە «بۆ ئەوە دروست بووە خزمەتی چەند کەسێ بکا، کە هەندێکیان نەك هەر کرێکار نین بەڵکو رابوردوویەکی خراپیشیان هەیە..». سەبارەت بەم ڕاستی‌یان داوایان کرد ئیجازەکەی لێ وەربگیرێتەوە. ڕۆژی ١٦ ی شوبات ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی کۆمەڵە کۆبوونەوەو چوار بڕیاریان دەرکرد. یەکەم: داوای داخستنی کۆمەڵە بکەن. دووەم: چی کەل‌و پەلی هەیە، یان بدرێ بە کۆمەڵەی سنعاتکاران یاخود بە یەکەم کۆمەڵەی کرێکاران کە لەمەو دوا دادەمەزرێ. سێیەم: دەسەلات بدرێ بە «محەممەد سالح ئەلقەزاز» ئەو کەل‌و پەلانە وەربگرێ. چوارەم پشتگیری ئەو داخوزی‌یانە بکا کە کرێکاران پێشکەش بە دامو دەزگا لێپرسراوەکانی دەکەن، سەبارەت بەڕێگەپێدانی «کۆمەڵەی سنعاتکاران». چونکە «خزمەتێکی گەورەی چینی کرێکارانی کردووەو بە تەواوی بەرگری لە مافەکانیان دەکا». ئەمانە بەیاننامەیەکیان بۆ هەموو « ئەندامانی کۆمەڵەو ڕای گشتی‌ی » دەرکردو تێیدا ئەو بڕیارانەیان نووسی‌یەوە.[٤٥٢]

هەرچی «کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیك» بوو، کـرێکاران بـە جۆرێکی تـر بڕیاری چارەنووسیان دا. پاش ئەوەی دەر کەوت هەموو ئەو هەوڵ و تەقەللایەی بۆ ڕێگە پێدانی «کۆمەڵەی سنعاتکاران» درا، بێ ئەنجامە و سەرەڕای ئەوەیش کە «نـووری سەعیـد» گفتی دابوو بـە پیر داوای کـرێکارانـەوە بچێ،[٤٥٣] دەڵێین سەرەڕای ئەمانە «ئەلقەزاز» بڕیاری دا ئەو کۆمەڵەیە بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. ئەگەرچی «کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیك» لە چەند هەڵوێستێکی دا[٤٥٤] و لە رووی جۆری ئەندامەکانی یەوە لەگەڵ «کۆمەڵەی سنعاتکاران» دا جیاوازیی هەبوو، بەلام بە پێی نەخشەیەکی دیاری کـراو، ژمارەیـەکی باشی کـرێکاران بـوونە ئەندامی «کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیك»، کاتێکیش لە ناوەراستی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٣٢ دا، هەڵبـژاردنی نوێی دەستـەی بەرێـوەبەر دەستی پێ کـرد، «ئەلقەزاز» لیستەیەکی سەربەخۆی دابەزانـد بریتی بـوو لە خۆی و «سـەلیم ئـەحمەد»[٤٥٥] و «محـەممەد عـەلی ئەحمـەد» و «سەلمـان ئەلشـەیخ نـاسر» و «عەبدولڕەحمان ئەلجیدە» و «عەبدولوەهاب ئەلسەعید» و «حسەین موحی ی» و «ئەلسەیید عەبدولمەجید» و « سەعید عەبدولڕەزاق ». ئەنجامیش زۆربەی هەرە زۆری دەنگەکانیان وەرگرت.[٤٥٦] لە رۆژی ٢٥ ی نیسان دا دەستەی بەرێوەبەری نوێ، بە گشتی ی «محـەممەد سـالح ئەلقـەزاز» یان بـەسەرۆکی «کـۆمەڵەی کرێکارانی میکانیك» هەڵبژارد.[٤٥٧]

دوای ئەوەی ئەم هەنگاوە پـڕ مەغـزایە سـەرکەوتنی بـە دەست هێنا، **«ئەلقەزاز» و هاوەڵەکانی ویستیان ئەو بـڕیارەی میـری بەسـەر بکەنـەوە کە «کۆمەڵەی سنعاتکاران»** ی پێ لە کاز خستبوو. ئەوەبوو لە ١١ ی ئایاردا بە ناوی **«کـۆمەڵەی کـرێکارانی میکـانیك»** ەوە، بـەیاننـامەیـەکیان دەرکـرد، هەر دوو کۆمەڵەکەیان کرد بەیەك ناوی «یەکێتی ی کرێکارانی عیراق» یان لێنا.[٤٥٨]

لەگەڵ ئەوەیش دا کە وەزارەتی ناوخۆ بەرهەڵستی ئەم بـڕیارەی کـردو کۆمەڵەیش وەلامی خۆی دایەوە[٤٥٩]، مەسەلەی یەکگرتنی هەردوو کۆمەڵەوەك خۆی مایەوە، بەلام «یەکێتی ی کرێکاران» دەستبەجێ کەوتە خۆ و جموجوڵێکی ئەوەندە فراوانی نواند، هیچی لە چالاکی یەکانی «کۆمەڵەی سنعاتکاران» کەمتر نەبوو. سەرەتا داوای لە میری کرد یاسایەکی تایبەتی بۆ پاراستنی کرێکـاری عیراقی دابنرێ. ئنجا دەستی کرد بە ناونووس کردنی کرێکارە بێ ئیشەکان و پەیوەندیشی بە کۆمپانیاو دامەزراوەجۆر بەجۆرەکانـەوە کرد تـاوەکو ئیشیـان بداتێ و دایان بمەزرێنێ. هەروەها هەڵوێستی نارەوای کۆمپانیا بیانی یەکـانی سەبارەت بە کرێکارە عیراقی یەکان یەکالا کردەوە. پاشان هەموو توانای خستە کار بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری تەندروستی یان بۆ دابین بکاو باری رۆشنبیری یان بەرەو پێشەوە ببا. پەیوەندی یەکی پتەوی لەگەڵ کۆمەڵەکانی تریش دا بەست.

ئەمە جگە لە زۆر کارو باریتر کە بە هەموویان کاریکیان کرد سەر لەنوێ دەنگی کریکاری غیراقی ببیستری.[٤٦٠]

لەبەر ئەوە شتێکی سرووشتی بوو کـریکارو پیشـەوەرە بچکۆلەکـان لە دەوری ئەم کۆمەڵە تازەیە گرد ببنەوەو لە ماوەی چەند رۆژێکدا چی تۆکمەچیو تۆرنەچی و پایسکلچی هەیە، لە کۆمەڵی ناوبراودا بوون بە ئەندام. دوای ماوەیەك «کۆمەڵەی شوفێرە عیراقییەکان» یش بە مەبەستی «یەکخستنی ریزی کریکاران و هێنانەدی بەرەیەکی بە هێزی ئەوتۆ لە بەردەم هەموو کۆسپو تەگەرەیەکدا خۆی رابگریو لە پێنـاوی ئامـانجو ئـاواتەکـانی کریکـاراندا» وەك لە دەقی بڕیارەکەیاندا نووسراوە،[٤٦١] تێکەڵ بەم کۆمەڵە تازەیە بوو.

هــەروەك چاوەڕوان دەکـرا، رژێم لەسەر هــەمان ئــەو شێوەیــەی کە لەگــەڵ «کۆمەڵەی سنعاتکاران» دا بەکاری هێنـا، کەوتـە بیانـووگرتن بـە «یەکێتیی کریکاران»[٤٦٢] هەرچۆنێك بێ دامەزراندنی «یەکێتیی کریکاران» و هەڵوێستی رژێم بەرامبەر بەو یەکێتییەو زۆر مەسەلەی تریش کە پێشتر قسەمان لەسەر کردن، ئەوە دەگەیەنن کە لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئینتدابدا چینی کریکاران بووە هێزێکی کۆمەلایەتی ئەوتۆ لە سەرانسەری وولاتدا جێگاو ریگای خۆی دیار بوو. بۆیە هەرگیز لە خۆڕا نەبوو کە مەلیك فەیسەلی یەکەم بۆ یەکەمین جار لە مێژووی عیراقدا بەشێکی گرنگی لە دوا ووتاری عەرشی سەردەمی ئینتیداب، لە بەردەم پەرلەماندا بۆ مەسەلەی کریکاران تەرخان کرد. ئەوەتا دەڵێ:

«.. ئەم حکوومەتەمان بە تەنگ باری کۆمەلایەتی کریکارانیشەوە هاتووەو بۆ ئەم مەبەستە وەفدێکی نارد[٤٦٣] بۆ ژنێف تاوەکو سەر لە بیروّی کـریکارانی دەوڵەتان بداو لە داهاتوویشدا یاسایەك بۆ پاراستنی مافی کـریکاران و بـەرز کردنەوەی باری ماددیو ئەدەبییان دادەنێ؛ هیوایشی ئەوەیە ئەم لایەحەیەو هی تریش کە پەیوەندییان بە چاککردنی باری ئابووریو داراییو کۆمەلایەتی وولاتەوە هەیە لە داهاتوودا بخرێتە بەر دەستتان»[٤٦٤]

ئەم ئاڵو گۆڕەی بە سەر چینی کریکارانی عیراقدا هات، باری سەرنجی هێزە سیاسییەکانی عیراقی بەلای خۆیدا راکێشاو هەر یەکەیشیان بـە پێی پەرژەوەندی وتێڕوانینی چینایەتییان، هەڵوێستی جیا جیایان نیشاندا.

هەڵوێستی هێزە سیاسییەکان بەرامبەر بە چینی کریکارانی عیراق

ئەو دەستەو تاقمانەی لە عیراق دا جڵەوی حوکمڕانییان کەوتە دەست،

لەسەرەتاوە بەرامبەر بە چینی کرێکاران و بزووتنەوەکەیان، هەڵوێستی دژایەتی کردن، یان پشت گوێ خستنی تەواویان گرتبووە بەر.[٤٦٥] ئەوانە هەر زوو هەستیان بە باری گرانی ئەو کرێکارانە کرد کە «ئەگەر زوڵمیان لێ بکرێ کەس گوێیان لێ ناگرێ» بەڵام ئەو زوڵمەیش لەبەر ئەوەیە «لە ئێش و کاردا زۆر دڵ ڕەقن و بەرۆژانەیەکی ئەوەندە زۆر ئێش دەکەن لە ووزەی خەڵکیدا نییە، نەشتێك هەیە سڵی لێ بکەنەوەو نە خۆیشیان هۆشێك دێننەوە بە بەریاندا» وەك ڕۆژنامەی «العراق» ی زمانی حاڵی حکوومەت نووسیبوووی.[٤٦٦] سەرکردایەتی کرێکارانیش، پاش ئەوەی چەند جارێك بەرووی دەسەلاتداراندا تەقییەوەو زۆر حەقیقەتی چەسپاوی سەبارەت بە هەڵس و کەوتی ڕژێم بۆ دەرکەوت، ئەوجا وردە وردە باوەڕی پێی نەما. چونکە ئەو سەرکردایەتییە لە گەرمەی ڕۆژانی بزووتنەوەی کرێکاران و کۆتایی هاتنی ئینتیدابیشدا ڕێ نومایی بیروڕای تیوریستەکانی ڕژێمیان دەکرد، وەك «توفیق ئەلسەمعانی» کە سەرنووسەری ڕۆژنامەی «صدیٰ العهد» زمانی حاڵی «نووری سەعید» و سیستەمەکەی بوو.[٤٦٧]

زۆر نموونەیش لەبەر دەستدان بە ئاشکرا هەڵوێستی توێژە کۆمەڵایەتییە باڵاکانمان بەرامبەر بزووتنەوەو مانگرتنی کرێکاران و پیشەوەران بۆ دەر دەخەن، بە تایبەتی لەو ڕۆژانەدا کە مانگرتنە گشتییەکەی دژی «یاسای ڕەسمی شارەوانییەکان» ساز کرا. یەکێك لە ڕۆژنامەکانی سەر بە میری، ئەو مانگرتنە بە «لادان»[٤٦٨] لە قەڵەم دەدا؛ یەکێکی تریشیان وای دادەنێ «سووکایەتییە بە بیری مرۆڤایەتی»[٤٦٩]، هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمانیش ئەو زەبروزەنگەی ڕژێم لەگەڵ مانگرتووەکاندا بە کاری هێنا بە «نەرمیی و بەزەیی پیاهاتنەوە» دەزانن، چونکە بەڕای ئەوان «هیچ هۆیەکی ماقووڵی نەبووە». لەبەر ئەوە داوایان دەکرد بە توندی «لەو دەستە ناپاکانە بدرێ کە یاری بە ئەمن و ئاسایش دەکەن»[٤٧٠]. هەر لەو کاتەدا دەستەیەك «ئەشراف و پیاو ماقووڵ و خاوەن موڵکی بەسرە» نامەیەکیان بۆ «نووری سەعید» ی سەرۆك وەزیران نارد، تێیدا بە گەرمیی ستایشی «دام و دەزگای ئیداریی و موتسەڕیف و پۆلیسی بەسرە دەکەن» و لایان وایە ئەو هەنگاوانەی ئەم دام و دەزگایانە ناویانە «شایانی هەموو سوپاس و ستایشێکە» چونکە بوونە هۆی ئەوەی «نەهێڵن» ئەم ئاژاوەیە تەشەنە بکا وەك لە نامەکەیاندا نووسیویانە.[٤٧١]

کاتێکیش ئەم هەڵوێستەمان باشتر بۆ روون دەبێتەوە کەبەوردیی سەرنجی سیاسەتی ئەپۆزیسیۆنی ئەو کاتە بدەین بەرامبەر بە چینی کرێکاران و

مانگرتنەکانیان. بێ گومان مانگرتنی کرێکاران بە نیسبەت ئەپۆزیسیۆنــەوە کە جڵەوی فــەرمانــڕەوایی بەدەستــەوە نەبــوو، مەغــزاو مەبــەستێکی گــەورەی دەگەیاند. بەڵام هەر ئەو ئەپۆزیسیۆنە کە خۆی دەچووە سەر حوکمو وەزارەتی پێك دەهێنا، ئەوەندەی تۆزێك مەسەلەی کرێکارانی بەلاوە مەبــەست نەبــوو. تەنانەت لەو کاتانەیش‌دا کە جڵەوی فەرمانڕەوایی بە دەستەوە نەبوو بــەلای خۆیەوە پشتگیریی هەندێ رووداوی دەکرد، نەیدەتوانی کارێك بکا جێ پێی ئەو وەزارەتە شلۆق ببێ، وەك لە نیشان دانێکی خێرای هەندێ هەڵوێستیان‌دا بۆمان دەر دەکەوێ.

با لە حزبە ئەپۆزیسیۆنەکانی سەردەمی ئینتیدابەوە دەست پێ بکەین. کام حزب لەوانە لە هەمووان زیاتر پێی دادەگرتو توندو تیژ تر بوو، پەیڕەوەکەی توخنی مەسەلەی کرێکاران نەدەکەوت، کەلە ساڵانی بیستەوە خــۆی بەســەر کــۆمەڵ‌دا ســەپانــدبوو.(٤٧٢) مــەسەلەی کــرێکانیش هــەر ئــەوەنــدە کــاری لە ئەپۆزیسیۆن دەکرد کە لەبواری سیاسی‌داو بۆ ماوەیەکی کورت رەنگی دەدایەوە، وەکوتر ئەو مەسەلانە بە هیچ شێوەیەك ئــامانجی ستــراتیژیی ئــەپۆزیسیــۆن نەبوون. لەبەر ئەوەشتێکی سەیر نی‌یە رۆژنامەکانی حزبی «الاخاء الوطنی» کە بریتی بوون لە «الاخاء الوطنی» و «نداء الشعب» و «الأخبار» لەو رۆژانەدا کە گەرمەی بزووتنەوەی کرێکاران بوو، گۆشــەیەکیــان بۆ مــەسەلەی کــرێکاران تەرخان نەکردبوو، وەك چۆن گۆشەی جیا جیایان بۆ هەندێ مــەسەلە ئــامادە کردبوو لە چاو مەسەلەی کرێکاران‌دا بایەخێکی ئەوتــۆیان نــەبوو، لە بــابەتی «کیژان‌و خانمان »(٤٧٣) و «کاروباری قوتابیان» و «شیعرو بەیان» و «ئەدەب وژیان» و «مێژوو» و لەو بابەتانە. ئەمە لە کاتێك‌دا هەندێ لە رۆژنامەکانی ئەو حزبە بە شەش لاپەرە دەر چوون، کەچی زۆربەی رۆژنامەکانی‌تر چوار لاپەڕەیی بوون. راستی‌یەکەیشی رۆژنامەکانی حزبی « الاخاء الوطنی» وەك هەموو رۆژنامە بێ لایەنەکان‌و تەنانەت ئەوانەیشی کە سەر بەمیری بوون، لەو دەنگ‌و باسانە زیاتر کە لە کۆمەڵەکانەوەو بە تایبەتی لە «کۆمەڵەی سنعاتکاران» ەوە بۆی دەچوو، هیچ شتێکیان سەبارەت بە کرێکاران‌و مەسەلە رەواکانیان بڵاو نەکردەوە. ئەوەیشی کەلەم بوارەدا مەغزایەکی تایبەتی هەیە، ئەوەیە بە تەنها رۆژنــامەی «العــالم العربی» لە تێکرای رۆژنامەی حزبە سیاسی‌یەکــان ولەپێش هەمــوویشیانــەوە، حزبەکانی ئەپۆزیسیۆن، زیاتر بایەخی بەمەسەلەی کرێکاران دەدا.

لەمەوە بۆمان دەر دەکەوێ بۆچی هێزە سیاسی‌یەکانی ئەپۆزیسیۆن لە کاتی مانگرتنەکانی کرێکارانی ڕێگای ئاسن‌دا هەڵوێستێکی ئەوەندە دڵسۆزانەیان لە دژی دام‌و دەزگایەکی بیانی نیشان نەدا کە بە ئارەزووی خۆی‌و بە بەرچاوی جەماوەرەوە یاری بە چارەنووسیان دەکرد.[٤٧٤] ئەمە هەمووی لە کاتێکدا کە سەرکردایەتی کرێکاران چەندین بانگەوازی ئاراستەی ئەو هێزە سیاسی‌یانە کرد.[٤٧٥] بە نموونە: ڕۆژنامەی «نداء الشعب» لە ڕۆژانی مانگرتنی یەکەمی کرێکارانی ڕێگای ئاسن‌دا چ لەسەرووتارو چ لە شوێنی تردا، ووشەیەکی دەربارەی ڕووداوەکانی مانگرتنە نەنووسی؛ کەچی هەر لەو ڕۆژانەدا زنجیرەیەك ووتاری بە بۆنەی دراوی عیراقی لە «ڕوپیە» وە بۆ «دینار» بڵاو کردەوە.[٤٧٦] تەنانەت هەڵوێستی سیاسەتمەدارێکی لیبرایی وەك «جەعفەر ئەبولتمەن» کە بە خاوەنی هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانە ناسراوەو «ئەلقەزاز» هەمیشە لە سەرکردەکانی‌تر جیای دەکاتەوە، جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوانی‌تردا نەبوو.[٤٧٧]

بەلام کاتێك هێزەکانی ئەپۆزیسیۆن هەستیان کرد مانگرتنی گشتی‌ی دژی «یاسای ڕەسمی شارەوانی‌یەکان» دەتوانێ جێ پێ‌ی حکوومەتەکەی «نووری سەعید» شلۆق بکا، زۆر بە گەرمی‌یەوە هاتنە مەیدان‌و هەوڵیان‌دا بزووتنەوەی کرێکاران بەو شێوەیە بجووڵێنن خزمەتی مەبەستە سیاسی‌یەکانیان بکاو بەس. ئەوەبوو ڕۆژنامەکانیان بایەخێکی لە ئەندازە بەدەریان بەم مەسەلەیە داو زنجیرەیەك ووتاری ئاگرین‌یان بە نیازی ورووژاندنی خەڵکی‌ی دژی وەزارەتەکەی ئەو کاتە بڵاوکردەوە.[٤٧٨]دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش بە هەموو توانایانەوە هەوڵیان‌دا هەڵوێستی هێزەکانی ئەپۆزیسیۆن ئاشکرا بکەن کە «دەیانویست بە هۆی مانگرتنەکەوە خۆیان بگەیەننە کورسی فەرمانڕەوایی وهیچی تر...».[٤٧٩]

کە سەرکردەکانی ئەپۆزیسیۆن لەوە تێ گەیشتن جەماوەری کرێکاران‌و پیشەوەرە بچکۆلەکان چ هێزێکیان لە خۆیان‌دا حەشار داوە ، هەوڵیان‌دا دەست بەسەر ئەو کۆمەلانەدا بگرن کە لە پێناوی کرێکاران‌و پیشەوەران‌و بەناویانەوە دروست بوون . بە ڕادەیەك حاڵ گەیشتە ئەوەی « یاسین ئەلهاشمی » ی سەرۆکی حزبی « الاخاء الوطنی » داوای لە « ئەلقەزاز » کرد « کۆمەڵەی سنعاتکاران » بکاتە لقێکی حزبەکەی‌و بە پێ‌ی ئەم نەخشەیە کۆمەڵەی ناوبراو

دەبووە ئامرازێکی کارێگەر بە دەست ئەپۆزیسیۆنەوە[٤٨٠] .
لێرەدا پێویستە ئەم هەڵوێستە ناوەختانەی ئەپۆزیسیون لە سنووری راستەقینەی خۆیاندا هەڵبسەنگێنین و لەو حەقیقەتەیش تێ بگەین کە هەموو ئەوانە لە چوار چێوەی ململانەی سیاسی تیپەڕیان نەدەکردو مەبەستو ئامانجیشیان بە تەنها گەیشتن بوو بە کورسی وەزارەت . شایانی باسە زۆر خەڵکی لایەنگری « نووری سەعید » هەر یەکە لای خۆیەوە هەوڵیدا سوود لە رووداوەکانی مانگرتنی گشتیی دژ بە « یاسای رەسمی شارەوانییەکان » وەربگرن و لە پێناوی سوودی تایبەتی ودەستکەوتی گەورەتردا ، ئەوانیتر بەد ناو بکەن . ئەوانەیش پێ بەپێی هێزەکانی ئەپۆزیسیۆن زۆر شتی راستیان دەووت ، بەلام لە پێناوی ناراستییدا . نەك هەر ئەوەیش بەڵکو هەوڵیاندا « نووری سەعید » بێ تاوان دەربکەن و چی رووی داوە بیخەنە ئەستۆی « موزاحیم ئەلپاچەچی » کە وەزیری ناوخۆی حکوومەتەکەی بوو ، بە مەرجێك لە خراپترین حاڵدا ناوبراو ئەوەندەی « نووری سەعید » بەرپرسیاری رووداوەکان نەبوو.[٤٨١] « نووری سەعید » خۆی سەرپەرشتیی دارشتن و دانانی لایەحەی « یاسای رەسمی شارەوانییەکان » ی کردو لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانداو لەو مشتومڕەدا کە لەسەر یاسای باسکراو بەرپا بوو ، زۆر بەگەرمییەوە بەرگریی لە هەموو ماددەکانی ئەو یاسایە کرد.[٤٨٢] ئەمە جگە لەوەی سەیرترین شتێك کە رژێم لە رۆژانی مانگرتنەکەدا دژی دانیشتووانی « بەسرە » پەنای وەبەر نا « مەبەستمان ئیش کردنە بە یاسای داوای عەشایەری » بە فەرمانی راستەوخۆی « نووری سەعید » بوو ، دوای ئەوەی لە دەرەوەی وولات گەڕایەوە[٤٨٣] .

چاکترین پێوانە بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی ئەپۆزیسیون بەرامبەر بزووتنەوەی کرێکاران و ئەو مانگرتنانەی لە دوو ساڵی دوایی سەردەمی ئینتیدابدا روویاندا ، ئەو هەڵوێستانەیە دەرهەق مەسەلەی زەحمەتکێشان نیشانیان داوە ، جا چ پێش چوونە سەرحوکمیان بێ و چ دوای کۆتایی هاتنی ئینتیداب . بەر لە هەموو شتێك دەبێ ئەوە بزانین کە رۆڵی حزبی « الاخاء الوطني » لە دانانی بەردی بناغەی « یاسای رەسمی شارەوانییەکان » دا هیچی لە لایەنەکانیتر کەمتر نەبووە . چونکە دەنگو باسی ئەو یاسایە لە ساڵی « ١٩٢٦ » ەوە لە ناو پەرلەماندا لە گۆڕێ بووەو مشتو مڕو قسەی زۆری لەسەر کراوە . « یاسین ئەلهاشمی » و « رەشید عالی ئەلگەیلانی » و

« حیکمەت سولەیمان » و خەڵکی تریش هەر یەکەیان بە شێکی بنچینەیی یاساکەیان داڕشت[٤٨٤] . ساڵێکیشی پێ نەچوو لایەحەی ئەو یاسایە بۆ یەکەمجار وبەشێوەیەك پێشکەش پەرلەمان کرا [لە ڕووی سەپاندنی باجەوە لە بەیاننامەکەی بلفور ـ ی سەر دەمی ئینتیداب .ك .م ـ قورس‌ترو گرانتربوو] بێ ئەوەی « رەشید عالی ئەلگەیلانی » کە وەزیری ناوخۆو « یاسین ئەلهاشمی » ی کە نەك هەر وەزیری دارایی بەڵکو جێگری سەرۆك وەزیرانیش بوو ، بەرهەڵستی ی بکەن .[٤٨٥] یەکێك لەوانە هەنگاوێکی ئەوتۆیان نەنا بۆ ئەوەی لە کۆمپانیا بیانی‌یەکان‌دا ڕێگا لە دامەزراندنی خەڵکی بێگانە بگرن ، بە تایبەتی ئەم مەسەلەیە لەناو کرێکارو فەرمانبەرە عیراقی‌یەکان‌دا بوو بووە گرێ کوێرەی هەموو گیروگرفتێك . بە پێچەوانەوە یەکێك لە سەرکردەکانی ئەپۆزیسیۆن لەکاتی خۆی‌دا قەواڵەیەکی مۆر کردو بە پێ ی ئەو قەواڵەیە ڕێگای‌دا پتر لە ١٥٠ کەسی بیانی بە یەکجار دابمەزرێنرێ[٤٨٦] کاتێکیش حزبی « الاخاء الوطني » جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتەوە دەست ، هەڵوێستیان بەرامبەر بە زەحمەتکێشان گۆڕانێکی بەسەردا نەهات ، ئەوەندە نەبێ گەرەکیان بوو ئەوانە پاڵپشتێکی بێ ئاگا بن‌و بە هۆیانەوە شوێن پێ ی خۆیان قایم بکەن‌و جێ بە خەڵکی‌تر شلۆق بکەن . ئەوەتا دوای چوار ساڵ بەسەر مانگرتنە گشتی‌یەکەی دژ بە « یاسای رەسمی شارەوانی‌یەکان » دا « رەشید عالی ئەلگەیلانی » لە بەردەم پەرلەمان‌دا ، بێ سێ‌ودوو کردن دەڵێ : « ..لەم وولاتەدا گیروگرفت یان کێشەی کرێکاران لە گۆڕێ نی‌یە ، چونکە زۆربەی دانیشتووانی جووتیارن » .[٤٨٧]

گومانی تێدا نی‌یە کە ئەم هەڵوێستانە بەر لە هەموو شتێك رەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای چینێك بوون کە خاوەنی پەرژەوەندیی‌و هەڵسەنگاندن‌و بۆچوونی تایبەتی خۆیەتی . لێرەدا رەنگە ئەوەندە بەس بێ کە یەکێکی وەك « یاسین ئەلهاشمی » لە گەرمەی ململانەی کرێکاران‌و کۆتایی هاتنی سەردەمی ئینتیدابدا بە تاقی تەنها ئیمتیازی پیشەسازیی چیمەنتۆ دروست‌کردنی لە سەرانسەری عیراق‌دا وەرگرت .[٤٨٨] ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی یەکەم کارگەی ئەهلی‌ی چیکەنە کردنی لۆکە لە عیراق‌دا ، بریتی بوو لە ژمارەیەك سیاسەتمەداری ناوداری ئەوسای وولات .[٤٨٩] دەبێ ئەوەیشمان لەیاد نەچێ کە ئەو بزووتنەوانەی لەبابەتی مانگرتنە گشتی‌یەکەی دژ بە یاسای رەسمی شارەوانی‌یەکان‌و « مقاطعة » کردنی کۆمپانیای کارەبای ساڵی ١٩٣٣ بوون ، تەواو لەگەڵ پەرژەوەندی ئابوری چینی بۆرژوای تازە پێ گەیشتوودا

دەگونجان .[٤٩٠] بۆیە قسەکەی « موزاحیم ئەلپاچەچی » لە بارەی رووداوەکانی ئەو مانگرتنەوە لەجێی خۆی دایە ، ئەوەتا دەڵێ : « ئەوانەی پاڵیان بە پیشەوەرو سنعاتکارانەوە ناو هانیان دان مان بگرن بازرگانەکان بوون » .[٤٩١] لە چاو پێکەوتنێکدا لەگەڵ « محەمەد سالح ئەلقەزاز » ئەوەی دووبارە کردەوە کە باشتر وابوو لە رۆژانی مانگرتنەکەی دواییدا تەنیا پێ لەسەر ئەوە دابگرن ئەو باجانەیان لەسەر لاببرێ کە پەیوەندی راستەو خۆیان بە پەرژەوەندی زەحمەتکێشانەوە هەبوو[٤٩٢] .

وەنەبێ هەڵوێستی تاقمە رادیکالی‌یەکەی ناو چینی بۆرژوای نیشتمانی‌ی کە کەرتێکی بەهێزی ئەپۆزیسیۆنی پێك دەهێنا ، جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەڵوێستی توێژەکانی تری ئەو چینەدا هەبووبێ . ئەمە لە کاتێکدا چ کرێکاران و چ پیشەوەران هیوایەکی گەورەیان بەم تاقمەو بە تایبەتی بە شەخسی « جەعفەر ئەبولتمەن » هەبوو . هەروەها بە رێکەوتیش نەبوو کە « ئەلقەزاز » لە هەموو کەس زیاتر متمانەی پێ دەکردو هەوڵی دەدا بۆ هەموو بڕیارێکی گرنگ پرس و راوێژی پێ بکاو[٤٩٣] مانگرتووەکانیش لە رۆژانی مانگرتنەکەدا لەماڵەوە سەریان لێ دەدا[٤٩٤] . لەگەڵ ئەوەیشدا کە « ئەبولتمەن » لەچاو خەڵکی‌تردا هەڵوێستی ئازایانەو دڵسۆزانەتری سەبارەت بە کرێکاران و پیشەوەرە بچکۆلەکان نواند .[٤٩٥] بەلام هەموو ئەو هەڵوێستانەی هێشتا لە ئاستی گرنگی‌ی رووداوەکاندا نەبوون .

رۆژنامەی « الاستقال » یش کە دەتوانرێ بە زمانی حاڵی ئەم تاقمە دابنرێ ، دەرهەق بە مەسەلەی کرێکاران هیچ هەڵوێستێکی جیاوازی لەگەڵ رۆژنامەکانی تری ئەپۆزیسیوندا نەبوو . ئەویش لە گەرمەی بزووتنەوەی کرێکاراندا گۆشەیەکی سەربەخۆی بۆ گیروگرفت و شکایەتی کرێکاران تەرخان نەکردو لەو دەنگوباسانە زیاتر کە لە کۆمەڵەکانەوە بۆی دەچوو شتێکی دی بڵاو نەدەکردەوە . جاری وایش هەبوو ئەو هەواڵانەی لە رۆژنامەکانی‌تر کورتتریش بڵاو دەکردەوە . کەچی بایەخێکی گەورەی بە « کاروباری قوتابیان »[٤٩٦] و مەسەلەی ئافرەتان دەداو تەنانەت گۆشەیەکی هەمیشەیی بۆ تەرخان کردو هەندێ جار باسی « شێوەکانی خۆجوانکردن » و « لە پێناوی جوانی‌دا » وشتی لەو بابەتەی تێدا بڵاو دەکرایەوە[٤٩٧]

جا بۆ ئەوەی رۆشنایی‌یەکی بەهێزتر ئاراستەی هەڵوێستی تاقمە رادیکالی یەکەی بۆرژوای نیشتمانی‌ی بکەین بەرامبەر بە مەسەلەی کرێکاران ، ئەو قسانە بە نموونە دەهێنینەوە کە شاعیری نیشتمانپەروەر « مەعرووف

ئەلڕەساف » سەبارەت بە دانانی یاسایەکی تایبەت بە کارو کرێکـارانی عیراق کردی . ئەو یاسایەی کە بەر لە قسەکانی « ئەلڕەساف » بوو بـووە دروشمی ناوەندیی بزووتنەوەی کرێکارانی عیراق . ئەوەتا ناوبراو ساڵی ١٩٣٥ لە بەردەم پەرلەماندا دەڵێ : « .. لەبەر ئەوەی هەرچی پیشەسازیی هەیە لە دەرەوە بۆمان دێ ، وولاتی ئێمە وولاتێکی پیشەسازیی نی‌یەو کشتوکاڵی‌یە . هەروەها کارگەو کارخانەیەکێ ئەوەندە زۆری تێدا نی‌یە هەزاران کرێکار ئیشیان تیا بکەن . ئەمە جگە لەوەی کە هیچ ناکۆکی‌یەك لە نێوان کرێکاران‌و ئەو کەسانـەدا نی‌یە کـە ئیشیان لا دەکەن . .. نازانم ـ کە حاڵ وابێ ـ ئەم لایەحە یـاسایی‌یـە بۆچی دانراوە ؟.. هیچ بە پێویستی نازانم ئەم یاسایە لە وولاتی ئێمەدا دابنرێ . وای بۆ دەچم ئەم لایەحەیە تەنها بۆ کارگەی فەتتاح پاشا دانرابێ‌و بەس »[498]

کە ناوەرۆکی ئەم ووتەیە هەڵدەسەنگێنین ، دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە خاوەنەکەی رۆشنبیرێکی دەرکەوتووەو لە هەمان کاتیشدا لایەنگری « کۆمەڵەی سنعاتکاران » و هامشۆکەرێکی هەمیشەیی کۆڕەکانی ئەو کۆمەڵەیە بووە .[499] لای خۆی شاعیرێك بوو بەسەر کرێکاراندا هەڵی دەدا ، کەچی لەو رۆژگارەدا باری ژیانی ئەو دەیان هەزار کرێکارەی بە خەیاڵدا نەهات کە لەناو کۆمپانیـا بیانی‌یەکان[500] و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا ئیشیان دەکرد . بۆیە نوێنـەرێکی وەك « سەعید ئەلحاج سابت » کە سەر بە هەمان تاقم بوو ، لەو کۆبوونەوەیەدا بە رووی‌دا تەقی‌یەوەو وەلامی دایەوە[501] .

هـەڵوێستی راستەقینـەی دەستەو تـاقمە جیـا جیاکـانی چینی بۆرژوا بەرامبەر بە پەرژەوەندی‌یە بنەرەتی‌یەکانی کرێکاران ، سەرەتای دابڕ بوونی ئەو دوو چینە بوو لە یەکتر . لەمەوە کرێکاران کەوتنە خۆ لە شێوازی نوێی خـەبات دەگـەڕان کە زیـاتر سـەربەخـۆیی‌یان بـداتێ ، دیارە ئـەمـەیش لە پەرژەوەندی بزووتنەوەی کرێکاراندا بوو . باشترین بەڵگەی ئەم هەڵوێستەیش ئەوە بوو کە « محەممەد سالح ئەلقەزاز » پێشنیازەکەی « یاسین ئەلهاشمی » دایە دواوەو قایل نەبوو بەوەی « کۆمەڵەی سنعاتکاران » بخـاتە سـەر حزبی « الاخاء الوطنی »[502]

لەو سەردەمەدا، تـوێژی رۆشنبیـران‌و لە پێش هەمـوویانـەوە، لاوانی شۆڕشگێڕی پایتەخت، نزیکترین هێزی کۆمەلایەتی بوون لە چینی کرێکارانەوە. ئەم توێژەبە ژمارەکەمە، لەهەمووان چاکتر شارەزای گیروگرفت وئازارەکانی گەل بـوو. لە هـەمـوو هـێـزە سیـاسی‌یـەکـانـی تـریش رادیکـاڵی‌یـانـەتـر

چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی دەکرد. ئەمانە لە رۆژگاری «شۆرشی بیست»ەوە شێوەیەکی هەست پێکراو بوونی خۆیان لە مەیدانی سیاسیدا سەپاند . ئامانجیان ئەوەبوو ، وولات بە تەواوی لە هەموو شێوەکانی ئیمپریالیزم رزگاری بێ . لە رووی ئایدۆلۆژیشەوە ، بیروڕای دیموکراسی لیبرالی شیوە رۆژئاوایی کاری تێ کردبوون . بەسەریکی تریش بیروباوەڕی سۆشیالیزم وردە وردە لەناو ریزەکانیدا بلاو بووبووەوەو لە ناوەڕاستی سالانی بیستەوە خۆی نواند . ئەم توێژە کۆمەلایەتی یە کە درێژەی بە خەباتی خۆی دەدا و لە پێناوی جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانی داو بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی سیاسی و کۆمەلایەتی بۆ سەرجەم کۆمەلانی خەلك ، پێویستی بە هێزێکی جەماهیری هەبوو . لەو رۆژگارەداو بە حوکمی سروشتی دروست بوون و پێکهاتنی نەیدەتوانی روو بکاتە لادێ و مەیدانی خەبات بگوێزێتەوە ، ئەمە جگە لەوەی کە پەیوەندی خێلەکی و دەرەبەگایەتی دەرگای ئەو مەیدانە فراوانەی لەسەر داخستبوو . سەبارەت بەم بارو زرووفە ، کرێکاران باشترین و نزیکترین هێز بوون لە رۆشنبیرانەوەو دەیانتوانی کاریان تێ بکەن و پشتیان پێ ببەستن . چونکە کرێکاران ، رۆشنبیرێکی ئەو کاتە ووتەنی : « ئەو چینەن لەناو جەرگەی گەلەوە هەلقولاون و بناغەی تەلاری سەربەخۆیی و سەربەستین »[503] بۆیە رۆژنامەی « الأهالی » یش کە زمانی حالی گرووپی « الأهالی » بوو ، بە ئاشکرا رووی دەکردە « لاوانی نەتەوە » و داوای لێ دەکردن : « .. روو بکەنە ئەو چینەو پەرۆشیان بن و[504] بچنە ناویانەوەو خۆشیان بوێن و بە دلسۆزیەوە خزمەتی بکەن ، تاوەکو راپەرین هەموو لایەك دەگرێتەوە . ئەوسا پاشەڕۆژی ئابوری و سیاسی گەلەکەتان کە ئەمرۆ لێی بێزارن ، بەو جۆرە دەبێ کە خۆتان دەتانەوێ . گەر بێ و دەست بۆ چینی رەش و رووت درێژ بکەن و لێتان دلنیا بن ، ئەوسا بزووتنەوەیەکی ئەوتۆ لە ناویاندا دەخولقێنن کەس نەتوانێ بەرهەلستی بکا » [505].

گومان لەوەدا نی یە کە سەرکەوتنەکانی بزووتنەوەی کرێکارانی ئەورووپای رۆژئاوا ، کاری تەواوی لە تاقمە رادیکالیەکەی ناو رۆشنبیرانی عیراق کردبوو ، بە تایبەتی چونکە کرێکاران لەو وولاتانەدا بوو بوونە « خاوەن دەسەلات و چ لایەنە سیاسی یەکان و چ ئەوانەیش سیاسی نەبوون ترسیان لێیان هەبوو »[506] نەك هەر ئەوەیش بەلکو لە ئەورووپادا بوونە « خاوەنی هەموو هەلوێستێکی ترسناك . چی ئال و گۆری ئابوری و پەرە سەندنی کومەلایەتی و هەرەس هێنانی ئەم رژێم و ئەو رژێم هەیە ، بە کورتی ی ئەو رووداوە مەزنانەی ناو بە ناو لە

سەرانسەری جیهان‌دا دەیان بینین ، زۆربەیـان جێ دەستی دیارو نـادیاری کرێکارانیان پێوەیە .. » لەبەر ئەوە شتێکی سەیـر نی‌یە ئـەگەر خـاوەنی ئەم بیروڕایانە چاو ببڕنە ئەو ڕۆژەی تێیدا « کرێکارانی عیراقیش ڕۆڵێکی وا مەزن لە ژیان‌دا بگێڕن».[٥٠٧]

بەو جۆرە ڕۆشنبیران بەر لە توێژە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دی ، بایەخیان بە مەسەلەی کرێکاران‌دا . ئەوانە یەکەمین کەس بوون لە زووەوەو لە ناواخنی ئەو ووتارانەیان‌دا کە لە گۆتارەکانی ئەو سـەردەمەدا بـڵاویان دەکـردەوە ، گیرو گرفتی بێکاریی‌وزۆربوونی کرێکاری بیانی‌یان چارەسەر دەکرد[٥٠٨] هەر زوویش بە شێوەیەکی ئەوەندە عاتیفی‌ی لە سەر هەڵوێستی سەلبی ڕژێمیان سە بارەت بە کرێکاران نووسی ، کاریان لە هەستیان دەکردو بۆیان دەرخستن کە ڕۆشنبیران تا چ ڕادەیەك بایەخ بە مەسەلە ڕەواکانیان دەدەن . پێش ئەوەی بزووتنەوەی کرێکاران کڵپە بستێنێ ڕۆشنبیرێکی ئەو کاتە بەم جۆرە کۆتایی بە ووتارەکەی دەهێنێ بەشێوەیەك کار دەکاتە سـەر ئادەمیـزاد ، لە ناخـەوە مرۆڤی سـادە دەهەژێنێ .

« .. خەڵکینە وەرن برینی ئەو کرێکارە عیراقی‌یە تیمار بکەن کە برسی‌یەتی پشتی شکاندووە ؛ هیچ نەبێ بە چاوی بەزەیی‌یەوە تێ‌ی[٥٠٩] بڕوانن . کام دڵ زۆر ڕەقە کە گوزەرانی ئەو دەبینێ خوێنی لێ دەتکێ .. ئەو ژیانە دووچاری کوێرەوەری‌و نەهامەتی‌ی کردووە . تاکەی دڵتان نەرم نابێ ! ئەی ئەوانەی بە ناوی گەلەوە لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی پاڵتان لێ داوەتەوە ، تاکەی هەستی نەتەوەیی‌تان ناجووڵێ . کاتی ئەوە هاتووە ئەو کۆت‌و زنجیرانە بپچڕێنین کە تەنانەت بەندەکانی بـەندیخـانەی ـ بـاستیل ـ ی سـەردەمی لویسی شازدەهـەم بە خـۆیـانـەوە نەدیوە .. »[٥١٠]

هـەنـدێ گـۆڤـاریش وەك «الحـاصـد »[٥١١] و بـەتـایبـەتی گـۆڤـاری « الشبـاب » ی مانگـانە کـە « سەعیـد ئەلسـامـەرائی » و « عـەبـدولقـادر ئیسمـاعیل » دەریـان دەکرد ، بـایەخێکی هـەست پێکراویـان بە مـەسەلەی کرێکاران‌و شکایەتەکانیان دەدا . گۆڤـاری « الشباب » کـە نووسـەری وەك « مەحموود ئەحمەد ئەلسەیید » و « یووسف ڕەجیب » تێیدا دەیا ننووسی ، هەر لەیەکەم ژمارەوە کە ڕۆژی ١٦ ی ئـابی ساڵی ١٩٢٩ دەرچـووە ، دەستی بۆ مەسەلەی هەژاریی‌و سواڵکردن ڕاکێشاوەو داوای لە میری دەکرد چارەسەریان

بکا[٥١٢] . کاتێکیش کـۆمەڵە کـرێکاریو پیشـەیی یەکـان دروست بوون ، چی ڕۆشنبیری پایەتەخت هەبوو بە شێوەی جۆر بە جۆر وئەوەندەی لە توانایاندا بوو ، پشتگیریی یان کرد .[٥١٣] هەبوو بە شداری کۆرەکانی دەکردو باسی سوود بەخشو بەکەڵکی بۆ ئەندامەکانی دەخوێندەوە ، هەیش بوو بە مـەبەستی نـەهێشتنی نەخوێندەواری لەناو کرێکارانو پیشەوەراندا و لەناو ئەو پۆلانەدا کۆمـەڵەکان کردبوویاننەوە ، دەرسیان بە ئەندامەکانیان دەووتەوە . خەڵکی وایش هەبـوو کتێبی قوتابخانەو سەرچاوەی ڕۆشنبیری گشتیی پێ دەبەخشینو تەختەی بۆ دەنووسینو بەرهەمی هـونەریی پێشکـەش دەکردن . هـەندێکی تـریش ئەو بۆستانەیان وەربەگێڕا کە « کۆمەڵەی سنعاتکاران » لەگـەڵ دەرەوەی وولات ئاڵوگۆڕیان دەکردو[٥١٤] زۆر کاروباری تریش کە وایان لەو کۆمـەلانە کـرد بە شێوەیەکی باشتر ئەرکەکانی سەرشانیان ڕابپەڕێنن[٥١٥] . لێرەدا پێویستە ڕۆڵی تایبەتی پارێزەرانو رادەی پشتگیری کردنیان لە کرێکارانو رێکخراوەکانیان لە یاد نەکەین . بێ گومان ئەم هەڵوێستە یشیـان لەوەوە هاتـووە کە بـە حوکمی پیشەکەیان پەیوەندی راستەوخۆیان بە گیروگرفتی خەڵکەوە و بە تایبـەتی بە هــەژارانەوە هــەیە . ئـەوانە لە زۆر بـۆنەدا و لەبـەردەم دادگادا بـە خۆڕایی بـەرگرییـان لە کرێکـاران دەکرد . چ وەك نـووســەرو چ وەك لێپـرسـراوی ڕۆژنامەیش ڕۆڵێکی هەست پێکراویـان لە ڕۆژنامـەی کرێکـاراندا بینی . لەو سەردەمەدا کۆڕێکی کرێکاران ساز نەکراوە ژمارەیەك پارێزەر بەشدلری تێدا نەکردبێ[٥١٦] .

ڕۆشنبیـرە شۆڕشگێـڕەکـان ، بـە تـایبـەتی ئـەوانـەی بیـروبـاوەڕی سـۆشیالیـزمی یان تێـدا دروست بـوو ، وەك « حسـەین ئـەلرەحـال »[٥١٧] و « مەحموود ئەحمەد ئەلسەیید » ی چیرۆك نووس[٥١٨] و « یووسف رەجیب » ی نـووسەر[٥١٩] و «عـەبدوڵلا جـەددوع » و « ئیبراهیم ئـەلقـەزاز » و خـەڵکی تریش[٥٢٠] ڕۆڵێکی دیاریان گێڕاو توانییان هوشیاری چینایەتی لەناو کرێکاراندا بخـەملێننو پەرەی پێ بـدەنو تـۆوی ورەو متمـانـە بـە خـۆ کـردن لە دژی چەوسێنەران لە دەروونیان دا بچێنن . بە هۆی پەیوەندی کردنیان بـە چەنـد سـەرکردەیـەکی ئـەو کـۆمـەلانـەوەو بـەو ووتـارانـەی کـە لە کـۆرەکـاندا دەیـانخوێنـدنەوەو بـەوانەیش کـە لەڕۆژنامـەکاندا بـڵاویان دەکـردنـەوە ، داکۆکییان لە کۆمەڵەی پیشـەییو کرێکـاری دەکرد . لەگـەڵ ئەوەیشدا بـە ڵگەیەکی زۆر لەبەر دەستدایە و هەموویشیان گەواهی ئەم حەقیقەتەن . لێرەدا ئەوەندە بەسە بیروڕای نووسەری ناسراو « مەحموود ئەحمەد ئەلسەیید » بە

نموونه بهێنینەوە کە ڕۆژنامەی «العامل»[521] پێی دەڵێ، لەو تاك تاك خەڵکەیە «بۆسەر خستنی کرێکاران هەوڵ دەداو گەرەکیەتی بیانگەیەنێتە ریزی چینە دەسە لاتدارەکان وگیانی ئاوێتەی بەکسانی ی بووە. بۆیە حەزی بە یەکسانی یەر خۆشی دەوێ. هەر ئەو خۆشە ویستی یەیشە لە قەڵەمە بەخشندەکەی دا دەرکەوت و خۆی نواند».[522]

« ئەلسەیید » لەو ووتارەی دا کە پاش نیوەڕۆی « ۱ » ی ئابی ساڵی ۱۹۳۰ لە ئاهەنگێکی کرێکارانی « کۆمەڵەی چاپخانەکانی عیراق » دا خوێندی یەوە ، ڕوو دەکاتە ئامادە بووان و دەڵێ : «کار، بەڵگەی یەکەمین شارستانیەت و ئاوەدانی یە. سەرچاوەی پیرۆزی ژیانەو بەهۆیەوە شەرەفێکی تایبەت بە کرێکاران دەبەخشێ و لە هەموو چینەکانی دی جیای دەکاتەوە» لێرەدا ووتەیەکی «نەهرۆ» بە بەڵگە دێنێتەوە و دەڵێ: «پاشە ڕۆژ بۆ چینە زەحمەتکێشەکانە کە میللەت پێك دەهێنن، وەك کرێکاران و جووتیاران و خاوەن پیشە سەربەستەکان و سنعاتکاران.[523] ئەو خێرو بێرەی لەوانە چاوەڕوان دەکرێ، سەد یەکی لە چینی بالاو ناوەڕاست چاوەڕوان ناکرێ» هەروەها «ئەلسەیید» کرێکاری عیراقی ؛ هوشیار دەکاتەوەو ئامۆژگاری دەکا خۆی دووچاری ئەو هەڵەیە نەکا کرێکاری میسری تێی کەوت و جڵەوی خەباتی کۆمەلایەتی وئابوری دایە دەست چەند نوێنەرێك... ئەوانیش چوونە کۆڵی و[524] مەسەلەکەیشیان بۆ مەبەستی خۆیان بەکار هێنا، بەلام نەیانتوانی هیچی بۆ بکەن».[525]

لەو ووتارەیش دا کە لە یەکێك لە ڕۆژنامە کرێکاری یەکان دا بلاوی کردووەتەوە «ئەلسەیید» بۆ کرێکارانی دووبارە دەکاتەوە کە «پارچە پارچە بوون و بەربەرەکانەی یەکتری، تێکیان دەشکێنێ و بەرەو دوا یانگێڕێتەوەو ماوەیەکی زۆرتریش بە ماف خوراوی دەمێننەوە» چونکە «بەبێ هاوکاری یەکتری ئەو مافانەیان دەستگیر نابێ»و دەبێ لە پێناوی «پەرژەوەندی ناوکۆیی یان دا بەرگری بکەن» و «هەوڵ بدەن یاسایەکی نوێ.بۆ پاراستنیان بهێننە دیو ئەوەندەی لە تواناد ا هەیەو لەسایەی ئەم رژێمە کۆمەلایەتی یەدا کە بە زۆر بەسەرمان دا سەپاوە، مافەکانیان بپارێزن..».[526]

گرووپی «الأهالی»[527] کە دەستەیەك ڕۆشنبیری هەڵبژاردەی ئەو قۆناغەی عیراقی تێدا کۆبووبووەوە، لە هەموو توێژە کومەلایەتی یەکانی تر، زۆرتر بە تەنگ مەسەلەی کرێکارانەوە بوو.[528] ئەم گرووپە داوایان لە لاوان دەکرد چاو ببڕنە

«چینی ڕەش‌و ڕووت» چونکە «شایانی خزمەت کردنە»و «میللەت لەو پێکهاتووە»، وەك ڕۆژنامەی «الأهالی» کە زمانی حاڵی ئەم گرووپە بوو نووسیویەتی.[529] ئەم بۆچوونەوە ڕۆژنامەی ناوبراو لە ڕۆژنامەکانی‌تر زۆرتر بایەخی بە کرێکاران‌و گیروگرفتەکانیان دەدا. لەیەکەم ژمارەی‌دا بڵاوی کردووەتەوە کە «بە زۆریی بایەخ بە کاروباری لاوان‌و کرێکاران‌و ئافرەتان دەدا»و نرخی ڕۆژنامەکەیش بو کرێکاران‌و قوتابیان ١٠٪ی لێ دادەشکێنرێ.[530] بەشێکی ڕۆژنامەکەیشی بۆ چارەسەر کردنی کاروباری کرێکاران تەرخان کرد بوو؛ بە شێوازێکی نوێ‌یش کەوتە بڵاوکردنەوەی بابەتی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ پەیوەندی‌یان بە «کرێکاری بێ ئیش»ی ناو «شاری دەرۆزە»[531] وە هەبوو. داوای لە ڕژێمیش کرد یاسایەکی سەر بەخۆ بۆ کرێکاران دابنێ تا لە سایەی‌دا «قورسایی کۆمپانیا بیانی‌یەکان» لەسەر شانی کرێکاران کەم بێتەوەو پێشنیاز یشی کرد، پرۆژەی دروستکردنی خانوبەرە بۆ کرێکاران ئەنجام بدرێ‌و کارێك بکرێ کرێکاری بێ ئیش دەستەبەر بکرێ. ئەمە جگە لەوەی‌چەندین ووتاری وەرگێردراوی لەبارەی کرێکارانەوە بڵاوکردەوە.[532]

هەڵوێستی دڵسۆزانەی گرووپی «الأهالی» وای کرد، لە ڕۆژانی سەربەخۆیی ووڵات‌دا‌و لە پێش چاوی سەرکردایەتی کرێکاران بوونە باشترین هێزی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی.[533] بەڵام لەگەڵ ئەوەیش‌دا نەیتوانی لەو ڕۆژگارەدا ڕۆڵێکی دیار لە سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی کرێکاران‌دا بگێڕێ. ئەو مەسەلانەی گرووپی ناوبراو بایەخیان پێ دەدا، با گرنگیش بووبن، بێجگەلەوەی ئاوات‌و ئامانجی کرێکارانی دەرنەدەبڕی، لە چاو بزووتنەوەی ئەو قۆناغەی کرێکاران‌دا شتێکی ئەوتۆ نەبوون. لێرەدا باشتر وایە دەست بۆ ئەو نامیلکەیە درێژ بکەین کە ئەو گرووپە لەژێر ناونیشانی «میللی‌یەت ـ ئەو باوەڕەیە ـ الأهالی ـ هەوڵی وەدەست هێنانی دەدا»[534] بڵاوی کردەوەو تێیدا

پەیڕەوەکەی خۆیانی دەست نیشان کردو بە بەڵگەنامەیەکی گرنگ دادەنرێ. ئەو نامیلکەیە هەر چەندەپێ لەسەر چارە سەرکردنی کێشە سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی یەکان دادەگرێ «بە شێوەیەك خۆشگوزەرانی‌و پێشکەوتن‌و دڵنیایی بۆ کۆمەڵ ـ کۆمەڵی عیراق. ك. م. «تێدا بێ، کەچی ئیشارەتێکی ڕاستەوخۆی بۆ چینی کرێکاران‌و مەسەلەکانی ئەو چینە تێدا نی‌یە. بەهەرحاڵ دەتوانرێ ڕادەی بایەخدانی گرووپی «الأهالی» بە چینی کرێکارانی عیراق لە ناوەڕۆکی ماددەی شەشەمی پرۆگرامی «کۆمەڵەی ریفۆرمی

میللی»دا[٤٣٥] دەربهێنرێ کە چوار ساڵ دوای کۆتایی هاتنی ئینتداب داڕێژرا بوو. دەقی ئەو ماددەیە داوا دەکا هەوڵ بدرێ «یاسایەك دابنرێ، کرێکاران بپارێزێ بەرەو پێشەوەیان بەرێو مافەکانیان دابین بکاو ماوەێ ئیش کردنی ڕۆژانەیان بکا بە هەشت سەعاتو پشتگیریی کۆمەڵەی کرێکارانو نیقابەکانیان بکاو رادەی هەرد کەمی ی ڕۆژانە دیاری بکا».

لە دوا دوای سەردەمی ئینتدابدا، دەستەیەك لە ڕۆشنبیرانی عیراق کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی ئەو حزبە لیبرالیە ڕۆژئاواییانەوە کە ناوی کرێکارانەیان لە خۆیان نابوو،[٤٣٦] لە بواری سیاسیشدا چەند سەرکەوتنێکیان وەدەست هێنا بوو. ئەم مەسەلەیە لە لایەن ڕۆژنامەکانی عیراقەوە، بە ڕۆژنامە کرێکاری یەکانیشەوە[٤٣٧] بایەخێکی لە ئەندازە بەدەری پێ درا. تا حاڵ گەیشتە ئەوەی ڕۆژنامەی «العالم العربي» لەو سەر ووتارەیدا کە بە بۆنەی ماوە پێدانی «کۆمەڵەی سنعاتکاران»ەوە بڵاوی کردەوە، نیمچە بەراوردێکی لە نێوان «پارتی کرێکارانی بەریتانیا» وکرێکارانی عیراقدا کرد.[٤٣٨]

وا پێ دەچێ برێك لەو ڕۆشنبیرانە هەوڵیان دابێ لە گەرمەی بزووتنەوەی کرێکارانی عیراقدا هەمان ئەو ڕێبازە بگرنەبەر کە لە ڕۆژئاوادا پەیرەو دەکرێو پارتێکی سیاسی بە ناوی کرێکارانەوە دابمەزرێنن. ئەوەتا لە ١٤ی مارتی ساڵی ١٩٣١دا «سەعەددین زیادە»ی پارێزەر لەگەڵ «دەستەیەك لاوی پێگەیشتووی مووسڵ» داوایەکیان پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کرد تا ڕێگایان بدرێ «پارتی کرێکاران» دابمەزرێنن. چونکە «نەبوونی پارتێکی سیاسی خاوەن پلانی ژیرانەو بناغەیەکی پتەو بۆ گەیاندنی گەل بە ئاواتو ئامانجەکانی» بۆ شایی یەکی سیاسی ی گەورەی دروست کردووە، وەك لەدەقی داواکەیاندا نووسراوە.[٤٣٩] ئەو ئامانجەیش کە پەیڕەوەکەی دیاری کردبوون، سروشتی چینایەتی ئەو پارتە دەردەخەن. ئەوەتا پەیڕەوی بنچینەیی ئەو پارتە کرێکاری یەی نیازبوو دابمەزرێنری بریتی یە لە:

«آ: هەوڵ بدرێ بۆ ئەوەی عیراق سەربەخۆیی تەواوو ڕاستەقینە وەربگرێ.

ب: هەوڵ بدرێ ئاشتیو برایەتی یەکی سەرومر نە نێوان عیراقو دەوڵەتە دراوسێو[٤٤٠] بیانی یەکاندا بەرکەماڵ بێ.

ج: هەوڵ بدرێ خوێندن فێربوون بکرێتە گشتی ی.

د: بەرهەمی خۆولاتی ڕەواجی پێبدرێ.

هـ: کاروبارەکانی میری بخرێتە ژێر چاودێری یەوەو بەرگری لە

پەرژەوەندییەکانی گەل بکرێ.
و: بەرهەڵستی کردنی ئەو بیروڕایانەی زیان بە یەکێتیی عیراقو نەتەوەی عەرەب دەگەیەنن.
ز: دابینکردنی مافی کرێکارانو پێشخستنی باری ئەدەبیو تەندروستیو گوزەرانیانو هەوڵ بدرێ یاسای پێویست بۆ مسۆگەر کردنی ئەمانە دابنرێ.
ح: هەوڵدان بۆ ئەوەی گیانی یارمەتی لەناو ئەندامانی حزبدا بڵاو بکرێتەوەو بە هەموو شێوەیەکیش بەرگری لە مافەکانیان بکرێ.»[٥٤١]

ئەوی راستیی بێ، ئەم هەنگاوەیش جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو هەوڵو تەقەللایەدا نەبوو کە هەر لەو کاتەدا «یاسین ئەلهاشمی» بۆ دەست بەسەراگرتنی بزووتنەوەی کرێکارانو بەتایبەتی «کۆمەڵەی سنعاتکاران» کردی. بۆیە ئەمیش لە لایەن کرێکارانو شەخسی «محەممەد سالح ئەلقەزاز»ەوە بایەخی پێ نەدرا، ئەمە لە کاتێکدا پێشنیازیان کرد «ئەلقەزاز» ببێتە سکرتێری ئەو پارتەی نیازیان بوو پێکی بهێنن.[٥٤٢] چاك وایە لێرەدا دەست نیشانی ئەو حەقیقەتەیش بکەین کە حزبی «الاخاء الوطني» لەو کاتەدا لە ناو دەستەو تاقمە سیاسییەکانی ئەو سای «مووسڵ»دا دەستو دەسەلاتێکی گەورەی هەبوو.

واپێ دەچێ ئەوانەی داوای پێکهێنانی «پارتی کرێکاران» یان کردبوو، بەوە تاوانبار کرابن گوایە سەر بە لایەنێکی سیاسی کراون، بۆیە بەو جۆرە بەرگرییان لە خۆیان دەکرد و دەیان ووت: «بە داخەوە هەندێ کەس خراپ لەنیازو مەبەستی دامەزراندنی ئەم پارتەتێ گەیشتووەو بە شێوەی جۆر بە جۆر لێکی دەدەنەوە. بەلام ئێمەبەم بۆنەیەوە، بە ئاشکرا رای **دەگەیەنین کەمەبەست** لەدامەزراندنی پارتی کرێکاران، ئەوە نییە بەرهەڵستی حزبێكو پشتگیری یەکێکیتر بکا».[٥٤٣] دیارە ئەمەیش یەکێك بووە لەو هۆیانەی کاتی خۆی مۆڵەتی ئیش کردنی نەدرێتێ.[٥٤٤]

هە رچۆنێك بێ ئەم بایەخ پێدانە، باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کەلەدوای کۆتایی هاتنی ئینتدابو بوونی عیراق بە ئەندامی «کۆمەڵی گەلان»، کرێکاران بوونە هێزێکی کۆمە لایەتی نوێو توانییان خۆیان بەسەر ژیانی رۆژانەی کۆمەڵدا بسەپێننولە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاراندا هەنگاوی پێویست بهاوێژن.

سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

١ ـ بڕوانە: « الاخاء الوطنی » ٢٨ تشرين الاول ١٩٣١.
٢ ـ ژمارەی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عیراق لە ساڵی ١٩٥٦ دا گەیشتە ١٢ر٨٠٠ کەس، بەو ٢ر٠٤٥ کەسەیشەوە کە خەریکی ڕاکێشانی بۆری نەوت بوون.
٣ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن بڕوانە: E. A. Kinch, OP, cit; P 194.
٤ ـ « نداء العمال » العدد الاول ٢٢ تشرين الثانی ١٩٣٠، ص ١٤
٥ ـ بڕوانە چیرۆکی « تیپ ڕێکخەرەکە » المنضد » ی « عەبدولقادر ئیسماعیل » کە لە ڕۆژنامەی « البلاد » ی ڕۆژی ٣٠ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٩ دا بڵاو کراوەتەوە.
٦ ـ A. M. Hamilton, Op, cit P. 139.
٧ ـ بەنموونە: لە هیندستاندا کرێکارانی چنین نزیکەی ٢٥٪ ی تێکڕای کرێکارانی پیشەسازي پێك دەهێنن. (بڕوانە: التركيب الطبقی للبلدان النامية. تاليف مجموعة من العلماء السوفيت. ترجمة الدكتور داود حيدر ومصطفی الدباس ١٩٧٢ ص ١١٠).
٨ ـ دەربارەی ئەوانە، بڕوانە بەشی سێیەم.
٩ ـ Report on the administration of Iraq for the year 1920 P. 29 بۆ زیاتر تێ گەیشتنیش، بڕوانە: بەشی سێیەمی ئەم کتێبە.
١٠ ـ « العالم العربی » ٢٤ آيار ١٩٣٢.
١١ ـ بڕوانە: گۆڤاری « الحاصد » بغداد العدد / ٤ السنة الثانية. ١٤ آب ٩٣٠ ص ١٠.
١٢ ـ هەر ئەو سەرچاوە ل ١٠.
١٣ ـ « العراق » ١٠ تشرين الاول ١٩٢٨.
١٤ ـ بۆ شارەزا بوون لە بیروڕای « ئەلقەزاز » لەم بارەیەوە، بڕوانە: « العالم العربی » ٤ حزيران و ١٦ آب ١٩٣٠.
١٥ ـ چاو پێ کەوتنێك لەگەڵ « محەممەد سالح ئەلقەزاز » ڕۆژی ٣١/٧/٩٧٩.
١٦ ـ بڕوانە هەندێ لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی « العرب » و « تێ گەیشتنی ڕاستیی » بە کوردي، کە ساڵی ١٩١٨ دەردە چوون. شایانی باسە سێیەکی ئەو بابەتانەو بگرە زیاتریش کە ڕۆژنامەی « العرب » دوایی بوو بە « العراق » بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرابوون.
١٧ ـ بڕوانە: « العالم العربی » ١٥ تشرين الثانی ١٩٢٩.
١٨ ـ لە ناو هەموو ئەو بەڵگەنامەو ڕاپۆرتە جۆر بەجۆرانەدا کە بۆ ئامادە کردنی ئەم کتێبە سوودمان لێ وەرگرتوون، باسی ملنگرتنی لەو جۆرە نەکراوە.
١٩ ـ بە نموونە، بڕوانە: « مساهمة فی كتابة تاريخ الحركة النقابية فی العراق، نبذة تاريخية عن حركة العمال النقابية فی العراق خلال ربع قرن » مجلة الثقافة الجديدة. بغداد العدد ٣٩ آب ١٩٧٢ ص ١١.
« صادق قدير الخباز. نصف قرن من تاريخ الحركة النقابية فی العراق. بغداد ١٩٧١ ص ٣١. » رزاق ابراهيم حسن ص. تاريخ الطبقة العاملة فی العراق.ص ٩ ».
« عبد السلام الناصری ـ ابو نصير. معارك طبقية. منشورات الطريق الجديد. بغداد بلا، ص ٥.

٢٠ ـ به نموونه بروانه: « مساهمة في كتابة تاريخ الحركة النقابية في العراق. الثقافة الجديدة آب ١٩٧٢ ص ١١.
٢١ ـ « عبد السلام الناصري « هه‌مان سه رچاوه‌ی پێشوو.
٢٢ ـ بروانه: « ايام من ثورة العشرين في بغداد. ترجمة واعداد الدكتور صالح جواد الكاظم. جريدة « العراق » بغداد ٢٩ حزيران ١٩٧٨.
٢٣ ـ بۆ زیاتر ئاگادار بوون له‌و رووداوه بروانه: « الدكتور علي الوردي. لمحات من تاريخ العراق الحديث، الجزء الخامس. القسم الاول، ص ١٧٦ ـ ١٨٠ ».
٢٤ ـ بروانه: ل.نز كاتلوف. راپه‌رینی رزگاریخوازنه‌ی نیشتمانی‌ی ١٩٢٠ له عیراق، به زمانی رووسی. ل ١٣٥ ـ ١٦٦ ».
٢٥ ـ « العراق » ٢١ حزيران ١٩٢٢.
٢٦ ـ بروانه: « العراق » ١٨ تموز ١٩٢٢.
٢٧ ـ مه‌به‌ستمان له‌و پیشه‌وه‌ره لیبرالی‌یانه‌یشه که خۆیان به خاوه‌نی مه‌سه‌له‌ی کرێکاران ده‌زانی.
٢٨ ـ بروانه « العراق » ١٥ تموز ١٩٢٢.
٢٩ ـ « العراق » ٢٥ و ٢٧ تموز و ١٢ آب ١٩٢٢ و ١٨ ايلول ١٩٢٤.
٣٠ ـ « العراق » ١٥ ايلول ١٩٢٢ و ١٠ تشرين الاول ١٩٢٤.
٣١ ـ « العراق » ٢٨ ايلول ١٩٢٢ و ٣٤ كانون الثاني و ٧ شباط و ٢٩ تشرين الثاني ١٩٢٤.
٣٢ ـ « العراق » ٢٥ و ٢٧ تشرين الثاني ١٩٢٤.
٣٣ ـ له‌و ساڵه‌دا یه‌که‌م کۆمه‌ڵه‌ی وه‌رزشی به ناوی « کۆمه‌ڵه‌ی یه‌کێتی‌ی تۆپی پێ » وه دامه‌زرا. بروانه: « العراق ٢٣ كانون الثاني ١٩٢٤.
٣٤ ـ الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ ص ٨٠٥.
٣٥ ـ له هه‌ندێ سه‌رچاوه‌دا « موحی‌ی موجیبیل » نووسراوه. « بروانه: عبد الرزاق مطلك الفهد. تاريخ الحركة العمالية في العراق ص ٩١ » به‌ڵام راستی یه‌که‌ی « موحی‌یه‌ددین محه‌مه‌ده » و هه‌ر ئه‌و که‌سه‌یه که له‌گه‌ڵ « ئه‌لقه‌زاز » دا غلوصیه‌کی بووه و زۆر هه‌وڵی دامه‌زراندنی یانه‌ی کرێکارانی‌دا و پاشان بووه ئه‌ندامی ده‌سته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ری کۆمه‌ڵه‌ی سنعاتکاران. بروانه « العالم العربي » ٣١ تموز ١٩٢٩.
٣٦ ـ هه‌ندێ سه‌رچاوه وای دادەنێن که ئه‌و هه‌وڵه هه‌ر کرێکارانی رێگای ئاسن داویانه. بروانه: « رزاق ابراهيم حسن. تاريخ الطبقة العاملة في العراق ص ٩٥. « صادق الخياز. نصف قرن من تاريخ الحركة النقابية ص ٣١ ».
٣٧ ـ چاو پێکه‌وتنێك له‌گه‌ڵ « محه‌مه‌د سالح ئه‌لقه‌زاز » دا رۆژی ٣١/٧/٩٧٩.
٣٨ ـ « توپه‌رمان » ی مێژوو نووسی سۆڤیه‌تی‌یش ده‌ست بۆ ئـه‌م رووداوه درێژده‌کـا. بروانـه « م. کوپه‌رمان بزووتنه‌وه‌ی کرێکاران له عیراقدا. گۆڤاری ـ رۆژهه‌ڵاتی شۆڕشگێڕ به زمانی رووسی. مۆسکۆ. ژماره ـ ٦ ـ ساڵی ١٩٤٣ ».
له گۆڤاری « الثقافة الجديدة » ی ژماره ـ ٢٤ ـ ی مانگی ئاياری ١٩٧١ دا و له سه‌ر لاپه‌ره‌کانی ٩٧ ـ ١٠٦، ده‌قی ئه‌و ووتاره کرابووه عه‌ره‌بی‌ی‌و بڵاو کرابووه‌وه.
چاو پێکه‌وتنێك له‌گه‌ڵ « محه‌مه‌د سالح ئه‌لقه‌زاز » دا رۆژی ٢٢/٨/١٩٧٩.
٣٩ ـ چاوپێ که‌وتنی رۆژی ١٩٧٩/٧/٣١ له‌گه‌ڵ « محه‌مه‌دسالح ئه‌لقه‌زاز » دا.
٤٠ ـ به نموونه، بروانه: « العراق » ١٠ تشرين الاول ١٩٢٨.
٤١ ـ بروانه « العراق » ٣١ آيار ١٩٢٧.
٤٢ ـ ئه‌و ووتانه له رۆژنامه‌ی « العراق » ی رۆژی ٢٥ ی ئاياری ١٩٢٧ وه، رگیراوه.
٤٣ ـ هه‌موو ئه‌وانه‌ی له‌باره‌ی بزووتنه‌وه‌ی کرێکارانی عیراقه‌وه شتیان نـووسیوه، ده‌ست بـۆ ئه‌م

رووداوه دریێژ دەکەن. « محەممەد سالح ئەلقەزاز » یش پێی لێ دەنێ، کەچی هیچ کاملە راپۆرتەکانی بەریتانیا و فایلە نهێنییەکانیان و تەنانەت رۆژنامەکانی ناوخۆیش شتێکیان لەو رووەوە نەنووسیوە.

٤٤ ـ هەندێ جار بەڕێوەبەرایەتی دە رۆژو بگرە زیاتریش مووچەی کرێکارانی دوا دەخست، ئەمەیش دەبووە هۆی ئەوەی کرێکاران وەڕس ببن و نارەزایی دەرببڕن.

٤٥ ـ چاو پێکەوتنی رۆژی ٢٢/٨/٩٧٩ لەگەڵ « محەممەد سالح ئەلقەزاز » دا.

٤٦ ـ بڕوانە: « العراق » ٢٥ حزیران ١٩٢٨.

٤٧ ـ بڕوانە: E. A. Kinch, OP, cit, P.197.

٤٨ ـ دەقی ووتارەکە نووسیویە « داخوازییەك ».

٤٩ ـ لەو ووتارەوە، وەرگیراوە کە « ئەلقەزاز » بە بۆنەی تێپەڕ بوونی سالێك بەسەر «کۆمەڵەی سنعاتکاران » دا خوێندییەوە.

٥٠ ـ « العالم العربي » ٥ تموز ١٩٣٠.

٥١ ـ بڕوانە « العراق » ١٠ تشرین الاول ١٩٢٨.

٥٢ ـ بڕوانە « العالم العربي » ٢٨ تشرین الاول ١٩٣٠.

٥٣ ـ بڕوانە « الدلیل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ ص ٨٢٧ » بە پێی هەندێ سەرچاوە « کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان » لەو مێژووە کەمێك دوا کەوت. بڕوانە: « الاستقلال » ١٩ مارت ١٩٢٩. « عبد الرزاق مطلك الفهد. تاریخ الحركة العمالیة في العراق. ص ١٣٤ » بە هەرحاڵ ئەمە یەکەمین کۆمەڵەیە کە بە رەسمی ماوەی ئیش کردنی پێ درابێ.

٥٤ ـ ئەو نووسەرانەی کە وای دادەنێن گوایە « کۆمەڵەی سنعاتکاران » پێش « کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان » ڕێگای پێ دراوە بە هەڵەدا چوون. بە نموونە بڕوانە « صادق قدیر الخباز ـ نصف قرن من تاریخ الحركة النقابیة في العراق. ص ٣١ ».

٥٥ ـ « العالم العربي » ٢٢ ایلول ١٩٢٩.

٥٦ ـ « العالم العربي » ١٩ كانون الثاني ١٩٣٠.

٥٧ ـ بڕوانە « نداء الشعب » ٢ كانون الثاني ١٩٣١. هەندێ سەرچاوەی لە بابەتی ئەوەی « عبد الرزاق مطلك الفهد » وای دادەنێن کە کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیکی عیراق « لە ٢٠ ی کانوونی دووەمدا دامەزراوە نەك لە ٤ ی کانووندا. بەڵام ئەو مێژووەی ئێمە دەست نیشانمان کردووە راستییەکەیە، چونکە دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵە دوای ئەو مێژووە راستەوخۆ داوای لە تێکڕای ئەندامانی کرد و لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا پێی راگەیاندن کە بەشداری لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەدا بکەن. ئەوەبوو ئێوارەی ر وژی ١١ ی کانوونی دووەم ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران لە بینای پەیمانگای زانیاریی لە « حەیدەرخانە » کۆبوونەوەو دەستەی بەڕێوەبەریان هەڵبژارد. دەستەی هەڵبژێردراویش لە رۆژی ١٨ ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ دا یەکەم کۆبوونەوەیان ساز کرد. « بۆ زیاتر تێ گەیشتن، بڕوانە: « العالم العربي » ١٠ و ١٢ و ١٩ كانون الثاني، ١٩٣٠. » لە دە لیل عیراقیشدا، مێژووی دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە بەراستی نووسراوە.

٥٨ ـ بڕوانه: «العالم العربي» ٣١ كانون الثاني ١٩٣٠.
٥٩ ـ كه ئەوه دەڵێین مەبەستمان ئەوه یه «كۆمەڵەی كرێكارانی میكانیك»ی لێ دەرهاوێژین.
٦٠ ـ ئەنجامی هەڵبژاردنەكه بەم جۆره بوو: «عەبدولقادر «ناوی باوكی نەنووسراوه» ٧١ دەنگ‌و «ئیبراهیم حەمدی» ٦٥ دەنگ‌و «مەنشی زەعروور» ٥٦ دەنگ‌و «عەبدولحسەین ـ ناوی باوكی نەنووسراوه ـ ٥٤ دەنگ‌و «عەبدولكەریم ـ ناوی باوكی نەنووسراوه ـ ٥٠ دەنگ‌و «محەممەدعەلی» ٤٢ دەنگ‌و «عەبباس ئال ئەلچەلەبی» ٣٦ دەنگیان هێنا بوو. بڕوانه «العالم العربي» ١٢ كانون الثاني ١٩٣٠.
٦١ ـ بۆمان نەلوا تەماشای پەیڕەوی ناوخۆی كۆمەڵه بكەین.
٦٢ ـ بڕوانه «العالم العربي» ١٩ كانون الثاني ١٩٣٠.
٦٣ ـ «العالم العربي» ١٩ كانون الثاني ١٩٣٠.
٦٤ ـ «الاخبار» ٢٠ تشرين الثاني ١٩٣١.
٦٥ ـ بڕوانه ئەو قسانەی سەرۆكی كۆمەڵەی ناوبراو له ژمارەی یەكەمی رۆژی ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ ی «نداء العمال» دا نووسیویەتی.
٦٦ ـ بۆ شارەزابوون له ناوەرۆكی ئەو رۆژنامەیه، بڕوانه ئەو بەشەی بۆ چالاكی راگەیاندن‌و رۆژنامەی كرێكارانمان تەرخان كردووه.
٦٧ ـ ئەوانه قسەی سەرۆكی «كۆمەڵەی كرێكارانی چاپخانەكانی عیراق» «عەبباس حسەین ئال ئەلچەلەبی» بەو لەو كۆبوونەوەیەدا كردی كه لەگەڵ وەزیری ئەشغال‌و هاتوچۆدا رۆژی ٢٤ی ئابی ١٩٣٠ پێكی هێناو باسی هەل‌و مەرجی ئیش‌كردنی كرێكارانی چاپخانەكەی رێگای ئاسنی كردبوو. بڕوانه «العالم العربي» ١ ایلول ١٩٣٠.
٦٨ ـ بڕوانه: «الاخاء الوطني» ١٩ تموز ١٩٣٢. «ئەلقەزاز» زۆر جار ئەوەی دووباره كردەوه كه سەرۆكی «كۆمەڵەی كرێكارانی چاپخانەكان» رارا بووەو هەڵوێستی چەسپاوی نەبووه. (چاو پێ‌كەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٨/٢٢ لەگەڵ محەممەد سالح ئەلقەزازدا».
٦٩ ـ بڕوانه: دەقی پەیڕەوی ناوخۆی كۆمەڵەی سنعاتكاران له پاشكۆی ژماره ـ ٢ ـدا.
٧٠ ـ لەم بەشەدا، جێگایەكی تایبەتی بۆ چۆنیەتی دروست بوونی «كۆمەڵەی سنعاتكاران»‌و چالاكی‌یەكانی تەرخان دەكەین.
٧١ ـ لەناو «كۆمەڵەی سنعاتكاران»دا چەند لیژنەیەكی سەربەخۆ هەبوون‌و هەریەكەیان نوێنەری پیشەیەك بوون.
٧٢ ـ هەندێ جار ئەلقەزاز به باوەر پێكراوو هەندێ جاریش به سەرۆك ناو براوه.
٧٣ ـ بڕوانه: «العالم العربي» ٧ كانون الثاني ١٩٣٠.
٧٤ ـ چاو پێ‌كەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٧/٣١ لەگەڵ «محەممەد سالح ئەلقەزاز» دا.
٧٥ ـ «ئەلقەزاز» ئەوەی دووباره كردەوه كه له ساڵی ١٩٠٥ دا له دایك بووه نەك له ١٩٠٤ دا، وەك له لاپەره «٨٩٤»ی دەلیلی عیراقی رەسمی‌ی ساڵی ١٩٣٦ دا به هەڵه نووسراوه. «چاو پێ‌كەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٨/٢٠ لەگەڵ محەممەد سالح ئەلقەزازدا».
٧٦ ـ چاو پێ‌كەوتنێك لەگەڵ «ئیبراهیم عەبدولجەببار ئەلقەزاز»دا رۆژی ١٩٧٩/٩/٨. چاو پێ‌كەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٨/٢٠ لەگەڵ محەممەد سالح ئەلقەزازدا.
٧٧ ـ قوتابخانەی پیشه سازی‌یەكان.
٧٨ ـ سەرەڕای ئەوەی چووەته ساڵەوەو گۆشەگیره، تا ئەمڕۆیش به چاكی‌یی زمانی ئینگلیزیی له بیر ماوه.
٧٩ ـ له یەكەم چاو پێ كەوتن‌دا، هەست بەزیرەكی‌ی‌و بیرتیژیی دەكرێ.

٨٠ - چوار جار چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەلقەزازدا. بۆ ئاگاداربوون لە مێژووی ژیانی ئەلقەزاز دەتوانری تەماشای «الدليل العراقي الرسمي نسنة ١٩٣٦؛ ص ٨٩٤» بكرێ. هەروەها «عبدالرزاق فهد المطلك. تاريخ الحركة العمالية في العراق ص ٥٧٠ - ٥٧١» ناتوانین لەگەڵ دکتۆری ناوبراودا لەسەر ئەوە رێك بكەوين كە «ئەلقەزاز» بەكرێكار دادەنێ.

٨١ - «ئەلقەزاز» دەڵێ: كاتێك كە لە قوتابخانەی پیشەسازییەكان قوتابی بووم، هامشۆی یەكێك لەو خزمانەم دەكرد كە لە كارگەی «عەباخانە»و دوایی لە كارگەكانی رێگای ئاسن ئیشی دەكـردو ئەو پیشەیە بووە خولیام. ئەمە جگە لەوەی كە باری ژیانی كرێكاران زۆر كاری لێ كردم بە تایبەتی كە لە كارگەی عەباخانەو رێگای ئاسن تێكەڵیان بووم و لەنزیكەوە شارەزایان بووم. (چاو پێ كەوتنی رۆژی ٣١/٧/٩٧٩).

٨٢ - لە یەكەم چاو پێكەوتندا بۆم روون كردەوە با پیشەوەریش بووبێ، هیچ لە مێژووی خەباتی پڕ شكۆی ئەو كەم ناكاتەوەو رۆڵی ئەو لە بزووتنەوەی كرێكاراندا ناسرێتەوە. بە پێچەوانەوە، بە دەگمەن رێ دەكەوێ مرۆڤ -سەربە چینێكی لە كرێكاران بەرەوژوور تر بێ و خۆی بكاتە خاوەنی مەسەلەی ئەوان و بەو دڵسۆزی و پێداگرتنەوە داكۆكییان لێ بكا كە سەرنجی هەموو لایەكی راكێشا. تەنانەت مێژوو نووسی بیانیش رۆڵی گرنگی ئەو هەڵسەنگێنن. بەنموونە بڕوانە. ك. ی. میرسكی، عیراق لە سەردەمێكی شێواو دا. بە زمانی رووسی. مۆسكۆ ١٩٦١ ل ٩٦.

٨٣ - بڕوانە «العالم العربي» ٢٥ كانون الثاني ١٩٣٠.

٨٤ - بڕوانە «الاخاء الوطني» ١٦ آذار ١٩٣٤.

٨٥ - بۆ زیاتر تێ گەیشتن بڕوانە ئەو كوێرەوەرییەی سەرۆكی «كۆمەڵەی كرێكارانی چاپخانەكان» لە «نداء العمال»ی رۆژی ٢٢ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٠دا، دەیگێڕێتەوە.

٨٦ - بۆ زیاتر تێ گەیشتن بڕوانە: «الدكتور محمد سلمان حسن. التطور الاقتصادي في العراق ص ٤٦٣ - ٤٦٤.

٨٧ - «ئەلقەزاز» هەندێ پیاو ماقووڵی «بەسرە»ی لێ دەردەهاوێژێ، چونكە لە كاتی سەردانەكەیدا بۆ ئەوێ ئەوانە نزیكەی ٤٠٠ روپیە باربووی كۆمەڵەی سنكاتكاریان كرد، لە پێش هەموویـانەوە «عەبدەولموحسن چەلەبی ئەلشەمخانی». بڕوانە «العالم العربي» ٥ تموز ١٩٣٠. شایانی بـاسە «عەبدولكازم ئەلشەمخانی» گەورەی ئەو بنەماڵەیە سەرەتـای ژیانی لای ئینگلیـزەكان كـرێكار بووەو پاشان خۆی پێگەیاندووەو بووەتە یەكێك لە دەوڵەمەندەكانی بەسرە.

٨٨ - بە نموونە بڕوانە: «العالم العربي» ٢٠ شباط و ١٢ حزيران ١٩٣٠.

٨٩ - بڕوانە «العراق» ١٤ شباط ١٩٣٠. ئێستا «ئەلقەزاز» دان بەوەدا دەنێ كە ئەوە یەكێك بووە لە هەڵەكانی دەستەی بەڕێوەبەر چونكە «نووری فەتتاح پاشا» لە سنوورێكی ئێجگا تەسكدا نەبێ یارمەتی كۆمەڵەی سنعاتكارانی نەداوە، ئەوەیش تەنها لە سەرەتای دامەزراندیدا بوو. «چاو پێ كەوتنی رۆژی ٢٢/٨/١٩٧٩ لەگەڵ ئەلقەزازدا».

٩٠ - بڕوانە «الاستقلال» ١٩ مارت ١٩٢٩.

٩١ - بڕوانە «جريدة - المعارف - الاسبوعية» بغداد ١٠ كانون الأول ١٩٢٩.

٩٢ - «العالم العربي» ٤ تموز ١٩٢٩.

٩٣ ـ هەرئەوسەرچاوە.
٩٤ ـ بڕوانە «العالم العربي» ٢٩ كانون الثاني ١٩٣٠.
٩٥ ـ لە بانگەوازێكی كۆمەڵەی كرێكارانی چاپخانەكانەوە، وەرگیراوە كە بە بۆنەی كردنەوەی «چەند پۆلێك بۆ فێر بوونی زانیاری‌یە جۆر بەجۆرەكان» بڵاوی كردووەتەوەو تێیدا رووی دەمی كردەووەتە ئەندامەكانی. بڕوانە «العالم العربي» ٢٠ حزيران ١٩٣٠.
٩٦ ـ ووتاری «شاكرمحەحموود هیلال» لە ئاهەنگێكی كۆمەڵەی سنعاتكاراندا. بڕوانە «المعارف» ١٠ كانون الاول ١٩٢٩.
٩٧ ـ ووتاری لاوێكە لە ئاهەنگی كۆمەڵەی هاریكای سەرتاشانداو تێیدا «كرێكارانی عیراق هان دەدا بە تەنگ یەكێتی‌یەكەیاوە بێن‌و لەسەری بەردەوام بن». بڕوانە «العالم العربي ٢٩ كانون الأول ١٩٣٠.
٩٨ ـ ووتارێكی «تۆفیق ئەلسەمعانی» یەو لە كۆبۆنەوەكەی كۆمەڵەی سنعاتكاراندا خوێندی‌یەوە. بڕوانە «المعارف» ١٠ كانون الأول ١٩٢٩.
٩٩ ـ ووتارێكی «محەممەد عەلی سیدقی» یە لە كۆمەڵەی هاریكاری سەرتاشاندا خوێندی‌یەوە. بڕوانە «العالم العربي» ١٤ أيلول ١٩٢٩.
١٠٠ ـ ووتارێكی «ئەحمەد حەقی ئەلحیللی» یە لە كەكۆمەڵەی هاریكاری سەرتاشاندا خوێندی‌یەوە بڕوانە «العالم العربي» ١٨ آب ١٩٢٩.
١٠١ ـ لەو ووتارەی «محەممەد سالح‌ئەلقەزاز» وەرگیراوە كە لە ئاهەنگێكی كرێكاراندا بە بۆنەی جەژنەوە لە سینەمایەكی بەغدادا سازكرا، خوێندی‌یەوە. بڕوانە «الاستقلال ٢٣ شباط ١٩٣١.
١٠٢ ـ بڕوانە «العالم العربي» ٢٣ أيلول و ٢٨ تشرين الأول ١٩٣٠.
١٠٣ ـ بڕوانە «العالم العربي» ١٥ آب ١٩٢٩.
١٠٤ ـ بڕوانە «العالم العربي» ٢٠ آب ١٩٢٩.
١٠٥ ـ جريدة «العامل» بغداد، ٨ أيلول ١٩٣٠. «دەبارەی ئەو رۆژنامەیە، بڕوانە ئەو بەشەی كە بۆ چالاكی‌ی راگەیاندن‌و رۆژنامەی كرێكارانمان تەرخان كردووە».
١٠٦ ـ بڕوانە: «نداء العمال» العدد الأول ٢٢ تشرين الثاني ١٩٣٠ ص ٥.
١٠٧ ـ مجلة «الحاصد» بغداد، العدد الثالث، السنة الثانية، آب ١٩٣٠. ص ٦.
١٠٨ ـ نداء الشعب» ٤ تشرين الثاني ١٩٣٠.
١٠٩ ـ «العالم العربي» ١٠ كانون الثاني ١٩٣٢.
١١٠ ـ بڕوانە «نداء العمال» ٢٢ تشرين الثاني ١٩٣٠، ص ١١؛ «العالم العربي» ٧ كانون الثاني و ٢٦ آذار ١٩٣٠.
١١١ ـ «ئەلئەشتەری» بە یەكێك لە دیارترین ئەندامی نیقابی‌و ئەو قۆناغە دادەنرێ. لەبەر ئەوەی خاوەنی رۆشنبیری یەكی گشتی‌ی بوو، تاڕادەیەكی زۆر كاری كردە سەر كۆمەڵەی هاریكاری سەرتاشان، هەر لەبەر ئەوەیش بوو كاروباری لە كۆمەڵەكانی تر رێك وپێك تر ئەنجام دەدا. تەنانەت پەیرەوە بنچینەیی‌و ناوخۆیی‌یە كەی چاپ كردو بەسەر دەستەو تاقمە سیاسی‌یەكان‌و رۆژنامەكانی ناوخۆدا بڵاوی كردەوە. بڕوانە: «العالم العربي» ١٢ حزيران ١٩٢٩. كۆمەڵەی ناوبراو پەیوەندی‌یەكی پتەوی لەگەڵ كۆمەڵەكانی‌تردا بەست. «ئەلئەشتەری» لە بزووتنەوە جۆر بەجۆرەكانی كرێكاراندا بەشداری كرد، تەنانەت لە بواری راگەیاندن‌و رۆژنامەی كرێكارانیشدا دەوری بینی. ئەلقەزار بەرێزەوە هەوڵ‌و كۆششی ئەلئەشتەری هەڵدەسەنگێنێ. «چاو پێ كەوتنی رۆژی ١/٨/٩٧٩ لەگەڵ محەحمەد سالح ئەلقەزازدا».

١١٢ ـ «عەبدولڕەحیم ئەلتکریتی» کابرایەکی پیشەوەر بوو. بە ڕێکەوت ئەو لەسەر پوولی ئەرزوحاڵە کە پەنجەمۆر دەکا، بۆیە ئیمتیازی کۆمەڵەی سنعاتکاران بە ناوی ئەوەوە دەردەچێ. ناوبراو خۆی هەڵدەبژێرێ بۆ ئەندامێتی یەکەم دەستەی بەڕێوەبەر بەلام ئەوەندە دەنگناهێنێ پێی ببێتە ئەندام پاش و ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بەکۆمەڵەوە نـامێنێ. «چاوپێ کـەوتنەکـەی ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٢٢ لەگەل محەممەد ساڵح ئەلقەزا دا».

١١٣ ـ بڕوانە «العالم العربي» ٤ تموز ١٩٢٩.

١١٤ ـ بڕوانە «العالم العربي» ٢٨ ايلول ١٩٢٩.

١١٥ ـ بڕوانە «العالم العربي» ٢٥ تموز ١٩٢٩.

١١٦ ـ «ئەلقەزاز» زۆر بـاسی زەبرەکیی‌و خـۆ ڕاگرتن‌و لێهـاتوویی دەکـا. زمانی ئینگلیـزی زانیوەو بەردەوام نامەی بۆ دامەرزاوەزانیاریەکانی دەرەوەی عیراق دەنووسی «چاو پێکەوتنی ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٢٢ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا».

١١٧ ـ هەر ئەو کەسەیە کە لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا، ساڵی ١٩٢٤ داوای دامەزراندنی یانەی کرێکارانیان کرد.

١١٨ ـ چاو پێ کەوتنی ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٢٢ لەگەل محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا. «العالم العربي» ٣١ تموز ١٩٢٩.

١١٩ ـ «العالم العربي» ١٩ تشرين الاول ١٩٢٩.

١٢٠ ـ «الاستقلال» ٦ و ١٦ شباط ١٩٣١.

١٢١ ـ باشتر وایە پشت بەو دەقە ببەسترێ کە لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بڵاوکرایەوە، نەك ئەوەی بە تایپ‌رایتەر چاپکراوەو. تا ئێستا لای هەندێ لە ئەندامەکانی ئەوسای کـۆمەڵەی سنعـاتکاران ماوەتەوە. چونکە گۆڕین‌و دەستکاری کردنی هەندێ ڕستەو بەندی ناو پەیڕەوەکە، ناوەرۆکی هەندێ لەو ماددە بنەڕەتییانەی گۆڕی کە پەیوەندیی بە ئامانجەکانی کۆمەڵەوە هەبوو. دەقە ئەسلیەکەی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی سنعاتکاران لە ڕۆژنامەی «العالم العربي»ی ڕۆژی ٢٨ی ئەیلوول‌و ٢ تشرینی یەکەمی ١٩٢٩ دا بڵاوکراوەتەوە.

١٢٢ ـ بڕوانە دەقی پەیڕەوەکە لە پاشکۆی ژمارە ـ ٢ ـ ی ئەم کتێبە دا.

١٢٣ ـ تا ئێستایش سەرۆکی کۆمەڵە ئەو مـەسەلەیـە دووپات دەکـاتەوە. «چـاو پێ کەوتنی ڕۆژی ١٩٧٩/٧/٣١ لەگەڵ محەممە ساڵح ئەلقەزازدا».

١٢٤ ـ لەو دەقەدا کە بە تایپ‌رایتەر چاپکراوە دەڵێ «کۆمـەڵەی سنعاتکـاران هەقی بـەسەر نـاکۆکی سیاسی‌و ئاینییەوە نییەو ئامانجی ئـەودیە سنعـاتکاران لە ڕووی ڕەوشت‌و پیشـەسازیی‌و زانیاری‌و کۆمەڵایەتییەوە پەروەردە بکاو نەخـوێندەوارەکـانیان فێـری خوێنـدن بکاو بیـرو باوەڕی بەرز لە ناو ئەندامانی‌دا بڵاو بکاتەوەو بەرگری لە مافەکانیان بکا، بە ئاشکرا دیارە کە ئەوتۆزە دەستکارییە، مەفهوومی ئەو ماددەیەی لە بنەڕەتـەوە گۆڕیـوە کە بـڕیڕەی پشتی پەیڕەوەکەی کۆمەڵەیە.

١٢٥ ـ بڕوانە: «العراق» ١٠ تشرين الاول ١٩٣٠.

١٢٦ ـ بۆ زیاتر تێگەیشتن، بڕوانە: «عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية. الطبعة الثـالثة. الجزء الثاني. صيدا ١٩٦٥ ص ٢٩٨ ـ ٣١٦.

١٢٧ ـ بروانه: «العالم العربي» ٢٠ آذار ١٩٣٠.
١٢٨ ـ «ئەلقەزاز» لە چاو پێکەوتنی ڕۆژی ١/٨/١٩٧٩دا دەڵێ: لەسەر ئەوەی کۆمەڵە توخنی مەسەلە سیاسی‌یەکان دەکەوت، ڕژێم زۆر جار ڕەخنەی لێ گرتوون، بەڵام ئێمە هەوڵمان دەدا بیانوو بۆ ئەو هەڵوێستەمان بهێنینەوەو سوور بووین لەسەر ئەوەی کە ئەم مەسەلانە لە جەوهەردا ئابورین.
١٢٩ ـ هەڵەیەکی زمانەوانی‌یە لەدەقەکەدا ڕاستمان کردووەتەوە.
١٣٠ ـ لەو ووتارە وەرگیراوە کە «ئەلقەزاز» بە بۆنەی هەڵبژاردنی دووەم دەستەی بەڕێوەبەردەوە لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بڵاوی کردەوە. بڕوانە «العالم العربي» ١٦ آب ١٩٣٠. شایانی باسە «ئەلقەزاز» لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەوە هەر ئەوە قسەی بووە. بڕوانە «العالم العربي» ٥ تموز ١٩٣٠.
١٣١ ـ لە بەشی پێشوودا باسی چەند لایەنێکی ئەم مەسەلەیەمان کردو دواییش بە درێژیی لە هەندێ لایەنی تری دەدوێین.
١٣٢ ـ ژیانی پڕ لە کوێرەوەریی زەحمەتکێشان هەر لە سەرەتای ساڵانی بیستەوە سەرنجی «مەحموود ئەحمەد ئەلسەیید»ی ڕاکێشا، بۆیە لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی‌دا ئازارو کێشەی ژیانی ئەوانی دەردەبڕی. «المجموعة الكاملة لقصص محمود احمد السيد، إعداد وتقديم الدكتور علي جواد الطاهر والدكتور عبدالاله احمد، بغداد ١٩٧٨، الدكتور علي جواد الطاهر، محمود احمد السيد، بيروت ١٩٦٩؛ عبداللطيف عبدالرحمن عبدالمجيد، الفكر الاشتراكي في الأدب العراقي ١٩١٨ ـ ١٩٥٨، رسالة دكتوراه، بغداد ١٩٧٦، ص ١٧١ ـ ١٧٥».
١٣٣ ـ چاو پێکەوتنی ڕۆژی ٣١/٧/١٩٧٩ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.
١٣٤ ـ قسەی «مەحموود ئەحمەد ئەلسەیید»ە. بڕوانە «المجموعة الكاملة لقصص محمود احمد السيد ص ٢٥٠».

١٣٥ ـ لەو شوێنەدا کە بۆ باسی ڕۆژنامەی کرێکاران و هەڵوێستی هێزە سیاسی‌یەکان بەرامبەر چینی کرێکارانی عیراق‌مان تەرخان کردووە، دێینەوە سەر ئەم مەسەلەیە.
١٣٦ ـ بڕوانە «العالم العربي» ٥ تموز ١٩٣٠.
١٣٧ ـ بڕوانە «العالم العربي» ٧ كانون الثاني و ١٢ آذار و ٥ تموز ١٩٣٠.
١٣٨ ـ بڕوانە «نداء العمال» العدد الأول ٢٢ تشرين الثاني ١٩٣٠ ص ١٥.
١٣٩ ـ چاو پێکەوتنی ڕۆژی ١/٨/١٩٧٩ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.
١٤٠ ـ بڕوانە «العالم العربي» ٥ تموز ١٩٣٠.
١٤١ ـ هەر ئەو سەرچاوە.
١٤٢ ـ بڕوانە «العالم العربي» ٧ كانون الثاني و ٥ تموز و ٢٣ أيلول ١٩٣٠.
١٤٣ ـ بڕوانە «الاستقلال» ١٨ شباط ١٩٣١.
١٤٤ ـ سەیر ئەوەیە لەو ڕۆژگارەدا خانەی مامۆستایان و قوتابخانەی ناوەندیی کچان فێر بووبوون لە ١ی ئایاردا ئاهەنگێکی تایبەتی‌یان دەگێڕا بە ناوی «ئاهەنگی یەکی ئایارە وە». بڕوانە: «العراق» ٣ آيار ١٩٢٧.
١٤٥ ـ چاو پێکەوتنی ڕۆژی ٣١/٧/١٩٧٩ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا. مجلة «وعي العمال» بغداد العدد ٥١١، ٢٨ نيسان ١٩٧٩، ص ٣٦، ٣٧.
١٤٦ ـ هەندێ جار کۆمەڵە بێ ئەوەی جیاوازیی بکا، مووچەی تەواوی بۆ کرێکاری بێ ئیش دەبڕی‌یەوە. بڕوانە «العالم العربي» ٩ تموز ١٩٣٠.

١٤٧ ـ كۆمەڵەی ناوبراو لەگەڵ دكتۆر فایەق شاكردا بۆ ئەم مەبەستە پێكهات. شایانی باسە دكتۆری باسكراو نوێنەری دلێم بوو لە پەرلەمان داو هەرئەویش بوو كاتی خۆی یەكەم پرۆژەی یاسای كرێكارانی پێشكەش پەرلەمان كرد. بروانە «الاستقلال» ١٩ آيار ١٩٣٠. محاضر مجلس النواب لسنة ١٩٣٠ الاجتماع الاعتيادي. «ئەلقەزاز» ئەوەی دووپات كردەوە كە دكتۆر فایەق بەپێی خۆی دەهاتە بارەگای كۆمەڵەو نەخۆشەكانی چارەسەر دەكرد. «چاو پێ كەوتنی رۆژی ٨/٩/١٩٧٩ لەگەڵ ئەلقەزازدا».

١٤٨ ـ بروانە «نداء الشعب» ٢٩ كانون الأول ١٩٣٠.

١٤٩ ـ بروانە «الاستقلال» ٤ آذار ١٩٣١.

١٥٠ ـ چاوپێكەوتنی رۆژی ٢٢/٨/١٩٧٩ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.

١٥١ ـ بروانە: «العالم العربي» ٣٠ نيسان ١٩٣٠. «الاستقلال» ٣٠ نيسان ١٩٣٠.

١٥٢ ـ بروانە: جريدة «السياسة» بغداد ٤ آذار ١٩٣١.

١٥٣ ـ ئەو بیرۆیە وەك دەزگایەكی سەر بە كۆمەڵی گەلان لە ساڵی ١٩٣٢ دا، دامەزرا.

١٥٤ ـ بۆ زیاتر تێگەیشتن بروانە «وثائق ومراسلات بين نقابات العمال العراقية ومثيلاتها الاجنبية من سنة ١٩٣٢ الى سنة ١٩٣٥» [مكتبة المجمع العلمي العراقي].

١٥٥ ـ دەربارەی ئەم مەسەلەیە، بروانە بەشی سێیەم كە بۆ یاسای كرێكاران تەرخان كراوە. هەروەها بروانە «المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص ٣/٥، موضوع [illegible] العمال وما يتعلق بهم ١٩٣١».

١٥٦ ـ بروانە «وثائق ومراسلات بين نقابات العمال العراقية ومثيلاتها الاجنبية من سنة ١٩٣٢ الى سنة ١٩٣٥». الوثيقة رقم ـ ١ ـ.

١٥٧ ـ هەر ئەو سەرچاوە. «الوثيقة رقم ١».

١٥٨ ـ هەر ئەو سەرچاوە. «الوثيقة رقم ٣».

١٥٩ ـ بروانە «العالم العربي» ٩ كانون الاول ١٩٣٠.

١٦٠ ـ بروانە «وثائق ومراسلات بين نقابات العمال العراقية ومثيلاتها الاجنبية من سنة ١٩٣٢ الى سنة ١٩٣٥. الوثيقتان رقم ٥ و ٦».

١٦١ ـ چاو پێكەوتنی رۆژی ٣١/٧/١٩٧٩ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.

١٦٢ ـ «النقابي الأول يتذكر. مجلة وعي العمال. العدد ٥١١، ٢٨ نيسان ١٩٧٩ ص ٣٧».

١٦٣ ـ چاو پێكەوتنی رۆژی ٣١/٧/١٩٧٩ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.

١٦٤ ـ «المعارف» ١٠ كانون الاول ١٩٢٩.

١٦٥ ـ دكتۆر «عەبدولەزاق موتلەك ئەلفەهد» لای وایە «سەلیم ئەلمیسری» لە رۆژی ٢٠ شوباتی ١٩٣٠دا داواری لە وەزارەتی ناوخۆ كرد رێگای بدەن كۆمەڵەی كرێكارانی میكانیك دابمەزرێنێ. بروانە: لاپەرە ـ ١١٤ ـ ی نامەی دكتۆراكەی».

١٦٦ ـ بروانە «العالم العربي» ٣١ كانون الثاني و ١ شباط ١٩٣٠.

١٦٧ ـ «عبدالرزاق مطلك الفهد. تاريخ الحركة العمالية في العراق. ١٩٢٢ ـ ١٩٥٨. ص ١١٥».

١٦٨ ـ چاوپێكەوتنی رۆژی ٣١/٧/١٩٧٩ لەگەڵ محەممەدساڵح ئەلقەزازدا.

١٦٩ ـ بروانە: «العالم العربي» ٨ تشرين الثاني ١٩٣٠.

١٧٠ - چاو پێکەوتنی ڕۆژی ١٩٧٩/٧/٣١ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.
١٧١ - بەنموونە، هەمیشە ئەوەیان دووبارە دەکردەوە گوایە «ئەلقەزاز» مەبەستی تایبەتی خۆی هەیەو دەیەوێ بەهۆی ئەوانەوە پێی بگا.
١٧٢ - چاو پێکەوتنی ڕۆژی ١٩٧٩/٨/١ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.
١٧٣ - بڕوانە «العالم العربي» ٢٩ تشرين الأول ١٩٣٠.
١٧٤ - چاو پێکەوتنی ڕۆژی ١٩٧٩/٩/٨ لەگەڵ ئیبراهیم عەبدلجەببار ئەلقەزازدا.
١٧٥ - «الحاصد» العدد ٢٧، السنة الثانية، ٢١ كانون الثاني ١٩٣١ ص ١١.
١٧٦ - بڕوانە «الاستقلال» ٢١ نيسان ١٩٣١.
١٧٧ - «العراق» ٢٧ و ٢٨ نيسان ١٩٣١، «الاستقلال» ٢٧ نيسان ١٩٣١.
١٧٨ - «الاستقلال» ٢١ نيسان ١٩٣١. «ئەلقەزاز» یش هەمان شت دووبارە دەکاتەوە.
١٧٩ - «چاو پێکەوتنی ڕۆژی ١٩٧٩/٩/٨»
بڕوانە «صدى العهد» ٢١ تموز ١٩٣١، «العراق» ١ و ٦ آب و ٢ ايلول و ٣ تشرين الأول ١٩٣١.
١٨٠ - «العالم العربي» ٢٠ آب ١٩٣٠.
١٨١ - لەو باسانەی پێشەوەدا دەستمان بۆ چەند نموونەیەکیان ڕاکێشا.
١٨٢ - لە ناوەڕاستی ساڵانی بیستەوە کۆمەڵەو یانە عیراقییەکان بایەخیان بە ڕۆژنامەدا، هەندێکیان ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی تایبەتییان دەردەکرد، وەك «المجلة الطبية البغدادية» کە کۆمەڵەی پزیشکیی لە ١ ی حوزەیرانی ١٩٢٥ دا یەکەم ژمارەی دەرکردو گۆڤارە مانگانەکەی «المحامي»ی کە ژمارەی یەکەمی لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا دەرچوو، ئەمە جگە لە ڕۆژنامەی «الارشاد»ی هەفتانە کە یانەی «الارشاد» دەری دەکردو یەکەم ژمارەی لە ٥ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٦ دەرچوو.

١٨٣ - لەو سەردەمەدا ڕۆژنامە ڕەخنەییو کۆمیدییەکان ناوو شۆرەتێکی گەورەیان هەبوو، ڕۆژنامەی «صدى الحقائق» یش ڕۆژنامەیەکی گشتیی بوو، خۆی لەمەسەلەی کرێکاران نەدا.
١٨٤ - بڕوانە «فائق بطي. الموسوعة الصحفية العراقية. بغداد ١٩٧٦ ص ١٠٠».
١٨٥ - «نداء العمال» العدد الأول، ٢٢ تشرين الثاني ١٩٣٠ ص ١.
ئەمانتوانی چاومان بە ژمارەکانی «التعاون» بکەوێ، چونکە لە کتێبخانەکاندا نین. وەك هەندێ سەرچاوە دووپاتی دەکەنەوە ئەو ڕۆژنامەیە لە دوای ژمارە (٤) لە ئارادا نەماو لەبەر چاو وون بوو. بڕوانە «عبدالرزاق الحسني. تاريخ الصحافة العراقية، ص ١٢١؛ زاهدة إبراهيم، كشاف الجرائد والمجلات العراقية، بغداد، ١٩٧٦ ص ٤٨» کەچی هەندێ سەرچاوەی تر وای رادەگەیەنن کە دوای ژمارە «٥» لەکار کەوتووە. بڕوانە «حميد جاعد، الصحافة العمالية، نشاتها مهامها، اهميتها - مجلة العامل المعاصر - بغداد، العدد السابع، ١٩٧١ ص ٢١» بە پێی ئەو زانیارییانەیش کە لە کتێبەکەی - زاهیدەئیبراهیم - دا نووسراون، ژمارە « ١ - ٤ »ی «التعاون» لە کتێبخانەی «عەزیزئیسماعیل» دا لە «مووسل» دەست دەکەون.
١٨٧ - بە نموونە بڕوانە: «سليم طه التكريتي؛ الصحافة العمالية في العراق وما رافق ظهورها من ملابسات سياسيه - مجلة العاملون في النفط» بغداد، العدد ١٠٠ تشرين الأول ١٩٧٠ ص ٢٢، «قيس عبدالحسين الياسري، الصحافة العراقية والحركة الوطنية من نهاية الحرب العالمية الثانية حتى ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، بغداد ١٩٧٨ ص ١٥٨ - الهامش رقم ٦».
١٨٨ - بڕوانە «زاهدة إبراهيم، كشاف الجرائد والمجلات العراقية ص ٢٧٥».
١٨٩ - «ئەلقەزاز» بیری نایە گۆڤاری «الصنائع» چ ڕۆژێك دەرچووەو ژمارەکانیشی بە هۆی چەندین جار پشکنینی ماڵەکەیەوە، لە ناو چوون.

١٩٠ ـ «العالم العربي» ١٠ تموز ١٩٣٠.
١٩١ ـ چاو پێکەوتنی ڕوژی ١٩٧٩/٧/٣١ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.
١٩٢ ـ «ئەلقەزاز» دەڵێ «محەممەد مەکی ئەلئەشتەری» لەو سێ ژمارەیەی «الصنائع» دا، چەندین ووتاری بڵاو کردووەتەوە.
١٩٣ ـ لەو کاتەدا «عەبدلقادر ئەلسەییاب» ئەندامی حزبی «الوطني»ی «ئەبولتممەن» بووە.
١٩٤ ـ چاوپێ کەوتنی ڕۆژی ١٩٧٩/٨/١ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.
١٩٥ ـ چاو پێکەوتنی ڕۆژی ١٩٧٩/٧/٣١.
١٩٦ ـ چاو پێکەوتنی ڕۆژی ١٩٧٩/٨/١.
١٩٧ ـ چاو پێ کەوتنی ڕوژی ١٩٧٩/٨/٢٢.
١٩٨ ـ «العامل» بە شێوەو قەوارەی گۆڤار دەر دەچوو. بەڵام وەك ڕۆژنانەیەك خۆی بە خوێنەران ناساند. هەیە «العامل» بە گۆڤارێکی هەفتانە دادەنێ. بڕوانە «سليم طه التكريتي. الصحافة العمالية ص ٢٢».
١٩٩ ـ «العالم العربي» ١٣ آب ١٩٣٠.
٢٠٠ ـ چاو پێکەوتنی ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٢٢ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.
٢٠١ ـ ئەو تاقە ژمارەیەی لە کتێبخانەکەی «کۆڕی زانیاری عیراق دا پارێزراوە» بریتییە لە «١٨» لاپەڕەو لەوە دەچێ تاتەواو بێ. ئەوانەی لەسەر ئەم ڕۆژنانەیەیان نووسیوە سوورن لەسەر ئەوەی کە ژمارەی یەکەمی ٢٤ لاپەڕە بووە. بڕوانە: «سليم طه التكريتي، الصحافة العمالية في العراق، ص ٢٢».
٢٠٢ ـ «العامل»، بغداد، مطبعة الآداب، العدد الأول ٨ أيلول ١٩٣٠. تەنها ژمارە ـ ١ ـی ئەم ڕۆژنامەیە لە کۆڕی زانیاری عیراق پارێزراوە.
٢٠٣ ـ «مەحموود ئەحمەد ئەلسەیید»ی چیرۆك نووسە.
٢٠٤ ـ دروشمی «ئەی کرێکارانی جیهان یەککرن» لە ناوەڕاستداو بە خەتێکی گەورە نووسراوە.
٢٠٥ ـ «ئەلسەیید» کە ووتاریشی دەخوێنەوە هەر بەو شێوەیە رووی دەمی لە کرێکاران دەکرد، بۆیە لە قۆناغێکی دیاری کراوی دروستبوونو گەشەکردنی ئەو بیروباوەڕەدا جێگایەیەکی تایبەتی هەیە.
٢٠٦ ـ هەموو ئەو نووسەرە عیراقییانەی باسی ڕۆژنامەی «العامل»یان کردووە، ئەم حەقیقەتە دەخەنە روو. بڕوانە «حميد جاعد، الصحافة العمالية، ص ٢٠ ـ ٢١»، «قيس عبدالحسين الياسري، الصحافة العراقية والحركة الوطنية ص ١٥٨».
٢٠٧ ـ بڕوانە: «العالم العربي» ١٠ أيلول ١٩٣٠، «الحاصد» العدد ٨ السنة الثانية، ١١ أيلول ١٩٣٠ ص ١٤.
٢٠٨ ـ بڕوانە «عبدالرزاق الحسني، تاريخ الصحافة العراقية ص ١٢١».
٢٠٩ ـ بڕوانە «عبدالرزاق مطلك الفهد، تاريخ الحركة العمالية في العراق ص ١٣٩».
٢١٠ ـ «نداء العمال» بە شێوەو قەوارە، وەك گۆڤار دەردەچوو، بەڵام وەك لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسیبووی بە شێوەی ڕۆژنامە خۆی ناساندو لەناو بابەتە بڵاوکراوە کانیشدا زۆر جار دەستی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە ڕۆژنامەیە.

٢١١ ـ رۆژی دوایی رۆژنامەکانی ناوخۆ هەواڵی دەرچوونی ئەو رۆژنامەیەیان بڵاوکردەوە. بروانە: «العالم العربي»، ١٠ أيلول ١٩٣٠.

٢١٢ ـ «نداء الشعب» ٢٣ تشرين الثاني ١٩٣٠.

٢١٣ ـ پارێزەر «تەوفیق ئەلفکێکی» بەڕێوەری لێپرسراوی ئەو رۆژنامەیە بوو.

٢١٤ ـ «نداء العمال» العدد الأول، بغداد، السبت ٢٢ تشرين الثاني ١٩٣٠.

٢١٥ ـ نووسەرو ئەدیبە.

٢١٦ ـ بریتی‌یە لە دوو، وێنە. یەکەمیان. «پایەبەرز عەبدولموحسین بەگ ئەلسەعدوونە کە بووە قوّچی قوربانی‌ی وولات. بە بۆنەی یتپەڕ بوونی سالێک بەسەر ئەو کۆستەدا کە دەرسی خۆ بەختکردنە لە پێناوی نیشتماندا» دووەمیان: وێنەی: ئەو ئاهەنگەیە کە پارێزەران بەو بۆنەیەوە گێڕاویانە.

٢١٧ ـ هەر وەك لە سەرەتای ئەم بەشەدا باس کرا، خاوەنی رۆژنامەی «نداء العمال» کە «عەبباس حسەین ئال ئەلچەلبی» بوو، لە سەرەتای ژیانی بەکردەوەیەوە، بایەخێکی زۆری بە رۆژنامە دابوو.

٢١٨ ـ «نداء العمال» العدد الأول، ٢٢ تشرين الثاني ١٩٣٠ ص ١.

٢١٩ ـ «نداء العمال» العدد الأول، ص ١ ـ ٢.

٢٢٠ ـ «نداء العمال» العدد الأول، ص ٢.

٢٢١ ـ ئەو عیبارەتە لەسەر دوا لاپەڕەی رۆژنامەکە نووسرابوو.

٢٢٢ ـ رۆژنامەکە لە کۆتایی یەکێك لە گرنگترین ئەو ووتارانەی‌دا کە بۆ کێشەی کرێکارانی چاپخانە نووسیبووی. دەڵێ: «ئێمە نامانەوێ خاوەن چاپخانەکان کرێکار بەو مێرووە دانەنێن (؟) کە میکروبی کوشندە بڵاو دەکاتەوە، تاوەکو بەو دڵڕەقی‌یە هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا بکەن» کەچی بە ئاشکرا دیارە مەبەستیان تەواو بە پێچەوانەی ئەو قسەیەوەیە. بروانە: «نداء العمال» العدد الأول، ص ١٥.

٢٢٣ ـ عبدالرزاق الحسني، تاريخ الصحافة العراقية، ص ١٢١ ـ ١٢٢. فائق بطي، الموسوعة الصحفية العراقية، ص ١١٤. زاهدة ابراهيم، كشاف الجرائد والمجلات العراقية، ص ١٧٣.

٢٢٤ ـ عبدالرزاق مطلك الفهد، تاريخ الحركة العمالية في العراق، ص ١٤٢.

٢٢٥ ـ یەکەم ژمارەی رۆژنامەی «العمال» لە کتێبخانەی «کۆڕی زانیاری عیراق»دا پارێزراوە.

٢٢٦ ـ هەرگیز لەگەڵ ڕای نووسەری «الصحافة العمالية في العراق»دا رێ ناکەوین کە رۆژنامەی «نداء العمال»ی بە تەواوکەری رۆژنامەی «العمال» لەقەڵەم داوەکە لە «مووسڵ» دەردەچوو. بروانە: «رزاق إبراهيم‌حسن. الصحافة العمالية في العراق ص ٢٢».

٢٢٧ ـ «سەعدەددین زیادە»ی پارێزەر رۆژی ١٥ی ئاداری ساڵی ١٩٣١ داوای لە وەزارەتی ناوخۆ کرد مۆڵەتی رۆژنامەکەی بدرێ.

٢٢٨ ـ رۆژنامەی «العمال» لە چاپخانەی «الشعب» لە مووسڵ چاپ دەکرا. لە کاتی خۆی‌دا رۆژنامەکانی ناوخۆ هەواڵی دەرچوونی ئەم رۆژنامەیەیان بڵاوکردەوە بروانە: «العراق» ٨ ایلول ١٩٣١.

٢٢٩ ـ رەنگە خاوەنی ئەو رۆژنامەیە پەیوەندی ناراستەو خۆی بە سەرکردەکانی کرێکاران و پیشەوەرانەوە بووبێ، بەڵام ئەو پەیوەندی‌یە لەوە تێپەڕی نەکردووە کە هێزەکانی تری ئەپۆزیسیون لەگەڵ کرێکاراندا بوویانە.

٢٣٠ ـ چاو پێکەوتنی ١٩٧٩/٨/١ لەگەڵ محەممەد سالح ئەلقەزازدا.

٢٣١ ـ لەو شوێنەدا کە باسی هەڵوێستی هێزە سیاسی‌سەکان دەکەین بەرامبەر بە چینی کرێکارانی عیراق، دێینە سەر، سە رووتاری یەکەم ژمارەی رۆژنامەی «العمال»، چونکە سەرتاپا پەیوەندیی بە پەیڕەوی حزبی «العمال»ەوە هەیە کە چەند رۆشنبیرێکی مووسڵ دەیانویست دای بمەزرێنن.

٢٣٢ ـ دەقی ووتارەکە چۆن نووسراوە، بە بێ دەستکاری دە ینووسینەوە.
٢٣٣ ـ لە کۆتایی سالآنی بیستو سەرەتای سالآنی سیدا بەهۆی ئەو تەنگو چەڵەمە ئابووری‌یەی جیهانی گرتبووەوەو کاری راستەوخۆی لە بازارەکانی عیراقیش کردبوو، نرخی دانەوێڵە بەرادەیەکی زۆر هاتبووە خوارەوە.
٢٣٤ ـ لە رۆژنامەی تریشدا، گۆشەی لەو بابەتەیان کردەوەو تێیدا لە کێشەی کرێکاران دەدوانو باسی شکایەتەکانیان دەکردن.
٢٣٥ ـ لەبەر ئەوەی ژمارەکانی تری «العمال» لە کتێبخانەکاندا دەست ناکەون، تەنها یەکەم ژمارەیمان سەیر کردووە.
٢٣٦ ـ بڕوانە «العالم العربي» ١١ حزیران ١٩٣٢ رۆژنامەی «العالم العربي» ئەو هەواڵانەی لە رۆژنامەی «العمال»ەوە گرتووە.
٢٣٧ ـ بەنموونە، بەراوردێکی، ناوەرۆکی ئەو دوو، ووتارە بکە کە «ئیبراهیم حیلمی» بە ناونیشانی «ژیانی کرێکار» و «مەحموود ئەحمەد ئەلسەیید» بە ناوی «یەکێتی‌ی کۆمەڵەی کرێکاران» نووسیویانە. بڕوانە «العامل» العدد الأول ٨ أيلول ٩٣٠ ص ٢ ـ ٣.
٢٣٨ ـ «نداء العمال» العدد الأول، ٢٢ تشرين الثاني ١٩٣٠، ص ٤.

٢٣٩ ـ بڕوانە: «عبدالرزاق الهلالي، معجم العراق. ص ٢٠٥.
Summary of foreign trade statistics, 1927 — 1961, Baghdad 1961, PP. 2 — 3.
٢٤٠ ـ بڕوانە: K. M. Langely, OP, Cit, P. 65.
٢٤١ ـ بڕوانە: «محاضر مجلس النواب، إجتماع سنة ١٩٣١» ص ٣٠٩.
٢٤٢ ـ بڕوانە: «العالم العربي» ١٦ تشرين الاول ١٩٣١.
٢٤٣ ـ قسەی «سابیت عەبدولنوور»ی نوێنەری «مووسڵ»ە. بڕوانە: «الحكومة العراقية، محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابية الثالثة، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة ١٩٣١ بغداد، بلا، ص ٥١.
٢٤٤ ـ بڕوانە: «الاستقلال» ١٤ آيار ١٩٣٠.
٢٤٥ ـ بڕوانە: «الاستقلال» ٢٧ آيار ١٩٣٠.
٢٤٦ ـ «الحكومة العراقية، محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابية الثالثة، إجتماع سنة ١٩٣٠، بغداد، بلا. ص ٢٣٢ و ٢٥٥.
٢٤٧ ـ بڕوانە: «نداء الشعب» ٦ شباط ١٩٣١.
٢٤٨ ـ «محاضر مجلس النواب، إجتماع سنة ١٩٣٠»، ص ٢٦٦ ـ ٢٧٢، ٣٥٤.
٢٤٩ ـ بڕوانە «نداء الشعب»، ١ و ٢ و ٣ كانون الثاني و ٦ شباط و ٣١ آذار ١٩٣١: «صدى العهد»، ٨ تموز ١٩٣١.
٢٥٠ ـ بڕوانە: «صدى العهد» ٨ تموز ١٩٣١.
٢٥١ ـ «محاضر مجلس النواب، إجتماع سنه ١٩٣٠»، ص ٢٤٨ ـ ٢٥١، ٧٢٦ ـ ٧٣٣: «صدى العهد»، ٣١ مارت ١٩٣١، «العالم العربي» ١٤ و ٢٠ و ٢٨ تشرين الثاني ١٩٣٠.

٢٥٢ ـ «العالم العربي» ٦ و ٧ تشرين الاول ١٩٣١. ئەو هەوڵە سەرەتاییەی بۆ داشکاندنی مووچەی فەرمانبەرە بیانییەکان درا، بە شێوەیەك دەندووبی سامیی ورووژاندا حکوومەتی عیراقی ناچار کرد، چاو بەو یاسایەدا بگێڕێتەوە کە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دابوو. بۆ زیاتر تێگەیشتن، بڕوانە: «عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثالث، ص ٩٧ ـ ٩٨».

٢٥٣ ـ بڕوانە: The Times of Mesopotamia, March 17 Th 1931 Golden Souvenir issue

٢٥٤ ـ بۆ زیاتر تێگەیشتن، بڕوانە: Special Report... P. 89 The economic developlent of Iraq. Repo.t of amission Organized by The International Bank of Reconstrution and Development at The request of The Govermment of Iraq. Baltimore 1952, P. 96.

الدكتور محمد سلمان حسن. التطور الاقتصادي في العراق، ص ٣٥٠.

٢٥٥ ـ بڕوانە: «محاضر مجلس النواب، إجتماع سنة ١٩٣٠، ص ٣٤٥ ـ ٣٤٧، «العالم العربي» ٢١ تشرين الاول ١٩٣١.

٢٥٦ ـ بڕوانە «جريدة ـ السياسة ـ» بغداد ٢٧ شباط ٩٣١: «العالم العربي» ٦ آب ١٩٣٢.

٢٥٧ ـ «محاضر مجلس النواب، إجتماع سنة ١٩٣٠، ص ٢٧٥.

٢٥٨ ـ (The Iraq Directory, 1936) P. 223

٢٥٩ ـ بڕوانە: «العراق» ٣ و ٤ تموز ١٩٢٢.

٢٦٠ ـ بڕوانە: «العراق ٢٨ كانون الثاني ١٩٢٨.

٢٦١ ـ بڕوانە «العراق» ١٧ آب و ٣٠ ايلول ١٩٢٠.

١٦٢ ـ بڕوانە «العالم العربي» ١٧ شباط ١٩٢٧: «العراق» ١٣ و ٢٠ نيسان ١٩٢٧ و ٦ تموز و ٧ ايلول و ٢ تشرين الاول ١٩٢٨ و ٤ و ٦ شباط ١٩٣١: «السياسة» ٨ آذار ١٩٣١.

٢٦٣ ـ بڕوانە «نداء الشعب» ٤ شباط ١٩٣١.

٢٦٤ ـ بڕوانە: «العالم العربي» ١٨ شباط ١٩٣٠: «الاستقلال» ١ و ٢ حزيران ١٩٣٠.

٢٦٥ ـ بڕوانە: «نداء الشعب» ٥ تشرين الثاني ١٩٣٠.

٢٦٦ ـ هەموو ڕێگاکان لە جۆری تەسك بوون، تەنها ڕێگای بەغدا ـ مووسڵ نەبێ کە ئەڵمانەکان بەشی یەکەمیان لە جۆری پلەو بە باشترین کەرەسەی ئەوکاتە ڕاکێشابوو، وەك ڕاپۆرتە ڕەسمییەکانی بەریتانیا دانی پێدا دەنێ.

٢٦٧ ـ بڕوانە: المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/ ١٠ موضوع الملفة السكك ١٩٢٦ تقرير الجنرال ف. د. هامند.

٢٦٨ ـ بڕوانە، المركز الوطني للوثائق، الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملف، ص / ١٠، موضوع الملفة: السكك ١٩٢٩ ـ ١٩٣٢، تقرير اللجنة المالية.

٢٦٩ ـ «لك» یەك دەکاتە سەد هەزار ڕوپیە، یان ٧٤٤٨ جونەیهی نیسترلینی..

٢٧٠ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي، رقم الملفة، ص/ ١٠ موضوع الملفة: السكك ١٩٢٦ تقرير الجنرال ف. د. هامند.

٢٧١ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاد الملكي، رقم الملفة: ص/ ١٠. موضوع الملفة، السكك ١٩٢٤ ـ ١٩٢٨.

٢٧٢ ـ کارشوناسێك بەهای چی موڵك و ماڵی ڕێگای ئاسن هەیە بە ٥و٤٥ ملیۆن ڕوپیە خەمڵ کردووە، بەڵام لیژنەیەکیتر دەڵێ بایی ٤٠ ملیۆن ڕوپیەیە. بڕوانە: (الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملفة، ص/ ١٠، موضوع الملفة: السكك ١٩٢٦، تقرير الجنرال ف. د. هامند. عبدالرزاق الحسني. تاريخ الوزارات العراقية. الجزء الثالث ص ٤٤».

٢٧٣ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/١٠. موضوع الملفة، السكك ١٩٢٤ ـ ١٩٢٨.

٢٧٤ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: ص/١٠ موضوع الملفة: السكك: ١٩٢٤ ـ ١٩٢٨. عبدالرزاق الحسني. تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثالث ص ٤٢ ـ ٥١.

٢٧٥ ـ المركز الوطني للوثائق، الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملفة: ص/١٠، موضوع الملفة: السكك ١٩٢٤ ـ ١٩٢٨.

٢٧٦ ـ المركز الوطني للوثائق، الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملفة، ص/١٠، موضوع الملفة، السكك ١٩٢٦، تقرير الجنرال ف. د. هامند.

٢٧٧ ـ بڕوانه «العالم العربي» ٢٦ آيار ١٩٢٧.

٢٧٨ ـ بڕوانه «العالم العربي» ١٧ شباط ١٩٣٢.

٢٧٩ ـ زۆر جار ڕۆژنامەکانی عیراق باسی مەسەلەی ڕێگای ئاسن و کیروگرفتەکانیان دەکرد. رای گشتی ی عیراقیش ئاگاداری کارو فرمانی ئەم دەزگایە و چۆنیەتی چەوساندنەوەی کرێکارە عیراقی یەکان بوو.

٢٨٠ ـ بڕوانه: المركز الوطني للوثائق، الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملفة، ص/١٠، موضوع الملفة: السكك ١٩٢٤ ـ ١٩٢٨.

٢٨١ ـ بڕوانه: المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملفة: ص/١٠، موضوع الملفة: السكك ١٩٢٩ ـ ١٩٣٢، تقرير اللجنة المالية.

٢٨٢ ـ بڕوانه: «الاستقلال» ١ ايلول ١٩٢٧؛ «العالم العربي» ١ شباط و ٥ آيار ١٩٢٧؛ ٨ حزيران ١٩٢٩؛ «العراق» ١٥ و ٢٤ كانون الأول ١٩٢٧ و ٢ كانون الثاني و ٢ آذار ١٩٢٨.

٢٨٣ ـ کاتێك ئەو دەزگایە لە لوتکەی تەنکوچەڵەمەدا دەژیا، بودجەی مانگانەی ڕێگای ئاسن ٢٠٠ ـ ٧٠٠ هەزار روپیە کورتی دەهێنا. بڕوانه: «الاخاء الوطني» ٢٣ تشرين الأول ١٩٣١.

٢٨٤ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملفة، ص/١٠ موضوع الملفة: السكك ١٩٢٤ ـ ١٩٢٦.

٢٨٥ ـ لەسەر ئەو بنەرەتەی کە ڕۆژانەی کرێکارێکی نەشارەزا ١٥ روپیە بوو، هەروەها بە بەراورد کردنیش لەتەك ئەو ژمارانەدا کە لەلاپەڕە ٨٣ی فایلی پێشوودا نووسراوە.

٢٨٦ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملفة: ص/١٠ موضوع الملفة: السكك ١٩٢٦، تقرير الجنرال ف. د. هامند.

٢٨٧ ـ بە نموونە بڕوانه: «العالم العربي» ٤ حزيران و ٩ تموز و ١٣ تشرين الثاني ١٩٣٠. «نداء الشعب» ١٣ تشرين الثاني ١٩٣٠.

٢٨٨ ـ بڕوانه: «العالم العربي» ٣ تشرين الثاني ١٩٣٠.

٢٨٩ ـ چاو پێکەوتنی ڕۆژی ١/٨/١٩٧٩ لەگەڵ محەممەد سالح ئەلقەزازدا.

٢٩٠ ـ هەر سەرچاوەیە بە جۆرێك ژمارەی مانگرتـوان خەمـڵ دەكەن. بـەپێ ی ئەو زانیـاری یانـەی سەركردایەتی مانگرتنەكە لە رۆژنامەكانی ناوخۆدا بڵاوی كردووەتەوە، ژمارەیان ١٢٠٠ كرێكار بوون. بڕوانە «نداء الشعب»و «العالم العربي» ٤ كانون الاول ١٩٣٠. كەچی بە پێ ی سەرچاوە ئینگلیزی یەكان ژمارەیان لە ٣٠٠ كەس تێپەڕی نەكردووە. بڕوانە: Baghdad Times December 3 and 4 1930; Specid Report... P. 243. بە قسەی «ئەلقەزاز»یش سەرپاكی كرێكارە عیراقی یەكانی كارگەی «شالچی»یە» بە شدارای ئەو مانگرتنەیان كردووە. «چاو پێكەوتنی رۆژی ٨/٩/١٩٧٩». لەوە دەچێ ژمارەیان لە هەزار كەش زیاتر نەبووبێ.

٢٩١ ـ بـڕوانە: «العـالم العربي» و «نـداء الشعب» ٤ كانـون الأول ١٩٣٠. چـاو پێكـەوتنی رۆژی ٨/٩/١٩٧٩ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.

٢٩٢ ـ «نداء الشعب» ٤ كانون الاول ١٩٣٠.

٢٩٣ ـ چاو پێكەوتنی رۆژی ١/٨/١٩٧٩ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.

٢٩٤ ـ «العالم العربي» ٦ كانون الاول ١٩٣٠، «نداء الشعب» ٥ كانون الأول ١٩٣٠.

٢٩٥ ـ «نداء الشعب» ١٤ كانون الاول ١٩٣٠.

٢٩٦ ـ بڕوانە: «العراق» ٢١ كانون الثاني ١٩٣١.

٢٩٧ ـ بڕوانە: «نداء الشعب» ٢٣ كانون الأول ١٩٣٠.

٢٩٨ ـ بڕوانە: Special Repart P. 243.

٢٩٩ ـ بڕوانە: «نداء الشعب» ٢٥ كانون الاول ١٩٣٠.

٣٠٠ ـ «صدى العهد» ٢٧ شباط ١٩٣١؛ «العراق» ٢٥ شباط ١٩٣١.

٣٠١ ـ «الاستقلال» ٢٧ شباط ١٩٣١.

٣٠٢ ـ وەك «ئەلقەزاز» دەیگێڕێتەوە سەرۆكی ئەندازیارانی میكانیت، كابرایەكی لووت بەرزی قسە رەق بوو، وەكو كۆیلە لە تەك كـرێكارەكـاندا دەجوولایـەوەو بـەرادەیـەك زەبرو زەنگی لەگـەڵدا دەنواندن، پاڵی بە بەڕێوەبەرایەتی رێگای ئاسنەوە دەنا زۆر دڵ رەقانە لە گەڵیاندا بجوولێتەوە.

٣٠٣ ـ بڕوانە: «السیاسة» ٢٦ شباط ١٩٣١؛ «العراق» ٢٦ شباط ١٩٣١.

٣٠٤ ـ «صدى العهد» ٢٧ شباط ١٩٣١؛ «السیاسة» ٢٦ شباط ١٩٣١.

٣٠٥ ـ «صدى العهد» ٢٧ شباط ١٩٣١؛ چاو پێكـەوتنی رۆژی ١/٨/١٩٧٩ لەگەڵ محـەممەد سـاڵح ئەلقەزازدا. Special Report P. 244.

٣٠٦ ـ ژمارەی ئەوانەی لە مانگرتنی دووەمی كرێكارانی رێگای ئاسندا بەشداری یان كردوە بە هەزار كەس زیاتر خەمڵ كراوە. بڕوانە «العراق» ٢ آذار ١٩٣١.

٣٠٧ ـ پاش كۆتایی هاتنی مانگرتنەكە «ئەلقەزاز» سوپاسی هەموو ئەوانەی كرد كە «یارمەتی كرێكارە مانگرتووەكانی رێگای ئاسنیان داوە» بڕوانە: «العراق» ٢٤ آذار ١٩٣١.

٣٠٨ ـ دەقی بەیاننامە كە لە رۆژنامەی «الاستقلال»ی رۆژی ٣ی مارتی ١٩٣١ دایە.

٣٠٩ ـ چاو پێكەوتنی رۆژی ٨/٩/١٩٧٩ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.

٣١٠ ـ بڕوانە: «العراق» ٢٨ شباط ٩٣١، «الاستقلال» ٦ آذار ١٩٣١.

٣١١ ـ بڕوانە: «صدى العهد» ٢ مارت ١٩٣١؛ «العراق» ٢ آذار ١٩٣١.

٣١٢ ـ چاو پێ كەوتنی رۆژی ١/٨/١٩٧٩ لەگەڵ محەممەد صالح ئەلقەزازدا.

٣١٣ ـ «صدى العهد» ٢ مارت ١٩٣١.

٣١٤ ـ ئەو رستانە قسەی بەڕێوەبەری پۆلیسی بەغدایە كە بە خۆی و هێـزێكی پۆلیسـەوە گەیشتـە گۆڕەپانی «السرای». بۆ زیاتر تێ گەیشتن بڕوانە: «العراق» ٢ آذار ١٩٣١؛ «صدى العهد» ٢ مارت ١٩٣١.

٣١٥ ـ وەنەبێ ئەو خانووەی کرابووە بارەگای کۆمەڵە بچووك بوو بێ، بەڵکو بریتی بوو لە چوار ژووری گەورەو یەکێکی بچووك لەگەڵ کۆردیدۆرێك دا. چاو پێکەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٨/٢٢.
٣١٦ ـ بڕوانە: «السياسة» ٤ آذار ١٩٣١، «الاستقلال» ٣ آذار ١٩٣١، «العراق» ٣ و ٤ آذار ١٩٣١.
٣١٧ ـ بڕوانە: «العراق» ٣ و ٤ آذار ١٩٣١.
٣١٨ ـ «صدى العهد» ٤ مارت ١٩٣١، «الاستقلال» ٤ آذار ١٩٣١: «العراق ٣ و ٤ آذار ١٩٣١.
٣١٩ ـ «الاستقلال» ٦ آذار ١٩٣١.
٣٢٠ ـ بڕوانە: «العراق» ٢ آذار ١٩٣١، «الاستقلال» ١٥ نيسان ١٩٣١.
٣٢١ ـ بڕوانە: «السياسة» ٥ آذار ١٩٣١.
٣٢٢ ـ بڕوانە: «صدى العهد ٦ مارت ١٩٣١.
٣٢٣ ـ مانگرتووان نەیان ویست هاتوچۆی شەمەندوفەر رابگرن‌و لە کاری بخەن، نەوەك هامشۆکەران زیانیان پێ بگا، گەر وا نەبوایە، بەهەموو شێوەیەك دەیانتوانی دەستی لێ بووەشێنن.
٣٢٤ ـ بڕوانە: «الاستقلال» ٦ آذار ١٩٣١ «سەرووتاری ئەو رۆژە».
٣٢٥ ـ بە قسەی رۆژنامەکانی ئەو کاتە، وەزیر قسەکانی وەردەگێرا. «ئەلقەزاز» یش لەم بارەیەوە دەڵێ: هەندێ جار وەزیری ناوبراو ووتەکانی ئەمی وەك خۆی وەرنەدەگێڕاو هێواشی دەکردەوە، بەڵام ئەم راستی دەکردەوەو ئەوەی دەیویست بە بەڕێوەبەری دەووت. «چاو پێکەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٧/٣١ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.
٣٢٦ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية. البلاط الملكي. رقم الملفة: د/١٤ موضوع الملفة: الاحزاب السياسية. «السياسة» ٥ آذار ١٩٣١: «الاستقلال» ٦ آذار ١٩٣١، «چاو پێکەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٩/٨ لەگەڵ محەممە ساڵح ئەلقەزاردار.
٣٢٧ ـ لە دەقەکەدا «وای لێ کردن».

٣٢٨ ـ «الاستقلال» ٦ آذار ١٩٣١.
٣٢٩ ـ بڕوانە: «العراق» ١٨ آذار ١٩٣١.
٣٣٠ ـ بڕوانە: «الاستقلال» ٣ آيار ١٩٣١.
٣٣١ ـ بڕوانە «الاستقلال» ٩ نيسان ١٩٣١.

٣٣٢ ـ ئەو کاتە «جەمیل ئەلروای» وەزیری ئەشغال‌و هاتوچۆ بوو، پێشتریش سەبارەت بە باروزرووفی کرێکارانی رێگای ئاسن ووتبووی: گوایە پڕ بە دڵ حەز دەکا کرێکاری عیراقی بە خۆشی‌و بەختیاری بژی‌و هەرچییەك ئەو ئازار دەدا، ئەمیش پێوەی دەتلێتەوە». هەندێ سەرکردەی کرێکاران ئەم قسەیەی وەزیریان کردبووە «بەڵگەیەکی روون‌و ئاشکرا ی هەوڵ‌و تەقەلای ئەو، لە پێناو چاککردنی گوزەرانیان‌دا». ئەمەقسەی «عەبباس حسەین ئالئەلچەلەبی‌ی «سەرۆکی کۆمەڵەی کرێکارانی عیراق» ە. بڕوانە «نداء العمال» العدد الأول، ٢٢ تشرين الثاني ١٩٣٠ ص ١٥.
٣٣٣ ـ بڕوانە «الاستقلال» ٢٩ آذار و ٢٢ آيار ١٩٣١.
٣٣٤ «الاستقلال» ١ و ٣ نيسان ١٩٣١.

٣٣٥ ـ «ئەلقەزاز» بە یاننامەیەکی دوورو درێژی بڵاوکردەوەو تێیدا بە دوورو درێـژیی هەڵوێستو کەللەرەقیی لیبرسراوانی رێگای ئاسنو چۆنیەتی گاڵتە کردنیـان بە عیـراقییەکـانی، روون کردەوە. هەروەها باسی ئەوەی کردبوو کە چۆن سەرۆکی ئەندازیـاران وتوویـەتی «گوێ بـە جنسییەتنامەی عیراقیی نادا و بەڕێوەبەرایەتی کێی بوێ دای دەنێو کێیشی بـوێ دەری دەکا، بێ ئەوەی حساب بۆ ردگەزیان بکاو هیچ کاتێك فەزڵی عیراقی بەسەر بیانیدا نادرێ، با وەکو یەکیش بن. پێش مانگرتنەکەیش ئیشو کار چۆن رۆیشتووە هەر بەو شێوە دەمێنێتەوە».

٣٣٦ ـ المركز الوطني للوثائق، الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملفة: ٢/١٤، موضوع الملفة: الاحزاب السياسية: «صدى العهد» ٧ نيسان ١٩٣١: «العراق» ٧ نيسان ١٩٣١: «الاستقلال» ١ و ٣ و ٧ نيسان ١٩٣١.

٣٣٧ ـ بڕوانە: «العالم العربي» ٥ تشرين الثاني ١٩٣٢.

٣٣٨ ـ بۆ زیاتر تێگەیشتن، بڕوانە: المركز الوطني للوثائق، الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملفة: ٢/١٤، موضوع الملفة: الاحزاب السياسية: «الاستقلال» ٣ و ١٥ و ١٦ نيسان ١٩٣١: «صـدى العهد» ٣ نيسان ١٩٣١.

٣٣٩ ـ بڕوانە: «صدى العهد» ٣ نيسان ٩٣١: «الاستقلال» ١٧ نيسان ١٩٣١.

٣٤٠ ـ بڕوانە: «الاستقلال» ١٩ نيسان ١٩٣١.

٣٤١ ـ بڕوانە: المركز الوطني للوثائق، الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملفة: د/١٤، موضوع الملفة: الاحزاب السياسية». دەقی ئەو یاددا شتە لەو فایلەدا بڵا وکراوەتەوە».

٣٤٢ ـ ئەو ڕستانە لەدەقی ئەو یادداشتە وەرگیراون کە ئاراستەی مەلیك کراوە.

٣٤٣ ـ بڕوانە: «العراق» ٧ آيار ١٩٣١: «الاستقلال» ٢٧ نيسان ١٩٣١.

٣٤٤ ـ دەقی ئەوە یادداشتە لە رۆژنامەی «العراق» ی رۆژی ٣ ی تەمموزی ٩٣١ دا بڵا و کراوەتەوە.

٣٤٥ ـ بڕوانە: المركز الوطني للوثائق، الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملفة: ص/٥/٣، موضوع الملفة: العمال ومايتعلق بهم ١٩٣١: «العراق» ١٧ تموز ١٩٣١.

٣٤٦ ـ ئەم دەستنیشان کردنە، ئەو کرێکارانەی نەدەگرتەوە کە پێش ئادار دەرکرابـوون، ئەمـەیش دەستکەوتێکی گرنگ بوو تا بە هۆیەوە بەڕێوەبەرایەتی رێگای بە پێچو پەنا بکرێ.

٣٤٨ ـ دوور نییە سەرکردایەتی مانگرتنەکە بەو بڕیارەیان، نەکەوتبنە ژێر کارتێکردنی ئەو مانگرتنەوە کە کرێکارانی سوریا ئەنجامیان دا و «مقاطعە» ی تراموای و کارەبایانکرد تا کۆمپانیا فەرەنسنی یەکەیان ناچـار بوو داخـوازییەکـانیان جێبـەجێ بکا. ئـەوەیشی کە زیـاتر ئـەم بۆچـوونە دەچەسپێنێ ئەوەیە ئەلقەزاز لەو رۆژگارەدا کـە گیروگـرفتی نێوان کـرێکارانو ڕێگـای ئاسن کەیشتبووە لوتکە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو تێیدا باسی ئەم «مقاطعە» یەی کردووە. «بڕوانە دەقی یادداشتەکە لە «تطور الحركة النقابية في العراق، هاشم علي محسن ص ٣٤ ـ ٣٥ و ١٠٥» دا.

٣٤٩ ـ «الاستقلال» ٢٢ نيسان و ١٠ و ١٢ آيار ١٩٣١.

٣٥٠ ـ بڕوانە: «العالم العربي» ٥ تشرين الثاني ١٩٣٢. «ئەلقەزاز» رای وایە لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی کرێکاران هیوایەکی گەورەی بەم کۆمپانیایە هەبوو، کرێکاران پەنایان نەبردە بەر مانگرتن.

٣٥١ ـ هەر ئەو سەرچاوە.

٣٥٢ ـ بڕوانە: «الاستقلال» ١٠ و ١٢ آيار ١٩٣١.

٣٥٣ ـ بڕوانە: «العراق» ١٤ نيسان ١٩٣١.

٣٥٤ ـ بڕوانە: «الاستقلال» ٢٠ نيسانو ٨ و ٢٢ و ٢٧ آيارو ٤ حزيران ١٩٣١: «العراق» ٨ و ١١ آيار ١٩٣١: «صدى العهد» ٨ آيار ١٩٣١.

٣٥٥ ـ بڕوانە: «صدى العهد» ٦ آيار ١٩٣١: «الاستقلال» ٦ آيار ١٩٣١.

٣٥٦ ـ دەقی یاددا شتەکە لە رۆژنامەی «الاستقلال» ی رۆژی ٥ آیاری ١٩٣١ بڵاوکراوەتەوە.

٣٥٧ ـ بڕوانه: «الاستقلال» ٣ و ١٧ آیار ی ١٩٣١.
٣٥٨ ـ بڕوانه: «العراق» ١٠ حزیران و ٣١ تموز ی ١٩٣١: «صدی العهد» ١٤ آیار ١٩٣١.
٣٥٩ ـ بڕوانه: «صدی العهد» ٦ آیار ١٩٣١: «الاستقلال» ٦ آیار ١٩٣١
بڕوانه: «الاستقلال» ١٩ آیار ١٩٣١.
٣٦١ ـ «العراق» ٦ آب ١٩٣١: «الاستقلال» ٢٢ آذار و ١٢ حزیران ١٩٣١.
٣٦٢ ـ بڕوانه: «محاضر مجلس النواب» سنة ١٩٣١ ص ٥٢٩.
٣٦٣ ـ وا بڕیار بوو ئەو کەسەی دانیشتووی شار بوایەو سەگی هەبووایە ساڵی ٥ ڕوپیە ڕەسم بدا.
٣٦٤ ـ «محاضر مجلس النواب» اجتماع سنة ١٩٣٠ ص ٣٠٩، ٥٢٠، ٥٢٨.
٣٦٥ ـ قسەی «ئیبراهیم عەتتار باشی» نوێنەری «مووسڵ» ە. بڕوانە: «محاضر مجلس النواب» اجتماع سنة ١٩٣٠ ص ٥٢٠.»
٣٦٦ ـ هەر ئەو سەرچاوە ص ٣٠٩.
٣٦٧ ـ بۆ زیاتر تێ گەیشتن. بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ل ٥٢٠، ٥٢٩.
٣٦٨ ـ بڕوانه: «محاضرات مجلس النواب» الدورة الانتخابیة الثالثة اجتماع سنة ١٩٣١، بغداد ١٩٣١ ص ٣٦ ـ ٣٧: «العراق» ١١ آذار ١٩٣١.
٣٦٩ ـ بڕوانه: «محاضر مجلس النواب» اجتماع سنة ١٩٣٠، ص ٧٣٤ ـ ٧٣٨. «ئەو دوو نوێنەرەی بەرهەڵستی یاساکەیان کرد، «ئیبراهیم عەتتار باشی» ی مووسڵاوی و عەبوود ئەلمەللاکی بەسرەیی بوون».
٣٧٠ ـ مەبەست لە ڕاگەیاندنی ڕقم «٧١» ە کە ئینگلیز لە ١ ی نیسانی ١٩١٩ دا دەری کرد و تێیدا ڕەسم و باجێکی زۆری بەسەردا نیشتووانەدا سەپاندو پاشان بووە مایەی ناڕەزایی خەڵکی: بە ڕادەیەك لە ڕووداوەکانی شۆڕشی بیستدا دەنگی دایە.
٣٧١ ـ بڕوانە: هەردوو ڕاگەیاندنەکە. لە ڕوژنامەی «صدی العهد» ی تەمووزی ١٩٣١ دا.
٣٧٢ ـ بڕوانه: «صدی العهد» ٩ تموز ١٩٣١.
٣٧٣ ـ بڕوانه: «العراق» ١٦ کانون الثانی ١٩٣١.
٣٧٤ ـ بڕوانه: «العراق» ١ و ٢ تموز ١٩٣١.
٣٧٥ ـ «الاخاء الوطنی» ٢ آب ١٩٣١.
٣٧٦ ـ بڕوانە «محاضر مجلس النواب» اجتماع سنة ١٩٣١، ص ٤١.»
٣٧٧ ـ لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکاندا بە ئاشکرا دیارە کە «موزاحیم ئەلپاچەچی» چۆن بەتوندی لەگەڵ سەرۆکی کۆمەڵەکاندا وتووێژی کردووە. تەنانەت «ئەلقەزاز» دوای ئەو مێژووە. لە دادگادا شکایەتی لێ کردووەو تاوانی ئەوەی داوەتە پاڵ کە «ئیهانە» ی کردوە. بڕوانە «محاضر مجلس النواب. اجتماع سنة ١٩٣١ ص ٣٧» «الاخاء الوطنی» ٢٢ تشرین الاول ١٩٣١
٣٧٨ ـ چاوپێ کەوتنی ڕۆژی ٢٢/٨/٩٧٩ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا
٣٧٩ ـ بڕوانە «العالم العربی» ٥ تشرین الثانی ١٩٣٢.
٣٨٠ ـ بڕوانە سامی عبد الحافظ القیسی آفاق عن الحركة الوطنية [illegible]
ـ آفاق عربیة ـ بغداد. العدد التاسع. آیار ١٩٧٦. ص ٧٤

٣٨١- چاو پێکەوتنی ڕۆژی ٩٧٩/٨/٢٢ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.
٣٨٢ - بڕوانە دەقی بەیاننامەکە لە «صدی العهد» ی ڕۆژی ٧ ی تەمووزی ١٩٣١ دا.
٣٨٣ - «صدی العهد» ٦ تموز ١٩٣١.
٣٨٤ - بڕوانە: «العراق» ٩ - ١١ و ١٣ - ١٥ و ٢٣ تموز ١٩٣١: «صدی العهد» ٨ و ٩و ١١ تموز ١٩٣١.
٣٨٥ - «الاخبار» ٧ تموز ١٩٣١: چاو پێکەوتنی ڕۆژی ٧٩/٩/٨ گەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزاز دا.
٣٨٦ - بۆ زیاتر تێگەیشتن، بڕوانە: «عبد الرزاق الحسنی، تاریخ الزرارات العراقیة، الجزء الثالث ص ١٤٣.
٣٨٧ - «ئەبولتممەن» کە ئەندامی ژووری بازرگانیی بوو، قایل نەبوو ببێتە ئەندامی ئەو وەفدە.
٣٨٨ - چاو پێکەوتنی ڕۆژی ٩٧٩/٩/٨ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.
٣٨٩ - بڕوانە: «العراق» ٨ تموز ١٩٣١.
٣٩٠ - بڕوانە «صدی العهد» ٨ تموز ١٩٣١: «العراق» ٨ و ٩ تموز ١٩٣١: ڕۆژنامەی «صدی العهد» کە سەر بە میری بوو، لەسەر لاپەڕەی یەکەمو لەجێی سەر ووتارەکەیدا بەیاننامەکەی بڵاوکردەوە. «ئەلقەزاز» دەڵێ: ڕژێم هەندێ دەستکاری بەیاننامەکەی کرد و لای خۆیشیەوە ئەو بەننامەیەی دەر نەکرد کەلەسەری ڕێککەوتبووین و مەرج وابوو بڵاوی بکاتەوە تێیدا ڕەسمو باجە تازەکان لا ببا، یان کەمیان بکاتەوەو ئەو ڕوون کردنەوەیەیش کە بۆ ڕوژنامەکانی ناردبوو، لە کاتی خۆیدا بڵا و بوونەوە «چاو پێکەوتنی ڕۆژی ٩٧٩/٩/٨ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا».
٣٩١ - بڕوانە: «العراق» ٩ و ١٠ تموز ١٩٣١.
٣٩٢ - بڕوانە: «محاضر مجلس النواب، اجتماع سنة ١٩٣١ ص ٤٠.
٣٩٣ - بڕوانە: «عبد الرزاق الحسنی، تاریخ الوزارات العراقیة، الجزء الثالث ص ١٤٦.
٣٩٥ - لەو کاتەدا مەلیك فەیسەڵی یەکەم بە سەردانێکی ڕەسمی لە تورکیا بوو، مەلیك عەلی برای کردبووە جێگری خۆی. «نوریسەعید» ی سەرۆك وەزیرانیش خەریکی گەشتێك بوو لە ئەورووپاو پاشان چووە تورکیاو لەگەڵ فەیسەڵدا یەکیان گرتەوە. وەزیری دارایی «ڕۆستەم حەیدەر» جێگری بوو، بەڵام کە چوو بۆ دەرەوەی وولات وەزیری ناوخۆ «موزاحیم ئەلپاچەچی» بووە جێگری سەرۆك وەزیران.
٣٩٤ - بڕوانە: «العراق» ١٣ تموز ١٩٣١.
٣٩٦ - قسەی نوێنەری «حیلله» عەبدولڕەزاق ئەلڕوەیشدی» یە. بڕوانە: «محاضر مجلس النواب، اجتماع سنة ١٩٣١ ص ٣٨.
٣٩٧ - بڕوانە: عبد الرزاق الحسنی، تاریخ الوزارات العراقیة، الجزء الثالث، ص ١٤٦ - ١٤٧.
٣٩٨ - «صدی العهد» ١٧ تموز ١٩٣١: «العراق» ١٨ تموز ١٩٣١: چاو پێکەوتنی ڕۆژی ٩٧٩/٨/٢٢ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.
٣٩٩ - دەقی بەیاننامەکە لە «صدی العهدی» ی ڕۆژی ١٧ تەمموزی ساڵی ١٩٣١ دا بڵاوکراوەتەوە.
٤٠٠ - «العراق» و «صدی العهد» ١٧ تموز ١٩٣١.
٤٠١ - «العراق» ٢٢ و ٢٣ تموز ١٩٣١: «صدی العهد»، ٢٢ و ٢٣ تموز ٩٣١.
٤٠٢ - بڕوانە: «العراق» ٢٧ تموز ١٩٣١ «سەر ووتاری ئەو ڕۆژە».
٤٠٣ - بڕوانە: «محاضر مجلس النواب، اجتماع سنة ١٩٣١ ص ٣٢ - ٥٠» «العراق» ١٧ تموز ١٩٣١.
٤٠٤ - «نووری سەعید» بەم جۆرە باسی بارو دۆخی ئەو کاتەی بەسرە دەکاو دەڵێ: «٣٦ سەعات بەسرە لە ئاژاوەدا ژیا، ئنجا بۆ ئەوەی بیانو و بۆ ئەو زەبرو زەنگە بهێنێتەوە کە دەرهەق بە دانیشتوان نواندی، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ گوایە بۆیە ئەم هەنگاوەی نا، نەوەك ئینگلیز بێنە بەسرەوەو داگیری بکەن. «بڕوانە: محاضر مجلس النواب، اجتماع سنة ١٩٣١ ص ٤٨.

٤٠٥ ـ بەکارهێنانی یاسای داوای عەشایەری دژی دانیشتوانی شارەکان بووە دیاردەیەکی زۆر ترسناك. هێشتا ماوەیەکی کەم بەسەر مانگرتنەکەدا تێ نەپەڕیبوو، کەچی بە پێی ماددەی ٤٠ ی ئەو یاسایە هەر دوو سیاسەتمەداری ناودار «فەهمی ئەلمودەڕیس» و «ڕوفائیل بەتی ی» لە پایتەخت دوور خرانەوە.

٤٠٦ ـ بڕوانە: «العالم العربي» ٢١ تشرين الاول ١٩٣١.

٤٠٧ ـ «صدى العهد» ٢١ تموز ١٩٣١.

٤٠٨ ـ «جەعفەر ئەبولتممەن» ئەو مانگرتنە بە یەکەمین سەرکەوتن دادەنێ لە دوای شۆڕشی بیستەوە. بڕوانە: «الاخاء الوطني» ٦ ايلول١٩٣١.

٤٠٩ ـ «العراق» ١٥ تموز ١٩٣١.

٤١٠ ـ بڕوانە: عبد الرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء الثالث، ص ١٤٩. دەربارەی بایەخدانی ڕۆژنامە بیانییەکان بەو مانگرتنە، بڕوانە: «العراق» ٢٧ تموز ١٩٣١.

٤١١ ـ بڕوانە: «محاضر مجلس النواب: اجتماع سنة ١٩٣١ ص ٤٧.»

٤١٢ ـ لە سەرەتای باسەکەداو لەو شوێنەدا کە باسی چۆنیەتی ساز کردنی مانگرتنەکەمان کردووە، دەستمان بۆ ئەو بەیاننامەیە ڕاکێشاوە.

٤١٣ ـ بڕوانە «العراق» ٢ تموز ١٩٣١.

٤١٤ ـ محاضر مجلس النواب، اجتماع سنة ١٩٣١، ص ٤٤: «العراق» ٢٤ آب ١٩٣١.

٤١٥ ـ «الاخاء الوطني» ١٦ تشرين الاول ١٩٣١.

٤١٦ ـ «ڕاجی ئەلعەسکەری» یەکێك بوو لەوانەی پۆلیس گرتیان. ناوبراو سەرۆکی «کۆمەڵەی هاریکاری سەربازە خانەنشینەکان» بوو. ئەم کۆمەڵەیە لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٩٣٠ دا دروست بوو. ئامانجی «چاککردنو خۆشکوزەرانی ی سەربازە خانەنشینەکان بوو». خۆی بە «کۆمەڵەیەکی ئەدەبی ی و کۆمەلایەتی» دادەناو کە «هیچ پەیوەندی یەکی بە سیاسەتەوە نی یە». ئەم کۆمەڵەیە پشتگیری هەڵوێستەکانی «کۆمەڵەی سنعاتکاران» ی دەکرد، لەبەر ئەوە ڕژێم چەند جارێك زۆری بۆ هێنا. بۆ زیاتر تێ گەیشتن، بڕوانە «الاستقلال» ٥ و ٦ و ١٢ حزيران ١٩٣٠؛ «العراق» ٢٢ ايلول ١٩٣١.

٤١٧ ـ «العراق» ٢٥ آب ١٩٣١.

٤١٨ ـ بڕوانە: «العراق» ١ و ٣١ آب ١٩٣١.

٤١٩ ـ بڕوانە: «العراق» ٦ آب و ٢ ايلول و ٣ تشرين الاول ١٩٣١.

٤٢٠ ـ بڕوانە: «العراق» ٨ و ٢٠ ٢٢ و ٣١ آب و ١٢ ايلول ١٩٣١.

٤٢١ ـ «عەبدولڕەززاق ئەلسامەڕائی» زۆر چالاکانە بەشداری کۆڕەکانی «کۆمەڵەی سنعاتکارا» ی دەکرد و ووتاری تێدا دەخوێندەوە کاتی خۆپیشی دژی هەڵوێستی نارەوای کۆمپانیا بیانی یەکان بەرامبەر بە کرێکارە عیراقی یەکان، ڕاوەستا. بڕوانە «الاستقلال» ٩ حزيران ١٩٣١.

٤٢٢ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملفة: د/١٤ موضوع الملفة: الاحزاب السياسية.

٤٢٣ ـ بڕوانە «العالم العربي» ١٥ كانون الاول ١٩٣٠.

٤٢٤ ـ بڕوانه: المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملفة: د/١٤ موضوع الملفة. الاحزاب السياسية.
٤٢٥ ـ «ئەلسامەڕائی» لە دامێنی یادداشتەکەیدا بەو جۆرە ناوی خۆی نووسیبوو.
٤٢٦ ـ بڕیار وا بوو «کۆمەڵەی کرێکارانی عیراق» لە سێ دەستە پێك بێ. یەکێکیان ئیداریو یەکێك راوێژکارییو ئەوی تریشیان بۆ سەرپەرشتی ی کردنی کرێکاران.
٤٢٧ ـ المركز الوطني للوثائق. الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملفة: د/١٤ موضوع الملفة: الاحزاب السياسية.
٤٢٨ ـ چاو پێکەوتنی رۆژی ٨/٩/٩٧٩ لەگەڵ محەممەد سالح ئەلقەزازدا.
٤٢٩ ـ بڕوانه «الاستقلال» ٢٠ تشرين الثاني ١٩٣١: «الاخاء الوطني» ٢٢ و ٢٩ تشرين الاول ١٩٣١.
٤٣٠ ـ بڕوانه: «العالم العربي» ١٢ كانون الثاني ١٩٣٢.
٤٣١ ـ بڕوانه: «الاخاء الوطني» ٢٥ تشرين الأول ١٩٣١.

٤٣٢ ـ بڕوانه «العالم العربي» ٩ كانون الثاني ١٩٣٢.
٤٣٣ ـ بڕوان: «الاخاء الوطني» ٢ آب ١٩٣٢: «العالم العربي» ٢ و ٣٠ آب ١٩٣٢.
٤٣٤ ـ بڕوانه: «العالم العربي» ١٩ /اب/ ١٩٣٢.
٤٣٥ ـ بڕوانه «العالم العربي» ٣ ايلول ١٩٣٢. لە بەشی سێیەمو لەو شوێنەدا کە باسی «گیروگرفتی سەرەکی ی کارو کرێکارانو چۆنیەتی رەنگدانەوەی لە بزووتنەوەی کرێکاران» مان کردووە، نموونەی تری لەو بابەتەمان هێناونەتەوە.
٤٣٦ ـ بڕوانه: «العالم العربي» ٢٠ آب ١٩٣٢.
٤٣٧ ـ بڕوانه: «العراق» ٥ تشرين الثاني ١٩٣١.
٤٣٨ ـ بڕوانه: «الاخاء الوطني» ٢٦ تشرين الأول ١٩٣١، و ٦ كانون الثاني ١٩٣٢: «العالم العربي» ٨ تشرين الأول ١٩٣١، ٥ و ١٥ كانون الثاني ١٩٣٢: «الاخبار» ١٧ و ١٩ تشرين الثاني ١٩٣١.
٤٣٩ ـ بڕوانه «الاخبار» ١٢ و ١٩ و ٢٦ تشرين الثاني ١٩٣١: «الاخاء الوطني» ١٩ و ٢١ و ٢٣ تشرين الأول و ١ و١٢ تشرين الثاني ١٩٣١: «الاستقلال» ٢٠ و٢٣ تشرين الثاني ١٩٣١.
٤٤٠ ـ بڕوانه: «العالم العربي» ١٤ شباط ١٩٣٢.
٤٤١ ـ بڕوانه: «الاخاء الوطني» ١٦ تشرين الأول ١٩٣١. هەروەها بڕوانه «ئەو پرۆتستۆیەی حەلواچییەکان لە ژمارەی رۆژی ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١ دا بڵاویان کردەوە».
٤٤٢ ـ بڕوانه: «العالم العربي» ١٠ و ١٩ و ٢٩ كانون الثاني و ٦ و ٢٠ و ٢٢ آيار و ٧ تموز ١٩٣٢.
٤٤٣ ـ بڕوانه: «العراق» ١ و ٨ ايلول ١٩٣١.
٤٤٤ ـ بڕوانه: «العالم العربي» ٣١ آب ١٩٣٢.
٤٤٥ ـ بڕوانه: الاخاء الوطني» ٢ آب ١٩٣٢.
٤٤٦ ـ بڕوانه: «العالم العربي» ٢٢ و٢٣ تشرين الثاني ١٩٣٢.
٤٤٧ ـ بڕوانه: «العالم العربي» ٢٨ تشرين الأول و ٢٥ تشرين الثاني ١٩٣٢.
٤٤٨ ـ بڕوانه: «الاخاء الوطني» ١ تشرين الثاني ١٩٣١.
٤٤٩ ـ بڕوانه «الاخبار» ١٢ تشرين الثاني ١٩٣١: «الاستقلال» ١٩ تشرين الثاني ١٩٣١.
٤٥٠ ـ بڕوانه: «الاستقلال» ٢٣ تشرين الثاني ١٩٣١، چاو پێکەوتنی رۆژی ٨/٩/١٩٧٩ لەگەڵ ئەلقەزاز.
٤٥١ ـ بڕوانه: «العالم العربي» ٢٢ كانون الثاني ١٩٣٢.
٤٥٢ ـ بڕوانه: «العالم العربي» ٢٢ كانون الثاني و ٢١ شباط ١٩٣٢.
٤٥٣ ـ بڕوانه: «صدى العهد» ١٩ تموز ١٩٣١: چاو پێ کەوتنی رۆژی ٨/٩/١٩٧٩ لەگەڵ ئەلقەزاز.

٤٥٤ ـ كۆمەڵەی كرێكارانی میكانیك» پشتگیری داخوازیيەكانی كرێكارانی رێگای ئاسنیان كرد لە شوباتو ئاداری ۱۹۳۱ دا؛ واتە لە رۆژگاری مانگرتنی دووەمیاندا. بڕوانە: «العراق» ۲٤ آذار ۱۹۳۱.
٤٥٥ ـ ئەمە ئەو «سەلیم ئەحمەد ئەلمسیری» یە نیيە كە پێشتر باس كرا. چاو پێكەوتنی رۆژی ۱۹۷۹/۹/۸.
٤٥٦ ـ بڕوانە: «العالم العربي» ۱۲ آذار و ۲۲ نیسان ۱۹۳۲.
٤٥٧ ـ بڕوانە: «العالم العربي» ۲۷ نیسان ۱۹۳۲.
٤٥٨ ـ بڕوانە: «العالم العربي» ۱۲ و ۲۱ آیار ۱۹۳۲.
٤٥٩ ـ بڕوانە: «الاخاء الوطني» ۲۷ آیار و ۱۰ حزیران ۱۹۳۲؛ «العالم العربي» ۱۰ و ۱٤ حزیران ۱۹۳۲.
٤٦٠ ـ بۆ زیاتر تێگەیشتن بڕوانە: «العالم العربي» ۲٤ و ۳۱ آیار و ۳ و ٥ و ۷ و ۲۲ حزیران و ٥ و ۷ و ۱٤ تموز و ۲۰ و ۳۱ آب و ۱٤ و ۲۱ و ۳۰ ایلول و ۱٦ كانون الاول ۱۹۳۲؛ «الاخاء الوطني» ۲ و ۱۰ و ۲۷ حزیران و ٤ و ۱۲ تموز ۱۹۳۲.
٤٦١ ـ بڕوانە: «العالم العربي» ۱۰ و ۱٦ حزیران ۱۹۳۲.
٤٦۲ ـ بڕوانە: «الاخاء الوطني» ۱۲ تموز ۱۹۳۲.
٤٦۳ ـ چۆن نووسراوە، وەك خۆی دەینووسینەوە.
٤٦٤ ـ بڕوانە: «محاضر مجلس النواب، إجتماع سنة ۱۹۳۱ ص ۲».
٤٦٥ ـ لەو باسانەی پێشوودا، چەند لایەنێكمان لە بارەی هەڵوێستی د. ە سەلاتداران سەبارەت بە چینی كرێكاران نیشان دا.
٤٦٦ ـ «العراق ۲۰ و ۲۱ حزیران ۱۹۲۲.

٤٦۷ ـ كۆمەڵە كرێكارييەكان، بانگیان دەكرد ووتاریان بۆ بخوێنێتەوە.
٤٦٨ ـ «العراق» ۲۰ تموز ۱۹۳۱.
٤٦۹ ـ «صدى العهد» ٦ تموز ۱۹۳۱ «لە ناونیشانی سەروتارەكەوە، وەرگیراوە كە دەڵێ: «مانگرتنەكەی دوێنێ سووكایەتییە بە بیری مرۆڤایەتیو زیان بە مانگرتووەكانیش دەگەیەنێ».
٤۷۰ ـ «محاضر مجلس النواب، إجتماع سنة ۱۹۳۱ ص ۳٤ ـ ۳٥».
٤۷۱ ـ هەر ئەو سەرچاوە. ص ٤٤. «العراق» ٥ آب ۱۹۳۱.
٤۷۲ ـ بۆ زیاتر تێگەیشتن بڕوانە: «الدكتور فاروق صالح العمر، الاحزاب السياسية في العراق ۱۹۲۱ ـ ۱۹۳۲، بغداد ۱۹۷۸»، «عبدالرزاق عبدالدراجي، جعفر ابـو التمن ودوره في الحركـة الوطنية في العراق، بغداد ۱۹۷۸، ص ٤۹۰ ـ ٤۹۲».
٤۷۳ ـ رۆژنامەی «الاخاء الوطني» هەفتەی دوو جار لاپەڕەی ـ كیژانو خانمان ۱۱ ی بڵاو دەكردەوە.
٤۷٤ ـ دوور نیيە ئەگەر هێزەكانی ئەپۆزیسیۆن هەڵوێستێكی توندتریان بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی رێگای ئاسن نیشان بدایەو وایان لە میریش بكردایە ـ لەسەر مەسەلەی كرێكاران بكاتەوە، بەڕێوەبەرایەتی رێگای ئاسن نەیدەتوانی ئەو هەنگاوانە بنێ كە دوای كۆتایی هاتنی مانگرتنی یەكەم هاویشتیو دوا جاریش نەیدەوێرا بەو شێوەیەی كە باسمان كرد گاڵتە بە مافی كرێكاران بكا وەك بە دوورو درێژیی قسەمان لێ كرد.

٤٧٥ ـ بڕوانه: «السياسة» ٤ آذار ١٩٣١: «العراق» ٢٦ شباط ١٩٣١.
٤٧٦ ـ «نداء الشعب» ٨ ـ ١٠ كانون الأول ١٩٣٠.
٤٧٧ ـ له چاو پێکەوتنی ٧/٣١ و ١٩٧٩/٩/٨ دا. «ئەلقەزاز» ووتی: هەر زوو «ئەبولتممەن»ی لێ دەرچێ، باوەڕم به سەرکردەکانی تری ئەپۆزیسیۆن نەما. تەنانەت ئەو پێشنیازەی «یاسین ئەلهاشمی» پێشی داوەتە دواوە کە دەیوست کەلو پەلی «کۆمەڵەی سنعاتکاران» لەلای «کۆمەڵەی جەنگاوەران» دابنێ و وای بە باشتر زانی چی کەلو پەلیان هەیە بیداتە دەست «ئەبولتممەن».
٤٧٨ ـ ئەم هەڵوێستە وای لە کەلێك نووسەری عیراقی و بیانی کردووە مانگرتنی گشتی‌ی دژ بە یاسای رەسمی شارەوانی‌یەکان بە ئیشی حزبە ئەپۆزیسیۆنەکان دابنێن. بە تایبەتی پارتی نیشتمانی‌ی «الحزب الوطني». بە نموونە بڕوانە «محمد مهدي كبة، مذكراتي من صميم الاحداث ١٩١٨ ـ ١٩٥٨: بيروت ١٩٦٥»، «عبدالغني الملاح، تاريخ الحركة الديمقراطية في العراق، بغداد ١٩٧٥ ص ١١٠». «ن. و. ئۆهانیسیان. بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی لە عیراقدا ٩١٧ ـ ١٩٥٨، بە زمانی رووسی. یەریڤان ١٩٧٦ ل ٢٣٢». ئەوی راستی‌ی بێ کەس ناتوانێ نکوولی لەو دەورە گەورەیە بکا کە حزبە ئەپۆزیسیۆنەکان و بە تایبەتی پارتی نیشتمانی و شەخسی سەرۆکەکەی «جەعفەر ئەبولتممەن» لە کەشە پێکردنی رووداوەکانی مانگرتنەکەو درێژەپێدانی دا بینی‌یان، بەڵام سەرکردە کرێکاری و پیشەیی یەکان و لە پێش هەموویانەوە سەر کردەکانی «کۆمەڵەی سنعاتکاران» ئەوان نەخشەی مانگرتنەکەیان کێشاو تەقاندیانەوەو سەرکردایەتی‌یان کردو کۆتایی‌یان پێ هێنا. هەر ئەوانیش تووشی گرتن و راوەدوونان هاتن. شایانی باسە سەرۆکی «کۆمەڵەی سنعاتکاران» چەندین جار بەر پەرچی ئەو قسەو باسانەی دایەوە گوایە هێزەکانی ئەپۆزیسیۆن سەرکردایەتی مانگرتنەکە دەکەن. بڕوانە: «العالم العربي» ٢١ تشرين الأول و ٥ تشرين الثاني ١٩٣٢ «هاشم علي محسن: تطور الحركة النقابية في العراق. ص ٥٣ ـ ٥٨». گرنگ ئەوەیە بەڵگەی نهێنی ئەوتۆ لەبەر دەستدان پشتگیری ئەو حەقیقەتە دەکەن کە ئێمە باسمان کرد لەو راپۆرتە نهێنی‌یەدا کە سێ مانگ دوای مانگرتنەکە «س. ج. ئەدمۆندس»ی راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ بۆ شەخسی مەلیکی ناردووە دەڵێ: «ناشێ سیاسەتمەدارەکان ئەو مانگرتنەیان رێك خستبێ. بەڵکو سەرکردە پیشەیی و سنعاتکارانی بەغدا سازیان کردووە. ئەوەندە هەیە سیاسەتمەدارەکان سوودی زۆریان لە ورەی پیشەوەرو سنعاتکاران وەرگرتووەو بە هۆی نوێنەرەکانی خۆیانەوە، ئەوەی ویستوویانە دەریان بڕیوە. بڕوانە: «المركز الوطني للوثائق، الوحدة الوثائقية، البلاط الملكي، رقم الملفة: د/٣/٦، موضوع الملفة، الداخلية ١٩٣١».
٤٧٩ ـ بڕوانە «العراق» ١١ و ١٣ و ٢٠ و ٢١ و ٢٨ ـ ٣٠ تموز ١٩٣١. ژمارە کانی رۆژنامەی «صدى العهد» پێش لەو ماوە یەو دوای ئەوەیش «تا ئەیلوولی ١٩٣١» پڕیەتی لە هێرش بۆ سەر ئەپۆزیسیۆن و بە تایبەتی بۆ سەر حزبی برایی نیشتمانی‌ی «الاخاء الوطني» بە بیانووی ئەوەی گوایە رووداوی مانگرتنەکەی قۆستووەتەوەو بۆ خزمەتی نەخشە سیاسی‌یەکانی خۆی بەکاری هێناوە. «موزاحیم ئەلپاچەچی» پێش لە بەردەمی پەرلەمان داو بۆ بەرگری کردن لە هەڵوێستی خۆی دەستی بۆ ئەو مەسەلەیە راکێشاوەو هەمان شت دووبارە دەکاتەوە. بڕوانە «محاضر مجلس النواب، إجتماع سنة ١٩٣١، ص ٤٤».
٤٨٠ ـ چاو پێ کەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٩/٨ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزاز: سامي عبدالحافظ القيسي، ياسين الهاشمي ودوره في السياسة العراقية بين عامي ١٩٢٢ ـ ١٩٣٦، الجزء الثاني، بغداد، ص ١٤٤.
٤٨١ ـ دەربارەی رزگارکردنی «نووری سەعید»و ستایش کردنی زیرەکی‌ی ئەو کە چۆن «چارەسەری هەموو ئەوشتانەی کرد کە موزاحیم ئەلپاچەچی لە کەڵکی خستبوون» بڕوانە: محاضر مجلس النواب، إجتماع سنة ١٩٣١ ص ٣٥ ـ ٤١.

٤٨٢ ـ هەر ئەو سەرچاوە ل ٥١٧ ـ ٥٣٨.
٤٨٣ ـ هەر ئەو سەرچاوە ل ٤٣.
٤٨٤ ـ بڕوانە «العراق» ٣٠ تموز ١٩٣١.
٤٨٥ ـ «صدى العهد» ٧ تموز ١٩٣١.
٤٨٦ ـ «صدى العهد» ١٤ تموز ١٩٣١.
٤٨٧ ـ بڕوانە «محاضر مجلس النواب، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٥ ص ٤٣٧».
٤٨٨ ـ K. M. Langeley, OP, Cit, P. 73.
٤٨٩ ـ Ibid, P. 37.
٤٩٠ ـ کەم کردنەوەی بەهای کارەبا کە ئامانجی سەرەکی ی «مقاطعە» کەبوو، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ پەرژەوەندی کرێکاراندا نەدەگونجا، چونکە ئەوانە لە بنەڕەتەوە کارەبایان بەکار نەدەهێنا، بەڵکو پەیوەندی بە پەرژەوەندیبەکانی چینی بۆرژواوە هەبوو، بە تایبەتی خاوەن وەرشەو کارگەکان کە خەریك بوون بە ئەندازەیەکی لە جاران زیاتر کارەبا بەکار بهێنن.
٤٩١ ـ بڕوانە: محاضر مجلس النواب، إجتماع سنة ١٩٣١ ص ٤٥».
٤٩٢ ـ چاو پێکەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٧/٣١ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.
٤٩٣ ـ چاو پێکەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٩/٨ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.
٤٩٤ ـ بڕوانە: «صادق قدير الخباز ـ نصف قرن من تاريخ الحركة النقابية في العراق ص ٣٨.
٤٩٥ ـ بۆ زیاتر تێگەیشتن بڕوانە: «عبدالرزاق عبدالدراجي، جعفر ابو التمن ودوره في الحركة الوطنية في العراق» ص ٣٠٦ ـ ٣١٨.
٤٩٦ ـ رۆژنامەی «الاستقلال» گۆشەیەکی بەم ناونیشانە تەرخان کردبوو.
٤٩٧ ـ بە نموونە، بڕوانە: «الاستقلال» ١٠ كانون الاول ١٩٣١.
٤٩٨ ـ بڕوانە: «محاضر مجلس النواب، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٥ ص ٤٤٢».
٤٩٩ ـ چاو پێکەوتنی رۆژی ٨/٢٢ و ١٩٧٩/٩/٨ لەگەڵ محەممەد ساڵح ئەلقەزازدا.
٥٠٠ ـ لەو کاتەدا هێزەکانی ئەپۆزیسیۆن خۆیانچەند جاریك دەستیان بۆ ئەو هەزاران کرێکارە راکێشا کە لە ناو کۆمپانیا بیانییەکاندا ئیشیان دەکردو چۆن لە سایەی ناخۆشترین هەلو مەرجی کارکردندا، دەچەوسێنرانەوە. بڕوانە سەرووتاری «الاخاء الوطني» ١٦ آذار ١٩٣٤.
٥٠١ ـ «محاضر مجلس النواب، الاجتماع الاعتيادي لسنة ١٩٣٥ ص ٤٤٣.
٥٠٢ ـ بڕوانە: «سامي عبدالحافظ القيسي، ياسين الهاشمي ودوره في السياسة العراقية بين عامي ١٩٢٢ ـ ١٩٣٦».
٥٠٣ ـ قسەی «ئیبراهیم حیلمی ئەلعومەری»یە. بڕوانە «العامل» العدد الاول، ٨ ايلول ١٩٣٠.
٥٠٤ ـ چینی رەش و رووت.
٥٠٥ ـ «الأهالي» ١٥ نيسان ١٩٣٢.
٥٠٦ ـ «نداء العمال» العدد الأول ٢٢ تشرين الثاني ١٩٣٠، ص ٢.
٥٠٧ ـ «العامل» العدد الاول ٨ ايلول ١٩٣٠ ص ٤.
٥٠٨ ـ بڕوانە: «العراق» ٢٠ تموز و ٢٧ تشرين الثاني ١٩٢٨: «العالم العربي» ٦ آذار ١٩٣٠، «صوت العراق» بغداد ١٠ تشرين الأول ١٩٢٩.

٥٠٩ ـ هەڵەیەکی زمانەوانی یە، راستمان کردووەتەوە.
٥١٠ ـ بڕوانە «العراق» ٢٠ تموز ١٩٢٨.
٥١١ ـ «الحاصد» بە گۆڤارێکی سەرکەوتوو دادەنرێ، نووسەرو شاعیر «ئەنوەر شائوول» لە ١٤ شوباتی ١٩٢٩ دا دەری کرد.
٥١٢ ـ گۆڤاری «الشباب» لە سەرەتای ژمارەی یەکەمی دا «١٦ آب ١٩٢٩» ووتارێکی «یووسف رەجیب»ی بلاو کردەوە ناونیشانەکەی «تازەترین رێگا بۆ لە ناوبردنی هەژاریی و سواڵ کردن، تۆ بڵێی حکوومەتی عیراقیش ئەو رێگایە بگرێ ؟» بوو.
٥١٣ ـ لەو ناوانەی کە بە زۆریی لە رۆژنامەی ئەو سەردەمەدا نووسراون و «ئەلقەزاز» یش دووپاتیان دەکاتەوە، «ئەحمەد حەققی ئەلحیلی» و «عەبدولفەتتاح ئیبراهیم» و «حسەین ئەلرەحال» و «عەبدوللا جەددوع» و «مەحموود ئەحمەد ئەلسەیید» و «مستەفا عەلی» و «عەلی حەیدەر سلەیمان» و «ئیبراهیم ئەلقەزاز» و خەلکی ترە.
٥١٤ ـ بە تایبەتی «عەبدولفەتتاح ئیبراهیم» و «عەبدوللا جەددووع». چاو پێ کەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٨/١.
٥١٥ ـ چاو پێ کەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٨/١. «العالم العربي» ١٨ آب و ٥ و ١٤ ایلول ١٩٢٩ و ٢٥ و ٢٩ كانون الثاني و ٢٥ شباط و ١٢ حزيران و ٢٦ تموز ٣ آب ١٩٣٠. «السياسة» ٢٣ شباط ١٩٣١.
٥١٦ ـ چاو پێکەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٨/٢٢.
٥١٧ ـ «حسەین ئەلرەحال» لەو تاکوتەرا رۆشنبیرانە بوو کە زوو بیروباوەڕی سۆشیالیزم کار بی تێ کردبوو، بۆ خوێندن چووەتە ئەستەموول و لەوێوە چووە بۆ ئەلمانیاو بە هۆی تێکەڵ بوونی بە سۆشیالیستەکانەوە، ئەو بیرو باوەڕەی وەرگرتووە. پاش جەنگی یەکەمی جیهان گەڕاوەتەوە بۆ عیراق و هەندێ سەرچاوەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە و لەتەك چەند رۆشنبیرێكدا بەنهێنی لە ژوورەکەی باوکی «مەحموود ئەحمەد ئەلسەیید» لە مزگەوتی «حەیدەرخانە»، خوێندوویانەتەوە، چونکە باوکی «ئەلسەیید» ئەو کاتە خوتبە خوێنی مزگەوتی ناوبراو بووە. هەر وەك یەکێك لە ئەندامانی ئەو ئەلقە رۆشنبیرییە دووپاتی دەکاتەوە، ئەگەرچی ئەوانە هەروا بە ئاسانیی لە ناوەرۆکی ئەو کتێبانە تێ نەدەگەیشتن، بەڵام تارادەیەك کاریان لە هەڵوێستو شێوەی تێڕوانینیان بەرامبەر بە ژیان، کرد. بەتایبەتی هەڵوێستیان لە چینی زەحمەتکێشان. «چاو پێکەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٩/٨ لەگەڵ ئیبراهیم عەبدولجەببار ئەلقەزاز»، عبد اللطيف عبدالرحمن عبدالمجيد، الفكر الاشتراكي في الادب العراقي ١٩١٨ ـ ١٩٥٨، رسالة دكتوراه، بغداد، ١٩٧٨، ص ١٨ ـ ٢٧.
٥١٨ ـ دەربارەی «مەحموود ئەحمەد ئەلسەیید» بڕوانە بەشی «رۆژنامەو هۆیەکانی تری راگەیاندنی کرێکاران».
٥١٩ ـ رۆژنامەی «نداء العمال» وەك کەسێکی سەر بە بزووتنەوەی کرێکاران» بە خوێندەوارانی ناساند. بڕوانە: «نداء العمال» العدد الأول، ٢٢ تشرين الثاني ١٩٣٠ ص ٢.
٥٢٠ ـ «ئیبراهیم ئەلقەزاز» هاوڕێی هەرە نزیکی «حسەین ئەلرەحال» و «مەحموود ئەحمەد ئەلسەیید» بووە. لە ئەلقە رۆشنبیرییەکەی مزگەوتی «حەیدەرخانە» دا بە شداری کردووەو بە هەموو توانایەوە پشتگیریی «محەممەد سالح»ی برا بچووکی کردووەو لەسەر «کۆمەڵەی سنعاتکاران»ی کردووەتەو هامشۆی کۆڕەکانی کردووەو جاروباریش ووتاری خوێندووەتەوە. زۆر بەرۆشی پێ ئەسازیی نیشتمانیی بووەو لە ساڵی ١٩٢٣وە، واتە لەو ساڵەوە کە کتێبی «الابجديات»ی بلاوکردەوە بە گەرمیی پشتگیری ئەو مەسەلەیەی کردووەو هانی داوە. «چاو پێ کەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٨/٢٢ لەگەڵ محەممەد سالح ئەلقەزاز: چاو پێکەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٩/٨ لەگەڵ ئیبراهیم عەبدولجەببار ئەلقەزاز».

٥٢١ ـ محەممەد سالح هەلقەزاز، ئەوەی دووبارە کردەوە کە ئەوانە رۆلێکی گەورەیان لە هوشیار کردنەوەی کرێکاراندا بینیو لە قۆناغی یەکەمی دروست بوونیدا کاریان لە بزووتنەوەی کرێکارانی عیراق کرد. «چاو پێ کەوتنی رۆژی ١ و ١٩٧٩/٨/٢٢ لەگەل محەممەد سالح ئەلقەزاز».
٥٢٢ ـ «العامل» العدد الاول ٨ ایلول ١٩٣٠ ص ٣.
٥٢٣ ـ «نەهرۆ» مەبەستی لە پێشەوەرانە.
٥٢٤ ـ لە دەقەکەدا نووسراوە: چووونە کۆلیان.
٥٢٥ ـ بروانە: «الحاصد العدد السابع، السنة الثانية، ١٤ آب ١٩٣٠ ص ١٠ ـ ١١.
٥٢٦ ـ بروانە: «العامل، الاوول، ٨ ایلول ١٩٣٠ ص ٣.
٥٢٧ ـ بۆ زیاتر تێگەیشتن بروانە: «فؤاد حسین الوکیل، جماعة الاهالی في العراق» بغداد ١٩٧٩.
٥٢٨ ـ بروانە سەرچاوەی پێشوو ل ٢٤٣ ـ ٢٤٧.
٥٢٩ ـ بروانە: «الاهالی» ١٥ نیسان ١٩٣٢.
٥٣٠ ـ «الاهالی، العدد الاول، ٢ کلتوون الثاني ١٩٣٢.
٥٣١ ـ بروانە: «الاهالی» ٢ تموز ١٩٣٢.
٥٣٢ ـ بروانە: «فؤاد حسین الوکیل، جماعة الاهالی في العراق» بغداد ١٩٧٩ ص ٢٤٣.
٥٣٣ ـ چاو پێکەوتنی رۆژی ٧/٣١ و ١٩٧٩/٩/٨.
٥٣٤ ـ دەقی نامیلکە کە لە لاپەرە ٤ ـ ٧ی کتێبی «تاریخ الحزب الوطني الديمقراطي»ی دکتۆر «فاضل حسین» دا بلاو کراوەتەوە.
٥٣٥ ـ «کۆمەلەی ریفۆرمی میللی» بە درێژە پێدانی گرووپی «الاهالی» دادەنرێ. دوای ئینقلابەکەی سالی ١٩٣٦ بە رەسمیی مۆلەتی ئیش کردنی پێ درا.
٥٣٦ ـ بە تایبەتی ئەوەی ئینگلتەرا.
٥٣٧ ـ بە نموونە، بروانە: «نداء العمال» العدد الاول ٢٢ تشرين الثاني ١٩٣٠ ص ٨ ـ ٩.
٥٣٨ ـ ناوی ووتارەکە «پێویستیی پالەوانو کردار دەخولقێنێ»، رۆژنامەکە باسی «ماکدۆنالد»ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا دەکا. شایانی باسە ئەو پیاوە پالێوراوی پارتی کرێکارانی بەریتانیا بووو. بروانە «العالم العربي» ٤ تموز ١٩٢٩.
٥٣٩ ـ بروانە: «العمال» العدد الاول، ٥ ایلول ١٩٣١.
٥٤٠ ـ هەلەیەکی زمانەوانییە، راست کراوەتەوە.
٥٤١ ـ «العمال» العدد الاول ٥ ایلول ١٩٣١.
٥٤٢ ـ چاو پێکەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٩/٨ لەگەل محەممەد سالح ئەلقەزازدا.
٥٤٣ ـ «العمال» العدد الاول ٥ ایلول ١٩٣١.
٥٤٤ ـ لەو شوێنەدا کە باسی چالاکیی راگەیاندنی کرێکارانمان کردووە، لەوە دواین کە بریار وابوو رۆژنامەی «العمال» ببێتە زمانی حالی «حزبی کرێکاران». ئەم حەقیقەتانەیش پشتیگیریی هەموو ئەو بۆچوونانە دەکەن، کە ئێمە دەرهەق بەم حزبەو ئەوانەی هەولیان بۆ دەدا، باسمان کردبوون.

کۆتایی

ئەو زانیاری‌یانەی لە دوو توێی هەر چوار بەشەکەی ناو ئەو کتێبەدا نووسراون، دەتوانن بمانگەیەننە چەند ئەنجامێکی بنەڕەتی لەبارەی مێژووی کرێکارانی عیراقەوە، هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا کۆتایی هاتنی ئینتیدابی بەریتانی. بەر لە هەموو شتێك چینی کرێکارانی عیراق لەچاو زۆربەی وولاتانی ناوچەکەدا درەنگتر دروست بووە، ئەمە جگە لەوەی نەشونما کردنی بەو سستی‌یەی کە بەخۆیەوە دی، کاریکی زۆری کردە سەر چۆنیەتی دەرکەوتنی بزووتنەوەی کرێکارانی عیراق‌و سروشتی گەشە کردنی.

بزووتنەوەی کرێکارانی عیراق شان بەشانی بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی دژ بە ئیمپریالیزم‌و ئەو هێزانەی لە پاشکۆی‌دا بوون، پەرەی سەندووە. لەو رۆژگارەدا عیراق مانگرتنی سەربەخۆی کرێکارانەی وەك ئەوەی لە وولاتە ئەوروپایی‌یە گەشە کردووەکان‌دا روویان‌دا، نەدیبوو. تەنانەت بزووتنەوەیەکی کرێکارانەی وەك ئەوانەی وولاتانی ئەمریکای لاتین‌و هەندێ وولاتی ئاسیایی هیندوستان ئاسا نەهاتبووە گۆرێ. هۆی بنچینەیی ئەم دیاردەیەیش لاوازیی چینی بوڕژوای نیشتمانی‌ی بوو کە لە لایەن هەمان ئەو داموو دەزگایانەوەکە کرێکارانیان دادەدۆشی‌ی، دەچەوسێنرانەوە. ئەمە لەلایەك‌و لە لایەکی تریشەوە چینی کرێکارانی عیراق لە رووی چەندیەتی‌و چۆنیەتی‌یەوە لاواز بوو. لەبەر ئەوە هەرچی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی بەرپا بکردایە، نەیدەتوانی دەستکەوتێکی هەست پێکراو وەدەست بهێنێ. بە نموونە: کرێکارانی رێگای ئاسن تاوەکو لە تەمووزی سالی ۱۹۳۱ دا تێکەڵی بزووتنەوەیەکی نیشتمانی‌ی فراوانتر نەبوون کە مانگرتنە گشتی‌یەکەی دژ بە «یاسای رەسمی شارەوانی‌یەکان»ە، نەیتوانی بگاتە ئەنجامێکی چەسپاوی ئەوتۆ شیاوی باسکردن بێ. بەو جۆرە بزووتنەوەی کرێکارانی عیراق لە دوو توێی ئەم باسەمان‌دا، نەبووەتە بزووتنەوەیەکی سیاسی سەربەخۆ.

بە حوکمی ئەم واقیعە چینی کرێکارانی عیراق توندو تۆڵ بە هێزە کۆمەلایە تی‌یەکانی ترەوە گرێ درابوو، لە هەمان کاتیش‌دا کەوتبووە ژێر کارتێکردنی

هەڵوێستو فەرمانی ئەوانەوە، بێ ئەوەی ئەم لە سنوورێکی تەسکدا نەبێ، بتوانێ کار لەوان بکا. چینی بۆرژوای بچووکیش کە لە توێژە رۆشنبیرە شۆرشگێرەکەیدا خۆی دەنواند، نزیکترین هێزی سیاسی بوو لەم چینەوە. دوای ئەویش چینی بۆرژوای نیشتمانیی بوو کە بە حوکمی ئەو واقیعەی تێیدا دەژیا. نەیتوانی سەرکردایەتی خەباتی کرێکاران بکا، نەك هەر ئەوەیش بەڵکو دەستەوسانیش بوو لەوەی لە چوار چێوەیەکی تەسکدا نەبێ کار بکاتە سەری. ئەوی راستیی بێ چینی بۆرژوای نیشتمانی خۆیشی هەوڵی ئەوەی نەدا لە رووی ئایدۆلۆژی یەوە نەبێ، بەلام لە سنوورێکی ئێجگار دیاری کراودا، کار بکاتە سەر ئەم چینە؛ ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی نەتوانێ تاسەر چینی کرێکاران بەلای خۆیدا رابکێشێ، بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە هەندێ وولاتی تری وەك «توونس»و «مەغریب» رووی دا.

بزووتنەوەی کرێکارانی عیراق لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا بە دەست کۆمەڵێك ناتەواوییەوە کە لەواقیعدا شتێکی سرووشتیی بوون، دەینالاند. چی بزووتنەوەی کرێکارانیش هەیە کە لە باروزرووفێکی وادا پێکهاتبێ، دووچاری ئەو تەنگو چەڵەمانە بووە. نزمیی ئاستی هوشیاریی کرێکارانو پەیوەندی بەتینی بەشێکی زۆری ئەوانە بە لادێوەو چەندین هۆی تری لەو بابەتە، ماوەیان نەدا رێگای راستی خەبات وەك شێوەیەکی بنەرەتیی بدۆزنەوەو بە هۆیەوە کەمێك ئەو قورساییە گەورەیە لەسەر خۆیان کەم بکەنەوە کە بە دەگمەن وێنەی دەست دەکەوت.[1] بەڵگەی ئاشکراو دیاریش بۆ سەلماندنی ئەم حەقیقەتە زۆرن و هەموویشیان پەیوەندییان بەو سەردەمەوە هەیە. بە نموونە: رۆژنامەی «نداء العمال» دانی بەوەدا ناوە کە «کرێکارانی ئەم وولاتە تازە لەگەڵ سیستەمی کۆمەلایەتی ئاشنایەتییان پەیدا کردووەو لەتەك ئەو ئەرکانەدا پێیان دەسپێردرێ تاقیکردنەوەیان کەمە».[2]

ئەم ناتەواویو کەمو کورییانە لە سەرپاکی ئەو رێکخراوانەدا رەنگیان دایەوە کە لوتکەی هوشیاریی کرێکاران لەو قۆناغەدا دروستیان کردبوو. کرێکاران هەر ئەوەندەیان دەویست «چەند کۆمەڵەیەك بەناوی جیا جیاوە پێك بهێنن، بێ ئەوەی پرۆگرامێکیان هەبێ ئیشی لەسەر بکەن و پشتی پێ ببەستن».[3] هەندێ جاریش تاقە کەسێك سەرکردایەتی چەند کۆمەڵەیەکی دەکرد وەك «عەبدوڵلا ئەلبەدری» کە لەیەك کاتدا سەرۆکی «کۆمەڵەی کرێکارانی چاپخانەکان»و سکرتێری «یەکێتیی کرێکارانی عیراق» یش بوو.[4] ئەمە بێجگە

لەوەی کە چەندین جۆر بەربەرەکانێو ناکۆکی لە نێوان ئەو کۆمەلانەو[4] «تەنانەت لە نێوان ئەندامانی یەك کۆمەڵدا پەیدا بوون». ئەم دیاردەیە وای لە رۆژنامە نیشتمانییەکان کرد، داوا لە کرێکارا بکەن واز لە دووبەرەکیی بهێنن، چونکە «هیچ سەرکەوتنێك لەگەڵ دووبەرەکیی دا دەستگیر نابێ».[6] لەبەر ئەوە ئەگەر لەسایەی ئەو بارودۆخەدا زۆربەی ئەو کۆمەلانە نەیانتوانیبێ ماوەیەکی دوورو درێژ خۆیان رابگرنو «پیش ئەوەی تەمەنیان بگاتە ساڵەوەختینە لە کار کەوتبن»[7] شتێکی سرووشتیی بووە. جاری وایش هەبوو ئەندامانی ئەم کۆمەلانە ئیلتیزامیان بەو بڕیارانەوە نەدەکرد کە تەواو لەگەڵ پەرژەوەندییەکانیاندا دەگونجان، بەنموونە: سەرتاشەکان ئەو بڕیارەیان نەبردە سەر کە کۆمەڵەکەیان دابوویو رۆژانی دوو شەممەی کردبوو رۆژی حەوانەوەو پشوودان. ئەنجام ناچار بوو دوای سێ مانگ کەمتر لەو بڕیارەی پاشگە زببێتەوە.[8]

سەرەرای هەموو ئەمانە، مێژووی بزووتنەوەی کرێکارانی عیراق هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە، پڕیەتی لە تاقیکردنەوەی بەسوودو لاپەرەی پرشنگدار، چونکە «کرێکارانی عیراق لە خەوی چەند ساڵە راست بوونەتەوەو خەریکن بیر لە چارەنووسی خۆیان بکەنەوە، هوشیاریو بیرکردنەوەیش گرنگترین دەستپێشخەریی ژیانن» وەك رۆژنامەی «الحاصد»ی ئەو رۆژگارە بەو شێوە دڵتەزێنە دەری دەبڕێ.[9] لەو رۆژەوە کرێکارانی عیراق بۆ یەکەمین جار هەستیان بە سەنگی کۆمەلایەتی خۆیان کردو رۆژ بە رۆژیش باشتر شارەزای شێوەکانی زۆرانبازییو مل ملانە کردن لە پێناوی مافەکانیاندا بوونو بە هوشیارییەکی لە جاران زیاترەوە هاتنە مەیدانی نیشتمانییەوەو توانییان رۆڵی بنچینەیی لە رووداوی زۆر گرنگدا ببینن و لەساڵانی سیدا سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیاندا رابکێشن. ئەو رووداوانەی کە هێندە گرنگو بایەخدار بوون هێزە نیشتمانییەکانی تریان وا لێ کرد چەند جارێك واقیع ئاوەژوو بکەنەوەو خۆیان بە سەرکردەو بزوێنەریان لە قەڵەم بدەن. وەك چەند جارێك لەتەك مانگرتنە گشتییەکەی دژ بە یاسای رەسمی شارەوانییەکان رووی دا. بە هەر حاڵ ئەمەیش دیاردەیەکە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە گشتیی زۆر جار رووی داوەو شتێکی دانسقەو دەگمەن نییە.

سەرەرای لاوازیی سەرکردایەتییەکەی کرێکاران، رووداوەکانی ئەو قۆناغە سەرکردەی ئەوەندە دڵسۆزیان هێنایە کایەوە. هەموو ژیانی خۆیان بۆ

مەسەلەی کریکاران تەرخان کردبوو، لە پێش هەموویشیانەوە یەکەمین کەسی نیقابی «محەممەد ساڵح ئەلقەزاز» ە کە «رزگارکردنی کریکارانی عیراق لەوکۆت و پێوەندەی تێی ئالاوە، بە تاکە مەبەستی خۆی دەزانی»[١٠] و بەئازایەتیو خۆڕاگرتن ناوبانگی دەرکردبوو. هەر لەبەر ئەوەیش بوو چەند جار تووشی راوەدوونان هات و بۆ «سلەیمانی»و «عانە» و «دیالە» دوور خرایەوەو لە ئەنجامی ئەو ٤١ داوایەی رژێم لە سەری تۆمار کردبوو، نزیکەی چوار ساڵ لە بەندیخانەدا توندکراو تا ساڵی ١٩٥٤ رێگای نەدرا لە عیراق بچێتە دەرەوە.[١١] لە خۆڕایش نییە کە دەسەلاتدارانی سەردەمی پاشایەتی تا ئەمرۆیش دانی لێ دەکرۆژن و رقیان لێ یەتی. ئەوەتا لە یادداشتی یەکێک لە سەرۆک وەزیرانی سەردەمی پاشایەتیدا، بە «بێ شەرم و لە خۆبایی» وەسپ کراوە، لە بەر هیچ نا، تەنها لەبەر ئەوەی لەکاتی «مقاطعة» کردنی «کۆمپانیای کارەبای ئینگلیزی»دا ساڵی ١٩٣٣ سوور بوو لەسەر هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی خۆی و وەلامی هەرەشەو گوڕەشەی سەرۆك وەزیرانی بەم جۆرە دایەوە: «ئێمە لەکەس ناترسین»[١٢]. دیارە ئەمەیش گەواهی ئەوەیە کە ئەو پیاوە بە هەموو توانایەوە دڵسۆزو پێ داگرتوو بووەو لێپرسراوانی ئەو سەردەمەیش فێری ئەوە نەبوون گوێیان لەشتی وا بێ.

بەرامبەر بەمە، خەڵکی ئەوتۆیش هەبوون هەر کە هەستیان کرد مەترسییان کەوتووەتە سەر، بە زوویی کشانەوەو دەستبەرداری کریکاران بوون. ئەوەیشیان بوو ئەوەندە بە گەرمییەوە بەرگری لە مەسەلەی کریکاران کرد گەیاندییە رادەی زێدە رۆیی وەك «عەبدولقادر ئەلسەییاب»، کەچی هەر ئەوەندەی ئاورێکی لێ درایەوە «لە پەرلەماندا بووە نوێنەرێکی سەرومر»، وەك «ئەلقەزاز» وەسپی دەکا.[١٣] دەبێ ئەوەیش لەیاد نەکرێ کە لەو رۆژگارەدا کریکارێکی عیراقی نابینین لە رووی ئابورییەوە ئەوەندەی کەڵەکە کردبێ، بووبێتە بۆرژوا. ئەم دیاردەیەیش ئەوە دەگەیەنێ کە پەرەسەندنی سەرمایەداری لە وولاتدا نەگەیشتبووە ئەو رادەیەی چینی بۆرژوای نیشتمانیی پێویستی بە توێژێکی کاریگەری کریکاران ببێ و ئیمتیازی گەورەیان بداتێ و بەهۆیانەوە شێوەی ژیان و شێوازی بیرکردنەوەیان بگۆڕێ و لە چینەکەی خۆیان هەڵیان بگێرێتەوە.* تا درەنگانێکیش ئەم دیاردەیە لە کۆمپایای نەوتدا و لە سنوورێکی زۆر تەسكدا نەبێ، دەرنەکەوت، ئەمانەیش ژمارەیەکی کەم لەو کریکارە تەکنیکییە بە ئاین نامووسڵمانانە بوون کە دوایی بوونە خاوەنی قەشەنگترین چێشتخانەو ئوتێل و کۆگای گەورە گەورە لە پایتەختدا.

بزووتنەوەی کریکارانی عیراق لە سەردەمی ئینتدابدا ، هەندێ دەستکەوتی بۆ چینی کرێکاران وە دەست هێنا . بەر لە هەرچی ، بوونی ئەم چینەی چەسپاندو سەرنجی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتی یەکانی تری بەلای خۆیدا راکێشاو پێی سەلماندن کە هێزێکی نوێیەو توانای زۆروسەنگی خۆی لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابوریو کۆمەلایەتیو سیاسیدا هەیە . دەوڵەتیش نەیتوانی ئەم چینەو پەرژەوەندییەکانی پشت گوێ بخا کە لە ساڵی ۱۹۳۲ بە دواوە خۆی بەسەر پرۆگرامی وەزارەتە یەك لەدوای یەکەکانی وولاتدا سەپاند بوو.[١٤] دوای کۆتایی هاتنی ئینتیدابیش چەند یاسایەك بۆ چارەسەرکردنی مەسەلە جیا جیاکانی کریکاران دەرچوون ، وەك « یاسای قۆرخ کردنی پیشە بۆ عیراقییەکان . ژمارە ـ ۲۱ ـ ساڵی ۱۹۳٦ » و « یاسای کار ژمارە ۷۲ ی ساڵی ۱۹۳٦ » . لە ساڵی ۱۹۳۷ یشدا عیراق دانی نا بە « رێککەوتنامەی کاری دەوڵەتان » ی ژمارە ـ ۱۸ ـ ی ساڵی ۱۹۲۵ ، تاوەکو پارە بدرێ بەو کرێکارانەی بەهۆی پیشەکەیانەوە تووشی نەخۆشی دەبن یاخود کەفتەکار دەکەون . دوای ساڵێکیش رێککەوتنامەی دەستکاری کراوی ژمارە ـ ۵۸ ـ ی ساڵی ۱۹۳٦ ی مۆر کرد کە پەیوەندی بە

ـیاری کردنی تەمەنی منداڵانەوە هەبوو لە پیشەسازی کەشتی دروستکردندا . بێجگە لەمانە دەوڵەت هەر لەو ماوەیەدا چەند بڕیارێکی تری لەو بابەتەی دەرکرد .

بەرامبەر بەم بڕیارانە کە سەرەڕای کەمو کوڕیو ناتەواوییان دەستکەوتێکی گرنگو بەرهەمی خەباتی کرێکاران بوون، دامو دەزگای دەوڵەت هەوڵێکی زۆریان دا بە هۆی چەند بڕیارو یاسایەکی نا دیموکراسییانەوە کۆسپ و تەگەرە بخەنە بەردەم رەوتی گەشە کردووی بزووتنەوەی کرێکاران و[١٦] تێکڕای بزووتنەوەی نیشتمانییەوە.

ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ چینی کرێکاران خەریکە بەخۆیدا بێ، بە شێوەیەکی وا ترس و لەرزی خستە دڵ و دەروونی دەسەڵاتدارانەوە.

بەڵام گرنگترین دەستکەوت کە چینی کرێکارانی عیراق لە ئەنجامی خەباتی ساڵانی پێش کۆتایی هاتنی ئینتداب وەدەستی هێنابێ ئەوە بوو، دەرس و تاقیکردنەوەیەکی باشی لە رووداوەکانی ئەو قۆناغە وەرگرت. بەمەیش یارمەتی کرێکارە هوشیارەکانیدا، تاوەکو لە داهاتوودا گەشە بە شێوەی ئیشکردن و خەباتیان بدەن و رقی پیرۆزیان بەرامبەر بە ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی تیژتر

بکەن‌و تەنانەت لە ماوەیەکی کەمدا بوونە داینەمۆی بزووتنەوەی رزگاربخوازانەی نیشتمانیی گەلی عیراق. ئەمە جگە لەوەی کە بزووتنەوەی کریکاران خۆی چەند هەنگاویکی نوێی بۆ پیشەوە ناو بە شیوەیەکی تایبەتی لە رەوتی چوونە پیشەوەو گەشە کردنی‌دا رەنگیان دایەوە.

١

١ - «ئەلقەزاز» ئەو دەگیریتەوە کە چۆن خۆی‌و هاوەلەکانی هەتا مانیان بە کریکارانی ریگای ئاسن گرت، چەند کۆسپ‌و تەگەرەیان هاتەری.
چاو پیکەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٧/٣١ لەگەل «محەممەد سالح ئەلقەزازدا».
٢ - «نداء العمال» العدد الاول ٢٢ تشرين الثاني ١٩٣٠ ص ١.
٣ - هەر ئەو سەرچاوە ل ٣.
٤ - چاو پی کەوتنی رۆژی ١٩٧٩/٩/٨ لەگەل محەممەد سالح ئەلقەزازا.
٥ - لە چەند شوینیکی تردا، ئەوەمان ئاشکرا کردووە کە رژیم دەوریکی بالای لە دووبەرەکی‌ی ونلکۆکی‌ی نانەوەدا هەبوو لە ناو کریکاران‌دا.
٦ - «الحاصد» العدد الثالث، السنة الثانية، ٧ آب ١٩٣٠، ص ٦.
٧ - «الاستقلال» ٢٣ شباط ١٩٣١.
٨ - بروانە: «العالم العربي» ٢٠ آب و ٢ ايلول و ٦ تشرين الأول ١٩٢٩.
٩ - «الحاصد» العدد الثالث، السنة الثانية، ٧ آب ١٩٣٠ ص ٦.
١٠ - «العالم العربي» ١٦ آب ١٩٣٠.
١١ - چاو پیکەوتنی رۆوژی ١٩٧٩/٩/٨ لەگەل «ئیبراهیم عەبدولجەببار ئەلقەزاز». چاو پی کەوتنی رۆژی ٧/٣١ و ١٩٧٩/٩/٨ لەگەل «محەمەد سالح ئەلقەزاز». لە رۆژنامەکانی ئەو کاتەدا، زۆر شتی‌تیدایە باسی چەوساندنەوەی ئەلقەزاز دەکەن.

١٢ ـ بڕوانە «ناجي شوكت، سيرة وذكريات ثمانين عاماً ١٨٩٤ ـ ١٩٧٤، الطبعة الثالثة، بيرووت ١٩٧٧، ص ٢٤٧ ـ ٢٤٨. «ئەلقەزاز» لە گۆڤاری «وعی العمال» دا وەڵامی داوەتەوە.

١٣ ـ چاو پێکەوتنی ڕۆژی ٢٢/٨/١٩٧٩ لەگەل «محەمەد ساڵح ئەلقەزاز»دا.

* لە قۆناغێکی دیاری کراودا کە سەرمایەدارێتی ترسی تەواو لە کرێکاران پەیدا دەکا، ناچـار دەبێ توێژێکیان لێ هەڵبگیرێتەوە. ئەوانە لە لایەن چینی بۆرژواوە ئیمتیازی جۆر بە جۆریان دەدرێتێو دەبنە دەم ڕاستی کرێکاران، لە کاتێکدا فریـان بە سـەر کرێکـارانەوە نـەماوە. چینی بـۆرژوا بۆ تەفرەدانو دەستخەڕو کردنیان هیوایـەکی زۆری بەم تـوێژە هـەیەو ئـەوانیش لە زۆر بواری کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییو سیاسیدا بەتەنگییەوە دێنو خزمەتی دەکەن، بۆیە پێیان دەگـوترێ «کرێکاری ئۆرستۆکرات». ـ وەرگێر ـ

١٤ ـ مەسەلەی کرێکاران بۆ یەکەمجار لە پڕۆگرامی وەزارەتەکەی «ناجي شەوکەت»دا کە لەسەرەتای تشرینی دوووەمی ساڵی ١٩٣٢ پێکهات، نووسرابوو. پڕۆگرامەکە دووپاتی دەکاتەوە کە «پێویستە ئیشو کار ڕێك بخرێو هەوڵ بدرێ مافی کرێکاران زامن بکرێ، بڕوانە: «العالم العربي» ١٧ تشرين الثاني ١٩٣٢.

١٥ ـ بۆ زیاتر تێگەیشتن، بڕوانە: «محاضر مجلس النواب لسنة ١٩٣٥ ص ٧١ ـ ٧٢، معالجات عمالية ص ٧٤ ـ ٧٥.

١٦ ـ بەنموونە: بەشی پێنجەمی «یاسای سزا دانی ساڵی ١٩٣٥، بۆ مەسەلەی «کۆبوونەوەی نابەرمواو» تەرخان کردووە. لەو بەشەدا ئەوومندە سزا تۆمار کراون تا جارێکی تر ڕووداوی وەك مانگرتنە گشتییەکەی دژ بە ڕەسمی شارەوانییەکان، دروست نـەبێتەوە. لێـرەدا چاك وایـە دەست بۆ لەوەیش ڕابکێشین کە ئەم یاسایە لە سەردەمی «یاسین ئەلهاشمی» دا، دانـرا. بڕوانـە: «الدولة العراقية، محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابية الخامسة، الاجتماع الاعتيادي لسنـة ١٩٣٤ بغداد ١٩٣٥ ص ١٤٨».

پاشکۆی ژمارە «١» *

* دکتۆر ئەم ووتارەی کاتی خۆی لە ژمارە ٧٢ی شوباتی ساڵی ١٩٧٩ ی گۆڤاری «رۆشنبیری‌نوێ» دا بڵاو کردووەتەوە. جا لەبەر ئەوەی خۆی لە خۆی‌دا بەشێکی لە پچڕان نەهاتووی ئەم‌کتێبەیە هەردوولا وامان بە چاك زانی لێرەدا بڵاوی بکەینەوەو ژمارە «١» پاشکۆی بدەینێ. وەرگێر -

چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی چینی کرێکاری کورد

بە دەگمەن نووسەرانی خۆمان و بێگانە بیریان لە کرێکاری کورد کردووەتەوە. دوور نەڕۆین لە هیچ کامێك لە بەرهەمەکانی مامۆستا «ئەمین، زەکی ی» مێژوو نووسی گەورەمان دا زۆرو کەم ناوی کرێکاری کورد نەهاتووە. بێ گومان ئەمیش کەلێنێکی ترە لەو دەیان کەلێنانەی لە مێژووی نووسراومان دا هەن، بەلام کەلێنێکی گەورە !.. وا بزانم لە ڕاستیی دوور ناکەومەوە گەر بڵێم ئەدەبی کوردیش، بە داخەوە، لەو کەلێنە بێ بەش نی یە. کرێکاری کوردیش وەك رووناکبیرو جووتیارو هەموو خەڵکێکی تر خاوەن دڵ و هەستە، دڵی وەك هەموو کرێکارێکی تر ساف و هەستی وەك ئەوان بەرزە، ئەویش لە هەموان زیاتر ئارەق دەڕێژێ و لە هەمووان هیلاك و بێ کات ترە، بۆیە کەمتر باسی خەڵك دەکاو زیاتر لە هیلاکی ی و دەردو ئازارو نەبوونی و بێ مافی دەگاو حەز بە یاریدەی هەموو لێقەوماوێك دەکا. تاڵ لای ئەو تاڵ ترو شیرین لای ئەو شیرین ترە. لەزەت لە هەموو خۆراکێك دەبینێ. وەك هەمووان و ڕەنبگێ زیاتریش، حەز بە چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و گۆنای پڕ خاڵ بکا. کاتی بوایە ئەویش چاوباز دەبوو !. ژمارەیان زۆرو کێشەیان زۆرتر، بۆیە ژیانیان پڕ لە چیرۆکی بێ هاوتاو داستانی دانسقە وتابلۆی ڕەنگینە... حەیفە دەستی ئەدیبی کوردی دڵ پەڕەی گوڵ کە تالاوی زوخاوی ژیان زاخاوی مێشك و قەڵەمی داوە، زوو نەگاتە گەوهەرو ئەڵماسی ئەو خەزنە دەوڵەمەندە !.

لەم ووتارەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی ی چەند ڕوویەکی سەرەتای دروست بوون و هاتنە کایەی چینی کرێکاری کورد بخەینە بەر چاو کە دوور نی یە سەرنجی خوێنەر ڕاکێشن.

لە سەردەمی هەرە کۆنی شارستانیەتی مرۆڤەوە کرێکارو کری گرتە هەیە. بەلام هیچ کات و لە هیچ شوێن ئەو کرێکارە پەرش و بلاوانە نەبوونەتە هێزی

بنچینەیی هێنانە بەرهەم لەناو کۆمەڵدا تا پەیدا بوونی سەرمایەداری. لەگەڵ ئەمیاندا دوو چینی نوێ دێنەکایەوە - بۆرجوازیو کرێکار - لەبەر ئەوەش کە پەیوەندیی سەرمایەداری لە ئەوروپای رۆژئاوا بەر لەشوێنی تر دروست بوو، هەر لەوێش دەوروبەری سەدەی چواردەو پازدە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئادەمیزاددا چینی کرێکار وەك هێزێکی دیاری کۆمەڵ هاتە ناوەوە.[1]

لە زۆربەی وولاتانیتر، تایبەت لە رۆژهەلاتی نزیك و ناوەڕاست، پەیدا بوونی چینی کرێکار زۆر لەوە دواکەوت. جۆر و هۆی دروست بوونەکەش گەلێك لەگەڵ ئەو جیاوازە. لە ئەوروپا ئاڵو گۆڕەکانی ناو کۆمەڵ چینی کرێکاریان دروست کرد. بەلام لە وولاتانی رۆژهەلات ئەو ئاڵو گۆڕانە بەهۆی تێکەڵ بوون بەبازاڕی سەرمایەدارییەوە کەمتر دەوریان بینی. لەسەدەی نۆزدەوە لێشاوی تێکەڵ بوونی وولاتانی رۆژهەلاتی نزیكو ناوەڕاست بە بازاڕی سەرمایەداریی جیهان دەستی پێ کرد. ئەمەو گەیشتنی ژمارەیەك دەستکەوتی پیشەسازیی نوێی ئەوروپا بوونە هۆی دارشتنی بەردی بناغەی دروست بوونی چینی کرێکاری زۆربەی وولاتانی ئەم ناوچەیە.

لە کوردستان ئەم دیاردەیە لەبەر دوو هۆی گرنگ تا رادەیەك لەو وولاتانە دواکەوت، یەکەمیان: هێزی زۆری پەیوەندیی دەرەبەگیو پاشماوەی ژیانی کۆچەرییو نیمچە کۆچەریی ناو کۆمەڵی کورد بوو. ئەوی تریان نەبوونی دەربەندێکی سەربەخۆ بوو کە کەلو پەلی کوردستانو بەرهەمی هێنراوی پیشەسازیی ئەوروپای تێدا کۆببێتەوەو پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر کرێکارو چەند کۆمپانیایەك بێ.

بەلام بەرامبەر بەوە، مەرجی تری پێویست بۆ دروست بوونی ئەم چینە تازەیە لە ئارادا بوون. یەکەمیان: دەولەمەندیی کوردستانە کە بەرهەمی کشتوکاڵو ئاژەڵیلە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە گەیشتە چەند بازاڕێکی گرنگی ئەوروپا. کەلو پەلی دروست کراوی ئەوێش بە خێرایی گەیشتە کەلاترین شارو گوندی لای خۆیان. تەنانەت بەر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە ئینگلیزەکان کۆمپانیای تایبەتییان لە شاری وەك « دیاربەکر » دامەزراند. هەرلە خۆشەوە نییە « گ. ناپێر » پێش پەنجا ساڵ شاری کرمانشای ناوناوە بەندەری کەلو پەلی ئینگلیزیو هیندی.[2]

دووەمیان: پەرەسەندنی شارە کوردەکانو بەهێز بوونی پەیوەندیی بازرگانییان لەگەڵ شارانیترو پێشکەوتنی پیشەسازیی خۆماڵییانە. لەم

رووانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر کـوردستان شـان بە شـانی مەلبـەندەکـانی تری رۆژهەلاتی نزیك و ناوەراست هەنگاوی بەرەو پێش چوونی دەنا. لە رێگەی ژمارەو بەراوردەوە دلنیا دەتوانین بلێین سەدەکانی ناوەند شارە کوردەکان لە گـەنێت رووەوە. وەك شارانی تری رۆژهەلات پەرەی سەندو قەوارەی خۆی وەرگرت. گەریدەی تورکی ناودار و سەرچاوەی رەسەن «ئۆلیا چەلەبی ۱٦۱۱ ـ ۱٦۷۹» کە ناوەندی سەدەی حەڤدە هاتۆتە کوردستان لە بەرگی چوارەمی «سیاحەتنـامە کەیدا»[٣] باسی گەورەیی ژمارەیەك شاری وەك «دیاربەکر» و «بدلیس» ی کردووە. ئەو بازار و قەیسەری‌یانەی «دیاربەکر» کە ئـەو باسیـان دەکا ئـەوسا لە زۆر ناوچەی رۆژهەلات کەم وێنە بوون. هەر بە پێی قسەی ئەو. «دیاربەکـر» ۱۲ گەرماو «حەمام» ی گشتی ی تێدا بووەو ۱٤۰ مالیش گەرماوی خۆیان هەبووە. «بدلیس» ٥ گەرماوی گشتی ی و ٦۰۰ ی تایبەتی ی تێدا بووە. ئەم ژمـاردەیەی دوایی یان بەلگەی پرمانای دەولەمەندی ی و رەفاهەتە.[٤]

دوای «ئۆلیا چەلەبی» بە دەورو بەری ۱٥۰ سالێـك نوێنـەری ناوداری ئینگلیز لە عیراق «کلۆدیۆس جێمس ریچ» باسی چەند شارێکی تری کوردستانی کردووە. قسەکانی ئەویش بەلگەی مێژوویین دەربارەی ئال و گۆر و بەرەو پێش چوونی شارە کوردەکان. «سنە» ی بە ٥ هەزار مال داناوە. کە هەر جۆر لێکی بدەیتەوە لە ۲۰ هەزار کەس تێدەپەری. مانای ژمارەیەکی وا زیاتر خۆ دەنوێنێ گەر بێت و بزانین ژمارەی دانیشتوانی شاری «قودس» سالی ۱۸۱٤ دەوروبەری ۱۲ هەزار و بەغدا سالی ۱۸۳۱ نزیکەی ۲۰ هەزار و «عەممان» ی پایتـەختی «ئوردن» یش سالی ۱۸۸۰ تەنها هەزار کەس بووە.[٥]

پەیوەندی بازرگانی ی نێوان شارەکانی کوردستان خۆی و ئەو مەلبەندو ناوچانەی لێوەی نزیك بوون بە پێودانی قۆناغی دەرەبەگی خراپ نەبوو. بە پێی سەرچاوە کۆنەکان تاوەکو سەدەی نۆزدەیش «ئەستـەموول» و «دیمـەشق» و «حەلەب» و «بێرووت» تارادەیەکی زۆر بە مەرو بزنی کوردستان بەرێوە دەچوون. تەنها شاری «ئەستەموول» هەر سالەی یەك ملێون و نیو سەر مەری لە وێوە بۆو دەهات. ئەو سوپا گەورەیەی بەسەرکردایەتی «ئیبراهیم کوری محەممەد عەلی گەورە»ی فەرمان رەوای میسر، سالی ۱۸۳۲ ـ ۱۸۳۳ و ۱۸۳۹ هێرشی بردە سەر «سوریا» بە مەرو مالاتی کوردەواری دەژیـا.[٦] بەر لەوەی سـەدەی رابوردوو کۆتایی بێ تەنها «ئەستەموول»و «حەلەب» و «بـەغدا» هـەرسالەی ۳ ملێـون مەری‌کوردستانیان بۆ دەهات. بەندەری «سامسۆن» یش بە تەنهـا ۲۰ ملێون

هێلکەی لەویوە دەهانی.(٧) دروستکردنی پردی «قلیاسان»یش لە لایەن دەوڵەمەندێکی «سلەیمانی»یەوە تەنها کاری خێر نەبوو، ئەگینا دەبوو بەر لە «قلیاسان» لە «تانجەرۆ» دروستی بکردایە، چونکە ئەمیان ئاوی زۆر ترو کاتی لافاو ترسدار ترە.

بە هەمان دەستوور پیشەسازی خۆماڵی کوردستان بەر لە تێکەڵ بوون بە بازاڕی سەرمایەداری جیهان هەنگاوی باشی بەرەو پێش ناو هیچی لە پیشە سازیی وولاتانی دەوروبەری کەمتر نەبوو . جلو بەرگی نەتەوەیی و ژمارەیەك نەریتی تایبەتی هەوێنی باشی ئەو بەرەوپێش چوونە بوون . دیسان لە بەرگی چوارەمی « سیاحەتنامە » کەی « ئۆلیا چەلەبی » دا گەلێك بەڵگەی پڕ بایەخ و مانا لەم بارەوە چنگ دەکەون . بە قسەی ئەو لە هەموو جیهان وێنەی زەرەنگەری « دیاربەکر » کەم بووە . وەك دەڵێ کاری « جۆلا » و « بەرگ دروو » و « دەباخانە » کانی « بدلیس » دەنگی دابووەوە ، بەڕادەیەك « چەرمی بە دیاری دەبرایە وولاتی فەرەنگ » .

دوای دەوروبەری دوو سەدە ، واتە ناوەندی سەدەی نۆزدە ، « تایلەر » ی گەڕیدەی ئەوروپایی لەو کتێبەیدا کە بەناوی « گەشتێك بە کوردستاندا » بلاوی کردووەتەوە ، باسی کوتالی ئاوریشمی « دیار بەکر » دەکاو بۆ چاکیی لەگەڵ ئاوریشمی بە ناوبانگی « حەڵەب » بەراوردی دەکاو دەڵێ ئەویان هەرزانتر دەفرۆشری بۆیەکا لە هەموو ئەو ناوچانەی کەوتوونە نێوان « دیار بەکر » و دەریای رەش بازاڕی گەرمە .(٨) ناونانی گەڕەکێکی شاری سلەیمانی بە « سابوونکەران » شتێکی مانادارە بۆ ئەم مەبەستەی ئێمە باسی لێوە دەکەین . بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان بە ماوەیەك دەیان خێزانی ئەم گەڕەکە بە دروستکردنی سابوونەوە خەریك بوون(٩) و ساڵی بەلای کەمەوە ٥٠٠ تەنیان ئەناردە بازاڕەکانی شارو دەورو بەریو چەند مەڵبەندێکی ترو تەنانەت لێشی دەگەیشتە شاری وەك « بەغدا » و « تەورێز ».(١٠)

لە کوردستانیش بە چەشنی ناوچەکانی تری رۆژهەلاتی نزیك و ناوەڕاست تێکەڵ بوونی خێرا لە نیوەی دووەمی سەدەی رابوردووەوە بە بازاڕی سەرمایە داریی جیهان کاری کوشندەی کردە سەر پیشەسازیی خۆماڵی کە تاك تاکە خەریك بوو هەنگاو بەرەو قۆناغی مانیفاکتۆرە(١١) بنێ . کاری بنەماڵەی موتابچی کە لە سلەیمانی جەواڵیان دروست دەکرد نیمچە مانیفاکتۆرەیەك بوو بۆ خۆی . کرێکاری کرێ گرتە کاری تێدا دەکرد ، ئەمرازی تاڕادەیەك پێشکەتوویان بەکار دەهێنا ، دابەش کردنی کار « تقسیم العمل »(١٢) تێیدا سیمای روونی خۆی وەرگرتبوو(١٣) جۆری دروستکردنی تۆپەکانی وەستا « رەجەب » یش لە

رەواندوز نموونەیەکی تری ئەم راستییە یە. شۆرەتیٔ تۆپەکانی کە بۆ میری رەواندوزی دروست دەکردن دنگی داپووەوە[١٤] زۆری ئەو ٨٠ تۆپەیش کە والی «مووسڵ» هەیبوو لە دەستکردی کرێکارانی رەواندوز بوون. شایانی باسە ئەوو مەعدەنەی بۆ دروستکردنی تۆپەکان بەکار دەهێنران لە دەورووپشتی رەواندوز بە کاری کرێگرتە دەردەهێنران. لە مەیدانی دروستکردنی بەڕەو جاجمو چۆخیشدا خەریك بوو، ووردە ئاڵو گۆڕ دەست پیٔ بکا.

بەلام تەنانەت ئەم جورە پیشەسازییانەیش نەیانتوانی خۆیان لەبەر لێشاوی کەلوپەلی هەرزانو چاکتری کارگەکانی ئەورووپادا رابگرن ، بۆیەکا یەك لە دوای یەك دامو دەزگایان پێچایەوە . « کارتسوٚف » ساڵی ١٨٩٦ نووسیویەتی دەڵێ : « .. جاران چۆخی کورد بە ناوبانگ بوو ، بەلام ئیستا کوتاڵی ئینگلیز تەنگی پیٔ هەڵچینوە »[١٥-١]

ئەو یەك دوو دوکانی فیشەك پڕکردنەوەیەی دوای شەڕی یەکەمی جیهان خاوەنەکانیان لە سلەیمانی بە کولەمەرگی دەژیان ، پاشماوەی ١٥٠ دوکانی لە خۆیان گەورەتر بوون کە بەر لەشەڕ « مارك سایکس » لەویٔ دیبوونی[١٦] .

هەرچۆن بیٔ لەو جۆرە شوێنانەی بە کاری پیشەسازی خۆماڵییەوە خەریك بوونو هەنگاوی باشیان بەرەو پێش نابوو ، یەکەم توێکڵی تەنکی چینی کرێکاری کورد بەدی دەکریٔ . لە لایەکی ترەوە قەزای ئەو پیشەسازییە لە چینی داهاتووی کرێکاری کورد کەوت ، چونکە بەشی زۆری کارگەرانی چوونە ناو ریزەکانی ئەو. چەوساندنەوەی دەرەبەگیش لەلای خۆیەوە بە هەزاران جووتیاری رووتو قووتو برسی ناردە بازاڕی کار لە شارەکانو ئەوانیش تایبەت لەبەر هەرزانییان ، بوونە سەرچاوەی هەرە گرنگی دروست بوونی چینی نوێی کۆمەڵ . ژمارەی ئەم جۆرە کەسانە کە لە هەندێك ناوچە هەژاریان پیٔ دەگوتن ، جاری وا هەبوو پتر لە نیوەی دانیشتووانی مەڵبەندێکیان پێك دەهێنا . بە پێی هەندێك سەرچاوە ئەوانە لە ناوچەیەکی وەك « شنۆ » ی نزیك « مەهاباد » ٨٠٪ ی هێزی کاریان دروست دەکرد (١٠ هەزار لە ١٢ هەزار کەس »[١٧] لە وێنەی ئەمە تەنها مەگەر لە ئینگلتەرەی کۆتایی سەدەکانی ناوەند هەبوو بیٔ ؛ کاتێك بە هۆی قازانجی زۆری خورییەوە ، دەوڵەمەندو دەسەلاتدارانی ئەو وولاتە زەوییەکانیان دەکردە لەوەڕگەو بەو جۆرە بە دەیان هەزار جووتیار بیٔ داڵدەو پەناگە دەمانەوەو ئاوارەی دارستانو دەشتو دەرو شاران دەبوونو بە گژو گیاو پاشماوەی خەڵکی دەژیانو ئەمەیش هەستی « تۆماس مۆر »[١٨] ی بەناوبانگی وا بزواند « یۆتۆپیا » بنووسێتو قسە بەناوبانگەکەی بکا « خەریکە مەڕ پیاو بخوا ». لێرەدا سەیر ئەوەیە کە دەردو ئازاری هەژارانی کوردیش هەستی

شاعیری جوولاندووەو باسی ئەوەی کردووە چۆن « برسێتی لە کوردستان زۆری بۆ هەمووان هێناوەو بە ڕەوە بەرەو فابریقە کانیان[19] دەنێری[20] .

ژمارەی هەژاری شارو تایبەت لادێی کوردستان هێند زۆر بوو ، لەوانە نەبوو بازاڕی کەم دەرامەتی ناو وولات دادی بەشێکی زۆر کەمیشی بدا . لە قوڕکاری‌و حەماڵی‌ی بەولاوەکارێکی تری ئەوتۆ دەست نەدەکەوت . لەبەر ئەوە بە هەزاران هەژاری کورد ڕوویان دەکردە شاری گەورەی وەك « ئەستەمووڵ » وبە هەموو کارو نرخێك قایل دەبوون . « بەر لەشەڕی یەکەمی جیهان ژمارەیەکی بێ شومار لە حەماڵی ڕەش‌و ڕووتی کورد بازاڕی ئەستەمووڵ‌و بەغداو شاری تریان تەنی بوو ». هی وایان هەبوو لە تاو نەبوونی‌ی دەچوونە شاری بچووکی وەك « حەلەب » ی « شام » و « بیـرووت » ی « لوبنان » و « ئەدەنە » ی « تورکیا » ، یا ناوچەی وەك « ئاق چەم » و « قەرەباغ » ی « ئازەربایجان » . بەلام توانای بازاڕی کاری ئەو جۆرە ناوچەو شارانەیش ئەوەندە نەبوو دادی ئەو خەڵکە زۆرە بدا کە دەبوونە سەربـاری بێ کارەی خۆیان .

بۆیەکا هەر زوو ژمارەیەکیان ناچار چاویان بڕییە وولاتانی دەرەوەو خۆیان دایە دەست قەدەرو گەلێکیان دەریای ئەتڵەسی‌یان بڕی‌و گەیشتنە خاکی ئەمریکا . زۆربەی ئەمانە خەڵکی دەرسیم بوون[21]

بوونی کانە مەعدەن لە ناوچە کوردەواری‌یەکان‌و دەورو بەری هۆیەکی یاریدەدەری پەیدابوونی کاری کرێ گرتە بوو لەوێ بەر لەشەڕی یەکەمی جیهان . ئەوسا بەشی زۆری کرێکارانی کانە خەڵووزەکانی زەنگولدات کورد بوون . کوردی « جولەمێرك » یش ئاسن‌و مس‌و زەرنیخیان دەردەهێناو لەوێوە ناوی یەکێك لە ناوچەکانی بۆتە « زەرنیخ مەیدان » . بەشێك لەو زەرنیخەی لێرە دەردەهێنرا دەنێررایە بازاڕی دەرەوە . بە پێی ژمارەیەك سەرچاوە ساڵی ٣٠ هەزار قەنتاری لێ دەنێررایە ئەستەمووڵ‌و بەغداو هیندوستان[22] هەر ئەو سەردەمە ژمارەیەك کورد بوو بوونە کرێکاری کانە خەڵووزەکانی نزیك « کفری » کە بەرهەمی ساڵانەی کاریان بەر لەشەری یەکەم وکاتی ئەو شەڕە هەزار تەن دەبوو[23] .

ڕووداوەکانی شەڕی یەکەمی جیهان بوونە هۆی پەرەسەندنی ژمارەی کرێکاری کورد بە جۆرێکی هەست پێکراو . کوردستان بۆ خۆی بووە یەکێك لە شەرگە دیارەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست‌و سوپای چوار وولاتی تێ رژا . ئاگری شەڕ زۆربەی ئەو ناوچانەشی گرتەوە کە لێوەی نزیك بوون . وەك ئاشکراشە تەکنیك‌و خێرایی دەوری گەورەیان لەو شەڕەدا بینی ، بۆیەکا لە هەر چوارلاوە

دەست کرا بە کردنەوەی ڕێگاو بان و دامەزراندنی بنکەی سەربازی . بە هەزاران هەژاری کورد لەو شوێنانە بوونە کرێکار . ئەم دیاردە نوێیە بە تەواو بوونی شەڕ کۆتایی نەهات . هەر بۆ نموونە ساڵی ١٩٢٥ پتر لە ٢٢٥٠ کورد کرێکاری شەمەنەفەر بوون لە عیراق[٢٤] بە پێی هەندێك سەرچاوەی باوەڕ پێکراو ناوەندی بیستەکان ئەو کرێکانە ٢٣٪ ی هەموو کرێکارانی شەمەنەفەری عیراق بوون[٢٥] زۆریی ئەم ژمارەیە زیاتر لەوەدا خۆ دەنوێنێ گەر بێتو بزانین زۆربەی هەرەزۆری خەتی شەمەنەفەری ئەوسای عیراق لە باشورو ناوەندی وڵاتدا بوون ، وجگە لە « عەرەب »و[٢٦] « کورد » ژمارەیەکی زۆر هیندی ١١٢٤ و ئێرانیی و ئەرمەن و ئاسوری و تورك و هی‌تر کرێکاری ئەم دەزگایە بوون .

دیسان دوای شەڕی یەکەمی جیهان ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هەژاری کورد بوونە کرێکاری نەوت و دامەزراندنی لولەکانی و دروست کردنی ڕێگەو بان و خانووبەرەو شتی تر . کۆتایی بیستەکان لە هەموو عیراق ٢٥٠ر٤ کەس بە دروست کردنی ڕێگەوبانەوە خەریك بوون[٢٧] کە ژمارەیەکی زۆریان کرێکاری ڕێگەی نێوان « کەرکوك » و « سلەیمانی » و « کەرکووك » و « هەولێر » و « مووسل » و « هەولێر » « ڕەواندزو ڕایات » بوون . ئینگلیز بایەخێکی زۆریان دابوو بە ڕێگەی دواییان واتە « هەولێر ـ ڕەواندوز ـ ڕایات » چونکە ، جگە لە بایەخی ستراتیژی دەیانویست بیکەنە یەکێك لە هۆکانی زیاتر بەستنەوەی بازاڕەکانی ڕۆژئاوای ئێران بە جیهانی سەرمایەداری‌یەوە ، تا چەند بتوانن ئەوەندە پەیوەندی ئابوری ئەو وڵاتە لەگەڵ شوورەوی کز بکەن[٢٨]

کرێکاری کورد یەکسەر دڵسۆزیی و پەرۆشی لە کارداو توانای فێربوونی خێرای نیشاندا . گەلێك بەڵگەی سەیر بۆ ئەم ڕاستی‌یە بە دەستەوەیە . وا بزانم لە هەموویان گرنگتر لەم لایەنەوە یەککرتنەوەی نرخاندنی کاربەدەستانی ئینگلیزو ئەڵمانە لە کاتێکدا کە لە دوو خەندەقی جیاوازدا بەرامبەر بەیەك وەستابوون . ئەڵمانەکان سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهان دەستو برد کەوتنە دروست کردنی ئەو بەشانەی پرۆژەی ناوداری خەتی شەمەنەفەری بەغدا کە هێشتا تەواو نەبوو بوون .

بەو جۆرە خەتێکیان لە نێوان « بەغدا » و « سامەڕا » دا ڕاکێشا کە کرێکاری کوردیش لە دروستکردنی‌دا بەشدار بوون . نووسەری ئەڵمانی « داکۆ بێرت » لەم بارەیەوە نووسیوەیەو دەڵێ :

« ئەندازیارە ئەڵمانەکان لە کوردا باشترین و دڵسۆزترین کرێکاریان دیەوە »[٢٩]

جەنەراڵ هاڵدێنی ـ فەرماندەی هێزەکانی ئینگلیز لە عیراق دەورو بەری هەمان کات بێ ئەوەی بزانێ « داگۆ بێرت » کێیە ، یان رای ئەڵمان چی‌یە بە هەمان دەستوور باسی کرێکاری کوردی کردووەو رەزامەندی زۆری بەرامبەریان نیشان داوە[٣٠] هەر لەبەر ئەوەیش هیچ سەیر نی‌یە رۆژانەی کرێکاری کورد لە هی‌تر زیاتر بوو . ئەوسا هەندێك دەزگا رۆژی نزیکەی ٢١ عـانەی دەدا بـەو بەرامبەر بە ١٤ عانە کە هی وەك ئەو وەری دەگرت[٣١] لەوەیش مانادار تر ئەم نموونەیەی ترە : دەزگای شەمەنەفەری ئینگلیز ترە : دەزگای شەمەنـەفەری ئینگلیز لە عیراق لە بیستەکاندا دوو جۆر کـرێکاری هـەبوو ، یـەکەمیـان ئەو کرێکارانـە بوون کـە بەکـاری ئەسـاسی‌یەوە Capital Works خـەریك دەبـوون ، دووەمیشیان ئەوانە بوون کە کاریان لەدروست کردنی خەتی تازەدا دەکـرد . ساڵی ١٩٢٤ ـ ١٩٢٥ لە ٢,٢٧٤کرێکاری شەمەنەفەری کورد تەنها ٧٢٩ یان لە جۆری دووەم بوون‌و ئـەو باقی‌یـەکەیـان ١٥٤٥ کرێکـار لە جۆری یـەکەم بوون[٣٢] .

دیارە ئەم راستی‌یە نەبووە هۆی ئەوەی تاڵاوی چەوساندنەوەی کرێکاری کورد لە هی هاوەڵەکانی کەمتر بێ . بەڵکو بە پێچەوانەوە ژمارەیەك نموونەی هەر ئەو سەردەمە وای نیشان دەدەن کە هەندێك جارو لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی ئەو چەوساندنەوەیە توندتر بووە . لەگشت ناوچەکانی باکوری عیراق رۆژانەی کرێکار لە ناوچەکانی‌تر کەمتر بوو . بە وێنە کرێکارانی کۆمپانیاکانی نەوت دەبوو حەفتەی ٥٤ سەعات کار بکەن‌و بەرامبەر بەوە ٧ تا ١٠ روپیەیان وەردەگرت ، کەچی کرێکاری چنین لە بەغداو کرێکاری بەندەری « بەسرە » حـەفتەی ٤٨ سەعات کاریان دەکردو بەرامبەر بەوە هەریەکەیان ٣ تا ٦ روپیە زیاتریان لەوان وەردەگرت[٣٣] باری کارو رۆژانەی ئەو کرێکارە کوردانـەی بە دروست کـردنی خانووبەرەو رێگەو بانەوە خەریك بوون گەلێك لەوەیش خراپتر بوو . ئەوانە زۆر جار مەلابانگان دەچوونە سەر کارو لەگەڵ بانگی شێواندا .

دەستیان لێ هەڵدەگرت کە وەك ئینگلیزەکان خۆیان دانی پێدا دەنێن ئەو پارەیە تەنانەت « بەشی نان‌و جگەرەی نەدەکردن »[٣٤] وێرای ئەوە کرێکاری کورد، وەك کرێکاری ناوچەکانی تر، ماوەیەکی دوورو دێژ نەیتوانی خۆی لە پـەیوەنـدی‌و نەریتی دەرەبەگی قوتار بکا. زۆر جار ئەو کرێکارانە دەگەڕانەوە گوندەکانیان بۆ کاری کشتوکاڵ‌و یاریدەی کەس‌و کاریان. زۆر بەیان بەشێکی داهاتی کرێکاری‌ی خۆیان هەروەك جاری جاران دەدا بە ئاغاو سەرەك هۆزەکانیان.

بەر لە کۆتایی با ئەوەش بڵێین کە کرێکاری کورد لە سەرەتای سەرەتاوە بەگیانی برایەتی گۆش بووە، چونکە هەمیشە چ لە خاکی خۆی‌و چ دوور لێی شان بەشانی کـرێکاری تـر کاری کـردووەو ئازاری چـەوسانـدنەوەی چێشتـووە.

جوانترین بەڵگەی ئەم راستی‌یە رەنگبێ ئەو قسانە بن کە لە گەڵ تەواو بوونی رێگەکەی « هەولێر - رەواندوز - رایات » لەسەر تاشە بەردێك نووسیبوویان: «ئێمە کە هەزاران کەسین‌و بە عەرەبی‌و ئەرمەنی‌و ئینگلیزی وهیندی‌و کوردی‌و رووسی‌و تورکی قسە دەکەین ئەم رێگەیەمان بۆ خزمەتی هەموو گەڕیدەیەکی بی‌وەی دروست کرد.»[٣٥]

لیستەی ناوی ئەم زمانانە لە دەزگای شەمەنەفەری عیراق دەگاتە ١٦ ناو. جگە لەوانەی سەرەوە ئەم ناوانەشی دەچنە سەر: سریانی‌و میسری‌و فارسی‌و تونسی‌و[٣٦] ئیتالی‌و یونانی‌و هەنگاری[٣٧]. لە گاوربارغیش هاوینی ساڵی ١٩٤٦ دەنگی زوڵاڵ‌و خوێنی گەشی کرێکاری کورد تێکەڵ لەگەڵ دەنگ‌و خوێنی پیرۆزی براکانی ئاوازێکی بەجۆش‌و لاپەڕەیەکی پڕ شانازی‌ی دروست کرد. !

١ - بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئادەمیزادا پەیوەندی سەرمایەداری لە فلۆرەنسای ئیتالیا دروست بوو، بۆیەکا لەوێش یەکەم چەکەرەی هەردوو چینی نوێی کۆمەڵ - پرولیتاریاو بۆرژوا سەری هەڵ دا.

٢ - G. Napier, The road from Baghdad to Baku, — (The Geo graphical Journal) Landon, Vol. L11, No 1, January 1919 P. 18.

٣ - ١٠ بەرگەو سەرچاوەیەکی گرنگەو رەسەنە بۆ باسی وولاتانی رۆژهەڵاتی نزیك‌و ناوەڕاست لە دەوروبەری کۆتایی سەدەکانی ناوەندا. «ئۆلیا چەلەبی، بەشی زۆری تەمەنی بە ناوچەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی‌و چەند وولاتێکی ئەوروپاییدا گەڕاوە.

٤ - بە پێی قسەی «شەمسەدین سامی، ژمارەی دانیشتوانی میرنشینی بدلیس ٣٠ هەزار کەس بوو. سەرچاوەی‌تر بە ٥٠ هەزاری لە قەڵەم دەدەن. «بڕوانە: شمس الدین سامی. قاموس الاعلام، بەرگی‌دووەم ل ١٣٢٩، م. ی. شەمسی. شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی وەك سەرچاوەی گەلی کورد، باکۆ. ١٩٦٧. ل ١٦».

٦ - بۆ ئەو ژمارانە، بڕوانە «پیوتەر لیرخ، لێکۆڵینەوە دەربارەی کوردی ئێران‌و کلدانی‌یەکانی باکوری باوو باپیریان. بە زمانی‌رووسی. کتێبی یەکەم. پەترۆسبورگ ١٨٥٦ ل. (٢٤).

٧ ـ بڕوانه: B. Nikitine, Les Kurdes, Paris, 1956. P. 185. A. R. Ghassemlou, Kurds and The Kurdistan, Prague 1965. P. 104.

٨ ـ بڕوانه: «و. ل. فلچێفسکی. ژیانی ئابوری کورده کۆچەرەکانی پشت قەفقاس و ناوچەکانی نزیکی، نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە. بەزمانی ڕووسی، گۆڤاری «ئەتنۆگرافیای سۆڤیەتی، ژمارە ٥ ـ ٦»، ١٩٣٦ ل ١٥٠.

٩ ـ بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ لە سلەیمانی تەنها پێنج شەش کەس بە دروست کردنی سابوونەوە خەریك بوون «بڕوانە: إحصاء السكان لسنة ١٩٤٧. الجزء الثاني. بغداد ١٩٥٤ ص ١٦٣».

١٠ ـ جگە لە سابوون بەرهەمی تری پیشەسازیی خۆماڵی کوردەواری دەگەیشتە شارو وڵاتی تر. بڕوانە: R. Berliner and P. Borchardt, Silberchmidearbe iten ans Kurdistan, Berlin, 1922. P. 8.

١١ ـ مانیفاکتۆرە زاراویەکە لە دوو وشەی لاتینی پێك هاتووە: Manuse واتە دەست و Factura واتە دروست کراو. گەیشتنی پیشەسازیی خۆماڵی بە قۆناغی مانیفاکتۆرە یەکەم هەنگاوی گرنگە بەرەو پەیوەندی سەرمایەداریی. مانیفاکتۆرە بە عەرەبی «ورشة»یە.

١٢ ـ لەگەڵ پەیدا بوونی پەیوەندی سەرمایەداریی، دابەش کردنی کار زیاتر چەسپ دەبێ. بەر لەو قۆناغە یەك کەس یا ئەندامانی یەك خێزان هەموویان زۆربەی کاری دروست کردنی بەرهەمێکیان دەگرتە ئەستۆ. دابەش کردنی کار دەبێتە هۆی زۆرو چاك بوونی بەرهەم.

١٤ ـ تۆپی وایان تێدا بوو درێژییەکەی لە ٣ مەترو لوولەکەی لە ٤٥ سم کەمتر نەبوو.

١٥ ـ بڕوانە: انور المائي، الاكراد في بهدينان. موصل ١٩٦٠. ص ٣.

١٥آ ـ ا. کارتسۆف تێبینی دەربارەی کورد، بە زمانی ڕووسی، تفلیس ١٨٩٦ ل ٢٤.

١٥ ـ بڕوانە: «ل. ن. کاتلۆف. پەیدا بوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخواز لە ڕۆژهەڵاتی عەرەب، بەزمانی ڕووسی. مۆسکو ١٩٧٥. ل ٩٠ ـ ٩١. ژمارەی دانیشتووانی «عەممان»ی پایتەختی ئوردن ئیمڕۆ لە ملیۆن تێ دەپەڕێ.

١٦ ـ بڕوانە: C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, London, 1957. P. 80.

١٧ ـ بڕوانە: «گ. ب. ئاکۆپۆف. دەربارەی سروشتی زەویداریی تایبەتی کوردستانی ئەمڕۆ». گۆڤاری «هەواڵەکانی کۆڕی زانیاری ئەرمینیای سۆڤیەت»، بە زمانی ڕووسی. یەریڤان. ژمارە ـ ٥ ـ ١٩٦٤، ل ٦٧.

١٨ ـ سیاسەتمەدارو نووسەرێ بە ناوبانگی ئینگلیز «تۆماس مۆر» ١٤٧٨ ـ ١٥٣٥ بە دامەزرێنەری بیری سۆشیالیزمی یۆتۆپی دادەنرێ.

١٩ ـ دیارە مەبەستی فابریقەکانی دەرەوەی کوردستانە.

٢٠ ـ بڕوانە: «گ. ب. ئاکۆپۆف، سەرچاوەی ناو براو. ل ٦٧.

٢١ ـ بڕووانە «و. فلچێفسکی، دەربارەی پەیوەندی کشتوکاڵ لە کووردستان. گۆڤاری ـ کێشەکانی کشوکاڵ ـ بە زمانی ڕووسی. مۆسکۆ. بەرگی ١ ـ ٢، ١٩٣٢، ل ١٣٠. موسی کاظم پاشوزادە، الحان،

عادات اكراد، استانبول ١٩٢١. دكتۆر تاجی عەبباس بۆی گێڕامەوە كە كاتی خۆی لە شاری - دیترویت - تووشی ژمارەیەك لەو كرێكارە كوردانە هاتووە.

٢٢ - بڕوانە: «و. ل فلچێفسكی» ژیانی ئابووری كوردە كۆچەرەكانی پشت قەفقاس، ل ١٥١، و. ل. فلچێفسكی. دەربارەی پەیوەندی كشتوكاڵ لە كوردستان. ل ١٣٠.

٢٣ - عبدالرزاق الحسني، العراق قديماً وحديثاً. الجزء الثاني. صيدا ١٩٥٨ ص ٦١.

٢٤ - بڕوانە: Iraq Railways. Administration Report For the year 1924 — 1925. Baghdad. 1925, P. 16.

٢٥ - بڕوانە: Report by Britannic Majesty's Goverment to The Council of The League of Nations on The administration of Iraq for The year 1926. London, 1927. P. 29.

٢٦ - ژمارەیان ٥٩٠٤ كەس بوو، واتەدوو ئەوەندەی كورد كەمتر.

بڕوانە: Report by His Majesty's Goverment in the United King dom of Great Britain and Nor Thern Ireland to The Council of The League of Nations on The administration of Iraq for The year 1931. London, 1932.

٢٨ - بە هۆی نزیكیەوە بازرگانیی نێوان رووسیاو ناوچەكانی قەفقاس هەر لە زووەوە، زۆر گەرم بوو.

٢٩ - Dagobert Von Mikusch, Mustafa Kemal between Europe and Asia, trans by J. Linton, London 1931 P. 360.

٣٠ - بڕوانە: A. L. Haldane, The Insurection Mesoptammia 1920 London, 1922, P. 108

٣١ - بڕوانە: المركز الوطني للوثائق. بغداد. رقم الملف: 80/19 Establishment General

٣٢ - Iraq Railways. Administration, Report for The year 1924 — 1925. P. 16.

٣٣ - بڕوانە: Report for The year 1926. P. 29.

٣٤ - A. M. Hamilton, Road Through Kurdistan. The Narrative of on Engineer in Iraq, London, 1937, P. 61.


٣٥ - بڕوانە: J. Morris, The Hashemite Kings, London, 1959, P. 97.

٣٦ - دیارە لێرەدا مەبەست لە میسری و تونسی، وولاتە نەك زمان.

٣٧ - Iraq Railways, Administration Report for The Year 1924 — 1925, P. 16.

---

* مافی مەدەنیی، هەموو ئەو مافانەیە كە دەستووری وولات بە هاووڵاتیانی دەبەخشێ، وەك سەربەستی بیروڕا دەربڕین و خۆ پاڵاوتن و خەڵك هەڵبژاردن و پارێزگاری كردنی ژیان.. تا.. هەندێ جار لە ئەنجامی هەڵوێستێكی دیاری كراودا كەسێك یان چەند كە سێك ئەو مافانەیان لێ وەردەگیرێتەوە. - وەرگێر -



پەیڕەوی ناوخۆی
کۆمەڵەی سنعاتکاران

بەشی یەکەم

ئامانجەکانی کۆمەڵەی سنعاتکاران

ماددەی یەکەم: کۆمەڵەی سنعاتکاران توخنی سیاسەتو ئایین ناکەویو تاقە مەبەستی ئەوەیە، خاوەن پیشەسازییەکان لە ڕووی ڕەوشتو پیشەو زانیارییو کۆمەڵایەتییەوە پەروەردە بکاو بیرو باوەڕی باشو سوود بەخش لەناو ئەندامانیدا بڵاو بکاتەوە.

ماددەی دووەم: کۆمەڵە هەوڵ دەدا پیشەسازی لە عیراقدا پێش بخاو ئەوانەیش کە لێهاتوون لەسەر ئەرکی خۆیان بیان نێرێتە دەرەوەی وڵات تاوەکو لە بواری پیشەسازییەکدا ببێتە پسپۆر.

ماددەی سێیەم: کۆمەڵە هەوڵ دەدا پزیشکێك یاخود چەند پزیشکێك تەرخان بکا بۆ چارەسەر کردنی ئەندامانی کۆمەڵوماڵو منداڵیان بە کرێیەکی کەم، یان بە مانگانە بە مەرجێك کۆمەڵە لە بودجەی خۆی بیدا.

ماددەی چوارەم: کۆمەڵە داوا لە هەندێ پزیشكو پسپۆری پیشەسازی دەکا، ووتاری گشتیی بنووسنو لە کۆڕی تایبەتیدا بۆ ئەندامانی کۆمەڵەی بخوێننەوە، تاوەکو سوودیان لێوەر بگیرێ.

ماددەی پێنجەم: کۆمەڵە هەموو ساڵێك لە ڕۆژی ١ ی تەممووزدا کە ڕۆژی دامەزراندێتی ئاهەنگ دەگێڕێ.

ماددەی شەشەم: کۆمەڵە لە هەموو بۆنەیەکدا، هەستی خۆی بەرامبە ربە کۆمەڵە ناسیاسییەکان دەردەبڕێو پشتگیریی پەیوەندیو دۆستایەتییان دەکا.

بەشی دووەم

مەرجەکانی بە ئەندام بوون

ماددەی حەوتەم: هەر عیراقی‌یەك ئەم مەرجانەی خـوارەوەی تێدا بێ، دەشێ ببێتە ئەندامی کۆمەڵە:

ئا ـ دەبێ تەمەنی لە بیست ساڵ کەمتر نەبێ.

ب ـ دەبێ رەوشتی باش و پەسەندکراو بێ.

ج ـ دەبێ لە ماق مەدەنی‌ی بێ بەش نەکرابێ.*

ء ـ دەبێ بەلای کەمەوە دوو ئەندامی بیناسن و پەسەندی بکەن.

ماددەی هەشتەم: ئەو کەسەی داوای بوون بە ئەندامی دەکا، دەبێ نووسراوێك پێشکەش دەستەی بەڕێوەبەر بکا و دەستەی ناوبراویش بە پێ‌ی ماددەی حەوتەمی ئەم پەیڕەوە لە داواکەی دەکۆڵێتەوە.

ئا ـ ئەو کەسەی داوا پێشکەش دەکا، دەبێ روپیەیەك یان دوو روپیە رەسمی بوون بە ئەندامێتی بدا.

ب ـ ئەو کەسەی داوای بە ئەندام بوون دەکا دەبێ بە پێ‌ی توانا ئابـوونەی مانگانە بە کۆمەڵە بدا.

ج ـ ئەو کەسانەی دەست کورت و نەداران، ئابوونەیان لێ وەرناگیرێ.

ماددەی نۆیەم: هەر ئەندامێك یەکێك لەم شتانەی خوارەوەی لێ روودا، لە کۆمەڵە بەردەکرێ.

ئا ـ ئەگەر یەکێك لەو مەرجانەی تێدا نەما کە لە ماددەی حەوتەمی ئەم پەیڕەوەدا نووسراوان.

ب ـ ئەگەر سێ مانگ لەسەر یەك ئابوونەی مانگانەی نەدا.

ج ـ ئەگەر داوای واز هێنانی کردو دەستەی بەڕێوەبەر بە داواکەی قایل بوو.

ء ـ ئەگەر کارێکی کرد کۆمەڵە تووشی لێپرسینەوە ببێ.

بەشی سێیەم

دەستەی گشتی

ماددەی دەیەم: دەستەی گشتی بریتی‌یە لە هەموو ئەندامانی کۆمەڵە کە ماددەی حەوتەمی ئەم پەیڕەوە دەیانگرێتەوە: بەڵام نابێ ئەو ئەندامەی کە ئابوونەی نەداوەو چوار مانگ بەسەر بوون بە ئەندامێتی‌دا تێ نەپەڕیوە، بۆ دەستەی بەڕێوەبەر هەڵببژێردرێ.

ماددەی یازدەیەم: دەستەی گشتی لە یەکەم کۆبوونەوەی‌دا، دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە هەڵدەبژێرێ کە بریتی‌یە لە حەوت ئەندامو ماوەی ساڵێکی تەواو ئیش‌و کاری کۆمەڵە بەڕێوە دەبا.

ماددەی دوازدەیەم: دەستەی بەڕێوەبەر کات‌و شوێنی هەڵبژاردن دیاری دەکا. لە کاتی دیاری کراودا سەرژمێری ئامادەبوان دەکرێ‌و گەر یەك کەسی لە نیوەی هەموو ئەندامان زیاتر بوو، بە تەمەن‌ترین ئەندام سەرۆکایەتی هەڵبژاردنەکە دەکاو یەکێکیش ئەرکی نووسینەوەی پێ دەسپێردرێ وپاشان دەست بە هەڵبژاردن دەکرێ. جا ئەگەر ژمارەی ئامادەبوان لەوە کەمتر بوو، ئەوا هەڵبژاردن بۆ ماوەی دوو هەفتە دوا دەخرێ‌و بەلای کەمەوە بەر لە هەفتەیەك لە رۆژنامە ناوخۆیی‌یەکان‌دا ئاگاداری ئەندامان دەکرێ. ئەمجارەیان ژمارەی ئامادەبوان هەرچەندێك بێ، دەست بە هەڵبژاردن دەکرێ‌و دەشێ هەموو ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری پێشوو، یان هەندێکیان جارێکی تریش خۆیان هەڵبژێرنەوە.

بەشی چوارەم

ئەرکەکانی دەستەی بەڕێوەبەر

ماددەی سیازدەیەم: دەستەی بەڕێوەبەر لە یەکەم کۆبوونەوەیدا، سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێرو ئەمینداری سندووق و چاودێریکەری گشتی ی هەڵدەبژرێرێ.

ماددەی چواردەیەم: سەرۆك، سەرۆکایەتی ئەو کۆبوونەوانە دەکا کە دەستەی بەڕێوەبەر لە رۆژانی دیاری کراودا سازیان دەکاو لەسەریەتی چی بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەر هەیە جێ بەجێیان بکاو هەر ئەویش لەبەردەم میریو لە ئاهەنگە رەسمی یەکاندا نوێنەری کۆمەڵەیە.

ماددەی پازدەیەم: جێگری سەرۆك ـ ئەو کاتانەی سەرۆك ئامادە نی یە ـ سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی دەستەی بەڕێوەبەر دەکاو لەو حاڵەدا هەموو ئەو دەسەلاتانەی هەیە کە بە سەرۆك دراوە.

ماددەی شازدەیەم: سکرتێر؛ کاروباری نووسینەوەی لە ئەستۆیەو دەبێ سجلی تایبەتی بۆ هەموو ئەو بابەتانە تەرخان بکا کە پێویستیان بە تۆمار کردن هەیە. هەروەها دەبێ سجلێکیش بۆ بڕیارە کانی دەستەی بەڕێوەبەر ئامادە بکاو سەرپەرشتی کاروباری ئەندامەکانیشی بکا.
ماددەی حەقدەیەم: ئەمینداری سندووق؛ راستەوخۆ لە دارایی کۆمەڵە بەرپرسیارەو دەبێ سەرپاکی ئەو سجلو نامانەی پەیوەندی‌یان بە کاروباری دارایی یەوە هەیە بیانپارێزێو حسابی مانگانەی کۆمەڵە رێك بخاو پێشکەش بە سەرۆکی بکا. نابێ لە مانگێکدا بۆکاروباری زۆر پێویستو ناچاری نەبێ لە دە روپیە زیاتر خەرج بکاو دەبێ لە بری هەر چەردە پارەیەك کە سەرفی دەکا وەسلی تایبەتی بخاتە روو.
ماددەی هەژدەیەم: پێویستە هەموو سەری مانگێك لیستەیەك پێشکەش دەستەی بەڕێوەبەر بکا تێیدا ناوی ئەو ئەندامانە بنووسێ کە ئابوونەیان داوەو نەداوە.
ماددەی نۆزدەیەم: دەبێ کەفالەتێکی دارایی بەو نرخەی دەستەی بەڕێوەبەر دەست نیشانی دەکا بداتە کۆمەڵەو نابێ لە ٢٠٠ روپیە زیاتریش لە سندووقی کۆمەڵەدا بێ.
ماددەی بیستەم: چاودێریکەری گشتی‌ی؛ ئەو کەسەیە چاو دێری حساباتی گشتی‌ی‌و داهاتو خەرجی کۆمەڵ دەکاو نابێ بەبێ ئاگاداری ئەو درهەمێك خەرج بکرێ. دەبێ هەموو سەری مانگێك بە هاوکاری ئەمینداری سندووق راپۆرتێك پێشکەش بکاو تێیدا داهاتو خەرجی کۆمەڵە بنووسێ وبیداتە دەستەی بەڕێوەبەر. هەر پازدەرۆژ جارێکیش راپۆرتێك بداتە سەرۆك‌و چی تێ‌بینی هەیە لەسەر کۆمەڵە تۆماری بکا.

بەشی پێنجەم
کۆبوونەوە

ماددەی بیست و یەك: هەموو هەفتەیەك دەستەی بەڕێوەبەر بە لای کەمەوە دوو جار کۆدەبێتەوە، یاخود لەسەر داوای سەرۆك لە کاتی پێویستیدا.

ماددەی بیست و دوو: هەر ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبەر سێ کۆبوونەوەی لەسەر یەك بەبێ ئەوەی هۆیەکی بەجێی هەبێ؛ یان لە ماوەی مانگێکداو لە پێنج کۆبوونەوەی ناوبەناودا، ئامادە نەبوو بە وازهێنەر دادەنرێ و ئەو ئەندامەی لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەردا دەنگی لەو کەمتری وەرگرتووە، جێگای دەگرێتەوە.

ماددەی بیست و سێ: ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر وازی هێنا، ئەو کەسە شوێنی دەگرێتەوە کە لە لایەن دەستەی گشتییەوە زۆرترین دەنگی وەرگرتووە. گەر هات و لە دەنگیشدا وەك یەك بوون، دەستەی بەڕێوەبەر مافی ئەوەی هەیە کامیان بە سوود بەخشتر دەزانێ بۆ کۆمەڵە، ئەوەیان هەڵبژێرێ.

● * ● *

بەشی شەشەم

لیژنەکان

ماددەی بیست و چوار: لەناو ئەندامانی هەر پیشەیەکدا لیژنەیەکی پێنج کەسی پێک دەهێنرێ ئەوانیش لەناو خۆیاندا سەرۆکێک هەڵدەبژێرن.

ماددەی بیست و پێنج: کاروباری: هەر یەك لەو لیژنانە ئەوەیە هانی پیشەکەی خۆیان بدەن و هەموو مانگێکیش راپۆرتێك دەربارەی کارو بارەکانیان پێشکەش بەدەستەی بەڕێوەبەر بکەن.

ماددەی بیست و شەش: هەر لیژنەیەك ویستی کارێکی گرنگ جێ بەجێ بکا، دەبێ پێش هەموو شتێك دەستەی بەڕێوەبەر قایل بکا.

بەشی حەوتەم
پێشانگاکان

ماددەی بیست و حەوت: ئا: کۆمەڵە هەموو ساڵێك دوو پێشانگا دەکاتەوەو پێش
چوار مانگ لە رۆژنامە ناوخۆیی یەکان دا کات و شوێن
دیاری دەکا.
ب: کۆمەڵە پادداشتێك بۆ یەکەمی هەر پیشەیەك
تەرخان دەکا بە مەرجێك ئەو پادداشتە لە دە [جنیە]
زیاتر و لە پێنج کەمتر نەبێ. ناوی دووەم و سێیەمیش لە
رۆژنامەکان دا بلاو دەکاتەوە.

ماددەی بیست و هەشت: دەستەیەکی پێنج ئەندامی پێك دەهێزێ بۆ پشکنینی
ئەو بابەتانەی پێشکەش بە پێشانگا کراون، بە مەرجێك
سێ کەسیان لە شارەزایانی ئەو پیشەیە بن و دوانەکەی
تریان ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بن.

ماددەی بیست و نۆ: هەر کەس بەشداری یەکێك لەو پێشانگایانەی کرد کە کۆمەڵە
سازی دەکا، دەبێ پێنج روپیە رەسمی بەشدار بوون بداو
بەلای کەمەوە پێش دوو مانگ داوا لە دەستەی بەڕێوەبەر
بکا.

ماددەی سی: ئەو بابەتانەی لە پێشانگادا دادەنرێن پاش کۆتایی هاتنی پێشانگا
دەدرێنەوە بە خاوەنەکانیان. ئەوانیش بۆیان هەیە بیبەخشن یاخود
بیفرۆشن.

بەشی هەشتەم

ئەرکی ئەندامان

ماددەی سی و یەك: هەر ئەندامێك سەرپێچی لە بڕیارەکانی دەستەی بەڕێوەبەر کرد، یاخود لە سنووری پەیڕەو وپڕۆگرامی کۆمەڵە چووە دەرەوە، یەکێك لەو سزایانەی بەشەردا دەسەپێنرێ کە لەخانەی سزاکاندا دیاری کراون.

ماددەی سی و دوو: قومار کردن و خواردنەوە لەناو بارەگای کۆمەڵەدا، یان هامشۆکردنی کۆمەڵە بە سەرخۆشی ی، بە تەواوی قەدەغەیە.

سزاکان:

ماددەی سی و سێ: ئەو سزایانەی کەدوای لێکۆڵینەوە بەسەر ئەندامانداد دەسەپێنرێن ئەمانەن:

ئا : ئاگادار کردن.

ب : دوور خستنەوەی کاتی ی.

ج : دەرکردنی یەکجاریی

بەشی نۆیەم

چەند ماددەیەکی گشتی

ماددەی سی و چوار: هیچ کەس بۆی نی یە، بەبێ ئاگادار کردنی دەستەی بەڕێوەبەرو کات دیاری کردن، ووتارو باس لەناو بارەگای کۆمەڵەدا بخوێنێتەوە. دەبێ دەستەی بەڕێوەبەریش بە بوون و نەبوون رای خۆی دەربڕێ و ئاگاداری خاوەن ووتار بکاتەوە. گەر ووتار یان باسەکە نووسراو بوو، پێویستە وێنەیەکی بداتە کۆمەڵەو لای بمێنێتەوە.

ماددەی سی و پێنج: ئەگەر لە سێ بەش دوو بەشی ئەندامانی کۆمەڵە قایل بوون، دەستەی بەڕێوەبەر بۆی هەیە چەند ماددەیەکی نوێ بخاتە سە رپەیڕەوی کۆمەڵە، یاخود هەندێکیان بگۆڕێ.

ماددەی سی و شەش: دەستەی بەڕێوەبەر مافی ئەوەی هەیە هەرچی ناکۆکی یەك بکەوێتە نێوان ئەندامەکانی یەوە چ لە ناو کۆمەڵەو چ لە دەرەوەی دا، بەپێی دەسەلاتی خۆی چارەسەریان بکا.

ماددەی سی و حەوت: کۆمەڵە هەوڵ دەدا کار بۆ ئەندامە بێ ئیشەکانی بدۆزێتەوە.

ماددەی سی و هەشت: ئەنجومەنێك لە دەستەی بەڕێوەبەرو سەرۆك لیژنەکان پێك دەهێنێ، تاوەکو تەماشای ئەو کاروبارە گرنگانە بکا کە پەیوەندی یان بە چارە نووسی کۆمەڵەوە هەیە.

ماددەسی و نۆ: کۆمەڵە بۆی هەیە لە سەرانسەری عیراقدا لقی خۆی دابمەزرێنی، بە مەرجێك ئەو لقانە لە هەموو روویەکەوە بە مەڵبەندی گشتی یەوە پەیوەست بن.

پاشکۆی ژمارە «٣»

راپۆرتەکەی نوێنەری دلێم ـ دکتۆر فائیق شاکر ـ کە لە کۆبوونەوەی ئاسایی پانزەهەمی ساڵی ١٩٣٠ دا کە رێکەوتی ١١ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٠ دەکا پێشکەش بە پەرلەمانی کرد.

«.. لەبەرئەوەی چەند ساڵێکە خەریکی چارەسەرکردنی کرێکارانی عیراقم و بە چاوی خۆم دەبینم، نەبوونی یاسایەکی تایبەتی بۆ پاراستنی مافەکانیان بووەتە هۆی چەوساندنەوەو ستەم لێکردنیان؛ لەبەر ئەوەو بە پێی ماددەی ٣٩ ی پەیڕەوی ناوخۆ ئەم پێشنیازە پێشکەش بە حکوومەت دەکەم و داوا کارم لایەحەیەکی یاسایی دابنرێ ئەم خاڵە بنچینەیی یانەی خوارەوەی تێدا رەچاو بکرێ.

یەکەم: دیاری کردنی ماوەی ئیش کردن.

دووەم: کرێی رۆژانی جەژن و ئەو رۆژانە بدرێنە کرێکارە هەمیشەیی یەکان کە دام و دەزگاکان بە رەسمی ی لەکار دەکەون.

سێیەم: کرێکاران لە زوڵم و ستەمی سەرمایەداران بپارێزرێن.

چوارەم: مافی کرێکاران لە کاتی نەخۆشی دا دەست نیشان بکرێ و کە نەخۆشیش کەوتن چارەسەر بکرێن.

پێنجەم: زامنی ئەوە بکرێ خاوەن کار بە ئارەزووی خۆی کرێکارە هەمیشەیی یەکان دەر نەکا.

شەشەم: ئەو کرێکارەی بە هۆی ئیشەکەیەوە کەفتەکار دەبێ، چەردەیەك پارەی بدرێتێ.

حەوتەم: کۆمپانیاکان لە بودجەی خۆیان مووچەی خانەنشینی بەو کرێکارانە بدەن کە بە هۆی پیری یەوە توانای کارکردنیان نەماوە.

هەشتەم: ئیش پێ کردنی منداڵان قەدەغە بکرێ.

نۆیەم: ماوە نەدرێ کۆمپانیا بیانی یەکان لەو کاروبارانەدا کە کرێکاری عیراقی توانای هەڵسوڕاندیان هەیە، کرێکاری بیانی دابمەزرێنن.

ئەم برا بەرێزانەیش کە ناویان لە خوارەوە تۆمار کردووە پشتگیریی ئەم پێشنیازەم دەکەن »

پاشكۆی ژماره «٤»

دەقی پرۆژەی « یاسای كاری عیراق » كه ـ محەممەد ساڵح ئەلقەزاز ـ سەرۆكی «كۆمەڵەی سنعاتكاران » له رۆژی ٣١/٣/١٩٣١ دا، پێشكەش به سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمانو وەزارەتی ناوخۆ و دادو ئابوریو هاتوچۆی كرد.

یەكەم: ماوەی ئیشكردن به رۆژ هەشت سەعات بێ، به مەرجێك نیو سەعات مۆڵەت به كرێكاران بدرێ نان بخۆنو بحەوێنەوه. ئەوانەیشی كه شەوكار دەكەن، ماوەی ئیش كردنیان شەش سەعات بێ.

دووەم: کرێی جەژن و « عطلة » ڕەسمی یەکانیان بدرێتێ.

سێیەم: کرێی ئەم ڕۆژانەیـان بدرێتێ کـە مۆڵەتی نـەخۆشی یـان هەیـەو ئەو ڕۆژانەیش کە لە نەخۆشخانەی کارگەکان دا دەمێننەوە ڕۆژانەکانیـان نەبڕن.

چوارەم: ئەگەر کرێکار لە کاتی ئیش کردن دا بریندار بوو، چەردەیەك پارەی لە بریتی بدرێتێ و گەر لە کاتی ئیش کردنیش دا مرد، یان کارەساتێکی وای بەسەر هات کەفتەکاری بکا، چەردەیەك پارەبۆ ماڵ و منداڵی تەرخـان بکرێ.

پێنجەم: ئەو کرێکارانەی خزمەتیان زۆرەو پـیر بوون و تـوانای ئیش کـردنیان نەماوە، مووچەی خانە نشینی یان بدرێتێ.

شەشەم: ئـەو منالانـەی تەمـەنیان لە ١٤ ســاڵ کەمتـرە ماوەیـان نەدرێ لە کارگەکان دا ئیش بکەن.

حەوتەم: ئەو کارو بارانەی پێویستیان بە پسپۆری تەکنیکی نی یە، بدرێنە کرێکارە عیراقی یەکان و ماوەی کرێکاری بیانی نەدرێ لەو جێگـایانـەدا ئیش بکەن.

هەشتەم: کرێکارە عیراقی یەکان مەشقیان لەسەر ئیشی تەکنیکی پێ بکرێ، تا لە ماوەیەکی دیاری کراودا شارەزایی پەیـدا بکەن و جێگـای کرێکـارە بیانی یەکان بگرنەوە.

نۆیەم: کرێکاران لە زولم و ستەمی سەرمایەداران و خاوەن کارگەو کۆمپانیاکان بپارێزرێن. بـۆ ئەم مـەبەستـەیش یان بیـرۆیەکی تـایبەتی کـرێکاران دابمەزرێنرێ، یاخود لیژنەیەك لە بابەتی لیژنەی دیسپلین پێك بهێنرێ و ئەرکی تەماشا کردنی داوا وشکایەتی کرێکاران و هۆی جیابوونەوەیانی پێ بسپێردرێ.

دەیەم: کە کرێکارە هەمیشەیی یەکان دەردەکرێن، ئەوەندە پاردیان بە شێوەی پاداشت بدرێتێ کە لەگەڵ ماوەی خزمـەت و جۆری ئیش کـردنیان دا بگونجێ. هەر کاتێکیش ئەو شـوێنانـە پێویستیـان بە کـرێکار هـەبوو، دەرکراوەکان بگێردرێنەوە بۆ شوێنی خۆیان.

یازده: هەموو ساڵێك بە پارە یارمەتی ئەو دامەزراوانە بدرێ کە کرێکاران بـە نوێنەری خۆیانی دەزانن و ئەوانیش پشتگیری داوا رەواکانیان دەکەن، تاوەکو بۆ قەلاچۆ کردنی نەخوێندەواری و یارمەتی دانی کرێکاران لە کاتی پێویستی دا، خەرجی بکەن.
دوازدە: خانوبەرەی وا کە هەل و مەرجی تەندروستی ی تێدا بێ بۆ ئەو کرێکارانە بنیات بنرێ کە لە دەرەوەی شار دەژین و بایەخیش بە گوزەرانیان بدرێ.
سیازدە: ئەوانەی دەوڵەت لە سەر حسابی خۆی بۆ دەرەوەیان دەنێرێ بکرێن بە دوو بەشەوە. بەشێکیان پیشـەسازی و ئـەویتر زانیـاری. داوایش لە کۆمپانیاکانی نەوت و هەردوو بەڕێوەبەرایەتی بـەندەرو رێگـای ئاسن بکرێ، هەموو ساڵێك ژمارەیەك کرێکار لەسەر حسابی ئەوان بۆ خوێندن بنێرنە دەرەوەی وولات.
چواردە: ئەوانەی چەند جۆر پیشەسازی دەزانن، رۆژانە کانیان دیاری بکرێ و دەبێ رادەی هەرە کەمی مووچەکەیان، لای کەم گوزەرانیان دابین بکا.
پـازدە: ژمارەی قـوتانجـانە پیشـەسـازییـەکـانی وولات زیـاد بکـرێن و لقی ئێوارانیشیان بۆ بکرێتەوەو زانیاری میکانیکی بە خـۆرایی فێری ئـەو کرێکارانە بکەن کە بە رۆژ لە کارگەکاندا ئیش دەکەن.
شازدە: وەك ئەو سیستـەمەی لە وولاتـانی تردا پـەیڕەو دەکـرێ، کرێکـاری هەمیشەیی لای خۆمان ساڵی دوو هەفتە مۆڵەتی بدرێتێ.
حەڤدە: هەموو ساڵێك چەردەیەك پارە بدرێتە ئەوانەی شتی نوێ دادەهێنن، بە مەرجێك ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بەم مەسەلەیەوە هەیە پشتگیری داهێنانەکانیان بکەن و خاوەنەکانیشیان گفت بدەن کە تەواویان کرد یان گەر بۆیان تەواو نەکرا، ئەو پارەیەی پێیان دراوە بیگێڕنەوە.
هەژدە: قوتانجانەی ناوخۆیی بۆ پەروەردەکردنی منداڵی ئەو کرێکارانە بکرێتەوە کە پیشەی زۆر نزمیان هەیەو رۆژانەکانیان بەشی خاو خێزانیان ناکا.
نۆزدە: نابێ ئەو کەسەی تووشی دەردی کوشندە هاتووە دابمەزرێنرێ. هەروەها ئەوانەیش ناخرێنە سەر ئیش کە بەد رەوشتییان لێ دەر دەکەوێ، وەك دزی و ... تاد.

فەرهەنگۆك

ئا

ئەپۆزیسیۆن	: المعارضة
ئەنجومەنەکانی شارەوانی	: المجالس البلدية
ئەندامی یاریدەدەر	: عضو مساعد
ئەنجومەنی پیاوماقوڵان	: مجلس الأعيان
ئەمینداریێتیی پایتەخت	: أمانة العاصمة
ئامۆژگای زانستی	: المعهد العلمي

ب

بەلەك	: عرق السوس
بەرهەمی پیشەیی	: الانتاج الحرفي
بەش	: السهم
بەست	: السد
بزووتنەوەی سوپایی	: الحركات العسكرية
بەڕێوەبەرایەتی ڕێگای ئاسن	: إدارة السكك الحديدية
بەرهەمی میکانیکی	: الانتاج الالي
بەڕێوەبەری بەندیخانەکانی پاشایەتی	: مدير السجون الملكية

بڕیاری حوکم : قرار الحكم
بیرۆ : مكتب
بیرۆی کرێکارانه : مكتب عمالی
بیرۆی کرێکارانی دەوڵەتان : مكتب العمال الدولی
بەشی فیتەرخانەکەی کارگەی سوپا : قسم البرادة في المعمل العسكری
باجی دەغڵو دان : ضريبة الحبوب
باجی مووچە : ضريبة الراتب
بەرجەستە : تجسيد

پ

پیشەوەر : الحرفي
پاککەرەوە : المنظف
پیشەسازی نیشتمانیی : الصناعة الوطنية
پرۆگرامی ناوخۆ : النظام الداخلی
پرۆتستۆ : إحتجاج
پارتی کرێکارانی بەریتایی : حزب العمال البريطانی
پەیوەندی بەرهەمهێنانی باو : علاقات الانتاج السائدة

چ

چاودێری کشتیی : مراقب عام
چاودێری بیرۆی چاپەمەنی : ملاحظ مكتب المطبوعات

ح

حوکمی هەتا هەتایی : الحکم المؤبد

خ

خزمەتگوزاری تەندروستی : الخدمات الصحیة

د

دەرەکی : خارجی
دراو : العملة
داهاتی نەتەوەیی : الدخل القومی
دووسێیەك : ثلثی
دوا پلە : الدرجة القطعیة
دیسپلین : الانضباط
دەستەی گشتی ی : الهیئة العامة
دەستەی دامەزرێنەر : الهیئة المؤسسة
داهات : دخل
دابەشکردنی کار : تقسیم العمل

ر

ڕەوکردنی بەگەلە	: الهجرة الجماعية
ڕاوێژکاری یاسایی	: مستشار قانونی
ڕاسپاردە	: توصية
ڕێکەوتنامە	: اتفاقية
ڕادەی هەرەکەمی ڕۆژانە	: الحد الأدنی للأجر.
ڕێکەوتنامەی کاری دەوڵەتان	: اتفاقية العمل الدولية

ز

زێدەکرێ	: الأجر الاضافی
زێدەکار « ئۆڤەرتایم »	: العمل الاضافی

س

سەرمایەی کەڵەکەبوو	: الرأسمال المتراكم
سانسۆر	: الرقابة
سەرۆکی دیوانی نووسینەوەی یاسا	: رئیس دیوان التدوین القانونی
ساڵی دارایی	: السنة المالية
سەرۆکی دەستەی سەرپەشتی کردن	: رئیس هیئة الأشراف

ش

شارۆچکە	: القصبة

ق

قەواڵە	: تعهد، سند، عقد
قەواڵەی کار	: عقد العمل
قازانگەر	: صانع المراجل
قوتابخانەی سنعاتکاران	: مدرسة الصنائع

ز

زێدەکرێ	: الأجر الاضافي
زێدەکار « ئۆڤەرتایم »	: العمل الاضافي

س

سەرمایەی کەڵەکەبوو	: الرأسمال المتراكم
سانسۆر	: الرقابة
سەرۆکی دیوانی نووسینەوەی یاسا	: رئيس ديوان التدوين القانوني
ساڵی دارایی	: السنة المالية
سەرۆکی دەستەی سەرپەشتی کردن	: رئيس هيئة الأشراف

ش

شارۆچکە	: القصبة

ق

قەواڵە	: تعهد، سند، عقد
قەواڵەی کار	: عقد العمل
قازانگەر	: صانع المراجل
قوتابخانەی سنعاتکاران	: مدرسة الصنائع

ك

کۆمەڵی گەلان	: عصبة الأمم
کاری کرێگرتە	: العمل الأجير
کرێکاری هەمیشەیی	: عامل دائمي
کرێکاری کاتی ی	: عامل وقتي
کرێ ی نەختینە	: الأجر العيني
کرێ راستەقینە	: الأجر الحقيقي
کرێ ی بەناو	: الأجر الاسمي
کرێکاری شارەزا	: عامل ماهر
کۆمپانیای گشتی ی ئەهالی ی عیراق	: شركة العراق الأهلية العامة.

کەل و پەل کۆمەڵەی پشتگیری کردنی	: البضاعة ، السلعة
بەرهەمە نیشتمانیی‌یەکان	جمعية تشجيع المنتوجات الوطنية
کۆمەڵەی سنعاتکاران	: جمعية أصحاب الصنايع
کرێکاری نەشارەزا	: عامل غير ماهر
کۆمپانیای ئینگلیزی پەرە پێدانی لۆکە	: شركة انماء القطن الانكليزية
کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیکی عیراق	: جمعية عمال الميكانيك العراقية
کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشان	: جمعية تعاون الحلاقين
کۆمەڵەی میوەفرۆشان	: جمعية البقالين
کاسبانە «داهاتانە»	: ضريبة الدخل
کاری هەرەوەزی	: العمل الجماعي
کۆمەڵەی ریفۆرمی میللی	: جمعية الاصلاح الشعبي
کارشوناس	: خبير

ل

لابۆر	: المختبر
لیژنەی دیسپلین	: لجنة الانضباط
لیژنەی تۆکمەچیی‌یەکان	: لجنة السباكين
لیژنەی تۆڕنەچیی‌یەکان	: لجنة الخراطين

م

ميتالۆژيا : الصناعة الثقيلة
مەكۆ : نول
مەڵبەندی نیشتمانیی بەڵگەنامەکان المركز الوطني للوثائق
ميتال : معدن
ماشين : ماكنة
مۆڵەتی ساڵانە : الاجازة السنوية
مۆڵەتی نەخۆشی : الاجازة المرضية
مووچەی نەگۆڕ : الاجر الثابت
مۆڵەتی پیشەگەرێتی : اجازة ممارسة المهنة

هـ

هێزی کڕین : القوة الشرائية
هۆی دەرەکی : عامل خارجي

و

وەچە : أحفاد
وزەی میکانیکی : الطاقة الآلية
ورکشۆپ :الصيانة ، الورشة

ی

یاسای کار	: قانون العمل
یاسای زامنکردن	: قانون الضمان
یۆنیفۆرم	: الزی الموحد
یاسای پشتگیری کردنی پیشەسازی نیشتمانی	: قانون تشجیع الصناعة الوطنية
یاسای پەنا وەبەربردنی پێویست	: قانون الاستعانة الضرورية
یاسای کۆمەڵەکان	: قانون الجمعيات
یانەی راپەرینی ئافرەتان لە بەغدا	: نادی النهضة النسائية في بغداد
یاسای نیوە مووچە	: قانون نصف الراتب
یاسای خانەنشینی مەدەنی	: قانون التقاعد المدنی
یاسای داشکاندنی مووچە	: قانون تخفيض الراتب
یاسای قۆرخ کردنی پیشە بۆ عیراقییەکان	: قانون حصر المهن بالعراقيين
یاسای سزا بەغدایی‌یەکان	: قانون العقوبات البغدادي
یاسای پاداشتی خانەنشینی	: قانون المكافئات التقاعدية

* ● * ●

پێرست

لاپەڕە

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد (١٦٨٠)لسنة ١٩٨٥



• مەسەلەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی چینێکی کۆمەڵایەتی نوێ بە پێی خواست و بڕیاری ئەم یان ئەو دەوڵەت تەواو نابێ، بەڵکو پرۆسێسێکەو بەندە بەو یاسا مەوزووعی یانەوە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەڕێوە دەبەن و ئادەمیزاد بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ دەوری خۆی لە دروست بوونی دا دەبینێ

• سیستەمی نیمچە دەرەبەگایەتیش لەو قوناغەدا هۆیەکی تری تەشەنە کردنی بێکاریی بوو چەوساندنەوەی جووتیاران لەسەر دەستی دەرەبەگ و خاوەن زەوی و سەرۆک عەشیرەتەکان کاریکی کرد، ئاستی گوزەرانی جووتیاران بە ئەندازەیەک هاتە خوارەوە نەیان دەتوانی لە لادێدا بمێننەوە..

وەرگێڕ

لە چاپخانەی «دار الشؤون الثقافية العامة» چاپ کراوە

نەخشەی بەرگ سینا عەتا

نرخی دوو دینار و ربعێکە